

# کۆمەڵێک وتووێژی

## هاوڕێی تێکۆشەر خالید عەزیزی

## سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

------------------------

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ..........................................خالید عەزیزی ......... ٦

سالی: ٢٠٠٨ ...... لاپەڕەی: ١٦

٢- وتووێژی "رۆژنامەی ئاسۆ" ............................................................. کاوان عومەر سەلامی
٣- دیمانە گۆڤاری ڤین: ................................................................. کەمال چۆمانی

سالی: ٢٠٠٩ ...... لاپەڕەی: ٣٣

٤- دیمانە گۆڤاری "ڤین" .................................................................. سۆران پاڵانی
٥- وتووێژی رەوانیوز ....................................................................... سۆران پاڵانی
٦- حیزبێکی سیاسی نابێ لە خانەی لێکدانەوەی کێشەکانی رابردوودا گیر بکا ..................... رۆژنامەی ئاسۆ
٧- وتووێژی تایبەت ..................................................................... رۆژنامەی کوردستان
٨- رۆژنامەی ئاوێنە ...................................................................... خالید محەمەدزادە
٩- کۆماری ئیسلامی هاندەری توندوتیژییە ................................................. رۆژنامەی میدیا
١٠- ماڵپەڕی رێنێسانس نیوز ............................................................... محەمەد چاوشین
١١- دیمانەی رۆژنامەی چاودێر ....................................................................................
١٢- وتووێژی ماڵپەری ڕووداو .......................................................................................

سالی: ٢٠١٠ ...... لاپەڕەی: ١٠٦

١٣- وتووێژی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ ......................................................... مادیح ئەحمەدی
١٤- وتووێژ ڕۆژنامەی کوردستان .......................................................................................

## ساڵی: ٢٠١١ ...... لاپەڕەی: ١٢٩


١٥- دیمانە رۆژنامەی کوردستان .............................................................. رێبوار مەعروفی

١٦- هەڤپەیڤین لەگەڵ رووداو ..............................................................................

١٧- دیمانەی: ماڵپەری ئاوێنە ..................................................................................


## ساڵی: ٢٠١٢ ...... لاپەڕەی: ١٥٠


١٨- چاوپێکەوتنی رۆژنامەی "هەولێر ............................................................. ژیوار ئیبراهیم

١٩- هەڤپەیڤین رووداو ............................................................................ ساکار عەبدوڵلازادە

٢٠- دیمانەی ماڵپەڕی ئیسرائیل - کورد ............................................................. مەولوود ئافەند

٢١- وتووێژی سایتی هەولێر .......................................................................... کاوە جەم

٢٢- وتوێژی لە گەڵ رۆژنامەی هاووڵاتی ............................................................. زامدار ئەحمەد


## ساڵی: ٢٠١٣ ...... لاپەڕەی: ١٧٣


٢٣- وتووێژی ماڵپەری چەترپرێس ..................................................................... بەهمەن ژاوەرۆیی

٢٤- وتووێژ لە گەڵ رۆژنامەی «کوردستان» ..........................................................................

٢٥- وتووێژی کورد کاناڵ ................................................................................ سمایل شەرەفی

٢٦- دیمانەی باس نیوز ................................................................................... زامدار ئەحمەد

٢٧- وتووێژی لەگەڵ کورد کاناڵ ..........................................................................................


## ساڵی: ٢٠١٤ ...... لاپەڕەی: ٢٢١


٢٨- وتووێژێ کوردکاناڵ بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولرەحمانی قاسملوو ............................

٢٩- دیمانەی ماڵپەڕی وشە نێت ............................................................................ کاوە جەم

٣٠- وتووێژی ماڵپەڕی ڤین پریس ...........................................................................................

٣١- وتووێژی رادیۆ فەردا ........................................................... ایلیا جزایری - بەیرووت
٣٢- دیمانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە ........................................................... خالید محەمەدزادە

**ساڵی: ٢٠١٥ ...... لاپەڕەی: ٢٥٥**

٣٣- گفتوگۆی ماڵپەڕی وشە نێت ........................................................... هیدایەت جان
٣٤- دیمانەی رووداو نێت ........................................................... هێمن عەبدوڵلا
٣٥- وتووێژی سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزروەر"، " میدیل ئیست ترانسپارەنت"و " الجریدە"...................
٣٦- وتووێژی تایبەتی «کوردکاناڵ» ...........................................................
٣٧- دیمانەی ئاژانسی "ئانادۆڵ" ........................................................... فەخرەدین ئیبراهیم
٣٨- وتووێژی هەفتەنامەی "رووداو"........................................................... ئومید بەرین
٣٩- وتووێی کوردکاناڵ لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکەی مەهاباد ...........................................................
٤٠- گوفتوگۆی ماڵپەڕی وشە نێت ........................................................... کاوە جەم

**ساڵی: ٢٠١٦ ...... لاپەڕەی: ٣٠٤**

٤١- دیمانەی ماڵپەڕی رووداو ........................................................... هیوا جەمال
٤٢- وتووێژی رۆژنامەی گولان ...........................................................
٤٣- وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی ئاوێنە ...........................................................

=======================================

## بەشێک لە وتووێژیە ڕاستەوخۆییەکانی کاناڵە تەلەفزیۆنەکان:

## لاپەڕەی: ٣٢٢

١- خەبات بۆ دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران بە ئاکام دەگا: بەرنامەی تەفسیری خەبەری دەنگی ئامریکا.

٢- ناوەندگەرایی وئینکاری جۆراوجۆری نەتەوەیی لە ئێرانە کە پەرە بە بیری "تجزیە طلبی" دەدا: تلویزیۆنی فارسی "رها".

٣- دیدارێکی رۆژنامەنووسی رۆژنامەی "تورون سانۆمات"ی فینلاندی.

٤- بیروڕای گشتی لە ئاکامی دانوستانەکانمان لەگەڵ حدکا ئاگادار دەکەینەوە: وتووێژی بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کوردانە.

٥- بەرپرسایەتیی لێک ترازانەکان لە ئەستۆی هەموو لایەنەکانە: وتووێژی کانانی ئاسمانیی NRT.

٦- کۆمەڵگای جیهانی کێشەی کوردو مافی مرۆڤی لە ئێران لەبیر کردوە: وتووێژی تۆڕی میدیایی ڕووداو.

٧- ی دەبێ سەربەخۆیی کوردستان وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ، نەک وەک مەترسیو هەڕەشە: "ڕووداوی ئەمڕۆ"ی ڕووداو".

٨- لە نێوخۆماندا قسە لەسەر دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کراوە: وتووێژی ئاژانسی ئانادۆڵی.

٩- ئێران لە پێناو ئەمنیەتی خۆیدا پەرە بە نائەمنی لە دەوروبەری خۆی دەدا: لە بەرنامەی " لەگەڵ ڕووداوەکاندا".

١٠- تورکیە دەبێ بزانێ کە کوردەکان بۆ ئەو دەرفەتەن، بەڵام داعش مەترسیو هەڕەشەن: بەرنامەی "افق"ی دەنگی ئەمریکا.

١١- شۆڕش و خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیو مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەردەوامە: وتووێژی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی ڕووداو.

١٢- دەرکی وتووێژ لەگەڵ ئێران داناخەین و دەمانەوێ بیرکردنەوەی ئێرانییەکان بە نسیبەت پرسی کورد بگۆڕین: بەرنامەی " ڕووداوی ئەمڕۆ" لە تۆڕی میدیایی ڕووداو.

١٣- بەرپرسایەتیی نائارامییەکانی کوردستان لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە: کاناڵی ئاسمانی (NRT).

١٤- خەباتو بەرگریی چەکداری بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆمانی دەزانین: لە وتووێژ لەگەڵ دەنگی ئەمریکا.

١٥- بۆ ئێران ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ: وتووێژی کاناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرە.

١٦- وتووێژی چوار ڕۆژنامەی عەرەبیی " القبس"، " المستقبل"، " الحوار المتمدن" و "بەیروت".

١٧- مافی خۆمانە لە هەموو ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا حزوورمان هەبێ: وتووووێژی "ڕووداو".

١٨- بەباشی دەزانین لەنێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان حیزبێک دابمەزرێ: کاناڵی ئاسمانیی ڕووداو.

١٩- هیچ هێزێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان نابی دەخاڵەت لە رۆژهەلاتی کوردستان دا بکا. کاناڵی(کەی. ئێن. ئێن).

٢٠- کێشەی ئێمە لە ئێران لەڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەبێت: لە بەرنامەی ڕووداوی ئەمڕۆی تەلەڤزیۆنی ڕووداو،

٢١- سیاسەتی ئێمە هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییان لە پرسەکانی کۆمەڵگایە: وتووێژی کاناڵی ئاسمانیی "ڕووداو".

٢٢- پێداگری لەسەر هێنانە بەرباسی پرسی مافی دیاری کردنی چارەنووس: کاناڵی ئاسمانی کوردستان ٢٤.

٢٣- مێژووی خەباتی چەکداریی حدک پڕە لە قوربانیدان و فیداکاری: وتووێژی ئاسمانیی کوردستان ٢٤

٢٤- ئێران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ڕوژهەلاتی نێوەڕاستە: وتووێژی ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت.

٢٥- ئێمە هیچ ئاگربەستێکمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نەبووەو نییە: تەلەڤیزیۆنیی تۆڕی جیهانیی "بی بی سی.

## «کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست»




رۆژی ۱۹ای مانگی مای لە شاری هەولێر و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ئەکادیمیسیەنی کورد،سمینارێکلە ژێر ناوی «کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاست» بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانلە لایەن «ئەنستیتوی مێری»یەوە بەڕێوە چوو.

بەڕێز خالیدی عەزیزی لەو سمینارەدا باسێکی هەمەلایانەی سەبارەت بە بارودۆخی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست و وڵاتانی ئەو ناوچەیە و بارودۆخی کورد لەم ناوچەیە بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. ئەوەی دوای ئەم پێشەکی‌یەدا دێ،

### دەقی پیادەکراوی وتەکانی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەو سمینارەیە:

کاتێک باسی رۆژهەڵاتی نێوراست دەکرێ باس لە شوێنێکی گرینگ دەکرێ. لە ئەنیستیتۆیەک دا قسە دەکەم کە کاری تۆژینەوە دەکا. لە وڵاتێکی وەک ئامریکا زۆربەی زۆر ئەو موئەسساتانەی کە کاری لێکۆلینەوە دەکەن قوورسایی کاریان لە سەر رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. دەورانێک کە لە واشینگتۆن بووم بە حوکمی کارەکەم وەک نوێنەری حیزبی دێموکڕات زیاتر لە ئەوەی کە لە گەڵ کاربەدەستانی ئەمریکایی دەبوا پێوەندیم هەباو لەسەر ئێران و قەزییەی کوردستانی ئێران و قەزییەی کورد بە گشتی - ئەوەندەی کە حیزبەکەم پێی ئەسپارد بووم - کارم کردبا، زۆربەی زۆری کارەکەم پێوەندی بە موئەسساتی جۆراوجۆری لێکۆڵینەوە بوو لە وڵاتێک دا کە زۆر تەعبیر پێ دەگوترێ [ وڵاتی تەقاتوعی بەرژەوندییەکان ] و [ وڵاتی تاقاتوعی موئەسەسەکان ] لێکۆلینەوە و تویژینەوە کە بەرچاو روونی و مەعلوومات دەدات دڵنیام هەم کۆمەڵگا بە قووەت دەکات هەم سیاسەتمەداران و رێبەران مەجبوور بە وەڵامدانەوە دەکا و لەو حاڵەتە دا کۆمەڵگایەکی بە قووەت و بەهێز دەبێ لە چونییەتی بردنە پێشی کارەکان. جا بە تەبیعەتی ئەو کورتە باسە لە شوێنێک ئێمە کۆبوونەوەی دەکەین کە

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاسته و له شوێنێک ئەو کۆبوونەویە دەکەین کە کوردستانه و شوێنێک ئەو کۆبوونەویە دەکەین باشووری کوردستانه کە ئێستا کە چونییەتی تەرحی مەسەلەکەی خۆیدا بە لەحازی نیزامی و بە لەحازی چونییەتی سەلماندنی خۆی وەک ئەمری واقع، گەیشتوته لووتکە. بۆیە لەو شوێنە تەبیعەتەن ئێمەش وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یا وەک کوردستانی ئێران بە شێوازی جۆراوجۆر دەور و تەئسیریان دەبێ و لە هەمان کاتیش دا ئەزموونێکی گەورەیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە زۆر بابەتەوە وەک عێراق ئێستا پیچیدەترە. لە زۆر بابەتەوە لە ئێرانی ئێستا و ئێرانی داهاتوو دا قسە لە وڵاتێکە جیاواز لەو دەسەڵاتە سیاسییەی کە لە تاران هەیەتی وڵاتێکە لە گەشە دایە، وڵاتێکە دەمێکە موئەسساتی جۆراوجۆری تێدا هەیە، وڵاتێکە شعوری سیاسی تیایدا لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسی ڕێژەی خوێندکاری کچ و ژن لە دانیشگاکان لە پیاوان پترە. وڵاتێکە سەرەڕای دەیان ساڵ شەڕ لە کوردستانی ئێران کە بەسەر ئێمە دا تەحمیل کرا، ئێستاش خەبات؛ جەموجۆڵی مەدەنی لە نێو کوردی ئێران دا لە ئارا دایە جا ئەگەر وایە قسە کردن لە چارەسەریی پرسی کورد لە وڵاتێک کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە بێ گومان دەتوانێ بەرچاوڕوونی زۆر بۆ ئێمە درووست بکا.

ئەگەر بە کورتی موقایسەی ئێران بکەم لەگەڵ دوو وڵاتی عێراق و سووریە، ئێوە لە من باشتر دەزانن ئەو دوو وڵاتەی ئەخیر بەرهەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بوون. بەڵام ئێران پاشخانێکی زیاتر لە دوو هەزار ساڵەی لە وڵاتداری هەیە، لە ئیمپراتۆرییەتی هەیە و بە دوای ئەودا ئایینی شیعەش بە شێوەی خۆی هاتووتە نێو بازنەی سیاسیی دەسەڵات لە ئێران دا کاتی خۆی کە سایکس - پیکۆ پێک دێت. تەئسیرێکی لەسەر جوغرافی ئێران نەبووە، تەنیا گۆڕانێکی جوزئی لە سنوورەکانی بەینی عێراقی ئێستا و ئێران دا پێک دێت. جا ئەگەر وایە ئێران بەهەر شێوەیەک بێ جیاواز لە خوێندنەوەی سیاسی ئێمە لە ماهییەتی ئەو حکومەتە، ئێران فاکتورێکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئیعتراف بەوەی ئەو وڵاتە فاکتورێکە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئێمە بە قەبووڵی ئەو واقیعەتە بە دوای خاڵەکان دا بڕۆین. لانیکەم ئێمە وەک کوردی ئێران لەو بازنەیە دا ئێران پێناسە بکەین و بە دوای ئەوەدا بزانین ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چون لە گۆشەیەک جیاواز لە قەزییەی کورد لە کوللیەتی خۆی دا بۆ ئێمە (کوردی ئێران) دەتوانێ چ پەنجەرەیەک بکاتەوە.

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پێناسەیەکی کالاسیک دا دەورانێکی زۆر بە مانای سیاسی کە لە دنیای دەرەوە باسی دەکا تەنیا بە کێشەی فەڵەستین و ئیسرائیل پێناسە دەکرا. زۆربەی زۆری ئەحزابی سوسیالیست و سوسیال دێموکڕات و کۆمونیست لە دنیای دەرەوەی سابق دا لە ژێر تەئسیراتی بلوکی شەرق و غەرب کە ئاوریان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەداوە. بە تەواوەتی چاوەکان دەگەڕانەوە سەر ئەو کێشەیە(کێشەی ئیسرائیل و فەڵەستین). بۆیە کێشەکانی دیکە بە تەواوی لە پەراوێز خران، شەڕی سارد و سوڵحی سارد هیچ بە قازانجی کورد نەبوون. شێوانی ئەو سناریۆیەو هاتنە گۆڕێ سناریۆیەکی دیکە و هەڵوەشاوەی سوڤیەتی سابق و هاتنە گورێ کۆمەڵێک فاکتور، وردە وردە کۆمەکی بەوە کرد کە پێناسەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بگۆڕێ لەو پێناسەیە دا فاکتۆرەکانی ئاینی، تایفی، قەومی و کۆمەڵێک سیاسی و هەڵوشانەوەی ئەمری واقیعی پێشوو لە شکلی کلاسێک دا کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناوچەییشی درووست کردوە کە ڕەنگە چیدیکە بە ئاسانی زلهێزەکان بە

ئیعتباری پێناسەی پێشوو نەتوانن لە واشینگتۆن و مسکۆ یەکجار ئارستەی چارەسەرییەکان بگۆڕن و نەخشەڕێگای خۆیان بە شێوەی پێشوو بۆ راگرتنی ئەمری واقع، واتە بە قەوڵی ئێرانییەکان [ تەشەنوج زوودایی ] بڕۆنە پێشێ. ئێمە لە ناوچەیەک دا ئێستا قسە لە داهاتووی خۆمان دەکەین، بەخۆشیەوە کوردیش بۆتە فاکتورێک. ئاڵوزییەکانی ئەو ناوچەیە و ئەو فاکتۆرە جۆراوجۆرانەی هاتوونەتە گۆڕێ جیاواز لە هەندیک گیروگرفتی نێو ماڵی کورد، مانای ئەوە نییە فورسەتی بۆ ئێمە دروست نەکرد بێ. کورتە ئاوڕدانەوەیک بە مێژووی خەباتی تێکۆشانی ئێمە ئەگەر بگەرێمەوە سەر مەوقەعییەتەکان؛ لە کۆماری کوردستان دا بەشی زۆری ئەوەی ئێمە بە دەستمان هێناوە تا ڕادەیەک توانیومانە کەڵکی لێ وەربگرین و بێکەین بە ئەمری واقع یا دیفاکتۆر سەرەرای خەبات و تێکۆشان و قوربانیی هەزاران پێشمەرگە، بەرهەمی ئیمکانی عەینی یە. کۆماری کوردستان بەرهەمی ئیمکانێکی عەینی بوو. فەزایەک دروست بوو، لە ماوەیەکی کورت دا کۆمەڵەی(ژ - کاف) کە کانوونی بیرو فکرو کێشەی فکری و هیتد... بوو، زۆر زوو بە ژیریی و زیرەکی پێشەوا قازی محەممەد لە نەخشی جووڵانەوەیەکی فکری دێتە دەرێ و تەبدیل بە پرۆژەیەکی سیاسی(دامەزرانی حیزبی دێموکڕات) دەبێ. پێشەوا قەزییەکە دەقوزێتەوەو لە ماوەیەکی کورت دا حکومەتی کوردی دادەمەزرێ. رەئیس جمهوور، کابینەی وەزیران. هوڤییەتی کوردی بە هەموو پێناسەکانی خۆی ئێستاش موستەنەداتی ئێمەیە. جیاواز لەو شکلە سیاسییە کە موستەنەدی کرد، بەشداریی کوردەکانی عێراق، بە تایبەت شەخسی مەرحومی بازرانی، بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوایە و وەسفێکی میللی بەو مەسەلەیە دا کە هەموو کەس بە هی خۆی بزانێ. ئێستا ئێمە لەو سناریویە دا چۆن تەعاموول دەکەین؟! لە سنایۆری ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا ئێمە لە گەڵ دوو حاڵەت ڕووبەڕووین؛ حاڵەتێکیان [ دەرفەتەکان ]ن حاڵەتیکان [ ئاستەنگان ]ن. ئێمە چۆن باڵانس لە نێوان ئاستەنگەکان و دەرفەتەکان دروست دەکەین؟! دەرفەتەکان ئەوەیە کە لە دنیای ئێستا دا کە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی داعەش دا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەشدارە لەو کێشەیە دا. بەخۆشییەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی سەرەڕای هەموو ئیحترامی ئێمە بۆ ئایینی شیعە و سوونی و هەموو ئایینەکان لەو ناوچەیە کێشەی کورد بە بەشێک لە کێشەی ئەو ئاینانە پێناسە ناکرێ. ئەوە بە باوەڕی من لە ناوچەیەک دا کە هەموو مەزهەبەکان لێرە لە دایک بوونە، مەزهەبە ئاسمانییەکان و ئەو کێشانە سەدان ساڵە بەردەوام دێنە پێشێ، بەڵام کێشەی کورد بە ئەوە پێناسە ناکرێ، ئەوە دەرفەتێکە، ئەوە فورسەتێکی بۆ ئێمە گونجاندووە.

فوورسەتی دووهەم؛ هەر چەند داعش بە هەموو حەرەکەت و جووڵانەوە و ئەوەیکە لێرە دروست بوو، زەرەرو زیانێکی زۆری مادی و ئینسانی بۆ ئێمەی کورد هەبووە. بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا بوو بە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پتر ئەهەمییەتی مەسەلەی کوردو توانایی و پوتانسیل و زەرفییەتی مەسەلەی کوردو، لە هەمانکات دا مەوقعییەتی جوغرافیایی کورد بناسێ. ئەوەش بوو بە فورەسەتێک بۆ ئێمە کورد کە ئێستا لە چۆنییەتی تەفسیرو تەعبیری ئەو ناوچەیەدا کەس ناتوانێ نادیدەمان بگرێ و لە هەمان کاتیش دا ئەگەر ئیعترافیشمان پێدەکرێ، ئیعترافێکی موسبەتە.

دەرفەتی سێهەم؛ تەجرووبەی هەرێمی کوردستان لە چونییەتی ئیدارەی خۆی سەرەڕای کێشەو ناکۆکی، دەریخست لانی کەم

روو بە دەرەوە لە ناوچەیە ئاڵۆزە دا دەتوانین ئێمە ئیدارەی خۆمان بکەین. ئەوەش سیگناڵێکی جیدی و پۆزیتڤ و باش بوو کە لە هەمان کات دا دەتوانێ باش بڕوا ئاخرییەکەی هەموو ئەو سێ حاڵەتە، قەزییەی کوردی گەیاندۆتە لوتکەیەک کە من پێی دەڵێم (دەرفەت بۆ کورد بە گشتی لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست) بە ئیعتباری هەمووی ئەوانە.

ئاستەنگاکان؛ ئێمە زۆر جار دەرفەتمان بۆ هەڵکەوتووە. بەڵام رەنگە ئەو دەرفە بە باشی کەڵکی لێ وەرنەگیرابێ و زۆر جار ئێمە عادەتمان گرتووە کە ئاماژە بە مێژووی شکست و سەرکەوتووکانەکانی خۆمان دەکەین، خەتاکان بەرینەوە لای خەڵکی دیکە، زوو بە پەلە دەڵێین؛ خەتای ئیستعماری ئینگلیس بوو، خەتای فەرانسە بوو، خەتای سایکس پیکۆ بوو خەتای کێشەکەی سیڤەرو لوزان بوو! زۆر زیرەکین لەویکە زوو خەتاکان بخەینە سەر خەڵکی دیکە. کەم وا هەیە کە بڵێین خەتاکان هی خۆمان بوو. من لەو کەسانەم کە پێموایە ئێمە لە ئاوردانەوە لەوەی کە نەمانتوانیوە لە فورسەتەکان کەڵک وەرگرین، بەشێکی زۆری رەخنەکە رووی لە خۆمان بێ. من دەڵێلێک نابینم بریتانیای سابق و فەرانسەی سابق و ئەمریکای ئێستاو ئەم و ئەو دەوڵەت لە خۆشەویستی کورد بەرەو ئێمە بێ. دنیای سیاسەت و موعادلات و هەمووی ئەوانە بەرژەوندییەکانە. حەتمەن ئێمەی کورد ئەو وەختی بە دەلیلی ئەوەی کە بە لەحازی سیاسی، نەتەوەیەک نەبووینەو نامانتوانیوە گۆڤتمانێکی واحیدمان هەبێ. بە هەر دەلیلێک نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە بۆیە نەمانتوانیوە بچینە نێو موعادلاتی بەرژەوەندییەکان.

بۆ لە دنیایی ئەورووپا نیزیک بە ٢٠٠ دەوڵەت هەیە؟! بۆ لە سەردەمانێک دا دەوڵەتان درووست دەبوو کە رێبەرانیان نەیاندەزانی کە دێموکراسی پلورالیزمی سیاسی و ماف یەعنی چی! دەوڵەت درووست بووە رێبەرانیان لە تئورییەکانی لیبرالیزم و مارکسیزم و ناسیونالیزم و ریئالیزم و ئیدئالیزم و پۆست مۆدێرنیزم و مۆدێرنیزم هەر حاڵیش نەبوون و دەوڵەتی میللی خۆشیان دروست کردوە. پرۆسەی (بە دەوڵەت بوون) واتا دروستکردنی دەوڵەت و دروستکردنی دەسەلات هەموو ناگەڕێتەوە نێو ئەو چەمکانە. چەمکی دێموکراسی، میکانیزمی پێوەندیی خەڵکە لەگەڵ دەسەلات کە چۆن لە یەکتر دەپرسنەوە، ئەوەی دیکە ئەگەر دەتهەوێ ببێ بە شت، دروست کردنی ئادرەسە. لە دنیای ئەورۆپا بە پێی بەرژەوەندییەکان دێن لەو ئادرەسە دەپرسن. بۆیە لەو خانەیە دا چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ وەزعییەتی ئێستا ئەوەی بەلای ئێمەوە مەسئەلەیە هەرێمی کوردستانە. کورد بە گشتی چونی دەقوزێتەوە؟!

دەگەمە سەر رێگا چارەکان؛ لە روانگەی منەوە ئەوەی کە کورد یەک نەتەوەیەو کوردستان یەک وڵاتە، دەلیل بەر ئەوە نیە کە یەک رێگا حەلیشی هەیە، دەلیل بەر ئەوە نییە یەک چارەنووسیشی هەیە. تەبیعەتی دابەشبوونی کوردستان و بە پارچەبوونی کوردستان و چۆنییەتی عەقڵییەتی سیاسی لە بەغداوە بۆ ئێرە، لە تارانەوە بۆ پارچەکەی ئێمە (رۆژهەلاتی کوردستان) لە ئانکاراوە بۆپارچەکەی دیکە (باکوور) لە دمیشقەوە بۆ رۆژاوای کوردستان و شکلگیری حیزبە سیاسییەکان و هەمووی ئەوانە کە بە عەقڵییەتی هەر کام لەو وڵاتانە درووست بووە، تەئسیری لەسەر عەقڵییەتی دروست بوونی ئەحزابی

سیاسیش داناوە. بۆیە زۆر تەبیعییە ڕێگا حەلەکان و پێناسەکان و فەرهەنگی سیاسی هەموو پارچەکانیش لە چۆنییەتی تەعامول لەگەڵ ئەو چارەسەرییەش دا بەتەواوی فەرقی هەبێ. بەڵام لە نێو هەمووی ئەوانە دا یەک شت زۆر موشەخەس و دیارە کە ناکرێ نادیدە بگیرێ. ئێمە نازانین سوورییە چی لێ دێ، دەمێنێ نامێنێ، شەڕ بەردەوام دەبێ، وێرانکار دەرواتە پێشێ و قەزییەی کورد بە کوێ دەگا. ئایا حەلێکی بۆ دەبیندرێتەوە، لە دەمشق چارەسەر دەکرێ یان لە حاشییە، نازانین. لە تورکیە چی لێ دێتەوە، هەوراز و نشێو و دەورانی ئینکاری کورد، دە ساڵی ئەخیر نەیانتوانی کورد ئینکار بکەن و کورد چووە نێو بازنەیەکەوە، هەڵبژاردنێک دەکرێ و لایەنێکی کوردی ۸۰ دەنگ دێنێتەوەو لە هەڵبژاردنی دیکە دا ۲۰ دەنگ دێتە خوارێ و دەورانێ قسە لە ئاشتی و دوایە شەڕ دێتە پێشێ. ئێستا لە شەرناخ و لە دەوروبەرەکە ماڵی خەڵک وێران دەبێ. نازانیین چی لێ دێتەوە.

لە ئێران بە حوکمی موقعییەتی ئێران و ئەوەی کە ئێران چۆن تەعامول لەگەڵ ناوچەکە دەکاو لەگەڵ ئیدارەی وڵاتەکەی خۆی دەکا، قەزییەی ئێمە تەغیراتێکی زۆری تێدا نەهاتۆتە پێشێ، بە غەیری ئەوەیی ئێمە ئێستا زۆرتر ئیهتمام بە خەبات و جم و جۆڵی مەدەنی دەدەین. بەڵام لە نێو هەموو ئەو ناروونیانەدا یەک شت روونە، ئەویش باشووری کوردستان (هەرێمی کوردستان)ە. تەجروبەی ئێرە (باشووری کوردستان) نیزکە لەوەی کە لە چارەنووسێک نیزیک بێتەوە، کە ئەو چارەنووسە ئینکار نەکرێ وببێ بە ئەمری واقیع.

لە روانگەی منەوە ئەگەر قسە لە دەوڵەتی کوردی دەکرێ، پەیوەندی بە ئێرەوە هەیە کە لە زۆر بوار دا ئیمتحانی خۆی داوە. بەڵام بە مەعنای ئەوە نییە لە هەموو ئەو ئیمتحانانە دا بێ کەم و کوڕ بێ، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە تەنیشتی ئەوە دا دەکرێ ئەوە بڵێم کوردی کوردستانی ئێران، رەنگە بڵێم زۆر لە خەڵکی ئێوە لە باشوور بە پەرۆشتر بوون بۆ داهاتوی ئێرە. بۆ؟ بەو دەلیلەی ئێوە لێرەن، ئێمە لێرەین، دەسەڵاتی خۆمان دەبینین، لەگەڵی دا هەین، رۆژانە لەگەڵی دا هەین. بەڵام کوردی ئێران، لە ئێران تەحقیر دەکرێن لەسەر حەقی خۆیان. ئێمە ناتوانین بە حزووری نیزامی بڵێین دەوڵەتی تاران ئیمەش هەین و ناتوانی ئینکارمان بکەی و خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران قوەتی قەلبی ئێوەین. بەڵام بە خەباتی مەدەنی و هاندانی خەڵک بۆ خەبات و تێکۆشان، وتوومانە بێتەفاوت نەبن لە لانیکەمەکان ئیستفادە بکەن. بەڵام لەسەر ئێرە قەزیەکە فەرق دەکا.

ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لێرە قسە لەوەیە لە هەرێمی کوردستان حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە یەک نیزیک بوونەوە دا هەن، تەوافوقیان تەفاهومیان هەیە،خەڵک لەوێ شاگەشکە دەبن.کاتێک جەلال تالەبانی دەبێتە سەرکۆماری عێراق، خەڵک لەوێ تەزاهور دەکەن و باسی لە خۆشحاڵی دەکەن، کاتێک کاک مەسعود بارزانی دەبێتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، خەڵک لەوێ گەشبینەو خۆشحاڵ دەبێ.

سەرکەوتنی ئەو تەجروبەیە لێرە هەر ئاوای چاو لێنەکەین. ئەوە لێرەیە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ، نەخێر، لە هەمان کات دا کە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێ، ئینعکاسی بۆ کوردستانی ئێران قووەتی قەلبێکی گەورەیە، بۆیە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە ئێستا لە رۆژهەڵاتی نیوەراست راستییەکەی هەرێمی کوردستانی رووبەرووی ئیمتحانێک کردۆتەوە. دەبێ لەو ئیمتحانە سەرکەوتوو بێ سەرکەوتوو. لە بیرمە کاتێک لە ئامریکا ئینتخابات هەبوو، ئەمن لەوێ بووم. کلینتۆن لە رقابەتێکی ئینتخاباتی دا بوو، لێیان پرسی پێتوایە سەرکەوتوو دەبی؟ کووتی لە سەرکەوتن قسە ناکەم، قسە لە سەرکەوتنێکی گەورە دەکەم. هەرێمی کوردستان دەبێ قسە لە سەرکەوتنێکی گەورەرە بکا. وەک کەسێک چۆن ئیمتحانێک دەدا بە قەولی ئێرانییەکان لە بیست، ئایا حەڤدە وەردەگرێ یا شازدە وەردەگرێ، ئەو دەبێ وا چاو لێبکا لە بیست، بیست وەرگرێ. بۆ ئەوەی کە ئەگەر بیستی پێ وەرنەگیرا، هەژدە و حەڤدە بێنێتەوەو نەیەتە ژێر دە.

لە روانگەی ئێمەوە هاتنە گۆری ئیدەی ریفراندۆم بۆ دەوڵەتی کوردی بە تەواوی لە جێگای خۆی دایە. دەلیلی یەکەممان ئەوەیە با ئیمە ریفراندۆم بخەینە نێو قالبی ماف. پەیوەندی بە هیچ کەسەوە نییە پێمان بڵێ درووستە یان نادرووستە. نەشیبەینە نێو مەقوولاتی ئیدئۆلۆژی کە لە روانگەی ماکسیزم و ئیدئالیزم و ئیزمەکانی دیکە چۆن تەفسیر دەکرێ. هیچ پەیوەندی بەوانەوە نییە مافەو لە جێگای خۆی دایە.

دووهەم ئەوەیکە ئەو ریفراندۆمە لە روانگەی ئێمەوە بازییەکە قەواعیدی بازی خۆی هەیە. ئەو قەواعیدی بازییە مەیدانی بازییەکە کە هەرێمی کوردستانە بە تەواوی موساعیدو گونجاوە. تەجروبەی تەعاموولی هەرێم لەگەڵ بەغدا، دە - پازدە ساڵە دێ و دەرواو دەتوانێ بە نەتیجەگیریمان بگەیەنێ، تەجرووبەی ئیدارەی خۆجێیی لێرە، تەجرووبەی دیفاع لەو سنوورانەی کە شوێنی هەرێمی کوردستانە کە ئەوەی کە لە قانوونی نێودەوڵەتی دا چەندە توانیوتە شوێنەکەی خۆت بپارێزی و تەجرووبەی تەعامول لەگەڵ دراوسێکان کە کۆنسووڵەکان لیرەن و تەنانەت توانیویەتی ئەوپەیامە جیدییە بدا کە هەرێمی کوردستان تەهدید نەبێ لەسەر تاران، بەغدا، دەمەشق وئانکارا. بەڵکوو فورسەتە، مادام ئێمە ئەوە دەخەینە خانەی بەرژەوەندی تەبیعەتەن لە خانەی بەرژەوەندی دایە و واردی تەئاموول دەبن.

قەواعیدی بازیەکە لە کوێرا دەست پێدەکا؟ لە روانگەی ئێمەوە ئەوەی کە دەتوانێ رووکنی سەرەکی بێ بۆ سەرکەوتنی ئەو پرۆژەیە، یەکگرتوویی نێو ماڵی کوردە. پێمان وایە جێکەوتنی هەرێمی کوردستان وەک حکوومەتێکی دێفاکتۆ کە ئیعترافی نێودەوڵەتی و ناوچەییشی پێ کراوە، ئەوە ئینکار ناکرێ. بەڵام لە بوونی یەکگرتوویی و یەک گوفتمانی و، بە جۆرێک لێڵی و بە جۆرێک بەدوادانەچوون و کێشە لەسەر چەندو چۆنی بەرێوەبردنی ئەو پرۆسەیە، رەنگە زەرەرێک بە ئێمە بگەیەنێ کە قەرەبوو کردنەوەی زۆر بکێشێ.

ئێمە بۆخۆمان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کۆنگرەی ئەخیری خۆشمان دا دەقیقەن قەزییەی رێفراندۆممان هێنا گۆڕێ. بە لەحازی گۆڕەپانی بازی گەمەکە ئەو شەرایەتە بۆ ئێمە لە ئێران نییە کە هەر ئێستا قەزییەی ریفراندۆم بێنینە گۆڕێ، بەڵام دەمانهەوێ بە ئێرانییەکان و، بە کورد لە ئێران بڵێین «ئەوە مافی ئێمەیە». ئەرێ ئێرانییەکان! ٣٧ ساڵە لەگەڵتان لە کێشە داین، بە دێموکراسی لەگەڵمان ناکەن، بە فدرالیزم لەگەڵمان ناکەن، بە ٢٦ مادە نەتانکرد، بە ٦ مادە نەتانکرد، دەڵێین لە چوارچێوەی قانوونی دا ئیجازەی فەعالییەتی سیاسیمان لە نێوخۆی ئێران دا هەبێ، لەگەڵمان ناکەن. ئەرێ ئۆپۆزسیوونی ئێرانی! خۆتان بە موخالیفی کۆماری ئیسلامی دەزانن، بەڵام کاتێک دێنە سەر کێشەی کورد لەوان ناسیونالیستترن. دەی باشە هەمووی ئەوانە بە مەعنای ئەوەیە ئێوە ئێرانییەکان کە پێمان ناخۆشە ئاوایە؛ بە مەزهەبی و بە کۆمۆنیست و بە سۆسیالیست و بە شاپەرست و بە میلیگەرا و بە هەمووی ئەوانە، لەسەر کورد ئیعتاف نیشان نادەن، دەی ڕێگاتان بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە بەغەیری ئەوەی بڵێین کوردی ئێرانیش حەقی خۆیەتی مراجعە بە ئەفکاری عوومومی خەڵک بکاو ئەو مەسەلەیە بێنێتە گۆڕێ. بۆ هێنانە گۆڕێی ئەو مەسەلەیە، ئەوە ئێوەن ئێمە مەجبوور بەو حەلە دەکەن، دەنا ئێمە هەموو حەللەکانی دیکەمان هێناوەتە گۆرەێ. بۆیە بە باوەڕی من قەزییەی ڕێفراندۆم (راپرسی)، لە هەموو پارچەیەکی کوردستان وەک ماف بێ بەحس لێکردن بۆ ئیمە بهێشترێتەوەو وەک کارتێک کە ئەمڕۆ پەنای بۆ دەبەین لە چۆنییەتی تەعامووڵ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و ئۆپۆزیسیوونی ئەو وڵاتانەیش ئێمە کەڵکی لێ وەربگرین.

بەحسیکی دیکەی ئێمە ئەوەیە ئێران لە کوللی ئەو بازنەیە دا؛ هەر وەکوو پێشوو من بە کوللی ئاماژەم پێ دا، بمانهەوێ و نەمانهەوێ ئێران فاکتۆرێکی قابلی ئینکارە لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و، ئێران وڵاتێکە پاشخانێکی دوور و درێژو هەزاران ساڵەی لە کشوەرداری دا هەیە. ئێمە کوردی ئێران لەگەڵ ئەو واقعیەتە دەبێ کێشە بکەین، قەبووڵی ئەو واقعییەتە ئێمە بە ڕێگا حەللەکان دەگەیەنێ. تا ئەو جێییەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە هەوڵمان داوە لە پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی نیوخۆی ئێران و لایەنە سیاسییەکان و قەزییەی کورد لە ئێران کە ئێمە فرەرەهەندی چاو لە چۆنییەتی تەعامووڵ لەگەڵ ئێران و گۆرەپانی سیاسی بکەین. هەمووی حەللەکانی خۆمان ناخەینە ناو سەبەتەیەک. کە زۆرجار وا هاتۆتە پێشی کە تا کۆماری ئیسلامی نەروخێ هیچ شتێک ناکرێ!. ماهییەتی ئەو حکوومەتە جۆرێکە هیچی لەگەڵ ناکرێ، ماهییەتی ئەو حکومەتە وایە هیچ مافێک بە ئێمە نادا. ئەگەر لەو خانەیە دا بمێنینەوە هەموو ئەوانە راستە.

لە روانگەی ئێمەوە جووڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئەوە دروست نەبووە حکومەتە مەرکەزییەکان بڕووخێنێ. جوڵانەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ ئەوەیە بڵێ ئەوە مافەکانی ئێمەیە، ئێمە بەدوای ئەوە دا دەگەڕێین، حکومەتی تاران! هەر کەسێک لە ئێوە دێتە سەر کار؛ بە چەپ و راست و سۆسیالیست و مەزهەبی و میلیگەراو هەر شتێکتان هەیە تا ئاوڕ و بەوە نەدەنەوە ئێمە لە کوردستان وا بە ئاسانی واز لە مافەکانی خۆمان ناهێنین. یانی مەبەستم ئەوەیە لە روانگەی ئێمەوە چۆنییەتی چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دا لە نێو خانەی چەندین ڕێگا حەل دابنێین. لە یەک خانە دا

نەیبەستینەوە. ئەگە حەدیعەقەلەکان بهێننە گۆڕێ، ئێمە بە باشی دەزانین. لە پەیوەندی لەگەڵ ئینتخاباتی ئەخیر لە ئێران دا، ئێمە لەگەڵ سناریۆیەکی پیچیدە رووبەروو بووین کە برێک ئێمەی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە، چۆن ئێمە تەبەقەبەندی سیاسەت لە کوردستان و لە تاران و لە شوێنەکانی دیکە دەکەین. ئەگەر تۆ خوێندنەوەت لە تاران ئەوە بێ کە ئەو حکومەتە نەگۆڕە، بە ئینتخاباتەکەش ناگۆڕدرێ، ئینتخاباتی ئێرانیش غیرە دێموکراتیکە، کە وایە، ئەوانەی کە دەبن بە کاندید دەبێ لەو سافیانە بوگزەرێن، دەی باشە ئێمەش پێی بێ تەفاوت دەبین، بۆشمان ناڕووخێ، دەی ئەگەر وایە خەڵک هیچ مەکەن! سیاسەتی ئێمە ئەوە بوو کە نەخێر دەبێ لە نێو خۆی وڵات لەو فورسەتانەی وەک ئینتخابات دێتە پێشێ کەڵکی لێ وەربگرین. ئەوە فورسەتێکە ئێمە وەک کورد بتوانین لە رقابەتەکان دا شتی خۆمان بڵێین، فەزایەک دێتە گۆڕێ ئێمە مەترح دەبین و دێینە گۆڕێ. تەنانەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە کێشەی ئازەری و کورد هەیە، من زۆی بە ڕاشکاوی دەڵێم و نایشارمەوە؛ ئێمە کوتمان حەقی خۆمانە کورد کار بکا لە ئینتخابات دا دەنگی کورد بۆ کورد بروا. لە ورمێ ئەو کێشەیە هاتە گۆڕێ، بەداخەوە لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران دەقیقەن لەو بازنەیەدا بوون کە ئینتخابات لە ئێران بێ فایدەیە، فەرقی نییە لەو شارانەی کە کێشەیان لەسەرە کوردێک یان ئازەرییەک بچێتە پارلەمان، بێ تەفاوت بوون. ئەو بێتەفاوتییە بوو بە هۆی ئەوە کە کورد بەو جۆرەی پێویستە لە هەندێک شوێن بەشداری ئینتخاباتەکە نەبێ. لە نەتیجەدا ئەو دەنگەی دەبێ بۆ کورد بچێ بە رادەی پێویست نەبوو. لەو شوێنانەی کە کێشەی لەسەرە لایانی ئازەری دەنگیهێنایەوە. ئەوە حەقێکی دێموکاتیکە، چۆن ئازەرییەکان هەوڵیان دەدا هەموو دەنگەکان بۆخۆیان بێ، کوردەکانیش دەیانتوانی لە چوارچێوەی ئەو ئینتخاباتە دا هەوڵ بدەن هەموو دەنگەکان بۆ کوردەکان بچێ. لە نەتیجە دا دێموگرافی ئەو شوێنە لە داهاتووی کێشەکانی ئێمەدا توانیبای بە جۆرێک بێ کە یارمەتی بە قەزییەکەی ئێمە بکا.

فاکتۆرێکی دیکە کە لە پەیوەند لەگەڵ ئێران و کورستانی ئێران دا لە گۆڕێدا هەیە، چۆنییەتی تەعامولی ئێمە کوردەکانی ئێران یا ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و شوێنەکانی دیکە بووە. ئێمە لەو باوەڕەدا بووین؛ هەرچەندی بۆمان بکرێ تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە چاو لە بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان بکەین. من زۆر جار دەڵێم هەرێمی کوردستان لە بازییەکی شەترەنج دایە، کە تۆ چۆن بازی دەکەی، دەکرێ ئەسپێک بە پیادەیەک بدۆڕێنی، ئەوە شەترەنج بازێکی خراپە، ئەگەر ئەسپ بە ئەسپ بدۆرێنی تەعادوولێکی تیداهەیە. حەیفە هەرێمی کوردستان لە بازنەی کێشەی ئەحزابی کوردی پارچەکانی دیکە وەها پارچەکانی دیکە لە کێشەکانی ئێرە تێوەدرێن کە وردە وردە وای لێبێ ئەو بازییە کە ناکاو بێ ئەوەی کە پێ بزانی ئەسپێک بە پیادەیەک بدۆڕێنی. ئێمە هاودەردی و هاوخەمی هەرێمی کوردستان لە حەددی توانای خۆیان لەگەڵ خەباتی رەوای پارچەکانی دیکە بە باش دەزانین. هیوادارین ئەوە هەر پەرە بستێنێ، بەڵام قەت پێمان وانیە حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت حیزبەکانی کوردستانی ئێران ببن بە بەشێک لە کێشەکانی هەرێمی کوردستان. ئەگەر ئێمە هاندەر نەبین بۆ ئەوەی کە کۆمەگ بکەین نێوانی لایەنەکان لێرە خۆشتر بێ و باشتربێ و لێک حاڵی بوون بێ،

قەت ئێمە نابێ بێینە نێو گەمەیەک کە لایەنگری لەو حیزبە بکەین لە دژی حیزبەکەی دیکە. لەو حاڵەتەدا پیچیدەگی کێشەکە زۆرتر دەبێ و، لە نەتیجەدا ئەو ئەمری واقعەی کە من ئاماژەم پێ کرد. بۆیە حیزبی ئێمە لە پەیوەندی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دا هەوڵی داوە تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە، ئێمە بە هیچ جۆر هۆکاری موشکلات نەبین لە عیلاقاتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران. چونکی پێمان وایە ئەو عیلاقاتە تەبیعییە. من لێتان ناشارمەوە؛ ئارەزوو دەکەم سفارەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران هەبێ و ئارەزوو دەکەم سفارەتی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە هەولێر هەبێ. تۆ ئەگەر چوویە نێو دەوڵەتداری قەواعیدی بازی خۆی هەیە. قەواعیدی بازی دەوڵەتداری لەگەڵ ئارەزوو و ئامالەلانی من وەک حیزبێکی سیاسی لەگەڵ بنەماکانی شەڕ و شۆڕشگێری کاملەن فەرقی هەیە. ڕەنگە ئێمە ئێستاش لەوە موعادلەیەدا نەبین. هیوادارم ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمەش بێینە نێو ئەو موعادلەیە.

پەیامی زۆر ڕاشکاوانەی ئێمە ئەوەیە حیزبی هیچ پارچەیەکی دیکەی کورستان، هەرگیز نەبین بە بەشێک لە کێشەکانی ئێرە(باشووری کوردستان) و، هەرگیز سیگناڵێک نەدەین لە دۆستایەتی و عیلاقاتی خۆمان بە حیزبە سەرەکییەکانی ئێرە کە ئەو کێشەیە ئێرە زۆر بگرێتەوە. لەو پەیوەندییەدا نیگەرانییەک کە ئێمە هەمانە ئەوەیە کە، گۆڕەپانی سیاسی نە لە باشووری کوردستان کە لەگەڵ واقعیات ڕووبەڕوویە، نەبێ بەبەشێک لە کێشەی دوو قوتب کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە گۆڕێ دا هەیە. قوتبێک کە خۆی پێناسە دەکا بە لایەنی شیعە و ئەدرەسەکەی دەکەوێتەوە تاران و، قوتبێک لە خۆی پێناسە دەکا بە سونی کە ئایا ئەدرەسەکەی لە عەرەبستانە یان لە تورکیە، بەڵام کورد بتوانێ لەو گەمەیەدا وا بجووڵێتەوە هەر وەکی لە پێناسەکەدا ئاماژەم پێ کرد بەشێک لەوە کێشیەیە نییە. بەڵام بە جۆرێک عەمەل بکا کە ئەو کێشانە بە قازانجی خۆی هەڵگەڕێنێتەوە.

لەهەمان کات دا کە زۆر باسی وەحدەت و یەکریزی و تەبایی دەکەم، ڕەنگە ئەو پرسیارە بەجێیە لە لایەن تاک تاکی ئێوە بێتە گۆڕێ و بڵێن جا بۆخۆتان وەزعتان زۆر تەواوە؟! نا، وەزعی ئێمە لە هەموو لایەکی ئێوە خراپترە. ئێمە دوو دانە دێموکراتین بە یەک مێژوو و بەیەک رابردوو و بە سێ ڕێبەری شەهید، ئەگەر بێنە مەقەرەکەی ئێمە و بێنە مەقەرەکەی لایەکەی دیکە، ئەرێ بڵێن فەرقیان چیە! خۆ هەموو شتەکان وەک یەکن. بەڵام تا ئێستا دوای دە ساڵ نەمانتوانیوە چارەسەری ئەو کێشەیە بکەین و دەورانێکیش کە پێناسەی کێشەکانی نیوخۆییمان دەکرد، ئێمە ڕێبەرانی دێموکرات خۆمان دەشاردەوە لە قەبووڵی مەسئولییەت! یەک دەیگوت خەتای ئەولایە، دەستی لە ناو ئێمەدا بووە و ئەو حیزبە لەت بووە و، ئەوی دیکە دەیگوت خەتای ئەولایە. دیسان دچمەوە نێو ئەو بۆچوونە چۆن نەبووین بە دەوڵەت و هەموو خەتاکان هی ئیمپراتووری عوسمانی و فەرانسە و ئینگلیس نەبووە، بەڵکوو خەتاکە لە هەموان بووە، لەتبوونی حیزبی دێموکراتیش خەتاکە هی خۆمان(هەردوولای دێموکرات)بووە با نەیخەینە سەر شانی خەڵک. ئەگەر یەکیش ناگرینەوە هەر خەتاکە لەخۆمانە. بەڵام ئێمە وا فێرین، زۆر زوو پەنا بۆ «تێئۆری تەوتەئە» دەبەین. جیاواز لە حیزبی دێموکرات، لەگەڵ حیزبەکانی دیکەش نەمانتوانیوە بە تەفاهوومێک بگەین. هەڵبژاردنی ئێران یان ئەو ڕووداوانەی کە لە ئێران دێنە گۆڕێ

هەموویان دەتوانن سناریۆیەکی باش بن کە ئەدرەسێکی بە قووەت بۆ کورد دروست بکەین کە ئێمەی کورد سەرەڕای ئەوەی جیاوازیشمان هەبێ، لەسەر ئەوانە یەک گرتووین. تا ئەو جێییەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ لە چۆنیەتی دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ وەسەریەکخستنەوەی دێموکراتەکان. لەوانەیە بڵێن وەڵاهی کەس قسەی خراپ بۆخۆی ناکا، هەوڵمان داوە. بەڵام ئێمەش بێ ئیشکال نین لەمەو بەداوەش هەوڵ دەدەین و هیوادارم دۆستان و برادەران و ئازیزانی وەک ئێوەش لە هەموو کاناڵەکانیانەوە کۆمەگ بکەن بۆ ئەوەی کە وەحدەت و یەکگرتووییەک لە نێو ریزەکانی ئێمەش دا درووست بێ، چون تەنیا ڕێگای هەر ئەوەیە.

لە ژمارە ٦٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

٢٣ی جوونی ٢٠١٦

# ساڵی: ٢٠٠٨

-----------------------------------------------------

## وتووێژی رۆژنامەی "ئاسۆ" لەگەڵ بەرێز خالید عەزیزی




### دیمانە: كاوان عومەر سەلامی

خالید عەزیزی، لە گوندێک لە نیوان شنۆ و نەغەدە لە کوردستانی ئێران لە دایک بووە. لەکاتی شۆرشی ئێران لەساڵی ١٩٧٩خوێندکار بووە لە زانکۆی تەورێز. دوای شۆرشی ئێران زانکۆی بەجێ هێشت و بوو بە پێشمەرگە. لەساڵی ١٩٨٦ چۆتە ئوروپا.

لەئوروپا لەساڵی ١٩٩٥ ماجستەری لە زانستی سیاسیدا وەرگرتووە. لەبەشی پێوەندێکانی حیزبی دیموکراتدا کاری کردووە و ماوەیەک نوێنەری حیزبی دیموکرات بووە لە واشینگتۆن و ئێستاش ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ووتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

***ئاسۆ: كاک خالید ئێوە چ پرۆژەیەکتان هەیە بۆ یەکریزی حیزبەکەتان؟***

***خالید عەزیزی:*** دوای هەرەس هێنانی یەکیەتی سۆڤیەت ئاڵوگۆرێکی بەرچاو بەسەر دەوری ئیدەئولۆژی لەحیزبایەتی و سیاسەت دا هاتۆتە گۆرێ. دیارە بەداخەوە ئەم چەشنە ئاڵوگۆرانە زۆر درەنگ دەگەنە نێو ژیانی سیاسی حیزبایەتی لەکوردستاندا. بە باوەری من ئێمە ئێستا لەسەردەمێکدا دەژین کە پێی دەگوترێت سەردەمی کۆتایی هاتنی شەری ئیدئولۆژی

و کاڵبوونەوەی ڕەنگەکان لەسیاسەت و حیزبایەتیدا. مادام حیزب ئێستا وەک ئەمرازی جێبەجی کردنی پرۆژەکانی سیاسی سەیری دەکرێت ، دەبیت شیوەی پاراستنی یەکیەتی ریزەکانی حیزبیش هەر لەو خانەیەدا پێناسە بکردریت. حیزبی دیموکرات تا ئێستا چەند جار توشی لێکترازان و لەتبوون بووە و تەنانەت یەکیشی گرتۆتەوە. گرفتی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕابردودا کە لەتبوون و لێکترازانی لێکەوتۆتەوە دەگەڕیتەوە سەر شێوەی ئیدارەی حیزب و بەشداری پێدان و نەدان و لە پەراوێز خستنی یەکتر و لاوازبوونی ئەمنییەتی حقوقی و حیزبی تاکەکان لە سێناریۆی کۆتلەبازی و دەستەبەندێکاندا بووە. دەنگدان و هەڵبژاردنی ئازاد لە کۆنفرانس و کۆنگرەکاندا رووکاری دیموکراسین. کار و ئەرکی دیموکراسی ئەوەیە کە ماف و میکانیزمی ئەمنیەتی حقوقی تاکەکان لە نێو حیزبدا تەزمین بکات و کەس بۆ کەس لە پەراوێز نەخسترێت. لە ژێر ڕووناکایی خوێندنەوەیەکی ئاوا لە حیزبایەتیدا دەمارگرژی مانی نامێنێت و سازش و قەرداد لەسەر بنەمای تۆڵێرانس وەک فەرهەنگ جێ دەکەوێت. ئەوە بەو مانایەیە کە لە حیزبێکی وەک حیزبی دیموکراتی کودرستاندا کە نوینەرایەتی فکر و توێژێکی تایبەت ناکات و فرەچەشنی تێدا جێکەوتووە، پێویستە کە میکانیزمێک بۆ حاوانەوەی لایەنەکان لەگەڵ یەکتر لە سەر قەبول و نەهادینە کردنی ئەم فاکتۆڕانە جێبەجێ بکرێت. مادام کێشەی سیاسی و ئیداری و دەسەلات لەحیزبایەتیدا دیاردەیەکی حاشاهەلنەگرە، ئەگەر وایە ئێمە وێڕای قەبووڵ کردنی ئەم ڕاستییە، دەبێت ڕێگاچارەیەک بۆ چەند و چۆنی مامەڵە لەگەڵ ئەم فرەچەشنییە بدۆزینەوە.

ئێمە لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزب کە چوار مانگ پێش ئێستا گیرا، بە مەبەستی ڕەخساندنی فەزایەکی ئازاد و قانونی و بەهێزکردنی شەفافییەت لەچۆنیەتی چارەسەری جیاوازێکاندا، دروست کردنی فراکسیۆنمان لە ناو کۆمیتەی ناوەندی ئازاد کردووە. ئەوە یەکێک لە ڕێگا چارەکانە بۆ ئەوەی فراکسیۆنی نێو حیزبی وێڕای بەشداری لە ئێدارەی حیزب، مافی ئەوەشی هەبێ کە بە شێوەیەکی ئاشکرا و نەک نەهێنی لەناو کۆمیتەی ناوەندیدا کار بۆ فراکسیۆنەکەی خۆی بکات.

***ئاسۆ: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە قۆناخی ئێستادا چۆن خۆی لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا دەگونجێنێت؟***

***خالید عەزیزی:*** گۆڕانکاری و ریفۆرم و ئاڵوگۆر لە ئەساسدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین و پێش ئەوەی حیزبایەتی و دەوڵەت بێتە ئاراوە مرۆڤ بۆ ژیان و مانی خۆی پێویستی بەگۆڕان لە خۆی و کەرەسەی ژیانیدا بووە. ئەگەر وایە ئێمە وەک مرۆڤو حیزب وەک کەرسەی کاری سیاسی، ئیمە مەجبوور بە ئاڵوگۆڕین. ئاڵوگۆڕ و پێداچونەوە دەبێت وەک رووتین لە دەستوری کاردا چاوی لێبکرێت، نەک کاتێک کێشە و قەیرانێک دێتە گۆڕێ و ئەوجار وەخەبەر بێین و هەرا و هوریای لەسەر درووست بکەین. من لەو باوەڕەدام کە کۆمەڵگای کوردستانی ئیران گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، ئەگەر ئێمە ئەم گۆڕانکاریێ بەجیددی وەرنەگرین، خۆمانی لەگەل ڕێک نەخەین بەتەواوی وەدووا دەکەوین. تەنانەت کۆماری ئیسلامی بۆ مان و درێژەی دەسەلاتی خۆی بەگوێرەی بەرژەوەندیکانی خۆی گۆرانکاری لە مێتۆد و کاری خۆیدا دروست دەکات.

***ئاسۆ: حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دوو ناحیەوە کار بۆ ئاڵوگۆڕ دەکات؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، لە بواری نیوخۆیی حیزبی واتە بەو مانایە چۆن بکەین کە فەزای ژیان و سیاسەت لە نیو حیزبدا بەجۆریک بێت کە ئەندمانی حیزب لە ئۆرگانەکانی حیزبیدا هەست بە ئەمنییەت بکەن و خۆیان بەشدار لە ئیدارەی حیزبدا بزانن. کاتێک حیزبێک دەتوانێت لەکۆمەڵگادا دەوری باشی هەبێت و پرۆژەکانی جێبەجێ بکات کە ڕێبەری و ئەندامانی ئەم حیزبە کات و مێشکیان زۆر بە گرفت و کێشەی رووتین و رۆژانە گرفتار نەبێت. بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە کۆمەڵێک ئاڵوگۆرمان لە پێرەودا پێکهێناوەو هەندێ میکانیزممان لە ئیدارەی حیزبدا دروست کردووە کە بە بەرئاورد لەگەل پێشوو شتی تازەن.

دووهەم، حیزبی دیموکراتی کوردستان باوەری تەواوی بەخەباتی مەدەنی هەیە. لەژێر رووناکایی ئەم بۆچوونەدا هەوڵ دەدەین کە لە دەستوری کاری ئێمەدا باس و لێکدانەوە لە پێناو بەرفراوان کردن و هەرچی زۆرتر بەجەماوەری کردنی ئەم چەشنە چالاکییانە گرینگی خۆی پێبدرێت. ئێمە تێدەکۆشین کە تەنیا بەچاوی حیزبایەتی و بەرژەوەندی بەرتەسکی حیزبی سەیری خەباتی مەدەنی خەڵک نەکەین، بەڵکو ڕێخۆشکەری ئەم چەشنە جموجۆلانە بین و ئاسانکاری بۆ بکەین. لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێتەوە کە لە لایەک حیزبی ئێمە کە ئازادی چالاکی سیاسی لە ئێراندا نییە لەگەل کۆمەڵێک ئاستەنگ ڕوبەڕویە کە مەجال و دەرفەتەکان کەم دەکەنەوەو لەلایەکتریش زەخت و گوشاری دەوڵەتی ئێران لەسەر چالاکوانانی مەدەنی کورد لە زیادبوون دایە. گۆنگرەی چواردەهەمی ئێمە دوای باسیکی تێر و تەسەل دەربارەی ئێران و کوردستانی ئێران بۆ جارێکیتر ئەم ڕاستیەیی دەستنیشان کردەوە کە کۆمەڵگای کوردستانی ئێران لە گەشەیەکی بەرچاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی دایە و خەلک بەشێوەی جۆراوجۆر بەردەوامن لەخەبات و چالاکی مەدەنی.

***ئاسۆ: ستراتێژی و خەباتی حیزب لەنێو خۆی وڵات چۆن دەبینن و دیپلۆماسی حیزب لەدەرەوەی وڵات لەچ ئاستێک دایە؟***

***خالید عەزیزی:*** ستراتێژی ئێمە لەدوو مەیداندا شان بەشانی یەکتر دەچنە پێش. یەکەم، حیزبی دیموکڕات وەک حیزبێکی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا تێدەکۆشی کە بنەما نەتەوەیەکان بەشێوەیەکی مەدەنی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهێزو نەهادینە بکات. ئیمە هەوڵ دەدەین و کار دەکەین بۆ ئەوەی کە سنووری ناوچەیی و فرە مەزهەبی و فرە زاراوەیی هەرگیز نەبێ بە لەمپەر و ئاستەنگ لە پێناو بەهێز کردنی کەسایەتێکی یەگرتووی کوردی لە کوردستانی ئێران. یەکدەنگی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانێت یاریدەدەرێکی باشی ئەم پرۆژەیەبێت.

دووهەم ، ئێمە بە پێی ئەوەی باوەرمان بە فیدرالیزم و دابەشکردنی دەسەلات لە ئیراندا هەیە تێدەکۆشین کە وەک فاکتەرێک لە گۆڕپانی سیاسی ئێراندا دەوری خۆمان بگێرین. ئەوەش بەوە دەکرێت کە لە لایەک کۆمەلانی خەڵکی ئیران لە

مەسەلەی کورد و ڕێگا چارەی ئەم کێشەیە تێبگەن. لە لایەکیترەوە حیزبە سیاسیەکانی ئێرانی بەو قەناعەتە بگەن کە ئێرانی فرەچەشنی ئەمڕۆ پێداویستی بەخوێندنەوەیەکی نوێ هەیە بۆ ئەوەی لە داهاتودا چۆن ئیدارەبکرێت.

***ناسۆ: سەبارەت بە دیپلۆماسی پێویستە بگوترێ کە مەبەست لە دیپلۆماسی چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** دیپلۆماسی قانون و قەواعیدی تایبەت بەخۆی هەیە، دەبێ بە جۆرێک بچی بۆ ناو گەمەکە و لەگەڵ کەوێ، جا ئەم جار حیسابت لەسەر دەکرێت. لەو کێشەو گەمەیەی کە ئێستا لە نێوان ئیران و کۆمەڵگای نێودەولەتی لە گۆڕێدایە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە کورد و غەیرە کورد، فاکتۆرێکی بەرچاوی ناو گەمەکە نین. دیپلۆماسی کوردی ئێران ئێستا زۆرتر ڕەنگی تەبلیغاتی و لە قاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەیە تا کاری بە بەرنامەی هاوبەش بۆ گۆڕانکاری لە ئێراندا. کاتێک حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە دەستی لەتبوون و لێکترازان دەناڵن و فرە لێکدوورن چۆن دەکرێ ئێمە دیپلۆماسێکی کارای هاوبەشمان هەبێ؟ ئێمە دەبێ تێبکۆشین لە دیپلۆماسی حیزبی- تەبلیغاتی بەرەو دیپلۆماسی سیاسی- نەتەوەیی بڕۆین و زەمینەی لەباری بۆ دروست بکەین و پرۆژەمان بۆی هەبێت. ئەمەش بە تەنیا کاری حیزبێک نییە و کۆدەنگی گەرەکە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەگی تەواومان هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ لایەنەکانی تر ڕایەڵەیەکی یەکگرتووی کاری لۆبی و دیپلۆماسی بۆ کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات دروست بکەین. سەرەڕای هەموی ئەم گیرو گرفتانە نوێنەران و کادرەکانی بەشی پێوەندی و دیپلۆماسی حیزب لەدەرەوە کاری خۆیان دەکەن.

***ناسۆ: ئیوەکە بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ ناتوانن بەشداری لە هەڵبژاردنی پارلمان و شۆراکاندا بکەن بە چ شیوەیک بەشداری لەخەباتی سیاسی نیوخۆی وڵات دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** فەلسفەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات لەساڵی ١٩٤٥، ئەوە بووە کە کار بکات بۆ دامەزرانی کۆمەلگایەکی مەدەنی و دەسەڵاتی قانون و پلۆرالیسم سیاسی بەشێوەیەکی دیموکراتیک کە مافەکانی نەتەوەی کوردیش تێیدا دابین بێت. ئێمە خەباتی پارلمانی و قانونی وبەشداری لە هەلبژاردندا بە باشترین شیوەی خەبات دەزانین ، بەڵام بەداخەوە نە لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و نە لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئەم مەجال و دەرفەتە بە ئێمە نەدرا و ئێستاش نادرێ. مەجالی بەشداری لەهەلبژاردن لەئێران تەنیا بۆ ئەم لایەنانەن کە بە تەواوی خودین و لەخۆیانن نەک خەڵکیتر. لەکەش و هەوایەکی سیاسی ئاوادا ئێمە دەرفتی ئەوەمان نییە کە لەم بوارەدا خەباتی سیاسی بکەین.

دەوڵەتی ئێران تەنیا بەچاوی ئەمنییەتی سەیری کوردستان دەکات و ئەم چەشنە ڕوانینە بۆتە هۆی ئەوە کە کوردستانی ئێران لەژێر کۆنترۆڵی هەمە لایەنەی ئەمنییەو نیزامی دابێت و ڕێژەی زینندانیە سیاسیەکانی کورد و مەحکوم بە ئیعدام لە کوردستانی ئێران ڕۆژ بەرۆژ لە زیادبوون دابێ.

سەرەڕای ئەم ڕەوشە ناڵەبار و نیزامییە کە دەوڵەت بە سەر کوردستانیدا سەپاندووە، ئێمە تیدەکۆشین کەخەڵک لە بوارەکانی جۆراوجۆری مەدەنی و گونجاودا بە شێوەیەکی کەمزەرەر خەباتی و چالاکی خۆیان بەردەوام درێژە پێ بدەن و خۆیان ڕێک بخەن و لە شوێنی کار و شەقام و زانکۆکان و شوێنەکانی تر لە کات و بۆنەکانی پێویست و گونجاودا دەنگی نارەزایەتی خۆیان بەرز بکەنەوە. سەرەڕای پرۆژە و سیاسەتەکانی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی لە گەشەیەکی بەرچاوی سیاسی کۆمەلایەتی دایەو لەدرێژخایاندا ئەم ڕێژیمە یان بە چۆک دادێت و نامێنیت یان مەجبوور بە پاشەکشە و گۆران دەبیت.

***ناسۆ: وەک بیستومە جەنابتان بەرپرسی کۆمەڵە بوون لەشنۆ و و ناوچەکانی دەوربەری. لەساڵەکانی ١٩٨٠ و ١٩٨١ دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لە لایان حیزبی دیموکرات تەقەت لیکراوەو بریندار بووی. ئەوە تا چ ڕادەیەک ڕاستەو ئێستا چۆن دەڕوانیتە ئەم ڕوداوە؟ و چۆن بوو گۆرانکاری لەتۆدا دروست بوو؟ و چۆن سەیری حیزبایەتی دەکەی؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، ڕاستە من تەقەم لێکرا و بریندار بووم. بەڵام نە ڕێبەرایەتی ئەو کاتی کۆمەڵە و نە من خۆم نە ئەو کات و نە ئێستاش، هەرگیز پێمان وانەبووە کە حیزب ئەم کارەی کردووە.

دووهەم، من لەناو کۆمەڵەدا باوەرم بەکوردستانی بوونی کۆمەڵە بوو و دژی ئەوەبوم کە کۆمەڵە حیزبی کۆمونیستی ئێران دروست بکات یان ببێت بە بەشێک لە حیزبێکی ئێرانی. ئەم بۆچوونە کوردستانیێ من لەو سەردەمدا واتە لە ساڵەکانی ١٩٨٣ دا بە ناسیونالیستی و غەیرە کۆمونیستی پێناسە کرا و لە ناو ریزەکانی کۆمەڵەدا پێشوازێکی ئەوتۆی لێنەکرا. لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٣ من وازم لەکۆمەڵە هێنا هاتم بۆ ناو حیزبی دیموکرات و لەو کاتەوە ئەندامی حیزبی دیموکراتم. من دوای ئەوەی کۆمەڵەم بەجێ هێشت و کێشەی کۆمونیزمم لەکۆڵ خۆم کردەوە، لە ڕۆژانی یەکەمی هاتنم بۆ نێو حیزبدا بە سەر کێشەی سوسیال دیموکراسی و کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزمدا کەوتم. لەبەر ئەوەی من باوەرم بە ئیدەئوولۆژی لە سیاسەت و کاری ڕێکخستندا نەمابوو ، بۆ من فرە ئاسان بوو کە خۆم لەگەڵ بنەماکانی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێک بخەم و کاریان بۆ بکەم.

سێهەم، من حیزب وەک ئەمراز یان وەسیلەیەک چاو لێدەکەم کە زەرفێکە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی سیاسیی کۆمەڵێک خەڵک. کۆنتراکت و قەراداد لەکاری بەکۆمەڵی نێوحیزبی و شەفافییەت لە سیاسەتدا لەسەردەمی ئێستادا گەلێک پێویستە. ئەگەر ئەم خوێندنەوەیە لە حیزبایەتی جێ بکەوێ، ئەو کاتە حیزب نابێت بە تەکیەو خانەقا و موڵکی ئەم و ئەو و ئەندامانی حیزب لە کاتی کێشە لە گەڵ یەکتر و لەتبوون و لێکترازاندا دوژمنایەتی یەکتر ناکەن و خوێنی یەکتر نارێژن. ئێمە تێدەکۆشین کە ئەم بۆچوونە لە نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا نەهادینە بکەین. ئەگەر لە وڵاتانی دیموکراسیدا خەڵک بۆ بەرژەوەندی خۆیان حیزب دروست دەکەن و حیزب بەرپرسیارە بەرانبەر بە خەڵک و کۆمەلگا، لە

کوردستانی ئێمەدا حیزب بۆ بەرژەوەندی خۆی خەڵک دروست دەکا و ئەندامەکانی بەرپرسیارن بەرانبەر بە حیزب. ئێمە دەبێت هەوڵ بدەین کە ئەندامانی حیزب بۆ ئیدارەی وڵات ئامادە بکەین، نەک بیانکەین بەقارەمانی شەڕ و کێشەی نێو حیزبەکان.

***ئاسۆ: ژمارەیەک لەکۆنترین و ناسراوترین ئەندامانی ئێوە بۆ ڕێبەری هەڵنەبژێردراونەتەوە. هۆی ئەم کارەچییە؟ لەکاتێکدا جان مەک کەین و شیمون پرێز و ماندێلا هەمویان تەمەنیان سەروی ٧٠ ساڵ بوو کە یان کاندیدی سەرۆک کۆمارین یان بوون بەسەرۆک کۆمار. ئایا مەرجی تەمەن لەگەڵ مافی دیموکراتیکی تاکی ناو حیزب دێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەم ژمارەیەلە ریبەرانی پێشوی حیزب بەدڵخوازی خۆیان بۆ ڕێبەری خۆیان کاندید نەکرد. من پێم وایە حیزبایەتی لەگەڵ دەوڵەتداری جیاوازی زۆرەو ئێمە نابێت ئەم دوو شتە تێکەڵ بکەین. لە ناو حیزبەکانی ئوڕوپاییشدا کەئێمە دیموکراسیمان لێ کۆپی کردوون ئەم جۆرە مەرجانە وەک تەمەن و دوو دەورەی سکرتێری و شتی لەو بابەتەیان بەلاوە زۆر گرینگ نیە و خۆی پێوە ماندوو ناکەن. ئێمە واباشە لە ئەرک و بەرپرسایەتی حیزبیدا لە جیاتی شەرت و مەرج، فەرهەنگێک دروست بکەین بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک بەهۆی زۆری تەمەن کاری بۆ ناکرێ خۆی واز بێنیێت نەک وازی پێ بێنن.

***ئاسۆ: لە ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران هەڵوێستی ئێوە چۆن دەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی ناکۆکی ئەمریکا و ئێران کە زۆرتر بەکێشەی دۆسییەی ئەتۆمی پێناسەکراوە، لەسەر یەک نیزیک چوار ساڵە چوارچێوەیەکی تکنیکی و یاسایی لە ئاستی نێو دەوڵەتی بەخۆوە گرتووە و زۆرتر لە سێناریۆی ئەمنییەتی ناوچەیی پێناسە دەکرێت وجۆرێک کۆدەنگی نێودەوڵەتی لە پشتە. بەڵام کێشەی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ خەڵکی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی نیزیک بە سی ساڵە بەردەوام و بێ پسانەوە درێژەی هەیە و بە کێشەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی پێناسە دەکرێت و بە داخەوە تا ئێستا پشتیوانێکی نێودەوڵەتی وەدەست نەهێناوە. ئێمە بەشێک لە شەر و کێشەی ئێران و ئەمریکا نین و بە باشی نازانین کە ئەم کێشانە لەڕێگای شەر و پێکدادانی نیزامی چارەسەر بکرێن. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم دوو وڵاتە توشی شەر بوون، ئەوە ئەو کات ئێمە بە پێی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بارودۆخەکە هەڵوێستی خۆمان ڕادەگەیەنین. لەڕاستیدا نە ئێران ئێراقەو نەمەلاکانی تاران سەددام حوسێنن، لە سەر یەک کۆمەڵێک فاکتەر و دیاردەی جۆراوجۆری سیاسی کۆمەڵایەتی ئەم دوو وڵاتە لێک جیا دەکاتەوە.

کێشەی ئەتۆمی کارتێکی بە هێزی کۆماری ئیسلامیە کە بەگوێرەی بەرژەوەندیکانی کەڵکی نێوخۆیی و دەرەکی لێوەردەگرێ و پێی خۆشە کە ئەم کێشەیە دەیان ساڵێتریش بەردەوام بێت. بۆیە ئەم کێشەیە تا زوتر تەواو بێت و بە لایەکدا بکەوێ باشترە و بە قازانجی جوڵانەوەی دیموکراسی و ئازادیخوازی لە ئێراندایە.

***ئاسۆ: داهاتوی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینی؟ دەتوانن بەرەیەک دروست بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** لەتبوون و لێکترازان و شوێنەواری ڕەوانی ئەم دیاردەیە تا ڕادەیەکی زۆر سێبەری خستۆتە سەر چەند و چۆنی پێوەندی و هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ یەکتردا. لەکەش و هەوایەکی ئاوادا بەرە دروست کردن کارێکی عەمەلی نییە، بەڵام دەکرێ ئێمە کۆمەڵێک میکانیزمی جۆراوجۆری عەمەلی بۆ لێک نیزیک بوونەوە و تەنانەت هاوکاری لەگەڵ یەکتر بێنینە گۆڕێ. بە مەبەستی دروستکردنی زەمینەی گونجاو بۆ هاوکاری پێویستە پێش هەمو شتێک پڕوپاگەندەو شەری تەبلیغاتی حیزبەکان لەدژی یەکتر بەتەواوی ڕابگیرێت. ئەوە هەنگاوی یەکەمە بۆ ئاسانکاری لە پێناو پرۆژەی هاوبەشدا. لە کوردستانی ئێراندا بێجگە لە ماوەیەکی کورت، ئەویش لەسەردەمی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە هەیئەتێک بە ناوی (هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد) پێکهات شتێکی تر دروست نەبۆتەوەو چوارچێوەیەک لەسەر بنەمای قەراراد بۆ هاوکاری بەینی حیزبەکان لە گۆڕێدا نەبووە. ئێمە لە ماوەی نیزیک بە سی ساڵ خەبات و حیزبایەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی، هەرگیز شتێکمان بەناوی بەرەی کوردستانی ئێران نەبووە. مادام ئێمە ئەزموونێکی دیموکراتیکمان بەکردەوە لە پێکهێنانی بەرەدا نییە، دەبێ تێبکۆشین لە پێشدا بە وەلانانی فەرهەنگی پاوانخوازیی حیزبی زەمینە بۆ هاوکاری خۆش بکەین. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەت دوای کۆنگرەی چواردەهەم هەوڵی داوە کە بە نۆبەی خۆی کار بکات بۆ ئاسانکاری و خۆشکردنی زەمینەی گونجاو بۆ لیک نیزیک بوونەوەو هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٠٨

## خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بۆ گۆڤاری لڤین:




### گفتوگۆی: کەمال چۆمانی

***پرسیار؛ لەم ماوەیەدا هێزە کوردستانییەکان بەگشتیی و هێزەکانی کوردستانی باکور باس لە کۆنفڕانسێکی (نەتەوەیی) دەکەن. ئێوە تا چەند بەدەمەوەچوونتان هەبووە بۆ ئەو کۆنفڕانسە و تا چەند گفتوگۆتان لەگەڵ کراوە. پێشتوانییە کۆنفڕانسێکی (ڕۆژهەڵاتی)یش لە ئێستادا پێویستە بۆ دیاریکردنی ستراتیژێک؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لەو پێوەندییەدا تا ئێستا بە شێوەیەکی فەرمی هیچمان لەگەڵ باس نەکراوە، لە میدیاکان و لە زاری چەند کەسێکەوە ئەوەمان بیستووە، بەڵام بەگشتیی پێمان خراپ نییە کە کۆنفرانسێکی لەو چەشنە ببەسترێ بۆ ئەوەی لە سەر هەندێ خاڵی گشتی و بنەڕەتی کۆمەڵێک هاوکاری و هاوئاهەنگی لە نێوان حیزبەکاندا بێتە گۆڕێ. دیارە باسی ئەم کۆنفراسە چەند ساڵێکە لە گۆڕێدایە. ماوەیەک بێدەنگی لێ کرا و پاشان ئەوە ماوەیەک سەری هەڵداوەتەوە لە میدیاکان باسی لێ دەکرێ. ئەوەی تا ئێستا ئێمە تەعقیبمان کردوە، وێدەچێ ئەو کۆنفراسە زیاتر پێوەندی بە مەسەلەی کورد لە باکووری کوردستان هەبێ.

سەبارەت بەوەی کە ئایا ئێستا کۆنفراسێکی ڕۆژهەڵاتی پێویستە، ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە کۆنفراسێکی نەتەوەیی لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ببەسترێ، پێموابێ هەڵوێستی ئێمە وەک "حیزبی دیموکراتی کوردستان" روونە. چونکە بە دەیان جار رامانگەیاندوە کە بۆ هەر چەشنە کۆبوونەوە و دانیشتن و قسەکردنێک لەگەڵ هێز و لایەنەکانی

دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێمە هیچ پێش مەرجێکمان نییە و ئامادەین هەموو هاوکارییەک بکەین. دووپاتی دەکەمەوە کە بۆ دانیشتن و قسەکردن لەسەر هەندێ خاڵی گشتیی کە کۆدەنگییەکی لێبکەوێتەوەو یارمەتی ئەوە بدا کە قورسایی کورد لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بچێتە سەرێ، هیچ مەرجێکمان نییە و ئامادەین.

***پرسیار: لە ماوەی رابردو لە یەکێک لە لێدوانەکانتدا ئەوەت راگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامیی لەڕوی سیاسییەوە رێ بۆ پارتە رۆژهەڵاتییەکان خۆشبکات و کاری سیاسییان لێقەدەغە نەکا، ئەوا ئامادەن بگەڕێنەوە ئێران. دەکرێ زیاتر رونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەیت، دەتانەوێ چۆن بگەڕێنەوە و چیتان دەوێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەو بابەتەی کە ئاماژەتان بۆ کرد دەگەڕێتەوە بۆ چەند مانگە لەمەوبەر کە ئەمن لە وتووێژێکدا هێنامە گۆڕێ و دواتر کۆمەڵێک باسی لێکەوتەوە. ئەوەی راستیتی بێ ئێمە وتوومانەوەو ئێستاش لێرە دووپاتی دەکەمەوە کە ئەگەر وەک حیزبێکی یاسایی ئیزنی ئەوەمان هەبێ لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری ئازادانەمان هەبێ و ئەمنییەتی چالاکی سیاسیمان دابین بکرێ، ئەوا ئێمە پێمانباشە لە گۆڕەپانی سەرەکی خۆمان و لەوێ لە ناو خەڵکەکەی خۆماندا کار بکەین. ئەگەر هەلومەرجێکی وا دروست بێ بۆ ناگەڕێنەوە، لە دەشتی کۆیە چ بکەین؟ بە باوڕی ئێمە ئەگەر هەلومەرجێکی وا بێتە گۆڕێ، پێویستە هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە بکەن. هەر چەند ئەمە تا ئێستا لە ماهیەت(چیەتیی)ی کۆماری ئیسلامیدا بەدی ناکرێ.

ئەو بارودۆخەی کە ئێمە ئێستا تێداین بە دڵخوازی خۆمان نییە و هەلومەرج بە سەریدا سەپاندوین. حیزبی دیموکراتی کوردستان پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی هەوڵی زۆری دا کە لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام بەداخەوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئەو پەیامەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دیموکراتیان وەرنەگرت و هێرشیان کردە سەر کوردستان.

***پرسیار: بەپێی هەندێک سەرچاوەی نزیک لە حیزبی دیموکڕاتیی کوردستانەوە، ئەوەیان بە من راگەیاند کە وەفدێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەردانی ئێوەیان کردووە و گفتوگۆتان لەبارەی ئەوەوە کردووە کە تۆ پێشتر راتگەیاندبو. گەیشتنە چ رێککەوتنێک لەگەڵیان، گوایە کۆبونەوەکانتان بەردەوامییان دەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە زیاتر لەوەی لە راست بچێ، زیاتر وەک دەنگۆیە. راستییەکە ئەوەیە کە هیچ دانیشتن و کۆبوونەوەیەک لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا نەکراوە. ئەوەی باستان کرد، پێموابێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بابەتەی کە لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا و ئەمن چەند مانگ لەوەپێش هێنامە گۆڕێ. ئەویش ئەوە بوو کە وتبووم ئێمە ئامادەین بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە بۆ وتووێژ و قسەکردن لە سەر ماف و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران ئامادەین و حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا لە هەر

ڕێگایەکەوە بۆی بکرێ هەوڵی خۆی دەدا. هیچ ڕێگایەکمان وەلا نەناوە. وتووێژیش یەکێک لەو ڕێگایانەیە و ئێمە زۆرمان پێباشە لە ڕێگای دیالۆگ و دانوستانەوە کێشەکەمان چارەسەر بکەین.

ئەوەی کە ئەوە دروست بووە کە گوایە ئێمە لەگەڵ وەفدێکی کۆماری ئیسلامی دانیشتووین، هەر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قسانەی کە ئەمن چەند مانگ لەوە پێش هێنامە گۆڕێ. کاتی خۆشی هەندێ حیزب و لایەن راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندییان پێوە گرتین و پێیانوابوو ئەوە شتێک لە گۆڕێدایە کە ئەمن ئەو قسانەم کردوە. من لێرە دووپاتی دەکەمەوە کەئەگەر وتووێژ و دانوستانێک لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا بێتە گۆڕێ ئەوا بەدڵنیاییەوە لایەنێک وەک لایەنی سێیەم دەبێ ئاگادار بێ و حیزبەکانی دیکەشی لێ ئاگادار دەکەینەوە.

***پرسیار: پێشتر کونسوڵی ئێران لە هەولێر هەندێک ئاماژەی بەوە دابو کە دەتووانن بەیەکەوە چارەسەریی کێشەکان بکەن. ئێوە چۆن لە لێدوانەکانی ئەوتان ڕوانی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە هەمیشە یەکەم شت کە بۆمان گرنگ بووە ئەوە بووە کە ئێعتراف بە مەسەلەی کورد بکرێ و نەخرێتە پەراوێزەوە. ساڵانێکی زۆر بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی دان بە مەسەلەکەدا نەنێ نە بە چاک و نە بەخراپ هیچی نەدەگوت. هەڵبەت تا ئێستاش دانی پێدا نەناوە بۆیە ئەستەمە وتووێژ کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. داوای وتووێژ زۆر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە ئەوان لەبەردەم رای گشتیدا دان بە مەسەلەکەدا بنێن، تا ئەوجا وتووێژی لەسەر بکرێ. بۆ وێنە "ئۆردووغان" لە تورکیا هات ئەو کارەی کرد و لە بەردەم رای گشتیدا رایگەیاند و دانی بەوەدانا کە کێشەیەک بە نێوی کێشەی کورد لە تورکیا هەیە. بەڵام ئەوەی کە بەرپرسێکیان دژکردەوەیەکی لە بەرانبەر ئەو قسانەی مندا نیشاندا، ئەگەرچی هیچ شتێکی وای نەوتبوو، من پێم باش بوو. ئەوانیش کە دێن قسە دەکەن بەگوێرەی سیاسەتێکی گشتی کە دایانڕشتووە قسە دەکەن، زۆر ناچنە ناو وردەکارییەکانەوە.

***پرسیار: لە رۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی کورد تەواو ساردبۆتەوە لە شۆرش و حیزبە کوردییەکان. دانیشتنی حیزبە رۆژهەڵاتییەکان لە کەمپەکانی باشوری کوردستان، ئەوانی تەواو بێتاقەت کردووە. پێتانوانییە ئەگەر ئێران تەنها رێی کاری سیاسییتان پێبدات لە وڵاتەکەدا ئەوا دەتووانن دەستکەوتی زیاتر بەدەستبێنن لەوەی کە ئێستا بەدەستتان هێناوە. بە نموونە، لەوەتەی ئێوە لە کەمپەکان دانیشتون، کێشەی کورد لە رۆژهەڵات زیاتر بەرەو دواوە رۆیشتووە لەوەی کە بەرەوپێشڤەچونی بەخۆیەوە بینیبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەمن لە سەرەوە ئاماژەم پێدا کە ئەو بارودۆخەی ئێمەی تێداین بە دڵخوازی خۆمان نییە. هەلومەرجەکە وای کردوە کە ئێمە نەتوانیین حوزووری ئاشکرامان لە ناو خەڵکەکەی خۆماندا هەبێ. پاشانیش لە ئاکامی ئەو لێکترازان و لەتبوونانەی کە لەماوی سێ چوار ساڵی رابردوودا لە ناو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا روویاندا، ساردوسڕییەک

دروست بوو و لە رووی دەروونییەوە کاریگەری زۆری لە سەر خەڵک دانا. ئێستاش ئاسەوارەکانی هەر ماون و دەبێ هەوڵبدەین کە شوێنەواری رەوانی ئەو لێکترازان و لەتبوونانە وردە وردە نەهێڵین. دیارە سەرەڕای ئەوەش خەڵک لە خەباتی خۆیان سارد نەبوونەتەوەو لە ماوەی ساڵانی رابردوودا لە هەر رێگایەکەوە بۆیان کراوە ناڕەزایەتی خۆیان دژی ئەو رێژیمە دەربڕیوە.

بەڵام سەبارەت بەوەی کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئیزنی ئەوەمان پێبدا لەوێ چالاکی سیاسییمان هەبێ، ئەوە باشە یان خراپ؟ پێشتریش رامانگەیاندوە و لێرەش ئاماژەم پێدا ئەوا ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئیزنی ئەوەمان پێبدا و گەرەنیتییەکی نێونەتەوەیی لە گۆڕێدا بێ، بێ ئەملاو ئەولا ئەوەمان پێ باشترە لەوەی کە لێرە بین. کێشەکەی ئێمە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئەو دەرەتانەی لە خۆیدا پێکنەهێناو و رۆژ لە دوای رۆژ داخراوتر دەبێ.

***پرسیار: لە تورکیا ئێستا پەکەکە باس لە "ئۆتۆنۆمی دیموکراتی" دەکات. چارەسەریی پرسی کورد لەو وڵاتە بەرەوپێشچوونی باشی بە خۆیەوە بینیووە. ئەو پێشچوونانە بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی پارتێکی سیاسیی یاسایی کورد لە وڵاتەکەدا. ئەمە بۆ لە رۆژهەڵات نییە؟ بۆچی رێکخراوی ناحکومیی کوردیش لە وڵاتەکەدا بونیان نییە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی ئێمە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک تورکیا نییە و لە بنەڕەتدا بەراوردکردنی ئەم دوو وڵاتە لەو رووەوە کارێکی دروست نییە و جیاوازییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و تورکیا زۆرن. ئێستا تورکیا بە پێی بارودۆخی ناوخۆی، ناوچەیی و نێونەتەوەیی خۆی ساڵ بە ساڵ بەرەو کرانەوەی زیاتر دەچێ و ئەم تایبەتمەندییەش دەرەفەت بۆ کورد ئاوەڵا دەکا. بەڵام بە پێچەوانەوە کۆماری ئیسلامی هەر وەک هەموومان دەبینین رۆژ بە رۆژ بەرەو داخرانی زیاتر دەچێ. بۆیە بە پێی تایبەتمەندی وڵاتەکان، تێکۆشانی کورد بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانی جیاواز دەبێ. دەنا ئەگەر ئێران وەک تورکیا بایە، کێ پێی ناخۆشە کە پارتێکی وەک پارتی "ئاشتی و دیموکراسی"(BDP) لە ئێران هەبایە. ئێستا ئەو دەرفەتانە نەتەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ ئۆپۆزسیۆنی فارسەکان و ئازەرییەکان و نەتەوەکانی دیکەش نییە. سەرەڕای هەموو ئەوانە من پێم وایە مەسەلەی کورد چ لە تورکیای ئێستا، چ لە ئێرانی داهاتوو و تەنانەت چ لە ناوچە جێناکۆکەکانی کوردستانی ئێراقدا بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاو چارەسەر دەبێ و پێوەندی بە گەشەی دیموکراسی و کوولتووری تۆلێرانس(یەکتر قبووڵ کردن)ـەوە لەو وڵاتانەدا هەیە. راستییەکەی ئەوەیە ئێستا وەک ٥٠ ساڵ و ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر نەماوە کە رێبەر یان سەرکۆمارێک ئەگەر بیهەوێ، بتوانێ کێشەیەکی قووڵی مێژوویی لە ماوەی ساڵێکدا چارەسەر بکا و جوابی نەیارەکانی نەداتەوە. لەم سەردەمەدا هێز و گرووپی خاوەن بەرژەوەندی زۆرن و هەموو لایەنەکان و هێزەکانی نێو وڵاتێک لە چارەسەر کردن و چارەسەر نەکردنی کێشەیەکدا بە پێی قورسایی دەور دەبینن. بۆ وێنە ئێستا لە تورکیا تەنانەت ئەگەر پارتی داد و گەشە پێدان(AKP) و ئەردۆغان بیشیانهەوێ ناتوانن بە ئاسانی چارەسەری کێشەی کورد بکەن، هەر وەک لە مەسەلەی چاکسازی یاسای بنەڕەتیدا دەبینین هەموو لایەک دەور

دەبینن. کەواتە واقیعبینی ئەوەیە کە بیر لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان بکەینەوە و ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ چارەسەری کێشەی کورد چ لە ئێران و چ لە تورکیا هەنگاو بە هەنگاو دەبێ. بۆ وێنە با وای دابنێین کە لە ئێرانی داهاتوودا کەسێکی وەک مووسەوی یان هەر کەسێکی دیکە بە دەسەڵات بگا، ئەوان دەتوانن تا رادەیەک کرانەوە بەڕووی کورد و نەتەوەکانی دیکەدا دروست بکەن و هەندێک ئیمتیاز بدەن، بەڵام واقعیەتەکە ئەوەیە کە ناتوانین دوای چەند دانیشتن و وتوویژ لەگەڵ رێبەرانی کورد، ئێمە ئەو چاوەڕوانیمان هەبێ کە هەموو شێک بۆ کورد جێبەجێ بکەن. ئەو کارانە پێویستی بە گەشەسەندنی دیموکراسی و ئامادەکردنی رای گشتی هەیە. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان پێشوازی لە کرانەوەکان لە ناوەند دەکەین و هەر لەم روانگەیەشەوە بوو کە ساڵی رابردوو هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێرانمان بایکۆت نەکرد و داوامان لە خەڵک کرد کە "هەڵبژاردنەکان بکەنە دەرفەتێک بۆ هێنانە گۆڕی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانیان". مەبەستم ئەوەیە کە لەم رووەوە هەوڵماندا بەو ئاراستەیەدا بچین کە کرانەوەیەک لەوێ دروست بکەین.

***پرسیار: هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا عێراقیان بەجێهێشت. لە داهاتودا سوپای عێراق بەهێزتر دەبێ لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان. ئەمەش ئەگەری ئەو بەهێزدەکات کە لەژێر فشاری کۆماری ئیسلامیی، داوا لە حکومەتی عێراق بکرێ بۆ دەرکردنی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران. لە ئێستاشدا ئەو پیلانە لەسەر موجاهیدین مەترسیی لەسەر ژیانیان دروستکردووە. پێتانوانییە هەمان خەتەریش لەسەر هێزە رۆژهەڵاتییەکانە؟ ئێوە ستراتیژ و پلانی داهاتوتان چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** دیارە لە سیاسەتدا هیچ شتێک مەحاڵ نییە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەمن پێموانییە ئەو گوشارەی کە ئێستا بەنیسبەت موجاهیدینەوە هەیە بخرێتە سەر ئێمە. دیارە ئێستا ئەو گوشارە بەو شێوەی پێشوو لە سەر موجاهیدینیش نەماوە. ئەوان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی عێراقدان و هەندێ هۆکاری دیکە کە نامەوێ ئاماژەیان پێبکەم لەو پێوەندییەدا کاریگەرن. ئێمە لە خاکی هەرێمی کوردستانداین و تا ئێستاش رێزمان لە قانوونی حکوومەتی عێراقی فێدراڵ و هەرێمی کوردستان گرتووە و هیچ هێزێکی بەرپرس تا ئێستا ئەو مەترسییەی دروست نەکردوە کە گوشارێکی لەو چەشنەش بخرێتە سەر ئێمە.

دیارە کۆماری ئیسلامی هەوڵی خۆی دەدا کە بە شێوازی جۆراوجۆر گرژی و ئاڵۆزی و نائەمنی دروست بکا، بەڵام لەم نێوانەدا هەڵسووکەوتی ئێمە وەک هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان گرنگە کە پێموابێ توانیومانە رچاوی هەندێ خاڵ بکەین کە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نەخاتە مەترسییەوە. لەبەر ئەوەیە کە ئێمە پێمانوانییە ئەو شتە رووبدا وەک ئەگەریکیش زۆر بەدووری دەبینین.

سەبارەت بە مەسەلەی ستراتیژی، ستراتیژی ئێمە کە لە کۆنگرەی ١٤ دا پەسەند کراوە، هەوڵدانە بۆ ودیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەڵام ئێستا دروشمان "دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵ دا"یە. سەربارەت بەوەی کە چ پلانێکمان هەیە، وەک پێشتریش باسم کرد ئێمە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان لە هەموو

ڕێگا و دەرەتانێک کەڵک وەردەگرین و هەموو شێوازەکانی خەبات لە سەر مێزی کارمانە و لە پێوەندی لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا کە بێتە گۆڕێ کام ڕێگا بە باش بزانن ئەوە هەڵدەبژێرین.

***لڤین: سەردەمێکە باس لەوە دەکرێ کە جەنابت کە وەک وتەبێژی و لە هەمانکاتدا وەک سکرتێر چاوت لێدەکرێ. دەڵێن ناتوانێ کاروبارەکانی رایی بکات ئەم مەسەلەیە چۆنە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە پێی پەیرەو پرۆگرامی کۆنگرەی چواردە دەبێت کۆمیتە ناوەندی سکرتێر هەڵبژێرێ، بەڵام داوا لە من کرا بۆ ئەو پۆستە. بە حوکمی ئەوەش کە سکرتێر زۆرتر دەبێ لە کوردستان بێ، منیش زۆربەی کاری حیزبیم لە دەرەوە بووە، ئەو ئامادەگییەم نەبوو، تا ئەوە دروست دەبێ کە لە هەمانکاتدا یەکێک لە کارەکانی سکرتێر وتەبێژی حیزبە روو بە دەرەوە، تا  لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا سکرتێر دیاری دەکرێ.

***لڤین: ئەی دوو جێگری سکرتێر هەیە، ئایا مەبەست لەوە نیە کە تۆ ناتەوێ دەستەبەرداری ژیانی ئەورووپا بیت؟***

***خالید عەزیزی:*** لە رووی کردەوە هەندێ کێشە هەیە کە من بمێنمەوە لێرە یان نا بەڵام لە رووی تەشکیلاتی و سیاسیەوە گرفتێ لە گۆڕێدا نیە.

***لڤین: ئێوە وەک هەر دوو حیزبی دیموکرات بەشداری کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیستان کرد ئەوانیش داوایان لە ئێوە کرد کە کێشەکانتان چارەسەر بکەن ئەوە بە کوێ گەیشت؟***

***خالید عەزیزی:*** دوای دوو لەتبوونی حیزبی دیمۆکرات دوو جار لە گەڵ لویس ئایالا دانیشتنم کرد داوام لێکرد کە تەداخول بکەن و ڕێگاچارەیەک بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان بە شێوەیەکی  دیمۆکراتانە، داواشمان کرد کە ئێمەش وەک لایەنی‌تر بەشدار بین لە ئەنتەرناسیۆناڵ چون پێشتر بە هیممەتی هەردوولامان بووینەتە ئەندام. دواتر پەیوەندیان پێوەگرتین و وتیان بە قەناعەت گەیشتوین کە ئێوەش لە ئەنتەرناسیۆناڵ بەشدار بن ، منیش دەعوەت کرام بۆ کۆبوونەوەی یۆنان. من پێم وایە کە حیزبایەتی وەسیلەیە بۆیە دەبێ ئەنتەرناسیۆناڵ تێبکۆشێ کە عەقڵیەتی دێمۆکراسی و دانانی ئیحترام بۆ یەکترو ئەمنیەتی تاکەکەسی لە نێو ئێمەدا باشتر جێبخەن. هەردوولامان لە کۆبونەوەکاندا ئامادەبین و تێبکۆشین هیچ لایەنێک بۆ لایەنێکی تر وەلانەنرێ.

***لڤین: بەڵام حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی رەسمیە ئێوە وەک میوان بەشدارن؟***

***خالید عەزیزی:*** بەڵێ لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا وەک میوان بەشدار بووینەو ئەوەش مافێکی یاساییە کە بەو ناوەوە

ناونراوە پێشتر، بەڵام وتوومانە کە ئەم حیزبە لەت بووەو مافی هەر دوولا دەبێ لە بەر چاو بگیرێ. کێشەیەک کە هەبوو کێشەی ناو بوو ئێستاش ئەوە چارەسەر بووە.

***لڤین: ئەی تۆ بۆ کەمینەی کۆمەڵەت لە ئەنتەرناسیۆناڵ ناساند کە لە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان جیابوونەوەو کۆمەڵەش لەوێ بوو ئایا ئەمە بۆ ئەوە نەبوو کە پشتگیری بۆ خۆتان پەیدا بکەی؟***

***خالید عەزیزی:*** من لەوێدا و لەگەڵ هیچ لایەنێکی نێو ئەنتەرناسیۆناڵ باسی کەمینەی کۆمەڵەم نەکردوە. ئەوان لە منیان پرسی وتم باشتر وایە کە خۆتان بچن لە کوردستان لە گەڵ هەردوو لایان قسە بکەن، پێش جیابوونەوەی ئەوانیش کێشەی ئێمە ساڵێک دەبوو لە ئەنتەرناسیۆناڵ بوو و لەوێ باسمان کردووە لەتبوونی کۆمەڵە زۆر مەوزوع نیە بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ، حیزبی دیمۆکرات مەوزوعەو ئەمەش بۆ ئەوەیە کە یەکەم حیزبی کوردی کە ڕێگای بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ کرایەوە حیزبی دیمۆکرات بووە.

***لڤین: کەوابوو ئەنتەرناسیۆناڵ جیابونەوەی ئێوەی پێ مەسەلەیە نەک کۆمەڵە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەڵێ بە تەواوی پێی مەسەلەیەو گوێ بە باسەکانی هەردوولای دەدەن.

***لڤین: بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ ئەوەندە گرنگە کە ئێوە شەڕی لە سەر دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** مەیدانی شەڕو کێشەی ئێمە مەیدانێکی مەدەنی و دێمۆکراتانەیە کە سندوقەکانی دەنگدان لە کوردستانی ئێران لە داهاتوودا یەکلایی دەکاتەوە. بەڵام ئەنتەرناسیۆناڵ ڕێکخراوێکە کە دەرفەت بۆ ئێمە پێک دێنێت کە لە گەڵ زۆر کەس لەوانەی کە لە دەسەلا َتن لە دەوڵەتان، یان ئەو حیزبانەی بەهێزن و لە ئۆپۆزسیۆن دان دانیشتنمان هەبێت و لێیان نزیک بینەوە. من لەو بڕوایە دا نیم کە لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان شەڕی یەکتر بکەین ، پەیاممان ئەوەیە کە لە دەرەوە بە کۆدەنگی بێینە دەرێ و سنووری حیزبایەتی تێپەڕێنین. لە ئەنتەرناسیۆناڵ نامانەوێ شەر لە دژی یەکتر بکەین و بەڵام ئۆرگانێکی نێودەوڵەتییەو ئێمەش هەوڵ دەدەین جێگایەک بکەینەوە بۆ قسەی خۆمان. کە لە کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ کێشەی ئێمەو دانیشتن لە گەڵ یەکتر هاتە گۆڕێ من وتم ئەوە گرنگە کە وەک کورد چ بکەین نە وەک حیزب.

***لڤین: دوای لەتبوونتان پەیوەندی گەرموگوڕتان لەگەڵ پژاک دروست کرد ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە کە پێشتر بەر لە لەتبوونتان ئەم پەیوەندییە نەبوو؟***

***خالید عەزیزی:*** هیچ بەڵگەیەک نە بە قسە و نووسین لە هاوکاری دیار نیە کە ئێمە پەیوەندییەکی گەرموگوڕمان لەگەڵ پژاکدا هەیە. من لە وتووێژێکدا ئەو کات وتم کە پژاک ئەمری واقعە بەو مانایەی نا کە بڵێم ئەوە خراپە یان نا بەڵام شتێکە کە هەیە، پژاک ڕێکخراوێکی چەکدارە کە لە لایەن پەکەکەوە دروست کراوەو ئەگەر بڕیار بێ کە پەیوەندی گەرموگوڕ دروست بکەین بە راشکاوی دەیڵێم لەگەڵ پەکەکە دەیکەین نەک پژاک، چونکە پەکەکەیە کە قسەی ئەوەڵ و ئاخر لە سەر ئەوان دەکات، نە بەیاننامەی هاوبەشمان هەبووە نەلە ناوخۆی ولاَت هاوکاریی نیزامیمان هەبووە نە لە دەرەوە خۆپیشاندانی هاوبەشمان کردووە نە لەگەڵیشیان دانیشتووین کە بڵێین بێن با لە سەر بەرەی کوردستانی پێکەوە گفتوگۆ بکەین.

***لڤین: بەڵام هەندێک لە ڕێبەرانی ئێوە سەردانی قەندیلیان کرد. لە تەلەفزیۆنەکانیاندا دەرکەوتن بۆ نموونە دانیشتنی مەلا حەسەن رەستگار و حاجی ئەحمەدی لە رۆژ تیڤی؟***

***خالید عەزیزی:*** بەشداریی هەندێک لە ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ وتووێژ لەگەڵ تەلەفزیۆنی رۆژ و نەورۆزی پژاک هیچ بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ پژاک هەیە، راستەوخۆ بە ئێوە دەڵێم کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هیچ پەیوەندی و هاوکاری بە پرۆژەو بە بەرنامەی لەگەڵ پژاکدا نیەو لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دوژمنایەتیەکیشیان ناکەین. سەبارەت بە دەرکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانیش پێم خۆشە ڕێبەران و کادیرانی حیزبەکانیتر لە سەر مەسەلەی خۆیان لەگەڵ هەموو تەلەفزیۆنەکان وتووێژ بکەن.

***لڤین: ئەی بۆ پێشتر وا نەبوو؟***

***خالید عەزیزی:*** دوای لەتبوون سەیر نیە ئێمە هەوڵمان دابێ لە تەلەفزیۆنەکان دا دەرکەوین، چونکە ئێمە تەلەفزیۆنمان نەبوو، هاورێیانی پێشوومان هەیانبوو، پرۆپاگەندەیەکی زۆریان لە سەر تەلەفزیۆنەکەیان بڵاو دەکردەوە، ئێمە پێویستیمان بەوە هەبوو کە لە سەر تەلەفزیۆن مەسەلەکان بۆ خەڵک روون بکەینەوە. ئەو کات هەر تەلەفزیۆنێک بە ئێمەی وتبا قسەمان دەکرد تەنانەت ئێستاش داوامان لێبکەن قسە دەکەین، بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو کات کە ئێمە دەبایا دیار باین.

***لڤین: کەوا بوو ئێوە لە ناچاری پەناتان بۆ ئەو کارە بردوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە پەنامان نەبردوە، ئێستاش وتووێژیان لەگەڵ من نەکردوە.

***لڤین: ئەی پێت وایە دەکرێ کەسێکی وەک مەلا حەسەن لەگەڵ حاجی ئەحمەدی قسە بکا کە بە ئاشکرا تەوهینی بە حیزبی دیمۆکرات دەکرد لەگەڵ حیزبەکانیتر؟***

***خالید عەزیزی:*** دانیشتنی کاک حەسەن لە گەڵ حاجی ئەحمەدی هیچ پەیوەندی بە ستراتیژی هاوبەشی حیزبی دیمۆکرات و پژاکەوە نیە. تەنیا وتوێژێکی تەلەفزیۆنی بووە کراوە.بە دوای ئەوەشدا بە دوایدا نەهاتۆتەوە. سیاسەتی ئێمە لە سەر پژاک دیارە، پژاک ڕێکخراوێکە پەکەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستی کردووە ئەگەر پێویستی بێ هەڵیدەوەشێنێتەوە، گەر پێویستی بێ چالاکی دەکا، یان پێویستی بێ سنووری چالاکیی بەرتەسک دەکاتەوە. بۆیە ئێمە لەوازمێک نابینین کە بچینە نێو هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵیان چونکە شتی هاوبەشمان زۆر کەمە لە بواری سیاسیەوە.

***لڤین: کەوابوو پژاک هێزێک نیە کە چارەسەری بۆ کێشەی کورد پێبێ لە کوردستانی ئێران؟***

***خالید عەزیزی:*** چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دەبێ لە سیناریۆیەکی گەورەتردا باسی بکەین، بەڵام ئێمە ڕۆژانە کە دادەنیشین قسە لەوە دەکەین کە لەگەڵ کامە حیزب بەرە دروست بکەین پژاک لە نێو ئەو بەرەیەدا نیە. هاوڕێیانی پێشوومان بە دەرەجەی یەکەم، هەر سێ لایەنی کۆمەڵە لەو بەرەیە دان ئەگەر لەگەڵ لایەنەکانیتر قسەمان کردبێ لە سەر بەرە پژاکی تێدا نەبووەو نەمان وتووە کە بەرەیەک دروست دەکەین کە ئەوانی تێدا بێ. ئەوە بە تەواوەتی ئێمە لە سەری ساغ بووینەتەوە.

***لڤین: ئەی پەیوەندیتان لەگەڵ کەمینەی کۆمەڵە کە ئێستا هەر دوو لاتان تەلەفزیۆنێکتان پێکەوە هەیە؟ ئەمە بۆ ئەوە نیە کە ئەو لایەنانەی کە جیابوونەتەوە لە هەوڵی هاوپەیمانیەک دا بن بەرانبەر بە حیزبە ئەسڵیەکان؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێ کۆمەڵە ئەم لەتبوونەی تێکەوت ئێمە یەکەم وەڤدی کوردی بووین کە چووینە لایان و وتمان ئێمە لەتبوونمان بینیووە، لەتبوونی ئێمە ڕووداوێکی ناخۆش بوو، داواتان لێدەکەین کە لەت مەبن، دوای ئەوەش کە لەتبوونی ئەوانیش بوو بە ئەمری واقیع ئێمە پەیوەندیی ڕەسمیان بە بێ جیاوازی لەگەڵ هەر دوولا هەیە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە ئاسۆسات بەرنامەیەکمان هەیە شایەد ئەمە پرسیارێک دروست بکا، پێش ئەوان ئێمە بەرنامەمان لە کەناڵی جەدید بڵاو دەکردەوە. ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات بە دوای ئەوەدا دەگەراین کە لە جێگایەک بەرنامەکانمان بڵاو کەینەوە، بەر لە لەتبوونیان داوامان لەوان کردوە لە تەلەفزیۆنی ڕۆژهەلا َت بەشێک لە بەرنامەکانی خۆتان بە کرێ بدەن بە ئێمە بۆ ئەوەش بەڵگەمان هەیە، ئەوەش کە دوو کاتژمێرمان بە کرێ گرتووە لە ئاسۆسات هیچ پەیوەندیەکی بە موعامەلاتی سیاسیەوە نیە. سرفەن پەیوەندیەکی میدیاییە. ئەگەر لە داهاتوودا بزانین موناسب نیەو شوێنی باشتر ببینینەوە بە دڵنیاییەوە لەو شوێنە دەگوێزرێتەوە.

***لڤین: لە سەرەتای جیابوونەوەتاندا"لە هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی خۆتاندا" باستان لە دروست بوونی بەرەیەکی کوردستانی کردوە. ئایا پێتان وا نیە کە ئێوە سەرەتایەکن بۆ دوورکەوتنەوە لە دروست بوونی بەرە بەو جیابوونەوەیەتان؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێ ئێمە باس لە دروست بوونی بەرە دەکەین ئێمە ئەزموونێکی دووروودرێژمان لە دروست بوونی بەرە لە کوردستانی عێراق هەیە لە بەرەی جود و جوقەوە بگرە کە لایەک زۆرتر پارتی و لایەکیش یەکێتی تێیدا بەشدار بوو. بۆیە لە ئەدەبیاتی سیاسیی ئێرەدا جێکەوتووە بەڵام لە کوردستانی ئێران دەتوانم لە ماوەی سی ساڵ خەبات دا شتی وا نەبووە. لە سەردەمی وتووێژەکان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دا هاوکارییەک هەبوو کە هەیئەتێک پێکهات بۆ وتووێژ لە تاران، بەڵام قەت نەگەیشتە ئاستی بەرە، شتێک هەبوو بە ناوی شورای میللی موقاوەمەت، حیزبی دیمۆکرات تێیدا بەشدار بوو بەڵام نەبوو بە بەرەیەکی هەمەلایەنە . ئەم لەتبوونانە سروشتیە کە سەرەتایەکە بۆ ئەوە کە پرۆسەی هاوکاریی بەینی حیزبەکان و لە دوای ئەوەوە بەرەیەکی کوردستانی نەک تەنها ئاسان نەکات بەڵکو زەحمەتیشی بکا. ئێمە لە دانیشتمان لەگەڵ حیزبەکان ئەوەمان وتووە کە نابێ ئێمە لە کوردستاندا بکەوینە ئەو حاڵەتە کە دوو بەرە دروست بێ، بەرەی ئەو حیزبانەی کە ماونەتەوەو یان ئەوانەی کە نەماونەتەوە. ئێمە دوای کۆنگرەی چواردەهەم خوێندنەوەیترمان بۆ حیزبایەتی هەیە بەوەی کە حیزب وەسیلەیە و ئامرازە و تەکیەو خانەقا نیە، رێبەرانی حیزب پێغەمبەر و شێخ و فریشتە نین. بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە کە ئەو تەشەنوجاتە رەوانییەی لەتبوون کاری بۆ بکەین بسڕێتەوە و دواتر هاوکارییەک بکەین. بەرە زۆر دوورە و هیچ ئاسۆیەک بۆ دروست بوونی بەرە لە نێوان لایەنەکانی کوردستانی ئێران دا نابینم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣٠ی دێسەمبەری ٢٠٠٨

# ساڵی: ٢٠٠٩

-----------------------------------------------------

## دیمانەی ڕۆژنامەنووس "سۆران پاڵانی"،
## لەگەڵ خالید عەزیزی، وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**گۆڤاری "لڤین"**

**خالید عەزیزی: لەتبوونی کۆمەڵە زۆر مەوزوع نییە بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ، حیزبی دیمۆکرات مەوزوعەو ئەمەش بۆ ئەوەیە کە یەکەم حیزبی کوردی کە ڕێگای بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ کرایەوە حیزبی دیمۆکرات بووە.**

***لڤین: سەردەمێکە باس لەوە دەکرێت کە جەنابت کە وەک وتەبێژی و لە هەمانکاتتدا وەک سکرتێر چاو لێدەکرێیت دەڵێت ناتوانی کاروبارەکانی ڕایی بکات ئەم مەسەلەیە چۆنە؟***

***وەڵام:*** **بە پێی پەیرەو پرۆکرامی کۆنگرەی چواردە دەبێت کۆمیتە ناوەندی سکرتێر هەڵبژێرێت ،بەڵام داوا لە من کرا بۆو پۆستە بە حوکمی ئەوەش کە سکرتێر زۆرتر دەبێ لە کوردستان بێت ، منیش زۆربەی کاری حیزبیم لە دەرەوە بووە ، ئەو ئامادەگیەم نەبوو،تا ئەوە دروست دەبێت کە لە هەمانکاتتدا یەکێک لە کارەکانی سکرتێر وتەبێژی حیزبە ڕوو بە دەرەوە، تا لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا سکرتێر دیاری دەکرێت.**

**لڤین**: ئەی دوو جێگری سکرتێر هەیە، ئایا مەبەست لەوە نیە کە تۆ ناتەوێ دەستەبەرداری ژیانی ئەوروپا بیت؟

**وەڵام**: لە رووی کردەوە هەندێ کێشە هەیە کە من بمێنمەوە لێرە یان نا بەڵام لە رووی تەشکیلاتی و سیاسیەوە گرفتێ لە گۆرێدا نیە.

**لڤین**: ئێوە وەک هەردوو حیزبی دیموکرات بەشداری کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ سۆسیالیستان کرد ئەوانیش داوایان لە ئێوە کرد کە کێشەکانتان چارەسەر بکەن ئەوە بە کوێ گەیشت؟

**وەڵام**: دوای دولەتبوونی حیزبی دیمۆکرات دوو جار لە گەڵ لویس ئایالا دانیشتنم کرد داوام لێکرد کە تەداخول بکەن و رێگا چارەیەک بدۆزنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانمان بە شێوەیەکی دیمۆکراتانە،داواشمان کرد کە ئێوەش وەک لایەنی تر بەشدار بین لە ئەنتەرناسیۆناڵ چون پێشتر بە هیممەتی هەردوولامان بووینەتە ئەندام ،دزاتر پەیوەندیان پێوە گرتین و وتیان بە قەناعەت گەیشتوین کە ئێوەش لە ئەنتەرناسیۆناڵ بەشدار بن ، منیش دەعوەت کرام بۆ کۆبوونەوەی یان لە یۆنان.من پێم وایە کە حیزبایەتی وەسیلەیە بۆیە دەبێ ئەنتەرناسیۆناڵ تێبکۆشێ کە عەقلیەتی دێمۆکراسی ودانی ئەحترام بۆ یەکترو ئەمنیەتی تاکەکەسی لە نێو ئێمەدا باشتر جێبخەن .هەردوولامان لە کۆبونەوەکاندا ئامادەین و تێدەکۆشین هیچ لایەنێک بۆ لایەنێکی تر وە لانەنرێ .

**لڤین**: بەڵام حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ئەندامی رەسمیە ئێوە وەک میوان بەشدارن؟

**وەڵام**: بەڵێ لە هەردوو کۆبوونەوەکەدا وەک میوان بەشدار بووینەو ئەوەش مافێکی یاسایی و شەرعیە کە بەو ناوەوە ناو نراوە پێشتر، بەڵام وتوومانە کە ئەم حیزبە لەت بووەو مافی هەردوولا دەبێت لە بەر چاو بگیرێت. کێشەیەک کە هەبوو کێشەی ناو بوو ئێستاش ئەوە چارەسەر بووە.

**لڤین**: ئەی تۆ بۆ کەمینەی کۆمەڵەت لە ئەنتەرناسیۆناڵ ناساند کە لە کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشان جیابوونەوەو کۆمەڵەش لەوێ بوو ئایا ئەمە بۆ ئەوە نەبوو کە پشتگیری بۆ خۆتان پەیدا بکەیت؟

**وەڵام**: من لەوێدا و لەگەڵ هیچ لایەنێکی نێو ئەنتەرناسیۆناڵ باسی کەمینەی کۆمەڵەم نەکردووە ئەوان لە منیان پرسی وتم باشتر وایە کە خۆتان بچن لە کوردستان لە گەڵ هەردوو لایان قسە بکەن,پێش جیابوونەوەی ئەوانیش کێشەی ئێمە ساڵێک دەبوو لە ئەنتەرناسیۆناڵ بوو و لەوێ باسمان کردووە لەتبوونی کۆمەڵە زۆر مەوزوع نیە بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ، حیزبی دیمۆکرات مەوزوعەو ئەمەش بۆ ئەوەیە کە یەکەم حیزبی کوردی کە رێگای بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ کرایەوە حیزبی دیمۆکرات بووە.

***ڤین: کەوابوو ئەنتەرناسیۆناڵ جیابونەوەی ئێوەی پێ مەسەلەیەنەک کۆمەڵە؟***

**وەڵام:** بەڵێ بە تەواو پێی مەسەلەیە،و گوێ بە باسەکانی هەردوولای دەدەن.

***ڤین: بۆ ئەنتەرناسیۆناڵ ئەوەندە گرنگە کە ئێوە شەری لە سەر دەکەن؟***

**وەڵام:** مەیدانی شەرو کێشەی ئێمە مەیدانێکی مەدەنی ودێمۆکراتانەیە کە سندوقەکانی دەنگدان لە کوردستانی ئێران لە داهاتوودا یەکلایی دەکاتەوە.بەڵام ئەنتەرناسیۆناڵ رێکخراوێکە کە دەرفەت بۆ ئێمە پێک دێنێت کە لە گەڵ زۆر کەس لەوانەی کە لە دەسەڵاتن لە دەوڵەتان ،یان ئەو حزبانەی بەهێزن ولە ئۆپۆزسیۆندان دانیشتنمان هەبێت و لێی نزیک بینەوە.من لەو بروایەدا نیم کە لە ناوەندە نێودەوڵەتیەکان شەری یەکتر بکەین ، پەیامامان ئەوەیە کە لە دەرەوە بە کۆدەنگی بێینە دەرێ و سنووری حیزبایەتی تێپەرێنین.لە ئەنتەرناسیۆناڵ نامانەوێ شەرلە دژی یەکتر بکەین و بەڵام ئۆرگانێکی نێودەوڵەتیەو ئێمەش هەوڵ دەدەین جێگایەک بکەینەوە بۆ قسەی خۆمان.کە لە کۆبوونەوەی ئەنتەرناسیۆناڵ کێشەی ئێمەو دانیشتن لە گەڵ یەکتر  هاتە گۆرێ من وتم ئەوە گرنگە کە وەک کورد چ بکەین نە وەک حیزب.

***ڤین: دوای لەتبونتان پەیوەندی گەرم و گورتان لە گەڵ پژاک دروست کرد ئەمە بۆچی دەگەرێتەوە کە پێشتر بەر لە لەتبوونتان ئەم پەیوەندیە نەبوو؟***

**وەڵام:** هیچ بەڵگەیەک نە بە قسە ونوسین لە هاوکاری دیار نیە کە ئێمە پەیوەندیەکی گەرم وگورمان لە گەڵ پژاکدا هەیە، من لە وتووێژیکدا ئەو کات وتم کە پژاک ئەمری واقعە بەو مانایەی نا کە بڵێم ئەوە خراپە یان نا بەڵام شتێکە کە هەیە ،پژاک رێکخراوێکی چەکدارە کە لە لایەن پەکەکەوە دروست کراوەو وە ئەگەر بریار بێت کە پەیوەندی گەرم وگور دروست بکەین بە راشکاوی دەیڵێم لە گەڵ پەکەکە دەیکەین نەک پژاک ،چونکە پەکەکەیە کە قسەی ئەوەڵ و ئاخر لە سەر ئەوان دەکات ،نە بەیاننامەی هاوبەشمان هەبووە نەلە ناوخۆی وڵات هاوکاری نیزامیمان هەبووە نەلە دەرەوە خۆپیشاندانی هاوبەشمان کردووە....هتد نە لە گەڵیشیان دانیشتووین قەد کە بڵێین بێن با لە سەر بەرەی کوردستانی پێکەوە گفتوگۆ بکەین.

***ڤین: بەڵام هەندێک لە رێبەرانی ئێوە سەردانی قەندیلیان کرد . لە تەلەفزیۆنەکانیاندا دەرکەوتن بۆ نمونە دانیشتنی مەلا حەسەن رەستگار و حاجی ئەحمەدی لە رۆژ تیڤی؟***

**وەڵام:** بەشداری هەندێک لە رێبەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ وتووێژ لە گەڵ تەلەفزیۆنی رۆژ و نەورۆزی پژاک هیچ بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە پەیوەندیمان لە گەڵ پژاک هەیە،راستەوخۆ بە ئێوە دەڵێم کە حیزبی دیمۆکراتی

کوردستان هیچ پەیوەندی وهاوکاری بە پرۆژەو بە بەرنامەی لە گەڵ پژاکدا نیەو لە گەڵ ئەوەشدا هیچ دوژمنایەتیەکیشیان ناکەین،سەبارەت بە دەرکەوتنە تەلەفزیۆنیەکانیش پێم خۆشە رێبەران وکادیرانی حیزب حیزبکانی تر لە سەر مەسەلەی خۆیان لە گەڵ هەموو تەلەفزیۆنەکان وتووێژ بکەن.

***ڤین: ئەی بۆ پێشتر وا نەبوو؟***

***وەڵام:*** دوای لەتبوون سەیر نیە ئێمە هەوڵمان دابێت لە تەلەفزیۆنەکان بێینە گۆڕێ ،چونکە ئێمە تەلەفزیۆنمان نەبوو هاورێیانی پێشوومان هەیانبوو، پروپاگەیاندنێکی زۆریان لە سەر تەلەفزیۆنەکەیان بەڵاو دەکردەوە ،ئێمە پێویستیمان بەوە هەبوو کە لە سەر تەلەفزیۆن بێینە گۆڕێ و مەسەلەکلن بۆ خەڵک روون بکەینەوە.ئەو کات هەر تەلەفزیۆنێک بە ئێ َمەی وتبا قسەمان دەکرد تەنانەت ئێستاش داوامان لێبکەن قسە دەکەین ،بەشێکی دەگەرێتەوە بۆ ئەو کات کە ئێمە دەبایا دیار باین.

***ڤین: کەوا بوو ئێوە لە ناچاری پەناتان بۆو کارە بردووە؟***

***وەڵام:*** ئێمە پەنامان نەبردووە ئێستاش داوامان لێکردوون کە وتوێژمان لە گەڵ بکەن، تا ئێستاش وتووێژیان لە گەڵ من نەکردووە.

***ڤین: ئەی پێت وایە دەکرێ کەسێکی وەک مەلا حەسەن لە گەڵ حاجی ئەحمەدی قسە بکات کە بە ئاشکرا تەوهینی بە حیزبی دیمۆکرات دەکرد لە گەڵ حیزبەکانی تر؟***

***وەڵام:*** دانیشتنی کاک حەسەن لە گەڵ حاجی ئەحمەدی هیچ پەیوەندی بە پەیوەندی وستراتیژی هاوبەشی حیزبی دیمۆکرات و پژاکەوە نیە. تەنیا وتوێژێکی تەلەفزیۆنی بووەو کراوە بە دوای ئەوەشدا بە دوایدا نەهاتۆتەوە.سیاسەتی ئێمە لە سەر پژاک دیارە پژاک رێکخراوێکە پەکەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی دروستی کردووەو ئەگەر پێویستی بێت هەڵیدەوەشێنێتەوە ،گەر پێویستی بێت چالاکی دەکات ،یان پێویستی بێت سنووری چالاکی بەرتەسک دەکاتەوە.بۆیە ئێمە لەوازمێک نابینین کە بچینە نێو هاوکاری و پەیوەندی لە گەڵیان چونکە شتی هاوبەشمان زۆر کەمە لە بواری سیاسیەوە.

***ڤین: کەوابوو پژاک هێزێک نیە کە چارەسەری بۆ کێشەی کورد پێبێت لە کوردستانی ئێران؟***

***وەڵام:*** چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران دەبێت لە سینارۆیەکی گەورەتردا باسی بکەین، بەڵام ئێمە رۆژانە کە دادەنیشین قسە لەوە دەکەین کە لە گەڵ کامەی حیزبەکان بەرە دروست بکەین پژاک لە نێو ئەو بەرەیەدا نیە ، هاورێیانی پێشومان

بە دەرەجەی یەکەم، هەر سێ لایەنی کۆمەڵە لەو بەرەیەدان ئەگەر لە گەڵ لایەنەکانی تر قسەمان کردبێ لە سەر بەرە پڕاکی تێدا نەبووەو نەمانوتووە کە بەرەیەک دروست دەکەین کە ئەوانی تێدا بێت ئەوە بە تەواوەتی ئێمە لە سەری ساغ بووینەتەوە.

***لڤین: ئەی پەیوەندیتان لە گەڵ کەمینەی کۆمەڵە کە ئێستا هەردوولاتان تەلەفزیۆنێکتان پێکەوە هەیە؟ ئەمە بۆ ئەوە نیە کە ئەو لایەنانەی کە جیابوونەتەوە لە هەوڵی هاوپەیمانیەک بن بەرامبەر بە حیزبە ئەسڵیەکان؟***

**وەڵام:** کاتێ کۆمەڵە ئەم لەتبوونەی تێکەوت ئێمە یەکەم وەفدی کوردی بووین کە چووینە لاین و وتمان ئێمە لەتبوونمان بینیووە لەتبوونی ئێمە ڕووداوێکی ناخۆش بوو داواتان لێدەکەین کە لەت مەبن ،دوای ئەوەش کە لەتبوونی ئەوانیش بوو بە ئەمری واقع ئێمە پەیوەندی ڕەسمی بە بێ جیاوازی لە گەڵ هەردوو لا هەیە.بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە ئاسۆسات بەرنامەیەکمان هەیە شایەد ئەمە پرسیارێک دروست بکات ،پێش ئەوان ئێمە بەرنامەمان لە کەناڵی جەدید بەڵاو دەکردەوە، ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات بە دوای ئەوەدا دەگەراین کە لە جێگایەک بەرنامەکانمان بەڵاو کەینەوە، بەر لە لەتبوونیان داوامان لەوان کردووە لە تەلەفزیۆنی ڕۆژهەڵات بەشێک لە بەرنامەکانی خۆتان بە کرێ بدەن بە ئێمە بۆ ئەوەش بەڵگەمان هەیە ،ئەوەش کە دوو کاتژمێرمان بە کرێ گرتووە لە ئاسۆسات هیچ پەیوەندیەکی بە موعامەلاتی سیاسیەوە نیە، سرفەن پەیوەندیەکی میدیاییە کەبە کرێ گرتوومانە کە کەڵکی خۆمانی لێ وەرگرین ئەگەر لە داهاتوودا بزانین موناسب نیەو شوێنی باشتر ببینینەوە بە دڵنیاییەوە لەو شوێنە دەگوێزرێتەوە.

***لڤین: لە سەرەتای جیابوونەوەتاندا"لە هێڵە گشتیەکانی سیاسەتی خۆتاندا" باستان لە دروست بوونی بەرەیەکی کوردستانی کردووە ئایا پێتان وا نیە کە ئێوە سەرەتایەکن بۆ دور کەوتنەوە لە دروست بوونی بەرە بەو جیابوونەوەتان؟***

**وەڵام:** کاتێ ئێمە باس لە دروست بوونی بەرە دەکەین ئێمەئەموونێکی دوورو درێژمان لە دروست بوونی بەرە لە کوردستانی عێراق هەیە لە بەرەی جود و جوقەوە بگرە کە لایەک زۆرتر پارتی و لایەکیش یەکێتی تیایدا بەشدار بوو ،بۆیە لە ئەدەبیاتی سیاسی ئێرەدا جێکەوتووە بەڵام لە کوردستانی ئێران دەتوانم لە ماوەی سیساڵی رابردوو لە خەبات شتی وا نەبووە لە سەردەمی وتووێژەکان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی هاوکاریەک هەبوو کە هەیئەتێک پێکهات بۆ وتووێژ لە تاران بەڵام قەد نەگەیشتە ئاستی بەرە، شتێک هەبوو بە ناوی شورای میللی مقاومەت حیزبی دیمۆکرات تێیدا بەشدار بوو بەڵام نەبوو بە بەرەیەکی هەمە لایەنە. ئەم لەتبوونانە سروشتیە کە سەرەتایەکە بۆ ئەوە کە پرۆسەی هاوکاری بەینی حیزبەکان و لە دوای ئەوەوە بەرەیەکی کوردستانی نەک تەنها ئاسان نەکات بەڵکو زەحمەتیشی بکات. ئێمە لە دانیشتمان لە گەڵ حیزبەکان ئەوەمان وتووە کە نابێت ئێمە لە کوردستاندا بکەوینە ئەو حاڵەتە کە دوو بەرە دروست بێت بەرەی ئەو حیزبانەی کە ماونەتەوەو یان ئەوانەی کە ماونەتەوە.ئێمە دوای کۆنگرەی چواردەهەم خوێندنەوەی ترمان بۆ حیزبایەتی هەیە بەوەی کە حیزب وەسیلەیە و ئامرازە و تەکیەو خانەقا نیە ڕێبەرانی حیزب پێغەمبەر و شێخ و فریشتە نین .بەڵام

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە کە ئەو تەشەنوجات ورەوانی لەتبوونە کاری بۆ بکەین بسرێتەوە و دواتر هاوکاری یەک بکەین .بەرە زۆر دوورە و هیچ ئاسۆیەک بۆ دروست بوونی بەرە لە نێوان لایەنەکانی کوردستانی ئێران نابینم.

***لڤین: ئەی ناوەکان کێشە دروست دەکەن بۆ نموونە هاوڕێیانی پێشووتان داوای گۆڕینی ناو دەکەن؟***

***وەڵام:*** کێشە ناو نیە، دەورانێک بەداخەوە حیزبی دێمۆکرات و کۆمەڵە شەڕیان هەبوو ئایا شەڕ لە سەر ناو بوو؟ نا، بەڵام سەحنەی سیاسیی کوردو عەقڵیەت و فەرهەنگی ئێمە جۆرێکە کە لە بەهانە دەگەڕێین، ئەگەر لایەنێک زۆر وشک و حیزبی و دەمارگیرانە بیر بکاتەوە مەجال نادا کە عەقڵیەتی نوێ بێتە گۆڕێ ولە بەهانە دەگەرێ لە دژی لایەنەکەیتر. ناوی حیزبی دێمۆکرات هیچ کێشەیەکی بۆ هاوڕێیانی پێشوومان نیە پەیامی تەلەفزیۆن و نووسینی هەردووولامان دیارە، رێکخستنی هەردووولامان چالاکی دەکەن. خەڵک لە نێوخۆی کوردستانی ئێران لەتبوونی حیزبی دیمۆکراتی زۆر پێناخۆشەو من هەست بەوە دەکەم. هیوادارم رۆژێک ئێمە بچینەوە نێو کوردستانی ئێران و رێبەرانی هەردوولا شەهامەتیان هەبێ کە تا ئەو شوێنەی داوای لێبووردن کردنە لە خەڵک.

***لڤین: ئەی بۆ ناوی خۆتان ناگۆڕن؟***

***وەڵام:*** نێو گۆڕین بۆ هیچ لایەکمان بەهانەیەکی عەقلانی نیە، بەڵام دەتوانێ بەهانە بێ بۆ دروست بوونی بارودۆخی ناخۆش. من لە نێو ئەنتەرناسیۆناڵدا بە بەرپرسانم وت دوو حیزبی بەلژیکی هەیە کە بە فاریزە لە یەک جیادەکرێنەوە، ئەو کێشانە کە ماونەتەوە پەنگیان خواردۆتەوەو کەسایەتییەکان خۆیان بەو جۆرە پێناسە دەکەن و یەکتریان ناخۆش دەوێ.

***لڤین: کەوابوو هەردوولاتان ناتانەوێ دەستەبەرداری ئەو مێژووە بن؟***

***وەڵام:*** تەئکید دەکەمەوە مێژووی رابردووی حیزبی دێموکرات هی هەردوولامانە گەر شکستی تێدایە هەردوولا دەگرێتەوە گەر سەربەرزیە هی هەردوولایانە. ئەوەش شتێکی باشەو هیچ لایەنێک نەیتوانیوە لایەکەیتر لەو مێژووە بسرێتەوە. هیوادارم ئەو مێژووە هاوبەشە کەناڵێکی باش بێ بۆ ئایندەیەکی هاوبەش.

***لڤین: پەیوەندی ئێوەو ئەمریکا بە حوکمی ئەوەی کە ئێوە یەکێک لە بەرپرسانی ئەو پەیوەندییە بوونە چۆنە؟ بە گشتی بەرانبەر بە کوردی ئێران و بە تایبەتیش حیزبەکەی ئێوە؟***

***وەڵام:*** ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەو ئەوانەوە هەیە دەوڵەتان زۆر بە کەمی عیلاقەی رەسمی و دانپێنراو لەگەڵ ئەحزاب

دادەنێن. رەنگە وڵاتێکی بچووکی وەک ماڵتا لەگەڵ وڵاتێکی وەک چین پەیوەندی هەبێ، بەڵام حیزبێکی چەند میلیۆنی لەگەڵ وڵاتێکی وەک ماڵتا ئەو پەیوەندیەی نەبێ. ئەو دەورانەی کە خۆم لە ئەمریکا کارم کردوە هەوڵەکە ئەوە بووە لە دامودەزگاکانی دەرەوەو کۆنگرێس کوردی ئێرانیان پێبناسێنین، پێیان بڵێین بە خێر یان بە شەڕ بەرنامەیەکتان بۆ داهاتووی ئێران هەیە، ئێمەی کوردی تێدا نەبێ تووشی کێشە دەبن و ئێمەی کوردیش وا بە ئاسانی قبوڵی ناکەین. هەوڵی ئەوەمان داوە دۆست پەیدا بکەین و بارودۆخەکەیان تێبگەبەنین، هۆی ئەوەش هەیە کە ئەمریکا نزیکەی سی ساڵە پەیوەندی راستەخۆی دیپلۆماسی لەگەڵ ئێران نەبووە. بالیۆزخانەکان سەرچاوەی ناردنەوەی زانیارین بۆ دەوڵەتەکان و ئەمریکاییەکان وەک لەگەڵیان دانیشتووم زانیارییەکانیان لە سەر ئێران و کورد تەواو نەبووە. لەو ماوەیەدا لەگەڵ کۆمەڵێ دۆست هەوڵمانداوە کە ئەمریکاییەکان زیاتر لە سەر ئێران و کوردستان شت بزانن. هەر لە سەر ئەو سیاسەتەین و لەگەڵ ئورووپاش پەیوەندیمان هەیە.

***لڤین: ئایا سیاسەتی رەسمییان بەرانبەر بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و بە تایبەت کورد چۆنە؟***

***وەڵام:*** لە هەموو دانیشتەکاندا کە ئاخر جار لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو پێیان وتم نامانەوێ رێژیمی ئێران بگۆڕین ئێمە دەمانەوێ رەفتاری رێژیمی ئێران بگۆڕین. ئەوان دەورانێکی زۆر مافی کوردی ئێرانیان لە هاووڵاتی بووندا دەدیتەوە کە کێشەی زۆرم هەبوو لەگەڵیان لە سەر ئەو بۆچوونەو پێیانم وت ئەوە راست نیە ئێمە پرۆژەیەکمان هەیە ئەویش بە فیدراڵ کردنی ئێرانە، چونکە ئێمە رابردویەکی ناخۆشمان لەگەڵ دەوڵەتی تاران هەیە. لە راستیدا ئەمریکاییەکان هیچ عیلاقەیەکیان نیشاننەداوە تا ئێستاو تەئکید لە سەر مافی هاووڵاتی بوون دەکەنەوە.[ هەروەها پێم وتن] ئەو ئێرانەی کە لە سەرەتادا ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵیان هەبووە نایانبیننەوەو تازە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و ئێران مانایەکی جوگرافی نەتەوەیی هەیەو کوردیش لە رابردوودا بەشداریی لە دروست بوونی ئێراندا نەبووەو هەستتان بەوە نەکردووە گەر لە داهاتوودا کورد لە بەرچاو نەگرن تووشی هەڵەی گەورە دەبن.

***لڤین: پێت وا نیە ئەم جیابوونەوانە بۆ داهاتووی ئێران کێشە دروست دەکا وەک ئەوەی کە لە کوردستانی عێراق بینیمان؟***

***وەڵام:*** ئێمە کە لە رابردوودا شاهیدی شەڕی ناوخۆین لە کوردستانی عێراق دا، دەمانەوێ ئەو ئەزموونە دووبارە نەبێتەوە، عەقڵیەتی ئەورۆی کوردستانی ئێران پێشکەوتووە کە پێم وا نیە وەکوو رابردوو هەموو شتێک کە حیزبەکان وتیان لێیان قبوڵ بکەن. گەر ئەوانە لە بەر چاوبگرین ئێمە نابێت شاهیدی سیناریۆیەکی دیکە بینەوە کورو کچی کورد لە بەرگی پێشمەرگایەتیدا شەڕیان دژ بە یەکتر بکەین. بەڵام دوور نیە گەر ئێمە هەر وا بمێنینەوەو بچینەوە بۆ ئێرانێکی شێواوو لە پێشدا هیچ رێکەوتنێکمان نەبێ و میکانیزێکمان نەبێ کە هێزی هەموو لامان لە ژێر ئاڵایەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە مەترسیی ئەوە هەیە. بەڵام کۆمەڵگای کوردستانی ئێران ئەوەندە پێشکەوتووە، ئەوەندە گەشەی کردوە هیچ حیزبێکی کوردی

بە کەیفی خۆی شەڕ بە بەرانبەر لایەنێکیتر بکا.

***ڤین:*** ***ئێوە هیچ مەرجێکتان هەیە کە لەگەڵ لایەنەکاندا دانیشن؟***

***وەڵام:*** بە بێ مەرج ئامادەین لەگەڵ هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە یەک ژووری دانیشتندا کۆببینەوە بە ئامادەبوونی میدیا. دەبێ لە سەرەتاشدا شوێنەواری رەوانی وەلابنێین ئەوەش بەوە دەبێ کە بڵێین لەتبوون ئەمری واقعە لە ناو حیزبەکاندا. کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە بە چاوی سووک دەڕوانینە کێشە لەگەڵ یەکتر. لە سیاسەتدا شەڕی دەسەڵات هەمیشە هەبووەو هەمیشەش دەبێ. دێمۆکراسی ئەوەیە کە بیکەی بە فەرهەنگ و ئەمنیەتی تاکەکەسی لە حیزبدا هەبێ و نەگاتە یەکتر وەلانان.لە نێو حیزبەکاندا فەرهەنگی پاوانخوازی جێکەوتووەو ئێمەش وەک حیزبی دێمۆکرات هەمانبووە. حیزبی وا هەیە کوردستان هەمووی بە موڵکی خۆی دەزانێ، حیزبیتر هەیە نیوەی بە هی خۆی دەزانێ، هەر چەند لە رابردوودا بە هۆی ئەوەی د.قاسملۆ لە ئورووپا بووەو دێمۆکراسیی هێناوە بۆ ناو حیزبەکەی بەڵام ئێستا بە راشکاوی دەیڵێم ئێمە دێمۆکراسیمان کۆپی کردوە لە ئورووپاییەکان و نەمان کردۆتە فەرهەنگ. ئێمە بە هەڵە لە دێمۆکراسی تێگەیشتووین، خۆ لە ئێرانیش خەڵک قسەی خۆی دەکا، بەڵام دواتر دەدرێتە بەر شەق و ئەشکەنجە. ئەوە دێمۆکراسی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە دەڵێ هەڵبژاردن و دەنگدان. دێمۆکراسی حیزبی و کۆمەڵگا بوارە ئەمنیەتەکەیەتی. بەشێکی لەتبوونیش ئەوە بوو دەمانگوت ئەوە نیە کۆنگرەمان گرتووەو هەڵبژاردنمان کردوە، ئێمە پێش لەتبوون ئۆپۆزیسیۆنێکمان دروست کرد کە پێم وایە پێشکەوتوانە بوو دانیشتین و وتمان با رێگاچارەیەک بدۆزینەوە تا کۆنگرە بەڵام لایەنی دەسەڵات فێر نەبووە ئۆپۆزیسیۆن قبوڵ بکا.

***ڤین:*** ***چۆن دەکرێ حیزبێکی ئۆپۆزیسیۆن ئۆپۆزیسیۆنی هەبێ؟***

***وەڵام:*** هیچ کێشەیەکی نیە گەر دەتەوێ بمێنیەوە دەبێ قبوڵی بکەی.

***ڤین:*** ***باست لە دێمۆکراسی کرد بەڵام ئایا پێت وا نیە زۆر جار حیزبێکی شۆڕشگێر دێمۆکراسی لە ژێر پێ دەنێ؟***

***وەڵام:*** ئافەرین وایە. مادام دیمۆکراسی قبوڵ دەکەی دەبێ باجی بۆ بدەی. ئایا دیمۆکراسی لە حیزبێکدا کە لە دەرەوەیە جێبەجێ دەبێ یان نا. ئایا دێمۆکراسی لە حیزبێکدا کە لە ناوەوەو دەرەوە توانای هەڵبژاردنی راستەوخۆی نیە چۆن پێناسە دەکرێ؟ جێبەجێ دەبی، کێشەی ئێمە وەکوو حیزبی دێمۆکرات لە ٤٠ ساڵی رابردوودا ئەمە بووەو بە راشکاوی ددان بەوەدا دەنێم کە ئێمە دێمۆکراسیمان کۆپی کردووەو هێناومانە بەڵام میکانیزم و جێ خستنی بۆ حیزبێک لە تاراوگەدا لەمەیاندا تووشی کێشە بووین. بۆیە ئەو لەتبوونەی لێکەوتەوە. گەر کێشەیەک لە حیزبێکدا دێتە کایەوە دەڵێن دەی ئەوە نیە کۆنگرە گیراوەو دەنگ دراوەو دەنگمان هێناوە، بەڵام خۆ ئینسانەکان سەیارە نین و ئاڵوگۆڕیان بە سەردا دێ. حیزبی دوور لە

کۆمەڵگاو حیزبێک کە هێزی چەکداری هەیە چۆن دەبێ موعامەلە لەگەڵ دێمۆکراسیدا دەکا. بەلام ئێمە یەک شتمان قبوڵ کردوە کە کەس لە حیزبی ئێمەدا بە هۆی بیروباوەر وەلانەنرێ.

***لڤین: کەوابوو جیابوونەوەی ئێوە پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە هاوڕێیانی پێشووتان سودیان لە دێمۆکراسی بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵاتی زۆرینە وەرگرت؟***

***وەڵام:*** گەر لە مێژووی حیزبی دێمۆکراتدا سەیر بکەین دەبینین هەر لە سەردەمی د .قاسملو و ئەحمەد تۆفیقیشدا ئەو کێشانەمان هەبووە. دوای ئەوانیش هەر هەبووە. مێژووی حیزبی ئێمە هەر لە دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان - نایشارمەوە - ئەو کێشانەی تێدا بووە. ئەو هەموو جیابوونەوانە تەنانەت لە سەردەمی د.قاسملودا کە ڕێبەرێکی زۆر موهیم بوو ئێمە دوو جیابوونەوەمان تێکەوت جیابوونەوەی گرووپی حەوت کەسی و جیابوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆرشگێر.

***لڤین: ئایا دەستی دەرەکیی تێدا نەبووە ئەم جیابوونەوەتان؟***

***وەڵام:*** هیچ بەڵگەیەک نابینم کە دەستی دەرەکی لە لەتبوونی حیزبی دێمۆکراتدا دەوری هەبووبێ، زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئێمەی ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکرات کە نەمانتوانی کێشەکانی نێوخۆمان چارەسەر بکەین بە زمان و ئەدەبیاتێک لەگەڵ یەک هەڵسوکەوتمان نەکرد لە پێناو بەرژەوەندی گشتی حیزبدا. هەمیشە کورد وابووە کە دەوڵەتی کورد دروست نەبووە هەر دەڵێن خەتای ئینگلیزو ئورووپاو ئەمریکا بووە من لەو کەسانەم کە بڕوام بەو قسانە نیە.

***لڤین: حیزبی دێمۆکرات هەمیشە خۆی بە ڕێبەری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد داناوە ئایا ئەمە لادان لە دێمۆکراسی نیە؟ دوای دولەتبوونتان هەر وا بیر دەکەنەوە؟***

***وەڵام:*** لە هەموو دەورانەکان کە ئەندام بووم وتوویانە کە حیزبی دێمۆکرات ڕێبەری بزوتنەوەی کوردە، بەڵام ئێمە دوای کۆنگرەی چواردە وا ناڵێین. ڕاستە حیزبی دێمۆکرات مێژوویەکی دووروودرێژی هەیەو کۆماری دامەزراندوە. ئەو حیزبە بەو هەموو رابردوویەوە دەبێ بچێتە تاقیکردنەوەی دێمۆکراسی و نمرەی خۆی لە هەڵبژاردن وەرگرێ. من بەکارهێنانی ئەو رستەیە بە باش و دروست نازانم. بەداخەوە لەتبوونمان زەرەری گەیاندوە هەندێک بە ئیعتباری حیزبی دێمۆکرات لە مەیدانی سیاسیدا نەک رابردووەکەی. ئەو زەرەرەمان کردووەو ددانی پێدا دەنێم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٢ی جانێویری ٢٠٠٩

## خالید عەزیزی: تا ئێستا هیچ دانیشتنێکی رەسمیمان لە گەڵ حدکا نەبووە.



### سازدانی سۆران پاڵانی

رەوانیوز: لە دوو هەفتەی رابردودا، بەهۆی تێکهەڵچوونی پێشمەرگەی چەند حزبێکی کوردستانی ئێرانو هێزەکانی سەر بە سوپای پاسدارانی کوماری ئیسلامی، ١١ پیشمەرگە لە ٣ حزبی جیاوازی رۆژهەلاتی کوردستان گیانیان بەختکرد، جگە لەوەی ئەمە لە سالانی رابردوودا شتێکی تازە بوو،

*رەوانیوز: ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی و سیاسیش وەک پەرچەکردارێک بەرامبەر ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ ناوخۆ، کەمپەینێکیان رێکخست. ئێوە وەک یەکێک لەو لایەنانەی کە لەم تێکهەڵچوونەدا زیانی گیانیتان بەرکەوتووە. چۆن ئەڕواننە ئەم مەسەلەیە؟*

***خالید عەزیزی:*** ئەوەندەی پێوەندی بە مەئموریەتی کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بێت، ئەوان بە مەبەستی چالاکی نیزامی نەچوونەتەوە ولات، ئسولەن ئەگەر پرۆسەکە پرۆسەیەکی نیزامی بوایە جۆرێکی دیکە دەبوو. حیزب ئێستا لە بەرنامەی دا نیە کە هیچ جۆرە چالاکیەکی نیزامی بکات و کەس بۆ ئەو مەبەستە بنێرێتەوە. ئەو کادرانەی ئێمە لە ناوچەدا خەریکی فەعالیەتی سیاسی و راگەیاندن و تەشکیلاتی بوون و هەرگیز لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە، هێرش نەکراوەتە سەر هیچ بنکەیەکی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی کوردستانی ئێران. هەرچەندە کوردستان لە لایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هێزی زۆری بۆ هێنراوە و پایەگای زۆری تێدا دانراوە و لە تەنیشت ئەوانیش هێزی چەکداری تر هەیە بۆیە کادرەکانی ئێمە چەکی سووکیان پێبوە،

بۆ ئەوەبووە لە کاتی پێویستدا دیفاع لە خۆیان بکەن .ئەوان بە نیەتی چالاکی نیزامیو دەستوەشاندن لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەچووبوونەوە

***رەوانیوز: ئەی ئێوە وەک حزبی دیمۆکراتی کوردستان، چۆن دەڕواننە کەمپەینی (نا بۆ خەباتی چەکداری، بەڵێ بۆ خەباتی مەدەنی) کە وەک وتم لەلایەن کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی و سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان وەڕێخراوە؟؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوەڕی من ئەو جەمعەی کە جەنابت ئاماژەت پێکردن زۆر بێ ئینسافی دەکەن، هۆیەکەشی ئەوەیە کە بە باشی دەزانن حیزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی ئێران سیاسەتیان شەڕکردن دژی کۆماری ئیسلامی نیە. ئوسولەن بزووتنەوەی کوردستان لە دوای ئینقلابی ئێران هەرگیز لە ئەو باوەڕەدا نەبووە کە کێشەی کورد بە رێگای نیزامی چارەسەر بکرێ. ئەوە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بوە کە هێرشی کردوەتە سەر کوردستان و خەڵکی کوردستانیش دیفاعیان لە خۆیان کردوە ئەوەی ئەم جارە رووی داوە بە هیچ شێوەیەک ناکەوێتە ناو خانەی شەڕی نیزامیەوە، بۆیە ئەو لێک دانەوەیە هەڵەیە بەڵگەش ئەوەیە حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەلات بە تێکڕا باوەڕیان بە رێگا چارەی سیاسیو دێمۆکراتیکو خەباتی مەدەنی هەیە. تا ئەو جێگەیەش پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئێمە لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری  لە دەوڵەتی مەدەنی و خەبات مەدەنی پشتیوانیمان کرد، لە هەمان کاتدا خەڵکمان لە نێو خۆی وڵاتدا هاندا کە تەئکید بکەنە سەر خەباتی مەدەنی. ئەوە بە هیچ جۆرێک نابێ ئاوا بە پەلە قەزاوەتی لەسەر بکرێ، روداوێک کە لە شوێنێکی کوردستان رووی داوە بەو مانایە لێکدانەوەی بۆ بکرێ خوای نەخواستە خەڵکی کوردستانی ئێران یان حیزبەکانی، شەڕخوازن. بە باوەڕی من وەڵامدانەوەیەکی بە پەلەیە چوون ئەوە لە گەڵ سیاسەتی حیزبەکانی کوردستانی ئێران نایەتەوە. هەر وەکو ئاماژەم پێکرد مەبەستی ئێمە مەبەستی نیزامی نەبوە ئەگەر مەبەستی نیزامی بوایە ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەدان پێشمەرگەی هەیە دوو کادر لە نێو خۆی وڵات بە چەکی سوک خەباتی نیزامی ناکەن پرۆژەی نیزامی و عەمەلیاتی پێشمەرگانە شێوەیەکی تری هەیە لە خانەی نیزامی دا، بەباوەڕی من هەڵوێستی ئەو دۆستانە بڕێک پەلەی تێدایە.

***رەوانیوز: کاک خالید رات چیە لەسەر ئەوانەی کە بە ناوی چالاکوانی مەدەنی ئیمزایان لە سەر ئەو بەیاننامەیە کردوە؟ هەندێکیان دەڵێن : تا ئێستا حیزبەکان لە ئەلفو بێی خەباتی مەدەنی نازانن.. ئایا حیزبەکان کەم تەرخەم بووبن لە بەرامبەر خەباتو چالاکی مەدەنیدا؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە دیسان بێ ئینسافیەکی دیکەیە تا ئەو جێگایە پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، ئەگەر لە ماوەی چەند مانگی رابردودا لە سەر ئێران تەلەفزیۆن و رادیۆ و نەشریەکانی ئێمەیان بینیبێ، دەردەکەوێ کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کارو فەعالیەتێکی زۆری کردوە لە بواری مەدەنی دا، دەقیقەن لە چوار چێوەو ڕاستای خەباتی مەدەنی بوە، هەر ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە خەڵک لە ئەودیوو لە گەڵ کورد کاناڵ پێوەندی گرتوە، ئەو ماوەیە

نەزرخاهیمان لە خەڵکی کردوە هەر دەقیقەن بە مەعنای خەباتی مەدەنی دێت. بە باوەڕی من بەشێک لەو برادەرانە، بێ ئینسافی دەکەن چونکە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لانی کەم لە ماوەی ئەو چەند مانگی رابردوودا زۆری هەوڵداوە لە سەر خەباتی مەدەنیو ئێمە پێمان وایە خەباتی مەدەنی باشترین شێوەیە، باشترین شێوەیە بەو مانایەی زەرەری ماڵی، ئابووری، گیانی، کەمترە. ئێمە وەک حزبیش تەجروبەمان لەو بوارەدا هەیە.

***ڕەوانیوز: تا چەندە هەم ئێوە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کەلە ناوچەدا، بوون هاوکاری نیزامیتان پێکەوە هەبووە؟ یان ئاگاتان لە یەک بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** لەبەر ئەوەی کە هەر ئێستە ئاماژەم پێکرد لە ناردنەوەی ئەو کادرانە لە وەی فەعالییەتیان هەبووە هیچ مەبەستی نیزامی لە پشتەوە نەبووەو پرۆژەیەکی نیزامی لە گۆڕێ دا نەبووە، هیچ بڕیارێک لە گۆڕێدا نەبووە بۆ هێرشکردنە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. هەروەهاش ئەو سێ لایەنەش کە چوونەتەوە هیچ جۆرە هاوکاریەکمان لە نێواندا لە گۆڕێ نەبووە، و هەر لایەنی بۆخۆیو بە پێی بەرنامەی خۆی کاری تەشکیلاتی خۆی کردوە.

***ڕەوانیوز: تا چەند لەم حاڵەتەدا زەرورەتی بەرەیەکی کوردستانی دەردەکەوێ لە نێوان لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد کە ئێستا ئێران لە بەردەم شەپۆلێکی گەورەی ناڕەزایەتیە؟ ئایانەبوونی بەرەیەکی کوردستانی تا چەند دەبێتە هۆی خەساردان لە لە یەکدەنگی پارتەکانی کوردستانی ئێران؟***

***خالید عەزیزی:*** لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران رووداوی خۆشو ناخۆش رووی داوە، مودەتێکە ئێمە قسە لەسەر جوڵانەوەی خەڵک دەکەین لە نێوخۆی ئێران دژی حکومەت لە تاران، ئەو مەسەلەیە پرۆژەیەکی نەتەوەییە، حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێت میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی کە بتوانن بە کۆدەنگیەک بگەن یان باشتر لە یەک حاڵی ببن. بۆ جوڵانەوی نێوخۆی وڵات ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە شێوەی جۆراو جۆر هەوڵمان داوە بۆ باشتر کردنی پەیوەندی، تەنانەت جاری وا هەبوە بە دەرکردنی راگەیاندن، وتوومانە با بە نزیک بوونەوەیەک بگەین یەکێک لە ئەوانە کە هەوڵماندا لە پێوەندی لەگەڵ بیرەوەری هێرشی ٣٠ی ساڵەی هێرشی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لانی کەم حیزبی دیموکراتی کوردستان پێنج لایەنی دیکە لە ژێر ناونیشانی یەک راگەیاندندا، هەرلایەنە بۆ خۆی ئیمزای کردبوو بەڵام دەقی راگەیاندنەکە یەک دەق بە یەک ناوەرۆکەوە بوو، ئەمە هەرخۆی هەنگاوێک بوو درووست بوو، وە هەر چەندرۆژ بوو لە تەلەفزیونی کورد کاناڵ حیزبی دێمۆکرات سەبارەت بەو یادە مەجالێکیان پێک هێنا کە ٤ حیزب پێکەوە دانیشن تا ئەو لەحزیە لە وڵامی پرسیارەکەت دا،بە داخەوە نەمان توانیوە بەرەیەک پێک بێنین، بەڵام ئێستا زەمینە باشترە لە ٦ مانگ پێش. ئەو رێ و شوێنەوارە رەوانیە دەبێ وردە وردە بسڕێتەوە جێگای خۆی بدات بە عەقلانیەتو مەنتیقو لێک حاڵیبوونێک. ئەو کات دەکرێت ئینسان هەر بەرنامەیەکی بۆ ئەو شتە هەبی بە تەوافق بگا.

***ڕەوانیوز:ئەی پەیوندیەکانی ئێوە لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە کوێ گەیشت؟ ئایا هیچ لێک نزیک بوونەوەیەک یان یەکگرتنەوەیەک ،یان جۆرێک لە هاوکاری هەیە لە نێوانتاندا؟***

***خالید عەزیزی:*** تا ئێستا پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ و ڕەسمیمان پێکەوە نیە، هەرچەند لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا لایەنی جۆراو جۆری کوردستانی و ئەورووپی هاتوون سەردانی ئێمەیان کردوە یان لە دەرەوە ئێمەیان دیوە داوایان لە ئێمە کردوە کە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان یان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دانیشتن بکەین. تا ئەوەندی پێوەندی بە ئێمەوە بووە ڕامان گەیاندوە بۆ دانیشتن لە گەڵ هاوڕێیانی پێشوومان هیچ قەیدو مەرجێک دانانێین لە دانیشتنەکاندا دەکرێ ئێمە بە لەیەک حاڵی بوونێک بگەی کە دەرئەنجامێکی هەبێ، تا ئێستا ئێمە دانیشتنێکی ڕەسمیمان نەبووە بەشبەحاڵی خۆمان هەوڵدەدەین کە لانیکەم یەک لایەنە ئەم شوێنەواره ڕەوانیە، کەم بێتەوە و جێگەی خۆی بدات بەوەی کە لە جیاتی ئەوەی کە بیر لە ڕابردو و کێشە بکەینەوە باشتر وایە بیر لەئاینده بکەینەوە. لە هەمانکاتدا ئێمە داوامان لە ئەندامانی هەردوولا کردوە کە بە دڵێکی ئاواڵەو بەچاو لێکردن لە بەرژەوەندییەکانی کوردستانی ئێران، پشت کردن لە ئاینده هێچ کێشەیەک چارەسەر ناکات و با لە خانەی ڕابردوو گیر نەکەین.

***ڕەوانیوز: پرسیارێکی زۆ سادە بکەم. دوای هەڵبژاردنەکان کوردەکانی ئێران ئێستا لە ڕووی سیاسیەوە چ لە دەرەوە و چ لە ناو خۆ لە چ ئاستێکدان؟ ئایا هەڵبژاردن توانی دەرگایەک بە ڕووی کوردی ئێران دا بکاتەوە بۆ ئەوەی جارێکیتر بگەڕێتەوە ناو مەعادلاتی سیاسی چ دەرەوەو چ ناوخۆ بێ؟***

***خالید عەزیزی:*** هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران چەندین تەجرووبەی باشی تێدابوو کەیەکەم ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تازە ناتوانێ وەک پێشووتر بێ هەرووەها دەرەتانێکی باشی دروست کردوە کە ئەو حکومەتە بگۆڕێ یان چ لەگەڵ ئۆپۆزسیون بە جۆریک ڕوو بەڕوو بێ لەو پەیوەندیەدا لە دەرەوەی وڵات. وەکو وتم حیزبەکانی تاراوگە لە ڕاستی دا بەشی زۆریان بێ بەرنامە بوون، کەوتنە پەراوێزەوە، ئێمە وەک حزبە کوردستانیەکان ئەوەی کە بەرەیەکمان نەبوو هەر لایەنە بۆ خۆی شتی دەکرد. بەڵام ئەم تەجرووبەیەی تاران دەریخست کە ئەگەر لاینەکان بیانهەوێ لە دژی ڕژێمی تاران شتێک بکەن، دەبێت بە کۆدەنگیەکی زۆرتر بچنە ناو ئەو بازنەیەوە. لە سی ساڵی ڕابردوودا زۆر جار ئێمە هەوڵمان داوە کێشەی کوردی ئێران بگەیەنینە ڕایگشتی جیهانیو وا بکەین کە ئەوان گوێمان لێبگرن، ئێمە نەمانتوانی بەڵام ئێرانیەکان توانیان. کەواتە ئێمە دەبێ لە گەڵ کێشەکاندا بین و خۆمان نەخەینە پەڕاوێزەوە. بە باوەڕی من فەزایەکی باشە بۆ حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی ئەگەر بیانەوی تەئسیر لەسەر کێشەکان لە تاران دابێن و لە گۆڕانەکاندا دەوریان هەبێ، بە لام نابێ بێ چالاکی بن دەبێ هەڵقەی پێوەندی خۆیان پتەوتر بکەن و وەردە وردە بە تێگەیشتن بە میکانیزمێک لە گەڵیان بە تەوافق بگەن.

***ڕەوانیوز: کاک خالید دوا پرسیارم ئەوەیە تۆ کە لە ڕابردوشدا نوێنەری حیزبی دێمۆکرات بووی لە ئامریکا، بەردەوام***

***سەردانی ئەو وڵاتە دەکەی باسی پێوەندیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات‌و ئەحزابی ئۆپۆزسیونی کورد لە گەڵ ئەمریکا چۆنە؟ ئایا ئەمریکا سیاسەتێکی تازەی بەرابەر بە ئۆپۆزسیونی ئێرانی هەیە بە گشتی و بە تایبەتی کورد؟ لە دوای ئەم ئاڵو گۆڕانە کە لە ئێران دا هاتۆتە کایەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر ئێمە بەراوردێک لە نێوان دەزگاو موئەسەساتی ئۆباما بکەین لە گەڵ جۆرج بووش، من تەسەورم ئەوەیە دەسەڵاتی تازە لە واشنتن بەرامبەر مەسائیلی ئێران جدیتر بیر دەکاتەوە. موتاڵای دەکات وە دووی ئەوە دەکەوی فاکتۆری جۆراو جۆر لە عیلاقاتی خۆی لە گەل ئێران بکاتەوە. تەئکید دەکاتە سەر مافی مرۆڤ و مەسائیلی دیموکراتیک. ئەمە مانای ئەوەیە ئێران دەکێشێتە ناو بازنەیەکی گەورەی مەسائیلی دێموکراسی،مافی مرۆڤ و ئەو جۆرە شتانە. بەمانە ئێران مەجبوور دەبێ بچێتە نێو ئەو بازنەیە، ئەگەر ئێران بچێتە نێو ئەو بازنەیە ئەبێ پاشەکشە بکات. بۆ وێنە لە سەر کێشەی ئەتۆمی ڕەنگە بە چالشی بکێشن، بەو مەعنایە ئەگەر ئێران جوابی دنیای دەرەوە نەداتەوە دام ودەزگای ئۆباما دەستی ئاوەڵا تر دەبێت کە لە دژی ئێران شتێک بکات. سادەتر لە دەزگای جۆرج بووش فەرقەکەی ئەوەیە ئۆباما لە موقعیەتی خۆی لە نێو ئەورووپا هەم لە نێو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەنگ و گوفتارێکی مەعقولتر هاتوەتە مەیدانەوە، بە ئیعتباری ئەوەی دەستیشی لە ئاست ئەوە ئاواڵاترە. جۆرج بوش لەو خانەدا، لەو سیناریۆیەدا وەک ئۆباما دەستی ئاواڵە نەبوو، وەک ئەویش خۆشەویست نەبوو. لە ئەواخیری مانگی ٦ دا من لە واشنگتۆن بووم لە گەڵ وەزارەتی دەرەوە، بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەراست دانیشتنمان بووە. لە ئەو دانیشتنەدا جارێکی تر تەئکیدمان کردەوە ئێمە لایەنگری ئەوەین لە گەڵ حکومەتی ئەمریکا بەرامبەر مەسەلەی ئێران مەسئول بین، پێمان راگەیاندن کە ئەگەر قەرارە لە دژی حکومەتی ئێران هێرشێک دەست پێبکەن‌و خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردتان لەگەڵدانەبێ و ئەگەر پشت بە میتۆد و خەباتی مەدەنی نەبستن سەرکەوتوو نابن. هۆکەشی ئەمەیە کە کێشەی ئەتۆمی بە تەنیا ناتوانێت چارەسەری مەسەلەی ئێران بێت، چونکە ئەمە کێشەیەکە دەیان ساڵ دەخایەنێت هەتا چارەسەر بێت. بەڕای ئێمە ئەگەر کورد و مەسەلەی کوردیش بکرێتە بیانوو ئەوکات دژایەتی کردنی ئیران مەنیقی ترە. بەڵام بە داخەوە بەتەواوی پەیوەندی دێپلۆماسی ئێمە لە دنیای دەرەوە پەرتەوازەیە و هەر لایەنە بۆخۆی کار دەکات. بەداخەوە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە بەرەیەکی کوردی پێکبێنین، ئەو بەرەیە قسەکەرێکی هەبێ یانی نوێنەرایەتی هەموان بکات بە قورسای زۆرتر و دەست ئاواڵەییەکی زۆرترەوە بتوانێ تعامول لە گەڵ دونیای دەرەوەدا بکات، جۆرێک وەزنی کوردی ئێران لە بازنەی دیپلۆماسی بێنێتە دەرێ ئێمە وەک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە سەر ئەوە مەسئەلەیە دەڕۆین و تێدەکۆشین و ئەمانەوێت بە زووترین کات بێتە بەرهەم.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠٠٩**

## خالید عەزیزی: حیزبێکی سیاسی نابێ لە خانەی لێکدانەوەی کێشەکانی رابردوودا گیر بکا



رۆژنامەی "ئاسۆ" رۆژی چوارشەممە ١٤ / ١٠ / ٢٠٠٩ لە ژمارە ١٠٧٦ ی خۆی دا وتووێژێکی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی بڵاو کردۆتەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ئاماژە: بارودۆخەی ئێران پاش راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دیەیەمی سەرکۆماری ئاڵۆزە. ئەم ئاڵۆزیشەش تا ئێستا بەردەوامەو بۆتە جێ سەرنجی میدیا جیهانییەکان و کۆڕو کۆمەڵە سیاسییە نێودەوڵەتییە بڕیار دەرەکان.

لەم پەیوەندییەدا بێگومان رۆڵی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە دەتوانێ بابەتێکی کاریگەر بێ. بەڵام ئایا تا چەندە توانیویانە دەور بگێڕن؟ ئۆپۆزسیۆنی کوردی یەکێک لەو فاکتۆرانەیە کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا هەمیشە جێ سەرنج بووە بۆ ئێرانییەکان، بەڵام پرشو بڵاوی نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زەربەی لەم بابەتە داوە و کاریگەری نیگەتیڤی داناوە. بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتانە "خالید عەزیزی"، سکرتێری گشتیی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" لەم دیدارەدا وەڵامی پرسیارەکانی رۆژنامەی ئاسۆ دەداتەوە.

***ئاسۆ: سەبارەت بەبارودۆخی ئێران ئاڵۆزییەکانی دوای هەڵبژاردن هەڵسەنگاندنتان چۆنە؟***

***خالید عەزیزی:*** پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ئەوە گەورەترین رووداوە کە تا ئێستا لە گۆڕەپانی سیاسی ئەو وڵاتەدا هاتۆتە گۆڕێ. لە رابردووشدا ئەم جۆرە کێشانە لەلایەک لەنێوان قۆڵەکانی دەسەڵات و لەلایەکی دیکەوە لە نێوان خەڵکو دەسەڵاتدا لە ئارادا بووە. بەڵام سروشتو چەندو چۆنی، رەوتو پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان، ئێستای ئێران بە تەواوەتی لەگەڵ

رابردوو لێک جیا دەکاتەوە. واتە، سروشتی هەڵبژاردنەکان جۆرێک بوو کە هەر چوار پاڵێوراوەکە لەلایەن دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی( وەکوو شورای نیگابان) کۆماری ئیسلامییەوە پەسەند کرا بوون، بەڵام ململانێیەکان جۆرێک بوو کە کۆمەڵێک بابەتی لەگەڵ خۆی هێنا گۆڕێ و تەنانەت لە سەر تەلەفزیۆنی ئێران بڵاوبووەوەو ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بەدواداچوونی بارودۆخەکە بکەن. لە ئاکامی ئەمەدا لایەنی ریفۆرمخواز دژی ئەو لایەنەی کە بە پاوانخوازان ناسراون، کۆمەڵێک شتی هەبوو کە باسی بکا. مادام ئەمە لە گۆڕێدا بوو کەشو هەواکە وای لێهات کە خەڵک ئاکامی هەڵبژاردنەکانیان بۆ گرنگ بێ. بۆیە خەڵک راستەوخۆو چالاکانە چوونە نێو پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. بەشداری چالاکانەی خەڵک بووە هۆی ئەوەی کە ئێستا ئەو بارودۆخە لەو وڵاتە بێتە گۆڕێ.

***ئاسۆ: ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ دەکرێ بڵێین دەرفەتێکە بۆ نەتەوە بندەستەکان کە ساڵانێک بوونیان دانی پێدانانرێ و چەوساونەتەوەو مافی سیاسی نەبووە، بێنە مەیدان؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێک دێنە سەر کێشەی نەتەوە بندەستەکانی ئێران کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێتەوە. هەر چەند ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، بەڵام قورسایی ئەو نەتەوانە بە قەرای یەک نییە. جیاوازیان لەگەڵ یەک زۆرە. لە ئێراندا هەمیشە فارسەکانو ئازەرییەکان قورسایی زیاتریان لە گۆڕانکارییەکان و روخانو دروست کردنی دەسەڵاتەکان لە تاراندا هەبووە. نەتەوەی کورد کە لە پلەی سێهەمدایە، سەرەڕای خەباتێکی دوورو درێژ، سەرەڕای چالاکیی حیزبایەتی و کاری سیاسی ئەکتیڤ، کاری بە کۆمەڵو مەدەنی بە قەرا ئازەرییەکانو فارسەکان لە رووی جەماوەرەوە قورسایی نییە کە بتوانێ دەوری سەرەکی بگێڕێ. نەتەوەکانی دیکە وەک عەرەب،و بەلوچ و... لە پلەی خوارتردانو لە پەراوێزدان. مادام ئەمە موزایکی نەتەوەکانی ئێرانە، ئێمە ناتوانین چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە هەموو نەتەوەکانی ئێران لە داهاتوودا بە یەک ئەندازە لە چەندو چۆنی هاوکێشەکاندا دەوریان هەبێ. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشتی جووڵانەوەی ناسیۆنالیستی ئەو نەتەوانە لەگەڵ یەک جیاوازە. مادام ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، مادام لە ئێران نەتەوەکان کەم و زۆر ویست و داخوازییەکانی خۆیان هێناوەتە گۆڕێ، رادەی رێکخستنی ئەو نەتەوانە لەسەر داوای نەتەوایەیی خۆیان بوارێکی زۆر دروست دەکا بۆ هاتنە گۆڕی کێشەو داخوازییەکانی ئەوان. بەڵام رێکخستنی ناسیۆنالیستی نەتەوەکان لەم پەیوەندییەدا دەوری تایبەت دەگێڕێ. جێگای خۆیەتی کە بڵێم بە هۆی ئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەچاو نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بە هێزترەو کێشەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ٣٠ ساڵە بۆتە بابەتێکی جیددیو بۆ کۆماری ئیسلامیو لە رای گشتی خەڵکی ئێراندا زەقە و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، لەسەر یەک کێشەکە بۆتە "ئەمری واقیع"و ئینکار ناکرێ.

***ئاسۆ: باشە لەم رووەوە دەکرێ بڵێین کە بارودۆخی ئێستای ئێران هەلێکی تایبەتە بۆ ئەوەی کورد هەوڵ بدا لەو خانەیەدا زیاتر بێتە گۆڕێ و کەڵکی لێ وەربگرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** لانی کەم تا ئەو جێگەی کە پەیوەندی بە"حیزبی دیموکراتی کوردستان"ەوە هەبێ، ئێمە لە واقیعدا بە

خوێندنەوەی بارودۆخی ئێران، بە ئەزموون وەرگرتن لە کێشەی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ٣٠ ساڵی رابردوواو هەڵسەنگاندنێکی بالانسی هێزەکان لە نێوخۆی ئەو وڵاتەدا لێکدانەوەیەکی نوێمان کردووە هێناومانەتە گۆڕێ. هەر چەند حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبێکی نایاساییە لە نێو خۆی ئێران و لە رووی سیاسیو یاساییەوە رێگای پێنادرێ کە چالاکیو جمووجووڵی هەبێ، بەڵام ئێمە هاتینە سەر ئەوە باوەڕە بە جۆرێکی دیکە بچینە نێو گەمەکان. ئێمە ئەو جارە بە نیسبەت هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئێرانەوە، هەوڵماندا لەو ململانێیانەدا بە جۆرێک کێشەی کورد بێنینە گۆڕێ. بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یەکەم هەنگاودا بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو هەڵبژاردنەکانی تەحریم نەکرد، بەڵکوو کێشەی کوردی لەو نێوانەدا هێنایە گۆڕێ، پەیوەندی بە چالاکانی سیاسی کورد لە نێو خۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی سیاسی ئێرانەوە کرد. پێمان راگەیاندن کە هەرچەند حیزبەکەی ئێمە لە ئێران حیزبێکی یاسایی نییە، ئێمە بە باشی دەزانین ئێوە هەوڵبدەن کە ئاوڕێک لەو بابەتانە بدرێتەوە. هەر لەو پەیوەندییەدا یەکێک لە پاڵێوراوەکانی پۆستی سەرکۆماری(مێهدی کەڕوبی) بەیاننامەیەکی ٨ ماددەیی بڵاو کردەوە کە بە بەراوەرد کردن لەگەڵ رابردوودا هەندێ شتی باس کردبوو کە ئێمە لە چاو فەزای سیاسی ئێران بە باشمان زانی و تاوتوێمان کردو هەوڵماندا کە کۆمەڵانی خەڵک ئەو دەرفەتە بقۆزنەوەو ویستو داخوازییەکانی خۆیان بێننە گۆڕێ. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو باوەڕەدا بووین ئەو لایەنەی کە بە قۆڵی ریفۆرمخواز ناسراوەو دوای راگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە لایەن قۆڵی پاوانخوازەوە(عەلی خامنەییو مەحموود ئەحمەدی نژاد) کەوتنە بەر زەختو سەرکوت، ئەگەر بێنە سەرکار باشترە. ئەوان لە خامنەیو ئەحمەدی نەژاد باشتر بوون. ئەوە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی بکرێ لە داهاتوودا رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیار و بڕیاریان بکەیتەوە. حیزبی ئێمە خوێندنەوەکەی ئەوە بوو کە مادام ئێمە وەک نەتەوەی کورد بە تەنیا توانای ئەوەمان نییە کۆماری ئیسلامی بڕووخێنینو ٣٠ ساڵیشە دژی خەبات دەکەین، چ بکەین لە مەیدانێکی دیکەدا کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران بکەین. خوێندنەوەکە ئەوە بوو کە ئێمە بتوانین لە ئاستی ئێراندا بچینە نێو کۆمەڵێک گەمەی نوێو لە نێو ئێرانییەکاندا دۆست پەیدا بکەین. بە جۆرێک لە نێو ئەو کەسانەدا لە ئێراندا پرسیار دروست بکەین کە بەو قەناعەتە بگەن (ئەگەر بکرێ) لە پێناو بەرەو پێش بردنی پرسی کورددا ویستو داخوازییەکان بێنە گۆڕێ.

***ئاسۆ: ناتەبایی نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆر جار باسی لێ دەکرێ ئەمڕۆ بۆتە ئاستەنگێکی جیددی لە بەردەم خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا. لەمێژە باس لەوە دەکرێ کە جۆرێک لێک تێگەیشتنێک دروست بکرێ، پاشان بوار بۆ هاوکاری لەگەڵ یەکتر خۆش بکرێو لە ئاکامدا لە چوارچێوەی بەرە یا هاوپەیمانییەکدا لە دەوری یەک کۆببنەوە. بەڵام تا ئێستا شتێکی عەمەلیو دیار لەو پێناوەدا نابینین. بۆ ئەو دۆخە تا ئێستا هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووەو وەک خۆی ماوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ژیانی سیاسی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە تێکڕایی هەموو رێبەری حیزبەکانو بەشی سەرەکی کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی ئاشکرایان ئێستا لە تاراوگەنو لە ناوخۆی کوردستان نینو ئەو ژیانە یەکسانە ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە جۆرێک ماندوویەتی باڵ بەسەر هەموو ئێمەدا بکێشێ. نموونەیەک دێنمەوە، کاتێک

کە جووڵانەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران دەستی پێکردو خاتەمی بوو بە سەرکۆمارو لە پەرلەمانی شەشەمی ئێراندا کوردەکان "فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد"یان پێکهێنا، ئەم فەزایە یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی کە ئەقڵیەتی سیاسی و نەتەوەیی ڕووناکبیرانی کورد ببووژێتەوەو داخوازی هەبێ و خۆی لە پانتای سیاسی ئێراندا ببینێتە گۆڕێ. ئەوکات زۆربەی حیزبەکان سیاسیەتی تەحریم کردنیان گرتەبەر. جیاوازیان لە نێوان ڕیفۆرمخوازانو لایەنەکەی دیکە لە ئێران دا نەدەدنا. تەنانەت لەو ڕوانگەشەوە کە متمانەیەک بدەن بە چالاکانی سیاسی کورد لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەچوونە نێو مەسەلەکەوە. بۆیە ئەو نموونەم هێناوە کە بڵێم پانتای سیاسی ئێران ١٠ ساڵ لەمەوبەر، واتە لە سەردەمی خاتەمیدا تۆزێک باش بوو، بەڵام ئێمە وەک حیزبەکان نەمانتوانی کەڵکی لێ وەربگرین. ئەو پاسیڤیزمە ببووە هۆی ئەوەی کە دوور کەوتنەوەیەک لە خوێندنەوەی نێوخۆی ئێران دروست ببێ. دوورکەوتنەوە لەوەی کە ئێران گۆڕاوە. کوردستان گۆڕاوە. مادام ئەو دوور کەوتنەوەیە لە ڕووی خوێندنەوەی بارودۆخی نێوخۆی ئێران باڵی بەسەر حیزبەکاندا کێشا بوو، لە لایەک پاسیڤ بووینو لە لایەکی دیکەوە کێشەو ناکۆکی نێوخۆیی پەرەی ئەستاندو دوایی ئەو لەتبوونو جیابوونەوانە حیزبەکانی گرتەوە. کاتێک ئەو لەتبوونو جیابوونەوانە ڕوویدا(کە بەشێکی زۆری هیچ پەیوەندی بە ستراتیژی سیاسیو کێشەی جیددی لەسەرکێشەی کوردستانو ئێران نەبوو)، زۆرتر میکانیزمی پێکەوە هەڵکردن بە بنبەست گەیشتبوو. مادام ئەو لەتبوونو جیابوونەوانە هاتنە گۆڕێ، ئەو لەتبوونانە بوون بە هۆی ئەوەی کە لایەنەکان یەکتر قبووڵ نەکەن، هەرکەس لایەنی خۆی بە ڕەوا بزانێو شەرعیەت بە خۆی بداو لایەنەکەی دیکە بخاتە پەراوێزەوە. ئەمە سیناریۆێکە کە هەتا ئێستاش بەردەوامە. ئەم دۆخە بۆتە هۆی ئەوەی لەباری دەروونییەوە لەتبوونو جیابوونەوەکان سێبەرێک بخاتەسەر چۆنیەتی پەیوەندی ئەو حیزبانە لەگەڵ یەکتر. بەهەرحاڵ تا ئێستا بەداخەوە بوارێکی وا دروست نەبووە کە ئەو حیزبانە بتوانن لەگەڵ یەکتر دابنیشن و کێشەکانیان چارەسەر بکەنو میکانیزمێک بۆ هاوکاری لەگەڵ یەکدی ببیننەوە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، لانیکەم لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، بە شێوەی جۆراوجۆر چ لە ڕاگەیاندراوی فەرمیدا لە چ بڕیاراتی کۆبوونەوەکانماندا بە پێداگرییەوە کار لەسەر ئەوە دەکەین کە میکانیزمێک ببینینەوە بۆ نزیکبوونەوە لەگەڵ لایەنەکان. یەکێک لە میکانیزمەکان ئەوەیە کە بۆ جارێکیش بووبێ لە دەروازەی ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی کوردستانو ئێرانەوە سەیری حیزبایەتی بکەین، نەک لە دەروازەی حیزبایەتییەوە سەیری ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی کوردستانو ئێران بکەین. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوەمان هێناوەتە پێشێ. ئەو هەڵوێستەی کە ئێمە لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێراندا گرتمان، ڕێک لەم پێناوەدا بوو. ئێمە بە خوێندنەوەی بارودۆخی نێوخۆی کوردستانو ئێران سیاسەت دەکەین، نەک بەپێی سروشتی حیزبێک کە لە تاراوگەیەو ڕێبەریەکەشی لەتاراوگەیە.

***ئاسۆ: باشە ڕوانگەی حیزبەکانی دیکە بەرامبەر بەم هەوڵەی ئێوە چ بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** لەسەر خاڵێکی دیار ئەگەر بۆتان باس بکەم، لانیکەم لە پەیوەندی لەگەڵ وەبیر هێنانەوەی ٣٠ ساڵەی(ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ) خۆڕاگری خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر فتوای جیهادی "خومەینی" دژی خەڵکی کورد لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێمە لەگەڵ لایەنە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتینو ئەوەمان هێنا گۆڕێ کە چ بکەین هاوئاهەنگییەک دروست بکەینو ئەو ڕۆژە مێژووییە بکەینە سەرەتایەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک. بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ زۆربەی حیزبو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبووینەوە، تەنانەت پەیامێکمان بۆ لایەنی"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" ناردو وتمان پێمانخۆشە ئەوان لە شتێکی ئاوادا بەشدار بن. لە ئاکامدا ئەم هەوڵانەوە ئەوەی لێکەوتەوە کە ئێمە لەسەر یەک تێکست(دەق) ڕێککەوتین. ئەوەیش ئەوە بوو کە ئەو پەیامە هەر حیزبێک بە نێوی خۆیەوە بڵاوی بکاتەوە. ئەوە هەنگاوێک بوو کە دەبێ لەمەوبەدوا میکانیزمی دیکەی بۆ بدۆزینەوە.

***ئاسۆ: ئاماژەتان بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد. ئێستا دەبینین هێشتا هیچ پەیوەندیەکی وا نییە لە نێوان ئێوە(حیزبی دیموکراتی کوردستان)و ئەواندا. ئایا هیچ هەوڵێک لە ئارادایە ئەو پەیوەندییە ئاسایی بێتەوە. یا ئێوە مەرجێکی تایبەتتان لەو بارەوە هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە زۆر جار ئاماژەمان پێکردوە لەتبوونی حیزبی دیموکرات بەرهەمی هەرەس هێنانی میکانیزمی پێکەوە هەڵکردن بوو. مادام بەرهەمی ئەمەیە دەبێ لە میکانیزمێک بگەڕێ کە بکرێ لە داهاتوودا ببێتە ڕێگا چارەیەکی گونجاو. هەر دووکمان حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین، لە ڕێگا چارەکاندا کەمو زۆر لێک نزیکین، ڕابردوومان هاوبەشە، هەر دوو لاشمان لە ڕابردوودا لەسەر کەوتنەکانو شکستەکانی حیزبی دیموکراتدا بەشدار بووین. ئەگەر وایە ئێستا قسە لەسەر داهاتوو دەکەین. حیزبێکی سیاسی نابێ لە خانەی لێکدانەوەی کێشەکانی ڕابردوودا گیر بکا، بەڵکوو دەبێ بیر لە ڕێگا چارە بۆ کێشەکانی داهاتوو بکاتەوە.

***ئاسۆ: خۆ ئێستا جیاوازیەکی زۆر لە ڕووی سیاسییەوە لە نێوان هەر دوو لا هەست پێدەکرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوەندەی پەیوەندی بە پەیڕەو پرۆگرامەوە هەبێ، جیاوازییەکان ئەوەندە گەورە نین. هەر چەند کۆنگرەی چواردەی ئێمە هێندێک ئاڵوگۆڕی لە پەیڕەو پرۆگرامدا هێنا ئاراوە، بەڵام ئەوانە کۆسپی جیددی نین. کاتێک دەکرێ قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین کە ئێمە هەر دوو لا قبووڵ بکەین کە لەتبوونی حیزبی دیموکرات چاک یان خراپ"ئەمری واقیع"ە تەواو. ئەمە یەکە. دووهەم: هەر دوو لا لەو واقیعیەتە تێبگەین کە چالاکییەکانمان لە ئاستی نێوخۆ و لە ئاستی دەرەوەی وڵات هیچ کێشەو کۆسپێک نیە بۆ ئەویتر، بەڵکوو ئەوە گۆڕەپانێکی دیکەیە بۆ بەهێز کردنی جووڵانەوەی کورد. ئێمە لە ڕووی یاسایی، تەکنیکی، سیاسیو دیپلۆماتیکو ڕاگەیاندنو ڕێکخستنەوە هیچ کێشەو گرفتێکمان لەگەڵ لایەنی دیکە نییە. هیوادارین ئەوانیش هەست بەوە بکەن کە هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئێمەدا نییە. بە کورتی تەمەنی مرۆڤایەتی و پەیوەندی مرۆڤەکان لە خیزبایەتی کۆنترە، بۆیە مرۆڤ نابێ هەرگیز لەسەر حیزبایەتیو بەرژەوەندی حیزبی دوژمنایەتی یەکتر بکا.

***ئاسۆ: بەم پێیە هیچ مەرجێکتان بۆ دانیشتنو دیالۆگ نییە؟***

***خالید عەزیزی:*** مادام هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ ئەوان نییە، هیچ مەرجێکیشمان بۆ دانیشتنو قسە کردن لەسەر ئەو بابەتانە نییە. هەر لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، زۆر لایەنی سیاسی کە دۆستی هەر دوو لامانن، چ حیزبو چ کەسایەتی، لێرە، لە ناوخۆ، لە دەرەوە لەگەڵ ئێمە دانیشتنیان بووە، داوایان لێکردوین کە بۆ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیو تەنانەت یەکگرتنەوەی هەر دوولا ئێمە دانیشتنمان هەبێ. ئێمە هەمیشە لە وڵامدا وتوومانە بۆ دانیشتن لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان هیچ مەرجێکی تایبەتمان نییە. ئەگەر رۆژێک پێکەوە دابنیشین دەبێ هەموو شتێک باس بکەینو رابردووی ئەو کێشانە لێک بدەینەوەو بتوانین مکانیزمێک ببینینەوە لەسەر چەندو چۆنی داهاتووی پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوولا و هاوکاریمان لەگەڵ یەکدی. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان لەسەر بنەمای عەقڵانییەتو مەنتق بەوە گەیشتین کە ئەو دوو حیزبە یەک بگرنەوە یا یەک بگرنەوەو ئێمە ئامادەین.

***ئاسۆ: ئێوە کە هیچ مەرجێکی تایبەتان نییە ئایا مەرجیش لەو لایەنە قبووڵ ناکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە بۆ دانیشتن نە مەرجو شەرت بۆ ئەوان دادەنێنو نە مەرجو شەرت لەوان قبووڵ دەکەین. ئێمە هەر دوولامان حیزبی ناپاسایین لە ئێراندا، هەر دوولامان لە دەرەوەی وڵاتین، لە تاراوگەین، هەر لایەنێکمان بڵێ من ئەوەندەم خەڵکی کوردستان لەگەڵەو ئەو ئەوەندەی لەگەڵە، ئەوانە هەمووی بانگەشەیە. تا رۆژێک لە رۆژان هەر دوو حیزبی دیموکرات نەچوونەتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵکو لە هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراتیکدا خەڵک دەنگی خۆی نەداوە، دیاری نەکردوە کە ئەو حیزبە چەند کورسی وەبەر دەکەوێو ئەوی دیکە چەندەو... هیچ لایەنێکمان ناتوانێ بڕیار لەسەر پۆزیشێن(موقعیت)ی خۆی بدا. بۆیە ئێمە مەرج دانان بە دروست نازانین لە هیچ لایەکەوە. باشترین قازی(دادوەر) سەندوقەکانی دەنگدانی خەڵکە، نەک قەزاوەتی ئەندامانی تۆڕی هەر دوولا.

***ئاسۆ: ئەوان وەک مەرجێک باس لەوە دەکەن کە ئێوە نێوی خۆتان بگۆڕن. چۆن چاو لەم مەرجە دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** لە پەیوەندی لەگەڵ نێودا پێمخۆشە ئاماژە بە چوار لایەنی بکەم. لایەنێکی مێژووییە: لە مێژووی حیزبی دیموکراتدا هەم نێوی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" هەبووە و هەم نێوی"حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران". یەکەم جار ئەم حیزبە لەسەر ئەمری "پێشەوا" بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دامەزراوەو و لەکاتی کۆماری کوردستانیش کە حیزبی دیموکراتی کوردستان دایناوە بە نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. ئەوە لە رابردوودا بەڵگەکان لەبەر دەستدانو چاو لە رۆژنامەی کوردستانو راگەیەندراوەکان دەکەی هەموو ئەوە دەسەلمێنن. زۆر دواتر ئاڵوگۆڕێک بەسەر نێوەکەدا هاتووەو ئەو نێوە بۆتە "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران". پاش ئەوەی حیزبی دیموکرات ئەو لەتبوونەی بەسەر داهات، لایەنێک کە ئێمەین نێومان"حیزبی دیموکراتی کوردستان"ەو لایەنەکەی دیکەش نێوی "حیزبی دیموکراتی

کوردستانی ئێران"ە. ئەوە لایەنی مێژووییەکەی. لایەنی یاساییەکەی: حیزبی دیموکرات چ "حیزبی دیموکراتی کوردستان"و چ "حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" بێ لە ئێران نایاسابییە. لایەنی نێودەوڵەتییەکەی: ئەو ماوەی کە ئێمە بە نێوی"حیزبی دیموکراتی کوردستان"ەوە لە چالاکی نێو دەوڵەتیداین چ لە ئەمریکا، چ لە ئەورووپاو چ لە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ شوێنە یاساییەکان هیچ گرفتێکمان لەسەر "نا" بۆ نەهاتووەتە پێشو دڵنیام ئەوانیش هیچ گرفتێکیان نییە بەو نێوە. ئەو دوو نێوە لە واتای ئینگلیزییەکەی‌و کورتکراوەی ئینگلیزییەکەیدا، بە تەواوەتی لەگەڵ یەک جیاوازن. ئێمە پێکەوە لە ئەنترناسیۆنالدا بووین و ناوی هەر دوولاشی تێدایەو بۆ ئەنترناسیۆناڵو حیزبەکانی بەشدار لەوێ کێشە نەبوو. ئێستاش بێ کێشە پەیوەندیمان لەگەڵ لایەنە جۆربەجۆرەکان لە ئەورووپاو ئەمریکا هەیەو بۆ هیچ لایەکیش کێشە نەبووین. ئەوە لایەنی نێو دەوڵەتییەکەی. لایەنی سیاسییەکەی: کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ناوخۆ سەرەڕای ئەوەی پێیان ناخۆش بووە کە ئەو حیزبە لەت بووە، لایەنگرانی حیزبی پێشوو کەمو زۆر دابەش بوونە. هەر دوولا ئێستا چالاکی خۆیان دەبەنە پێشێ. رۆژانەش ئێمە هیچ گرفتێکمان نییە لە بەکارهێنانی ئەو نێوەدا. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرنگتر هەر وەک ئاماژەم پێکرد داهاتوو بڕیار لەسەر ئەو بابەتە دەدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی : ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٩

## وتووێژی تایبەتی رۆژنامەی کوردستان لەگەڵ هاوڕێی خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان


کوردستان
کورد هەقی خۆیەتی داوای پشتیوانیی نێونەتەوەیی بکا

**خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەت لە گەڵ" کوردستان" ئێمە لە روانگەی بەرژەوندی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتووی کێشە نارِوونەکانی ئێران دا، دەروانینە پرسی بەرەی یەکگرتوو،**

### رۆژنامەی "کوردستان"

**بەمەبستی تیشک خستنە سەر کۆمەڵێک پرس و رووداوی گرنگی هەنووکەیی لە روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە رۆژنامەی "کوردستان"، وتووێژێکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی ئەم حیزبە، پێکهێناوە. لەو وتووێژە دا، رێزدار عەزیزی، ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دوایانەی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی لیبی و سوریە و کاریگەریی ئالوگۆڕەکانی ناوچە لەسەر بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران و پرسی کورد داوەتە بەر سەرنج.**

***کوردستان: لە کەمتر لەیەک ساڵی رابردوو دا سێ دەسەڵاتی دیکتاتوری گەورەی ناوچە لەناو چوون: تونس، میسر و بەم دوایانەش لیبی. هەروەها شەپۆلەکانی ئەو شۆڕشە جەماوەریانە بەشێکی زۆری وڵاتانی دیکتاتۆری ناوچەی گرتۆتەوە و شیمانەی ئەوە دەکرێ ژمارەیەکی دیکەش لە دیکتاتۆرانی ناوچە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا هەرس بێنن. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە جەماوەرییانە لەچیدا دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** **دەبێ هۆکارەکان لە کۆمەڵێک فاکتۆردا ببینین کە ئەو جۆرە وڵاتانەی پێ پێناسە دەکرێ: یەکەم ئەو وڵاتانە، وڵاتانی دیکتاتۆر و ئیستبدادی بوون، لە وڵاتانە کە دیکتاتۆر دەسەڵاتی هەیە بە سیستمیکی ئیستبدادی بەڕێوە دەچێ. تەبیعەتەن ئازادی نییە، ئازادی ئەحزاب نییە، ئازادی هەڵبژاردن نییە. ئازادی دەربڕینی بیروڕا نییە، ئازادی**

خۆپێشاندان نییە. لەسەر یەک کۆمەڵگەکە و خەڵک چ بە شێوەی تاک و چ بە شێوە کۆ، هیچ مەجالێکیان نییە کە بیروڕای خۆیان دەرببڕن و هەست بکەن کە لە ئیدارەی وڵات دا دەور و دەسەڵاتیان هەیە. ئەوە بە واتای ئەوەیە کە دەسەڵات وەڵامدەر نییە بە نیسبەت ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە ئاکامدا خەڵک بەدوای ئەوە دا دەگەڕێن کە حکوومەتێکی وەڵامدەریان هەبێ و تەنانەت لەو پەیوەندییە دا دەکرێ تەئکید لەسەر ئەوەش بکەمەوە کە لەو سیستمانەدا کەرامەتی تاکە کەسیش پێشێل دەکرێ، هەرێمی شەخسیی خەڵکێش تەجاوزی پێ دەکرێ. هەمووی ئەوانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگە هەم بە شێوەی تاک و هەم بەشێوە کۆ، ئەمنییەتی سیاسی و تاکەکەسی نەبێ و لە نەتیجەدا لەو سەردەمەدا بەدوای ئەوە دا بگەڕێن کە ڕێگا چارەیەک ببیننەوە و ڕێگا چارەکە دەقیقەن ئەوە بوو کە ئێمە شاهیدی هەین کە ئەوە شۆڕش لەو وڵاتانەدا کراوە و ئەو وڵاتانە ئاڵوگۆڕیان تێدا پێکهاتوە و حکوومەتە ئیستیبدادییەکان نامینن، لەسەر یەک ئەگەر کورتی بکەمەوە شەڕی بەرەی دێموکراسی و ئازادی و مافخوازییە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە پێناوی دروستکردنی حکوومەتێکی وەڵامدەردا.

***کوردستان: ئایا دەکرێ بڵێین بەهۆی گەشە و بەرفراوانبوونی تۆڕی پێوەندییەکان و هاتنە ئارای دیاردەی بەجیهانیبوونەوە، چەمەکانی ئازادی، دێموکراسی و عەدالەت بوونەوە ئەرزشگەلی جیهانی؟ ئایا سەرهەڵدانی جەماوەری لەو وڵاتانەدا کە باسمان کردن لە سایەی هاتنە ئارای ئەو دۆخەوەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە لە جێی خۆیدا بە تەواوی دروستە، چەندین دەلیل بۆ دروستبوونی ئەو بۆچوونە هەیە: یەکەم، ئەگەر چاو لە ڕێژەی دەوڵەتانی دنیا بکەی دەکرێ بڵێین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی ئیستیبدادەکان کەم دەبنەوە و لەو وڵاتانەدا دێموکراسی دادەمەزرێ. مادام دێموکراسی دادەمەزرێ، بەدوای خۆیدا تەبیعەتەن نەهادینە دەبێ و دەبێ بە فەرهەنگ. کاتێک دیموکراسی نەهادینە بوو، ئەو ئەرزشە لەنێو کۆمەڵگەدا جێ دەکەوێ و تەنانەت هەندێ نەسڵ لەگەڵی گەورە دەبن، پێیانوایە ڕەعایەتی ئەو پرێنسیپانە لە ژیانی مرۆڤ، مادام ئێمە لەو سەردەمەدا دەژین کە ژمارەی دیکتاتۆر و ئیستیبدادیەکان کەم دەبێتەوە و ژمارەی دێموکراسیخوازەکان زیاتر دەبێ و دێموکراسییەکان ئەو فەرهەنگە لە کۆمەڵگاکان دا نەهادینە دەکەن، تەبیعەتە لە دنیا ئەمڕۆدا کە هەموو شتێک بۆتە جیهانی، ئەوەی کە پێی دەڵێن گلۆبالیزم – ئەو عەقڵێیەت و بۆچوونەش بە مەرحەمەتی تێکنۆلۆژیی میدیایی لە دنیادا بڵاو دەبێتەوە، بۆیە ئەو خەڵکانە کە لە وڵاتانی دیکتاتۆر و ئیستیبداد دا دەژین، بەهۆی لە ئارادا بوونی کاناڵەکانی ماهوارە و ئەنتێرنێت و کۆمەڵێک کەرەسەی پێوەندی، هەست پێ دەکەن کە لە بێ مافیەکی یەکجار زۆردا دەژین. بۆیە ئەوەش ئیلهامێک دەدا بە وان و لە هەمان کاتدا هانیان دەدا کە هەست بکەن لە چ مافێک بێ بەهرە بوون. لە نەتیجەدا بەدوای دا دەگەڕێن و کاری بۆ دەکەن تا بەو شێوەیە شۆڕش بکەن و ئەو سیستمانە بڕووخێنن.

***کوردستان: بەڕێز کاک خالید! بە رای جەنابت جیاوازیی جەوهەری لە ڕاپەڕینی خەڵک لەو وڵاتانەدا بەدی دەکرێ و یا هۆکارەکان، ئامانجەکان و ئاکامەکانی ئەو شۆڕشانە لێک نزیکن و لە یەک ئاراستە دان؟***

***خالید عەزیزی:*** لە دوو بواردا هەمویان یەکن: یەکەم، ئەوەیە کە ئەو وڵاتانە ئیستیبداد و دیکتاتۆریان تێدا هەیە و وڵاتی دێموکرات نین و ئازادیی سیاسیان تێدا نییە، دووهەم ئەوە کە خەڵک بە دوای ئازادی و مافی خۆیان دا دەگەڕێن، جا لەوانەیە تەبیعەتی هەرکام لەو وڵاتانە. شێوەی ئیدارەکە، تەنەووعاتی تایفەیی، عەشیرەتی، تەنەووعاتی مەزهەبی، تەجروبەی پێگەیشتنی ئەو وڵاتانە و یا سیستمی ئیدارەی ئەو وڵاتانە لێکیان جیا بکاتەوە. ئەوەی لە میسر بوو. شێوەیەکی جیاواز بوو، ئەرتەشی میسر لەمێژە مەوقەعییەتێکی گونجاوی بۆخۆی هەیە. بەجۆرێک تەعامولی کرد لەگەڵ شۆڕش کە شۆڕشەکە لە میسر، مەسیرێکی تایبەتی خۆی هەبوو. لە لیبی پەیوەندی ئەرتەش و دەسەڵات زۆر توکمە و تێکەڵ بوو، حیزب و ئەرتەش و دەسەڵات بە حەددێک تێکەڵ بوو کە هەموویان بە یەکەوە کەوتنە بەر پەلاماری کۆمەڵانی خەڵک و لێک جیا نەدەکراوە، لە سووریەش دا ئەرتەش و دەسەڵات زۆر تێکەڵن، بۆیە ئیعتمالی ئەوە هەیە سووریەش هەر مەسیرێکی وەک لیبی بەخۆیەوە بگرێ و ئیدامە پەیدا بکا. دەکرێ بڵێم کە جیاوازییەکان زۆر نین. ئەگەر ئەو وڵاتانە تەنەوعاتی میللییان زۆر تێدا بوایە. شایەد ئەوکات تەبیعەتێکی دیکەی دابا بە چەند و چۆنی شۆڕشەکە و هاتنە گۆڕی کۆمەڵێک مەسەلە، تەنیا لە مەوریدی سووریە دا دەکرێ بڵێم تەجروبەیەکی تایبەتی، بە حوکمی ئەوەی کوردیش لەوێ هەیە و سووریە بە بەراوەرد لەگەڵ وڵاتانی شۆڕشلێدراوی دیکە، پێکهاتەی سوننی، شیعەی عەلەوی تێدا هەیە و کوردیشی تێدا هەیە.

***کوردستان: گۆڕانی سیستمە سیاسیەکان لە ناوچە دا بە کام ئاقار دا دەڕوا؟ بەرەو نیهادینە بوونی دێموکراسی و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان. یان بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییە توندڕەوەکان و بەرهەمهێنانەوەی شێوازێکی دیکە لە دیکتاتۆری؟ بە گشتی پێتانوایە چ گۆڕانێک لە موعادلاتی سیاسیی ناوچەدا دێتە ئاراوە؟***

***خالید عەزیزی:*** دەکرێ کۆمەڵێک سێناریو لەو وڵاتانە دا پێش بینی بکرێ، تەبیعەتەن لە دەورانێک دا ئینقلاب دەکرێ، هەم خەڵک تووڕەیە و هەم ئەوەی لە دەسەڵات دەکەوێ تووڕەیە و هەمیش مەعلووم نیە سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە لە داهاتوو دا چۆن دەبێ. بە تایبەت لەم وڵاتانەش کە هەموویان ئیحساسێکی عەرەبییان دژی مەسەلەی ئیسرائیل هەیەو لە هەمان کاتیشدا ئیسلام بۆتە فاکتەرێک لە کێشە سیاسیەکاندا، ڕەنگە چەندوچۆنی تەعامول لەگەڵ ئیسلام و ئەوەی کە ئیسلام چۆن لە دەسەڵات دا دەوری هەبێ و ئوسووڵەن ئەو دەوڵەتەی دێتە سەرکار، چون لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی فەلەستین دا پیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا ڕێک دەخا. کۆمەڵێک پرسیار لە گۆڕێ دا هەبێ و تەنانەت جاری وایە شوعاری توند دەدرێ یا قەزاوەت دەکرێ کە ئەو وڵاتە دەکەوێتە ژێر دەستی ئەو حیزبە ئیسلامیە یا فلان حیزبە توندرەو، ئەو جۆرە باسانە ئاساین لە دەورانی ئینقلاب دا. ئینقلاب تەبیعەتی تایبەت بە خۆی هەیەو کۆمەڵێک بابەت دێتە گۆڕێ و ڕەنگە وەڵامی هەموو پرسیارەکان ئاوا بە پەلە نەدرێتەوە. ئەوەندی پەیوەندی بە ئیسلامێکی توندڕەو هەیە لەو وڵاتانە دا، ئەمن پێموایە لەسەردەمی ئێستا دا هەروەک پێشوو ئاماژەم پێکرد بە حوکمی ئەوەی کە دێموکرادی نەهادینە دەبێ. ماف نەهادینە دەبێ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە تێکرا پێشوازی لەوە دەکا و ئوسوولەن

دیکتاتۆرەکان پێگەیەکی ئەتۆیان نەماوە، پێش بینیی ئەوە ناکەم لەو وڵاتانەدا تەنانەت ئەگەر حیزبی ئیسلامییش هەبێ، تازە ئیسلامی جۆری تاڵەبان، ئیسلامی نەوعی جەمهووریی ئیسلامی یا ئەلقاعیدە دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە دوای ئەمنیەتدا دەگەڕێ و ئوسوولەن ئەو وڵاتانە ئیدی پێیان خۆشە لە ئەمنیەت و ئارامش دا بژین. چون دێموکراسی و ئازادی لەگەڵ ئەمنیەت و ئارامی دێتەوە. ئیسلامیکی توندڕەو دیسانەکە مەترسیە بۆ سەر دێموکراسی و زوو ئەو نیگەرانییە کە کۆمەڵگەکە دا جێ دەخا کە نەکا وەک حکوومەتە ئیستبدادییەکان پێشوویان لێ بێ.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئێمە دەبێ راستیەکیش لەبەر چاو بگرین ئەویش ئەوەیە تورکیە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو بە تایبەت لەوکاتەوە کە حیزبەکەی ئەردۆغان دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. تێدەکۆشی سیمایەکی ئارام و موتەعادل و لیبراڵ لە ئیسلام بێنێتە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. بە تایبەت دوای ئەو هەموو دەوڵەتانە کە ئیسلامی سیاسی بە القاعیدە و بە توندڕەوی پێناسە کرا، ئەوان دەیانهەوێ بە شێوەیەکی دیکە پێناسەی بکەنەوە. هەر ئەوەشە کە تورکیا ئێستا دەورێکی زۆر دەگێڕێ لە چەندوچۆنی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەو وڵاتانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بۆیە پێش بینی دەکەم لەوانەیە لەسەرەتاوە کێشە هەبێ، بەهۆی ئەوەی کە دێموکراسییان تەجروبە نەکردوە، بەهۆی ئەوەی دەورانێکی زۆر لە ژێر دەسەڵاتی ئیدتبدادی دابوون؛ گواستنەوە لە دەورانی ئیستبدادی کە فەرهەنگێکی وێرانکەر لە کۆمەڵگە دا دروست دەکا بۆ سەردەمێکی دێموکراسی و ئارامی، لەو دەورانەدا کێشە زۆر دێتە پێش، پێش بینی هەندێک کێشە و لێک هەڵبەزینەوە دەکەم. ئیحتمالی هەیە لە هەڵبژادنەکانیش دا ئەو کێشانە هەبێ، بەڵام لە درێژخایەن دا وردە وردە هەمووی ئەو وڵاتانە بەرەو ئەوە دەچن کە دێموکراسی تێیان دا سەقامگیر بێ و هەڵبژاردنی ئازادیش تێیاندا نەهادینە بێ و ببێتە وڵاتێکی موتەنەوویعی سیاسی.

***کوردستان: مەسەلەی سوریە و ئاڵوگۆڕەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئێران و بۆ کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە ئەگەری رووخانی رێژیمی بەشار ئەسەد دا. داهاتووی کورد لە سوریە بەگشتی و لە پارچەکانی دیکەی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟***

***خالید عەزیزی:*** دەکرێ بڵێم سوریە بە سێ دەلیل جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەیە، بەتایبەت ئەوەندەی پەیوەندی بە قەزیەی کوردەوە هەیە. بەشێک لە نەتەوەی کورد لە سوریە دا دەژی. تەبیعەتەن ئەگەر کورد لەو ئاڵوگۆڕانە دا باش کار بکا و لە ئێستا دا خۆ رێک بخا و یەکگرتوو یەکدەنگ بن. دەتوانن کاریگەری لەسەر چەندو چۆنی دەسەڵات لە دیمەشق دابنێن و کورد لەوێدا ببێتە فاکتۆرێک کە لە حەددی خۆیدا لە چۆنیەتیی دروستکردنەوەی سیستمی داهاتووی سوریەدا دەور ببینێ. ئەوەش سیگناڵێکی باشە بۆ کورد کە لەو بەشەی کوردستان دا ببێتە خاوەن ماف. لە هەمان کاتیشدا سیگناڵێکی جیددیشە بەو وڵاتانەی کە مەسەلەی کوردیان هەیە بەو واتایە کە دەکرێ قەزیەی کورد بچێتە پایتەختیش و لە رێگای

قانوونی و گفتوگۆ و دیالۆگ چارەسەر بکرێ.

لەلایەکی دیکەوە خودی سوریە لە پانتایی سیاسی ئەمنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا هاوپەیمانی ئێران و تەنانەت بە ئیعترافی زۆران، ئێران پشتیوانی ڕاستەوخۆ لە مانەوەی حکوومەتی بەشار ئەسەد دەکا و لە باری نیزامی لۆجیستیکییەوە قەرارگای قودس کە بەشی دەرەوەی سپای پاسدارانە، دەورێکی زۆری هەیە لە سەرکوتی کۆمەڵانی خەڵک و بۆیە تێدەکۆشێ بە هەموو شێوازێک پێش بە ڕووخانی ئەو حکوومەتە بگرێ. بەتایبەت ئەگەر حکوومەتی سوریە لە ڕیگای شۆڕشێکی جەماوەرییەوە بڕووخی، یەکەم پێگەی کۆماری ئیسلامی لاواز دەکا و دۆستەکانی وردە وردە هەر کەم دەبنەوە. دووهەم: ئیلهامێکی باش دەدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بە هەموو نەتەوەکانەوەو بە هەموو ئەوانەی لە پێناوی دێموکراسی دا خەبات دەکەن کەوا ڕۆژ بەڕۆژ ئەو فاکتۆرانە کە دەست دەدەنە دەستی یەک بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و لە بەین چوونی ئەو حکوومەتە وا دیارە لەپەرەسەندن دان. بەم هۆکارانە پێموایە ڕووخانی ڕێژیمی سوریە و سەرکەوتنی شۆڕشی جەماوەری لەو وڵاتە هەم کاریگەری باشی لەسەر پرسی کورد دەبێ و هەم پەیامێکیش دەبی بۆ داهاتووی جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕ لە ئێران.

***کوردستان: هەندێک لە چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران پاش هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە جۆزەردانی ١٣٨٨ دا، سەرتای دەستپێکی ئەو سەرهەڵدانە جەماوەرییانە بوو کە وڵاتانی باکووری ئەفریقا و دواتر سوریەی گرتەوە. واتە بزووتنەوەی سەوزی ئێران بە دەسپێک و پێشەنگی ئەو شەپۆلە دەزانن و لە سەر ئەو بڕوایەن کە سەرکەوتنی شۆڕش لە سوریە، دەستپێکردنەوەی نارەزایەتییەکان لە ئێرانی لێ دەکەوێتەوە. ئێوە دەڵێن چێ؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوەری من دوای ئینقلابی ئێران دا. جموجۆڵەکانی نێوخۆی ئێران و ئەو شۆڕشە بەرینەی کە لە نێوخۆی ئێران دا بەر لە دوو ساڵ پێش ئێستا دەستی پێکردوە، یەکەم لە سەردەمێکدا دەستی پێکرد کە میدیای نێودەوڵەتی، تەلەڤیزیۆنەکان، ئینتەرنێت، لەسەر یەک ئامرازەکانی گەیاندن زۆریان پوشش داو هەواڵەکانی ئەم ڕووداوە بە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی و بە زمانەکانی دیکەی زۆر دنیا دا بڵاو بۆوە، قەتعەن ئەوە ئیلهامێکی لە نەوعی خۆیدا بە وڵاتانی دیکە و بە کۆمەڵانی خەڵکدا کە دەکرێ جموجۆڵی وا دژی حکوومەتە ئیستبدادییەکان بکرێ. هەروەها بەهەمان شێوە کە دۆستانی حکوومەتەکەی ئەحمەدی نژاد و خامەنەیی: حکوومەتەکانی سوریە و وێنزۆئێلا و کۆریای باکوور و ئەو جۆرە حکوومەتانەن، تەبیعەتەن کۆمەڵانی خەڵک و شۆڕشەکانیان، دۆستەکانیان لە نێو کۆمەڵانی خەڵک تەجروبەی شۆڕشەکان لە وڵاتانی دیکە هەڵدەبژێرن، بۆیە کاتی خۆی کە کۆمەڵانی خەڵک لە وڵاتانی عەرەبی دەستیان بە ڕاپەڕین کرد. ئیلهامیان لە ڕاپەڕینەکەی ئێران وەرگرتوە و زۆریان پێخۆش بووە. دڵنیام لەمە بە دواش خەڵکی ئێران ئەو ئیلهامەی کە بە وڵاتانی دیکەیان دا، ئەو جار بە تەجروبەیەکی دیکە - بۆیە دەڵێم تەجروبەیەکی دیکە چونکە قەتعەن بەو ئاڵوگۆڕانەی لەو وڵاتانە هاتنە گۆڕێ، کۆمەڵێک تەجروبەی تێدا هەیە - لە ئێران دەست پێ دەکاتەوە.

ئەمن پێموایە حکوومەتی ئێران دەرەنگ یا زوو لە شەپۆلی ئەو راپەرین و شۆڕشانە رزگاری نابێ و دڵنیام ئەوجار کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بە شێوەیەکی رێکوپێکتر، بە دەرس وەرگرتنێکی زورتر لە رابردووی راپەرینەکەی پێشوو، دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی دەست بە راپەرین دەکەنەوە. راستە ئێستا خەڵک لەبەر زۆڵم و زۆری دەسەڵاتی رەهای سوپای پاسداران ناتوانن بێنە شەقام. بەڵام بە مەعنای ئەوە نییە کە خەڵک لەنێوخۆیاندا و لەدڵی خۆیاندا ئەو حکوومەتەیان دەوێ. من پێموایە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک ئێران رێژیمی کۆماری ئیسلامیان ناوێ، بەڵام لە دەرفەتێک دەگەڕێن کە مەجالی ئەوەیان بۆ برەخسێ ئەو حکوومەتە برووخێنن.

***کوردستان: وێدەچێ کۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقای گرتۆتەوە لە بەرژەوەندی گەلانی ستەم لێکراو و یەک لەوان کورد بشکێتەوە. ئایا کورد ئامادەیی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانانەی دا هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** لە بەرئەوەی بەرژەوەندی کورد واتە دروستکردنی بەستەر و زەمینەیەک کە بکرێ ویست و داخوازییەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ تەنیا لە دێموکراسی دا جێبەجێ دەبێ، هەر دوور نەڕۆین ئەوەتا ئاڵوگۆڕێ دێموکراتێک لە عێراق و پێکهاتنی حکوومەتێکی فێدراڵ، کە جۆرێک دێموکراسی تێدا هەیە دەرفەتێکی بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردوە. وێدەچێ ئەو دەرفەتە لە سوریە دروست ببێ و ئێستا لە تورکیە بە خۆشیەوە دەستی پێکردوەو بەرەو ئەوە دەچێ رۆژ بە رۆژ زیاتر نەهادینە بێ. ئەگەر لە ئێرانیش کەشوهەوایەکی وا بێتە پێش، یانی کورد فازی یەکەم تێدەپەڕێنێ، کورد ئێستا فازی یەکەمی تێنەپەڕاندوە، فازی یەکەم ئەوەیە خۆی لە مەترسیی شەڕو لە نێوچووندا رزگار بکا. ئەگەر ئەو وڵاتانە دا دێموکراسی نەهادینە بێ، لەباری رەوانییەوە فازی یەکەم تێپەڕ دەبێ و جووڵانەوەی کورد واریدی فازی دووهەم دەبێ و دەچێتە نێو پرۆسەی وڵاتداری و ئیدارەی وڵات و شەڕی قانوون و بەشداری لەچەند و چۆنی ئیدارەی ئەو وڵاتانە. ئەو قۆناغەش کاتی دەوێ.

ئەگەر ئەو دەورانەش تێپەڕ بێ لەوانەیە لە درێژەی خۆیدا کورد واریدی قۆناغی سێهەم بێ و کورد ئەو کاتە بیر لەوە بکاتەوە لە پانتایی رۆژهەڵاتی نیوەڕاستدا و لەو وڵاتانەی کە بەسەریاندا دابەش کراوە، چۆن بەستێنێک دروست بکا بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دێموکراتێک گفتوگۆ لە مەسیری هەڵسەنگاندن و رێفراندۆمێک کە لەگەڵ مەنشوور و قانوونە نێودەوڵەتییەکان بێتەوە، قەزیەی خۆی بێنێتەگۆڕێ. بۆیە من لەسەر ئەو بڕوایەم مادام کورد بۆخۆی شەڕ بۆ دێموکراسی دەکا، بۆ ماف شەڕ دەکا و پشتیوانی دەکا لە دروستبوونی بەستێنی دێموکراسی، قەتعەن لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کەڵک وەردەگرێ و پێشموایە ئیدامەی ئەو پرۆسێسە لە بەرژەوەندیی کورد دایە بەگشتی.

***کوردستان: لەمێژ ساڵە باس لە گرینگی و پێویستیی پێکهێنانی هاوپەیمانی و یەکگرتوویی لە نێوان سەرجەم لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکرێ. بەڵام دەبینێن بە کردەوە حیزب و لایەنە سیاسییەکان پرش و بڵاون و رەوتی پێچەوانەیان گرتۆتە بەر. ئێوە وەک سکرتێری گشتیی یەکێک لە دیارترین لایەنەکان. چۆن دەڕواننە ئەو کێشەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** پێش هەر شتێک دەبێ ئیعترافێک بکەین، ئەو بابەتە هێندی باس لێ کراوە و هیچ نەکراوە و هێندە دووبارە دەکرێتەوە و لە کاتێکدا ئێمە هەر لە کەشوهەوای ئینشعابات و لەتبوون و لێک دوور کەوتنەوە داین، وای لێهاتووە بڵێم باسەکە بە مەعنای عام تامی نەماوە. بەڵام بە مەعنای خاس وەک ئەرکی حیزبی هەر لە جێگای خۆیەتی و گرنگیی خۆی بە تەواوی هەیە. ئەوەندەی پەیوەندی بە ئێمەوە بێ، یەکەم: پێمخۆشە ئاوا دەست پێ بکەم ئوسوولەن مادام قسە لە بەرەی دەکرێ بە مەعنای ئەوە چەندین حیزب لەگۆڕێدا هەن و ئەو چەندین حیزبە دەبێ لەسەر هەندێک مەسەلە تەوافوقیان هەبێ و بکرێ لانیکەم پلاتفۆرمێک یان پرۆژەیەکی هاوبەشیان هەبێ کە وەڵامدەری نیازەکانی خەباتی کورد لە کوردستانی ئێران لەسەردەمی ئێرانی ئێستا دا بێ، ئەگەر چاو لەو چەند حیزبە بکەین. دوو لای دێموکرات و چەند لای کۆمەڵەی تێدا هەیە. لایەنەکانی دیکەش هەن. بە باوەڕی من تا دوو لای دێموکرات بە جۆرێک لە تەعامول لەگەڵ یەکتر، بە لێک نزیک بوونەوەو لەیەکتر گەیشتنێک و بە تەوافوقێک نەگەن، ناکرێ ئێمە قسە لە بەرەیەکی کوردی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. ئەگەر واقعبینانە بچینە نێو مەسەلەکە. لەبەر ئەوەی بەرە بەو لایەنانە دروست دەبێ، مادام ئەو لایەنانە بۆخۆیان نەیانتوانیوە کۆمەڵێک گرفتی نێوخۆیی چارەسەر بکەن ، بۆیە ناکرێ قسە لە بەرە بکەین. من پێموایە ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە کە چۆن بکرێ بەستێنک دروست بکرێ کە چیدیکە لە ژێر کاریگەریی ڕەوانی لەتبوونەکان نەمێنینەوە و هەموو لایەک باسەکە فەعال بکەین و لەژێر ڕووناکایی ئەوەی کە ئێرانی داهاتوو دا کە کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون دێتەگۆڕێ، ئەگەر ئێمە ڕێگا چارەیەک نەبینینەوە، لەوانەیە کورد نەتوانی هەلومەرجەکە بقۆزێتەوە و لەوانەیە کەشوهەواکە بە جۆرێک بێ کە ئێمە تەنانەت تێیدا زەرەرمەندیش بین نازانین داهاتووی ئێران چی لێ دێتەوە ئەگەر تۆ بە هێزێکی یەکگرتووی کوردی بچیە نێو ئەو گۆڕانانەوە، تەبیعەتەن ئەوکات دەتوانی دەوری خۆت لە حەددی پێویست دا بگێڕێ. بۆیە من قەزیەی بەرە لەو ڕوانگەیەوە چاو لێ ناکەم کە ئیمە چەند حیزب لەگەڵیەکدا دابنیشین و ڕابگەیەنین کە بەرەمان هەیە. بەڵکوو دەیخەمە نێو خانەی بەرژەوەندیی کورد لە کوردستانی ئێران لە داهاتووی کێشە ناڕوونەکانی ئێران داو ئەوەیە دەبێ هانمان بدا ئێمە بەرەو ئەوە بچین کە ڕێگا چارەیەک بدۆزینەوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە زووەوە گوتومانە هیچ کۆسپێک نین لەسەر ڕێگای دروستکردنی بەرەیەک یان تەنانەت ئەگەر پێمانوایە ئێستا بەرە زۆر گونجاو نیە، لەسەر ڕێگەی لێک نزیک بوونەوە یا هاوکارییەکی بەپلان و بەرنامە. لەسەر لانیکەمی شتە هاوبەشەکان، بۆیە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەموو ئەو ریگاچارانە ئامادەگیمان هەیە و لەو پێوەندییە دا هیچ مەرجێکی تایبەتیمان نییە.

**ڕۆژنامەی کوردستان**

**٢٠٠٩**

# خالید عەزیزی: کوردستان موڵکی تایبەتی هیچ حیزبێکی سیاسی نییە

خالید محەمەدزادە

**خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە نایشاریتەوە کو زۆربەی ئێرانیەکان هیچ لە کێشە کورد نازانن و داوا لە کوردەکانی ئێران دەکات کار بکەن بۆ ناساندنی کێشەکەیان لە ناو ئێرانیەکان و هاوکات داوا لە لایەنەکانی شەڕی ناوخۆ لە کوردستانی ئێرانیش دەکات داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن.**

***پرسیار: پێگەی کورد لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی چۆن دەبینێ؟***

***وەڵام:*** ئەوەندی پەیوەندی بەو بەشە لە خەڵکەوە هەیە کە بە جۆرێک بە دواداچوون بۆ کێشەی کورد دەکەن و هەست دەکەن کورد زۆڵمی لیدەکرێت، جۆرێک هاودەردی لەگەڵ کورد هەیە لە رووی مرۆڤایەتیەوە، بەڵام ئەگەر باس لە روانگەی دەوڵەتان بەرامبەر بە کورد بکەین ئەو زۆر جیایە.

***پرسیار: جیاوازیەکەی لە چێدایە؟***

***وەڵام:*** تا ئەو جیگایەی پەیوەندی بە ئاستی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانەوە هەیە کورد ئەگەر وەک نەتەوەیەک چاوی لێ بکەین و سەیر بکرێت ناکەوێتە ناو معادیلاتی دەوڵەت لەو بازنەیەدا، قەزیەی کورد لەهەر پارچەیەک لە چوارچێوەی حکوومەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە باسی لێوە دەکرێت لە دنیا دەرەوە. بە حوکمی ئەوەی کە پەیوەندی نێودەوڵەتی

لەسەر بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتان دامەزراوە، هەر بۆیە ئەوان قەزیەی کورد لە چواچێوەی پەیوەندیەکانی خۆیان لە گەڵ ئەو دەوڵەتانە پێناسە دەکەنەوە.

***پرسیار: ئالەم بازنەیەدا دۆخی کوردی ئێران چون سەیر دەکرێت؟***

***وەڵام:*** ئەو ماوەیەی کە بۆ خۆم لە ئەمریکاو ئەوروپا بوومە، بۆم دەرکەوتووە ئەو دەوڵەتانە کاتێک باسی کوردی ئێران دەکەن تەنیا لە دەلاقەو روانین و خوێندنەوەی حکوومەتی ئێرانەوە سەیری کوردی ئەو وڵاتە. بەڵام بە بەراورد لەگەڵ سالانی پێشوو قەزیەی کورد بە گشتیی ناسراوەو ئەزمونی هەرێمی کوردستانیش یارمەتی قەزیەکەی کردووە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی کێشەی کوردی تورکیاش هاوکاری زۆری کردووە کە کێشەکە بناسرێت. بۆیە کێشەی کورد پشتگوێ ناخرێت، بەڵام لە تەعامولی سیاسی جیاوازیان لەگەڵ یەکتر هەیە.

***پرسیار: باسی ئەوەت کرد کە وڵاتانی دەرەوە لە دەلاقەی روانینی حکوومەتی ئێرانەوە، سەیری کێشەی کورد لە ئێران دەکەن. پرسیار ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران چ وێنەیەکی لە دەرەوە لە کوردی ئێران بەدەستەوە داوە؟***

***وەڵام:*** ئەم دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی رووبەروو بونەوەی حکوومەتی ئێران لەگەڵ کێشەکە. ئەگەر فشارێک لەسەر ئێران هەبێت لەسەر قەزیەی کورد کە بەباوەڕی من زۆر بەکەمی ئەو فشارە هەیە لە دەرەوە، لەو حاڵەتانە ئێرانییەکان تێکۆشاون بڵێن کورد لە ئێران بە زمانی زۆی قسە دەکات و لە چوارچێوەی قانوون مافی پارێزراوە. بەڵام تا ئێستا زۆر دیارو بەرچاوە نەمبینیوە بڵێن لەسەر کورد ئەو تێبینیەمان هەیە. هەندێکجاریش کە راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا یا یەکیەتی ئەورۆپا لەسەر ئێران هەلاواردن لە ئێران بڵاو دەکرێتەوە. لەو چوارچێوەش قەزی کورد دێتە گۆڕێ.

***پرسیار: بەپێی قسەکانی ئێوە. هەتاکوو ئێستا کوردەکانی ئێران نەیانتوانیوە پرسی خۆیان لە دەرەوە بخانە بەرباس. حیزبی ئێوە لەو بارەوە چێکردوە بۆ ورژاندنی ئەو پرسە؟***

***وەڵام:*** ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی هەولی زۆرمانداوە کە قەزیەی کورد بهێنینە گۆڕێ، بەڵام مەجالی مانۆرو کاروباری دیپلۆماسی دەگەرێتەوە سەر دۆخی خۆت لە پانتا سیاسیەکاندا. ئێمە تێکۆشاوین دنیای دەرەوە سەرنج بدەنە قەزیەی کورد لە ئێران، ویستومانە وێنەیەک لە کورد بدەینە دەرەوەو لە رێگا دیالۆگەوە ویستومانە کێشەکەمان چارەسەر بکەین. هەوڵمانداوە دۆست پەیدا بکەین، بەڵام ئاکامی دیپلۆماسی ئێمە کاتێک دەتوانی باش بێت کە من ئێستا بۆخۆم لیی رازی نیم دەبێت یەکگرتوو بین. ئێمە ئەوەی لە تواناماندا بووە کردوومانە بەڵام کوردی ئێران ئەگەر بتهەوێ وەک نەتەوەیەک دیپلۆماسی بکات. دەبێت حیزبەکانی یەکگرتوو بن و لایەنی دەرەکی هەست بەوە دەکات ئەو نەتەوە یەکگرتوویە. بەداخەوە ئەوە کەموکوری ئێمە بوو. بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم لە ئەوروپا هەم لە ئەنتێرناسیونالی

سوسیالیست و لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش هەوڵمانداوە کار بۆ قەزیەیەکە بکەین.

***پرسیار: تۆخۆت رازیت لەو هەوڵانە؟***

***وەڵام:*** ئەوندەی پەیوەندی بە پرۆژەی حیزبی ئێمەوە بێت بە پێی توانای خۆمان کارمان کردووە، بەڵام وەک کوردی کوردستانی ئێران لەکاری خۆمان رازی نیم. هۆکەشی ئەوەیە کە بەداخەوە حیزبەکان پرشوبڵاون و هەر کەس لە روانگەی حیزبەکەی خۆی کاری دیپلۆماتیک دەکات.

***پرسیار: کێشەکە هەر یەکنەگرتنی حیزبەکانە یا نا دەبێت لە شوینی دیکەوە بۆ کێشەکان بچین بۆ نمونە ئێستا جگە لەحیزبەکان بە هەزاران کەسی غەیرە حیزبی لە کوردی ئێران لە دەرەوەی وڵاتن؟***

***وەڵام:*** بەپێی دۆخی ئێران لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مەجاڵ بۆ مانۆردانی ئێمە دەکرێتەوە. کێشەی دنیا دەرەوە لەگەڵ ئێران، زیاتر کێشەی ئەمنیەت و ئاسایشە کە ئێران وەک مەترسیەک چاو لێ دەکەن. لەو حالەتەدا کێشەکە کورت دەکرێتە بۆ سەر بەرژەوەندیەکی دیاریکراو. ئەگەر بەجۆرێک لە داهاتوودا ئێرانیش سازش لەگەڵ دنیای دەرەوە بکات، رەنگە زۆر گوێ بە ئێمە نەدەن، بەڵام ئێمە خۆمان تێکۆشان کێشەی مافی مرۆڤ و ئازادیەکان بهێنینە گۆڕێ. دنیای دەرەوە لە ئێستا دا بە شوێن ئالترناتیڤێکی دیاریکراو بۆ ئێران ناگەرێ وەک نموونە عێراق و ئەفغانستان، ئەمەش وایکردوە کە کاری ئێمە نەکەویتە چوارچێوەی دیپلۆماتیەکی کاراوە.

***پرسیار: بەڵام ئەوە تەنیا دیوێکی ئەو لاوازیەیە کە باسی دەکەی، لە ناوخۆی ئێرانیش بەرای من کوردەکان دیسان نەیانتوانیوە تەنانەت کێشەکەشیان ئێرانی بکەن؟ وانا ئێستا زۆرێک لە هاووڵاتیانی ئێرانی نازانن کوردی ناو ئێران چیان دەوێ؟***

***وەڵام:*** وایە، حکوومەتی ئێران تا ئێستا بەرامبەر بە کورد لەناو ئێران بێدەنگی هەڵبژاردووەو میدیاکانی باسی ناکەن. بۆیە خەڵکی ئێران زۆر کێشەی کورد تێناگەن بە تایبەت ئەو نەسلە لاوەی کە ئێستا لە ئێران هەن نازانن ئێمە چێ دەڵێین بە باوەری من ئەوە ناتەواویەکی گەورەی ئێمەیە لە ئێران کە بە باشی خەڵکی غەیرە کورد لە کێشەکەمان تێناگات. من قبوولی دەکەم دەبێ تێبکۆشین لە داهاتوودا خەڵکانی دیکەی ئێران لە کێشەی ئێمە تێبگەن. مادام ئێمە دەمانەوێ کێشە کورد لە چوارچێوەی ئێران چارەسەر بکرێت دەبێ ئەو کارە بکەین.

***پرسیار: چی بکرێت باشە؟ ئێران هەموو چالاکییەک بە پیلان سەیر دەکات و هاوکات لە ساڵانی رابردووش دا کوردەکان هەر جموجۆڵێکی دەرەوەی خۆیان بە گۆمانەوە سەیر کردووە؟ ئەم پەیامە دەبێت چون کاری لەسەر بکرێت؟***

**وەڵام**: یەکەم ئەوەی کە هەموو تاکێکی کورد مافی خۆیەتی لە جووڵانەوەی کورد لە ئێران بەشدار بێت. دووهەم میتۆدو شێوازی جۆراوجۆر دەکرێت کاری پێبکرێت، سێهەم کوردستانی ئێران موڵکی تایبەتی هیچ حیزبێکی سیاسی نییەو تەنانەت موڵکی سیاسی هەموو حیزبەکانیش نییە، موڵکی سیاسی ئەو نەتەوەیە کە بۆخۆی بڕیار دەدات. ئێمە دەبێ فەرهەنگی پاوانخوازی حیزبی لە نێو بەرین، نابێت بەچاوی گۆمانەوە سەیری هەموو جموجولێک بکەین. دەبێ تێبکۆشین متمانە بگەڕێنینەوە بۆ نێو کۆمەڵگا. ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کێشە داین، نەک لەگەڵ نەتەوەکەی خۆمان. ئەو خەڵکە وەک ئێمە بیر ناکەنەوە. خەڵکی تر ڕەنگە بە شێوازی دیکە بیر بکەنەوە.

***پرسیار: هەست ناکەی بوونی پاشماوەی کەلتۆری شەڕی چەکداری و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە هۆکار بن بۆ نەبوونی کاری دێموکراتی لە ناو کوردەکانی ئێران و حیزبەکانیان؟***

**وەڵام**: "سروشتی شەڕی چەکداری و ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەر ئیمەدا سەپاندووە مەجالی کاری دێموکراتی حیزبی بۆ ئێمە زۆر کەم هێشتەوە. ئێمە لە کاری مەدەنی و خەباتی مەدەنی بەراستی بێ ئەزموون بووین. لە سەردەمی خاتەمی کرانەوەیەک هاتە گۆڕێ لە کوردستان کە من بە باشی دەنرخێنم، خەڵکی تریش شێوەیەکی تریان لە جموجۆل هێنایە گۆڕێ. بۆیە سەیر نییە حیزبەکان کە ٣٠ ساڵ لە کێشەدان لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی تەنیا عادەتیان بە یەک جۆر لە خەبات گرتبێت. سەیر نییە ئەو هەموو کوشتاری کۆماری ئیسلامی و ئەو هەموو زیانەی ئێمە داومانە زۆرتر لە یەک خانە لە کێشە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی مابێتەوە، مەجالی دیکە کەم بووە کە شێوەی تر تاقی بکەینەوە. ئێستا ئێران ئەو مەجالە نادات. بەڵام ئێمە زۆرمان پێی باشە ئەو مەجالە هەبێت. بەڵام من ئەوە قبووڵ دەکەم کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کەم لە ژیانی دێموکراتی بوون تا عادەت بە فرەیی لە خەبات بگرن.

***پرسیار: حیزبەکان تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ پرسی کورد لە ئێران هەیە تا ئێستا کێشەکە بە کێشەی چینایەتی وەسفدەکات. ئەحزابی ئیسلامیش هەن پێیانوایە کێشەکە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە دەبێت چارەسەر بکرێت. حیزبیش هەیە دەڵێت پرسەکە نەتەوەییەو دەبێ چارەسەری دێموکراتی بۆ بکرێت. کێشەی کورد لەگەڵ حکوومەتی ئێران چ پێناسەیەک هەڵدەگرێت؟***

**وەڵام**: کێشەی کورد لە ئێران بەتەواوی کێشەیەکی نەتەوەییە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی ئێمە پێمانوایە دێموکراسی و بەشداری خەڵک و هەڵبژاردن هاوکاری دەکات بەوەی کە کێشەکان چارەسەر بکرێت. ئێمە سروشتێکی دێموکراسیخوازی پێدەدەین. بەڵام لە نیو کۆمەڵگای کوردیش بۆچوونی جیاوازیش هەیە. هەر حیزبیکیش بەپێی ئایدئۆلۆژی خۆی خوێندنەوەی خۆی هەیە بۆ کێشەکە، بەڵام ئێمە وەک حیزبی دێموکرات کار بۆ ئەوە دەکەین ئەو نەتەوەیە لە چوارچێوەی ئێران بە مافەکانی بگات.

***پرسیار: هیوایەک بۆ کاری هاوبەش لە ناو حیزبەکان هەیە بۆ ئەو پرسە؟***

**وەڵام**: ئەو لەتبوون و ئینشعاباتەی ناو حیزبەکان تا ڕادەیەکی زۆر شوێنەواری ماوەتەوە. ڕەنگە زۆر زەحمەت بێت و کارێکی ئاسان نەبێ. بەڵام دەبێ کاری بۆ بکەین کە لێک تێبگەین. بەڵام ئێستا بۆم زەحمەتە بڵێم بەرەیەک و پلاتفۆرمێکی هاوبەش دروست دەبێت. ئەو لایەنانەی کە کێشەیان هەیە لەگەڵ یەکتر دەبێت فێری ئەوە بین لەگەڵ یەکتر دانیشین و قسە بکەین. ئەگەری ئاوریش لە رابردوو دەدەینەوە دەبێ لە ژێر بەرژەوەندی داهاتوو بێت.

***پرسیار**: زۆر جار ناکۆکی هەر دوو حیزبی دێموکرات لەگەڵ یەکتر بە کۆسپی لێک نیزیک نەبوونەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات باس دەکرێت. ئەمە تا چەند راستە؟*

**وەڵام**: ئەوەی کە دوو حیزبی دێموکرات هەیە ئەمری واقیعە. من پێموایە هەر دوو لایەنی دێموکرات دەتوانن زۆر هاوکاری ئەوە بکەن کە چۆن حیزبەکان لێک نزیک ببنەوە. هۆکەشی ئەوەیە کە تۆ قسە لەسەر هەر شتێکی هاوبەش بکەی مادام ئەو دوو لایەنەی دێموکرات تێدا نەبێت، جێبەجێ نابێت. ناکرێت لایەنێکی دێموکرات بەشدار بێت و لایەنەکەی تر نەبێت. ڕێگای کاری هاوبەشی ئەحزابی کوردستانی ئێران لە ڕێگای پەیوەندیەکانی نێوان هەر دوو حیزبی دێموکراتەوە دەبینم لێرەوە دەکرێت ئەو کۆدەنگیە لە نێوان حیزبەکان دروست بێت.

***پرسیار**: لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو هەر دوو حیزبی دێموکرات بۆ خۆت چیتکردووە؟*

**وەڵام**: ئێمە لە دوای کۆنگرەی چواردەوە هەموو کارێکمان کردووە بۆ ئاساییبوونەوەی پەیوەندیەکانمان. وەک خۆشم هەوڵمداوە کە هاوکاری بکەم پەیوەندیەکانمان ئاسایی بێتەوەو بوارێک خۆش بکەین بۆ قسە کرد پێکەوە.

***پرسیار**: ئەوان بە پێشوازی ئەو هەنگاوانەی تۆوە هاتوون؟*

**وەڵام**: پەیوەندیەکانمان بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی رابردوو باشتر بووە. جۆرێک عەتف هەیە بەرامبەر بە یەکتر. هیوادارین ئەوانیش بەوە گەیشتبێتن ک لەتبوونی دێموکرات ئەمریکی واقیعەو هەر دوو لا دەبێ کاری بۆ بکەین بۆ نۆرمال بوونەوەی. دیارە دەبێ ئەوە زۆرتر لەئەوان بپرسێ.

***پرسیار**: باس لە هەوڵەکانی شەخسی خۆت دەکرێت بۆ ئاسایی بوونەوەی کێشەکانتان لەگەڵ حدکا؟ چیتان کردوە؟*

**وەڵام**: زۆر سروشتیە ئێمە پەیوندیمان لەگەڵ یەکتر هەبێت. ئێمە پێش حیزبایەتیش کاک مستەفا هیجری مان دەناسی. لە حیزبایەتیش نێوانمان هەر خوش بووە. ئێستاش بە سروشتی دەزانم پەیوەندیمان هەبێت. پەیوەندیەکەش زۆر سروشتیەو لە گۆڕێ دا هەیە. بەڵام شێوازی ڕەسمی هیچ دانیشتنێکی رەسمی بەینی من و سکرتێری گشتی حدکا نەبووە.

**پرسیار: حدک تا چەند کۆسپ بووە لەسەر ڕێگای یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان؟**

**وەڵام:** بە حکومی ئەوەی تا ئێستا دانەیشتووین لەسەر یەکگرتنەوەی نێوانمان قسە بکەین نەبووە بە باسی جدی لە ناو خۆماندا. لە شیوازی ئەفکاری ئیمەدا کۆسپێک نابینم بۆ یەکگرتنەوە. ڕێبەری ئێمە ئامادەیی تەواوی هەیە لەسەر ئەو شتانە قسە بکات.

**پرسیار: ئێستا خەڵکانێک ئەو دیمانە دەخوێننەوە رەنگە بڵێن ئێوە ئەوەندە باس یەکگرتنەوە دەکەن بۆ جیابوونەوە؟**

**وەڵام:** لا کاری سیاسیدا ناکۆکی و جیاوازی کاتەکی سروشتیە. ئەوە لە مێژووی حیزبی دێموکرات لە دوای کۆماری کوردستانەوە و لە سەردەمی کاک ئەحمەد تۆفیق و د.قاسملوو د. شەرەفکەندی و سەردەمی مامۆستا و سەردەمی کاک مستەفا هیجری تا ئێستا کێشە و ناکۆکی لە ناو حیزبی دێموکرات هەر هەبووە. شتێکی سەیر نییە چۆنکە ئازادی ڕادەربڕینی تێدا بووە! کێشەی سیاسی هەبووە. لە سیاسەت سەیر نییە کە زۆر جار ئەو ناکۆکیەکانە بەوە دەگات کە لێک جیابینەوە. ئێستا هەر دوولا ماوەیەک وەک دوو حیزبی دێموکرات کار دەکەن. جۆرێک خوێندنەوەیان بۆ رابردوو هەیە؟ ئەگەر بەوە بگەن تێکەڵ بنەوە من پێموایە کارێکی باش دەکەن. نابێ بڵێن باشە بۆ جیابوونەوە؟ ئێستا بۆ تێکەڵ دەبنەوە؟ ئەوە لە دنیای سیاسیدا زۆر ئاساییە.

**پرسیار: هیچ زەمانەتیکێش نییە کە دوای تێکەڵبوونەوە ئینشعاب روو بدات؟**

**وەڵام:** لە سیاست و حیزبایەتیش هەرگیز تەزمین نییە کە جەمعێک هەتا هەتا پێکەوە کار بکەن. بەڵام من هیوادارم ئەگەر جارێکیتر لەگەڵ یەکتر دانیشتین. فەرهەنگ سازی بکەین و لە کاری جەمعی دا ئەو مەترسیانەی ئینشعاب دروست دەکەن کەم بکەینەوە. چۆنکە ئەو لەتبوونانە لەسەر کێشەی سیاسی نییە. لەسەر ستراتیژی نەبووە. ئیختلافی زەوق و سەلیقە بۆ بەڕێوەبردنی حیزب بووە.

**پرسیار: لەو شەڕە ئیعلامیەی لە نێوان کۆمەڵەی شۆڕشگێڕو حدکا هەتە گۆڕێ حدک دوای ماوەیەک بێدەنگی. ڕاگەیاندراوێکی بڵاو کردەوە. رەخنەتان لێ دەگرن کە بەیاننامەکەی حدک بە جۆرێک خۆدزینەوە بوو لە دیفاعکردنی لە مێژووی حیزبی دێموکرات؟**

**وەڵام:** ئەوندەی پەیوەندیی بە رابردووی حیزبی دێموکراتەوە هەیە بەباش و خراپ ئێمە خۆمان بە خاوەنی هەمووی دەزانین. ناچمەوە سەر وردەکاری شەڕەکانی دێموکرات و کۆمەڵە. بەڵام بۆیە لەسەر رابردووی هیچ کێشەیەکم نییەو هۆکەشی ئەوەیە کە ئێمە خۆمان بەبەشداری هەموو ئەو بڕیارانە دەزانین کە روویداوە؟

**پرسیار: وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، پێتوایە حیزبی دێموکرات هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆ بووە وەک تەیفی کۆمەڵە دەڵێن؟**

**وەڵام:** من پێموانیە حیزبی دێموکرات هەڵگیرسێنەری شەڕی ناوخۆیی بووبێت. ئەوە قەزاوەتی منە وەک حیزبی دێموکرات. ئەگەر لە کۆمەڵەش هەمان پرسیار بکەی رەنگە ئەوانیش ئەوە بڵێن. بۆیە من دەڵێم هیچ قازییەک ناتوانی قەزاوەت لەسەر شەڕی دێموکرات و کۆمەڵە بکات. ئوسوولەن چوونە ناو ئەو باسەش هیچ ئەنجامێکی نییە. بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو هەڵوێستەی ئێمە ئەوەندی پەیوەندیی هەبێت بە قسەکانی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لەم کتێبەدا. ئێمە ئەوەمان راگەیاندوە کە کاتی ئەوە نەبوو چووبایەتە ناو ئەو وردەکاریانەوە. ئەو وردەکاریانەی کە کاک عەبدوڵڵا باسی کردوە ئێمە وا بیر ناکەینەوە. ئاوا نییە کە کاک عەبدوڵڵا دەڵێت. لە هەمان کاتیش ئێمە دەڵێین با نەچینەوە ناو ئەو کێشانە و وتوومانە ئێمە دەبێ داوای لێبۆردن لە خەڵکی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدانی هەر دوولا بکەین.

**پرسیار: چۆن سەیری ئەو روونکردنەوەی حدکا دەکەی؟ ئەوان دەڵێن ئەمە دیفاع بوو لە مێژووی حیزب و هەڵوێستەکانی دوکتور قاسملوو کە پێویست بوو بمانکردایە؟**

**وەڵام:** مێژووی حیزب بەچاک و خەراپ ئێمەش تێدا بەرپرسین. ئەو روونکردنەوەی حدکا هیچ پەیوەندی بە دیفاعکردن بە مێژووی حیزبی دێموکراتەوە نەبوو. ئوسوولەن هەڵوێستێک بوو لە بەرامبەر ئەو دیمانەی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی. بەڵام لە کێشەیەکی ئاوادا ناکرێت ئێمە دیفاع لە مێژووی حیزبێک بکەین کە تەمەنی ٦٤ ساڵە. لەو مێژوویە زۆر قوناغی بڕیوە و ئەو دیفاعە زۆر لەوە بە بچوکتر دەبینم کە دیفاعی لەو مێژووە کردبێت. مێژووی حیزب زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە بین ئاوا پێناسەی بکەین.

**پرسیار: ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دەبێ ئەو شەڕە نەقد بکرێت؟**

**وەڵام:** فەرقی قەزاوت لە حقووق و قەزاوەت لە سیاسیەت لە سیاسیەت دا ئەوەیە کە لە دادگا قازی بڕیارێک دەدات و تەواو دەبێ و دەوڵەتیش ئیجرای دەکات، بەڵام لە دنیای سیاسەتدا قەزاوەت زۆر سەختە لەسەر رابردوو. بۆیە زۆر زەحمەتە ئێمە قەزاوەتی بێلایەنانە لەسەر ئەو رابردوویە بکەین. قەزاوەتی دواجار لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەکرێت. بەڵام شەڕی ناوخۆیی هەموو لایەکەمان تێدا بەرپرسین و هەوڵ بدەین دووپات نەبێتەوە. ئێمە دەبێ فەرهەنگسازی بکەین و ئەو شتانە دووپات نەبێتەوە بۆ من ئەوە گرنگە لە چۆن دەتوانین فەرهەنگسازی بکەین کە هەرگیز ئەو شەڕە لە داهاتووی کوردستانی ئێران دووپای نەبێتەوە. بەراستی هیچ پاساوێکی بۆ نایەتەوە ئەگەر لە داهاتوو حیزبی کوردی لە گەڵ یەکتر شەڕ بکات.

***پرسیار: ئایا حکوومەتی ئێران ئامادەیی ئەوەی تێدایە دانوستان لەگەڵ ئێوە بکات. ئەمە لەگەڵ ئەوەی پێشتر راتگەیاندبوو ئەگەر مەجالی کارکردن هەبێت لە ئێران ئەوە ئێمە دەگەڕێینەوە؟***

*وەڵام:* من پێموایە ئێران توانایی ئەوەی تێدا نییە کە دانوستان لەگەڵ ئێمە بکات. تەنانەت ئامادەیی ئەوەشی نییە بوونی سیاسی ئێمە لەناو خۆی وڵات قبووڵ بکات، بەڵام ئێمە بۆ ئەو مەسەلەنە دەهێنینەوە گۆڕێ؟ ئێمە لە ئێران بە دوای چارەسەر دەگەڕێین. بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئێران لە داواکانی کورد ناگەن، من بە پێویستی دەزانم ئەو باسانە لە کۆمەڵگای ئێرانی بڵاو بێتەوە. بۆ ئەوەی فشارێکی زیاتر لەسەر کۆماری ئیسلامی هەبێت کە ئەحزابی کوردی شەڕ خواز نین، ئەحزابی کوردی حەزیان لە تەقەکردن نییە. حیزبی کوردی پێی خۆشە ئەگەر مەجال هەبێت لەناو خۆی ئێران چالاکی بکات. ئەو پەیامە من بە دروستی دەزانم کە لە ناو ئێران فەرهەنگسازی بۆ بکرێت. ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی رازی دەبێت بەو داوایە. ئەگەر ئێمە هەر بۆخۆمان بیر بکەینەوە و هەر بۆ خەڵکەکەی خۆمان قسە بکەین خۆ کێشەمان نییە. ئەو پەیامە زۆرتر بۆ خەڵکی دەرەوەی کوردستانە. ئێمە وەک حیزبێکی ناوچەیەیی کێشەمان لەگەڵ تاران هەیە. بۆیە دەبێ ئەو بەبەرپرس بزانین کە نایەوێ کێشەکە چارەسەر بکات و دەبێ داواکاری نوێش بخەینە ناو خەڵک و بڵێین ئێمە ئامادەین دەستپێشخەری بکەین بۆ کێشەکان، خەڵکی ئێران وەک ئێمە بیر ناکەنەوە ئەمە هەڵەیە.

***پرسیار: ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەبزاری خۆی دەوێ بۆ بەرەپێشبردن. ئەم ئەبزارانەش هەتاکوو ئێستاش غایبە. حیزبی دێموکرات چێکردوە؟***

*وەڵام:* لە میدیای حیزبی هەوڵماندوا ئەو بۆچوونە بچێتە پێش، لە میدیای فارسەکانەوە کارمان بۆ کردووە. لە مەیدانی دیپلۆماسی ئیمە ئەو باسانەمان هێناوەتە گۆڕێ. ئێمە دەبێ زمانی ئەو بوارەمان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە

ڕێکەوت: ساڵی ٢٠٠٩

# خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی هاندەری توندوتیژییە




## ڕۆژنامەی میدیا

خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان. لە دیمانەیەکدا کە لە ژمارەی ٤١٨ی ڕۆژنامەی میدیا دا بڵاو بۆتەوە، لەمەڕ کێشە ناوخۆییەکانی ئێران و مەسەلەی ئۆپۆزیسیۆن و شێوەی خەبات و ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و هاوکاری هێزە سیاسییەکان لەسەر ئاستی کوردستان و ئێران و چەند پرسێکی هەنووکەیی، وەڵامی پرسیارەکانی میدیای داوەتەوە.

ڕۆژنامەی میدیا ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتەنەیە، یەکیتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان دەریدەکات.

***پرسیار: چ کاتێک دیپلۆماسی جیهانی لەسەر نەمانی کۆماری ئیسلام ڕێکدەکەوێ؟***

***وەڵام:*** پێموایە مەسەلەی مان و نەمانی کۆماری ئیسلامی مەسەلەی باسی سیستەمی جیهانی نییە. هۆیەکەش ئەوەیە. بە تایبەت بۆچوونی ئەمریکا لە پێوەندی لەگەڵ ئێران ئەمەیە کە ئێران ڕەفتاری خۆی بگۆڕێ، ئێران بەرپرسیارانە لە پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی هەڵسوکەوت بکا، چونکە لە واقیعدا بۆ هێمنی ناوچەکە ئێران وەک فاکتەرێک دەبینین و دەیانەوێ کارێک بکەن کە لەو سیناریۆیەی ئەمنییەتی ناوچە. ئێران نەبێتە هۆکاری گێرەو کێشە، لەبەر ئەوەی بە باوەڕی من ئەوەی کە بیانەوێ کۆماری ئیسلامی ئێران بڕووخێنن، یا وەلای بنێن، یا خۆیان لە کۆڵ کۆماری ئیسلامی بکەنەوە، ناکرێ وەک پرۆژەیەکی گشتی دنیای دەرەوەی چاوی لێبکەی زیاتر باس لەچۆن کۆنترۆڵکردنی ئێرانە.

***پرسیار: ئێوە زۆرجار رایدەگەیەنن کە بۆ رووخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی کار ناکەن. دیارە ئەمبارەوە بەڵگە نادەن، بەڵکوو ئەوە هەر لە گوتندایە و رەنگە گوتاریش دوایی رەتکردنەوەی هاسان بێت. مەبەستتان چییە؟***

**وەڵام:** لە هێچ شوێنێکی پێرەوپرۆگرامی حزبدا باس لە رووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەکراوە. ئەو باسە زیاتر باسی نێو کۆنگرەکان و راپۆرتێکە کە دەدرێ بە کۆنگرە، ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان ستراتیژیمان ئەوەیە پێرەوپرۆگرامی ئەو حزبە لە چۆنیەتی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستان و کۆماری ئیسلامی جێبەجێ بکەین مەسەلەی رووخانی کۆماری ئیسلامیش لە سێ لاوە جێگەی سەرنجە:

**یەکەم:** ئەوەیە کە جیاوازی لە راستی و ناڕاستی ئەو دروشمە، یان ئیمکانی جێبەجێبوونی، ئێمە لەوە باوەڕە داین کە لە ئێرانێکی ٧٥ ملیۆن کەسیدا ئەگەر کورد لەرووی حەشیمەتەوە چاو لێبکەین، ٨ — ٩ ملیۆن کەسن و دەرفەتی رووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ نەتەوەی کورد غەیری عەمەلییە.

**دووهەم:** پێمانوایە لە گۆڕەپانی سیاسی هەموو ئێراندا کاتێک باس لەسەر چۆنیەتی رووبەروو بوون لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکرێت، نابێت وا دەربکەوین کە کورد نەتەوەیەکی رووخێنەرە. بۆیە ئێمە لە چۆنیەتی رووبەروو بوونەوەو هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لەم چوارچێوەیەدا کارمان کردووە. باشترین حاڵەت بۆ بەرژەوەندی دیموکراسی لە ئێران و کورد و کوردستان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی وەک نیزامێکی داسەپاو بە گشتی نەمینێ و لەناو بچێت و حکوومەتێکی دیموکراتی جێگەی بگرێتەوە، بەڵام ئەمەش پێوەندی بە چەندوچۆنی کەڵک وەرگرتن لەو دروشمە هەیە، ئێمە گوتوومانە ئەو دروشمەمان ئێستا وەلا ناوە، بەکاری ناهێنین. یان دەکرێ بهێنینەوە گۆڕێ و بە کاری بێنین لەکاتی خۆیدا، زەمینەی مێژوویی ئەو دروشمە زیاتر بەرهەمی دەورانێکە کە کۆماری ئیسلامی دەرفەتی وتوویژ لەسەر مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران وەلا نا و هێرشی کردە سەر کوردستان و کوردستان لە چوارچێوەیەکی سوپایی پاستاوت و نەتەوەی کورد و هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان ناچار بوون بۆ دیفاع لە خۆیان شەڕی چەکداری بکەن، کەوابوو ئەو دروشمە بەرهەمی کەشوهەوایەکە، مادام بەرهەمی کەشوهەوایەک بێت. دەکرێ لە دەورانی جۆراجۆردا بە سروشتی کەشوهەوا بەکار نەهێنرێ یان وەلا بنرێ. ستراتیژی ئێمە لە جێگەی خۆیەتی و ئەویش ئەوە کە سیستەمی کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و نیزامێکی دیموکراتی بێتە جێگەی و ئەگەر بە رووخان بێت، رووخان باشترین و ئیدەئالترین چارەسەرییە و ئەگەر بە گۆڕانکاری بێت و ئەو حکوومەتە لەسەر کار نەمێنێ و حکوومەتێکی عاقلانی بێتە سەرکار، ئەوەش هەر باشە. بەکورتی دەڵێم دروشمی رووخانمان ئێستا وەلاناوە و بە کاری ناهێنێن و ئێمە لەگەڵ هەلومەرج کەڵکی لێوەردەگرین. سەبارەت بە سیاسەتی بەشداری لە هەڵبژاردندا ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو کە لە گۆڕەپانی ئێراندا کێشەی کورد بێتە گۆڕێ و بەداخەوە لە ئێراندا بە گشتی لە دەرەوەی بەشە کوردستانییەکەی زۆریان لە کێشەی ئێمە ئاگادار نین، یان زۆری تێناگەن لەو ٣٠ ساڵەدا سەرەڕای فیداکاری پێشمەرگە لە خۆبووردەیی گەلەکەمان ئێمە بەداخەوە نەمانتوانی لە دەرەوەی کوردستان خەڵکی

ئێران لە مەسەلەکەی خۆمان بگەیەنین، دەبێ نێوی مەسەلەی کورد کێشەی کورد و ویست و داواکانی لە بۆنەی جۆراوجۆر دا بێنینە گۆڕێ. پیمانوابوو هەڵبژادەنەکان جیاواز لە تەبیعەتی کێشەکان و رەکابەری و پاڵێوراوان دەتوانی وەسیلەیەک بێت بۆ ئەم مەبەستە و کێشەی کورد لە سەرڕاوە بێتەگۆڕێ و هێندە لە پەراوێزدا نەمێنیتەوە. لەگەڵ ئەوەی کە پێمانوابوو ئەو لایەنەی کە ئێستا بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە بە بەراورد کردن لەگەڵ لایەنی خامنەیی بکریت مەسەلەی نەتەوەکەمانیان لەگەڵ باس بکەین و ئاگاداری ئەوە بن کە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە بە تایبەت مەسەلەی نەتەوەکان رووبەروون.

***پرسیار: ئایا ئەو رەوشەی ئێوە بو بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرهەمی هەبووە؟***

***وەڵام:*** ئەوە بەستە بەوەیە چۆن تەحلیلی بکەی، ئەگەر قبوولْ بکەین کە دوای هەڵبژاردن لە ئێران قەیرانێکی سیاسی بەدیهاتووە بزووتنەوەی سەوز پەرەی گرتووە. خەڵک رۆژ بە رۆژ زیاتر هاتووەتە مەیدان و شەهیدی داوە و دروشمەکان جار لەگەڵ جاری رادیکاڵتر بوونەوە و خودی ولی فەقیە و خامنەییش تێوەردراوە و نارەزایەتیەکان بە گشتی رووبەرووی سیستەمی دەسەڵات بووەتەوە. دیارە هەڵوێستەکەی حزبی دیموکراتی کوردستان لە جن لە جێگەی خۆیدا بووە. چونکە ئێمە سیاسەتمان یارمەتیدانی ئەوان بۆ قووڵتر کردنەوەی کێشەکان بووە و هێنانە گۆڕێ کۆمەڵێک مەسائیل.

***پرسیار: ئێوە پێتانوایە دەبێ حزبتان خەباتی مەدەنی بکات. خەباتی مەدەنی چۆن بەرێوەدەچێت؟ خەڵک خۆ بە کوشت دەدا و ئێوە ئافەرینی پێدەڵێن. خۆتان چ نەخشێکتان نییە؟***

***وەڵام:*** لەبەر ئەوەی حزبەکەی ئێمە کاتی خۆی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە حزبێکی هەڵوەشێندراو راگەیەندرا. ئێمە دەرفەتی ئامادەبوونمان لەنێو خۆی ولات بەشێوەی فەرمی نەبووە و نییە. ئێمە لە راگەیاندنەکان و گوتارەکانی خۆمان جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە چۆێنی واقیعی حزبی دیموکرات نە کۆیە نە هەرێمی کوردستان لە عێراق، نە ئەورووپا و ئەمریکا بەڵکوو ئەو شوێنەیە کە لێی لە دایکبووە. ئەویش کوردستانی ئێرانە و لەمبارەشەوە هەوڵمان داوە کە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆیان دەگونجێ لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا خەباتی مەدەنی بکەن. ستراتیژی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کورد ستراتیژێکی ئەمنییەتییە. کوردستانی ئێران لە سەرووی پلانە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامیدایە. هەر لەبەر ئەوەش هەڵسۆکەوتی ئەو نیزامە لەگەڵ نەیارانی خۆی لە تاران و کوردستان جیاوازە. بەرێوەبردنی بڕیاری ئیعدام لە کوردستان زۆر ئاسانترە لە تاران و شارە گەورەکانی تر. ئێمە بە لەبەر چاوگرتنی ئەو راستییانە هەوڵمان داوە کە خەباتی مەدەنی بە شێوەی عەمەلی و گونجاو لەگەڵ هەلومەرج بخەینە ئەستۆی خودی خەڵکەکە. تا ئەوان دیاری بکەن کە بە چ شێوەیەک ئەو خەباتە بەرێوە دەچێت. ئەوە کە ئێمە لە کوێوەڕا و چۆن دەتوانین ڕێبەری ئەو خەباتە مەدەنییە بکەین. ئەو لاوازییەکی گەورەیە و هێزەکانی سیاسی کوردستان بەداخەوە دەیان ساڵە لەنێو خەڵکی خۆیاندا نەماون. ڕێبەرانێک ئەگەر رۆژانە لەناو جەماوەری خۆیاندا نەژین و شیوازی جۆراوجۆر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەجروبە نەکەن. ناتوانن بەباشی

لە زۆر بابەتەوە ئیدە و بەرنامەکانی خۆیان بدەن بە خەباتی مەدەنی و جەماوەری. هەموو حزبەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لەم رووەوە کەمایەسیان هەیە و ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان هەوڵ دەدەن ئەو کەمایەسیە کەم کەینەوە.

***پرسیار: بەڕای ئێوە روانگەی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی چۆن دەگۆڕێ؟***

***وەڵام:*** گۆڕینی ئەو روانگەیە خۆی لە دوو میکانیزمدا دەبینێتەوە. یەکەمیان پێوەندی بە ئەقلانیەت و مەنتیقەوە هەیە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەدیبێت، واتا نیزام لەوە بگات کە ٣٠ی ساڵە لەگەڵ کێشەی کورد رووبەرروە و کێشەکەش هەر بەجێگەی خۆیەتی و زیاتر پەرەدەسێنێ، هەرچەند توانیویتی حزبەکان لە تاراوگەدا بهێڵیتەوە، بەلام کۆمەڵگای رۆژهەلاتی کوردستان رۆژ بە رۆژ لە رووی تێگەیشتنی سیاسی و نەتەوەیی گەشە دەکات، بەو تێگەیشتنە چارەسەرییەک بۆ کێشە کورد ببینێتەوە و روانگەی ئەمنییەتییەکەی بگۆڕێ و وەک مەسەلەیەکی سیاسی لەگەڵ مافی کورد و بەشدارێکردنی لە دەسەلات هەڵسوکەوت بکات، دووهەم میکانیزم، هاوکێشەیی هێزەکانە و ئەوەیش ئەوەیە کە جیاواز لەو گۆڕانکارییانەی سەرەوە لە نێوخۆی ولاتیش خەڵک بەشێوەی رێکخراو و یەکگرتوو داواکانیان بەهێزەوە بێننە گۆڕێ و هێزە سیاسیەکانی کوردیش وا لێک نزیک ببنەوە کە راسپاردەیەکی یەکدەنگیان بۆ گەلەکەیان هەبێت و چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە توانای نەتەوەکەمان ببێتە هێزێکی وا کە کۆماری ئیسلامی هەست بە قورسایی و توانامان بکات و ئەو کێشە لە مێژینەیە کە هەر کۆماری ئیسلامی ٣٠ ساڵە لەگەڵی رووبەرووە بە گۆڕینی روانگەی ئەمنییەکەی بۆ چارەسەرییان هەنگاو بنێت. بەداخەوە هیچ کام لەو سیناریۆیانە لە سیستەمی ئیسلامیدا روون نییە و روانگەی خامنەیی و ئەحمەدی هەر لە جێی خۆیانن.

***پرسیار: کۆماری ئیسلامی چۆن پێناسە دەکەن کە وشەگەلێکی وەک ژیر، ئەقڵ، هێمنی و چارەسەری بۆ بەکار دەهێنێ؟ یان ئامادەی لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا بگەرێیەوە بۆ کاری سیاسی و مادەی ١٤ و ١٥ای دەستووری لەگەڵ جێبەجێ بکەی؟***

***وەڵام:*** من وتم ئەگەر، بۆیە دوو ئالتەرناتیو هەیە، ئەگەر کۆماری ئیسلامی گۆڕانکاری لە خۆیدا پێکبێنێ و دان بە سیاسەتە هەڵە و چەوتەکانی دابنێ و مەسەلەی کورد وەک راستییەکی بەرچاو و چارەسەرنەکراو سەیر بکات، ئەمە رێگەیەکە، ئەمە ئەگەرێکی گەورەیە ئایا توانای ئەوەی هەیە یان نا لەو قۆناغەدا یان نییەتی؟ ئەوەش کە خەباتی مەدەنی لەنێو خۆی ولات هەیە، لە ئیرادەی کۆماری ئیسلامی بەدەرە، خەڵک کە رۆژانە بە شێوازی جۆراوجۆر کۆماری ئیسلامی دەکێشنە بەر لێپرسینەوە و داواکاری.

***پرسیار: دەگوترێ کۆماری ئیسلامی تاقەتی قبووڵکردنی مەسەوی و کەرووبی نییە. چ جای ئێوە، ئایا ئەوە خەون نییە کە کۆماری ئیسلامی گۆڕانکاری لە خۆیدا پێکبێنێ؟***

***وەڵام:*** ئێمە وەک حزبێکی سیاسی کە لە کێشە داین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەمیشە دەبێ ئەو ئەگەرانەی لەسەر دانێنین،

ئەوەش بەمانای خەیاڵ نییە سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی، ئەگەر بە مانای جێبەجێ کردنی کیشەکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە نییە، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کەسانێک تا دوینێ بەیەکەوە ئێرانیان ئیدارە کردووە بەو جۆرەیە لێهاتوویی لە کێشەی کورد دا نییە و دەرفەتی خەباتی مەدەنیشی پێنادات.

***پرسیار: لە گرتنی کۆنگرەکەتان بە زۆر لایەنی دیکەتان دەکوت ئێرانچی. ئایا لایەنگرانی پان ئێرانیزم نیگەران نین؟ ئەوە گۆڕینی سیاسەتە یا واز هێنانە لەو کوردایەتییەی کە پێتانوابوو ئێوە دەیکەن و خەڵکی دیکە نایکات؟***

***وەڵام:*** ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان لە رووی سروشتییەوە حزبێکی کوردستانین، حزبێکین بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نەتەوەیی لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیک و مافی مرۆڤ کار دەکەین، لەرووی سیاسییەوە ئەو گۆڕەپانە کە ئێمە دەتوانین تێدا خۆمان مەترەح بکەین و مەسەلەکانمان چارەسەر بکەین، ئێرانە، کەوا بوو لە رووی سیاسیەوە ئێمە حزبێکی ئێرانین و لە چوارچێوەی جوغرافیای سیاسی ئێراندایین، ئێرانچیێتی یان کوردایەتی بە باوەڕی من لەسەردەمی ئێستادا زۆر باو نییە و لەجێ خۆیدا نییە، حزبی سیاسی بە دوای جێبەجێکردنی پرۆژەکانی خۆیدا دەگەڕێ، ئێمە پەیڕەو پرۆگرامێکمان هەیە کۆنگرە پەسەندی کردووە و بۆ جێبەجێکردنی نابێ خۆمان بخەینە نێو قۆناغی ئەو لێتێگەیشتنە(ئێرانچێتیی و کوردایەتییانە)، ئێمە چارەسەری کێشەی خۆمان لە نێو ئێراندا دەبینین و دەشبێ لە وێدا هەڵسۆکەوت لەگەڵ وەزعەکە بکەین.

***پرسیار: سیاسەتی نەرمی و نزیکایەتی لە کۆماری ئیسلامیدا رەنگە لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی خاتەمیدا ئاسانیر بوایە. ئەگەری ئەو نزیکایەتییە لەم قۆناغەدا چۆن لێکدەدرێتەوە؟***

***وەڵام:*** ئێمە ناتوانین نزیکایەتی لە کۆماری ئیسلامی بکەین، توانای نزیکبوونەوەی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد و حزبی دیموکرات و حزبەکانی نییە. بۆیە ئەو ئەگەرانەی لەسەر دادەنێین، هەر حزبێکی سیاسی کە لەگەڵ نیزامێک لە کێشەدا بێت، دەبێ ئەو ئەگەرانەی لەسەر دابنێت، لە هەمان کاتیشدا گۆمانی لە سیاسەتەکانیدا نەبێت. بۆیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوای وتوویژ لە چارەسەری کردنی کێشەی کورد لە حزبەکانی کوردستان بکات. حزبەکان نابێ رەتیبکەنەوە. ئەگەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی داوامان لێبکات تا لەسەر مەسەلەی کورد لە ئێران لەگەڵی وتوویژ بکەین، رەتیناکەینەوە، ئێمە لە کێشەیەکداین لەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دەتوانی ئیدامەی هەبێت، مەیدانی خەباتی ئێمە لە دژی کۆماری ئیسلامی بەشێوەی خەباتێک نابڕێتەوە و لایەنی دیپلۆماسی هەیە، راگەیاندنی هەیە، و لایەنی رووبەروو کردنەوەی لەگەڵ کێشەکان هەیە، ئەنواعی مەیدان هەیە، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

***پرسیار: راگەیاندووە ئێمە هەڕەشە نین لەسەر کۆماری ئیسلامی. ئەمە تا چەند وایە؟***

***وەڵام:*** ئەگەر بەراوردی هێزی کۆماری ئیسلامی بکەین لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئێمە هەڕەشەی نیزامی نین، لەسەر سیستەمی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە ئەگەر ڕۆژێک خەباتی چەکداری بکەین، ئازارمان بۆی هەبێت و گرفتی بۆ دروست بکەین بەڵام ئەو کاتیش ئێمە هەڕەشە نین لەسەر کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکی پان و بەرینە هێزێکی نیزامی وەسیعی هەیە، ئەگەر هەموو هێزەکانی کوردستانیش بەیەکەوە کۆبکەینەوە ناتوانین هەڕەشەی گەورە بین لەسەر سیستەمی ئەمنییەتی ئەو دەوڵەتە. دەسەڵاتی نیزامی ئێمە تەنیا ئامرازی سەرئێشە و گرفتە بۆ کۆماری ئیسلامی.

***پرسیار: ئەو شیکارییە سیاسییانەت وا دەبینددرێ کە زیاتر تواناکانی کۆماری ئیسلامی دەخەی و باسی قەیران و سیاسەتەکانی ناکەی. ئەمە چۆنە؟***

***وەڵام:*** ئێستا لە ئێران لە نێو حزبە کوردییەکاندا ڕەخنەگرتن لە کۆماری ئیسلامی و باس لە سیاسەتە چەوتەکانی هیچ هونەرێک نییە. کۆماری ئیسلامی ئەوەندە خراپە و ئەوەندە مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، ئەوەندە جینایەت دەکات کە زۆر هونەرێکی سەیر نییە باسی لێبکەی، ئێمە سی ساڵە ڕەخنەی لێدەگرین و باس لەو سیاسەتانەی دەکەین، بۆیە لەمبارەوە گۆمان لەنێو هیچ کەس و لایەنێکدا نییە. ئێمە دەبێ تەنیا خۆ لە خانەی ڕەخنەگرتندا نەهێڵینەوە و گیر نەخۆین، ئەوە هونەر نییە بڵێێن کۆماری ئیسلامی مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، دەبێ ڕەخنە بگوێزرێنەوە خانەیەک کە لەو خانەیەدا کێشەی بۆ دروستبکەین، هەموو کاناڵەکان، بیروڕای گشتی بە تێکڕا ڕۆژانە ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی دەگرن، سروشت و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی شاراوە نییە و ناسراوە. بوونی کۆماری ئیسلامی خۆی بەرهەمی تەندوتیژییە، کۆمارەی ئیسلامی خۆی هاندەری خەباتی توندوتیژییە، چونک بوونی خۆی لە گێرەو کەێشە و قەیران و جەوی توندوتیژیدا دەبینێتەوە. ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان هەموو میتۆدەکانی بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەکار دەبەین و خەباتی توندوتیژی لە هەلومەرجێکدا کە بە زیانی خەڵک و بە قازانجی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران تەواو بێت، پەیرەو ناکەین. ئێمە ئێستا خەباتی چەکداریمان ڕاگرتووە کە ئەویش نەوعێک لە خەباتی لە توندوتیژییە و ناتوانی لەو قۆناغەدا یارمەتیدەر بێت. ئەوەی کە ئێستا لە ئێران گرنگی هەیە. ئەو خەباتە جەماوەرییەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی بووتەوە. ئێمە دەبێ خەڵکەکەمان هان بدەین تا بەو خەباتە جەماوەرییە پەیوێست بن، ئەمە لەو قۆناغەدا باشترینە، نابێ وا بکەین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان ڕفتارێکی وا لە خۆپیشاندان کە خەڵکەکە زیانیان پێبگات.

ڕێکەوت: ساڵی ۲۰۰۹

## خالید عەزیزەی: بۆ هەر چەشنە هاوکارییەک لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان ئامادەین

### محەمەد چاوشین

**ڕێنێسانس نیوز: لە میانەی دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕێنێسانس نیوز سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە کۆمەڵێک بابەت و تەوەری جۆراوجۆر وەڵامی پرسیارەکانی ڕێنێسانس نیوز دەداتەوە.**

***ڕێنێسانس نیوز: ماوەیەکە هەندێک لەهێزە کوردییەکان(بەنێوەشەوە) کادر و پێشمەرگەکانیان دەنێرنەوە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و وەک ناوی لێنراوە "کاری سیاسی و تەبلیغاتی" دەکەن. ئایا دەکرێ ئەو هەنگاوە بەسەرەتای دەستپێکردنەوەی قۆناغی خەباتی چەکداری ناوبنرێت لە دژی کۆماری ئیسلامی؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتی خۆی کە ئێمە لەساڵانی سەرەتای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامییەوە تووشی شەڕی چەکدارانە بووین، لە واقیعدا ئەو شەڕە بە دڵخوازی خۆمان نەبوو. ئەو شەڕە، شەڕێک بوو کە لە ئاکامی کۆمەڵێک ململانێ نارەوادا بەسەر گەلی کورددا سەپا، گەلی کوردیش ناچار بوو بۆ بەرگری لە بوون و مافە رەواکانی خۆی لە رێگای چەکدارانەوە بەرەورووی بێتەوە. ئەم بەرگرییە چەکدارانەیە وای کرد کە خومەینی پاش شەڕی سێ مانگە داوای چارەسەری کێشەی کورد لە رێگای دیالۆگەوە بکاو لێژنەیەک بۆ وتووێژ بنێرێتە کوردستان. ئەوەی کە وتووێژەکان بۆ بە ئەنجام نەگەیشتن بابەتێکی دیکەیە. بە پێی ئەم پێشەکییە ویستم بڵێم کە ئێمە نەتەوەیەکی شەڕخواز نین و وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بەردەوام ئەمەمان دووپات کردۆتەوەو نرخیشمان بۆ داوە. رێبەرانمان لەسەر مێزی وتووێژ تیرۆر کراون. کەواتە ئێمە لە سێ دەیەی رابردوودا لە کێشەی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هیچ کات شەڕمان هەڵنەبژاردووە، ئەوە کۆماری ئیسلامی بووە کە شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاندووە. ئەو بەرگرییە چەکدارانەی ئێمەش لە بەرانبەردا، بەرگرییەکی تەواو رەوا بووە.

لە پەیوەندی لەگەڵ وەڵامی پرسیارەکەتدا، با لەوە دەست پێ بکەم کە بەشی سەرەکی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆی وڵاتە. ئێمە هەم ساڵی پار و هەم ئەمساڵ بە مەبەستی کاری رێکخستن و چالاکی سیاسیی و تەبلیغی چالاکیمان لە ناوخۆی وڵات هەبووە. لەم پێناوەشدا ساڵی پار چوار شەهیدو ئەمساڵیش دوو شەهیدمان دا. لە هیچ کام لەو رووداوانەشدا کە ئەو کادرانەی ئێمە تێیدا شەهید بوون، بە هیچ خۆرێک لە لایەن ئێمەوە هێرش نەکراوەتە سەر بنکە

نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، بەڵکوو ئەوە ئەوان بوون بە شێوەی نیزامی پەلاماری کادرە سیاسییەکانی ئێمەیان داوە.

چالاکی سیاسی ئێمەش لە ناوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕێک لە چوارچێوەی پرۆژەی خەباتی مەدەنی ئێمە دایەو هیچ پەیوەندی بە چالاکی چەکدارانەوە نییە. ئەگەر ئێمە ویستبیتمان شەڕی چەکداری دەست پێ بکەین قەد بەو شێوەیە بەرورو نەدەبووینەوە. ڕەنگە زۆر کەس بلێ ئەگەر مەبەستان شەڕی چەکدارانە نەبووە بۆ چەکیان پێ بوو؟ کۆماری ئیسلامی لە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان دەکاو بەم بۆنەوە کوردستانی میلیتاریزە کردووە. بۆیە کادری سیاسی حیزبەکان لە کاتی چالاکییەکانیاندا، بە مەبەستی دیفاع لە خۆیان ناچارن چەکیان پێ بێت. بەگشتی پێمخۆشە جەخت لەسەر ئەوەش بکەمەوە کە ئێمە لە کێشەی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هیچ کام لە شێوازەکانی خەبات ڕەت ناکەینەوە و بۆ هێنانە گۆڕێ پرسی کورد لە ئێران بە گوێرەی هەلومەرج هەر شێوازێک کە گونجاو بێ کەڵکی لێ وەردەگرین.

***ڕێنێسانس نیوز: دەگوترێت بەهۆی ئەو جموجۆڵانەی پارتە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران گوشاری لەسەر هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری باشووری کوردستان دروست کردووە و حکوومەتی هەرێمیش گوشاری لەسەر ئێوە دروست کردووە کە کادر و پێشمەرگەکانتان نەچنەوە ناوخۆی ئێران و ڕەچاوی ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بکەن. ئەو قسەیە تا چەند ڕاستە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە بەتەواوەتی دەرکی بارودۆخی ئێستای کورد لە باشووری کوردستان و حکوومەتی هەرێم دەکەین. ڕەنگە ئێران لە بیانوو بگەڕێ بۆ ئەوەی کێشە بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکا، بەڵام چالاکییەکانی ئێمە ناچێتە ئەو خانەیەوە کە بیانوو بدات بەدەست کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. هەر وەک پێشووتریش گوتومە چالاکییەکانی ئێمە سیاسی و تەبلیغی بووەو ئەگەر توندوتیژیشی لێکەوتووتەوە ئەوە خودی ڕێژیم بەو ئاراستەیەدا بردووە.

***ڕێنێسانس نیوز: ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست بێت و حکوومەتی هەرێم هەنگاو بەئاراستەی کۆنترۆڵکردنی هێزە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا بنێت ئێوە وەڵامتان چی دەبێ؟ ئایا بە داخوازییەکی لەو چەشنە ڕازی دەبن؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم هێزە کوردییەکان بە گشتیی و ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان بە تایبەتی ڕچاوی بارودۆخی هەریمی کوردستان دەکەین و قەت لەو باوەڕە کێشەیەکمان ساز نەکردووە یا بیانوویەکمان نەداوە بەدەست کۆماری ئیسلامییەوە کە گوشار بخاتە سەر حکوومەتی هەرێم تا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئێمە کۆنترۆڵ بکا. دووهەم پێموانییە کە شتی وا بێتە گۆڕێ.

***ڕێنێسانس نیوز: هەروەک ئێوەش دەزانن ئێستا بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی گەیشتووتە قۆناغێکی مەترسیدار. چەندین بەندکراوی کورد سزای ئیعدامیان بەسەردا سەپاوە و ڕۆژانەش بەبیانووی جۆراوجۆر خەڵک دەستگیر دەکرێن. ئایندەی ئەو بارودۆخەی ئێستا لە ئێران چۆن دەبینن و پێتان وایە ئەو ڕەوشەی ئێستا بەرەو هەنگاو دەنێت؟***

***خالید عەزیزی:*** سیاسەتی تۆقاندن و هەڕەشەو توندوتیژی یەکێک لەو بنەمایانەیە کە سیستمەی ئیدولۆژێکی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە. مادام ئەمە یەکێک لە تایبەتمەدییەکانی ئەو سیستمەیە بەباوەڕی ئێمە هەرچی زیاتر دونیا بەرەو پێشەوە بچێ ئەو سیستمە داخراوترو مەترسیدارترو دەبێ. چونکە بوونی خۆی لە وەلانان و سڕینەوەی دژبەرانی خۆیدا دەبینێ.

ئەو پێشێلکارییانەی کە کۆماری ئیسلامی لە بواری مافەکانی مرۆڤ دەیکاو بە تایبەتی ئێستا کە دوای بە سەرکۆماری کردنەوەێ "ئەحمەدی نژاد" زیاتر لەهەموو کاتێک پەرەی گرتووە. سەرچاوە لە داخراو بوون و ئیدۆکۆژیک بوونی ئەو سیستمەوە دەکرێ. ئەمە لە قۆناغی یەکەمدا هەڕەشەیەکی زۆز جیددییە بۆ سەر چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکان لە نێوخۆ و درێژەکێشانی ئەم ڕەوتەش ئەوەندی دیکە کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆیدا تووشی قەیران دەکا. لە لایەکی دیکەش ئەم سیاسەتی سڕینەوەو وەلانانە لە راستیدا پێشێل کردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسییەکانە کە کۆماری ئیسلامیش پەسەندی کردووە. ئەم پێشێلکارایانە جۆرێک بێ ڕێزی کردنە بە کۆمەڵگای جیهانی و ئەو پرنسیپانەی کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر بنیات نراوە.

ئێمە لە ئاست تواناو دەرەتانی خۆمان هەوڵمانداوە کە ئەم پێشێلکارییانە بە ناوەندە جیهانییەکان رابگەیەنین و پرسی سەقامگیر کردنی دیموکراسی لە ئێرانیان بۆ بکەین بە بابەت. ڕۆژانەش دەبینین کە کۆماری ئیسلامی هیچ وەڵامی داخوازەکانی دونیای دەرەوە ناداتەوە. ئێمە لە چالاکییەکانی خۆماندا بەو ناوەندانەمان راگەیاندوو کە داهاتووی مافەکانی مرۆڤ و مافی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە مەترسیدایە. لە داهاتووشدا لەم پێناوەدا هەوڵەکانمان بەردەوام دەبن. بەڵام بە گشتی ئەم سیاسەتە، کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ناوخۆییەوە ئەوەندەی دیکە تووشی قەیران دەکاو لە رووی دەرەکیشەوە زیاتر دەیخاتە پەراوێزەوە.

***ڕێنێسانس نیوز: لەو ڕۆژانەی پێشوودا پارلەمانی ئێران پرۆژەیەکی پەسند کرد کە وەک خۆیان ناویان لێ ناوە کار دەکەن بۆ ئاشکراکردنی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە ئینگلستان و ئەمریکاو دیکەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە ١٣ی ئابانی هەموو ساڵێک ڕاپۆرتێک لەو بارەوە بڵاو دەکەنەوە کە بڕی بیست ملیۆن دۆلار بۆ ئەو کارە تەرخان کراوە و بەرپرسیاریتی سەرەکی ئەو کارەش لە ئەستوی وەزارەتی ئیتلاعات ە. ئێوە چۆن لەو هەنگاوە دەڕوانن؟ خوێندنەوەتان بۆ ئەو هەنگاوەی ئێران چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەمە لە قۆناغی یەکەمدا دەکرێ بڵێین کە جۆرێک دژکردەوەی ئێرانە بەرانبەر بەو گوشارانەی کە ناوەندی نێونەتەوەییەکان و وڵاتانی رۆژئاوا لە پەیوەندی لەگەڵ پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە و کۆمەڵێک بابەتی دیکە خستوویانەتە سەر کۆماری ئیسلامییە. کۆماری ئیسلامی بەم کارەی ناتوانێ هیچ پرۆژەیەکی جیددی بباتە پێشێ و سەستکەوتێک مسۆگەر بکا. ئەمە لە راستیدا من بە جۆرێک گاڵتە کردنی دەزانم و جۆرێک سەرپێچیە لە یاساو رێسا نیونەتەوەییەکان.

هەروەک تۆش لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت پێدا جێبەجێ کردنی ئەم کارە سپێردراوە بە وەزارەتی ئیتلاعات. وەزارەتی ئیتلاعات بۆ خۆی وەک هێزێکی سەرکوتکەر و پێشێلکار ناسراوە، ئیدی چون دەتوانی ئێستا داکۆکی لە ماف ئەم و ئەو بکا ئەوە بابەتێکی سەیرە.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر چاو لێ بکەین دەبینین کۆماری ئیسلامی هەر کات کە گۆشارێکی خراوەتە سەر، بەجێ ئەوەی وەڵامبداتەوە پەنای بردۆتە بەر تاوانبار کردنی وڵاتانی دیکەو بە جۆرێک "فرافکنی" کردووە. کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو وڵاتانەی کە ساڵانە زیاترین رێژەی ئیعدامی تیدا بەرێوە دەچێ. ئێستاش رۆژانە بە پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان کۆمەڵێک بەسزا بەرێوە دەباو... بۆیە بە باوەڕی ئێمە ئەم پرۆژەیە لە بنەمادا هیچ مەشروعییەتێکی نییە.

***ڕێنێسانس نیوز: دوای دوولەتبوونی حیزبی دیموکرات خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە لە پەیوەندیی نێوان هەر دوولا دەڕوانن. با ئێمەش بپرسین کە دوای "انشعاب" پەیوەندیتان لەگەڵ لایەنی بەرامبەرتان چۆنەو جۆری ئەو پەیوەندییە بەچ شێوەیەکە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئیمە لە نیگەرانییەکانی خەڵک تێدەگەین و ئەوەندی پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێ ئامادەین نرخی بۆ بدەین، بەڵام سیاسەتی ئێمە بەرانبەر بە هاوڕێیانی پێشوومان ئەوە بوو کە وتوومانە ئەگەر نەمانتوانی لە یەک حیزبدا بین با وەک دوو حیزب هاوکاری یەکتر بکەین. ئێستاش ئێمە هەر وەک پێشتریش رامانگەیاندووە، بۆ هەر چەشنە هاوکاریەک لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان یا" حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران" ئامادەین وەک دوو حیزب هاوکاری بکەین لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانماندا. بۆ دانیشتن وتوویژ نە مەرج دادەنێین و نە مەرجیش قبووڵ دەکەین. وەک دوو حیزب دژی کۆماری ئیسلامی با هاوکاریمان هەبێ. ئەمە سیاسەتی ئیمەیە لەن بارەوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە هەڵوێستی ئەوانەوە لەم پەیوەندییەدا هەبێ، با خۆیان وەڵامبدەنەوەو وا باشترە لە خۆیان بپرس.

***ڕێنێسانس نیوز: وەکو دەبینرێ و بەدی دەکرێت هەماهەنگی و پەیوەندییەکانی نێوان پارتە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران سارە و سرەو لە زۆر بواریشدا هیچ چەشنە پەیوەندی و هەماهەنگییەک بەدی ناکرێت. خەڵکی کوردستانیش لەو رووەوە پەرۆش و نیگەرانن بەتایبەت لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا کە ئێران پێیدا گوزەر دەکات و قۆناغەکەش هاوکاری***

***و هەماهەنگی هەمــوو هێزەکـانی پێویستە. بەڕای ئێوە فاکتەرەکـانی ئەو سارد و سـڕیە لە نێـوان هێـزە کوردیەکـانی ڕۆژهەڵات چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** دیارە ئەو سارو سڕییە بەو شێوەیش نییە کە تۆ ئاماژەت پێدا. بۆ نموونە ئێمە هەر ئەمساڵ لە ۳۰ی ساڵە ساڵرۆژی فەرمانی جیهادی خۆمەینی دژی خەڵکی کوردستان ٥ حیزبی کوردستانی پێکەوە یەک دەقمان پەسەند کرد و هەر کامان بەناوی خۆمان بڵاومان کردوە. بۆیە پەیوەندییەکان بەو شیوەش ساردو سڕ نین. ئەگەر ساردو سڕیەکیش لە گۆڕیدا بێ یا ئەوەیکە بۆ تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ڕێککەوتنێک لە قۆناغی یەکەمدا بەباوەڕی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسەواری ڕەوانی ئەو لەتبوون و لێکترازان و دابڕانانە. ئەمەش ماوەی دەوێ کە بسڕدرێتەوە. بەڵام بە گشتی سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە کار دەکەین بۆ ئەوەی لە پێشدا لێک تێگەیشتنیک لە نێوان هەموو لایەنەکاندا دروست بکەین و لە قۆناغی دووهەمیشدا جۆرێک هاوکاری بێتە گۆڕێ و پاشان لە قۆناغی سێهەمدا ئەگەر بکرێ لە چوارچێوەی بەرە یا هەر هاوپەیمانییەکی دیکەدا بە ڕێککەوتنێک بگەین و کۆمەڵێک پرۆژەی هاوبەشمان هەبێ. دیارە هەموو ئەمانە کاری دەوێ و کات دەبات.

***ڕێنێسانس نیوز: زۆرێک چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە کە بەستنی "کۆنفرانسێکی نەتەویی" بە بەشداری هەموو هێزو لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێکخستنی هەڵوێست و داڕشتنی سیاسیی هاوبەش لە مەڕ پرسە هەنووکەییەکانی قۆناغی ئێستای ئێران دەبێ لە ئەولەویاتی هیزە کوردییەکانی ئێران دا بێت. ڕوانگەی ئێوە لەو بارەوە چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە شتێکی وا بەباش دەزانین و وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان پێمانوایە کە هاوکاری نەکردنی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتر دژی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە دا هیچ پاساویک هەڵناگرێ. ئێمە لەهەر حاڵەتێکدا بێ دەبێ لە هەموو ماکانیزمێک بۆ بردنە سەری قورسایی کورد لە هاوکێشەکانی داهاتووی گۆڕەپانی سیاسی ئێران کەڵک وەر بگرین. حیزب ئامرازێکە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان با ئێمە لەم ڕوانگەیەوە سەیر حیزبایەتی بکەین و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانمان نەکەین بە قوربانی بەرژەوەندییە حیزبییەکانمان من لێرەدا جارێکی دیکە دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەر چەشنە هاوکاری و هاوخەباتیەک لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و هێناوە گۆڕێ پرسی کورددا لە ئێران هیچ مەرجێکمان نییە و وەک خۆمان ئامادەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێنێسانس نیوز - ڕێکەوت: ۲۰۰۹

## خالید عەزیزی: بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی کوردستانی بندەستی ئێران کاریگەری پتری لە ئێمە دەوێ

### ڕۆژنامەی چاودێر

**لە دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژارنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری ئێرانەوە. بارودۆخی ئەو وڵاتە تا ئێستا ئاڵۆزەو ناڕەزایەتییەکان بەردەوامن. لەم پەیوەندییەدا بێگومان ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتە دەتوانی بابەتێکی جێ سەرنج بێ. ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران لە نێو لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزسیونی ئەو وڵاتە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا هەمیشە جێ سەرنج بووە بۆ ئێرانییەکان، بەڵام ئەوەی تا چەندە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دەتوانن ئەو هەلە بقۆزنەوە بابەتێکی دیکەیە. بۆ تاوتۆیکردنی ئەم بابەتانە چەند پرسیارمان ئاراستەی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی" حیزبی دیموکراتی کوردستان" کرد کە ئەمە دەقێ ئەو وتووێژەیە:**

***چاودێر: ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ئێران دروست بووە، ئایا بەرهەمی ئەو فەزایەیە کە دروست بوو یا بەرهەمی بەشداری جیددی و چالاکانەی خەڵکە لەو مەیدانەدا؟***

***خالید عەزیزی:*** **بەشداری زۆری خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، سروشت و چەندوچۆنی کێشەکانی گۆڕێ و بۆچوون و لێکدانەوەو چاوەڕوانی جۆراوجۆری هێنا نێو کێشەکە، بەم بۆنەوە هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە لە چاو هەڵبژاردنەکانی ڕابردووە جیاوازی بوو. بە شێوەیەک کە قۆڵی پاوانخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەو ئەندازیارییەی کە بۆ کودەتایەکی ئاشکرا لە ئاکامی هەڵبژاردنەکاندا چاوەڕوانی ئەوەیان نەدەکرد کە خەڵک بەو شێوەیە بڕژێنە سەر شەقامەکان و دروشم بەرز بکەنەوە. ئەمەش بەو مانایە کە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بە دوای مەبەستێکی تایبەتدا دەگەڕا کە بە پێچەوانەی ویستی دەسەڵات و قۆڵی پاوانخواز بوو.**

ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە رابردوو بدەینەوە، شتێک کە جێگای سەرنجە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەرهەمی شۆڕشێکی ئیسلامییە کە لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژێک دانراوە. لەسەر ئەم بنەما ئایدۆلۆژیکییە کۆمەڵێک بنکە و دامەزراوە دروست کراوە کە هەموویان لە روانگەی پاراستنی بەرژەوەندییە رەهاکانی کۆماری ئیسلامییەوە مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکەن. مادام ئەمە واقیعیەتیکە، لەو سیستمە ئایدۆلۆژیکیایانەدا تا رۆژێک کەسانێک کە خۆیان ساڵانێکی زۆرەو هەر لەسەرەتا لەو سیستمەدا بەشدار بوون و تەنانەت تا ئێرەش هێناویانە، پرسیاریان لا دروست نەبێ و بە دوای گۆڕاندا نەگەڕێن و بیر لە رێگا چارە نەکەنەوە ئەو جۆرە سیستمانە وا بە ئاسانی ناگۆڕدرێن. بۆ وێنە: سیستمی یەکیتیی سۆڤیەت لەسەر بنەمای کۆمۆنیزم دامەزرا بوو. دوای ٧٠ ساڵ دەسەڵاتی کۆمۆنیستی کاتێک "گورباچۆف " دروشمی "پرۆسترۆویکاو گلاسنۆست" هێنا پێش رێک بەو مانای بوو کە شێوەی رێگاکانی رەخنە کردنی ئەو سۆنگەیەوە لێکیدەدەمەوە کە کەسانێکی زۆر (بە تایبەت کە ئەو کات خوێندکار بوون) کە لە شۆڕش و چونیەتی دامەزراندنی ئەو سیستمەدا بەشدار بوون و بەوە گەیشتوون کە ئەو سیستمە وەڵامدەر نییە. بەشێک لەوانە لە روانگەی خۆیانەوە کە ئاڵوگۆڕێک لەو سیستمە دا پێکبێنن بوون بە ئۆپۆزسیۆن سیستم و دەسەڵاتێک کە بۆ خۆیان کاتی خۆی پێکیانهێناوە. بە باوەڕی من ئەوە شتێکی گرنگە. بەو مانایە گرنگە کە لە ئێراندا کاتێک دژایەتەیەک دروست بوو یا حیزبێک یان لایەنێک بە جۆرێکی دیکە بیری کردۆتە هەمیشە ئەو تۆمەتەی دراوەتە پاڵ کە ئەوانە دەستی دەرەکییان لە پشتە. لەوەی کە ئێستا لە ئێران لە گۆڕێدایە بەو بۆنەوە کە شتەکە جەماوەری بۆتەوەو کەسانێک لە ریزی ناڕازیاندان کە بۆ خۆیان ساڵانێکی زۆر لەو سیستمە دا بەشدار بوون وا بە ئاسانی ناتوانن ئەو تۆمەتەیان بدرێتە پاڵ کە ئەوە دەستێکی لە پشتە یا ئەمریکا، ئەورووپا، ئیسرائیل و... هاندەری ئەو بابەتەن. بۆیە ئەمە قەیرانێکی جیددیە بۆ کۆماری ئیسلامی کە وا بە ئاسانی ناتوانی لی دەرباز بێ.

***چاودێر: بە پێی ئەم قسەی جەنابتان ئەو بەشە لەو کەسانەی کە لە شۆڕشدا بەشدار بوون و ئەو سیستمەیان تا ئێرە هێناوەو ئێستا بوونەتە ئۆپۆزسیۆن، دەکرێ بڵێین رۆڵی سەرەکی یان هەبووە لە خۆڵقاندنی ئەو ئاڵوگۆڕو ناڕەزایەتییانەی کە ئێستا لە ئێراندا سەری هەڵداوەو رێبەرایەتی ئەو حەرەکەتە دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەو جموجووڵەی کە ئێستا لە ئێران هەیە، زۆرتر بە جموجووڵێکی ریفۆرخوازانە ناسراوە کە سەردەمێک "خاتەمی" رێبەری دەکرد. پاش ئەوەی ئەحمەدی نژاد دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، ئەو دەرفەتانەی کە لە سەردەمی خاتەمیدا دروست ببوون. لابران، ئەم حەرەکەتی ئێستا درێژەی ئەو ئاڵوگۆڕ خوازییەیە. هۆیەکەی ئەوەیە، سروشتی هەڵبژاردنەکان داواکاری و ویستی خەڵکی رادیکاڵتر کردو شەرعیەت و قانوونیەتی ئەو سیستمە زۆرتر هێناوەتە ژێر هێناوەتە ژێر پرسیار. بەڵام بە شێوەیەکی دیکەو لە سەردەمێکی دیکە دا کە چەندین هەنگاو لە پرۆژەکەی خاتەمی رادیکاڵترەو بەرەو پێشتر چووە.

***چاودێر: ئێوە بە پێچەوانەی هەڵوێستی حیزبەکانی دیکە. ئەمجارە هەڵبژاردەنەکانی سەرکۆماریتان تەحریم نەکرد. پێتانوایە لەو پەیوەندییەدا چەندە سەرکەوتوو بوون؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێک دینە سەر هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە چەندە سەرکەوتوو بووین دەکرێ لە روانگەی جۆراوجۆرەوە چاو لە بابەتەکە بکەین. هەر چەند ئێمە لە هەڵوێستەکەی خۆماندا پشتیوانیمان لە هیچ کاندیدایەک نەکردو داوامان لە خەڵک نەکرد کە دەنگ بە کام کاندیدا بدەن، بەڵکوو داوامان لە خەڵک کرد کە هەڵبژاردنەکان بکەنە مەیدانێک بۆ هێنانە گۆڕێ ویست و داخوازییە نەتەوەییەکان و لەو خانەیەدا کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران بکەین. ئەگەر بنەمای سیاسەتی" حیزبی دیموکراتی کوردستان" ئەوە بوو بێ و چاو لە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و بەشداری خەڵک لەو هەڵبژاردنانەدا بکەین و ئەو کودەتایەی کە لە لایەن قۆڵی پاوانخوازەوە دژی دەنگی خەڵک کرا دەبینین دواتر خەڵکانێکی زۆر هاتنە مەیدان و کەوتنە ململانێوە و کۆماری ئیسلامییان تووشی قەیران کرد. بە گشتیی پێموایە هەنگاوێکی گەورە بوو.

***چاودێر: بە لە بەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ ئایا دەکرێ بڵێین بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەهێز بوون؟ هەڵبەت لێرە مەبەستم زیاتر ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی ئێرانە.***

***خالید عەزیزی:*** لەم رووەوە دەکرێ بڵێین ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ لە کێشەی خۆی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە چاو رابردوو پۆزیشێنێکی (موقعیت) باشتری پەیدا کرد. پێش هەڵبژاردن لە ناوخۆ شتێک بە ناوی ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ نەما بوو. پێش هەڵبژاردن ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ بەو شێوەی ئێستا رێکخراو و بە بەرنامە نەبوو. پێش هەلبژاردن ئۆپۆزسیۆنی نێوخۆ خەوشدار بوو و سنوورەکان دیار نەبوون. دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان وای لێکرد کە بەداوی ئەودا سنوورێک دروست بێ لە نێوان کۆمەلانێک لە خەڵکی ئێران کە دەیانهەوێ بە شێوەیەکی شارستانیانە و مەدەنی ئێران بگۆردرێ و ئەو بەشە لە سیستم کە دەسەڵاتیان مۆنۆپۆل کردوە و نایهەوێ خەڵک بەشداری لە دیاری کردنی چارەنووسی خۆیدا بەکا. پێموایە هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پەیوەندییەدا واقیعبینانەو بەجێ بوو و خۆی لەگەڵی جمووجووڵ مەدەنی لە نێوخۆی کوردستان بەتایبەتی و لە ئاستی ئێراندا بەگشتی رێکخستەوە و پەیوەندی قووڵتری دروست کرد. بەڵام بەم پێیە دەکرێ بڵێن کە داهێنانەکەی ئێمە لە جێ خۆیدا بوو.

***چاودێر: بە پێی ئەم قسانەی جەنابت وا دیارە کە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی ئێران لەسەر رووداوەکان نێوخۆی ئەو وڵاتە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەماوە. ئایا ئەو بەشەی کە مەبەستانە. ئۆپۆزسیۆنی کوردیش دەگرێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئەگەر چاو لێبکەین. بۆ نموونە ئێمە وەک "حیزبی دیموکراتی کوردستان" هەر لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە هەمیشە بە جۆرێک لە چالاکی و خەباتدا بووین. بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی خۆی لە نێوخۆ هەبوو. لە ئاستی دەرەوە دەرەتانی چالاکی و جمووجووڵی هەبووە. ئێمە لەو حیزبانە بووین کە بە ئاشکرا لە کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا ئامادە بووین. لە ئەنترناسیۆنال سوسالیست ئامادە بووین. پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکاو هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپایی هەبووە. ئێمە هەوڵمانداوە لە ماوەی ئەو ۳۰ ساڵەدا کێشەی کورد لە مەیدانی کێشە لەگەڵ ئێران لە

ئاستی توانای خۆماندا رابگرین.

***چاودێر: بەم پێیە دەکرێ بڵێین حیزبی دیموکراتی کوردستان کاریگەری لەسەر هاوکێشەکان لە ناوخۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ماوە؟***

***خالید عەزیزی:*** **بە بەراوەرد کردن لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی دیکەی ئێران ئێمە باشترین، بەڵام دەبێ ئەو راستییە قبووڵ بکەین کە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵک و بەرز بوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی کوردستانی بندەستی ئێران، کاریگەری پتری لە ئێمە دەوێ. ئێمە دەبێ ئامادەیی رووبەروو بوونەوە لەگەڵ سیناریۆی جۆراوجۆر لە داهاتووی کوردستان و ئێراندا لە خۆماندا دروست بکەین.**

**سەرچاوە: رۆژنامەی چاودێر - رێکەوت: ساڵی ٢٠٠٩**

## وتووێژی ماڵپەری ڕووداو لەگەڵ کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حدک



ڕووداو: کتێبێکی تریتا بارسی (Treacherous Allince)، دەرچووە، ناوبراو کە لە دایکبوی ئێرانەو لە سوید خوێندوویەتی و لە ئەمریکا دادەنیشێت، دیداری لەگەڵ ١٢٠ بەرپرسی ئێرانی، ئەمریکی و ئیسرائیلی کردووە، باس لەوە دەکات کە پەیوەندی

***ڕووداو: دەوڵەتی ئێران لە دەرەوەی دروشمەکانی سەر تەلەڤزیۆنە. وەک سەدام نییە. کاتێک مرۆڤ تەماشای تەلەڤزیۆنی ئێرانی دەکات وا بیر دەکاتەوە کە ئەو وڵاتە دژایەتێکی توندی ڕۆژئاوا و ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات. بەڵام لە ژێرەوە سیاسەتێکی دیکەی هەیە. تۆ دۆخی ئێستای ئێران چۆن دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** دەکرێ کێشەی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا بخەینە ناو خانەی سیاسەتی گەورەو ئەمنییەوە، ئێستا ئێران لەکێشەکانی خۆیدا لەگەڵ ڕۆژئاوا لەو ناوچەیەدا بەدوای یەک شتەوەیە ئەویش ئەوەیە کە دانی پێدابنرێ کە زلهێزە. دووەم، ئەو بنەمایانەی کە ئینقلابی ئیسلامی سی ساڵ لەمەو بەر هەیبوو، واتە ناردنە دەرەوەی شۆرش لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە، لەدەوروبەر پەرەپێبدا و بیکاتە موئەسەساتی. سێیەم هەوڵدەدات لەهەمانکاتدا لەسیاسەتی گەورەی جیهاندا ئەو ڕۆڵە بگێڕێ، ئەوەش بۆ داهاتووی ئێران وەک بنەمایەک جێ بخات. ئەو کێشانە ئەگەر لە خانەی سیاسەتی گەورەو ئەمنییەوە تەماشایان بکەین، ئێران خۆی خستووەتە ناو گەمەیەکەوە کە لەخۆی زلهێزتری تێدایە بۆیە ناچارە کێشەیان لەگەڵ بکات، چونکە زلهێزتری هێندە لە خۆی گەورەتری تێدان کە جاری وایە قەواعیدی گەمەکەش دیاری دەکەن، وەک یاری شەترەنج، کە لایەکیان ڕەنگە لەتەکنیکەکان باشتر بزانێ، لایەکەی دیکە ئەگەر بچێتە ناو گەمەکەوە هاتنە دەرێ جاری وایە ئاسان نییە. من پێموایە ئێران لە کێشەی ئەتۆمی ئێران زیاتر سوود لە بنەمای پان ئێرانیستی

وناسیونالی وەردەگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ خۆی لەسەر ئەو بابەتە یەکدەنگ بکات. بیری ئەو مەزنخوازییە ئێرانییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێتی شا، لە سەردەمی محەممەد رەزا شاشدا پرۆژەی ئەتۆمی هەر لەگۆڕێدا بوو و شا حەزی لێبوو وەک زلهێزێک لەناوچەکەدا گەمە بکات، بیرۆکەی کۆنی مێژوییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆڕی کۆنی ئێرانی کە مێژوویەکی ٢٥٠٠ ساڵەی هەیە بە نێوی ئێران لەو ناوچەیە کە ناکرێ بەراوەردی بکەی لەگەڵ عێراق کە ٨٠ ساڵە دروستبووە، یا تورکیای جەوان یان لەگەڵ سوریا، بیرۆکە مەزهەبییەکەی ئەوەیە کە پشتیوانی هەموو ئەو خۆ رێکخستنە مەزهەبییە رێکو پێکە کە چەند سەد ساڵە بە تایبەت لەسەدرەمی سەفەوییەکان بەولاوە مەزهەب هاتووەتە نێو کۆمەڵگە بە سوودی خۆی بگێڕێ، جا پشت ئەستوور بە هەموو ئەوانە، ئێران دەیەوێ ئەو مەجالە بۆخۆی بینیتەوەو لەسیاسەتی گەورە و ئەمنیدا جێگایەک بۆخۆی ببینێتەوە.

***رووداو: هەر ئەو نووسەرە باس لەوە دەکات کە ئێران هەر لەسەرەوە کێشەی ئایدۆلۆژی هەیە، لەخوارەوە مەسەلەکە ململانێیەکی ستراتیژییە، بۆیە لەوانەیە سبەینێ لەگەڵ سەرسەخترین دووژمنەکانی خۆی کە ئەمریکا و ئیسرائیلە رێکبکەوێ، یانی هیچ مەسەلەیەکی ئایدۆلۆژی لەگۆڕێ نییە یانی هەناردەکردنی شۆڕش و هەندێک دروشمی دیکە، تەنیا پرۆپاگەندی تەلەڤزیۆنین و لەژێرەوە سیاسەتێکی دیکەی هەیە، ململانێیەکی ستراتیجی هەیە بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکەدا و فارس ئێستاش خۆیان بە میللەتێک دادەنێن کە ئەوان بوونە بە هۆی ئەوەی عەرەبیش پێشبکەون، چونکە پەیوەندی و دراوسێتییەک لەکۆنەوە لەنێوانیاندا هەبووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەقەولی چێرچل لەسیاسەتدا نە هیچ دووژمنایەتییەکی هەتا سەرو نە هیچ دۆستایەتییەکی هەتا سەر هەیە، ئەوەی کە بنەماکان دیاریدەکات و کۆتایی بەشەڕەکان دێنێ بەرژەوەندییە. لەرابردووشدا کۆماری ئیسلامی ئەوەی بە کردەوە دەرخستووە، لەکێشەو تەعامولی لەگەڵ عێراقدا کاتێک بەپێویستیان زانی سولحیان کرد کە لەکاتی خۆی ئەو مەسەلەیە بۆ ئیمام خومەینی زۆر گران تەواوبوو. دووەم، هەر لەگەرمەی شەڕی ئێران و عێراقدا دەرکەوت کە ئێران ناراستەوخۆ چەکی لە ئیسرائیل کڕیوە، تەنانەت لەکاتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی ناڕاستەوخۆ هاوکاری و راوێژی داوەتە ئەمریکییەکان، بۆیە زۆر سروشتی و ئاساییە کە ئەو جەماعەتەی ئەوڕۆ لەتاران دەسەڵاتدارنو حکوم دەکەن بۆ بەرژەوندی ئێران و بەرژەوەندی ستراتیژی مەزهەبی خۆیان لەپێناو ئەوەی لە ناوچەکە وەک زلهێز بجوڵێنەوەو دانیان پێدابنرێ و ببنە فاکتەرێک لە سیناریۆی سیاسەتی گەورەو ئەمنیدا دەست بۆ زۆر کار ببەن. جیاواز لەو واقعبینییە سیاسییە،سروشتی میکانیزمی دروستکردنی موئەسەساتی زۆر لە تاران وەک: وەلی فەقیە، شوورای نگەهبان(ئەنجوومەنی چاودێری)، ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندی نیزام، ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی و ئەنجوومەنی خیبرەگان، کۆمەڵێک دامەزراوەن کە لەنێو خۆیاندا وەک تەنەوعات درووستیان کردوون، ئەو تەنەوعاتە لەکەنالی جۆراوجۆرەوە ئەزموون دەدەنە دەسەڵات کە لەپێناو بەرژەوەندی خۆی، چۆن لەگەڵ دونیای دەرەوەی خۆی مامەڵە بکات. بۆیە بەڕای من ئەو جەماعەتەی لەتاران حکومەت دەکەن، سەدام حوسێن نین، حوسنی موبارەک نین و حافز ئەسەدیش نین.

**ڕووداو: زیرەکترن؟**

**خالید عەزیزی:** بەڵێ زیرەکترن، میکانیزمی ئەوەیان دروستکردووە کە چۆن زیرەکانە بجوڵێنەوە. لەهەمانکاتدا کە دژی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و چارەسەری کێشەی کوردن، بەڵام بۆبەرژەوەندی خۆیان هەندێک مکانیزمیان دۆزیوەتەوە کە چۆن کەڵکیان لێوەربگرن.

***ڕووداو: ئەوەی گوتت بە نیسبەت ئەفغانستانیش ڕاستە. ئێران هاوکاری ئەمریکای کرد بۆ لێدانی تالیبانیش و بە شێوەیەک لەشێوەکان ئاسانکاری کرد. هەر لێرەدا باس لەوە دەکرێ کە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو ئاسانکارییەی کە ئێران بۆ لێدانی سەدام حوسێن و ڕووخاندنی هەیبووە. هاوکات بووە لەگەڵ ئەوەی کە ئێران پلانێکی ستراتیژی داوەتە ئەمریکا. کە لەڕێگەی تیم گۆڵدمنەوە لە باڵیۆزخانەی سویسرا پێشکەشی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای کردووە کراوە. کە لەبەرامبەر هەندێ ئاسانکاریکردن بۆ ئێران ئەوان ئامادەن نەرمی بنوێنن لەبەرنامەی ئەتۆمی. لە سیاسەتیان بەرامبەر ئیسرائیل و هاوکاریکردن لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی قاعیدە و هاوکاریکردنی ئەو سیاسەتەی کە ئەمریکا پێیخۆشە. بەڵام "بازەکان"ی ئەمریکا ئەو پلانەی ئێرانیان ڕەتکردەوە. بۆیەش دانیشتنەکانی ئەمریکا و ئێران تەنیا لەبەغدا تەنیا لەسەر دۆخی نێوخۆی عێراق نەبوون. لەسەر پەیوەندی تەواوی ئەمریکاو ئێران بوو و مام جەلال و کەسانی دیکەش دەستیان تێدا هەبوو لەو دانیشتنانەدا. پێتوایە ئێستا ئێران بە زیرەکایەتی خۆی و بەو هاوکارییەی کە لەو دوو شەڕەدا کردی گەرەنتییەکی وەرگرتووە کە ڕۆژئاوا یان ئەمریکا هێرشی نەکاتە سەر یاخود بەرنامەیەکی دیکە لەگۆڕێدایە؟***

**خالید عەزیزی:** زۆر زەحمەت دەکرێ لە سیناریۆی شەڕدا گرەنتییەکی تەمەن درێژ وەربگری. وەک ئینگلیزەکان دەڵێن ڕەنگە تۆ لە تێکهەڵچوونێکدا سەرکەوی، بەڵام لەکۆتاییدا لەشەڕەکە سەرنەکەوی، ئەو گەرنتییانە بە باوەڕی من هیچ بەرژەوەندی درێژخایەنی ئێران دەستبەر ناکەن ، هۆیەکەشی ئەوەیە جیهان و ناوچەکە لەئاڵوگۆڕێکی زۆردایە، داو و دەزگا لە واشنتن دەگۆڕدرێن، لەئەورووپا دەگۆڕێن و لەتورکیا دەگۆڕێن، بۆیە ئەو پەیمانە سەربازی و گرەنتیانە یان لەخانەی نهێنیدا دەمێننەوە یا بالانسی هێز وادەکات هیچی بۆ جێبەجێ نەکات، بەبڕاوی من ئەو گەرنتییانە بۆ ئێران هیچی نەماون. دەبینین تورکیا بەتایبەت دوای ئەوەی ئەردۆغان دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، هەندێک لەبنەماکانی کەمالیزم دوور دەکەوێتەوە لە حالەتی داخراوی دێتە دەرێ و پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوروبەر خۆشتر دەکات و کرانەوەیەک بەرووی کورددا دەکات. تورکیا ئەمڕۆ کارتی یاریزانێکی جیدیتر و مەعقولتر و دیموکراتی لەناوچەکەدا بەدەستەوەیە تا ئێران. ئێران هەر لەخانەی درووشم و شیعارات و هەڕەشەو گورەشە و شۆڕشدا ماوەتەوە، بۆیە پێموایە ئێران کە خۆی لەو خانانەدا هێشتووەتەو ئەو گەرەنتییانەشی نییە و زیاتر خۆی تووشی کێشە دەکات.

***ڕووداو: پێتوایە ئێران تووشی هێرشێکی سەربازی ببێتەوە؟***

**خالید عەزیزی:** هێرشی سەربازی ئەگەر بڵێین بەو شیوازەی کە لەدژی عێراق کرا، ڕەنگە پێشبینیەکەی زۆر زەحمەت بێ. ئیدارەی ئۆباما ئێستا لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی دیکە بەرەوڕوون، بەگشتیش دیموکراتەکان بە پێچەوانەی کۆماریخوازەکانی

ئەمریکا تێبینی و بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەمەسەلە گەورەکاندا. من زۆری پێشبینی ناکەم، بەڵام سەیر نییە کە ئێران تووشی کێشەی دیکە ببێتەوە لەپەیوەندی لەگەڵ پرۆژەی ئەتۆمی، گەمارۆی ئابووری و کێشەی دیپلۆماتی و ئەو گوشارانەی کە لە نێوخۆی وڵات لەلایان خەڵکەوە رووبەڕووی دەکرێنەوە، گرفتی تازەی بۆ بێتە پێشەوە. رەنگە ئەو حکومەت تووشی گرفت دیکە بکات و پرسیاری زۆر لە سەر ئەو سیستەمە دروست بکات.

***رووداو: پێتوایە ئەو گوشارانەی لەسەر ئێران هەن، وابکات ئەو راپەرینە سەوزەی کە ئێستا لەئێران هەیە، سەرئەنجام بگاتە ئەوی کە هێزێکی مەعنەوی لەو گوشارە دەرەکییانە وەربگرێ و ئەو رژێمەی ئێستای ئێران بگۆڕێ؟***

***خالید عەزیزی:*** تا ئەو جێگەیەی کە پەیوەندی بە پرۆژەی ئەتۆمی ئێرانەوە هەیە، پرۆژەی ئەتۆمی ئێران و تەنانەت ئەوە کە ئێران دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، باسی رۆژانەی خەڵک نییە لەشەقامی ئێراندا، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئایدیای ناسیونالیستی و یان ئێرانیستی لە کۆمەڵگەی ئێران و لەناوخۆی وڵات ئایدیایەکە کەخەڵک پێیخۆشە، خەڵک ئەوە بەراورد دەکا لەگەڵ ئیسرائیل کە بۆ چەکی ئەتۆمی هەیە، بۆ پاکستان هەیەتی و بۆ هیندستان هەیەتی و بۆچی ئێران ئەو چەکەی نەبێت. ئەگەر ئەو کێشەیە لەو خانەیەدا بمێنێتەوە، لەناوخۆی ئێران، رۆژئاوا و ئەمریکا ناتوانن خەڵک بۆ لای خۆیان راکێشن. بەڵام ئەگەر دونیای دەرەوە بە تایبەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بتوانێ سەرکەوتنێک بەدەستبێنێ، بەخوێندنەوەی شوێنەواری گەمارۆی ئابووری لەیوگوسلاڤیای پێشوو و لەشوێنەکانی دیکە، چەندە کاریگەری لەسەر دەرئەنجامەکان داناوە، دەکرێ کاریگەری میکانیزمی گەمارۆی ئابووری لەسەر ئێران وا لێبکەن کە حکومەتی ئێران بکەوێتە ژێر گوشار، چۆن؟ کە ئەو کەلوپەل و ئەو بەشە لە سیستەم و داو و دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی هەڵبژێرن و، گەمارۆیان بخەنە سەر کە بۆ رژێم کاریگەرن و کار لە ژیانی خەڵک ناکات. بۆ نمونە رێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەتوانن بە ئاسانی هاتووچۆی دەرەوەی ئێران بکەن، سوپای پاسداران کە ئێستا لەئێران بووەتە دەسەڵاتێکی گەورەی ئابووری، نیزامی و دامەزراوەی زۆری بەدەستەوەیە، بیخەنە ژێر گوشار و چالاکییەکانی بەربەست بکەن، گەمارۆ بخەنە سەر ئەو شوێنانەی کە کەرەستەی قورس بەرهەمدێنن. شوێنەواری ئەو گەمارۆیە لەسەر جوڵانەوەی سەوز دیسان دەگەڕێتەوە سەر رادەی ناڕەزایەتی خەڵک لەناوخۆی ئێران لەسیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد. هەروەها دەبێ لەو خانەیەشدا تەماشای ئەو بزووتنەوەیە بکەی کە سەوز چی بەدەستەوەیە؟، چونکە سەوزیش لەسەر پرۆژەی ئەتۆمی و رەنگە لەسەر زۆر بابەتی دیکەش وەک باڵەکەی دیکە بیر بکاتەوە.

***رووادو: واتە مووسەوی و کەڕووبی هەروەک ئەحمەدی نەژاد تەماشای پرۆژەی ئەتۆمی ئێران دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** رەنگە لە وردەکارییەکاندا جیاوازیان زۆر نەبێ ، ئەوانیش وا بیر دەکەنەوە کە ئێران مافی خۆیەتی ئەوەی هەبێت، بەڵام لەهەڵسوکەوتی لەگەڵ دونیای دەرەوە، چۆن هەیان بێ و بە چ شێوەیەک هەیان بێ، زۆر هەراو هوریا

نەکەن و نائەمنی دروست نەکەن، رەنگە لەوەدا جیاوازیان هەبێ. لە گوتارەکانیشیاندا ئەو جیاوازیە دیارە.

***رووداو: ئەو نارەزایەتییەی ئێستا لەئێراندا هەیە. ناڕەزایەتی بەرەی ریفۆرمخوازە بەرامبەر بەرەی پارێزکار یا ناڕەزایەتی خەڵکە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی؟***

***خالید عەزیزی:*** بەشێوەکی گشتی درێژەی ناڕەزایەتی خەڵکە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی، لە فۆرمی تایبەتی خۆیدا دەکرێ بڵێین لەسەر بنەمای ٢ی جۆزەردان کە خاتەمی هاتە سەر کار و هەڵبژاردنی مەجلیسی شەشی لەسەر ساز بوو، درێژەی ئەوە، لە حاڵەتی سێیەمدا، دژکردەوەیەکە لە دژی کردەوەی دەسەڵات لەکاتی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماریدا کە بەوشیوەیە دەنگی خەڵکیان دزی، ئەو هەرسێ فاکتەرانە تێکەڵ بەیەک بوونە و مکانیزمێکی تایبەتیان داوەتە جوڵانەوەی سەوز.

***رووداو: ئایا کۆماری ئیسلامی دەرفەتی خۆ نوێکردنەوەی تێدا ماوە یان خەڵک بەهەر شێوەیەکبێ دەیەوێ بیروخێنێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لەگەڵ سناریۆیەک رووبەڕوو دەبین کە دوو سێ ئەگەری هەیە، ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە بەهۆی ئەوەی حکومەتی ئیسلامی بە شۆڕش هاتووەتە سەر کار، رەنگە ئەو بۆچوونە لەنێو کۆمەڵگەدا بێتە پێشێ کە بە شۆڕشیش لەنێو دەچێ، ئەوە لەکاتێکدایە کە لەسەردەمی ئێستادا شۆڕش لە جیهاندا کەمبوونەتەوە. ئەگەری دووەم ئەوەیە کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی ئەفغانستان و عێراق، لەسەر کیشەی ئەتۆمی ئێران تووشی هێرشێکی سەربازی ببێتەوە، بەڵام ئەوە ئەگەرێکی زۆر لاوازە کە لەنێو کۆمەڵگە و میدیاکاندا باسی لێوە دەکرێ. ئەگەری سێیەم ئەوەیە کە هەردوو ئەگەری پێشوو زەمینەیان کەمە و کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی سیاسییە، گەشانەوەی سیاسی لەئارادایە، شۆڕشی تاقیکردووەتەوە کە چی لێکەوتەوەو شەڕیشی لە دەوروبەری خۆی دیوە. من پێموایە ئەو عەقڵانیەتە لەکۆمەڵگەی ئێراندا لەحاڵی پەرەسەندندایە و کۆمەڵگەی ئێران بە دروستکردنی مکانیزمێکی سافکردنەوەی حیساب لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بەرەو ئەوە دەچێت کە ئەو نیزامە ناچاری پاشەکشە بکات، یان بە ئاڵوگۆر وجموجۆڵێک لەنێوخۆی وڵاتدا وردە وردە لەنێوبچێت. من کەم پێشبینی دەکەم کە ئێستا شۆڕشێک رووبدات، وەک سی سال پێش، یان شەڕێک رووبدات و حکومەتی کۆماری ئیسلامی پێ لەنێوبچێت، زۆرتر پێشبینی ئەوە دەکەم کە قۆناخ بە قۆناخ کۆماری ئیسلامی پاشەکشە بکات، قۆناخ بە قۆناخ هێندێک مکانیزمی هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ خەڵک بگۆڕێ. لەپاڵ ئەوەشدا ئەو پێشبینیەش دەکەم کە سوپای پاسداران لەدرێژەدا دەسەڵات بە تەواوەتی بەدەستەوە بگرێ.

***رووداو: ئایا ئەو ئەگەرە هەیە ئەو گەلەکۆمەیەی کە کاتی خۆی وڵاتانی رۆژئاوایی و ئەمریکا بۆ رووخاندنی سەدام کردیان. دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش دروست ببێ و هێرشێکی سەربازی بکرێتە سەر ئێران؟***

**خالید عەزیزی:** نەخێر پێشبینی ئەوە ناکەم.

***ڕووداو: باشە لەو حاڵەتەدا کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەرەوە پێشبینی ناکەی، دەبینین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموویان دروشمی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان هەڵگرتووە، ئەو دروشمە تا چەند کردەییە؟***

**خالید عەزیزی:** من لەو باوەڕەدام دروشمی ڕووخاندنی دەوڵەتی ناوەندی لەهەموو ئەو پارچانەی کە کوردی تێدا دەژی، دروشمی گەلی کورد نییە، ئەو دەوڵەتانە کورد دروستی نەکردوون و کوردیش ناتوانێ بیانڕوخێنێ، شەڕی چەکداری کورد لەدژی ئەو دەوڵەتانە تەنیا دەتوانێ گوشارێک بێت و هۆکاری سەر ئێشە بێت و دەوڵەتی ناوەندی ناچار بکا بە جۆرێک ئاوڕ لەمەسەلەی کورد بداتەوەو، ئەگەر زۆر لاواز بوون مامەڵەی لەگەڵ بکەن و ئەگەر بەهێز بوون دیسان هێرشی بکەنەوە سەر. لەپەیوەندی لەگەڵ ئێراندا، ئێران وڵاتێکە بە درێژایی مێژوو، فارس و تا رادەیەکیش ئازەری دروستیان کردووە، فارسەکان و ئازەرییەکان دوو نەتەوەی سەرەکین لەڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لەئێراندا. ئێمەی کورد نەتەوەی سێیەمین لەڕووی ڕێژەی دانیشتوانەوە ، عەرەبەکان، بەلووچەکان و تورکمانەکانیش لە ئێمەش کەمتر و لە پەروێزتردان، بۆیە من لەو باوەڕەدام لە وڵاتێکدا کە رابردوویەکی ٢٥٠٠ ساڵەی حکومەتداری هەیە و مەزهەبی شیعەش چەند سەد ساڵە لەدەسەڵاتدایە و دەوری هەیە، کورد نە لەڕووی حەشیمەت و نە لەڕووی توانای سەربازی و نە لەڕووی ئاستی نێودەوڵەتی، مەجالی ئەوەی نییە کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێ. خودی دروشمی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ڕەنگە شوێنەوارێکی ئەوە بووبێ کە تەنانەت ئێمەشی لەیەک خانەدا هێشتبێتەوە، هەر بەوشێوەیەمان بیر کردبێتەوەو هەر لەچوارچێوەی دروشم و لەحاڵەتی هێرشکردنە سەردا مابینەوە و هەوڵمان نەدابێ ڕێگەی دیکەش بکەینەوە و لەو ڕێگەیانەوە کۆماری ئیسلامی تووشی بەربەست بکەن. هۆی هاتنە ئارای دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کاتێک وتووێژی دەستەی نوێنەرایەتی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی تووشی شکست هات و کۆماری ئیسلامی هێرشیکردە سەر کوردستان و کوردستانی میلیتاریزە کرد، خوێن دەڕژا و شەڕ دەکرا، ئەو دروشمە لەڕووی سایکۆلۆژی و ئوسولی جێکەوت. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو باوەڕەداین کە نابێ جوڵانەوەی کوردستانی ئێران و جوڵانەوەی حیزبەکەی خۆمان بەوە پێناسە بکەین کە ئێمە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕوخێنین، ئێمە شتێک کە بۆمان جێبەجێ ناکرێ و گونجاو نییە نابێ بیهێنینە گۆڕێ، لەلایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی لەماوەی ئەو سی ساڵەدا بە تێروانینێکی ئەمنی چاوی لەکوردستان کردووە، کوردستانی کردووەتە چوارچێوەیەکی سەربازی، ئێمە نابێ خۆمان بە جۆرێک مامەڵە بکەین کە دیدی ئەمنی کۆماری ئیسلامی لەسەر کوردستان بەهێزتر بێت.

***ڕووداو: ئێوە ئەو دروشمەتان لەبەرنامەی حیزبەکەتاندا لاداوە؟***

**خالید عەزیزی:** ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێستا ئەو دروشمە بەکار ناهێنین، زۆر زوو لەکۆنگرەکانی پێشوو

ئەو بابەتە کاتی خۆی هاتووەتە گۆڕێ، بەڵام ئەگەر سەیری هەڵوێستەکانی ئێمە بکەن لەپەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ئەو دوایییەدا، هەڵسوکەتی ئێمە لەپەیوەندی لەگەڵ کێشەکانی سەرۆک کۆماری و هەڵبژاردنەکان و دەرئەنجامەکانی، بە جۆرێک بوو کە حیزبی ئێمە ئەو توانایەی هەیە بە فراوانی بچێتە نێو خەباتی مەدەنی، تەنانەت لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا.

***ڕووداو: ئەگەر ئەو زەمینەیە بڕەخسێ کە ئێوە بچنەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە هەر کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێ و ئامادەش نەبێ گفتوگۆتان لەگەڵ بکات، بەڵام ڕێبدات بچنەوە، ئایا دەچنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی مەجالی ئەوە بدات لەکوردستان خەڵک نەگیرێ و لەسێدارەنەدرێ، ئەگەر مەجالی ئەوە بدات کە حیزبەکان بە شیوەی سیاسی چالاکی بکەن، من پێموایە هەموو حیزبەکانی کوردستانی دەبێ بڕۆنەوەو لەنێوخۆی وڵاتدا چالاکی بکەن و لەهەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی و هەڵبژاردنی شوورای شارو دێهاتەکاندا بەشداربن. ئەگەر بۆ ئێمە ئەمنیەت هەبێ لەنێوخۆی وڵات، تەنانەت لەچوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا ئێمە دەچینەوە. پێمانوایە شوێنی ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان نە ئەورووپایە، نە ئەمریکایە و نە کوردستانی عێراقە، جێگەی ئێمە کوردستانی ئێرانە. ئێستاش کە لێرەین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هیچ مەجالێکمان بۆ نەماوەتەوە.

***ڕووداو: پێشتر حیزبی دیموکرات لەدەرەوە لەسەر ئەوە دانوستاندنی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران کردووە چ دەدەنە کورد. ئێستا ئەوەتان گۆڕیوەو ئامادەن ئەگەر زەمینەی چوونەوە هەبێت بچن لەوێ کار بکەن و لەوێ دانووستاندنەکان بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی بە خوێندنەوەی زۆر کورت لە ساحەی سیاسی ئێران و لەتەنیشتی یەکدانانی فاکتەرەکان و هەڵسەنگاندنی بالانسەکانی هێز، لەو باوەڕەداین کە کۆماری ئیسلامی نە فیدرالیزم قەبوول دەکا و نە خودموختاری بۆ کورد قەبول دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری ئیسلامی ئەمنیەت بدات بە چالاکی سیاسی ئێمەو لەکوردستانی ئێران خەڵک بەهۆی بۆچوونی سیاسی نەگیرێ و لەسیدارە نەدرێ، ئەوە زۆر بە باش دەزانین کە بچینەوە ناوخۆی وڵات و لەوێ درێژە بە چالاکییەکانمان بدەین.

***ڕووداو: ئەگەر ئێران ئەوە قبوول بکات ئێوە لەناوخۆی وڵات چالاکی بکەن بەڵام بە نێوێکی دیکە وەک DTP کە باڵی سیاسی و مەدەنی پارتی کریکارانی کوردستانە، ئایا ئێوە ئامادەن ئەو کارە بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** زۆر زووە ئێستا باس لەو وردەکارییە تەکنیکیانە بکەین، بەڵام لەسەردەمی خاتەمیدا کە تارادەیەک کەشێکی کرانەوەی سیاسی و جموجۆڵی مەدەنی هەبوو، ئێمە ئەوەمان بەباش دەزانی و تەنانەت ئەو کاتەی کە فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران دروستبوو ئەوەمان بەباش لێکداوە، هەر ئێستاس ئەوە بەباش دەزانین کە هەیە،

لەلایەکی دیکەوە حیزبی دیموکرات پێشینەی چالاکی سیاسی بۆخەڵکی ئێران و ولاتانی ناوچەو دونیای دەرەوە بە حیزبێکی لیبرال و دیموکرات کە دووره لەتووندوتیژی و شەڕ ناسراوە و لەهەمانکاتدا دامەزرێنەری ئەو حیزبە قازی محەممەد، بە شاهیدی ئێستای ئەو کەسانەی کە ماون و تەنانەت خودی کۆماری ئیسلامیش دەزانێ، حکومەتێکی شای پێشوو لەسێدارەی داوە کە کۆماری ئیسلامی لەنێوی بردووە، بۆیە پێشینەی دامەزراندنی حیزبی دیموکرات و ئەو پەیامەی کە ئێمە هەمانە، ئەو خوێندنەوەی ئێمە بۆ سیاسەت و مامەڵکردن هەمانە، باوەڕدەکەم هیچ کێشەیەک لەوەدانییە کە بڵێ نێوەکەتان بگۆڕن. نێوەکە بەربەست نییە، هەرچەندە ئێران حیزبی دیموکرات بە حیزبێکی نایاسایی و هەڵوەشاوە راگەیاندووە، ئەگەر ئەوان باوەڕیان بە چارەسەری کێشەکە هەبێت، چۆن هەڵیانوەشاندووەتەوە، بابڵێن گۆڕانێک هاتووەتە گۆڕێ لەژێر ووناکایی ئەو گۆڕانەدا بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئێمە چاو بەو بڕیارەدا دەخشێنینەوە.

***رووداو: ئێوە ئامادەن دەست لەو ناوە هەڵبگرن یا نا؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە بەلای ئێمەوە جێگەی باس نییە، چونکە کێشەکە ئەوەنییە، تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئێمەی باسنەکردووە کە بۆیە لەگەڵ ئێوە پێکنایێین، چونکە ئێوە نێوتان حیزبی دیموکراتە.

***رووداو: بەڵام بە حیزبی ئێوە دەڵێن حیزبی هەڵوەشاوە؟***

***خالید عەزیزی:*** حیزبی هەڵوەشاوە لایەنی یاسایی هەیە، ئەوان هەڵیانوەشاندووەتەوەو، با خۆشیان ئەوە شی بکەنەوە، ئەوە ئەوانن دەتوانن یاساکەی خۆیان بگۆڕن.

***رووداو: هەروەک باستان کرد ئەو ئەگەرە لاوازە کە کۆماری ئیسلامی لەماوەیەکی کورت خایەندا بڕووخێ و ئامادەش نییە خودموختاری بداتە کورد. ئێوە کە دروشمی خودموختاریتان گۆڕیوە بۆ فیدرالی. ئێوە ئامادەن چ بکەن بۆ ئەوەی دانوستاندن لە گەڵ ئێران بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** دانوستاندن لە سەر زەمینەیەک دەکرێ کە ئەویش هاوسەنگی هێزەکانە کە دانوستاندن دێنێتە گۆڕێ، ئێمە لەبواری سەربازیدا ئێستا هیچ هەڕەشەیەک نین لەسەر کۆماری ئیسلامی، بەڵام لەداهاتوودا ئەگەر بارودۆخ بگۆڕێ و هەلومەرجێک بێتە پێشەوە کە سیناریۆی سەربازی دژی ئێران بێتە ئاراوە کورد بەکردەوە هێزە و حیزبی دیموکڕاتی کوردستانیش بەشێکە لەو هێزە. لەبواری پڕوپاگەندنەوە ئێمە گوشارمان لەسەر کۆماری ئیسلامی هەیە، لەبواری دیپلۆماسیدا ئێمە لە لەندەن، بروکسێل، ئەمریکا و ئەنتەرناسیۆنال سوسیالیست ئامادەیی و چالاکی راگەیاندنیمان هەیە دژی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئەوەی دیاریدەکا بالانسی هێزی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە دژی کۆماری ئیسلامیدایە. ئەو نەتەوەیە چەندە لەکێشەکاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گوشار دەخاتە سەر کۆماری ئیسلامی کە ناچاری دانوستاندنی بکات.

سەرەڕای ئەوەی کە شعووری سیاسی و پێناسەی نەتەوەیی لە کوردستانی ئێراندا بەخۆشییەوە لە پەرەسەندندایە، بەڵام ئێستا نەبووەتە ئەو هەڕەشەیە کە ئەو رژیمە ناچار بکات. سەرەڕای هەموو ئەوانە ئەوە دووپاتدەکەمەوە کە فیدرالیزم لە پەیرەو و پرۆگرامی ئێمەدا هەیە و بڕیار نییە کە پەیرەو و پرۆگرامی هەر حیزبێک لەیەک رۆژ و لە یەک دانووستاندن و یەک ساڵ و سێ ساڵدا جێبەجێ بکرێ، ئەوە شتێکی ستراتژییە. ئێمە پێمانوا نییە مەسەلەی سیاسی یان دەستکەوتەکان وەک سفر و سەت تەماشا بکرێن، لەنێوان سفر و سەت دا ژمارەی زۆر و ئەگەری زۆر هەیە. ئێمە بەو شێوەیە دەڕوانینە سیاسەت، بۆیە دەکرێ بڵێم ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادەیی ئەوەی هەبێ پێشنیازی دانووستاندن و گفتوگۆکردن بداتە ئێمە بە فەرمی وەک دەوڵەت، ئەوە قەبووڵ بکات کە لەئێراندا کێشەیەک هەیە بە نێوی کێشەی کورد، وەک چۆن ئێستا لە تورکیا ئەوە هێنراوەتە گۆڕێ ، ئێمە ئامادەین گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین، لەکاتێکدا ئێمە ئەزموونی ڤیەننامان هەیە کە بە چ دەرئەنجامێک گەیشتین.

***رووداو: ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئامادەبێت گفتوگۆکردن لەسەر جێبەجێکردنی مادەی ١٥ی دەستووری ئێران لەگەڵ ئێوە دەست پێ بکات، کە رێگە بەخوێندن بە زمانە نا فارسییەکان دەدات، ئێوە ئامادەن لەو کلیلەوە بچنە ژوورەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر کۆماری ئیسلامی لەهەر بوارێکی یاسایی بۆ نموونە ماددەی ١٥ و مادەی ١٩ کە هەندێک پەیوەندی لەگەڵ مەسەلەکانی ئێمە هەیە وتووێژ بکات، ئێمە ئامادەین. ئەگەر بڵێ ئێمە ئامادەین وەک کۆماری ئیسلامی لەسەر مادەی ١٥ گفتوگۆ لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان بکەین، ئێمە ئامادەین قسەی لەسەر بکەین.

***رووداوو: ئێستاش راتان لەسەر فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد باشە کە ئێستا لە پەرلەمانی ئێران هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە رایدەگەیێنین کە بەشی هەرە زۆری ئەندامانی حیزبی دیموکرات لە نێوخۆی وڵاتن، رێژەیەکی کەمی لەباشووری کوردستان و لە دەرەوەی وڵاتن، شوێنی چالاکی ئێمە نێو خۆی وڵاتە، بۆیە ئەو ماوەیە ئێمە هەمیشە هەوڵمانداوە بەخوێندەواران، رووناکبیران و نووسەران و سیاسەتمەداران، یاسانان و پەرلەمانتاران بڵێین لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا، کە ئێمەی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان قەبووڵ نییە، کار بکەن و لە هەموو بوارێک سوود وەربگرن بۆ هێنانە گۆڕێی کێشەی کورد و ناسنامەی کورد، بۆ ئەوە کورد فێری خۆسازدان و رێکخستن بێ لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا کار بکات. بۆچی؟ ئێمە پێمانوانییە کە کوردستانی ئێران تەنیا موڵکی حیزبی دیموکراتە یان موڵکی حیزبەکانی تاراوگەیە. دەبێ هەموو ئەوانەی تێیدا بەشدار بن و پێشمان خۆشە شتێکی وەک DTP کە لەتورکیا هەیە لەکوردستان ئێران دروست ببێ و بەو عەقلیەت و بەوشێوەیە کە بۆخۆیان بەگونجاوی دەزانن و بەوشێوەیەی کە دەرفەتی جموجۆڵی هەبێ لەنێوخۆی ئێران دا، کار بکەن.

***ڕووداو: ئەگەر ئەو دۆخەی ئێستا لە تورکیا هاتووەتە گۆڕێ و زەمینەی خەباتی مەدەنی دروستبووایە لە ئێران و لە پەرلەمانی ئێران باسی چارەسەری کێشەی کورد بکرابا. ئێوە چتان دەکرد کە تاوەکو ئێستا PKK نەیکردووە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، سروشتی سیاسەتکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە وڵاتێکی وەک ئێران دروستبووە و حیزبایەتی لەنیو خەڵکدا کردووە، ڕوانین و بۆچوونی لەسەر کۆمەڵگەو سیاسەت و هاوکێشە نیودەوڵەتییەکان لەگەڵ PKK جیاوازی تەواومان هەیە و هۆی جیاوزای تەواومان هەیە. دووەم، ئێمە وەک ئایین تەماشای حیزبایەتی ناکەین، بەڵکو لە ڕوانگەی ئێمەوە حیزب ئامرازێکە بۆ چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە دەرفەتەکان، لەپێناو پڕۆژەکەی خۆی و بەرژەوەندی خەڵک. جیاواز لەو بنەمایانە، ئێمە ئەزموونێکمان هەیە، کاتی خۆی کە شۆڕشی ئیسلامی کرا و لەسەردەمی ئیمام خومەینیشدا وتویژی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئارادا بوو، ئەوان حەساسەتیان بەرامبەر دەستەواژەی خودموختاری هەبوو، دەیانگوت وشەیەکی ڕۆژئاواییە، گوتیان بابیکەینە خودگەردانی، پاشان ئەویش وەلانرا و کرایە ٢٦ مادده و دواتر ئەویشیان پێ زۆر بوو، بووە ٦ مادده. مەبەستم ئەوەیە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات هەمیشە ئامادەیی ئەوەمان هەبووە کە بە گوێرەی دەرفەت و هەڵکەوتنی دەرفەت مامەڵە لەگەڵ دەسەڵات بکەین. ئەگەر ئەو دەرفەتەی ئێستا لە تورکیا هاتووەتە گۆڕێ، لە ئێران بۆ ئێمە هەڵکەوتبا، یەکەم، هانی خەڵکماندەدا کە خۆیان ڕێکبخەن لەنێوخۆی وڵاتدا و حیزبی یاسایی دروست بکەن، ئەو حیزبە هەوڵبدات ببێتە لایەنی وتوێژکار لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، چونکە ئەو خەڵکەی لەنێوخۆ دەژی پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگە هەیە، ئەگەر ئێمە متمانە بەو خەڵکە بکەین، ئەوکات دەسەڵات خەڵکی لەشەقامدا لەبەرامبەر خۆیدا دەبینێ و لە ئەنجامدا هاوسەنگی هێزی نێوان ناوچەکە و نێوەند دەگۆڕا. بۆیە ئەگەر ئێمە وا هەڵسوکەوت بکەین و دەسەڵات وای لێکبداتەوە کە کێشەی کوردی ئێران، کێشەی دەوڵەتی تارانە لەگەڵ ئەو چەند حیزبەی تاراوگە، ئێمە لەو حاڵەتەدا بچووک دەبینەوە، بۆیە ئێمە باوەڕی تەواومان بەوە هەیە لەهەموو ئەو کێشانەدا وا بکەین کە تاران لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران ڕووبەڕووبێ. بۆ ئەوەش ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە ماوەی چەند مانگی ڕابردووا تێکۆشاوین متمانەیەکی وا بە خەڵکەکەمان بدەین کە لەنێوخۆ چالاکی بکەن، خۆ ڕیکبخەن و لەوێ کۆماری ئیسلامی تووشی بەربەست بکەن و لەوێ خەڵک بە کۆماری ئیسلامی بڵێ کێشەی کوردی ئێران ئەوە نییە کە تۆ کێشەت لەگەڵ دیموکرات یا چەند حیزب هەیە لە تاراوگە، کێشەکەت لەگەڵ ئەو خەڵکەیە کە لێرە دەژین و کێشەی وانت چارەسەر نەکردووە. ئێمە ئەو ئاراستەیان پێدەدەین.

ئێستاش زۆر بەڕاشکاوییەوە دەڵێم ئێمە لە گوتار و لێدوان و بەرنامەکانی خۆماندا هەر ئەو لۆژیکە بەهێز دەکەین.

***ڕووداو: گوتت خەباتی دیپلۆماسی کورد لە دەرەوە کاریگەری دەبێ. بەڵام حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوبوارەدا زۆر لاوازن. لەکاتێکدا کە دۆخەکە زۆر گونجاوترە لەوکاتەی کە لەسەردەمی د.قاسملوودا بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن جوڵانەوەیەکی دیپلۆماسی بەهێزتربوو. لەکاتێکدا کەسانی زانا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتوون و خەڵک ئێستا زۆر زیاتر لەجاران کورد و کێشەکەی دەناسن؟***

**خالید عەزیزی:** بەداخەوە ئەو لەتبوونەی باڵی بەسەر حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا کێشا، یەکێک لە ئاسەوارە هەرە ناخۆشەکانی ئەوەبوو، لەڕووی دەروونییەوە کاریگەرییەکی ناخۆشی لەسەر کۆمەڵگەی کوردستانی ئێران دانا. دووەم، دەرفەتی مانۆڕ و دیپلۆماسی ئێمەی لە دونیای دەرەوەدا زۆر کەم کردووەتەوە، مادام ئێمە بڵاوین و لێک دوورین و کۆدەنگیەکمان نییە و بە پرۆژەیەکی هاوبەش ناتوانین بێینە گۆڕێ لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە ئێران کە مەسەلەی کوردیش یەکێکە لەوان، ئاستەنگمان زۆرن و بە سانایی قسەمان لێوەرناگرن. بۆیە ئەوەی گوتت بەتەواوی دروستە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرمان هەوڵداوە لانیکەم لەو شوێنانەی کە زەحمەتە لێک حاڵی بین و پێکبگەین هیچ، بەڵام لەو شوێنانەی کە ئاسانترە بەربەستە دەروونییەکانی ئەو کێشانە وەلابنێین و لێک نزیک ببینەوە. ئێمە لە دەرەوە چالاکیمان هەیە، پێوەندیمان لەگەڵ هەندێ شوێن هەیە، لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا بابەتەکان دەخەینەڕوو، بەڵام بەداخەوە وەک حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆدەنگی و یەکدەنگییەکمان نییە کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بێینە بەرچاو. جیا لەوە ئێمە بۆ ئەوەی لە دنیای دەرەوە دەرفەتی دیپلۆماسیمان باش بێت، دەبێ کورد لەناوخۆی ئێران لە کێشە و ڕووداوەکان دا بەرچاوبن و، لەمیدیاکاندا دەنگبداتەوە کە کورد لەو کێشانەدا کورد وەک فاکتەرێک هەیە. بۆ وێنە ئەو جوڵانەوەی کە ئێستا لەئێراندا هەیە و بەجووڵانەوەی سەوز ناسراوە، بایەخپێدانەکە زیاتر لەسەر تاران و ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە، ئێمە وەک کورد لەپەراوێزداین، هۆیەکەشی بۆ کتوپڕی هاتنە کایەی جووڵانەوەکەو، بۆچوونی حیزبە کوردییەکان دەگەڕێتەوە کە زۆرتر باوەڕیان بە رووخانی کۆماری ئیسلامییە و لەو باوەڕەدان هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا نییە، ئەوەش بەلای کەمەوە هەڵوێستێکی پاسیڤ دەدات بە حیزبەکان و دەیانخاتە پەراوێزەوە. لانیکەم ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ئاوامان بیر نەکردووەتەوە و بیر ناکەینەوە، بەڵام لەکۆتاییدا دەتوانم بڵێم دۆخی کوردی کوردستانی ئێران لەخانەی کۆدەنگی لەپێناو بەرژەوەندی کوردستانی ئێران لە گەمەی نێودەوڵەتی دا زۆر لاوازە.

***ڕووداو: ئەو لاوازیە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نەیانتوانیوە کە کەسێکی وەک د. قاسملوو دروستبکەنەوە؟***

**خالید عەزیزی:** کاتێک ئاوڕ لە رابردوو دەدەینەوە، دەبێ رابردوو وەک خۆی ببینین و ئێستاش وەک خۆی. بەشێک لەوانە دەگەڕێنەوە بۆ بالانسی هێز. د. قاسملوو کەسایەتییەکی زیرەکی دیپلۆماتیک بوو، ئەوە شاراوە نییە کە بۆخۆی کەسێکی کارامە بوو، بەڵام د. قاسملوو ئەوکات سکرتێری حیزبێک بوو کە دەیان هەزار پێشمەرگەی هەبوو، لەمەیدانی شەڕدا بوو دژی کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا پرسیاری لەسەر بوو، شورای میللی موقاوەمەت هەبوو، حیزبێکی گەورەی وەک موجاهیدینی تێدابوو، حیزبی دیموکراتی تێدابوو، هەندێک لایەنی دیکەی تێدا بوو، ئێران و عێراق لەحاڵەتی شەڕدا بوون، دەرفەتی مانۆڕی نیزامی بۆ حیزبی دیموکرات کوردستان زۆر بوو و کەسێکی بەتوانای وەک دوکتور قاسملوو توانی لەوە کەڵک وەربگرێ، ئێستا چالاکی حیزبی ئێمە و جوڵانەوەی کوردستانی ئێران لەو پێگەیەدا نییە کە ئەو کاتی تێدابوو.

***ڕووداو: لاوازتربووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەڵێ لاوازتربووە، بەتەواویش لاوازتربووە. لاوازیەکەشی ئەوەیە کە ئەو سەردەم، سەردەمی شەڕ بوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران چالاکی سەربازی هەبوو، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تێکهەڵچوونی هەبوو و ببوو بە فاکتەرێک لەخانەی خەباتی چەکداری، ئێستا سەردەمی شەڕ نەماوە سەردەمی خەباتی سیاسییە، ئێمە بەداخەوە بەهەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران نەمانتوانیوە لەنێوخۆی کوردستانی ئێران کۆدەنگییەکمان هەبێ کە خەڵکەکە لەسەر داوای ئێمە بێتە مەیدان و ببێ بەو فاکتەرە کە پێویستە. مەبەستم ئەوەیە کە جیاواز لە کەسایەتی جێکەوتووی د. قاسملوو، کات و دەرفەت و گونجانیش ئەو پێگەیەی دروستکرد.

***ڕووداو: دەتوانین بڵێین کە حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، حیزبی خەباتی چەکداری بوون و کە بوونە حیزبی سیاسی تەواو، نەیانتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕن و پرۆژەیەکیان نەبوو بۆ ئەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** حیزبی سیاسی ئەگەر لەنێو کۆمەڵگاکەی خۆیدا نەبوو، زۆر دوور کەوتەوەو دەیان ساڵی کێشا، تووشی گرفت دەبێ و ئەو لەتبوونانەش بەشێکی بەرهەمی ئەو دوور کەوتنەوەیە.

***ڕووداو: بۆ ئەوەش ناگەڕێتەوە کە نەتانتوانیوە لەپێوەندی گرتن لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بۆنموونە تورکیا یا زلهێزێکی وەک ئەمریکا سەرکەوتوو بن و وەک یاریکەریکی باش دەرکەون؟***

***خالید عەزیزی:*** لەڕووی ئوسولییەوە ئێمە وەک حیزبی دیموکرات پێمانوایە لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ تورکیا یان هەر لایەنێکی دیکە پێوەندیمان هەبێ و ئەوە بە باش دەزانین، بەڵام ئەو پێوەندیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئێران لەواشنتن، لە تورکیا و ئیسرائیل چۆن سوود وەردەگرێ . پێشتر من ئاماژەم پێکرد کێشەی ئەمریکا لەگەڵ ئێران کێشەی بەرژەوەندی خۆیەتی. ئەگەر ئەمریکا لەو کێشانەدا هەست بکا کە لەقۆناخێکدا بەرژەوەندی دەستەبەر دەبێ، لەسەر داوای ئێمە و لەسەر مافی مرۆڤ کێشە لەگەڵ ئێران ناکات، ڕەنگە گوشاری بخاتە سەر، بەڵام ئەو گوشارانە نابن بە کێشە. تورکیاش هەروا. بە باوەڕی من پێگەی ئێران لە ناوخۆیدا، لەناوچەکەدا وەک زلهێزی و دەسەڵات و توانایی و هەروەها وەک وڵاتێک کە لە ناوچەکەدا دەرفەتی دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەی هەیە و وڵاتێکە نەوتی هەیە و لە باری لۆجستییەوە لەناوچەکە پێگەیەکی بەهێزی هەیە، هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە فاکتەری دەرەکی بەئاسانی لەگەڵ ئۆپۆزسیونی ئێرانی مامەڵە ناکات، چونکە نازانێ دەرئەنجامەکەی بە کوێ دەگات. لەهەموو ئەو ماوەیەدا ئەوەی کە ئێمە دیتمان کۆبوونەوەیان بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراق بەست لە لەندەن و پیرمام، بەڵام هەتا ئێستاش هیچ لایەنێکی دەرەکی دانی بە ئۆپۆزسیونی ئێرانی دانەناوە و هەنگاوی یەکەمیشی نەناوە بۆئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی یەکبخات، هۆیەکەشی ئەوەیە لە هاوکێشەکانی خۆیاندا سیناریۆیان بۆ ئێران دانەناوە.

***ڕووداو: لەسەردەمی ئیدارەی بوشدا، ئەمریکا بودجەیەکی بۆ پارەتیدانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تەرخانکرد. ئێوە هیچ شتێکتان لەو بودجەیە پێ بڕا؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە هیچ شتێکمان لەو بودجەیە پێنەبڕا. ئەو بودجەیە بەشی زۆری درا بە بەشی فارسی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی ئەمریکا، بەشێکی دیکەشی بەگوتەی خۆیان بەشێوەی جۆراوجۆر بۆ پەرەپێدانی خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی ئێراندا تەرخانکرد.

***ڕووداو: ئێوە وەکو نوێنەری حیزبی دیموکرات ماوەیەک لە ئەمریکا بووی. ئێوە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێستا هیچ پێوەندییەکتان لەگەڵ ئەمریکا هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە ئێستا پێوەندیمان لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە، لەگەڵ بەشی دەرەوەی سەنای ئەمریکا هەیە، لەگەڵ بەشی دەرەوەی کۆنگریسی ئەمریکا هەیە و تێدەکۆشین نێو بە نێوە بەشی راوێکاری کۆشکی ئەمریکا لەسەر ڕووداوەکان ئاگادار بکەین، پێوەندییەکانمان لەگەل ئەمریکا هەر وەکو پێشوو درێژەی هەیە، بۆخۆم چەند مانگ لەمەوبەر لەگەل بەرپرسی بەشی رۆژهەلاتی نێوەڕاستی سەر بە وەزارەتی دەرەوە دانیشتنمان بوو و لەدانیشتنەکەشدا بەزۆری باسی ئێمە لەسەر ئەوەبوو ئەمریکا هانبدەین کە کێشەی خۆیان لەگەڵ ئێران بەرتەسک نەکەنەوە بە کێشەی ئەتۆمی، بەلکو تێبکۆشن لەسەر پرسی مافی مرۆڤ و دیموکراسی گوشار بخەنە سەر ئێران، ئێران کۆمەڵگەیەکە لە حالەتی پشکوتن دایە و کۆمەڵگەیەکەی کۆماری ئیسلامی ناوێ، بەلام چۆن لەکۆڵی بێتەوە، دەبێ ئەمریکا تێبکۆشێ خەڵکی ئێران بەشدار بکات لە خوێندنەوەی خۆی لەسەر ئێران.

***ڕووداو: لەدانیشتنەکاندا لەگەڵ ئەمریکا، ئێوە هەستدەکەن کە ئەوان زیاتر زانیاریان لە ئێوە دەوێ یان ئەوەتا هەوڵتانداوە دانیشتنەکان وا لێ بکەن کە ئەمریکا داواکارییەکانی ئێوە گوێ لێبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەمریکاییەکان لە دانیشتن لەگەڵ ئێمەدا، بەرژەوەندی خۆیان دەوێ، ئێمەش بەرژەوەندی خۆمان دەوێ، ئێمە هەوڵمانداوە قەناعەت بە ئەمریکاییەکان بێنین کە گوشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران، ئەوانیش هەوڵیانداوە ئێمە لەسەر کۆمەڵگەی ئێران زانیاری و خوێندنەوە و تێبینی ئێمە بزانن، زۆر گوێیان لێگرتووین. واتە دانیشتنەکان هەردوو لایەنی هەبووە.

***ڕووداو: ئەمریکا کورد وەک لایەنێکی سەرەکی لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا دەبینێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر تەماشای کۆمەڵگەی ئێران بکەی کە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، کورد بە بەراوردکردن لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، کورد ناسراوترە لەلای ئەوان و ڕێبەرانی کوردی ئێرانی باشتر وەردەگرن، پێیانوایە کە کورد فاکتەرێکە

لە ساحەی سیاسی ئێراندا،. بەڵام لەهەمانکاتدا ئەو خوێندنەوەی کە ئێمە بۆ فیدرالیزم و داهاتووی ئێران هەمانە، ئەمریکییەکان ئێستا ئەو خوێندنەوەیان نییە.

***ڕووداو: ئەوان چ دەڵێن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوان زیاتر پێداگیری لەسەر مافی هاووڵاتیبوون و دیموکراسی و حکومەتی یاسا و مافی ژنان پێداگیری دەکەن. لەهەموویان گرنگتر لەسەر گۆڕانی هەڵسوکەوتی سیاسی حکومەتی ئێران پێداگیری دەکەن. تەوەرەکانی باسەکانیان لەگەڵ ئێمە زۆرتر ئەوانەن.

***ڕووداو: لەگەڵ تورکیا هیچ پەیوەندییەکتان هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** زۆرمان پێ باشە لەگەڵ تورکیا پەیوەندیمان هەبێت، بەتایبەت کە ئێستا ئەوەی حکومەتی دادو گەشەپێدان دەیکات بەباشی دەزانین، لەو ماوەیەشدا ئێمە هەوڵمانداوە لە کەناڵی جۆراوجۆرەوە هانی ئەو سیاسەتەیان بدەین. ئێستا هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆمان نییە، بەڵام لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و لایەنی جۆراوجۆرەوە پێوەندی ناڕاستەوخۆمان هەبووە.

***ڕووداو: لەگەڵ ئیسرائیل لە کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکارانی بریتانیا دیدارتان هەبوو. ئەوە چۆن بوو؟***

***خالید عەزیزی:*** من لە کۆبوونەوەی حیزبی کاری ئیسرائیل، ئیهود باراک کە سەرۆکی حیزبی کاری ئیسرائیلە هاتبووە ئەو کۆنفرانسە، حیزبی کاری بەریتانیا میوانداریی‌یەکی بۆ بەشدارانی ئەو کووبوونەوەیە کردبوو، لەو میوانداریەدا زۆر ئاساییە کە من لەگەڵ لایەنی جۆراوجۆر بەوەی کە نوێنەر و ڕێبەری حیزبێکی سوسیال دیموکراتن دانیشتنمان هەبێ. ئەو دیدارەی کە من لەگەڵ ئیهود باراک کردم هەر لەو چوارچێوەیەدابوو. هەر لەو میواندارەیەدا چاوم بە وەزیری دەرەوەی بەریتانیاش هەبوو.

***ڕووداو: وەزیری دەرەوەی بەریتانیا چ ڕایەکی سەبارەت بە کورد هەبوو؟***

***خالید عەزیزی:*** باسەکە بەزۆری تایبەت بوو بە ئێران کە چۆن گوشار بخەنە سەر ئێران لەسەر هەندێک پرسی وەک مافی مرۆڤ و دیموکراسی، بەڵام زیاتر مەسەلەی ئەتۆمی ئێران سەنتەری باسەکان بوو.

***ڕووداو: لەگەڵ ئیهود باراک باسی چیتان کرد؟***

***خالید عەزیزی:*** لەگەڵ ئیهود باراک باسی هەندێک بابەتی گشتیمان کرد. ئێمە بنەمایەکمان هەیە کە لە دونیادا هیچ وڵاتێک بە دوژمنی خۆمان دانانێین وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەنانەت پێمان خۆش نییە کۆماری ئیسلامیش دوژمنمان بێ، بەڵکو ئێمە کێشەی سیاسیمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە. ئێمە هیچ هۆیەک نابینین بۆ ئەوەی ئیسرائیل بە دوژمنی گەلی کورد دابنرێ و جوولەکەش بە دوژمنی میللەتی کورد دابنرێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئیسرائیلیش وەک هەموو وڵاتێکی دیکە ئاوا هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەکەین، بەڵام لەراستیدا هیچ پێوەندییەکمان لەگەڵ ئیسرائیل نییە.

***ڕووداو: پێتان خۆشە پەیوەندیتان هەبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان پێمانخۆشە لەگەل هەموو دەوڵەتانی دنیا کە ڕێز بۆ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دادەنێن و لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە بەجۆرێک دەتوانن یارمەتیدەری پێشڤەچوونی دیموکڕاسی و ئازادی بن لە ئێران و هۆی دەستەبەربوونی مافەکانی گەلی کوردبن، بەمافی خۆمانی دەزانین پێوەندیمان لەگەڵ هەبێت، بە ئیسرائیلیشەوە. ئێمە هیچ هۆیەک نابینین دەوڵەتێک لە خۆڕا بە دوژمنی خۆمان دابنێین.

***ڕووداو: لەگەڵ ئیهود باراک باسی بابەتێکتان کرد کە پێوەندی بە کوردەوە هەبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** باسەکانمان زۆرتر پێوەندی بە ئێرانەوە هەبوو، کە ئێمە پێمانخۆشە هەموو وڵاتانی جیهان کار بکەن بۆ ئەوەی حکومەتی ئێران ببێتە خاوەن هەڵسووکەوتێکی مەعقووڵ و عاقلانە بجوڵێتەوەو، پێمانخۆشە لەهەموو دەرفەتەکان کەڵک وەربگیرێ بۆ گوشارخستنە سەر ئێران لە مەسەلەی دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

***ڕووداو: هیچ گەرمییەک هەبوو بۆ ئەوەی کە دیداری دیکەتان لەگەڵی هەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** هیچ شتێکی وا لەگۆڕێدا نەبوو.

***ڕووداو: حیزبی دیموکرات لەسەردەمی د.قاسملوودا پەیوەندییەکی تایبەتی لەگەڵ فەرەنسا هەبووە. بێرنارد کۆشنێر کە ئێستا وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەیە ئەوکات هاتووە بۆ نێو پێشمەرگەو پێوەندییەکی زۆر دۆستانەی لەگەڵ حیزبی دیموکرات هەبووە. ئێوە هیچ چاوەڕوانیەکی زیاترتان هەیە لە بێرنارد کۆشنێر؟***

***خالید عەزیزی:*** ڕەنگە بەحوکمی ئەوەی کە بێرنارد کۆشنێر و بەشێکی دیکە لەوانەی لە فەرەنسا لە دەسەڵاتدابوونە یان لە دەسەڵاتدان، بەهۆی ئەو دۆستایەتی لەگەڵ حیزبی ئێمە هەیانبووە، ئەو چاوەروانییە هەبووبێ. بەڵام لەهەمانکاتدا ئێستا بێرنارد کۆشنێر وەزیری دەرەوەی فەرەنسایە و سروشتییە کە فەرەنساش کۆمەڵێک بەرژەوەندی تایبەت خۆی هەیە لە

ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەکەدا، بۆیە ئەگەر چاوەڕوانییەکمان هەیە ئەوە مافی خۆمانە، بەڵام چەندە ئەو چاوەڕوانیانەی ئێمە بۆ ئەوان کردەبین ئەوە شتێکی دیکەیە. چەند مانگ پێش ئێستا نوێنەری ئێمە دیدارێکی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا هەبوو، مەبەستەکەش ئەوەبوو چۆن زیاتر هاوکاری بکەین کە پرسەکانی پێوەندیدار بە کوردستانی ئێران بکەوێتە بەر دەستی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، بەڵام ئایا چاوەڕوانییەکە چەندە کردەییە و جێبەجێ دەبێ، لەو باوەڕەدام کە ئێستا بێرنارد کۆشنێر وەک وەزیری دەرەوە ئەوەندە دەستی ئاوەڵە بێت کە وەک بیست ساڵ پێش ئێستا دەستی کراوەبێ بۆ یارمەتیدانی کورد.

***ڕووداو: بۆچی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەراوێزی جووڵانەوەی سەوزدایە. ئایا ئێوە هیچ پرۆژەیەکتان بۆ چوونی کورد بۆ ناو ئەو جووڵانەوەیە هەیە؟***

**خالید عەزیزی:** ئەم پەراوێزییە بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە بزووتنەوەی سەوز کاردانەوەیەک بوو دژی ئەو کردەوەیەی ئەحمەدی نەژاد و وەلی فەقیە لەپەیوەندی لەگەڵ دزینی دەنگەکانی خەڵک، دووەم لەڕووی کاتەوە، ئەو بزووتنەوەیە تەنیا چەند مانگە لەدایکبووە، سێیەم بزووتنەوەی سەوز لەکەشوهەوایەکدا دەرکەوت کە نەیتوانی خۆی کۆکاتەوە و پلان و بەرنامەی خۆی دارێژێ. بزووتنەوەی سەوز بەرهەمی پلان و بەرنامەیەکی تۆکمە نییە کە چەند ساڵ لەمەوپێش دارێژرابێ، بۆیە زۆر شەفاف و قووڵ نییە، لەئاکامدا بزووتنەوەی سەوز بەرهەمی کەشو هەوایەکی لەو چەشنەیە، ڕەنگە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان بەو شێوەیەی کە پێویستە نەناسرابێ و ڕەنگە لەهەمانکاتدا مامەڵەی ئەمنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هۆکارێکی دیکە بێت کە ئەو بزوتنەوەیە نەیتوانیبێ پەل بۆ کوردستان بهاوێژێت و خەڵکێکی زۆر نەتوانن لەو بزوتنەوەیەدا بەشداری بکەن. لەلایەکی دیکەوە بزوتنەوەی سەوز بە کۆمەڵێک دروشمی وەک ئازادی رادەربڕین و ئازادی خۆپیشاندان و مافی ژنان و مافی مرۆڤ و ئەو جۆرە بابەتانە سەرقاڵە و نەیتوانیوە بە پلان و بەرنامە خەڵکی دیکە ڕاکێشێ.

***ڕووداو: پێتانوایە ئەو لێکدابڕانەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان فاکتەرێکی نەرێنی نییە لە پەراوێزکەوتنی کورد لەو جوڵانەوەیەدا؟***

**خالید عەزیزی:** کاریگەری هەبووە. بۆ نمونە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵێستمان ئەوەبووە کە لەکێشەکانی نێوان بزووتنەوەی سەوز و ئەحمەدی نەژاد جیاوزی لەنێوانیان دابنێین، وەک هەندێک حیزبی دیکە نەڵێین هیچ جیاوازییەکیان نییە و هەموویان هەر سەر بە سیستەمی کۆماری ئیسلامین. مادام دوو بۆچوون لەکوردستانی ئێران هاتە گۆڕێ، بۆچوونێک دەڵێ لەو کێشانە کەڵک وەربگرین و لایەنێکیش دەڵێ ئەوە کێشەی کورد نییە و کێشەی خۆیانە، لەبەر ئەوە کۆمەڵگەی کوردستان بە جۆرێک دابەشبووە ، کەدابەشبوو، دەرفەت و تواناکانیش دابەش دەبن.

***ڕووداو: ئایا ئێوە هیچ بەرنامەیەکتان هەیە بۆ ئەوەی کورد بە بزوتنەوەی سەوز گرێبدەن؟***

***خالید عەزیزی:*** **ئێمە هەوڵمانداوە لە دوو کەناڵەوە کایە بکەین. کەناڵێک ئەوەبووە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆمان لەگەڵ هەندێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز لەتاران دروستبکەین و لە دەرەوش پەیوەندیمان لەگەڵ هەندێکی دیکە دروستکردووە و پێمان گوتوون کە ئێوە دەبێ خۆتان هەندێکی دیکە بکەنەوە و تێبکۆشن کە دروشمەکانی خۆتان گشتگیرتر بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی دیکەش تێیدا بەشدار بن. پێمان گوتن کورد ئەزموونی سی ساڵ بەرەنگاری و خەبات و کێشەی سیاسی و سەربازی و پڕۆپاگەندەیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەیە، ئێوە سوود لە ئەزموونەکانی ئێمە وەربگرن، ئێمەش سوود لە ئەزموونی ئێوە وەردەگرین.**

***ڕووداو: کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کوردی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی کە بریتی بێ لە مووسەوەی و کەرووبی و تەنانەت ڕەفسەنجانی ئاشت ببێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** **گرفتێکی سەرەکی کوردی ئێران ئەوەیە کە بە حەشیمەتیکی ١٠ میلیۆن کەسی لەبەرامبەر حەشیمەتێکی ٧٥ میلیۆنی دەرفەت و ئیمکانمانیاتیکی بەرتەسکمان هەیە، بۆیە تا لەدەرەوەی کوردستانی ئێران و خەڵکی شار و ناوچەکانی غەیرە کورد لەکێشەی ئێمە تێنەگەن، تا ئەو کەسانەی کە ئێستا لەدەسەلاتدان چ لەحکومەتی ئێستا و چ لەداهاتوودا لە کێشەی ئێمە نەگەن، ئێمە ناتوانین لەتاران ئەکتەرێکی کارا بین. دەبی پارتنێرمان هەبێ، ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لەتاران لەپارتنێر دەگەڕێن. ئەگەر بە واقعبینییەوە سەیری مەسەلەکە بکەین دەتوانین بڵێن کە چ لەئێستا و چ لەداهاتوودا ئێمە لەگەڵ ئەوئۆپۆزسیۆنە سەروکارمان دەبێ، بۆیە دەبێ لەگەڵی پەیوەندیمان هەبێ، تەنانەت پێمانباشە لەداهاتوودا ئەوانە ئەوەندە کراوە بن و ئەو دەرفەتە بۆ ئێمە بهێڵنەوە، ببین بە پارتنێری ئەوان. سی ساڵ لەتەمەنی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بووە، لەو سی ساڵەدا ئەوی نێویان چەپ بوو و حیزبەکانیان ئێرانیان جێهێشت و ئێستا لەمەیداندا نەماون، سەڵتەنەت تەڵەب لە مەیداندا نەماوە، موجاهیدین لەمەیداندا نەماوە، دەیان لایەن دروستبوون هەمووی لەمەیدان چوونەدەرو لەناوخۆی ئێرانیش نەبوونە بە ئاڵترناتیڤ، ئێمە دەبێ وەک کورد واقعبین بین، خۆمان لەکێشەی فکری، ئایدۆلۆژیک و نۆستالۆژیا و شتی کۆن بێنینە دەرێ و بزانین کێ لەتاران یاریکەری سیاسییە، دەبێ ئەو یاریکەرانە بدۆزینەوە و بزانین کامیان لەئێمە و بەرژەوەندی ئێمە نزیکترە، لەگەڵیان دۆستایەتی بکەین.**

***ڕووداو: ئایا ئێوە ئامادەن لەگەڵ کەرووبی،موسەوی و ڕەفسەنجانی کە ئێستا وەک ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆی کۆماری ئیسلامی ناسراون، دابنیشن؟***

***خالید عەزیزی:*** **دانیشتن لەگەڵ ئەوانە بە ئاسایی و زۆرباش دەزانین.**

***رووداو: ئێوە دوای لەتبوون، پاش کۆنگرەی ١٣ی خۆتان راتانگەیاندووە کە بێ هیچ مەرجێک ئامادەن لەگەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دانیشن و هاوکاری بکەن. لەکاتێکدا پێشتر حیزبی دیموکرات بۆ دانیشتن و هاوکاری مەرج و پێش مەرجی هەبوون . ئەو گۆڕانە لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، ئێمە هەموو ئەو حیزبانەی لە تاراوگە دەژین ناتوانین بە یەکتر بڵێین تۆ لاوازی و من بەهێزم، تا رۆژێک نەچینەوە کوردستانی ئێران و لەهەڵبژاردندا خۆ نەپاڵێوین وخەڵک بریارمان لەسەر نەدا و سندووقەکانی دەنگدان بەهێز و لاوازی دەرنەخا، هیچ حیزبێک ناتوانێ بڵێ من ئەوەندم خەڵک لەگەڵدایە و ئەوی دیکە لەگەڵیدا نییە، تەنیا لەنێوخۆی کوردستانی ئێران و لەئەنجامی هەڵبژاردن دەردەکەوێ کێ چەندی خەڵک لەگەڵە . ئێمە ملمان کەچە بۆ ئەو سیناریۆ جەماوەرییە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەڵێین دەبێ پەیوەندیمان لەگەڵ حیزبەکانی دیکە خۆش بێ نە دروشمە و نە پەیوەندی بە باڵانسی هێزەوە هەیە، بەڵکو لەباوەڕی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو باوەڕەش ئەوەیە کە دەبێ ئێمە شوێنەواری دەروونی ئەو لەتبوونە لەنێو بەرین، نابێ ئەو شوێنەوارە دەروونییە هەر بەو شێوەیە درێژەی هەبێ و بەردەوام بێ، دوای ئەوەش بۆ دانیشتن شەرتی پیویست نییە، بۆ ئێمە کە لە ڤیەننا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشتین و رێبەرەکەی لێ تیرۆر کردین، مەرجمان نەبوو، بەڵام لەگەڵ حیزبە کوردییەکان کە بەدەیان ساڵە خەبات و تێکۆشان دەکەین و یەکتر دەناسین، ئامادە نین دانیشین. زۆر ناشارستانیانەیە بۆ دانیشتن مەرج دابنێین، بەڵام زۆر شارستانیانەیە بڵێین چۆن قسە بکەین لەسەر داهاتوو، پێمانوایە دانیشتن مەرجی ناوێ، بەڵام لە ماوەی قسەکردنەکان و دانیشتنەکاندا چۆن سەیری داهاتوو دەکەی ئەوە جێگەی باسە.

***رووداو: ئێمە کەمتر گوێبیستی ئەوە بووین کە حیزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا و پارتی دەسەڵاتداری ئەو وڵاتە پەیوەندی هەبێ. بەڵام ئێوە باسی پەیوەندی ناراستەوخۆ و راستەوخۆ لەگەڵ AKP دەکەن کە هەر ئێستا پارت دەسەڵاتداری تورکیایە. ئەوە گۆڕان لەهەڵوێستە لەچی را سەرچاوەی گرتووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە گۆڕان نییە لەهەڵوێستدا. ئێمە بەشێوەیەکی پرەنسیپی پێمانوایە زۆر سروشتییە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا و ئەنقەرە و دیمەشق پەیوەندی هەبێ، بەڵام ئەوەی گرنگە نێوەڕۆکی ئەو پەیوەندییانەیە. ئێمە سەردەمانێک لە کوردستانی عێراق بووین و لەگەڵ بەعس پەیوەندیمان هەبووە، بەڵام لەکارنامەی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ حکومەتی بەعس شوێنێک نادۆزییەوە کە ئێمە بە جۆرێک سیاسەتمان کردبێ کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی کوردی کوردستانی عێراق بووبێ. ئێمە وەک کورد لەسەردەمێکدا دەژین کە نابێ لەو پەیوەندییانە بترسێین.

***رووداو: پەرلەمانتارانی خولەکانی پێشووی پەرلەمانی ئێران لەگەڵ رەفسەنجانی لەسەر هەندێک پرسی پەیوەندیدار بە کورد کۆبوونەتەوە. هەڵوێستی ئێوە لەو بارەوە چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوەی کە ئەندامانی کوردی پەرلەمانی ئێران یان کوردانی دانیشتووی تاران بیانەوێ بەهەر شێوەیەک

خەڵکی جۆراو جۆر ببینن، تەنانەت ئەحمەدی نەژاد و خامنەییش ببینن و لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە کوردستانیان ئاگادار بکەنەوە، واقعییەتی مەسەلەی کوردیان پێ بڵێن، ئەوانە هەمووی بە باش دەزانین. ئێمە پێمانخۆشە ئەو کوردانەی لە دەرەوەی کوردستانی ئێرانن و لەشارە گەورەکانی ئێران دەژین، بەشێک لەکارەکانیان ئەوەبێت کە بچن خەڵک تێبگەیێنن. چ ئەمڕۆ و چ لەداهاتوودا ئێمە لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕووبەڕووین، تا ئێمە زیاتر بتوانین ئەو خەڵکە لەخۆمان تێبگەیێنین، کاری ئێمە لەتاران ئاسانتر دەبێ.

***ڕووداو: لەکۆنگرەی ١٤ی حیزبەکەتاندا، کومسیۆنی پارێزگاری لەئەساسنامە دامەزرا، ئایا ئەو کومسیۆنە سەر بە کۆمیتەی ناوەندییە یان لەسەرەوەی کۆمیتەی ناوەندییە یان هاوشانییەتی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەو کومسیۆنە نە لەسەرەوەی کۆمیتە ناوەندییە، نە هاوتەریب و نەلەژێر دەسەڵاتی کۆمیتە ناوەندی دایە، بەڵکو دامەزراوەیەکە کە دەنگی لەکۆنگرە وەرگرتووە، بەڵام بەپێی پەیرەوی ناوخۆی حیزب کاری بە پرۆگرام، سیاسەت و ستراتیژی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نییە و ئۆرگانێکی جێبەجێکار نییە و ئەو خوێندنەوانەش کە هەیەتی دەیداتە کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی ناوەندیش دەتوانێ جێبەجێیان بکات یان جێبەجێیان نەکات. ئەو کومسیۆنە زۆرتر بۆ پاراستنی مافی هەر ئەندامێکی حیزبە کە لەپەیڕەودا باسی لێکراوە و هەروەها بۆ پێڕاگەیشتنە بە گازندە و سکاڵای ئەندامانی حیزب لەبارەی پێشێلکردنی پەیرەوی نێوخۆ.

***ڕووداو: هەر ئەوە کە ئەو کومسیۆنە ژێر دەسەڵاتی کۆمیتە ناوەندی نییە، لەخۆیدا کێشە خوڵقێن نییە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەو کومسیۆنە ئۆرگانێکە کۆنگرە هەڵیبژاردووە، بۆیە بەرامبەر بە کۆنگرە وەڵامدەرە، بەڵام بۆ سازدانی پەیوەندییەکانی خۆی، خوێندنەوەکانی دەداتە کۆمیتەی ناوەندی تا لەو کۆمیتەیە بڕیاری لەسەر بدرێ لەلایەکی دیکە بەچەندین هۆکار پێموانییە ئەو کومسیۆنە کێشە خوڵقێن بێت، چونکە کۆمیتەی ناوەندی بڕیاردەدات و ستراتیژ و تاکیک و سیاسەتەکانی حیزب دیاری دەکات.

***ڕووداو: ساڵانێکی دوور و درێژە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی دیموکراتیشەوە لەباشووری کوردستان درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن، ئایا لەو ماوەیەدا پێتانوایە کە ئەو حیزبانە تووشی لاوازی و نوشست هاتوون؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوەی کە ئێمە لێرەین، لە ئۆردوگا و کەمپین، بە ویستی خۆمان نەبووە و بە دیاردەیەکی خۆشی دانانین و ناخۆشترین حاڵەتە کە بە سەر حیزبی دیموکراتدا داسەپێندرا، هۆیەکەشی ئەوەیە کە ناتوانین بەئاشکرا لەنێوخۆی کوردستانی ئێران چالاکیمان هەبێ، ئەگەر ئەو دەرفەتە هەبووایە چالاکی ئاشکرامان لەنێوخۆ هەبووایە، شوێنی حیزبی دیموکرات کۆیە و کەمپەکانی کۆیە نەدەبوو، جێگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان شار و گوندەکانی کوردستانی ئێرانە. بۆ

حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دیموکرات کە کاتی خۆی کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و رابردووی خەباتی نێو خەڵک و جەماوەری هەبووە و ئەکتەرێکی کاریگەری نێو ساحەی سیاسی کوردستان و ئێران بووە و تەنانەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا سەرەڕای هەموو گیروگرفتەکان هەوڵیداوە دەرفەتێکی باش بۆخۆی بخوڵقێنێ، زۆر ناخۆشە کە لەکەمپەکان و ئۆردووگاکاندا گیری خواردووە، ئێمە ئەو حالەتەمان پێخۆش نییەو تێدەکۆشین کە ئەو شوێنەی بیری لێدەکەینەوە و پرۆژەی بۆ دادەڕێژین کوردستانی ئێران بێت و روو بە ئەوێ سیاسەت بکەین و کۆیە بۆ ئێمە تەنیا و تەنیا شوێنی ژیان بێت و نەک شوێنی فکر کردنەوە، شوێنی ژیانمان کۆیە بێت، بەڵام بیرکردنەوەکەمان بۆکوردستانی ئێران بێت، دەتوانم بڵێم لە ئۆردووگا مانەوە بۆ حیزبیکی سیاسی کە بەرنامە و پرۆگرامی بۆ ئیدارەی وڵات هەیە، باش نییە و کاریگەری هەبووە لەسەر هەموو ئەو لەتبوون و لێکترازانانەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا بەسەر حیزبەکاندا هاتووە.

***رووداو: دوای لەتبوونی دوای کۆنگرەی ١٣، باڵەکەی دیکەی حیزبی دیموکرات داوایان لێکردوون نێوتان بگۆڕن، ئەوەشیان بە مەرجی هاوکاری لەگەل ئێوە داناوە، بۆ ئێوە نێوتان ناگۆڕن؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەمجار کە حیزبی دیموکرات لەسەردەستی قازی محەممەد دامەزراوە، نێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و تەواوی بەڵگەکانیش ئەوە دەردەخەن، دواتر ئەو نێوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بووە بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەوابوو هەردووک ئەو نێوانە بۆ ئەو حیزبە لەمێژووی ئەو حیزبەدا بەکار هێنراون. رابردووەکە بە چاک و خەراپەوە هی هەر دوولایە. لەبواری یاساییەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان لەنێوخۆی ئێران وەک حیزبێکی هەڵوەشاوە راگەیێندراوە، هیچ لایەکمان لەوکاتەدا لەئێران لایەنیکی یاسایی نین و لەلایەکی دیکەشەوە ئێستا ئەو ئازادییە نییە کە ئێمە بێین و هەڵبژاردنێک بکەین و بزانین خەڵک چۆن بڕیار دەدات، لەباری جیاوازی نێو ئەو دوو حیزبە جیاوازیان هەیە. لە پەیوندییەکانی نێودەوڵەتی و لەهەموو ئەو شوێنانەی کە ئێمە نووسینگەمان هەیە، لەئەورووپا و ئەمریکا تائێستا هیچ کام لەو دوو حیزبە کێشەیەکمان نەبووە، هەروەها لە پەیوەندی خۆمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و حیزبە سەرەکییەکان و لایەنەکانی دیکە، هەر دوو لایەنی حیزب پەیوەندیمان هەیە و لەو پەیوەندیەدا هیچ گرفتێک نەهاتووەتە پێشەوە. بەداخەوە لەتبوونی حیزبی دیموکرات بووتە واقیع، بەڵام نێو نەبووە بە بەربەستێک لەهەمبەر چالاکی ئێمەو لایەنەکەی دیکە، بۆیە ئەو سەر ئێشەیەی کە خۆیان بۆخۆیان دروستکردووە لەسەر مەسەلەی نێو، لەجێی خۆیدا نییە و رێگە چارە نییە. رێگە چارە ئەوەیە کە ئێمە هەردوولا بەیەکەوە دابنیشێن، زۆر شارستانیانە وەک دوو حیزبی شارستانی کەدەیان ساڵە بەیەکەوە بووینە، بەڵام ئێستا بەهەر هۆیەک بێ لەت بووین و لێک جیا بووینەوە، خوێندنەوەی رابردوومان بکەین و بیر لەداهاتوو بکەینەوە.

***رووداو: ئێوە هیچ پرۆژەیەکتان هەیە بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوو لایەنە؟***

***خالید عەزیزی:*** کێشەی نێوخۆیی لەنێو حیزبی دیموکراتدا دیاردەیەکی تازە نییە، رابردوویەکی ٤٠ ساڵەی هەیە لەو

حیزبەدا، پێشتریش لەتبوون لەو حیزبەدا هەبوو، لەکۆنگرەی ٤ گرووپی ٧ کەسی جیابوونەوە، لەکۆنگرەی ٨ رێبەرایەتی شۆڕشگێری لێکەوتەوە و لەدواییەدا ئەو لەتبوونەی لێکەوتەوە و تەنانەت ئەگەر چاو لەبیرەوەری رێبەرانی حیزبی دیموکرات بکەی کێشەو دمەقاڵە لەسەردەمی د. قاسملو و ئەحمەد تۆفیقیش دا هەبووە. مەبەستم ئەوەیە ئەوە شتیکی تازە نییە، لەناو حیزبی دیموکراتدا جۆرێک لە مامەڵە و ئازادی هەبووە کە بەجۆرێک کێشەی نێوخۆیی تێیدا ئازاد بووە. بۆ وەسەریەکخستنەوە ئێمە دەبێ تەماشا بکەین بەر لەهەموو شتێک ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە پروپاگەندەی میدیای لەسەر یەکتر بەتەواوی رابگرین و بەو شێوەیە شوێنەواری دەروونی ئەو ئینشقاقاتە کەم بکەینەوە، ئێمە خەڵکەکەمان فێر بکەین کە حیزب کەرەسەیە و ئامرازە، حیزب تەکیەو خانەقا و مەزهەب نییە، ئێمە خەڵکەکەمان فێر بکەین کە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بلێین ٦٤ ساڵە، بەلام مێژووی مرۆڤایەتی هەزاران ساڵە، بەر لەهەموو شتێک ئێمە مرۆڤین و لەدوییدا ئێمە حیزبایەتی هەڵدەبژێرین، ئەگەر بەو شێوەیە خوێندنەوەمان بۆ مەسەلەکە کرد ئەوکات بەرەبەرە خەڵکەکەمان فێر دەکەین کە ئەو خەڵکە لەسەر حیزبایەتی دوژمنایەتی یەکتر نەکەن و یەکتر نەکوژن، دەبێ تێبینی ئەوە بکا کە رەنگە رۆژێک ئەو حیزبە جێ بێڵێ. د. قاسملوو کاتی خۆی ئەندامی حیزبی توودە بوو، پاشان بووەتە ئەندامی حیزبی دیموکرات، بۆیە هیچ مرۆڤێکی سیاسی و مەدەنی نابێ لەسەر حیزبەکەی خۆی مرۆڤێکی دیکە بکوژێ و دوژمنایەتی بکات، رەنگە بەرژەوەندییەکان وابکەن کە پەیوەندییەکان گۆڕانیان بەسەردا بێت، لەژێر رووناکایی ئەو بۆچوونە و خوێندنەوەیەدا، ئێمە ئەو ئامادەییەمان هەیە کە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان دابنیشێن و لەسەر هەموو ئەوانە قسە بکەین، بەلام کە دێینە سەر مەسەلەی یەکگرتنەوە، پێویستە ئێمە بگۆڕێین، خوێندەوە لەحیزبایەتی، لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یەکتر بگۆڕێ، خوێندنەوە لەوە کە چۆن کۆمەڵێک لەتاراوگە لەگەڵ یەکتر بژین لەژێر رووناکایی و ئەزموون وەرگرتن لەهەموو ئەو ئینشقاقات و لێکترازانانەی پێشوو، بنەمایەک دابمەزرێنین کە بزانین دەرفەتەکان بۆ داهاتوو کامانەن. یەکەم: دانیشتن. دووەم: قسەکردن و لەیەکتر حاڵیبوون و ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان. ئەگەر لەدرێژەدا و لەژێر رووناکایی بیرکردنەوەدا بەو لۆژیکە گەیشتین کە یەکبگرینەوە ببینەوە بە یەک حیزب، ئەوە باشترین سیناریۆیە.

***ڕووداو: خوێندنەوە تازە بۆ حیزبایەتی بابەتێکی گشتگیرەو لەناو زۆربەی حیزبەکاندا ئەو بابەتە هەیە. ئیوە دەتانەوێ عەقڵییەتەکان بگۆڕن یان ئەوەکە حیزبەکە یەکبخەنەوەو ئایا بۆ ئەو دوو بابەتە پرۆژەتان هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە ئەزموون وەرگرتن لە کێشەکانی حیزبی دیموکرات و تێکەڵبوونەوەی پێشوو، لەسەر ئەو باوەڕەم تا ئێمە دانەنیشین و خوێندنەوە بۆ رابردوو نەکەین و بۆچوونەکانمان نەگۆڕین ئەگەر تیکەڵیش ببینەوە، ئەو تێکەڵبوونەوەیە بە کێشە دەست پێدەکاتەوە و بە کێشەش دەچینە ناو کۆنگرە، بەلام ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە کە چۆن ئێمە خوێندنەوەیەک لەحیزبایەتی و هەڵسوکەوت ومامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەین و ئەو دەرفەتە بڕەخسێنین کە ئێمە وەک هەموو مرۆڤێک توانایی و بوێری ئەوەمان هەبێت کە رەخنە لەخۆمان بگرین، ئێمە لە رەخنە لەخۆ گرتن بوێر نەبووینە، ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی یەکگرتووش ترساوین لەوە کە رەخنە لەخۆمان بگرین، ئێمە زۆرجاران کە پێویست بووە رەخنە

لەخۆمان بگرین، نەمانوێراوە و رەخنەمان لەخۆمان نەگرتووە، ئێمە لەنێو کۆمەڵگەدا نەبووینە، بەداخەوەش بۆیە بایەخی دەنگی خەڵک نازانین و ئێمە بە هەموو حیزبەکانەوە بەداخەوە بایەخی ئەوتۆمان بە دەنگی خەڵک نەداوە. ئەوە قورسایی دەنگی ئەندامانە کە چارەبووس و داهاتووی حیزبێک دیاری دەکات، ئەوە ئەو باسانەن کە ئێمە دەیانهێنینە گۆڕێ و دەمانەوێ لەژێر رووناکی ئەو باسانەدا دانیشتن بکەین لەگەڵ لایەنەکەی دیکەو هەموو حیزبەکانی دیکە، ئەوەی پێویستە ئەوەیە کە ئێمە عەقڵییەتمان بگۆڕین، ئەگینا ئەگەر ئێمە لەژێر گوشاری لایەنەکاندا یەکبگرینەوە، کە چووینە کۆنگرە دیسان کێشەکان دەست پێدەکەنەوە کە داخوا چەند کۆمیتە ناوەندی بۆ من دەبێت و چەندی بۆ تۆ دەبێت، نامانەوێ بچینە ناو کۆنگرەیەک یا حیزبی دیموکرات یەکبگرێتەوە لەسەر ئیعتراف (داننان) بە چەند فراکسیۆنێک، یا یەکبگرێتەوە لەسەر داننان بەوەی کە ئێمە وەک تاک لەکۆنگرەکەداین نەک وەک گرووپ.

***رووداو: هێچ بیرتان لەوە کردووەتەوە کە پرۆژەیەکی نووسراو سەبارەت بە یەکگرتنەوەیەکی بەوشێوەیە ئامادەبکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** خەریکی گفتوگۆین لەسەر ئەوە.

***رووداو: ئایا ئەگەر دەرفەتی یەکگرتنەوە نەبێ هەوڵدەدەن حیزبیکی نوێ دروست بکەن. کە نێو و پیکهاتەی لەو حیزبەی ئێستا جیاواز بێت. چۆنکە هەندێک لەو بۆچوونانەی تۆ باسیان دەکەی لە فیکری رابردووی حیزبی دیموکرات و لە فکری زۆر لەوانەش جیاوازن کە لە نێو باڵەکەی ئێوەدان؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە تێدەکۆشین بەهاوکاری دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزب لەسەر ئەو بنەمایە بچێتە پێشەوە، بەڵام دەتوانم بڵێم ناو گۆڕین هیچ گرفتێک چارەسەر ناکات، دیموکرات و کۆمەڵە بەداخەوە لێکیان کوشت، لەسەر ناو نەبوو، لەسەر دەسەڵات بوو، لە کوردستانی عێراق هەمان رووداو روویدا، کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەگەڵ لایەنەکانی دیکە و تەنانەت شەڕی نێوان هەر دوو حیزبی دیموکرات دوای کۆنگرەی ٨ هیچی لەسەر نێو نەبوو، ئەوە دەگەڕێتەوە سەر خوێندنەوە و پەیوەندییەکان، ئەو کیشانە کاتێک لەناو حیزبدا دێتە گۆڕێ بە رادەیەک کێشەکان قووڵدەکاتەوە و مرۆڤەکان تووشی ئاڵۆزی دەروونی دێن و رق و کینیان لەمرۆڤەکان دەبێ نەک لەناوەکان، تەنانەت ئەگەر نێوەکەش بگۆڕدرێ ناتوانی بەرگری لەوە بکا کە لایەنێک یا مرۆڤێک رقی لە لایەنەکەی دیکەو مرۆڤەکەی دیکە نەبێتەوە، بۆیە هەموو ئەوانە زیاتر لە پاساوێک نین، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەو دوو حیزبە تەنانەت ئەگەر لەدرێژخایەنیشدا بێت با هەردوو لایەن نێویان دیموکرات بێ باشترە، خاوەنی رابردووەکەی بن و ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە رێککەوتن کە یەکبگرنەوە، ئەوا باشترین سیناریۆیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی : ١٥ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

# ساڵی: ٢٠١٠

-----------------------------------------------------

## وتووێژی تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**هەڤەیڤین: مادیح ئەحمەدی**

ئازیزانی بینەر! هەر وەک ئاگادارن بارودۆخی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ ئاڵۆزتر دەبێ و کەلێنەکانی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵات لە وڵاتدا قووڵتر دەبێ و هەروەها لە لایەکی‌تر، بەربەرەکانیی نارازییانی ئەو حەرەکەتەی ئێستا کە بە جووڵانەوەی سەوز لە ئێران ناسراوە، بۆ خۆی توانیویەتی جۆرێک کێشە یا لە ئاستێکی دیکەدا حاکمییەتی ئێران یا قۆڵی پاوانخوازی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تووشی قەیران بکا. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ناوەندە سیاسییەکان چ لە ئاستی جیهانی‌داو چ لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەدا سەرنجێکی زیاتر بدەنە کێشەی ئێران. لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعییەتەدا کە ئێستا لە ئێران هاتۆتە گۆڕێ بێ گومان مەوقعییەتی کورد زۆر زۆر گرنگەو پێویستە ئێمەش وەک کورد خوێندنەوەی تایبەت یا پێناسەی تایبەتمان لەم پێوەندییەدا هەبێ. لەم بارەیەوە لە سەرەتای بەرنامەکەماندا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی چەند پرسیاردا تیشک بخەینە سەر ئەم بابەتە، بەڵام لە بەشی دواتری بەرنامەکەماندا لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژێکی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ماوەی رابردوودا لە میدیاکان بڵاو کرایەوەو کۆمەڵێک شتی هێنا بووە بەرباس کە بووە جێی سەرنجی کۆمەڵێک لە ساحێب نەزەران و رەخنەگران یا کەسانێک کە بە هەر حاڵ بە موافق و بە موخالف لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەیان کرد. ئەو مەسەلەیەش کە لەو وتوێژەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا وروژێندرا بوون، یەک: مەسەلەی هەڵگرتنی دروشمی رووخان لە لایەن بزووتنەوەی

کورد، دوو: مەسەلەی موزاکرەو دانوستان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی، سێ: لانیکەم و لانی زۆری مافەکانی ئێمەو کۆمەڵێک بابەتی تر لەو پێوەندییەدا. ئەم بابەتە یا ئەم وتوێژەی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئاستێک ئێنعکاس و کاردانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە.

لەم دیدارە تایبەتەدا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی ئەم مەسەلەیەدا، لە خزمەت بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بین. کاک خالید زۆر سپاس بۆ ئەوی ئەم دەرفەتەتان نایە ئێختیارمان بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.

***پرسیار: با لەوەوە دەست پێ بکەین هەروەک لە سەرەتاشەوە ئیشارەم پێکرد. وەزعی ئێران ئاڵۆزەو ئەو قەیرانانەی کە ئێستا تووشی حاکمییەتی ئەو وڵاتە بوون. یا قۆڵی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامی. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبن و ئەو ڕقابەتەو ئەو کێشەو ململانێیانەی کە کەوتوونە نێوان ئەو جەرەکەتەی ئێستا لە گۆڕێدایەو حاکمییەتی جمهوری ئیسلامی لە واقعدا قەیرانێکی گەورەی دروست کردوە لەو وڵاتەدا. پێم خۆشە لە پێشدا هەڵسەنگاندنی جەنابتان لە پێوەندی لەگەڵ وەزعییەتی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا ببیسین.***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی زۆر سپاسی ئێوە دەکەم کە ئەو دەرفەتەتان بۆ من ڕەخساند کە لێرە لە خزمەتتاندا بم هەروەها بە هۆی کورد کاناڵیشەوە ڕێزو سڵاوم هەیە بۆ بینەرانی ئەم بەرنامەیە. لە ڕاستیدا دوای ئینقلابی ئیسلامیی ئێران دەکرێ بڵێم ئەوە قەیرانێکی زۆر بەربەرینی جەماوەری، سیاسی، ئابووری، ئەمنییەتی، قانوونی، مەزهەبی و نێودەوڵەتییە کە جمهووری ئیسلامی لەگەڵی ڕووبەڕوو بووەتەوە. لە سەردەمی ئێستادا ئێمە لە ڕوانگەی کۆمەڵێک فاکتۆرەوە دەتوانین مەوقعیەتی دەوڵەت یا دەسەڵاتێک لە دنیای ئەمڕودا هەڵسەنگێنین. یەکێک لەو فاکتۆرانە فاکتۆری ئابوورییە. فاکتۆری ئابووری لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی کە ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە، داهاتی نەوتی زۆرە، هەر لە نێوخۆی وڵاتیش مەجالی تەولیدی هەیە، کاری باشی هەیە، کشاوەرزی باشی هەیە، مەوقعییەتی جوغرافیایی لەو مەنتەقە بۆ معامەلە باشە بەڵام ئابووری ئێران سەرەڕای هەمووی ئەوانە خراپەو. لە پێوەندیی لەگەڵ وەزعی ئابوریدا ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک یەکجار زۆرەو بەربەرین بۆتەوە. فاکتۆرێکی دیکە، فاکتۆری جەماوەرییەو جەماوەر لە سەردەمی ئێستادا (ساڵی ٢٠٠٩) شێوەیەکی دیکە لە حکوومەتکردنیان دەوێ، بە حکوومەتی جمهوری ئیسلامی ڕازی نین. کۆمەڵگەی ئێران زۆر چۆتە پێشێ، شعووری سیاسی زۆر چۆتە پێشێ. خەڵک موتالباتێکیان هەیە دەیانەوێ جێبەجێ بێ. خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکان و بە هەموو چین و توێژێکەوە دیانهەوێ لە دنیادا جێگەیەکیان هەبێ کە موناسبی وەزعی حاڵ و شعوورو هۆویەتی کۆمەلانی خەڵکی ئێرانە. لەم ڕوانگەیەشەوە جمهووریی ئیسلامی لە قەیرانێکی جیددی دایە. خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، بە شعوورێکی زۆرترەوە لە دژی جمهووریی ئیسلامی ڕاوەستاوە. فاکتۆرێکی دیکە، فاکتۆری نێودەوڵەتییە. جمهووری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست وەک قۆڵدورێک موعامەلە دەکا. ئێحترام بۆ قانوون و یاسا ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان دانانێ. تێ دەکۆشێ لە سەر عەقڵییەتی خۆی کە چۆن تەعامول لەگەڵ خەڵکی خۆی دەکا هەر ئاواش

تەعامول لەگەڵ دنیای دەرەوە بکاو، ئەوەی لە دنیای دەرەوە بە راحەتی لێ قبووڵ ناکەن. ئەوەی کە بە ناوی کێشەی ئەتۆمی، خۆی پێناسە کردوە، رۆژ بە رۆژ ئێران لە دنیادا پتر دەخاتە بەر چالشی جیددی. فاکتۆرێکی دیکە ئەوەیە کە لە نێوخودی سیستمی جمهووریی ئیسلامیدا، هەر وەکی هەموو لایەکمان دەزانین قانوونەکان و بنەماکانی دامەزراندنی ئەو حکوومەتە لە سەر ئەساسی بنەمای مەزهەبی شێعە دانراوە. لە نێوخودی سازماندەهی مەزهەبی شێعەش، کێشەو ناکۆکی یەکجار زۆر لە گۆڕێدا هەیە. ئێعترازاتێکی زۆر بە سیستمی ولایەتی فەقیە دەکرێ، لە سەر چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ خەڵک. لە سەریەک لە چوار مەیدانی سەرەکی، جمهووریی ئیسلامیی ئێران کەوتۆتە بەر هێرش، کەوتۆتە بەر رەخنەو گازندەی خەڵکی نێوخۆو دنیای دەرەوە.

***پرسیار: دەکرێ واشی پێناسە بکەین کە لەو چوار مەیدانەدا کۆماری ئیسلامی جگە لەوەی کەوتۆتە بەر هێرش. لە واقعدا تووشی قەیرانێکی جیددیش بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** مادام کەوتۆتە بەر هێرش لە چوار مەیداندا‌و لە موقابیلیدا راوەستاون و سوئالی لە سەرە، قەیرانێکی جیددی دروست کردوە. ئەو قەیرانە لەو قەیرانانەیە کە حکوومەتی جمهووریی ئیسلامی دەبێ بە شێوەیەک تەعامولی لەگەڵ بکا، یا ئەوەیە دەستگای سەرکوت و نیزامیی جمهووریی ئیسلامی رۆژ بە رۆژ سەقامگیرتر دەبێ، (هۆیەکەی ئەوەیە جمهووریی ئیسلامیی ئێران ئێستا بە کۆمەڵێک مافیای نێو دەسەلات، کە لە دەوری ئەحمەدی نژادو سپای پاسداران و ئیتلاعات و خامەنەیی و ... کۆبوونەتەوە، ئێران ئیدارە دەکەن. ئەو مافیایە لە ئیدامەی خۆیدا دەبێ خۆی تۆکمەتر بکاتەوە، یەکدەستتر بکاتەوە کە رووبەڕووی ئەو قەیرانە بێتەوە) یا ئەوەی مەجبوور بە پاشەکشە بێ لە موقابیل ئەو قەیرانەدا. دیسان ئەوەش بۆ جمهووریی ئیسلامی هەر گران تەواو دەبێ. وەلحاسڵ لە هەر حاڵەتێکدا هەر سیاسەت و هەر بۆچوونێک جمهووریی ئیسلامی هەیبێ، چ سیاسەتی سەرکوتی زۆرتر ئیدامە بدا، چ سیاسەتی پاشەکشە بە تەعبیر لە هەمووی ئەو فاکتۆرانە سەحنەی سیاسیی ئێران، جمهووریی ئیسلامی هیچ ئایندەیەکی نیە. درەنگ یا زوو لە موقابیل ئێعترازاتی کۆمەڵانی خەڵک یا مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ یا بێ ئایندەتریش دەبێ.

***پرسیار: کاک خالید بە نیسبەت ئەو حەرەکەتەی کە ئێستا لە ئێران بە ناوی جووڵانەوەی سەوز ناوبانگی دەرکردوەو لە واقعدا دەگەڕێتەوە بۆ پاش هەڵبژاردنەکان کە ئەم حەرەکەتە شکڵی گرت و هاتە گۆڕێ و رۆژ بە دوای رۆژیش لە واقع-دا زیاتر تەوسعە پەیدا دەکاو حەوزەی فەعالیەت و چالاکییەکانی بەربەرینتر دەبێتەوە. پێم خۆشە پێناسەی ئێوە لەو پێوەندییەدا ببیستم.***

***خالید عەزیزی:*** ئەم جووڵانەوەیە کە دژکردەوەیەک بوو لە دژی کردەوەی خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد، دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، ئەم جووڵانەوەیە لە ئیدامەی خۆیدا بەربەرینتر بوو و بوو بە دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵک لە موقابیل سیاسەتی جمهوری ئیسلامی لە کوللییەتی خۆیدا. ئەو جووڵانەوەیە لە سەردەمێکدا دەستی پێکردوە کە رۆژ بەرۆژ

خەڵکێکی زۆرتر پێی مولحەق دەبێ. ئەگەر وایە بە لەحازی زەمانییەوە رەنگە ئێستا بڵێین زوو بێ ئێمە هەموو فاکتۆرەکانی بەشدار لە چەندو چۆنی شکڵ گیریی ئەو جووڵانەوەیە لە تەنیشتی یەک دابنێین. بەڵام ئەو جووڵانەوەیە لە لایەک دەکرێ ئاوا پێناسە بکەین بە شێوەیەک لە سەر بەستەری بنەماکانی ٢ی جۆزەردانی پێشوو لە سەردەمی خاتەمی کە ئیسلاح تەڵەبی هاتە گۆڕێ، هێندێک لەو بنەمایانەی تێدا هەیەو ئێستا لە کەشوهەوایەکی دیکەدا مەجالی بۆ هاتۆتەوە پێشێ و خۆ دەنوێنی. بەڵام ئەو کەشوهەوایە نزیک بە دە ساڵ دوای ئەو وەختە، تەبیعەتەن دە ساڵیش گۆڕانکاریی بە سەر خەڵک و بە سەر کۆمەڵگادا هێناوە، بۆیە جووڵانەوەی ئێستا لە هی ئەو وەخت رادیکاڵترە. دنیای ئێستا دنیایەکی پێشکەوتووترە، لە سەردەمی ئێستادا ئینترنێت، مۆبایل، سەتەلایت، ئێران و خەڵکی ئێران بە دنیای دەرەوە وەسڵ دەکاتەوەو جمهووریی ئیسلامی مەجالی پێشگیری لەوانەی نیە. بۆیە ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر لە زاهیردا نمایەکی هەیە لە ژێر رەنگی سەوزدا ئەو خەڵکە کۆدەکاتەوەو زاهیرەن عەکسولعەمەلێکە لە موقابیل هەڵبژاردنەکانداو ئێستا زۆرتر بە کەڕووبی و خاتەمی و مووسەوی خۆی پێناسە دەکا، بەڵام کۆمەڵانێکی زۆری خەڵکی ئێران خۆی تێدا دەبیننەوەو تێدەکۆشن هەر کەسە داوایەک، بۆچوونێک، موتالباتێکی هەیە بە شێوەی خۆی لە دڵی خۆیدا بە گوێرەی عەقڵییەت و لێکدانەوەی خۆی کۆماری ئیسلامی بە چالش دەکێشێ. بەڵام حالیەن بە ناوی جووڵانەوەی سەوز خۆی ناساندوە. ئەوەی کە ئێمە پێناسەی بکەین ئەو جووڵانەوەیە لە مەرحەلەی ئێستادا بۆ رووبەڕوویی کردن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی دەکرێ بنەمایەک بێ، حەدیئەقلی بەرنامەی هەبێ، کۆمەڵانی جۆراوجۆر لە خۆیدا کۆبکاتەوە لەو مەیدانەدا بتوانێ جمهووریی ئیسلامی لە سەر ئەو داوایانە بە چالش بکێشێ. بۆیە ئەوەی کە من ئەگەر پێناسەی بکەم، جووڵانەوی ئیدئۆلۆژییەکی موشەخەس نیە، جووڵانەوەی نەتەوەیەکی موشەخەس نیە، جووڵانەوەی حیزبێکی موشەخەس نیە، جووڵانەوی هێندێک ئەقشاری ئیسلامییش نیە، جووڵانەوەی هێندێک قشری دەرەوەی شاریش نیە، یا قشرێکی نێوشار نیە، بەڵکوو جووڵانەوەیە، جووڵانەوەیەکە دروشمی جۆراوجۆری تێدایە، جووڵانەوەیەکی هەمە رەنگە، وەسیعە یا بڵێین کۆلکەزێڕینەیەکە هەرچەند ئێستا رەنگی سەوزە کە بۆتە نمادی ئەو جووڵانەوەیە.

***پرسیار: کاک خالید لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جووڵانەویە (کێشەی ئەم جووڵانەویە لەگەڵ حاکمییەتدا ئێمە دەبینین لە ماوەی رابردوودا کە خەڵکی ناڕازی کە ئێستا وەک جووڵانەوەی سەوز ناوی لێ دەبەین هیچ پاشەکشەیەکیان نەکردووەو رۆژ بە رۆژیش ئێعترازات ەبرینتر دەبێ. لە موقابلیش دا دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هیچ پاشەکشەیەکی نەکردووەو بەردەوام بەجێی ئەوەی کە بێت مکانیزمێک ببینێتەوە بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە زیاتر پەرە بە سەرکوتی خەڵک و ناڕازیان دەدا. پێت وایە لە نهایەت¬دا کێشەی ئەم دوو لایەنە یا کێشەی جووڵانەوەی سەوز لەگەڵ حاکمییەت بە چ ئاراستەیەک دا بڕوا؟***

***خالید عەزیزی:*** لە یەکەم حاڵەت دا، مەعمولەن ئەو دەسەڵاتانەی کە موتەمەرکزن، دیکتاتۆرن، غەیرە دێموکراتیکن، کاتێک لەگەڵ رەخنەو گلەیی و گازندەو ئێعترازاتی کۆمەڵانی خەڵک رووبەڕوو دەبنەوە، لە ئیدامەی کێشەکەی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک وایان لێ دێ توندڕەوتر دەبن، مەجالی جموجۆڵ ناهێڵنەوە، تێدەکۆشن لە ئەبزاری نیزامی و سەرکوت

ئیستفادە بکەن، تێدەکۆشن مێتۆدو تێکنیکی تۆکمەکردنی خۆیان لە دژی کۆمەڵانی خەڵک ببیننەوە. ئەوە لە مەوردی زۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا سدقی کردوە، دیکتاتۆرەکان هەموو وابوون، دەسەڵاتە موتەمەرکزەکانی غەیرە دێموکراتیک هەموو وابوون. ئێمە دەتوانین چەند سێناریۆ پێش بینی بکەین. ئەوەی من لێرە دەیڵێم هەمووی پێش بینییە، هەمووی ئێحتمالاتە. یەکێک لە سێناریۆکان ئەوەیە کە جمهووریی ئیسلامی هیچ شتێک لەو جووڵانەوەیە قبووڵ ناکا، لە موقابیل داواو موتالباتی کۆمەڵانی خەڵک پاشەکشە ناکا. رۆژ بە رۆژ مافیاکانی جۆراوجۆری نێو سیستمی جمهووریی ئیسلامی یەکگرتووتر دەبن، سیستمێکی نیزامیتر بە حکوومەتەکە دەدەن، ئەو حکوومەتەی پێ یەکدەست تر دەکەن، لە نەتیجەدا مەجالی جموجۆڵ و فەعالییەت بۆ جووڵانەوەی سەوزو کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران مەحدوودتر دەکەنەوە. جەوێکی نیزامی دادەمەزرێنن، ئەو جەوە ئەمنیەتییەی کە لە کوردستانیان داناوە لە شوێنەکانی دیکەش بەهێزی دەکەن. لەو حاڵەتەدا رەنگە جووڵانەوەکە بۆ ماوەیەک مەجبوور بە هێندێک پاشەکشە بێ، یا نەخیر تێبکۆشێ مێتۆدی دیکە لە چۆنیەتی سازماندەهیی خۆی بێنێتە گۆڕێ. ئەگەر وایە یەکێک لە حاڵەتەکان ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە یەکدەست هیچ قبووڵ ناکاو هێرش دەکا، تەعاروز دەکاو جووڵانەوەکە دەبێ تێبکۆشێ مێتۆدی دیکە ببینێتەوە. حاڵەتێکی دیکە ئەوەیە، ئەو جووڵانەوەیە بەربەرین و وەسیع دەچێتە پێشێ، رۆژ بە رۆژ جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە پاشەکشە بکا، لە نەتیجەدا لە نێو خودی سیستمی جمهووریی ئیسلامی کە ئێستا زۆرتر بە خامەنەیی و ئەحمەدی نژاد خۆی پێناسە کردوە لە میکانزمێک، لە رێگاحەللێک بگەرێن کە لەگەڵی سازش بکەن. هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو جووڵانەوەیە ناڵێ جمهوری ئیسلامی بڕووخێ، ئەو جووڵانەوەیە ناڵێ قانوونی ئەساسی بگۆڕدرێ، ئەو جووڵانەوەیە ناڵێ نیزام بگۆڕدرێ، ئەو جووڵانەوەیە دەیهەوێ ئەو سیستمی جمهووری ئیسلامی بە قانوونی ئەساسی و نیزامەکەیەوە موتەعادیلتر بێ، لیبراڵ تر بجووڵێتەوە، بەرامبەر بە کۆمەڵانی خەڵک هێندێک ئاوڕدانەوەی هەبێ، هێندک داخوازو ویستی لانیکەمی ئازادییە دێموکراتیکەکان و ماف و شتی ئاوای هەیە. لەو حاڵەتەدا ئەگەر جمهووریی ئیسلامی پاشەکشە بکاو ئەوە لە جووڵانەوەی سەوز قبووڵ بکا، دەبێتە هۆی ئەوە کە جمهووریی ئیسلامی تووشی پاشەکشێی زۆرترو لە ئیدامەی خۆیدا هاتنە ژێر سوئال و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ویست و داخوازی زۆری کۆمەڵانی خەڵک ببێ و تەنانەت رێبەرانی جووڵانەوەی سەوزیش ئیدی ؟؟ دەدا نابن بە رێبەرانی جووڵانەوەی سەوز، مەجبوورن ببن بە رێبەرانی جووڵانەوەیەک کە دەیهەوێ نیزامی جمهووریی ئیسلامی یا بگۆڕێ یا ئاڵوگۆڕ ێ بە سەردا بێ. ئێحتمالێک ئەوەیە کە ئەو کێشانە ئاوا هەر بڕواتە پێشێ، ئێعترازات هەبێ، لە موناسبەتەکانی مەزهەبی و مێژوویی کۆمەڵانی خەڵا کدا بێنە گۆڕێ لە دژی جمهووریی ئیسلامی راوەستن، هەر ئاوا کێشی پێبدەن تا دەگەنە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی. ئەگەر گەیشتنە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئەو وەختی دوو حاڵەت هەیە. حاڵەتی یەکەم ئەوەیە ئەو جووڵانەوەیە ئەوەندە بە قوەت بووە، ئەوەندە کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی لێ دەکەن، وەک ئۆپۆزیسیۆنێک بە بەرنامەیەکی موشەخەس دێتە گۆڕێ، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی دا شیرکەت دەکاو لە مەجلیس ئەگەر بە ئێعتباری وەزعیەتی ناڕەزایەتی ئێستا لە دژی جمهووریی ئیسلامی چاو لێ بکەین رەنگە ئەکسەریەتێکی باش بێنێتەوە، ئەو وەختی کێشەی ئەو جووڵانەوەیە بکەوێتە ئاستێکی قانوونی لە مەجلیس، دەسەڵاتی هەبێ و ئەو سێناریۆیە ببێت بە ئەمری واقع.

***پرسیار: لێرەدا ئێحتمالی ئەوە لێ نادەن کە بە هەر حاڵ ئەو شووڕای نیگابانە کە تەحتی نەزارەتی خودی بەیتی رەهبەرییەوە. لە واقعدا بە پێی ئەو شتانە کار دەکا کە لە بەرژەوەندی قۆڵی پاوانخواز دایە. ئەو کەسانەش کە بیانهەوێ بۆ مەجلیسی شووڕای ئیسلامی خۆیان کاندید بکەن پێویستە شووڕای نیگابان تەئیدیان بکا. پێت وانیە هەر لەوێ پێشیان پێ بگرن و لە واقعدا بەرخوردیان پێ بکەن؟***

***خالید عەزیزی***: دەمویست ئەوە بڵێم کە دوو حاڵەتی هەیە، حاڵەتێک ئەوەیە کە ئاوا دەچێتە پێشێ و مەجالێک بۆ خۆی دروست دەکاو دەوڵەت پاشەکشە دەکاو ئەوان بەشداری دەکەن. کە ئەوە گران تەواو دەبێ بۆ جمهووریی ئیسلامی. حاڵەتێکی دیکە هەر ئەوەیە کە جەنابت ئاماژەت پێ کرد، شووڕای نیگابان مەجالیان پێ نادا، کاندیدەکانیان رەد دەکاتەوە، بە مەعنای ئەوەیە ئەو وەختی لە کاناڵێکی قانوونی کە بۆخۆیان دروست کردوە دیسان تێدەکۆشن کە نەیەڵن جووڵانەوەی سەوز لە نێو کۆمەلانی خەڵک بەهێز بێتەوە. بەڵام جیاواز لە هەمووی ئەو سێناریۆیانە، جیاواز لە هەمووی ئەو حاڵەتانە، ئەو جووڵانەوەیە جووڵانەوەیەکی بەربەرینی کۆمەڵانی خەڵکە، ئەگەر ئێستا بە رەنگی سەوز یا بە کەڕووبی و بە مووسەوی و خاتەمی خۆی پێناسە کردوە لە ئیدامەی خۆیدا رەنگە رەنگی تر و پێناسەی تر بۆخۆی بێنێتە گۆرێ. لە هەر حاڵدا جمهووریی ئیسلامیی ئێران لە موقابیل کۆمەڵانی خەڵکدا یان مەجبوور بە پاشەکشە دەبێ یا دەگۆڕێ یا تێدادەچێ.

***پرسیار: کاک خالید ئێمە وەک کورد دەبێ بە چ شێوەیەک موعامله لەگەڵ ئەو جووڵانەوەیەدا بکەین؟***

***خالید عەزیزی***: ئێمە وەک کورد مادام لەو باوەڕەداین کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا دەبێ چارەسەر بکرێ، مادام لەو باوەڕەداین کە ئێمە سی ساڵە بۆ مافەکانی خۆمان دژی جمهووریی ئیسلامی هەوڵ دەدەین، مادام لەو باوەڕەداین کە دەبێ مەسەلەی کورد لە نێوخۆی کوردستان بێنینە دەرێ و کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بە گشتی، و ئەوانەی کە لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا سیاسەت دەکەن و لە ئایندەی ئێراندا لە سەر چەندو چۆنی دەسەڵات لە تاران دەسەڵاتیان دەبێ لە ئێمە تێ بگەن، نابێ بەرامبەر بە وەزعی مەوجوود بێ تەفاوەت بین. ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە خاتەمی و کەڕووبی و مووسەوی یا رێبەرانی ناسراوی ئێستای جووڵانەوەی سەوز کاتێک بۆ خۆیان ئەم ئینقلابەیان کردوەو تا ئێرەیان هێناوەو تەنانەت لە دەسەڵاتیشدا بەشدارییان بووەو، بەڵام مادام ئێستا کێشەیان هەیەو لایەک هێندێک شتی مەنتقی دێنێتە گۆڕێ، ئێمە دەبێ تەشویقی ئەوە بکەین. ئێمە دەبێ تێبکۆشین چۆن فەرقی مونتەزیری و خومەینیمان کرد (خومەینی کاتی خۆی ئێعلانی شەڕی کرد دژی میللەتی کورد، ئێعلانی جەهادی کرد بەڵام مونتەزیری ئێعترازی کرد بە ئێعدامەکان و وەک کەسێکی بە شەهامەت ماوەو خانەنشینیی ئینتخاب کرد لە جیاتی ئەوەی کە لە دەسەڵات دا بێ) دەبێ لە بەینی ئەوانەش دا فەرقیان بکەین. بۆیە واقع بینی لە سیاسەتدا ئەوەیە ئێمە تێبکۆشین هەمووی ئەو مەجال و تەفرەقانەی دێنە گۆڕێ واقع بینانە بەرخوردیان پێ بکەین، تەشویقیان بکەین، لەگەڵیان لە پێوەندیدا بین، تەجروبەی خۆمانیان پێ مونتەقیل بکەین، پێیان بڵێین کە ئەگەر دەتانهەوێ ئێوە سەرکەوتوو بن، ئەگەر ئێوە دەتانهەوێ ئێرانی ئایندە ئیدارە بکرێ، ناکرێ

لە ساڵی ٢٠٠٩ و ساڵی ٢٠١٠ میلادی ئێران بە شێوەی سی ساڵ پێش ئەمڕۆ ئیدارە بکرێ. یانی ئەو زێهنیەتەیان پێ بدەین ڕێبەرانی ئەو جووڵانەوەیە ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان هەر بە ناوی جمهووریی ئیسلامی دەستیان بە کار کرد بەڵام ویستیان بڕێک ئاقڵانە و مەسئولانە بجووڵێنەوە، ئەوە داواو موتالباتی خەڵکی کوردیان لە بەردەم خۆیان دا هەبێ. چون یەکێک لە موشکلاتی ئێمە ئەوەیە، موشکلاتی ئینقلاباتیش ئەوەیە، موهیم ئەوە نیە ئینقلابێک دەکەی و حکوومەتێک دەڕووخێنی، موهیم نیە کە تۆ ئینقلاب دەکەی و حکوومەتێک مەجبوور بە پاشەکشە دەکەی، موهیم ئەوەیە چیت وەگیر دەکەوێ. ئەوە زۆر زۆر گرنگە بۆ ئێمەی کورد، بۆیە بۆ ئەوەی شتێکمان گیر بکەوێ، بۆ ئەوەی کە بمانناسن، بۆ ئەوەی کە دەنگ و ڕەنگی کورد لە کێشەکانی ئێراندا لە گۆڕێدا بێ و لە پەراوێز نەکەوین، ڕێگای ئەوەیە ئێمەش بە شێوەی جۆراوجۆر لە نێو ئەو جووڵانەوەیە بەشدار بین. فورسەتێکە لەو مەجالە ئیستفادە کەین و کەڵکی لێ وەربگرین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێ ئەو واقعیەتە قبووڵ بکەین، ئەو جۆرەی کە جمهووریی ئیسلامی لە تاران و شوێنەکانی دیکە لەگەڵ خەڵک تەعامول دەکا، تەبیعەتەن لە کوردستان ئاوا تەعامول ناکەن. هەر لە سی ساڵی ڕابردوودا جمهووریی ئیسلامی سیاسەتی ئەمنییەتیی بەرامبەر بە کوردستان کردوە بە بەردی بنەمای بۆچوون و هەڵوێستەکانی خۆی لە سەر مەسەلەی کوردستان، و کوردستان بە تەواوی میلیتاریزە کراوە. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لەبەر چاوگرتنی ئەو واقعییەتە هەوڵمان نەداوە سیاسەتێک، بۆچوونێک، شوعارێک، دروشمێک، تەبلیغێک بێنینە گۆڕێ کە لە نێوخۆی کوردستان شەرایەتێک بێتە پێشێ جمهووریی ئیسلامی بیکا بە بەهانەو بە دەیان قات تۆڵە لە خەڵکی کورد بستێنێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتیش دا پێمان وایە ڕووناکبیرانی کورد، نوخبەگانی کورد، خوێندەواران لە دانشگاکان، خەڵکی ئەهلی قەڵەم، هەمووی ئەو خەڵکەی کە بە جۆرێک تێکەڵاوییان لەگەڵ جووڵانەوەی سەوز هەیە، لە شارو گوندەکانی کوردستان، لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان، دەبێ تێکەڵاوی و پێوەندییان پێوە هەبێ و مەعلوماتیان بدەنێ لە سەر قەزیەی کوردستان. یەکێک لە گرفتی ئێمە لە سی ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە جمهووریی ئیسلامی بە مەیلی خۆی ویستوویە مەسەلەی خەڵک لە پەراوێز بخا، کۆمەڵانی خەڵک لە دەرەوەی ئێران تێ نەگەن. ئەگەر بڵێین ئێران حەشیمەتێکی ٧٥ میلیۆنی هەیەو نزیک بە هەشت ـ نۆ میلیۆنی کوردە، هەشت ـ نۆ میلیۆن کوردەکە لە دەردو موشکلەی خۆی دەگا، بەقییە کە بڵێین نزیک شەست میلیۆن دەمێنێتەوە خۆ ئەوە هەموو لە جوزئیاتی کێشەی ئێمە ناگەن و ئەوانن ئێستا جمهووریی ئیسلامییان لە دەرەوە لەگەڵ ئێمە بە چالش کێشاوە. جا یەکێک لە ئەرکەکانی ئێمە ئەوەیە خەڵک لە دەرەوەی کوردستان لە خۆمان ئاگادار بکەین.

***پرسیار: لە بەرامبەر ئەم خوێندنەوەیەی جەنابتان، خوێندنەوەیەکیش هەیە کە دەڵێ، ئەم کێشەیە بە هەر حاڵ کێشەی نێوان قۆڵەکانی دەسەڵاتە لە تاران و هیچ پێوەندیی بە کوردو نەتەوەکانی دیکەوە نیەو نابێ تێکەڵ بەو مەسەلە بین، چۆن چاو لەو خوێندنەوەیە دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** بۆ حیزبێکی سیاسی کە لە واقعییات دەگەڕێ و لە مەجال و دەرفەتەکان ئیستفادە دەکا، سیاسەت وەک ئەوە چاو لێ دەکا چۆن لە فورسەتەکان کەڵک وەرگرێ و میللەتێک وەک میللەتی کورد کە سی ساڵە تەجروبەی کێشەی

لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی هەیەو، جمهووریی ئیسلامی شەڕی بە سەردا تەحمیل کردووەو ئەویش هەموو مێتۆدەکانی بەکار هێناوە، نابێ لەو خانەیەدا گیربکا. حیزبێکی سیاسی دەبێ زیندوو بێ، میللەتێک کە بە دوای ماف و داواکانی خۆیدا دەگەرێ دەبێ زیندوو بێ. ئێمە نابێ بەرامبەر بە هیچ کێشەیەک، بەرامبەر بە نیسبەت داهاتووی تاران بێ تەفاوەت بین. ئێمە یەک بڕیارمان داوە، هەمووی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان دەڵێین مەسەلەی ئێمە لە نێوخۆی ئێران لە چوارچێوەی ئێران چارەسەر دەکرێ. مادام ئەو مەسەلە لەوێ چارەسەر دەکرێ و تەنانەت من باسی ئەوەم کرد کە رەنگە رووخانی سیستمێک، گۆڕانی سیستمێک بەشێک لە کارەکەمان بێ، بەڵام بەشی گەورەی کارەکەمان ئەوەیە دوای ئەو حکوومەتە چیمان لێ بەسەر دێ و کێ دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ، لەو خانەیەدا ئەگەر چاو لە قەزیەکە بکەین ئێمە نابێ ئاوا بڕوانین.

***پرسیار: لە واقعدا لەو خانەیەدا دەبێ لە هەمووی فورسەتەکان ئیستفادە بکەین.***

***خالید عەزیزی:*** بۆ جارێکی دیکە دەڵێمەوە ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران وەک حیزبە سیاسییەکان دەبێ لە هەموو مەجال و دەرفەتەکان کەڵک وەربگرین بۆ هاتنە گۆڕێی قەزیەی کورد.

***پرسیار: کاک خالید! جیاواز لەم باسانە هەر وەک لە سەرەتای بەرنامەکە ئیشارەم پێکرد لە ماوەی رابردوودا، وتووێژێکی جەنابتان لە مێدیاکان بڵاو کرایەوە کە تیشکتان خستبووە سەر چەند مەسەلەیەکی گرنگ و، ئەمەش ئێنعکاس و عەکسولعەمەلی جۆراوجۆری لێ کەوتەوە. پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەو چەند خاڵەی کە جەنابت لە سەریان تەئکیدت کردبوو، پێم خۆشە نەزەری جەنابتان بەرامبەر بەو رەخنانە یا ئەو باسانەی کە لە پێوەندیی لەگەڵ ئەو وتووێژەدا هاتە گۆڕێ، ببیستم.***

***خالید عەزیزی:*** لەو وتوێژەدا کۆمەڵێک باس هاتە گۆڕێ، ئەو باسانە هەم لە مێدیای ئازاددا دەنگی داوە، تەنانەت لە نێو کۆڕو کۆمەڵی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چ لە نێوخۆو چ لە دەرەوەی وڵات، باسی هێنا گۆڕێ. پێشەکی من زۆر خۆشحاڵم، زۆرم پێ خۆشە کە باسێکم هێناوەتە گۆڕێ، ئەو باسە خەڵک تەوەججوهی پێدەکا، بۆیان مەسەلەیە، ئەو باسە سوئالی دروست کردوە، کۆمەڵێک مەوزوعات لە سەر ئەو باسە بە موافق و موخالف نووسراوە. تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە، دیسان دووبارە زۆر خۆشحاڵم کە، ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە حیزبێک دان کە زیندووە، سەریحاڵە، بەرامبەر بە هەڵوێستەکان و مەوزووعەکان، تەنانەت شتێک کە رەهبەریی حیزب هێنابێتی، سکرتێرەکەشی هێنابێتی بێ تەفاوەت نین، نەقدی دەکەن، تەحلیلی دەکەن، نەزەری خۆیان دەدەن، دەوڵەمەندی دەکەن و تێدەکۆشن رەهبەرییەکەیان موتەوەججیهی ئەبعادی جۆراوجۆری هێنانە گۆڕی باسەکە بکەن. لە هەمان کاتیش دا لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتیش ئەو باسە کە هاتۆتە گۆڕێ، کۆمەڵگەی کورد ئەوەندەی کە ئازادەو ئێمکانی هەبووەو نەزەری داوە، بە نیسبەت ئەوانیشەوە من هەر خۆشحاڵم، چ نەزەری موخالف چ نەزەری موافق هاتۆتە گۆڕێ. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لە سەردەمێک دا دەژین سیاسەت لە خانەی بەستەدا ناکرێ. حیزبایەتی لە خانەی بەستەدا ناکرێ. لە سەردەمێک دا

دەژین کە شتی مەخفی و نهێنی لە حیزبایەتی دا زۆر کەم بۆتەوە. لە سەردەمێک دا دەژین کە شەفافییەت لە گۆڕێ دا هەیە. ئەگەر دە ساڵ پێش ئێستا، پازدە ساڵ پێش ئێستا لە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو مەوزوعاتە، چ مەسائیلی نێوخۆیی حیزبی، چ کێشەکانی حیزبی، چ مەسائیلی سیاسی وەسیعەن باسی لێ کرابایە لە نێو کۆڕو کۆمەڵی حیزبی دا هاتبایە نێو باسی ئازاد، شتی لەسەر گوترابایە، شتی لە سەر نووسرابایە، شتەکان لە تابۆو ئیبهام و هالەدا نەهێشترابانەوە، من دڵنیام ئەو لەتبوونانە نەدەکەوتنەوە. لە رابردووی ئێمەدا بەشێکی ئەو کێشانە، راوەستابوون، خڕکرابوونەوە، پەنگیان خواردبۆوە، کە دەهاتیە نێو کۆنفرانس و کۆنگرەکان خەڵکێکی لێک تووڕەو ناڕەحەت دەهات لەوێ تەسفیە حیسابیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. ئەگەر بەو دەلیلەش بێ ئێستا ئەگر من کۆمەڵێک باسم هێناوەتە گۆڕێ، کۆمەکم لە حەددی خۆمدا بە زێهنییەتی ئەندامانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵگا کردوە کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، وەک میللەتی کورد لە کوردستانی ئێران لە موقابیل مەجمووعەیەک سێناریۆو حاڵەت دا دەبین. مەسەلەی وتووێژ سوئالی لە سەرە. چ کرا، چۆن کرا؟ مەسەلەی رووخان باسی لەسەرە. مەسەلەی چەندو چۆنی حزووری ئێمە باسی لە سەرە. تەنانەت مەسەلەی تێکنیکی وتووێژ (ئایا) لە سەر خودموختاری دەیکەی، لە سەر فیدرالیزم دەیکەی، لە سەر قانوونی ئەساسی دەیکەی؟ باسی لە سەرە. دەی چ باشتر ئێمە ئێستا باسەکان لە زمانی خۆمانەوە بێنینە گۆڕێ، نەزەراتی جۆراوجۆرمان بۆ بێتەوە (با) کاتێک دەچینە کۆنفرانس و کۆنگرەکان و سیاسەتگوزاری دەکەین بە ئامادەگییەکی زۆرترەوە بیکەین. بەو دەلیلە پێم باش بوو کە باس خولقاندراوە، سوئال دروست بووەو بەو دەلیلە پێم خۆشە کۆمەڵگەی نێو حیزب و کۆمەڵگەی دەرەوەی حیزب ئەو مەسەلانە بە راشکاوی باس بکەن.

***پرسیار: لە واقع دا ئەم دژکردەوانە بەرامبەر بەو وتووێژو قسانەی جەنابت، بە بڕوای ئێوە تەعبیر لەوە ناکا کە جۆرێک زیندوویەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، لە حیزبی دێموکرات دا هەیەو ئەو زیندوویەتییەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو دژکردەوانەی لێ بکەوێتەوەوبێ تەفاوەتی نەبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** دەقیقەن تەعبیر لەوە دەکا. چونکە ئێمە لە گوفتاری پێشووی خۆمان بەتایبەتی دوای کۆنگرەی چواردە لە وتووێژو هەڵوێستەکان دا هەمیشە رامان گەیاندوە، کە کۆمەڵگە دەبێ بەرامبەر بە حیزبەکان مەسئول بێ. رەخنەیان لێ بگرێ، ئینتقادیان لێ بکا، پێشنەهاد بکا، بێ تەفاوەت نەبێ. ئەگەر کۆمەڵگە فەعال بوو و ئەکتیڤ بوو، ئەندامانی خودی حیزبیش ئەکتیڤ و فەعال دەبن. ئەگەر ئێمە حیزبی زیندوو و سەربحاڵمان هەبێ، باسەکان لە وەختی خۆیدا بێنینە گۆڕێ، کۆمەڵگە بەشداریی بکا لە ئایندەدا هێندێک کێشە کە لە زەمانی خۆی و لە کاتی خۆی ؟؟ حەڵ بێ ناگاتە ئەو مەرحەلەیە کە مەجالی تەوافوق و سازش بە بن بەست بگا.

***پرسیار: کاک خالید! یەکێک لەو شتانەی کە لەو وتووێژەدا تەئکیدت لە سەر کردبوو مەسەلەی دروشمی رووخان بوو. کە لە لایەن بزووتنەوەی کوردەوە ساڵانێکە هەڵگیراوە. بە لەبەر چاوگرتنی زەمینە تاریخییەکەی کە ئەو دروشمە لە کەیەوە دێتە نێو وتاری سیاسیی کوردو وتاری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە. پێم خۆشە لەو پێوەندییەدا تەوزحیمان بۆ بدەی.***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی، فەلسەفەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٥، کە پاشان کۆماری کوردستانی دامەزراندو لە سەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد بوو، فەلسەفەیەکی مەدنی بوو. حیزبی دێموکرات بۆ شەڕ دانەمەزرا. حیزبی دێموکرات لە نێو شارو کۆمەلانی خەڵک بە مەبەستێکی مەدەنی بۆ ئیدارەی وڵات دامەزرا. بۆیە لە ماوەیەکی کورتدا موەفەق بوو بتوانێ زۆرێک لە موئەسەسات و دەمودەزگای ئیداری لە وڵات دابمەزرێنی و لە تەواوی ئەو وەختیش دا سیاسەت و ستراتێژیی شەخسی پێشەوا ئەوە بوو بە دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات کێشەی خۆی لەگەڵ تاران جێبەجێ بکا. لە دوای ئەودا حیزبی دێموکرات تووشی ژیانی مەخفی دەبێتەوە لە سەردەمی شا. پاشان لە ئێران ئینقلاب دەکرێ، حیزبی دیمۆکرات بە ئاشکرا فەعالیەت دەکاتەوە کە ئاشکرا فعالیت دەکاتەوە یەکەم کاری ئەوە دەبێ لە رێگای وتووێژو گفتوگۆ لەگەڵ تاران کێشەکەی حەل بکا. بەڵام دوایە جمهووریی ئیسلامی شەڕ بە سەر ئێمەدا تەحمیل دەکا، کوردستان میلیتارێزە دەکا، خەڵک شەهید دەبێ، بێڕەحمانە لە کوردستان دەجوولێتەوە، لە کەش و هەوایەکی ئاوادا لە کۆنگرەی 5ی حیزبی دیمۆکرات دا شوعاری رووخان دێتە گۆڕێ. دەنا پێش کۆنگرەی ٥ شوعاری رووخان لە گۆڕێ دا نەبوو، لەو وەختەوەش کە شوعاری رووخان لە ئەدەبیات و مێتۆدو بۆچوونەکانی حیزبی دیمۆکراتدا هەر ماوەتەوە. ئەوەی کە من لەو وتووێژەدا هێناومەتە گۆڕێ ئەوەیە کە ئێمە شوعاری رووخان بە کار ناهێنین، ئێمە شوعاری رووخانمان وەلا ناوە. من نەم وتوە کە ئێمە شوعاری رووخانمان رەت کردۆتەوە، شوعاری رووخان لە جێی خۆیەتی. جیاواز لەو تکنیکی قانوونی بە کار هێنانی شۆعارێک ئەگەر لە دەورانێک دا کە فەعالیەتێکی نیزامی بەربەرین لە گۆڕێ دا بوو هێزی پێشمەرگە لە مەیدان بوو ئێمە وەزنەیەکی سەنگین بووین فەعالیەتەکانمان بەربەرین بوو، رەنگە لە رۆژنامەی حیزبی دا لە میدیای حیزبی دا لە رادیۆ کوردستان دا باس کردن لە شوعاری رووخان بڕێک لەگەڵ واقعیەتی عەینیی کۆمەڵگەو چەندو چۆنی وەزعیەتی ئێمە هاتباوە بەڵام لەم دوایانەدا وتمان ئێمە لە کەش و هەوایەک دا هەین کە رۆژنامەیەک بڵاو دەکەینەوە یان ئێتلاعیەیەک دەدەین رەنگە شتێکی زۆر سەیرو عەجایەب نەبێ لە خوارەوەی رۆژنامەکە بنووسین برووخی رێژیمی کۆماری ئیسلامی. جیاواز لەوە ئێمە بگەرێینەوە سەر هێندێک واقعیاتی قەزیەکە. ئێمە پێمان وا نییە لە ئێراندا دەوڵەتی تاران بە کورد دەرووخی و ئوسووڵەن جووڵانەوەی کورد بۆ رووخانی حکوومەتی مەرکەزی نییە! جووڵانەوەی کورد بۆ ئەوەیە کە بە مافەکانی خۆی بگا. شوعاری رووخانی حکوومەتی مەرکەزی بەرهەمی کەشوهەوایەکە کە لە کوردستان هاتە پێش و بە سەر ئێمەدا تەحمیل کرا کە ئێمە لەو سەردەمەدا ئەو شوعارەمان قەبوول کرد لایەنی سیاسیەکەی ئەوە بوو کە جمهووریی ئیسلامی ئەو ماوەیە لەگەڵ ئێمە لە مەیدانی شەڕدا لە کوردستان دا بە تیرۆر کردنی رێبەرانی ئێمە، ترۆر کردنی کادرەکانی ئێمە و تەنانەت لە دەرەوە ئەو مەجالەی بۆ ئێمە نەهیشتەوە کە شوعارێک بە غیری ئەو شوعارە بێتە گۆڕێ. ماهییەتی جمهووریی ئیسلامی راستەوخۆ کۆمەکی بەوە کردوە کە ئەو شوعارە لە جیی خۆی بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر ئێمە چاو لە کوردستانی تورکیە بکەین، PKK جەرەیانێکی زۆر بە هێزی نیزامییە کە ٣٠ ساڵە بە دژی دەوڵەتی تورکیە شەڕ دەکا قەت نەیگوتوە کە شوعاری ئێمە رووخانی دەوڵەتی تورکییەیە، تەنانەت DTP کە لەوێ فەعالییەت و جموجولی هەیە باسی رووخانی دەولەتی تورکیە ناکا. من دەمهەوێ ئەوە بڵێم جیاواز لە تەبیعتی چەندو چۆنی دروشمی رووخان کە لە نێو حیزبەکان کوردستانی ئێران جیی گرتووە ئوسووڵەن لە کوردستانی ئێران و لە ئێران نابێ کورد بەوە پێناسە بکرێ کە کورد

میللەتێکی بەرئەندازە، کورد بۆ رووخانی حکوومەتی مەرکەزی کار دەکا. نا ئێمە تێدەکۆشین کە تەواوی خاست و داخوازەکانی خۆمان بە شێوەیەک لە ئێران جێبەجێ بێ کە دوور بێ لە شەڕ. بەڵام بۆ ئاگاداریی جەنابەت لەو ماوەدا هەموو گوفتاری خۆمان و لە هەڵویستەکانداو لە وتووێژەکاندا گوتوومانە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە پێمان وایە کورد بە تەنی جمهووریی ئیسلامی پێ ناڕووخێ بەڵام حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە هەموو فەعالیەتێکی سیاسی، تەبلیغاتی، تەشکیلاتی و دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی کەڵک وەردەگرێ بۆ ئەوەی کە جمهوریی ئیسلامی نەمێنێ، ئەگەر وایە لە باری ئوسوولییەوە جەوهەری فعالیەتی ئێمە لە هەموو مەیدانەکان بۆ رووخاندنی جمهوریی ئیسلامییە، بۆ نەهێشتنی ئەو سیستەمییە جا ئەگەر ئەو شوعارە بڵێین ئێمە هەر وەک شوعار بە کاری ناهێنین، من لە راستی دا عەقیدەم بەوە نییە کە حیزبێکی سیاسی، جەماوەری بەو رابردوویەوە. بەو بنەما سیاسیە واقع بینییە لە سیاسەت هەیە بە شوعار دڵی خۆی خۆش بکا.دیارە ئێمە حیزبی شۆعار نیین.

***پرسیار: یانی لە واقعدا دەکرێ لە ئێستادا بە جۆرێک بڵێین هێندێک حیزبەکان. یان ماوەیەک حیزبەکان خۆیان بەوە زەمینگیر کردبوو؟***

***خالید عەزیزی:*** لایەنی رەوانیی ئەو شوعارە یان لایەنە فەرهەنگیەکەی ئەوەیە کە وشک بە شوعاری رووخانەوە بنووسێیت دەبێتە هۆی ئەوەی کە تۆ سیاسەت کردن و دامەزراندنی بەرنامەو چۆنیەتی کێشە لە گەڵ جمهووری ئیسلامی سەرفەن لە خانەی ئەو شوعارەدا کۆ بکەیەوە و ئامادەگیی ئەوەت نەبێ کە لە مەیدانەکانی دیکەشدا جمهوریی ئیسلامی بە چالش بکێشی. جەوهەری باسەکە لێرە دایە. وەلحاسڵ ئەو شوعارە ئەوەی کە بەکار هاتوە لەو وتووێژەدا گوتراوە ئێمە وەلامان ناوە یانی دەکرێ بیهینێتەوە جێی خۆی ئێمە بە کاری ناهێنین دەکری بەکاری بهێنییەوە بەڵام نەگوتراوە ئێمە شوعاری رووخانی جمهوریی ئیسلامیمان رەت کردۆتەوە.

***پرسیار: کاک خالید لە پیوەندی لە گەڵ مەسەلەی وتووێژو دانیشتن لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەندی یان خود کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندیەدا پێمان خۆشە تەوزیح بدەی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە پێوەندی لەگەڵ وتووێژدا مەوزوعێکی حەساسە ئەو مەوزووعە زەمانێک حەساسیەتی پەیدا کرد کە دوکتور قاسملوو، رێبەری حیزبی دیمۆکرات لە ڤییەن ترۆر کرا. بۆیە لەو رۆژەوە مەسەلەی وتووێژ هەمیشە سوئالی گەورەی لە سەرە. تەنانەت ئەگەر باشیش بێ و لە وەختی خۆی دا بە کاریش بێ کۆمەڵانی خەڵک بە شک و گومانەوە چاوی لێدەکەن. ئەوە تەجرووبەی ڕەوانیی تالی ئەمنیەتیی ئێمە لەوتووێژە. لایەنێکی دیکەش خەڵک هێندە بی ئیعتمادەن بە رێژیمی جمهووریی ئیسلامی کە حەقی خۆیانە، پێیان وایە کە جمهووریی ئیسلامی ئەگەر باسی وتووێژیش بکا راست ناکا، لەووەش دا هەر راست دەکەن. بەڵام با بێینە سەر وتووێژ لە باری ئوسوولییەوە، بۆ حیزبێکی سیاسی یان بۆ میللەتێکی کە کێشەی لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دا(خەڵک) هەیە، وتووێژ هەمیشە دروستە. ئێمە قەت نابی بڵێین وتووێژ خراپە. ئێمە

هەر دوای ئینقلاب وتووێژمان کردوە و پێمان وابووە ڕێگا چارەی قەزیەی کورد وتووێژە. ئەگەر وایە لە باری ئوسوولی، وتووێژ دروستە، هیچ غەڵەتی تێدا نییە. بەڵام ئایا وتووێژ لە هەلومەرجی ئێستادا دروستە یان نادروستە؟ با بریک ئەوەش تەعریف بکەین. ئەگەر بگەڕێینەوە رابردووی ئەو کێشەیە، کاتی خۆی کە جمهووریی ئیسلامی هاتە سەر کار هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە بە وتووێژ کێشەکەمان لە گەڵ تاران جێبەجێ بکەین و، کاتی خۆی دەستەینوێنەرایەتیی گەلی کورد کە بریتی بوو لە چەند ڕێکخراو وحیزب و دوکتور قاسملوو قسەکەر یان سوخەنگووی ئەو هەیئەتە بوو، لە رەئسی ئەو وتووێژانەدا بوو، حیزبی دیمۆکرات دەورێکی سەرەکیی لەو وتووێژانەدا هەبوو، ئەو وەخت کە ڕێگا چارەکە ڕێگاچارەی هەر ئەو کات رەخنە لە حیزبی دیمۆکرات دەگیرا دەیان گوت کە حیزبی دیمۆکرات سازش کارە. کاتێک دوای ئەوەی کە وتووێژەکان لە مەرحەلەی یەکەم شکستیان هێنا. دوایە ٨ مادە ٢٦ مادە ٦ مادە هەمووی ئەوانەی بە سەردا هاتەوە، هەیئەتێکی حیزبی دیمۆکرات چووە تاران بۆ ئەوەی کە بەنیسەدر ببینێ کە تێبکۆشی مجالێک ببینێتەوە کەشەڕ بە سەر کوردستاندا تەحمیل نەکرێ. ئەو کاتە کە ڕێبەرانی حیزبی دیمۆکرات هاتنەوە بە حیزبی دیمۆکراتیان دەگوت سازشکار. حیزبی دیمۆکرات هەوڵی دەدا کە مەجالێک ببینێتەوە کە شەڕ نەکرێ. ستراتێژیی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە ئەگەر رۆژێکیش شەڕ لە کوردستان وەدرەنگی بکەوێ کورد یەک رۆژی قازانج کردوە، حیزبە سیاسەکانی دیکە ئاوایان فکر دەکردەوە. ئەووەختەی ئەو هەوڵەیان دەدا بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا زۆر گرووپ و لایەنی دیکە هەبوو کە رەخنەیان لە حیزبی دیمۆکرات دەگرت کە حیزبێکی سازشکارە. جا ئەگەر وایە هەمیشە کە تۆ مەوزووعێک، هەڵوێستێک دێنیتە گۆڕێ، ئەو هەڵوێستە لە روانگەی جوراوجۆرەوە نەقد دەکرێتەوە، ئەوەی کە وتووێژ لێرەدا هاتۆتە گۆڕێ، وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی تابعی هێندێک میکانیزمە. ئەگەر وتمان لە باری ئوسوولییەوە هیچ غەڵەتی تێدا نییە دروستی تێدایە. بەڵام لە مەیدانی عەمەلییەکەیدا وتووێژ تابعی دوو دانە سناریۆیە، سناریۆیەک ئەوەیە کە عەقلانیەت و مەنتق لە هەر دوو لا کە کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە جێکەوتووە. ئەوە دوو لایەنە ئیعتراف بە کێشەکە دەکەن، لە ڕێگا حەلێک دەگەڕێن. ئەگەر وایە لەو حاڵەتە تێگەیشتن و قەناعەت و ئیعتراف جەوهەرو بنەماو میکانیزمی وتووێژو حەلی قەزیەکە دێنێتە گۆڕێ. تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە کێشە میللەتی کوردو حیزبەکانی کوردستان لەگەڵ جمهووریی ئیسلامیەوە هەیە ئەو سیناریۆیە لەگۆڕێ دا نییە. نە جمهووریی ئیسلامی ئیعتراف بە کێشە سیاسییەکە دەکا و نە حازرە ئێمە قبووڵ بکا و وتووێژ لەگەڵ ئێمە بکا، نە ئێمەش داوای وتووێژمان لێکردوە( بۆ ئاگادارێت.،بڵی!) ئەگەر وایە دەگەڕێینەوە خانەی دووهەم. خانەی دووهەم خانەی باڵانسی تەوازونی قەوایە. دەورانێک کە ئێمە لەنێوخۆی وڵات کوردستانمان بە دەستەوە بوو لە چەندین مەرحەلەدا جمهووریی ئیسلامی مەجبوور بە وتووێژ لە گەڵ ئێمە بوو، چوونکە ئەو وەختە ئێمە دەسەڵات بووین، لە ژووریدا. بووین هێزی پێشمەرگەمان هەبوو، خەڵکمان هەبوو، کۆمەڵانی خەڵکمان لە گەڵ دا بوو، ئێستا دەسەڵات و تەوازونی قەوا بە جۆرێک نییە کە جمهووریی ئیسلامی لە گەڵ ئێمەدا وتووێژ بکا، هێزی پێشمەرگەی ئێمە وەک قەدیم لە مەیدانی فەعالیەت دا نەماوە و (بە زۆری لە مەیدانی شەڕی چەکداری بەرێوە ناباو کە ئەسبابی) سەر ئێشە بۆ جمهووریی ئیسلامی بێ و ئەزیەتی بکا، مەجبور بە پاشەکشەی بکا و ئەو جەووی نیزامی ـ ئەمنیەتی کە جمهووریی ئیسلامی لە کوردستان تەسبیتی کردوە مەجال بە کۆمەڵانی خەڵکیش نادا وەک کارتێکی سیاسی بۆ ئێمە فشار بێنێ کە وتووێژ بکا، جا

ئەگەر وایە لەهەر دووک ئەو سیناریۆیانەدا هیچ زەمینەیەک بۆ وتووێژ بەینی ئێمەو جمهووریی ئیسلامی نییە. لەو ماوەیەشدا نە جمهووریی ئیسلامی داوای وتووێژی لە حیزبی دیمۆکرات کردوە نە ئێمە داوای وتووێژمان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی کردوە. باسەکە ئەوەیە ئایا لە شەرایەتی ئێستادا ئەرێ وتووێژ لەگەڵ جمهووریی ئیسلامی دروستە؟ وتووێژ دەگەڕێتەوە سەر تەشخیسی هەر دوو لایەنەوە، مادام نە جمهووریی ئیسلامی داوای لە ئێمە کردوە نە ئێمە داوامان لەوان کردوە جیاواز لە شەرایەتەکە هیچ مەوزووعی نییە .

***پرسیار: باشە جەنابەت لەو باسەدا کە پێشتر ئاماژە بەوە دەکەی کە تەنانەت لە سەر مادەی ١٥و ١٩ش ئامادەن ئێوە بکەونە وتووێژ وگفتوگۆوە. لەو پێوەندیەدا پێم خۆشە تەوزیح بدەی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە هیچ شوێنێکی دنیایە کاتێک حیزبێکی سیاسی داوای داخوازێک دەکا (بۆ نموونە داخوازی زۆربەی حیزبەکان بۆ چارەسەری قەزیەی کورد فیدرالیزمە) قەد ئێمە نابی پێمان وابێ ئەوە دەوڵەتی تاران چ جمهووریی ئیسلامی بێ بە ئیعتباری ئەحمەدی نژاد و خامنەیی، چ جمهووریی ئیسلامی بێ بە ئیعتباری مووسەوی و کەرووبی و خاتەمی، نەخیر چ یەکی دیکە بێ، حکوومەتێکی دیمۆکراتیک بێ، پێمان وابێ ئەوە دیت فیدرالیزمەکە دەکا بە بنەماو وتووێژمان لەگەڵ دەکاو فیدرالیزمان دەداتی. وتووێژ دەتوانی ئەنواعی شێوەی هەبێ، موهیم ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە ئیعتراف بە کێشەکە بکاو بێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ڕێگا حەلێکی بۆ بببینێتەوە. قانوونی ئەساسی دەتوانێ مەبنایەک بێ بۆ دوو لایەن کە لەوێ ڕا دەست پێ بکەن بۆ چارەسەری کێشەکانیان. زۆر شتێکی سەیرو سەمەر نییە تەنانەت قانوونی ئەساسی ببێت بە مەبنایەک. بەڵام جمهووریی ئیسلامی ئێران بە هیچ جۆر حازر نییە ئێستا (با) لەسەر مادەی ١٥ و ١٩ بێت لەگەڵ ئێمە وتووێژ بکا، تەنیا ئەو باسە کە هاتۆتە گۆڕێ من هێناومەتە گۆڕێ، زۆرتر بەو مەبەستە بووە ئێمە لە سیناریۆکانی داهاتووی کوردستانی ئێران دەبێ ئەو ئیستعدادو ئامادەگیەمان هەبێ کە ڕەنگە حاڵەتی جۆراوجۆر بێتە پێشی لە تەعامول لەگەڵ تاراندا. بۆ نموونە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان جمهووریی ئیسلامییەکمان هەبوو، لە ئێران کە کەرووبی و مووسەوی و خاتەمی یان جووڵانەوەی سەوز لە دەست خۆی گرت، ئەو جووڵانەوەیە نایەڵێت نیزام بگۆڕدرێت، ئەو جووڵانەوەیە باسی گۆڕانی سیستم ناکا، باسی گۆڕانی قانوونی ئەساسی ناکا. ڕەنگە یەکێک لە ئیحتمالات ئەوە بێ هەر خودی قانوون ئەساسی ئەو بەندی ١٥ و ١٩ مەبنایەک بێ لە گەڵ ئەوانە (بۆ ئەوەی) تۆ دەرگای وتووێژ و دەرگاکە بکەیتەوەو لێک حاڵی بوونێک، دانیشتنێک بێ، ئیعترافێکیش بکەین بە یەکتر. دەنا نە ئێمەو نە خەڵکی کورد لە کوردستان و نە هەمووی دنیا، نە خەڵکی نێوخۆی ئێران لەو باوەڕەدان کە جمهووریی ئیسلامیی ئێران کە ئێستا هەیە نە تەنیا لەسەر مادەی ١٥ و ١٩، لەسەر هیچ شتێک حازر نییە لەگەڵ ئێمە وتووێژ بکا .

***پرسیار: کاک خالید واکنشی بەرپرسی کۆنسوڵگەریی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو وتووێژەی جەنابت چۆن هەڵ دەسەنگێنی؟***

**خالید عەزیزی**: پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە پێم خۆش بوو شتێکی لێرە تەئکیدی لە سەر بکەمەوە ئەویش ئەوەیە تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە وتووێژ هەیە چ ئێستا بێت کە من هیچ زەمینەیەکی بۆ نابینم بەڵام ئەگەر لە ئایندەدا شەرایەتێکی وا هاتە پێش، سیاسەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان زۆر سەریح و شەفافە. ئێمە پێمان وایە دەوڵەتی مەرکەزی (ئەگەر) لەسەر مەسەلەی کورد بە گشتی لەگەڵ حیزبەکانی موخالف وتووێژ دەکا، (ئەگەر) لە ڕێگا حەل دەگەڕێ ئیعترافی پێ دەکا، ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی مەرکەزی داوای وتووێژ لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بکا، وەڵامی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەوەیە ئێمە مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران بە مەسەلەی هەموو حیزبەکان دەزانین. ئێمە پێمان وانییە وەک حیزبی دیمۆکرات تەنیا خۆمان تەرەفی موعامەلەی دەوڵەتی مەرکەزی دادەنێین. بەڵکوو پێمان وایە هەموو حیزبەکان دەبێ بە یەکەوە لە سەر مێزی مزاکرە لە گەڵ دەوڵەتی مەرکەزی دابنیشن. جا دەوڵەتی مەرکەزی ئەو جمهووری ئیسلامییە(بێ) یان جمهووری ئیسلامییەکی دیکە یان هەر حکوومەتێکی دیکە ئەوە وەک ئەسڵ لای حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕێبەریی حیزبی دیمۆکرات دێتە گۆڕێ .

ئێمە وەک لایەنێکی تیکنیکی، وەک لایەنێکی ئوسوولی چاو لەو قەزیەیە دەکەین، چونکە تەجروبەی وتووێژەکان هەم لە کوردستانی عێراق کە لە ڕابردوودا بووە، هەم ئەوەی کە لە کوردستانی ئێران کە لە ڕابردوودا بووە، ستراتیژیی دەوڵەتە مەرکەزییەکان ئەوەیە کە تەنانەت دەوڵەتی دیمۆکراتیکیش بێ (با ئێمە پێمان وانەبێ دیموکراسی لە ئێران دێتە گۆڕێ ئەوە دیموکراسییەکی ئورووپایە) هەمیشە میتۆدو میکانیزمی جۆراوجۆریان هەیە. بۆ ئەوەی کە لە سەتحی موخالیفانی خۆیان لە کێشەکەدا، دوو دەستەگی و سێ دەستەگی دروست بکەن خۆیان لە مەوقعیەتی باش و باشتری موعامەلە قەرار دەدەن. بۆیە ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات ئەو ئەسڵەمان قەبوول کردوەکە وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بە بەشداریی هەموو لایەک بێ .

***پرسیار: باشە ئەی ئەو مەسەلەی دژکردەوەی بەرپرسانی کونسولگەریی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەو وتووێژەکەی جەنابتان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

**خالید عەزیزی**: کۆماری ئیسلامی عادەتەن لەماوەی سی ساڵی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە مەسەلەی ئێمە لە پەراوێز بخا، لە موناسبەت و ڕووداوی جۆراوجۆرکە هاتۆتە پێشێ، ئێمە هەڵوێستمان گرتوە، شتمان ڕاگەیاندوە، قەت دژکردەوەیەکی وای نیشان نەداوە. بەڵام بەو ماهیەتەی کە جمهووریی ئیسلامیی ئێران هەیەتی پێمان وایە دژکردوەی کۆنسوڵی ئێران یان هەر شتێکی تر بێ لەو جیهەتەوە لە لایەکی ترەوە ئیعتراف بە مەسەلەی کورد بکا، لەو جەهەتەوە بیروڕای گشتی متەوەجیهی ئەو واقعیاتە بکا کە سی ساڵە موشکەلەیەکیان هەیەو حەلیان نەکردووە ئێستا لە ڕێگا حەلێک دەگەڕێن، ئەوان کاتێک لە نێوخۆیان، دۆستانی سابقی خۆیان هاوسەنگەرانی سابقی خۆیان ئەو کەسانەی کە لە گەڵ ئەوان ئینقلابیان کردووە ناتوانن لە گەڵیان تەحەممول بکەن لە گەڵیان ناحەوینەوە، دڵنیام نییەتی جمهووریی ئیسلامی نییەتی کۆنسوڵەکەی بەرانبەر بە

ئێمە نییەتێکی دۆستانە نییە لەو فرسەت دەگەڕێن کە بە شێوەی جۆراوجۆر بە نەفعی خۆیان کەڵک لەو کێشەو لە باسە وەرگرن.

***پرسیار: ئێوە چ لە وتووێژەکەی پێشووتان چ لە چەندین وتووێژی دیکەدا زۆرتان تەئکید کردۆتەوە لە سەر ئەوەی کە ئەگەر فەزایەک لە ئێران بڕەخسێت و ئەمنیەتێک دابێ. مەسەلەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکان دەستگیر نەکرێن و ئەگەر خەڵک ئیعدام نەکرێ و ئەگەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی سەزا نەدرێن. ئازادیی سیاسی لە موقابیلی ئەمانەدا هەبێ. تەنانەت ئەگەر کۆماری ئیسلامییش بێت ئەم فەزایە دروست بکا حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەن. باشتر وایە کە بڕۆنەوەو فەعالیەت بکەن. لەم پێوەندیەدا پێم خۆشە رای جەنابتان ببیستم یان تەوزیحی زیاتر بدەی؟***

***خالید عەزیزی:*** من پێشوو ئاماژەم بە واقعیەتێکی مێژوویی کرد، ئەویش ئەوە بوو وتم کاتی خۆی کە هەیئەتی نوێنەروتەتیی گەلی کورد کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی تێدا بوو لایەنەکانی دیکەش هەموو هەوڵێکیان دا کە لە کوردستان شەڕ نەیەتە پێشێ، لێکدانەوەکە ئەوە بوو ئەگەر رۆژێک شەڕ لە کوردستان وەدرەنگی بکەوێ ئێمە یەک رۆژمان قازانج کردوە بۆیەک رۆژمان قازانج کردوە یەک رۆژی دیکە زیاتر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران دەمێنینەوە. سیاسەتی حیزبایەتیمان جا ئەگەر وایە من ئەگەرێکی گەورە دەکەمەوە کاک مادیح - ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی چ جمهووریی ئیسلامی ئێستا بێ و چ جمهووریی ئیسلامیی ئاینده بێ لە کوردستان خەڵک نەگرێ و خەڵک ئیعدام نەکا، ئەمنیەت هەبێ، بەسیج و پاسدار دەسەڵاتیان نەبێ، لە مەرزەکان ئەمنیەت بۆ خەڵک هەبێ، کاسبی بکەن ئازادیی فەعالیەتی سیاسی بۆ ئەحزابی سیاسی هەبێ، ئەحزابی سیاسی ئەمنیەتی سیاسییان هەبێ خەڵک بە دەلیلی عەقیدەو حیزبایەتی وجموجۆلی فعالیەتی سیاسی بێتە کۆرو کۆمەل و لە تەزاهورات دا نەگیرێ و ئیعدام نەکرێ و ئەمنیەتی هەبێ، ئازادیی هەبێ هیچ دەلیلێک نابێ حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەوێ کار نەکەن. بەڵام ئەو ئەگەرە ئەگەرێکی قورسە. ئایا ئەو ئەگەرەی کە من هێناومەتە گۆڕێ و هەمووئەو شتانەی کە ریزم کرد لە ماهیەتی جمهووریی ئیسلامی دا عەمەلییە تەبیعەتەن نا . ئەگەر عەمەلی بێ جمهووریی ئیسلامی ئەوە قەبووڵ بکا بە شتێکی باشی دەزانم، جێگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کوردستانی عێراق نیە جێگەی ئێمە کوردستانی ئێرانە. ئەگەر ئێمە لە نێو خەڵکی خۆمان [لە نێو] کۆمەڵگەی خۆماندا باین، دڵنیام بەشێک لەو موشکیلاتەی کە ئێستا ئێمە هەمان بووە و بە داخەوە لەتبوون و ئینشعاباتی لێ کەوتەوە رەنگە بەو شێوەیە نەبایە و رەنگە رووشی نەدابایە. جا بۆ حیزبێکی سیاسی زۆر لە تاراوگە مانەوە بۆ حیزبێکی جەماوەری کە لە نێو خەڵک دا دروست بوو، بەرنامەی بۆ ئیدارەی خەڵک هەیە، دووری خۆش نیە. جا من ئەو ئەگەرەم لەو هێناوە کە بە داخەوە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی دا نە عەمەلییە. بەڵام ئێمە دەبێ ئیستعدادی ئەوەمان هەبێ لە ئایندەدا ئەگەر حاڵەتێک هاتە پێشی دەوڵەتی مەرکەزی جۆرێکی دیکەی تەحەمول کرد هەمووی ئەوانە دادەنێنە سەر میزی فکر کردنەوە لە بەرنامەی خۆمان.

***پرسیار: بەڵی ! کاک خالید! ئەگەرچی پرسیاری زیاتر هەیە بەڵام بە هۆی مەجالی کەمی بەرنامەکە وەکو دوا پرسیار پێم***

***خۆشە لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی کورد بە گشتی و بە تایبەت کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، داهاتووی ئەو مەسەلەیە چوون دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر ئێمە چاو لە ئاڵوگۆڕەکانی دنیا بکەین ڕۆژ بەرۆژ دیکتاتۆریەت بێ ئایندە دەبێ. ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ دیموکراسی پەرە دەستێنێ ڕۆژ بە ڕۆژ سیستمی ئینترنیت و سەتەلایت و موبایل و ماس میدیا پەرە دەستێنێ، سنوور ناناسێ و دەچیتە هەموو ماڵێک. ڕۆژ بە ڕۆژ دونیا قانوونیتر دەبێ، ئەوە یەک سیگناڵ ئەویش ئەوەیە کە کورد لە سەردەمی ئێستا دا لە گەڵ دەوڵەتە مەرکەزییەکان لە حاڵەتی کێشە دایە کە ڕەوتی دونیا لە خزمەتی دیموکراسی دایە. ئەوەی لە تورکیە لە گۆڕێدا هەیە ئێمە بە شتێکی باشی دەزانین. پێمان وایە ئەوەی دەوڵەتی ئۆردۆغان لە مەجلیس دا کردی هەوڵی دا کرانەوەیەک بە ڕووی مەسەلەی کورد و دێموکراسی دا هەبێ بکاتەوە هەنگاوێکی باش بوو. کورد لە کوردستانی تورکیە سەرەڕای ئەوەی کە دادگای باڵای تورکیە DTPی غیرە قانوونی کرد دەبێ هەوڵ بدا کۆمەڵگای مەدەنی لە تورکیە پتر بەهێز بکا، دەبێ هەوڵ بدا نەهێڵێ ئەو هەوڵانەی کە دەولەتی ئۆردۆغان و ئەو کەسانەی کە لە ڕێگا چارە دەگەڕێن بە شکست بگەیەندرێ. تێبکۆشن خۆیانی لەگەڵ تەتبیق بدەن. ئەوە لەوەی گەشبینم بەرانبەر بە ئایندەی کوردلە گۆڕێدا هەیە، لە کوردستانی ئێراق سەرەڕای کۆمەڵێک کێشەو هەراو هۆریا کەلە سەر هێندێک شت کێشەیان لە گەڵ دەوڵەتی بەغدا ماوەتەوە، من پێم وایە ڕەوتی ڕووداوەکان، پرۆسە سیاسییەکە بەرەو ئەوە دەچێ کە کورد بتوانی مەوقعیەتی خۆی باشتر بکا. ، قەزیەی کوردی عێراق لە عێراق قانوونمەند بووە. فیدرالیزم ئیعترافی پێ کراوە، حکوومەتی هەرێم هەیە، کورد لە دەسەڵات لە بەغداد بەشدارە ئیعترافێکی نیسبیی نێودەوڵەتی لە سەرە. لە سووریە تەبیعەتەن ڕەنگە بە قووەتی عێراق و تورکیە نەبێ. بەڵام دەوڵەتی سووریە ناتوانێ وەک رابردوو تەعامول لەگەڵ قەزییەی کورد بکا،لە کوردستانی ئێران بە خۆشییەوە شعووری سیاسیی کۆمەڵانی خەڵک، ئیحساسی نەتەوەیی کۆمەڵانی خەڵک، کۆمەڵگای کوردستانی ئێران سەرەڕای دەسەڵاتی سەرکوتکەری جمهووریی ئیسلامی و سیستمی نیزامی و سیاسەتی ئەمنیەتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەدایە، ڕۆژ بەرۆژ فەعالیەت بە شێوەی جۆراوجۆر هەر چەند مەجالی پێ نادرێ، هەیە. هەمووی ئەوانە نیشانەی ئەوەن کە بەرانبەر بە داهاتووی کورد بە گشتی گەشبینم و هەر وەکی پێشتر ئاماژەم پێ کرد کۆمەڵگای ئێران کۆمەڵگەیەکە ئەویش شعووری سیاسی لە حاڵەتی پەرە ئەستاندندایە. خەڵکی ئێران ئەو حکوومەتەیان ناوێ، خەڵکی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان کە حکوومەتێکی موناسبی سەردەمی ئەمرۆیان هەبێ و کوردی کوردستانی ئێرانیش لەو پێوەندیەدا دڵنیام لەوانە بێبەهرە نابن. بەڵام لە تەنیشت هەموو ئەوانە تا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە کوردستانی ئێران هەیە، یەک واقعیەت نابێ بشارینەوە، بڵێ! ئەویش ئەوەیە کە لە دونیای ئەمڕۆدا ئەحزابن کار دەکەن، ئەحزابن قانوون دادەنێن، ئەحزابن وەڵات ئیدارە دەکەن، ئەحزابن کۆمەڵگە دەگۆڕن، ئەحزابن فکر دێننە گۆڕێ. ئەگەر بڵێین ئەحزابن هەموو ئەوانە دەکەن وەزعی حیزبەکانی کوردستانی ئێران باش نییە. بەو دەلیلە دەڵێم باش نییە ئەو لەتبوون و ئینشعابات و ئینشقاقاتە بە داخەوە هەر لە گۆڕێ دا هەیە. هەر چەند ئێستا وەزعەکە باشترە، من لێرەوە لەو پێوەندیەش دا بەراستی گەشبینم، خۆش بینم کە عیلاقات و پێوەندییەکان وردە وردە بەرەو ئەو ئاقارە دەچێ کە ئێمە واریدی فازێک بین لە ئایندەدا پتر فکر لە خۆمان

بکەینەوە بۆ ئەوەی کە دەنگمان لە کوردستانی ئێران رەنگمان بە قوەتتر بێت و لە سەحنەی سیاسیی ئێراندا لە رووداوەکان وەپاش نەکەوین و بە فاکتۆرێکی قورس و قایم لە هەموو مەیدانەکان بازی بکەین و خۆمان باش ئامادە بکەین و کورد لە ئیحتمالاتی داهاتووی ئێران دۆڕاو نەبین، براوە بین. یەکێک لە ڕێگاکانی ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر هێندێک بنەما بە یەکەوە تەوافقیان هەبێ. لە هەمان کاتیش دا جیی خۆیەتی ئەوە بڵێم گلەیی هەر لە حیزبەکان نییە، لە نیو خۆی وڵاتیشدا ئێمە کۆرو کۆمەڵی زۆری مەدەنیمان هەبووە دەورانێک فەعالیەتیان کردوە، ئەگەر ئێستا فەعالیەت دەکەن ئەوانیش تێبکۆشن لە هەموو ئوستانەکانی کورد نشین میکانیزمێک شیوازێک ببیننەوە کە یەک دەنگ بن کوردی هەموو ئوستانەکانی کورد نشین لە سەر هێندێک شت کە دەگونجێ یەکدەنگ بن. ئەو یەکدەنگییە دەنگ و رەنگی ئێمە لە تاران بەقووەت دەکا. ئەگەر بمانهەوێ لە گەڵ جووڵانەوەی سەوز بچینە نێو تەعامول موعاملەوە، مەوقعیەتمان باشتر دەبی ئەگەر بمانهەوێ دەسەڵات بە جمهووریی ئیسلامی نیشان بدەین دەسەڵاتمان باشتر دەبێ، ئەگەر بمانهەوێ لە ئاستی نیودەوڵەتیدا بڵێین کە ئەگەر ئێوە خەون و بەرنامەیەکتان بۆ ئایندەی ئێران هەیە ناتوانن کوردی کوردستانی ئێران نادیدە بگرن.

**بەڵی!**

**زۆر سپاس کاک خالید**

**زۆر سپاس بۆ جەنابیشت کاک مادیح.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٧ی ژانویەی ٢٠١٠**

## وتووێژی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتی حدک کاک خالید عەزیزی



**سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان:**

**ئەگەر بمانهەوێ لە ئێراندا پێگەیەک بۆ کورد درووست بکەین، دەبێ ناومالی خۆمان ڕێک بخەین.**

***کوردستان: وەک یەکەم پرسیار، بە ئاماژە بەوەی ئەو ڕۆژانە مشتومڕێکی زۆر لە سەر کێشەی ناوکی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گۆڕێدایە پێتانوایە ئەم کێشەیە بەرەو کوێ دەچێ؟***

***خالید عەزیزی:*** کێشەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە مەسەلەی ناوکی، ناکۆکییەکی چەند ساڵەیەو تاکو ئێستا بە لایەک دا نەکەوتوەو واچاوەروان ناکرێ بەوزوانەش یەک لابێتەوە. بەلام جووڵانەوەی کۆمەلانی خەڵکی ئێران لە ساڵی رابردوو دا زۆر بەباشی ئەو پەیامەی بە دنیای دەرەوەدا کە ئەم ڕێژیمە بە هۆی کەڵک وەرگرتن لە سەرکوت و ئیعدام و زیندانو ئازاری خەڵک پشتیوانیی جەماوەریی تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست داوە. بۆیە ئەوە پەیامەی خەڵکی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵگەی نێودەولەتی پتر لە جاران دژی ئێران بوەستێ و بە جۆرێک بەرەو سەپاندنی کۆمەڵێک سزاو گەمارۆی ئابووری بەسەر ئێران دا بڕۆن. لەسەر یەک ڕێژیمی ئێران لە لایەک لەگەڵ نارەزایەتی خەڵکی خۆی بەرەوروویە و لە لایەکیتر لەگەڵ زەخت و گوشاری دنیای دەرەوە، ئەمەش ئەو ڕێژیمە لە ئاستی مامەلە سەبارەت بە کێشەی ئەتۆمی لاوازتر دەکا.

***کوردستان: باشە لەم نێوانەدا بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێران چۆن هەڵدەسنگێن؟***

***خالید عەزیزی:*** جووڵانەوەی ئێستای کۆمەلانی خەڵکی ئێران درێژەی نارەزایەتی چەندین ساڵەی خەڵکی وەزاله هاتووی

ئێرانە. ئەو بزووتنەوەیە ڕەنگە تووشی هەورازو نشێو بێ و تەنانەت ڕێژیم بۆ ماوەیەک مەجالی خۆنواندنی پێ نەداوو مەیدانداریی‌یەکەی بەرتەسک بکاتەوە. بەلام لەناو ناچێ و بەتەواوی بێ دەنگ نابێ و تێک ناشکێ. ئێمە دەبێ تێ بکۆشین وێڕای بەشداری لەو بزووتنەوەیە بە هێزی بکەین و بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خۆمان بە حەوسەلەوە بخەینە ناو ئەدەبیات و شێواز و ویستەکانی ئەو جوولانەوەیە. کورد لە کوردستانی ئێران دەبێ تێ بکۆشێ بە گوێرەی توانا و ئەزموونی خۆی لە شکل گیریی عەقڵییەتی ڕێبەریی ئەو بزووتنەوەیە دا دەوری هەبێ. تەنیا ئاڵترناتیویک کە ئێستا بەرانبەر بە جمهووریی ئیسلامی جێکەوتووە ئەو بزووتنەوەیەیە کە بەرەنگی سەوز خۆی ناساندوە. دیارە تەعامولی ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە ڕەنگە بە دڵ و مەیلی ئێمە نەبێ، بەلام ئەوە نابێ بەو مانایە بێ کە ئێمە دوورە پەرێز بین. بەشداری و پشتیوانیی ئێمە مەجال و دەرفەت بۆ تەئسیر گوزاری دروست دەکا.

***کوردستان: ئاماژەتان بە مەجال و دەرفەتەکان کرد. مەجال و دەرفەتەکانی کوردستانی ئێران لە نێو بزووتنەوەی سەوز دا چۆن دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێستاو داهاتووی کوردستان لەو سێناریۆیە دا پەیوەندیی بە دوو فاکتەرەوە هەیە. یەکەم: تەبیعەتو چەندوچۆنی ئاڵوگۆڕی دەسەلات لە تاران و سروشتی دەسەلاتی داهاتوو، ئەگەر قەرار بێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێ و نەمێنێ، لەو حالەتەدا پرسیار ئەوەیە چۆن دەڕووخێ و کێ دەی ڕووخێنێ و ئێمەی کورد، بە چ پرۆژەو میکانیزمیکەوە لەو سێناریویە دا دەبین؟ ئەگەر واچاوەروان دەکرێ کە ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، دیسان چۆن دەبێ و ئێمەی کورد لە کوێی ئەم گۆڕەپانە قەرار دەگرین؟

دووهەم: لەبەر ئەوەی ئایەندەی ئێران بە نیسبەت مەسەلەی کورد زۆر ناڕوونە و کوردیش خۆی زۆر بلاوەو یەکگرتوونین، سەیرنییە ئەگەر ئاڵوگۆڕو شێوانی ئێران بە جۆرێک بێ کە هەر لایەک بە تەبیعەتی دەسەلات و توانایی خۆی مەیدانداری بکا، لەو حالەتەدا بەربلاویی هێزە کوردییەکان، بێتە هۆی ئەوە کە ئێمە نەتوانین لە مەجال و دەرفەتەکان کەڵک وەرگرین.

بۆ ئەوەی کورد بتوانێ لە سێناریۆ ئیحتیمالییەکاندا ئەو دەور و دەنگەی هەبێ، دەبێ نێومالی خۆی ڕێک بخاو کۆمەڵێک گیروگرفتی نێوخۆیی چارەسەر بکا، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ جۆرێک لە هاوکاری و لێکحاڵیبوون بکەوێتە نێو حیزبەکان و بەمیکانیزمێکی هاوبەش و عەمەلی ئاسانکاریی پێویست بۆ ڕوبەڕو بوونەوەی ئەو ئیحتیمالاتە بکرێ.

**کوردستان: با بینە سەر تەوەرێکی دیکە. ئێوە بەدوای کۆنگرەی چاردە، بەردەوام باسی هاوکاریی نێوان حیزبە کوردییەکان دەکەن و تەنانەت باسی لێک نیزیک بوونەوەو یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات دەکەن ئەم خوێندنەوەیە لە چیەوە دێ؟**

***خالید عەزیزی:*** لەژێر رووناکایی ولامی پرسیاری پێشوو بۆ جارێکی تر تائکید دەکەینەوە کە ئالقەی هەرە لاوازو کزی جوولانەوەی کورد بە درێژای مێژوو، نەبوونی یەکگرتوویی ریزەکانی خەباتی ئەو میللەتە بووە. ئەگەر بمانهەوێ لە ئێرانی فرەنەتەوە بە کۆمەڵێک «پیچیدگی»ی سیاسیی ئەو ولاتەوە، جێگەوپێگەیەکی گونجاو بە متمانەیەکی نیسبی بۆ کورد دروست بکەین دەبێ لە پێشدا کۆمەڵێک کێشەوگرفت و ناکۆکیی نێوخۆیی چارەسەر بکەین. بۆیە دەبێ لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری، وەک ئەرکو پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر چاو لێ بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ شەهامەت و راشکاویمان هەبێ. ئەگەر بمانهەوێ سێبەرو تارمایی ئینشعابو لەت بوونەکان بسرینەوەو بەو جۆرە زەمینەی رێگاچارە بۆ داهاتوو دروست بکەین دەبێ لە ئێستاوە بیر لە داهاتوو بکەینەوەو بە حەوسەلەو تێبینییەوە ئاستەنگەکان لەسەر رێگا هەڵبگرین.

***کوردستان: باشە بە لەبرچاوگرتنی ئەو واقیعیەتانەی کە جەنابتان ئاماژەتان پێدا. پێتانوایە کۆسپی سەرەکیی بەردەم ئەو پرۆسەو پرۆژەیە چییە؟ چونکە زۆر کەس پێیان وایە پێوەندی هەر دوو حیزبی دیموکرات ئاستەنگێکی سەرەکییە لەبەردەم ئەم ئەرکەدا؟***

***خالید عەزیزی:*** بەڵێ چەندوچۆنی پەیوەندی و عیلاقاتی هەر دوو حیزبی دیموکرات گرفتێکی سەرەکی لەبەردەم هاوکاریی هێزەکانە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان هیچ کێشەمان لەگەڵ هاورێیانی پێشوومان لە حیزبەکەی دیکە نییە. بە دوای لەتبوونی حیزبی دیموکرات و کۆنگرەی چاردەوە ڕامان گەیاندوە کە ئێمە ئامادەین لە پێناوی لێک نزیکبوونەوەو لێک گەیشتن بێ قەیدوشەرت لەگەڵ هاورێیانی پێشوومان دانیشین و لە هەمووی ئەو شتانەو تەنانەت یەکگرتنەوەش قسە بکەین. لەت بوونی دیموکرات بۆتە بەشێک لە مێژوو با چیتر لە خانەی مێژووی کێشەکان دا کە قەزاوەت کردن لەسەری یان زۆر ئاسان نییە گیر نەکەین. لە جیاتی ئەوە، کێشەکان بخەینە ئاستی پێداویستی بەرژەوەندی کوردستانی ئێران لە داهاتوودا. ئەگەر ئەوە بکرێ بە دەستووری کار ئەو کاتە دەکرێ روو بە ئاینده بیروهۆشی ئەندامانی هەر دوو حیزب ئامادەی رێگاچارەکان بکەین و بەو جۆرە هیواو ئومێدی زۆرتر بە خەڵک بدەین.

***کوردستان: سەرەڕای ئەم هەڵوێست و بۆچوونانەی ئێوە لایەکەی دیکەی دیموکرات داوای ناوگۆڕین لە ئێوە دەکا. ئەو مەرجە چەندە لە جێگەی خۆی دایە؟***

***خالید عەزیزی:*** سەبارەت بە ناوو ناوگۆڕین پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵ بکەم:

یەکەم، ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشێکە لە مێژووی حیزبی دیموکرات. ئەو مێژویە بە شانازی و شکستەکانیەوە رابردووی هەر دوو حیزبی دیموکراتە. ئەگەر بە رابردووی تەمەنی چالاکی حیزبی و پێشینەی حیزبایەتیش بێ، ئەوە زۆربەی ئەو کەسانەی بەشی زۆری تەمەنیان ئەندامی حیزب بوونە کەوتونەتە لای حیزبی دیموکراتی کوردستان.

دووهەم، لایەک ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەو لایەکەی دیکە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ئەو دوو ناوە بە کوردی و ئینگلیسی و کورتکراوەکەی و بەتەواوی لێک جیاوازن، لە هیچ شوێنیکی ئەو جیهانە، نە لە کوردستان، نە لە ئورووپاو نە لە ئەمریکا و نە لە عیلاقات و پێوەندییەکانی خۆمان دا لەگەڵ حیزبەکانی ئێران و کوردستانی ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هیچ گیروگرفتێکی بۆ هیچ لایەک دروست نەکردوە.

سێهەم: لایەنەکان و حیزبەکان و دۆستانی حیزبی دیموکراتی پێش لەتبوون ئێستا بە خۆشییەوە دۆستی هەر دووک لامانن. هیچ کەس و لایەنەک لەوانە لەلایەک بە ئێمەیان نەگوتوە کە ناوەکەتان گرفت و مەسەلەیە، لەلایەکی دیکەشەو هیچ کەس و لایەنێک گرینگی بەمەرجەکەی ئەوان سەبارەت بە ناو گۆڕین نەداوە.

چوارەم: هەر بەو جۆرەی کە کۆنگرەی چاردەی ئەوان پێڕەوو پرۆگرامی ئەوانی بە ناوی خۆیان پەسەند کردوە، کۆنگرەی چاردەی

ئێمەش بە تێکڕای دەنگ پێرەوو پرۆگرام و ناوی ئێمەی پەسەند کردوە. مادام ئێمە حەق بە خۆمان نادەین داوا لەوان بکەین ناوی حیزبەکەی خۆیان بگۆڕن حەق وانیە ئەوانیش مەرج بۆ گورینی ناوی حیزبی ئێمە دابنێن. ناوو پێناسەی هەر حیزبێک پیوەندی بە

ئەندام و کۆنگرەی ئەو حیزبە هەیە، نەک خەڵکی تر.

پێنجەم: ئەو مەرجەی ئەوان بۆ ناوگۆڕین، لە راستیدا بیانوویەکە بۆ خۆ دزینەوە لە کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری. ئەم بیانوویە لە لایەک بۆتە ئاستەنگ بۆ هاوکاریی حیزبەکان لەگەل یەکترو لە لایەکی دیکەوە لە خۆرا سەر ئێشەیەکی گەورەیان بۆ خۆیان دروست کردوە.

***کوردستان: رێبەرانی لایەکەی دیکەی دیموکرات باسی ئەوە دەکەن کە ئێوە واتە حیزبی دیموکراتی کوردستان بگەڕێنەوە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. وەڵامی ئێوە لەم پێوەندییەدا چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** لە لەتبوونی حیزبی دیموکراتدا هیچ کەس لە هیچ لایەکی دیموکرات بۆ هیچ شوێنێک نەڕۆیشتوە کە بگەڕێتەوە. ئەندامان و کادرەکان و پێشمەرگەکانی هەردوو حیزبی دیموکرات لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی ولاتو کەمپەکان هەموویان لە شوێن و جێگەی خۆیانن تەنانەت لە»کەمپی ئازادی» کە کەمپی هاوبەشی هەر دوو حیزبەکەیە و ئەندامان و کادرەکانی حیزب و تەنانەت رێبەرایەتییش دیواربەدیوارو دەرگابە دەرگا لە تەنیشت یەک دەژین. هەر دوولای دیموکرات لەسەر جێگەی خۆیانن هیچ لایەک نابێ بە لایەکەیتر بڵێ بگەڕێنەوە، مادام حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران دەسەڵاتیان بەسەر گوندێکی کوردستان دا نیە حەق وانییە لە دەشتی کۆیەو دوور لە ولات ئێمە باسی ناو گۆڕین و هاتنەوەو شتی لەو بابەتانە بکەین، ئەو جۆرە شەرت و مەرجانە زۆرتر لە مەزنیخوازی و خۆبەزلزانین سەرچاوە دەگرن، نەک مەنتق «واقعیات»ی کۆمەڵگای کوردستان و پێداویستی سەردەم.

***کوردستان: ماوەیەکە کەمپەینک بۆ لێک نزیک بوونەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات دروست بووە. ئەم کەمپەینە داوا دەکا کە رێبەریی هەر دوو حیزبکە پێکەوە دابنیشن و کێشەکان چارەسەر بکەن. ئەزەری ئێوە سەبارەت بەم کەمپەینە چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی من هەرچەشەنە هەوڵ و تێکۆشانێک لە پێناو دیالۆگ و لێک نزیکبوونەوەی هەر دوو حیزبی دیموکرات بە کارێکی باش و نیشتمانپەروەرانە دەزانم. هیوادارم کە بەڕێوەبەرانی ئەم کەمپینە لە ژێر رووناکایی بێ لایەنی حیزبی، بە لایەنگریی لە یەکگرتوخوازی و بەرژەوەندی نەتەوەیی درێژە بە کاری خۆیان بدەن. لە لایەکی دیکەوە ئەندامانی کەمپەین خۆیان لە تێکۆشەرانی دیموکراتن کە پێ یان خۆشە هەر دوو حیزبی دیموکرات یەک بگرێتەوەو ئەوش دیسان هەوڵێکی پیرۆزە. ئێمە بە چاوی رێزو ئیحترام سەیری بیرورای گشتیی خەڵکی کوردستان بۆ لێک نزیک بوونەوە دەکەین، هەڵوێستی ئێمەوە زۆر روونە کە لە هەست بە مەسئولیەتی کردنی ئێمەوە سەرچاوە دەگرێ ئەوەش بریتییە لە ئامادەیی ئێمە بۆ دانیشتنو گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان بۆ چارەسەری گرفتەکان.

***کوردستان: بۆچی ئێوە هێندە لەسەر هاوکاری و لێکنزیکبوونەوە پێدا دەگرن. لەحاڵێکدا لایەنی دیکە بە بیانووی جۆراوجۆر بە پێچەوانەی هەڵوێست و روانگەکانی ئێوە دەجووڵێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم: مادام حیزب وەسیلەیەکە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانی سیاسی وئیداری کۆمەڵگە و جەمعەکی زۆر و بەرچاو کاری تێدا دەکەن دەبێ تێ بکوشین ئەو ئامرازە بە کادرو پێشمەرگە و ئەندامەکانی بە عەقلیەت و تێگەیشتنێک پەروەردە بکرێن بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکی جێگەی متمانە بن، بۆ ئیدارەو دروست کردنی کۆمەڵگای فرە چەشنی کوردستانی ئێران لە ئێستاوداهاتوودا. کێشەو ناکۆکی نێوخۆی حیزبی دیموکرات شتێکی تازە نیەو بەداخەوە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. حەق وانیە لەسەر کێشەی حیزبی، دوژمنایەتی بکەوێتە نێوان ئەو خەباتکارانەی کە بەدەیان ساڵ پێکەوە هاوسەنگەرو هاو حیزب بوون و خەڵک و کۆمەڵگا چاوروانی کاری گەورەتریان لێ دەکا.

دووهەم: بەرژەوەندی کورد لە کوردستانی ئێران لە وڵاتێکی پڕ کێشەی وەک ئێران کە بەرەورووی زۆر سێناریۆی ناروونە لە ئێمە دەخوازێ کە لە خانەی کێشەکانی حیزبی دا گیر نەکەین و بیر لە داهاتوو بکەینەوە، بۆ ئێمە بەرژەوەندی نەتەوەییمان گرینگترەو لەسەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبییە.

سێهەم: لێک نزیکبوونەوەو هاوکاری و تەنانەت یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێگا خۆشکەری دروست بوونی کەشو هەوایەکی گونجاوە بۆ پرۆژەی گەورەتری لێک نزیک بوونەوەی هەموو حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

چوارەم: ئێمەوەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەموو بوارەکانی کار واتە رێکخستن، تەبلیغات، دیپلۆماسی و حزوور لە ژوورەوەو لە دەرەوە بە گوێرەی توانایی خۆمان زۆر چالاکین. ئەگەر لە لایەکی دیکەی دیموکرات چالاکترو بەرچاوتر نەبین،

کەمترنین. کە وایە نەک لەبەر بێ توانایی و بێ داهاتوویی، بەلکوو لەبەر هەستکردن بە بەرپرسایەتییە کە پێشوازی لە نزیکبوونەوە دەکەین.

***کوردستان : وەک دوایین پرسیار. رێنوێنی ئێوە وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات بۆ دروست کردنی زەمینەی پێوەندی باش و سالم لە نێوان هەر دوو حیزبەکەدا چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** لەتبوونی دیموکرات جیاواز لەوەی کام بەش زۆرتر یان کەمتر تاوانبارە، چاک یان خەراپ بۆتە «امری واقیع»و حاشاهەڵنەگرە. ریگەچارەی ئەو کێشەیە ئەوەویە کە لە خانەی رق و کینەو تۆڵە ئەستاندنەوەو حوکم و بڕیاری یەک لایەنە دا گیرنەکەین و یەکتر بەو جۆرەی کە هەیە وەربگرین و قەبوول بکەن. باشترین قازی لە سیاسەت و کێشە و رەقابەتی حیزبی دا سەندوقەکانی دەنگدانە، ئێستا کە خەڵک بە داخەوە ناتوانن لە رێگەی سەندوقەکانی دەنگدانەوە قەزاوەت لەسەر هەر دوو حیزبی دیموکرات بکەن، ئەوە ئەرکی ئەندامانی هەر دوو حیزبە کە کێشەکان بخەنە بازنەی مەنتق و عەقلانیەت و شەهامەت و راشکاوییان هەبێ کە لە سێناریۆی کێشەی کۆن دا نەمێننەوە و برینەکان نەکولێننەوەو بە ئەزموون وەرگرتن لە کێشە و ململانێیەکان و مێژووی دیموکرات، بنەمای فەرهەنگێکی سەردەمیانە بۆ چارەسەری کێشەکان دابمەزرێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢١ی ئاوریلی ٢٠١٠

# ساڵی: ٢٠١١

---------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: هیچ نەتەوەیەک بە تەنیا خاوەنی ئێران نییەو هیچ زمانێکیش بە تەنیا نوێنەرایەتیی ئێران ناکا


کوردستان

کورد هەقی خۆیەتی داوای پشتیوانی نێونەتەوەیی بکا

**دیمانە - رێبوار مەعروفی؛**

**خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تازەترین دیمانەی دا لە گەڵ کوردستان، ئۆرگانی ئەو حیزبە، باس لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبەکەی بەدوای کۆنگرەی پازدەیەم دا دەکا و پێوەندیدار بە داهاتووی پێوەندییەکانی حدک و حدکا، گرنگیدان بە ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی کوردستان، فیدڕالیزم و پرسی نەتەوەیی لە ئێران و گۆڕانەکانی ناوچە و پرسی کورد، دەدوێ.**

***پرسیار: بە بڕوای جەنابتان لە ماوەی ئەو لەتبوونەدا. خاڵە جیاواز و جیاکەرەوەکانی حدک و حدکا چ بووە؟ هەروەها کۆنگرەی ١٥ی حدک لەو پێوەندییەدا چ هەڵوێستێکی گرتووە؟***

***وەڵام:*** **پێشەکی ئێمە با ئەو خاڵە جیاوازانەی کە کاتی خۆی حیزبی دێموکڕاتی لەسەر لەت بوو بکەین بە مێژوو. بەڵام ئەگەر لەسەر ئێستا و داهاتوو قسە بکەین بێ شک خاڵە هاوبەشەکانمان لە خاڵە جیاوازەکانمان زیاترە. خاڵە هاوبەشەکانی حدک و حدکا بریتیین لە:**

**١- رابردووی حیزبی دێموکڕات بە هەموو ئەو باشی و خراپییانەی بوویەتی، رابردووی هەر دوو لای دێموکڕاتە.**

**٢- لە نێوخۆی وڵات، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت ئەندامانی حیزب، ئەو لەتبوونەیان پێ ناخۆش بووە و ئەو**

بابەتە لەباری رۆحی یەوە کاریگەریی خراپی بووە. هەروەها ئێمەش وەک هەر دوو لای دێموکرات جیاواز لەوەی کام لایەن زیاتر یا کەمتر تاوانبار بووە، لەتبوونی حیزبمان پێ خراپ بووە.

٣- ئێستا دوای ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە کۆمەڵگای ئێران و چەندین گۆڕانکاری گەورەی ناوچەکە وا هەڵدەگرێ کە کورد لە سناریۆ نارِوونەکانی داهاتووی ئێران، دەورێکی بەهێزی هەبێت کە ئەوەش پێویستی بە دۆزینەوەی میکانیزمی لێک نزیکبوونەوە هەیە. دیارە کۆنگرەی ١٥ی حدک لەو بڕوایەدا بوو کە کێشەی هەر دوو لای دێموکرات لە رێگای وتووێژ و دیالۆگ چارەسەر دەکرێت. ئەگەر ئێمە لەو پێوەندییەدا بمانهەوێ لە شوێنێکڕا دەست پێ بکەین، پێویستە لەگەڵ یەکتر دانیشتن بکەین و پێکەوە لەسەر میکانیزمی چارەسەری داهاتووی حیزبی دێموکرات بڕیار بدەین.

***پرسیار: جەنابتان زۆرجار باستان لەوە کردووە کە لە حیزبی یەکگرتوودا پێکەوە نەدەسازان، ئەو پێکەوە حاوانەوەیە ئێستا کە لە ناو حدک دا لە ئاستی فیکری، سیاسی و تەشکیلاتی بە چ شێوەیەکە؟***

***وەڵام:*** دیارە لە کاری گرووپی دا و بەتایبەتی لە حیزبایەتی دا و بەتایبەتی تر کە ئێمە لە ناوخۆی وڵات دا چالاکیی سیاسیی ئاشکرامان نییە، کەمتر بیروڕای خەڵک بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە. سروشتییە کە پێکەوە سازان و پێکەوە کارکردن بێ گرفت نییە. ئەگەر ئەو سەردەم نەمانتوانی لەگەڵ یەکتر بسازێین و بەداخەوە لەتبوونی لێکەوتەوە، هیوادارم بە هەبوونی روانگەیەکی رەخنەگرانە و ئاوڕدانەوەیەکی هەمەلایەنە بە نیسبەت رابردوو بگەینە سەر ئەو قەناعەتە کە لە رەخنە و رەخنە لەخۆ گرتن، داننان بە هەڵە و کەموکورتی، لە خزمەت گەشە و پێشکەوتنی ئێمە دایە. بەگشتی هیوادارم هەوڵ بدەین کە فەرهەنگسازی بکەین تا لە داهاتوودا زیاتر یەکتر تەحەممول بکەین.

***پرسیار: لەدوای لەتبوون، لە نێوان کۆنگرەی ١٤ تا ١٥، لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی حدک دا فەزایەکی کراوەتر پێک هات کە مەجالی ئازادیی را دەربڕین، دیالۆگ و ململانێی فیکری زیاتری بۆ ئەندامانی حدک رەخساند. بەرنامەی ئێوە بۆ بەردەوامی، مودیرییەت و بەرهەمدار کردنی ئەو کرانەوەیە چییە؟***

***وەڵام:*** مادام ئێمە ئەو میکانیزمەمان قبووڵ کردوە کە حیزبێکی دێموکراتین کەوایە لە نێو ریزەکانی ئێمەدا کۆبوونەوە، کۆنفرانس، کۆنگرە و هەڵبژاردنەکان بە شێوەی دێموکراتیک دەبێت. دیارە ئەو بابەتە بێ گرفت نییە، بەڵام بە پێی دیموکراتبوون، هێندێک بەرپرسیارەتی هەیە. ئەو پرسیارەتییە تەنیا ئەوەیە کە ئێمە بتوانین بە پێی توانا لە ریزەکانی خۆمان دا، ئەمنییەتێکی حیزبی، تاکەکەسی و حقووقی بۆ ئەندامەکانمان دابین بکەین. هەر بەم هۆیەوە ئەگەر ئێمە فەزایەک پێک بێنین کە هیچ کەس لە نێو حیزب دا تێرۆری شەخسییەت نەکرێ، هیچ کەس بەهۆی بیروڕای جیاواز پەراوێز نەخرێ و بەگشتی هەموو بیروڕاکان لە نێو حیزبدا ئازاد بن، تەنانەت ئەگەر بۆچوونێکی سیاسی پێیوایە کە دەتوانێت فراکسیونێک پێک بێنێ کە بە شێوەی بە کۆمەڵ بیروڕای خۆی دەرببڕێ، مافی خۆیەتی کە لە ژێر رووناکیی ئازادی و یاسای نێوخۆیی حیزبدا چالاکی بکات.

***پرسیار: لە راپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندی و لە وتەکانی بەڕێزتان لە جێژنی کۆنگرەشدا، لەسەر پێویستیی گرینگیدان بە کرماشان و ئیلام جەخت کراوە. میکانیزمی ئێوە بۆ بایەخدانی زیاتر بەو ناوچانە چییە؟***

**وەڵام:** پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە بە دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ۱۹٤٥ وەک دەستپێکی جموجۆڵی سیاسی لە شکڵی سازمانی و مۆدێڕنی دا، بەهۆی ئەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستان مەجالی چالاکیی ئاشکرا و یاسایی زۆر کەم بووە، تێکۆشانی ئێمە لە پارێزگای ئیلام و تا رادەیەک کرماشان کەمڕەنگ بووە. بەڵام مادام ئێمە وەک حدک خۆمان بە هەموو شارو گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێناسە دەکەین، ئەرکی سازمانیی ئێمەیە کە چالاکیی بەرفراوان لەو ناوچانەدا ئەنجام بدەین. دیارە جەخت کردنی کۆنگرەی ۱٥ی حدک لەسەر پێویستیی تێکۆشانی زیاتر لە کرماشان و ئیلام، کۆمیتەی ناوەندی بەرپرسیار دەکات کە لە پێناو چالاکیی تەبلیغاتی، تەشکیلاتی و سیاسیی زیاتر لەو ناوچانە هەوڵ بدات.

***پرسیار: ئایا کەمبوونی رێژەی بەشداریی دانیشتووانی پارێزگاکانی کرماشان، سنە و ئیلام لە ئاستی رێبەرایەتی حدک دا کاریگەریی خراپی لەسەر رەوشی نێوخۆ و بەتایبەتی تێکۆشانی حیزب لەو پارێزگایانە دا نابێت؟***

**وەڵام:** لە پێوەندی لەگەڵ رێژەی کەمی بەشدار بوونی دانیشتووانی ئەو پارێزگایانە لە رێبەرایەتی حدک دا، پێویستە ئاماژە بەو خاڵانە بکەم:

۱- پێویستە جیاوازیی نێوان حیزب و پارلمان دەستنیشان بکەین. لە پارلماندا هەر شار و ناوچە و ئەیالەتێک بە گوێرەی یاسا نوێنەری خۆی دەبێت، بەڵام لە حیزبدا کۆمەڵە کەسێک بە پێی بڕوابوونیان بە پێڕەو و پرۆگرامێکی هاوبەش، بەشدار دەبن.

۲- لە هیچ حیزبێکی دنیادا هەڵبژاردنی رێبەری بە پێی ناوچە و ئەیالەت نییە. رەنگە لە شوێنێک کەمتر یا زۆرتر بێت.

۳- رێژەی کەمی بەشداریی پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام لە ریزی تێکۆشەرانی ئاشکرای حدک دا، بە واتای هەڵاواردنی ئەوان لە بەرنامە و سیاسەتی پراکتیکی حیزبدا نییە. بەم پێیە لە باری ئوسوولی یەوە ئەگەر تەنانەت تەواوی ئەندامانی رێبەریی حیزب خەڵکی گوندێکی ئیلام بن، هیچ گرفتێکی نییە. بەداخەوە لە کێشەکانی حدک دا لە پێش و لە دوای لەتبوون، ناوچەگەرایی لە گۆڕێدا هەبووە، ئێمە لەو ماوەیەدا هەوڵمانداوە کە لە مەیدانی کردەوەدا پێناسەی حدک پێناسەیەکی کوردستانی بێت و ئەو پێناسەیە هەموو زاراوە، ئایین و ناوچەکان بە بێ جیاوازی لە خۆ بگرێت.

***پرسیار: بە بڕوای جەنابتان تێکۆشانی حدک کەی دەگاتە ئەو ئاستەی کە خەباتی نەتەوەیی بە بەرفراوانی هەموو فرەچەشنییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێتەخۆ؟***

**وەڵام:** بەڕێوەچوونی خەباتێکی نەتەوەیی یەکدەست مسۆگەر دەبێ ئەگەر ئێمە وەک نەتەوەیەک بیر بکەینەوە، بجووڵێینەوە

و بڕیار بدەین. ئەو کاتەی کە ئێمە وەک نەتەوەیەک خۆمان لە بەرامبەر تاراندا دیتەوە، ئەو کاتەیە کە بەستراوەیی یە ناوچەیی و ئایینی یەکانمان کەم دەبێتەوە. من لەو پێوەندییەدا گەشبینم کە ئێمە لە داهاتوودا دەگەینە ئەو ئاستە لە ئیرادەی نەتەوەیی.

***پرسیار: ئایا هەڵبژاردنی فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژیک لە لایەک و بانگەواز بۆ پڕ ڕەنگ کردنی گوتاری نەتەوەیی لە لایەکی تر، لە پاردۆکس و ناتەبایی لەگەڵ یەکتردا نین؟***

***وەڵام:*** بە بڕوای من فێدرالیزم و پڕ ڕەنگ کردنی گوتاری نەتەوەیی لە پارادۆکس لەگەڵ یەکتردا نین چونکە:

١- حیزبی دێموکرات هەر لە رابردۆوە باسی لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد کردوە.
٢- باشترین پێشڤەچوون بۆ چارەسەری پرسی کورد ئەوەیە کە مەجالێکی دێموکڕاتیک برەخسێت.
٣- گەیشتن بە مافی نەتەوەیی میتۆد و میکانیزمی جۆراوجۆری هەیە. سەردەمێک ئەو میکانیزمە خودموختاری بوو، ئێستاکە بە پێی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ئێران و جیهان روویان داوە، ئێمە فیدرالیزممان هەڵبژاردوە. بەگشتی فیدرالیزم ڕێگا چارەیەکە کە ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا پێشنیاری دەکەین بەلام بە پێی پێویست لە دەرفەتی دێموکراتیکدا دەکرێ ڕێگاچارەی دیکەش بێتە گۆرێ.

***پرسیار: بەرێز سکرتێری گشتیی حدک! ئەگەر ئێمە بە نیسبەت فیدرالیزم ئەو سێ خاڵە لەبەر چاو بگرین کە:***

***الف - لە ئاستی دنیادا هەر وڵاتێک فیدرالیزمی تایبەت بەخۆی هەیە و هەتاکوو ئێستاکەش ئەحزابی رۆژهەڵاتی نەیانتوانیوە فێدرالیزم شی بکەنەوە لە باری ئیداری و حقووقی یەوە.***
***ب - فیدرالیزم لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە و چەسپانی لە یاسای عێراق دا، هاتۆتە نێو بەرنامەی ئەحزابی رۆژهەڵاتی***
***ج - ترس لەوەی کە فارسەکان ئەحزابی کوردی بە جیاییخواز لە قەڵەم بدەن. ئایا هەڵبژاردنی فیدرالیزم وەک درووشمی ستراتژیک بەرهەمی لێکدانەوەیەکی واقعییانەی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانە؟***

***وەڵام:*** جەوهەر و خاڵی هاوبەش لە هەموو شکڵە جیاوازەکانی فیدرالیزم، کە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان دا جێی گرتوە ئەوەیە کە دەسەلات بە پێی فرەچەشنیی هەر وڵاتێک دابەش بکرێت. بەڵام ئێمە وەک حدک، فیدرالیزم بۆ ئێران لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی- جوغرافیایی پێناسە دەکەین. دیارە چاولێکردنی ئێمە بە نیسبەت نەتەوە، لە روانگەی چووکەیی یان گەورەیی، ژێردەستی یا باڵادەستی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو ئێمە بە بێ جیاوازی قسە لەسەر کێشەی نەتەوەکان دەکەین. ئێمە لەو بڕوایە داین کە هیچ نەتەوەیەک بەتەنیا خاوەنی ئێران نییە و هیچ زمانێکیش بەتەنیا

نوێنەرایەتیی ئێران ناکات. بەڵام، لە داهاتوودا دەکرێ نەتەوەکان بە رێککەوتن لەگەڵ یەکتر زمانێکی هاوبەش دەستنیشان بکەن. هەروەها من ئەو گلەیی یە قبووڵ دەکەم کە پێویستە فیدراڵیزم زیاتر بۆ خەڵکی ئێران شی بکەینەوە و ئەو ترسەی کە کۆماری ئیسلامی بەناوی جیاییخوازی دروستی کردوە، بڕەوێنینەوە.

به پێی ئەوەی کە ئێمە لەم دوایی یانەدا شاهیدی ئەوە بووین کە باشووری سوودان توانی لە رێگای ئەنجامی رێفراندۆم بە سەربەخۆیی بگات، ئایا حدک خاڵی ئەنجامدانی رێفراندۆمی بۆ دیاری کردنی مافی چارەنووسی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوە؟

رێفراندۆم چ لە بەرنامەی ئێمەدا ببێت یا نا، کۆنگرەی حدک پەسەندی بکات یانا، بابەتێکی جێکەوتووی حقووقی نێودەوڵەتی یە. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان هەلومەرجێک لە ئێراندا رەخسا و کوردیش خوازیاری ئەوە بوو کە لە رێگەی ریفراندۆم، چارەنووسی خۆی دیاری بکات، دەکرێ لە رێگای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەوە رێفراندۆم ئەنجام بدرێت.

***پرسیار: به پێی ئەوە کە مودێلی خەباتی مەدەنی لە جیهاندا لە حاڵی پەرەسەندن دایە و فۆرمی خەباتی چەکداریش بەرەو کزبوون چووە. بەرنامەی حدک لە مەیدانی کردەوەدا. بۆ بەهێزتر بوونی فۆرمی مەدەنی خەباتی نەتەوەیی (لەبەر کردنی جلی مەدەنیی لە خەباتی نەتەوەیی) چییە؟***

***وەڵام:*** حیزبی دێموکرات بە چەک لە دایک نەبووە، بە شەڕی چەکدارییش کۆماری کوردستانی دانەمەزراندوە، کەوایە حیزبی دێموکڕات لە جەوهەر و شوناسی خۆیدا سیڤیل و مەدەنی یە. هەروەها ئێمە چەکمان بۆ داگیرکردن و هێرش بۆ سەر هیچ خەڵکێک و جوغرافیایەک بەکار نەبردوە. بەڵکوو لە رووی ناچاری و لەپێناوی داکۆکی کردن کەڵکمان لێوەرگرتوە.

جگە لەمانە لەم سەردەمەدا هیچ لۆژیکێکی نیزامی و سیاسی ئەوە ناڵێت کە کۆماری ئیسلامی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڕووخێت بەلام، داهاتووی ئێران نارِوونە. رەنگە بۆ بەرگری لە خۆمان ناچار بین لە چەک کەڵک وەربگرین. پێمخۆشە ئاماژە بەوە بکەم کە پرسی کورد تەنیا پرسی حیزبی دێموکرات نییە، خەباتی کوردیش تەنیا خەباتی چەند سەد کادر و پێشمەرگەی حیزب کە لە دەرەوەی کوردستانی رۆژهەڵات نییە، بەڵکوو خەباتی بە هەزاران کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردستانە.

***پرسیار: هەر لە ئێستاوە لە ناوخۆی ئێراندا، مشتومڕێکی توند لەسەر هەڵبژاردنی خولی ٩ی پارڵمان لە ئارا دایە. بە پێی ئەوەی حدک لە خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری بە پێچەوانەی زۆر لایەن هەڵوێستی بایکۆتی نەگرت. هەروەها بە پێی هەڵسەنگاندنەکانی کۆنگرەی ١٥، حدک چۆن بەرەو پیری هەڵبژاردنەکانی خولی ٩ی پارڵمانی ئێران دەچێت؟***

**وەڵام:** من بە زووی دەزانم کە هەڵوێستی حدک لەو پێوەندییەدا رابگەیەنم. بەڵام بە پێی ئەو ئەزموونەی کە هەمانە، بە وردی بابەتی هەڵبژاردن تەعقیب دەکەین هەتاکوو بتوانین زیاترین کەڵک لە هەر دەرفەتێک وەربگرین. من پێموایە هەر هەڵوێستێک کە بمانبێ، پێویستە بە بەرنامە بێت و نابێ وەک کورد کز بجووڵێینەوە. پێویستە ئێمە بە نیسبەت کێشەکانی تاران بێ هەڵوێست نەبین، تەنانەت لە پێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێوان خامنەیی و ئەحمەدی نژاد نابێ بێ هەڵوێست بین، هەرچەند هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەم دوو کەسە بە نیسبەت مافی کوردەوە نییە بەڵام، ئەگەر بزانین کە دەتوانین لە پێناو لاواز کردنی زیاتری رێژیم و بەرژەوەندی خۆمان رۆڵێک بگێڕین، بە دڵنیایی یەوە ئەنجامی دەدەین. بە بڕوای ئێمە هیچ شتێک ئاسانتر لەوە نییە کە بە قسە بڵێی کۆماری ئیسلامی خراپە و دەبێ بڕووخێت بەڵام، بێ گومان چوونە ناو کێشە جۆراوجۆرە سیاسییەکان، راکێشانی خەڵک بۆ نێو کێشەکان، پرسیار دروست کردن، بەهێز کردنی عەقڵانییەتی خەڵک، زیندوو راگرتنی کۆمەڵگا، ئاسان نییە.

***پرسیار: هەڵسەنگاندنی ئێوە لەسەر گۆڕانەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی رێککەوتنی بزووتنەوەی فەتح و حەماس لە میسر و ئاڵۆزییەکانی سوریە چییە؟***

**وەڵام:** ئێمە لە سەردەمێکدا دەژین کە کۆمەڵگەی جیهانی لە حاڵی گۆڕان و گەشەی بەردەوام دایە. ئەگەر ئێمە بەراوردێک بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە رۆژ لە رۆژ بە ژمارەی دێموکراسییەکان زیاد و لە ژمارەی دیکتاتۆرییەکان کەم دەبێتەوە. هەروەها تەکنۆلۆژیی پێوەندی وای کردوە کە دەوڵەتەکان توانای داخستنی سنوورەکانیان نەبێت. جگە لەمە ئابووریی جیهانی وەک گرینگترین رەهەندی بەجیهانیبوون پێویستی بە ئەمنییەتە و، دێموکراسی توانایی دابینکردنی ئەمنیەتێکی زیاتری بۆ ئابووریی بازار هەیە. دیارە بە پێی ئەوەی رێژیم بەردەوام سیاسەتی ناردنی شۆڕشی ئیسلامیی لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا لەبەر چاو گرتوە و سووریەش گەورەترین هاوپەیمانی کۆماری ئیسلامیی لە ناوچەکە بووە، لاچوونی بەشار ئەسەد دەتوانێ شکستێکی گەورە بۆ رێژیم لە قەڵەم بدرێ. هەروەها تا پێش لەم ئاڵۆزیانەی سووریە، زۆرێک لە کوردەکانی ئەو وڵاتە بێ ناسنامە بوون، بەڵام ئێستاکە وەک فاکتەرێکی گرینگ بۆ داهاتووی سوریە لە قەڵەم دەدرێن. دیارە بەشداریی یەکگرتووانەی کوردەکان لە هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی تورکیەدا توانیویەتی دەرئەنجامی باشی هەبێت و قورسایی کوردی، لەو وڵاتە زیاتر کردوە. بێ شک پێشڤەچوونی کوردەکان لە سووریە و تورکیە، یارمەتیدەری خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە. بەگشتی حدک لەم بڕوایە دایە کە گۆڕانەکانی ناوچە پەرەدەستێنن و هەر بەم هۆیەش دروشمی کۆنگرەی ١٥، خۆ ئامادە کردن بۆ قۆناغی نوێی خەبات بوو.

* ئەو دیمانەیە لە دوا ژمارەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠١١

## خالید عەزیزی: پێموایە ئەمریکییەکان یەکەم دیداریان لەگەڵ ئێمە بووە



بزووتنەوەی سەوز، PKK. ئەوەش نیشانەیەکی فراوانتربوونی پەیوەندییەکانیانە. خالید عەزیزی دووساڵ پێش ئێستا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ(رووداو) کە زۆر گفتوگۆ و مشتومڕی لێکەوتەوە، گوتی ئامادەن لەسەر بنچینەی مادەی ١٥ و ١٩ی دەستووری ئێران گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام پێیوایە ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران لە دۆخێکدایە ، ئەوان ئامادەنین گفتوگۆی لەگەڵ بکەن ، چونکە سوودی نابێ. هەروەها دەڵێ رژێمی ئێرانیش کەوتووەتە ریزی ئەو رژێمانەوە کەدەبێ بڕوات، هەرچەندە بە ناردنە دەرەوەی کێشەکانی دەیەوێ تەمەنی زیاتر بکات:خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو هەڤپەیڤینەدا باس لە پەیوەندییەکانیان دەکات لەگەڵ ئەمریکا،

***رووداو: بەپێی پێشبینییەکان دەبووایە راپەڕین و شۆڕش لە ئێران پێش وڵاتانی دیکە کەوتبا. کەچی ئێستا ئێران دەڵێ ئەوەی لەجیهانی عەرەبی روودەدات درێژکراوەی شۆڕشی ئێرانە. تۆ پێتوایە نۆرەی ئێران دێت؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەو شۆڕشەی لەجیهانی عەرەبی دەستپێیکردووەو "پێموایە ئەمریکییەکان یەکەم دیداریان لەگەڵ ئێمە بووە" لەهەندێ شوێن گەیشتووەتە ئەنجام و هەروا دەڕواتە پێشەوە، بەهیچ شێوەیەک درێژکراوەی شۆڕشی ئێران و پەیامەکەی ئیمام خومەینی نییە. ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە تادێ ژمارەی وڵاتانی دیکتاتۆر و سەرکوتکار کەمدەبنەوەو ئەو وڵاتانەی کە بەمیتۆدی رژێمی ئێران و وڵاتانی دیکتاتۆری لەگەڵ خەڵکی خۆیان رەفتار دەکەن رۆژ بەڕۆژ لایەنگرییان کەم دەبێتەوەو نەیارانیان زیاد دەبن. بەباوەڕی من رژێمی کۆماری ئیسلامی درەنگ یان زوو هەر دەبێ بڕوات. نۆبەی ئێران کەی دێت؟ من پێموایە ئێران کەوتووەتە نێو نۆبەکەو ئێستا لە ریزەکەدایە. خەڵکی ئێران لەخۆپێشاندانەکانی دوو ساڵی رابردوودا ئەوەیان راگەیاندووە کە دەبێ ئەو رژێمە بڕوا، بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆخۆی بەرهەمی کەشی تووندوتیژییە،

خۆی بەرهەمی ئەوەیە کە چۆن قەیرانەکانی نێوخۆی بەدروستکردنی قەیران لەدەرەوەی سنوورەکان چارەسەربکات، حکومەتێکە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی بەردەوام لەناوچەکەدا کێشەو ئاژاوە دروست بکات و کێشەکانی نێوخۆ بباتە دەرەوەی سنووری خۆی. ئەوانە کۆمەڵێک فاکتەرن کە کۆمەکیان کردووە بۆئەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بڕێکی دیکەش درێژبێتەوە.

***رووداو: ئەو بڕە چەند دەکێشێ؟***

***خالید عەزیزی:*** زۆر زەحمەتە لەڕووی کاتەوە دیاری بکەین، بەڵام من بۆخۆم لەو باوەڕەدام کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی زۆر کورت بووەتەوەو چیدی دەرەقەتی ناڕەزایی خەڵک و ئەو کۆمەڵگە ناڕازییە بەر بەرینە نایێ.

***رووداو: ئەو خۆپێشاندانانەی دوو ساڵی رابردوو کە باستکرد، زیاتر بە شۆڕشی سەوز ناودەبران و ئەو بزووتنەوەیە هیچ دروشمێکی بۆ رووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەبوو بەڵکو تەنیا دژی چەند کەسێکی نێو رژێمەکە بوون. هەر بۆیەشە خەڵک هەموو پێکەوە بەشداری ئەو بزووتنەوەیەی نەکرد، لەوانەش کورد. ئێستا بزووتنەوەی سەوز دەیەوێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە دەبێ خوێندنەوەیەکمان بۆ بزووتنەوەی سەوز هەبێ، ئەوەی کە مووسەوی و کەڕووبی بە سیمبوولی ئەو بزووتنەوەیە ناسراون، بۆچوونەکانی ئەوان و ئەو شتانەی بڵاویانکردووەتەوە بەڕاستی بزووتنەوەی سەوز هەر ئەوەیە؟، بەبڕوای من ئەو بزووتنەوەیە هەمەڕەنگی کۆمەڵگەی ئێرانی تێدایە، دروشمی جیاوازی تێدایە و ئەو دروشمانەش لە رووخاندنی دیکتاتۆری و سەرکوتەوە، لە مردن بۆ وەلی فەقیهەوە دەگرێتەوە تاوەکو دەگاتە هەندێ دروشمی هێمنتر. بۆ بزووتنەوەیەک کە کاردانەوە بوو لەبەرامبەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆمار، ئاسان نییە کە لەماوەی یەک دوو ساڵدا ئاوا خڕبێتەوەو خۆی رێکبخات و بتوانێ بەشێوەیەکی تۆکمە و یەکگرتوو بە دروشمێکی روون و ئاشکرا بێتە مەیدان، بۆیە بەربڵاوی و هەمەڕەنگی و لێکدووری لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا بەلای منەوە شتێکی سرووشتییە. ئەگەر بزووتنەوەی سەوز سەرەڕای ئەو واقیعە بتوانێ پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکات و ناچاری بکات هەندێ شتی وەک ئازادکردنی زیندانیانی سیاسی و وەک ئەوەی کە توندوتیژی نەمێنێ و بوارێک بۆ خۆپێشاندان برەخسێ و ئەگەر دەستکارییەکی کەمیش لە دەستووردا بکرێ، من پێموایە ئەوە هەنگاوێکە بۆئەوەی خەڵکانێکی زۆرتر بێنە نێو ئەو جوڵانەوەیەو لەبەردەوامی خۆیدا دروشمی دیکەی بەدوادا بێت.

***رووداو: ئێوە لەو ماوەیەی رابردوو لەگەڵ نوێنەرانی بزووتنەوەی سەوز دانیشتننتان هەبووە. مەبەستتان لەو دانیشتنانە چ بوو؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، بزووتنەوەی سەوز بەوپێیەی رێبەرانی لەنێوخۆی وڵاتن و لەوێوە چالاکی دەکەن و راستەوخۆ

درووشمی دژی کۆماری ئیسلامی لەقاڵبی هەندێ ئاڵوگۆڕ و چاکسازیدا دەبینن، ئێمە باش لەبارودۆخی ئەوان تێدەگەین. دووەم بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بارودۆخەی ئەوان ئێمە هەوڵمانداوە بەشێوەیەک مامەڵە لەگەڵ بزووتنەوەکە بکەین کە لەهەمانکاتدا دەرکی وەزعی ئەوانیش بکەین، بەڵام یەکەم پێیان بڵێین کە بزووتنەوەی سەوز دەتوانێ ببێتە بزووتنەوەیەکی گشتگیری هەمەلایەنە کە هەمەڕەنگی ئێران وەک ئەمری واقیع قبووڵ بکات، چونکە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. ئەوان ئێستا لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا ئاماژە بەو هەمەڕەنگییە دەکەن، بەڵام بۆچوون و خوێندنەوەی ئەوان بۆ ئەو هەمەڕەنگییە وەک بۆچوونی حیزبی دیموکرات نییە. ئێمە ڕێگەچارەی کێشەکانی ئێران لە فیدرالیزمدا دەبینین. دووەم، ئێمە هەوڵمانداوە بە بزووتنەوەی سەوز بڵێین کە لەپێوەندی لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی کاری حیزبی و مافی هاووڵاتیبوون و مافی مرۆڤ لەئێراندا دەبێ ڕاشکاوتر و شەفافتر بن. هەوڵمانداوە پێیان بڵێین کە زەمانێک دەتوانن ئەو کۆمەڵگەیە بەتەواوی بەدوای خۆیان بخەن کە ئەو بزووتنەوەیە سنووردار نەبێ بەکێشەی ریفۆرمخوازان لەگەڵ دەسەڵات. وا پێناسە نەکرێ کە ئەو ریفۆرمخوازانە دەیانەوێ بەهەندێ گۆڕانکاری گیروگرفتەکان چارەسەر بکەن، بەڵکو دەبێ کارێک بکەن خەڵکێکی زۆر خۆیان لەنێو ئەو بزووتنەوەیەدا ببیننەوە. ئێمە پێمانوایە ئەو بزووتنەوەیە ئەگەر بەراوردی بکەی بە دووساڵ پێش ئێستای، لەزۆر ڕووەوە زۆرتر چووەتە نێو بابەتی سیاسی و مەسەلەی دیموکراسی و کێشەکانی ئێستا و داهاتووی ئێران. ئێستا تەلەڤزیۆنێکیان هەیە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆیانی تێدا بڵاودەکەنەوەو چەندین سایتیان داناوەو ئێستا باسی ئەوە دەکەن کە دەبێ دەستووری وڵات هەمواربکرێ.

**ڕووداو: *ئەوە کاریگەری ئێوەی لەسەربوو؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە پێمانوایە کاریگەریمان هەبووە. ئێمە باوەڕمان بەوە هەبوو " بە ئەمریکییەکان و بزووتنەوەی سەوزمان گوت چارەسەر فیدرالییە "مادام بزووتنەوەیەک لەئارادایە و خەڵکی لەگەڵە و ڕێبەرەکانی ڕەخنە لەکۆماری ئیسلامی دەگرن و تەنانەت لەهەندێ شتی خۆشیان پاشگەزبوونەتەوە، لەو باوەڕەداین کە لەجیاتی ئەوەی لە پەراوێزدا بین و هەر لەدوورەوە بڵێین ئەوانە هیچ جیاوازییان نییە، بچین بڵێین ئەوقسانەتان باشن و قسەی باشتریش بکەن. ئێمە وەک حیزبی دیموکرات پێمانوایە هەرکەس لەپێناوی دیموکراسی و ماف و ئازادییەکان قسەیەکی باش بکات ئەوە شتێکی باشەو دەبێ پشتیوانی لێبکەین.

**ڕووداو: *لەنێو ڕژێم و دەرەوەی ڕژێمیش؟***

***خالید عەزیزی:*** هەرکەسێک شتێکی باش بکات. ئێستا ئەگەر کاربەدەستێکی کۆماری ئیسلامی بڵێ دەبێ زیندانیانی سیاسی ئازاد بکرێن و دەبێ ئازادی حیزبی هەبێ دەڵێین ئەوە قسەیەکی باشە.

**رووداو: لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز لە ئەورووپا یەکدیتان بینی؟**

**خالید عەزیزی:** لە ئەوروپاو ئەمریکاش.

**رووداو: تۆ لە هەڤپەیڤینێکی پێشتریشت لەگەڵ (رووداو) کە گفتوگۆیەکی زۆری دروستکرد، گوتت کۆماری ئیسلامی بە تەنیا بە حیزبێک و دوو حیزب ناڕووخێ، ئەگەر ئەوان ئامادەیی گفتوگۆیان تێدابێ گفتوگۆ دەکەین. ئێستا پاش ئەو گفتوگۆیەی دروستبوو، پاش ئەوەی کونسوڵخانەی ئێرانیش لەهەولێر وەڵامیدایەوە، هەست دەکەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەتەواوی داخراوە؟**

**خالید عەزیزی:** لەبارى ئوسوڵییەوە بزووتنەوەی کورد، وەک جوڵانەوەی نەتەوەیەک لەئێران کە جوڵانەوەیەکی لۆکاڵ و ناوچەییە، هەمیشە مافی خۆیەتی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی بکات. لەسیاسەتدا وتووێژکردن لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی شتێکی ئاساییە. گرنگ ئەوەیە ئەو گفتوگۆیە چۆن دەبێ و چی تێدا باسدەکرێ.ئەوە شتێکی مەبدەئییە لەسیاسەتدا کە دەرگای گفتوگۆ هەرگیز دانەخرێ، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە نییە کێ لەتاران دەسەڵاتدارە. بەڵام ئێستا کۆماری ئیسلامی لە کەشوهەوایەکدا نابینم کە ئێمە ئامادەیی ئەوەمان هەبێ گفتوگۆی لەگەڵ بکەین. هۆیەکەشی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی ئێستا لەقۆناغێکدایە کە ئێمە ئایندەیەکی بۆ نابینین. بۆیە ئێستا گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هیچ سوودێکی نییە.

**رووداو: ماوەیەکە شەڕی چەکداریتان راگرتووە، ئێستا هیچ ئاراستەیەکتان نییە بۆ ئامادەکردنی کادیرەکانتان بۆ ئەو گۆڕانەی کە لەوانەیە پێویست بکات دەست بەشەڕی چەکداری بکەنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە بۆخۆمان ئێران لەیەک پانتایی سیاسیدا پێناسە دەکەین کە ئەگەرێکی زۆر هەیە سیناریۆی جۆراوجۆری تێدا بێتەئاراوە. لەوانەیە لەنێوخۆی ئێران خەبات و جموجۆڵێکی بەر بەرینی کۆمەڵایەتی ئەو حکومەتە ناچار بە پاشەکشەیەک بکات و بشمێنێتەوە. لەوانەیە بەردەوامی ئەو خەبات و جموجۆڵە وابچێتە پێشەوە کە لەنێوخۆی ئێراندا کودەتایەک بکرێ. حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکەش کە کەم و زۆر لەهەموو ئەو مەیدانانەدا ئەزموونێکیان هەیە بەشێوەیەکی سرووشتی دەبێ هەموو ئەوانە لەبەرنامەی کاریاندا هەبێ. ئێمە لەنێوخۆی خۆماندا هەموو ئەوانەمان باسکردووەو هەوڵدەدەین بۆ هەریەک لەو سیناریۆیانە ئامادەکاری پێویستمان هەبێ، بەڵام ئەوە بۆچوون و لێکدانەوەی ئێمەیە و بەتەنیاش ناکرێ، بۆیە باشتروایە لەگەڵ هەموو حیزبەکانی دیکە پێکەوە بیکەین.

**رووداو: ئێستا ئێوە هیچ یارمەتییەک وەردەگرن بۆ ئامادەکاری چەکداری؟**

**خالید عەزیزی:** نەخێر بەهیچ شێوەیەک.

***ڕووداو: لەگەڵ لایەنی ئەمریکی کە دانیشتوون هیچ قسەوباسێک لەوبارەوە نەبووە لەنێوانتان؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە چ لە واشنتن و چ لێرەش کە لەگەڵ ئەمریکییەکان دانیشتبین هیچ قسەوباسێک بەو مانایەی کە ئەمریکا بیەوێ سیناریۆیەکی سەربازی لەدژی کۆماری ئیسلامی دابنێ و لەو سیناریۆیەدا لایەنە کوردییەکان بەشێکبن لە جموجۆڵ و کارکردن لەدژی ڕژێمی ئێران، ئەوە بەهیچ شێوەیەک باسی لێوە نەکراوە. لەهەموو ئەو دانیشتنانەدا زۆرتر باسی ئەوە کراوە کە چۆن کۆمەکی خەبات و جموجۆڵی مەدەنی لەئێران بکرێ، چۆن کۆمەک بکرێ بە گوشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی ئێران تاوەکو ڕێزی مافی مرۆڤ بگرن، چۆن کۆمەک بەوە بکرێ کە لەنێوخۆی ئێران خەبات بۆ مافی ژنان و ئازادییە مەدەنییەکان بەهێزبکرێ.

***ڕووداو: لە ماڵپەڕی (تابناک)ی نزیک لە سوپای پاسداران بڵاوکرابووەوە کە گرووپێکی ئێوە لەلایەن ئیسرائیلییەکانەوە مەشقیان پێدەکرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ڕاست نییەو هیچ شتێکی وا لەئارادا نییە.

***ڕووداو: کونسوڵی ئەمریکی سەردانی ئێوەی کرد، ئایا پەیوەندییەکانتان لەگەڵ لایەنی ئەمریکی لەو ئاستەدایە کە سەردانتان بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ماوەیەک لەمەوبەر کونسوڵی ئەمریکا لێرە میوانی ئێمەبوو. هەر لە زووەوە لە واشنتن پەیوەندیمان لەگەڵ ئەمریکا هەبووە، لێرەش ئەو پەیوەندییە هەیە. ئەمریکا بۆ هەر ڕێگەچارەیەک کە تایبەت بێت بەداهاتووی ئێران ناتوانێ کورد پشتگوێ بخات. هەمیشەش ئەوەمان گوتووە کە ئێرانی داهاتوو دەبێ دان بە فرەڕەنگی و فرە نەتەوەییدا بنێ و لەسەر ئەو بنەمایە دابڕێژرێتەوە. بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە کۆماری ئیسلامی نەمێنێ، بەڵام دووقات بۆمان گرنگترە کە بزانین ئێران چۆن دروستدەبێتەوە. ئەوەمان زۆر بەڕاشکاوی بە ئەمریکییەکان و ئەوروپییەکانیش گوتووە لەگەڵ هەرکامیان دانیشتبین، بۆیە ئەگەر قسە لەسەر دروستکردنەوەی ئێران هەیە، کورد فاکتەرێکە لەسنووری توانای خۆیدا. لەبەر ڕۆشنایی ئەو لێکدانەوەو بۆچوونە ئێمە پەیوەندییەکی ئاساییمان لەگەڵ ئەمریکییەکان هەیە و لەدوایین دانیشتنمان کە کونسوڵی ئەمریکا سەردانی کردین هەر زیاتر باسی ئەوەکرا.

***ڕووداو: ئەمریکییەکان هیچ ڕوانینێکی ڕوونیان هەیە بۆ ئێرانی ئایندە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوەڕی من ئەوان زیاتر لەجاران بە وردی سەیری ڕەوشی ناوخۆی ئێران دەکەن. ئەگەر بەراوردێک لەنێوان هەڵوێستی ئێستا و ئەوکاتی ئەمریکا بکەم کە لە واشنتن بووم، واتە سەردەمی کێشەی ئەمریکا لەگەڵ عێراق،

زانیاری ئەمریکا لەسەر عێراق زۆر ناکامڵ بوو. ئەو زانیارییەی ئەوان هەیانبوو بەباوەڕی من بەس نەبوو بەو مامەڵەیەی کە ئەوان لەگەڵ عێراق کردیان، هەر لەبەرئەوەش پاش رووخاندنی سەددام کێشەی زۆریان بۆ پەیدابوو. من پێموایە ئەمریکییەکان ئەزموونێکیان لەعێراق وەرگرتووە، ئێستا ئەمریکا ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ رابردوو، دەبینین داوودەزگایەکی زۆری دروستکردووە کە موتابەعەی وردی ئێران دەکەن و لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و هەوڵدەدەن زانیاری زۆری لەسەر کۆبکەنەوەو هەمەڕەنگی ئەوێ بخوێننەوە و بزانن ئێران لە ١٠٠ ساڵی رابردوودا چۆن بووە، بۆئەوەی بزانن ئێرانی داهاتوو چۆن دادەمەزرێتەوە.

***رووداو: هیچ هەوڵێک هەیە بۆنەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دابنیشن و بەرنامەیەک دابنێن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێستا من هەوڵێکی بە بەرنامەی نێودەوڵەتی یان ئەمریکایی بەوجۆرەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ عێراق و ئەفغانستان بینیمان و هاتن کۆمەکیان کردن بە دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤ، سەبارەت بەئێران شتی وا نابینم. هۆیەکەشی ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی زۆر زۆر بڵاوە و هاوکات زۆریشن، بەداخەوەش زۆر کەم یەکدییان قبووڵە، هەر ئەمەش یەکێکبووە لەو فاکتەرانەی کۆمەکی بە کۆماری ئیسلامی کردووە کە بەدیلێک لەبەرامبەری خۆی و لەئاستی خۆیدا نەبینێ. ئەوە یەکێک لەخاڵە نێگەتیڤەکانی سەر " ئێمە پژاک وەک بەشێکی PKK دەبینین "

گۆڕەپانی سیاسی ئێران بووەو وایکردووە ئەوانەی لەسەر گۆڕەپانی نێوخۆ خەبات دەکەن نەزانن کێ بەدیلە. بەهۆی نەبوونی ئەو ئەلتەرناتیڤە لە رابردوودا و ئەو بڵاوییەی ئۆپۆزیسیۆن کە لە تاراوگەن و لەکۆمەڵگەی ئێرانی دوورکەوتوونەتەوە، ئەو بزووتنەوەی سەوزە شکڵی گرتووە کە ئێستا لەنێوخۆی ئێران هەیە.

***رووداو: ئەمریکا ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی دیکەش هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** وا باشترە ئەوە لەخۆیان بپرسن، بەڵام پێموایە بەشێوەی رەسمی و ئاشکرا یەکەم دیداریان لەگەڵ ئێمە بووە.

***رووداو: ئەوان ئەو رۆڵەی کوردیان قبووڵە کە گوتت ئێمە پێمانگوتوون؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەمریکییەکان و خەڵکی دیکەش دەزانن کە کورد لە ٣٠ ساڵی رابردوودا لایەنێکی نەیاری کۆماری ئیسلامی بووە. دەشزانن جوڵانەوەی کوردی جوڵانەوەیەکی عەلمانی (سێکولار) و ئارام و لیبراڵ و دیموکرات بووە، بەو عەقڵیەتەوە ویستوویەتی گۆڕانکاری لەئێراندا رووبدات. سەرئەنجام دەبێ کێبڕکێیەکە لەوێدا وای لێبێ کە بگاتە قۆناغێک و ئەوکات

دەربکەوێ کە کورد چ پێگەیەکی هەیە لەنێوخۆی ئێراندا. ئێمە دەبێ ئەو واقیعەش لەبەرچاو بگرین کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و نەتەوەی فارس لەڕووی ژمارەوە نەتەوەی یەکەمە، لەدوای ئەوان ئازەرییەکان نەتەوەی دووەمن و کورد نەتەوەی سێیەمە. ئەوە بەو مانایەیە کە ڕەنگە کورد لەئێراندا ڕۆڵی سیاسی زۆر نەبێ، بەڵام ئەو سەنگ و قورساییەی کە کورد لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق هەیەتی، دەبێتە فاکتەرێک بۆئەوەی لەڕووی سیاسییەوە قسەمان زۆربێ.

***ڕووداو: ئەمریکا لەهەرێمی کوردستان کونسوڵخانەی هەیە و لەبەغدا باڵیۆزخانەی هەیە. بەڵام ئەوە بۆ کاروباری ناوخۆی عێراقە. ئێستا کە دەبینی لەگەڵ حیزبێکی نەیاری کۆماری ئیسلامی دادەنیشێ ڕەنگە لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە بەجۆرێک لە دەستتێوەردان دابنرێ. بەڵام لەڕوویەکی دیکەوە ئەوە بۆ کورد بەوشێوەیە لێکدەدرێتەوە کە ئەمریکا لەسەر خەتە بۆ گۆڕانکارییەکانی ناو ئێران. بەڵام ئامادەکاری لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی ڕەنگە لەئاستی ئامادەکارییەکانی ئەمریکا نەبێ. ئەوە چۆن لێکدەدەیەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، ئایا ئەوە دەستتێوەردانە؟ من بە دەستتێوەردانی دانانێم، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هەم ئەمریکا و هەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یەکدەنگن بەرامبەر مەنشورەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر مافی مرۆڤ، لەئێرانیش بەئاشکرا مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێ و خەڵک لەسەر بیروڕای سیاسی لەسێدارەدەدرێ و نەتەوەی کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی بەئاشکرا جیاکاری بەرامبەر دەکرێ، بۆیە لەپێوەندی لەگەڵ ئەو جاڕنامە نێودەوڵەتیانە زۆر بەئاساییی دەزانم بۆ ئەمریکا کە لەگەڵ حیزبی دیموکرات باسی مافی مرۆڤ و دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی بکات. لەبارەی ئەوەی کە ئایا ئەو دانیشتنە بەمانای گرنگیدانە بە مەسەلەی کورد، من پێموایە ئەوە ڕوونە. ئەمریکا ناتوانێ لەڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کورد نادیدە بگرێ. قورسایی و ڕۆڵی کوردی لەعێراق بۆ دەرکەوتووەو دەشبینێ لەئێراندا کەسایەتییەکی بەهێزی هەیە و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دانی پێدانراوە. هەروەها لە تورکیاش دەبینێ مەسەلەی کورد بووەتە مەسەلەیەکی ئەورووپایی و تەنانەت حکومەتی تورکیاش وا خۆی هەنگاو دەنێ بۆ چارەسەرکردنی، لە سووریاش لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەدا کەم و زۆر مەسەلەی کورد هاتەوە بەرباس. بۆیە زۆر ئاساییە بۆ وڵاتێکی وەک ئەمریکا کورد وەک فاکتەرێک قبووڵ بکات و بەوجۆرەی کە هەیە مامەڵەی لەگەڵ بکات.

***ڕووداو: ڕازین بەمەسەلەی فیدراڵی؟***

***خالید عەزیزی:*** بەڕاستی ئەوان زۆر نایەنە ناو مەسەلەی فیدراڵی و ئەگەر باسی بکەی دەڵێن ئەوە شتێکی نێوخۆی ئێرانە.

***ڕووداو: باستان کردووە لەگەڵیان؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە باسمان کردووەو گوتوومانە ڕێگەچارە ئەوەیە، ئەوان نەیانگوتووە باشە یان خراپە. دەڵێن مافی

خۆتانە و ئەوە کۆمەڵگەی ئێرانە چ ڕێگەچارەیەک دەبینێتەوە بۆخۆی.

***ڕووداو: ماوەیەک پێش ئێستا پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) چەند چالاکییەکی چەکداری دژی ئێران ئەنجامدا. ئێوە چۆن دەڕواننە ئەو چالاکیانەی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە ئێران، زۆر شوێن هەیە شوێنەواری خەبات و فیداکاری پێشمەرگەکانی کوردستان بەتایبەت پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێوەدیارە، بەڵام لەسەردەمی ئێستادا پێمانوایە ئەو جۆرە جموجۆڵانە کۆمەک بە قەزییەکە ناکات، ئەویش بە چەند بەڵگەیەک. بەڵگەی یەکەم ئەوەیە ئەو چالاکییە دیاریکراوانە کە چەند کەسێکی تێدا دەکوژرێ، دەبێ تۆ موتالەعەی بکەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە چییە؟ ئەگەر هەر بۆ ئەوە دەکرێ هەواڵێکی لێ دروستبکرێ، یان هەر بۆ ئەوە دەکرێ چەند کەسێک لە پایەگایەکی ئێرانی لەنێو ببەی، هیچ کام لەوانە ئێمە لە ئەنجامەکە نزیک ناکاتەوە، پێمانوایە ئەو جۆرە چالاکیانە بیانوویەکی زیاتر دەداتە کۆماری ئیسلامی ئێران، پتر لە جاران کوردستان ئەمنیەتی بکات و هێزێکی زیاتر سەقامگیر بکات، لەئەنجامدا سنوورەکان پتر نائەمن بکات، ئەو نائەمنییەش هەم زیانی بۆ بازرگانی خەڵکێکی زۆر دەبێ کە بەشێوەیەکی قاچاخ ناچارە خۆی بژیێنێ، هەم زەرەری بۆ بازرگانی یاسایی لەو ناوچەیەشدا هەبێ.

***ڕووداو: ئێوە لەو ماوەیەدا دانیشتنتان هەبووە لەگەڵ PKK ئەو بۆچوونەتان بەوان ڕاگەیاند؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لە دانیشتنەکەی خۆمان لەگەڵ PKK لەسەر چەند شت تەئکیدمان کردەوە، یەکەم هەموو لایەکمان سەرەڕای تێبینی خۆمان، دەبێ هەوڵبدەین بەپێی توانای بۆچوون و سیاسەت و کارو کردەوەی خۆمان، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە بیپارێزین، دووەم: تێبکوشین لە ئێران و تورکیا کۆمەک بکەین بە جێکەوتنی عەقڵیەتی خەبات و جموجۆڵی مەدەنی و چالاکی دیموکراتی، هەروەها کۆمەڵانی خەڵک بە زەرەری کەمتر بەشداری بکەن لەو جموجۆڵانە، ئەوەندەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەبوو ئێمە تەشویقی PKK مان کرد، کە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە تورکیا هاتووەتە گۆڕێ، کۆمەکی بکەن و ئاستەنگی لەبەردەمدا دروستنەکەن. لە پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا ئێمە سیاسەتی خۆمانمان لەگەڵ باسکردن تەنانەت هەمان خوێندنەوەمان بۆ ئێرانیش هەبوو، باسی پژاک لەنێوان ئێمە و PKK بە هیچ جۆرێک نەهاتە گۆڕێ، چونکە دانیشتنی ئێمە لەگەڵ PKK بوو، بەڵام ئێمە تەشویقمان کرد کە ئەو جۆرە جموجۆڵ و چالاکیانە زۆر کۆمەک ناکەن.

***ڕووداو: دانیشتنی ئێوە لەگەڵ موراد قەرەیلان بوو. قەرەیلان وەک سەرۆکی KCK یە کە(پژاک)یشی تێدایەو دەکەوێتە ژێر سەرۆکایەتی قەرەیلان. بۆچی ئەو باسەتان نەهێنایە پێشەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** باسەکە لە روانگەی ئێمەوە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، پەیوەندی حیزبی دیموکرات و PKK بوو، ئێمە PKK وەکو رێکخراوێکی باکووری کوردستان یان کوردستانی تورکیا پێناسە دەکەین.

***رووداو: ئێوە (پژاک) وەک بەشێکی PKK نابینن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە پژاک وەک بەشێکی PKK دەبینین و پێمانوایە پژاک لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دروستنەبووە وەک حیزبی دیموکرات و حیزبەکانی دیکە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش مەسەلەی پژاک باسێک نەبوو لە باسەکانی ئێمە لەگەڵ قەرەیلاندا.

***رووداو: ئەوهەمووە پێشێلکارییەی لە ئێران دەکرێ و ئەو هەموو لە سێدارەدانە هەیە. هەندێکجار گلەیی لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ کە ناتوانن رۆڵێکی وا بگێڕن بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ. ئێران دەست لەو لە سێدارەدانانەی رۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبگرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** نازانم ئێمە لەوە زیاتر چیمان بۆ دەکرێ، ئەوەندەی من بزانم هەموو لایەکمان، بە شێوازی جۆراو جۆر گوشار دەخەینە سەر ئێران، گوشار دەخەینە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی گوشار بخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی ئەو ئیعدامانە رابگرێ، ئەوەی لە تواناماندا بێ هەوڵمان بۆ داوە.

***رووداو: دەستی ئێران لە رووداوەکانی هەرێمی کوردستان دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** وەک پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئێران تێدەکۆشێ قەیرانی نێوخۆی بە دروستکردنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکاندا چارەسەربکات، بۆیە من پێمـوایە ئێران لە هەموو شوێنەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێدەکۆشێ رۆڵی هەبێ بەشێوەیەک لەوێ لە چەندو چۆنی ئاڵوگۆڕەکانی ئەو وڵاتە لە پێناو قازانج و بەرژەوەندی خۆیدا رۆڵ بگێڕێ.

***رووداو: ئێران لە باشووری کوردستان ئەو رۆڵەی بینی لەو رووداوانەی لە ١٧ی شوبات تائێستا؟***

***خالید عەزیزی:*** وا باشە ئەو پرسیارە لە خودی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بکرێ، بەڵام بەو ناسینەی ئێمە لەبارەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەمانە، ئێران لەهەموو شوێنێکی ئەو دەوروبەرە تێدەکۆشێ فەزایەک دروستبکات، لەو فەزایەدا نائەمنییەت هەبێ، بەشێوەی هەبێ ئەو حکومەتە دیموکراتییە سەقامگیر نەبێ، قەت ئێران پێی خۆشنییە عێراقێکی دیموکراتی بە مانای واقیعی لەسەر بنەمای تەوافوق و تێگەیشتن سەقامگیربێ، ئێران بەرژەوەندی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بە تەواوی لە باری نائەمنیدا بن.

***رووداو: ئێستا ئێوە بەرەو کۆنگرە دەچن قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کە خۆت هەڵنابژێریەوەو کەسانێکی دیکە دێن دەبنە سکرتێری ئەو حیزبە. خۆت هەڵدەبژێریەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** **تائێستا بڕیارم نەداوە خۆم هەڵبژێرمەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١١**

## خالید عەزیزی: ئێران دەیەوی لەناوچەکەدا وا نیشان بدات کە بۆخۆی زلهێزێکە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

### ماڵپەری ئاوێنە

لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا، خالیدی عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان تیشک دەخاتە سەر چەند مەسەلەیەکی هەنوکەیی کوردستانو سەبارەت بەجموجۆڵەکانی پژاکو پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی هەرێمی کوردستان دەدوێت.

***ئاوێنە: بەدەر لەوەی ئێوە زۆرجار باسی ئەوەتان کردووە کە وەختی خەباتی چەکداری نییە لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئایا پێتانوانییە پژاک بووە بەژمارەیەکی قورس لەهاوکێشەی سیاسی کوردستانی ئێراندا؟***

***خالیدی عەزیزی:*** بەبڕوای من ئەم جۆرە چالاکییە نیزامیانەی پژاک هەیەتی، دەرەنجامو دەسکەوتو کاریگەرییەک کە لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستانی ئێراندا هەیەتی، زۆرتر مەحدود دەبێتەوە بەکردەوەیەکی نیزامی کە لە میدیاکاندا دێتە گۆڕێو باسی لەسەر دەکرێت، بۆیە ناکرێ بڵێین لەکۆمەڵگەی سیاسی ئێرانو کوردستانی ئێران شوێنەوارێکی ئەوتۆی دەبێت کە بتوانێت باسێکی بەگورو تازە بهێنێتە گۆڕێ لەسەر دۆزی کورد بەگشتی لە کوردستانو لەئێراندا. کە من لەگەڵ کاردانەوەی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بەپژاک بەراوردی دەکەم، پێموایە ئەو دەسکەوتەی گەلی کورد لەو مەیدانەدا لەئێران دەیبێت، زۆر دەگمەنو زۆر کەمە. هۆکەشی ئەوەیە حکومەتێکە لەدیدی ئەمنییەوە سەیری کوردستان دەکات، سوپای پاسداران کۆمەڵگەی سیاسی ئێرانی قۆرخ کردووە، بووە بەدەسەڵاتێکی مافیایی گەورەی ئابوری، تێدەکۆشێ سیناریۆکانی خۆی بەگشتی لەئێران بهێنێتە پێشێ، لەو سیناریۆ نائەمنیانەشدا زۆرترین مەجال بۆ خۆی دروست دەکات بۆ تەعامول

لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو کێشانەی کە ئێستا لەتاراندا هەیە. جا من زۆرتر لەو خانەیەدا پێناسەی دەکەم.

***ئاوێنە: واتە بەپێی ئەم لێکدانەوەیەی بەڕێزتان پژاک بەم کارانەی خزمەت بەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکات؟***

***خالیدی عەزیزی:*** من ناتوانم راستەوخۆ بڵێم خزمەت بەکۆماری ئیسلامی ئێران دەکات، رەنگە دەقی ئەو وەڵامە بەوشێوەیە دروست نەبێت، بەڵام ئەو کارانەی پژاک، کۆمەک دەکات بەجەوی نائەمنی لەکوردستانی ئێران، بەهانەیەکی زۆرتر دەدات بەسوپای پاسداران، کە زۆرتر لەو ناوچەیە بەحزوری نیزامی خۆیو بەسیاسەتی ئەمنیەتی لەتارانەوە تێبکۆشێ، قەیرانەکانی خۆی لەتاران لەپەیوەندی بەکێشەکانی خۆی داپۆشی.

***ئاوێنە: بەڵام پێتوانییە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستو لەم ناوچەیەی ئێمەدا ئەوانەی هێزیان نەبێت ناتوانن سیاسەت بکەن؟***

***خالیدی عەزیزی:*** هێز دەکرێ ئێمە شیکاریو راڤەی بکەین کە بەچی دەگوترێ، لەقۆناغێکدا ئێمە لەکوردستانی ئێران هێزی پێشمەرگەی زۆر بەهێزمان هەبوو، چالاکی زۆر بەرینو تەنانەت شەڕی جەبهەیشمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بووە، بەڵام ئێستا لەکۆمەڵگەی ئێراندا، رووداوەکانی دوو ساڵی رابردوو بەڕاشکاوی ئەوەی دەرخستووە کە خەباتو جموجۆڵی مەدەنی، خەڵک بەکەمترین زەرەرو زیانو بەدروسنەکردنی سیناریۆی ئەمنیەتی بێنە مەیدان، زۆرترین دەسکەوتی دەبێت. بەبڕوای من نابێت بکەوینە ناو ئەو تەڵەیەی کە سوپای پاسداران دەیەوێت لەکوردستانی ئێران دروستی بکاتەوەو زۆرتر کەشوهەوایەکی نیزامیو ئەمنیەتی ساز بکاو بەوجۆرە جموجۆڵو خەباتی مەدەنی مەحدود بکاتەوەو بەربەستی بکات.

***ئاوێنە: واتە بەبڕوای تۆ گەڕانەوە بۆ خەباتی چەکداری نەک هەر کارێکی بێهوودەیە. بەڵکو کۆماری ئیسلامی لەبەرژەوەندی خۆی سوودی لێدەبینێ؟***

***خالیدی عەزیزی:*** خەباتی چەکداری لەدژی ئێران بەغەیری سەرئێشە هیچی دیکە نییە، ئەمڕۆ نەتەوەی کورد لەئێران هەمووشی چەکدار بێت، دەوڵەتی پێناڕوخێت، روخانی دەوڵەتی تاران، بەچەک بەدەر لەئیرادەی ئێمەیە، ئەگەر بمانەوێ لەسەر ئەو ستراتیجییە بچینە نێو کێشە لەگەڵ ئێران، ئەو ستراتیجییە لەرۆژەکانی ئەوەلدا، ئاکامو بەرهەمەکەی دیارە، جا مادام بۆ سەر ئێشەیە کە ئیمتیازی لێبستێنین، ئێمە پانزە ساڵ پێش ئێستا، چەندین ساڵ سەرئێشەی زۆر گەورەمان بۆ تاران دروست کرد، وەک هێزی پێشمەرگە شەڕی جەبهەیی زۆر قورسمان لەدژی تاران هەبوو، بەئەنجام نەگەیشتو ئەوە دەریخست کە کەوتە سەر خانەی نیزامی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێمە براوە نابین.

***ئاوێنە: واتە لەدیدی ئێستاتانەوە پێتوایە کە ئەوسا کارێکی باشتان نەکرد خەباتی چەکداریتان کرد؟***

**خالیدی عەزیزی:** ئێمە ئەو کاتەی کە شەڕمان بەسەردا سەپێنرا تەنها ڕێگەیەک بۆ بەرگری لەخۆمان شەڕی دژ بەکۆماری ئیسلامی بوو.

***ناوێنە: ئەی ئێستا لەسایەی کۆماری ئیسلامیدا ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ خەباتو بەرگری لەخۆکردن؟***

**خالیدی عەزیزی:** لەسایەی کۆماری ئیسلامیدا ئێستا ڕێگەی دیکە نییە، بەڵام نابێت بچیتە سەر ڕێگەیەک کە ئەو پێیخۆشەو بۆت هەڵدەبژێرێت، ئێستا دەبێت زۆرترین بایەخمان لەسەر ئەوە بێت میکانیزمو میتۆدەکانی خەباتی مەدەنی بەهێزتر بکەیت، کۆماری ئیسلامی لەکوردستان بەشەڕ وەلەرزین نایەو ناڕوخێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی بەخەباتو جموجۆڵی ژنانو مەدەنی لەتارانو شارە گەورەکانی ئێران کۆماری ئیسلامی دەڕوخێنێ، ئەگەر قەرار بێت ئێمە ئەوە لەئێران بەهێز بکەینو گرێیبدەینەوە بەکوردستانەوە، دەتوانێ زەمینە بۆ لەناوچونی کۆماری ئیسلامی لەبار بکات.

***ناوێنە: ئێوە ئەو جموجۆڵە مەدەنیەتان پێی ڕێکدەخرێت؟***

**خالیدی عەزیزی:** ئێمە حیزبی دیموکراتی کوردستانو لایەنەکانی دیکەش لەهەلومەرجی جۆراوجۆردا نیشانمانداوە، کە بەپێی توانای خۆمان چووینەتە ناو گەمەیەوەو کاریگەریمان هەبووە لەسەر خەڵک بۆ چوونە ئەو خەباتەوە.

***ناوێنە: تۆ باسی ئەوە دەکەیت کە ئیتر خەباتی چەکداری کاتی نەما، بەڵام ئێوە تا ئێستاش هێزی پێشمەرگەو چەکدارتان هەیە، ئەمەتان بۆچییە؟***

**خالیدی عەزیزی:** هێزی پێشمەرگەو چەکداری ئێمە هەر سروشتی پێشووی هەیە کە هێرش کرایە سەر کوردستانو خەڵک بۆ بەرگری لەخۆیان چەکیان هەڵگرتو ئەو هێزەیان ڕاگرت، ئێستاش لەڕووی ئەمنییەوە سوپای پاسداران بەشێوەی جۆراوجۆر لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی تیرۆر کردووە، لەناوی بردوون، لەدەرەوەو لەم ناوچەیە تیرۆری کردوون، هێزی پێشمەرگەی ئێمە لەئێستادا ڕۆڵی بەرگریو ئەمنییەتیان هەیە بۆ پاراستنی خۆمانو ئەو دامەزراوە حیزبییەی کە هەمانە، دەنا هێزی پێشمەرگەی ئێمە بەو ڕوحەوە پێشمەرگە نییەو چەکدار نەکراوە کە بینێرینە سەنگەری شەڕی نیزامی لەدژی کۆماری ئیسلامی.

***ناوێنە: ئەگەر ئێوە فشاری حکومەتی هەرێمو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێمتان لەسەر نەبێت، ئایا خەباتی چەکداری دەستپێناکەنەوە؟***

**خالیدی عەزیزی:** گومان لەوەدا نییە، مادام ئێمە لەکوردستانی عێراقینو لێرە حکومەتو قانون هەیە، حکومەتو

پەرلـەمانو سەرۆکی هـەرێمی هـەڵبژێردراو هەیـە، ئێمـە رێـز بـۆ ئـەو دەسکەوتە دادەنێینو پێمانوایـە رەچـاو کردنـی ئـەو دەسکەوتە، بەشێکە لەئەرکی نەتەوایەتی ئێمەو واقیبینی سیاسی. نـاتوانین رەچـاوی ئـەوە نەکـەین، ئـەوەی کـە ئێمـە لێـرە هەین یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە چۆنیەتی رێکخستنی میتۆدی خەباتی خۆمان لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران دیاریدەکات.

***ئاوێنە: پەیوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەهێزەکانی هەرێمی کوردستانەوە لە چ ئاستێکدایە. بەتایبەتی پەیوەندیتان لەگەڵ گۆڕاندا چۆنە؟***

***خالیدی عەزیزی:*** ئێمە لەگەڵ گۆڕان پەیوەندییەکی ئـەوتۆمان نییـە، هۆکارەکـەی ئـەوە نییـە کـە ئـەوانمان پێخـراپ بێـت، لەبەرئەوەیە کە گۆڕان ماوەیەکە هاتووەتە گۆڕێ، گۆڕان تـا ئێسـتاش پێناسـەی حیزبییەکـەی بـۆ ئێمـە برێـک نـاڕوونە، چـۆن خۆی پێناسە دەکات لەخانەی حیزبایەتیدا، دووەم گۆڕان لەڕووی قانونییـەوە نوێنـەری هـەیە لەپەرلەمانـدا، ئـارەزووی ئێمـە هەمیشە ئەوە بووە کە گۆڕان پابەندی رێسا دیموکراسییەکان بێت، مـادام نوێنـەریان لەپەرلەمانـدا هەیـە، بـا لەپەرلەمانـدا شەڕو کێشەکانی خۆیان بکەن، هیواداریین هەر ئەوەش بکەن.

***ئاوێنـە: ئەوەنـدەی ئێـوە زانیاریتـان هـەبێت ئێـران دەسـتی هـەبووە لەهانـدانی ئۆپۆزیسـیۆنی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ دروستکردنی نائارامی؟***

***خالیدی عەزیزی:*** لەڕووی ئەمنیەتیو پۆلیسیو تەکنیکییەوە بۆ من زۆر زەحمەتـە ئێسـتا کـە قـەزاوەت بکـەم ئێـران دەسـتی هەیە یان نـا، ئـەوە دەچێتـە خانـەی لێکۆڵینـەوەی پۆلیسیەوە. بـەڵام لەلایـەنی سیاسییەوە یـەکێک لـە میتۆدەکـانی کۆمـاری ئیسلامی ئەوەیە بەدروستکردنی قەیران لـەوڵاتانی دراوسێیو دەوروبـەری لـەعێراقو ئەفغانسـتانو وڵاتـانی دیکـەی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست تەمەنی خۆی درێژتـر بکاتـەوە. ئێـران دەیـەوی لەناوچەکـەدا وا نیشـان بـدات کـە بۆخـۆی زلهێزێکـە لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاست، دەیەوێ لەهەموو شوێنێک بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی سیناریۆی گونجـاوی خـۆی دروسـت بکـات، عێـراقیش نـاتوانێ لەو رێسایە بەدەر بێت.

***ئاوێنە: واتە دەشێ بڵێین رۆڵی ئێران بەدیدەکرێ لەخۆپیشاندانو ناڕەزاییەکانی کوردستان؟***

***خالیدی عەزیزی:*** من نـاتوانم بڵـێم رۆڵـی ئێـران دەبیـنم لەخۆپیشـاندانو نـاڕەزاییەکانی پێشـووی ئێـرە، ئـەوە بـۆ مـن زۆر زەحمەتـە ئـەو قەزاوەتـە بکـەم، بـەڵام دەتـوانم بڵـێم کـە ئەوانـەی خۆپیشـاندان دەکـەن لەهـەرێمی کوردسـتانو نـائـارامی دروستدەکەن، دەبێـت ئـەوەیان لەبـەرچاوبێت کـە هـەرێمی کوردسـتان نـەتونسو نەمیسـرو نەسـوریایە، هـەرێمی کوردسـتان نەوڵاتـانی دیموکراسی هاوشێوەی سویدو سویسـراو ئـەمەریکاشـە، بـەڵکو تـایبەتمەنـدی خـۆی هەیـەو بـە لەبـەرچاوگرتنی ئـەو تایبەتمەندیانە دەبێت هەوڵبدەن کەڵک لەو دیموکراسییە وەربگرن کە لێرە هەیە.

**ئاوێنە: پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتی و پارتی چۆنە؟**

**خالیدی عەزیزی:** پەیوەندیمان زۆر باش و خۆشە، ئێمە دەمێکە لەگەڵ یەکێتی و پارتی پەیوەندییەکی باشمان هەیە، ئەمەش ئیدامەی ئەو پەیوەندییەیە کە دەیان ساڵە بوومانە، بۆیە پێموایە حیزبی دیموکرات لەچۆنیەتی رێکخستنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ یەکێتیو پارتی، ئەزموونێکی لەمێژینەی هەیەو دەتوانرێ لەداهاتووشدا پەیوەندییەکی باشتریشی هەبێت.

**ئاوێنە: واتە پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتی و پارتی تێهەڵکێشترە تاکو گۆڕان یان ئێوە پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی و پارتی بەباشتر دەزانن تاکو گۆڕان؟**

**خالیدی عەزیزی:** من ئەوە ناشارمەوە کە پەیوەندی ئێمە لەگەڵ پارتیو یەکێتی زۆر زۆر خۆشترە تا لەگەڵ گۆڕان، لەڕاستیدا تاکو ئێستا ئێمە پەیوەندییەکی ئەوتۆمان لەگەڵ گۆڕان نییە. ئێمە ئارەزوومان دەکرد گۆڕان لەچۆنیەتی تەعامول لەگەڵ کێشەکانی کوردستان زیاتر واقیعبینانە بجوڵایەتەوە، تێبکۆشایە وەزعی ئێرەی لەبەرچاو بگرتایە، تێبکۆشایە مەسەلەی کوردی لەبازنەیەکی گەورەتر ببینیایەو پتر حەوسەڵەی نیشان بدایە، ئارەزوومان دەکرد رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی لەکۆمەڵگایەکی مەدەنی بگێڕایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی ئاگۆستی ٢٠١١

# ساڵی ٢٠١٢

-----------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: پێویستە ئەو لایەنانەی بیر لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەنەوە، دەستووری کاری بۆ دابنێن



سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران (خالید عەزیزی) لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی "هەولێر

**ژیوار ئیبراهیم**

سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لە ئێران (خالید عەزیزی) لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی "هەولێر"ـ دا ئاشکرای کرد کە پێویستە کوردانی ڕۆژئاوا سیاسەتێکی مەنتیقی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکەن.ئەو ڕوونیشی کردەوە کە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی گرنگییەکەی لەوەدایە کە بە جیهان ڕادەگەیەنێت، ئێمە نەتەوەیەکین و مافمان لێ سەندراوەتەوە و هەروەها پێویستە ئامادەکارانی ئەو کۆنگرەیە دەستووری کار دیاری بکەن، نەک ڕاگەیاندنەکان.

***پرسیار: ڕۆڵ و پێگەی کورد لە شۆڕشەکانی ناوچەدا چۆن دەبینن. واتا کورد لە هەموو بەشەکان و بە تایبەت لە سووریا لە کوێی هاوکێشەکەدایە و دەبێ چی بکات؟***

**وەڵام:** ژمارەی دیکتاتۆرەکان لە جیهاندا کەم دەبێتەوە و ڕەنگە لە ئێستادا ڕێژەیان لە ژمارەی پەنجەکان تێنەپەڕێت، ئەمەیش بە مانای ئەوەیە کە دیموکراسی و مەدەنییەت و حکوومەتی وەڵامدەر لەسەر بنەمای یاسا، ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ وڵاتان

دەبێتە ئەمرێکی واقیع و موقەددەس، ئەو کاتەی بوو بە ئەمری واقیع و پیرۆز کرا، دەبێتە کولتوور، ئەو کاتەیش بوو بە کولتوور وا بە ئاسانی ناسڕێتەوە و هەموو ئەوانەیش لە بەرژەوەندیی کورددایە،
باشتریش وایە کە بارودۆخی ئێستای کوردستان لەگەڵ سەردەمدا بەراورد بکەین، بۆیە پێویستە لەسەر بنەمای پێوەرەکانی ئەمڕۆ، داواکارییەکانمان ڕیز بکەین، ئەوەیش بەو مانایەیە کە دەبێت لە حاڵەتی بەرگری بێینە دەرێ و حاڵەتێکی مامناوەند و مەنتیقی بۆ باسکردنی مەسەلەکانی خۆمان بگرینە بەر.

لایەنێکی دیکەیش ئەوەیە کە بە هۆی بوونی تەکنەلۆجیای سەردەم مەسەلەکان بە زوویی لە دونیادا دەنگ دەدەنەوە و کۆمەڵگەی کوردییش لێی بەهەرەمەند بووە و تێگەییشتنی سیاسی بەرز بووەتەوە. بەش بە حاڵی خۆم گەشبینم و پێم وایە ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەدا لە گۆڕێدا هەن، هەمووی لە بەرژەوەندیی کورددا تەواو دەبن.

***پرسیار: لە قسەکانت وا تێگەییشتم کە بۆ نموونە لە سووریا کوردەکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ بەهاری عەرەبیدا ڕاپەڕیون. یان لە باکووری کوردستان کاتێک قسەیەکی توندی بۆ نموونە پەرلەمانتارێکی کورد دەبیستین، دەگوترێ تورکیا دیموکراتە. ئەی کورد خوڵقێنەری بزووتنەوە نییە. پێتان وا نییە ئەوە کەمکردنەوە بێت لە خەباتی کوردەکانی ئەو پارچانە؟***

***وەڵام:*** ئیمکانی خەبات، یان دەبێ خۆت بیخوڵقێنی، یان لە دەرەوەی ئیرادەی تۆ دەخوڵقێت، ئێمە ئێستا باسی ئاڵوگۆڕ لە ناوچەکەدا دەکەین، هەر بۆیەیش ئیمکانی خەباتیش لەو پێوەندییەدا بەراورد دەکرێت، ئەوەی لە کوردستانی ڕۆژئاوادا هاتووەتە ئاراوە، پێم وایە کورد دەبێ هەوڵ بدات، بکەوێتە بەرەیەک بۆ ئەوەی میکانیزمێکی هاوبەش لەگەڵ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی عەرەبدا بدۆزێتەوە، لە سووریا حکوومەتێکی دیکتاتۆر بوونی هەیە، ڕەنگە بەدیهێنانی دیموکراسی ئاسان نەبێت و ئەگەری ئەوەیش هەیە، کۆمەڵێک کێشەیشی لێ بکەوێتەوە، بەڵام بە هەموو ئەوانەیشەوە ئۆپۆزسیۆنی کوردی دەبێت بەشدارێکی ئەکتیڤ بێت.

بە نیسبەت تورکیاوە، مەسەلەکە تارادەیەک جیاوازە، چونکە هەر پارچەیەک دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسییەکەی مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، لە تورکیادا هەر لە سەردەمی کەمالیزم و حکوومەتی سەربازییەوە تاکوو ئێستا و حکوومەتی پارتیی دادوگەشەپێدان،

جۆرێک کرانەوە بۆ پرسی کورد هاتووەتە ئاراوە و جۆرێک ئاوڕدانەوە هەیە و لە ئێستادا بە دوای دۆزینەوەی ڕێگەچارەدا دەگەڕێن، بەڵام ئەگەر ئێمە بە پێی چاوەڕوانییەکانی خۆمان داوای چارەکردنی سەرجەم کێشەکان بکەین، لە تورکیایش بە باوەڕی من ئێستا زووە، پێم وایە کورد لە تورکیادا دەبێ کەڵک لەو دەرفەتە وەربگرێت، ڕەنگە گوشارەکان زۆرتر بن، بەڵام خەباتی سیاسی هەموو ئەوانە بە دواخۆیدا دێنێت.

لە سیاسەتدا ئەگەر زەمینەیەک ڕەخسا، هونەر ئەوەیە کەڵکی لێ وەربگیرێت و هەموو ئەوانەیش بە نیسبەت ئێران جیاوازە، چونکە پێوەرەکانی دیموکراسی لەوێ بوونی نییە و دیکتاتۆریی مەزهەبی باڵی بەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتەدا کێشاوە.

***پرسیار: ئەو جیاوازییە لە قوناغ و جۆری خەباتی پارچەکانی کوردستاندا چۆن دەکرێ لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا باسی لێوە بکرێت و فرەییەکان لە ویستی هاوبەشدا بکرێتە کارتێکی سیاسی؟***

***وەلام:*** کۆنگرەی نەتەوەیی زۆرتر ڕاسپاردەیەکی سیاسیی نەتەوەییە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بۆ ئەوەی چەند پەیامێک بە جیهان بدەین،

یەکەم بڵێین کە ئێمە یەک نەتەوەین و مافی نەتەوایەتیی خۆمان لێ سەندراوەتەوە و ئەوەی ئێمە باسی دەکەین لەگەڵ جاڕنامەکانی نێودەوڵەتی هیچ دژایەتیی نییە،

دووەم بە دەوڵەتەکانی دراوسێ بڵێین کە ئێمە هەمیشە بە دوای چارەی ئاشتی و دیموکراتییەوەین و ناوەڕۆکی کۆماری کوردستانیش هەر ئەوە بووە، پێشەوا (قازی محەممەد) هەموو هەوڵێکی دا کە کێشەکان لەگەڵ تاران لە ڕێگەی دیالۆگەوە چارە بکات،

هەروەها حکوومەتی ئێستای هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە کێشەکانی لە ڕێگەی ئاشتی و گفتوگۆ و لەیەکتێگەییشتن لەگەڵ بەغدا چارە بکات.

سێیەم کۆنگرەی نەتەوەیی بۆ ئەوەیە بە ناوچەکە بڵێین لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کورد وەکوو نەتەوەیەکی یەکدەنگ و دیموکرات دەتوانێت پارەمەتیدەری گەشەپێدانی ناوچەکە لە هەموو ڕووەوە بکات. هەر سێ هۆکار بۆ ئەوەیە کە هەموو زلهێزان و وڵاتانی ناوچەکە مەسەلەی کورد وەکوو دەرفەت بۆ خۆیان سەیر بکەن و پرسی کورد وەکوو هەڕەشە نەبینن.

***پرسیار: زەمینە بۆ پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی چۆن دەکرێت. یان بە واتایەکی دیکە بەربەستەکانی کامانەن؟***

***وەلام:*** ئەوە زۆر گرنگە، ئەو لایەنانەی کە دەبنە میوانداری کۆنگرەی نەتەوەیی، یان ئەو هێزانەی کە بەرنامەی ئەو کۆنگرەیە دادەنێن، ستراتیژییەکەیان چییە؟

زۆر گرنگە بە وردی ئەو باسە بکرێتەوە، کۆنگرەی نەتەوەیی باسی نەتەوەیەکە کە بەسەر چوار وڵاتدا پارچە کراوە و لەنێو ئەو نەتەوەیەیشدا بە دەیان حزب هەیە، ئەو حزبانەیش بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆیە دیاریکردنی دەستووری کارێک کە ڕۆژی دوای کۆنگرەکە ئەنجامی دیاریکراوی هەبێت، کارێکی ئاسان نییە.

دووەم، ئێمە ئەزموونی کۆنگرەیەکی نەتەوەییمان هەیە کە کاتی خۆی لە ئەورووپادا دانرا، کە زۆرتر لە لایەن (پەکەکە)ـوە دانرا، مەبەستەکەیشی ئەوە بوو خەڵک بەحزبی بکات، بۆیە دەبێ بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی هەموو شتێک لە بەرچاو بگیرێت و دەرەنجامی کۆنگرەکەیش بە شێوەیەکی ئاشکرا بە لایەنە پێوەندیدارەکان بگوترێت، بە هەموو ئەوانەیشەوە من دەستووری کاری کۆنگرەی نەتەوەییم لە بەردەستدا نییە، بەڵام من لەگەڵ ئەو کۆنگرەیەدا نیم، کە ڕاگەیاندنەکان دروستی بکەن، بەڵکوو پێویستە ئەو لایەنانەی بیر لە بەستنی کۆنگرەکە دەکەنەوە، دەستووری کاری بۆ دابنێن.

سەرچاوە:

http://www.hawler.in/dimane25365.htm

ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریویری ٢٠١٢

# خالید عەزیزی ئامادەین بەبێ مەرج لەگەڵ حدکا دابنیشین



## هەڤپەیڤین: ساکار عەبدوڵڵازادە

***خالید عەزیزی***، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان باس لە هۆکاری بەشداریکردنی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات لە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی پەرلەمانی ئێران و دەڵێ "بەشێک لە خەڵکەکە لە داخی پەرتەوازەیی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەنگیاندا"، هەروەها باس لە کێشە بەردەوامەکانیان دەکات لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا).

***رووداو: بۆچی رێژەیەکی بەرچاوی کورد لە هەڵبژاردنە بایکۆتکراوەکەی پەرلەمانی ئێران لەلایەن حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشداربوون؟***

***خالید عەزیزی:*** راستە ئێمە وەک حیزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دژایەتی و ململانێ داین بەڵام ململانێکەمان نابەرانبەرە. کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی هەیە، ئامرازی کۆنترۆڵی خەڵکی لەبەردەستدایە، لەڕووی ئابوورییەوە لە هەڵبژاردن و راکێشانی خەڵک بەرەو دەنگدان کەڵک وەردەگرێ، لەڕووی ئیدارییەوە خەڵکێکی زۆری کارمەند و مووچەخۆری هەیە کە ناچارن بەشداربن. سەرەڕای ئەمانەش لە رۆژی هەڵبژاردندا تاوەکو پێش نیوەڕۆ خەڵکێکی زۆر کەم بەشداربوون، بەڵام دواتر بەشێوازی جۆراوجۆری وەک پەیوەندی تەلەفۆنی و هەڕەشە و ترساندن خەڵکێکی بەرچاو بەشدارکرد. بەڵام ئەوانەی لە کوردستان لە هەڵبژاردندا بەشداریانکرد، زۆریان بە دڵ و بە باوەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا نین و تەنیا لە ترس و نیگەرانی لە داهاتووی خۆیان بەشداربوون. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان هەوڵدەدەین

ئەو گوتارە لەناو کوردستان و ئێران بڵاو بکەینەوە کە خەڵک دابەشنەکەین بە خراپ و باش، وابزانین ئەوانەی دەنگیان داوە خەڵکی خراپ و جاشن. هۆکارێکی دیکە کە من ناتوانم نکۆڵی لێبکەم ئەوەیە کە لەتبوونی حیزبەکان بووەتە هۆی ئەوەی خەڵک گلەیی و گازەندەیان لە ئێمە هەبێ، من پێموایە هەندێک لە خەڵک کە دەنگیداوە نەک لە خۆشەویستی کۆماری ئیسلامی بووە بەڵکو جۆرێک نارەزایی دەربڕین بووە بەرامبەر ئێمە، کە پێمان بڵێن لە سەردەمێکدا ئێمە چاوەڕوانی گەورەمان لە ئێوە هەیە، ئێوەش بە خۆتان و کێشە ناوخۆییەکانتانەوە سەرقاڵن.

***رووداو: بۆچی حیزبەکان پێکەوە هەڵبژاردنیان بایکۆت نەکرد؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە بە هاوبەش لەگەڵ سێ لایەنی دیکە هەڵبژاردنەکانمان بایکۆت کرد، داواشمان لەسەرجەم حیزبەکان کرد تاوەکو پێکەوە هەڵبژاردن بایکۆت بکەین، بەڵام بەداخەوە نەبوونی پەیوەندییەکی فەرمی و دیالۆگ لەنێوان هەردوو دیموکراتەکە، کۆسپی سەرەکی بەردەم نزیکبوونەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات و تەنانەت دروستبوونی بەرەی کوردستانییە، تاوەکو کێشەی دیموکراتەکان لەگەڵ یەکتر چارەسەر نەبێ و یان لە پرۆسەیەکی دوور و درێژدا یەکنەگرنەوە ئەو گرفتە کەم و زۆر هەر دەمێنن.

***رووداو: چ رێگا چارەیەکتان بۆ لێک نزیککردنەوەی دوو دیموکراتەکە هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەو دابڕانە تازە بووەتە بەشێک لە مێژوو و ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، لە مێژوودا خۆمان رابگرین و لە مێژوودا سیاسەت بکەین، بەڵام دەتوانین دەرسیان لێوەربگرین. ئێمە ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکانین، بەڵام دەبێ لە شوێنێکەوە دەست پێ بکەین. تاوەکو ئەو دوو لایەنە لە ئاستی باڵا لەگەڵ یەک دانەنیشن ناتوانن گیروگرفتەکان تاوتوێ بکەن و رێگە چارە بدۆزنەوە. گرفتەکە لێرەدایە کە دانیشتن لەنێوان ئێمەدا نییە بەداخەوە، ئەوە سروشتی لە مێژینەی ئێمەی کوردە کە من بە "دەردە کورد" ناوی دەبەم، ئێمە لەگەڵ یەک لە کێشەداین، بەڵام ئامادەیی پێکەوە دانیشتنمان کەمە، زۆرجار هەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی دانیشتووین، بەڵام ئامادە نەبووین لەگەڵ حیزبێکی کوردی، کە کێشەمان لەگەڵی هەبووە دابنیشین. ئێمە بە لایەنەکەی دیکەی حیزبی دیموکرات رادەگەیێنین کە هەر کێشە و خوێندنەوە و رێگەچارەیەکمان هەبێ پێویستە بە دانیشتن چارەسەر بکرێت. ئێمە بەبێ هیچ مەرجێک ئامادەین بۆ پێکەوە دانیشتن و دیالۆگ. ئێستا بە بەراورد بە دوو سێ ساڵی رابردوو دۆخەکە باشترە و رق و کینە و یەکتر ئازاردان کەمتر بووە، من دڵنیام بەتێپەڕبوونی کات بەشێک لە کێشەکان چارەسەر دەبن. هیوادارم ئەوانیش لە کۆنگرەی پانزدەدا کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و زیانەکانی ناتەبابوونی حیزبەکان باسبکەن و لە روانگەی یەکگرتن و یەکێتی کوردەوە چارەسەر بدۆزنەوە.

***ڕووداو: ئێوە پێشنیازی یەکگرتنەوەتان خستە بەردەم لایەنەکەی دیکە. بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە بۆچی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوان بیانوویان ناوگۆڕین بوو، بەڵام ئێمە ناومان تەواو لێک جیاوازە، هیچ حیزبێکیش مافی ئەوەی نییە داوای ناوگۆڕین لە حیزبێکی دیکە بکات، ئەو داوایەی هاوڕێیانمان داوایەکی نادیموکراتییە، چونکە ئەو ناوە لە کۆنگرەی ئێمەدا دەنگی بۆ دراوە و لەلایەن خەڵکانێکی زۆرەوە پەسەندکراوە. بۆ کەرامەتی حیزبی هیچ کام لە دیموکراتەکان باش نییە کە یەکیان بچێتەوە ناو کۆنگرەکەی ئەویدیکە دابنیشێ و ئەوە ڕێگە چارەیەکی گونجاو نییە. بەڵام من دوای پێشنیازەکەی هاوڕێیانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ، پێشنیارێکی دیکەم هێنایە بەرباس، کە ئێمە پێکەوە بەرەو کۆنگرەی هاوبەشی دیموکرات بچین و بۆ ئەوەش هەردوولا پێکەوە کۆمیسیۆنێکی هاوبەش دابنێین و ئەو کۆمیسیۆنە هاوبەشە چەند و چۆنی بەڕێوەچوونی کۆنگرەیەکی هاوبەش لەنێوان دیموکراتەکاندا دیاری بکات. ئێمە لەسەر ستراتیژ و بەرنامە و کوردایەتی لێک جودا نەبووینەوە، ئەو لایەی زۆرینە بوو بەرە بەرە پرۆژەیەکی هێنا ئاراوە، کە لایەنەکەی دیکەی دوورەپەرێز خست و بەشێوەیەکی جیناحی حیزبی بەڕێوەدەبرد و لەتبوونی حیزبەکە تەنیا بەرهەمی ئەو تاکڕەویانە بوو. یەکێک لە هۆکارەکانی لەتبوونی ئەو حیزبە دەرەنجامی هەڵسوکەوتی نادروست و تێکشکاندنی هەست و کەرامەتی مرۆڤەکان بووە، بۆیە پێویستە ئەو هەڵسوکەوتانە دووبارە نەکرێنەوە و ڕێز لە یەکتر بگیرێت تاوەکو کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر بکرێن.

***ڕووداو: ڕوانگەتان بۆ داوای هەندێک لایەن سەبارەت بە گۆڕینی ئاڵای کوردستان و سروودی ئەی ڕەقیب چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد پێناسەیەکی هەیە، پێویستە جێگیر بکرێت، ئەوکات هیچ ئایدیۆلۆژیەکی جیاوازی سیاسی، کە بەمەبەستی بەرژەوەندی حیزبی دێتە گۆڕێ ناتوانێ وا بەئاسانی دژایەتی بکات. مەبەستی من لەو قسانەی لە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە هەولێر هێنامە بەر باس ئەوەبوو، ئێمە پێویستیمان بە گرێبەستێکی نەتەوەییە، کە دەتوانرێت لە هەموو شوێنێک کاری بۆ بکرێت. لە ڕوانگەی منەوە ئەو گرێبەستە نەتەوەییە خۆی لە شتە هاوبەش و پیرۆزەکانی وەک ئاڵا، سروود، پێشمەرگە، کۆماری کوردستان و هەموو ئەو خەباتانەی کە لە ڕابردوودا کراوە دەبینێتەوە. من دژی خەبات و چالاکی حیزبێکی سیاسی ئایدیۆلۆژی ئاینی سیاسی یان کۆمۆنیستی لە کوردستاندا نیم، بەڵام ئەو حیزبە دەبێ دان بەوەدابنێ کە ئێرە کوردستانە و کار بۆ نەتەوەیەک دەکات، کە هەندێک هێما و شوناسی تایبەت بەخۆی هەیە، پێویستە خۆی بەرپرسیار بزانێ لە پاراستنیان. سروودی ئەی ڕەقیب بێ ڕێزی بە هیچ نەتەوە و ئایینێک ناکات و دەرخەری بیر و ڕای شاعیرێکە کە دۆخی سەردەمی خۆی هۆنیوەتەوە و ئەو سرووده لەناو هەر چوار پارچەی کوردستان جێگیربووە و بووەتە گەورەترین هێمای نەتەوەی کورد.

***ڕووداو: بۆچی تائێستا کوردی ڕۆژهەڵات یەکگرتوویی نەتەوەیی تێدا بەدیناکرێت؟***

**خالید عەزیزی:** جیاوازی زاراوەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کێماسییەکە بۆ لێک تێگەیشتنێکی بەسۆز و بەهێزی نەتەوایەتی. بەهۆی نەبوونی ناوەندێک یان حیزبێک یان میدیایەکی بەهێزی نەتەوەیی کە کۆکەرەوەی بیروڕای هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵات بێ کەلێن و دووریەک لەنێوان خەڵکی ڕۆژهەڵات بەدیدەکرێت. لەڕووی سیاسییەوە ئێمە یەکگرتوویی نەتەوەییمان نییە، بەڵام لەڕووی شوناسی نەتەوەییەوە، هەست بە نەتەوەبوون لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵات بەدیدەکرێت، هەرچەند ئەو هەستە لەوانەیە لە ناوچەیەکی وەک موکریان زۆر بەهێزتربێت لە ناوچەکانی خوارووی وەک ئیلام و لەکستان. ئەویش جگە لە جیاوازی زاراوەیی، بۆ ئاینزای شیعەی کوردانی ئەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتی شیعەی ئێران توانیویەتی ئەو هەلە بقۆزێتەوە و بە کەڵک وەرگرتن لە ئایین، کوردانی ئەو ناوچەیە لەخۆی نزیک بکاتەوە، بەڵام بەهۆی تەجروبەی هەرێمی کوردستان و ئەو دۆخەی کە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، هەستی نەتەوەخوازی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە پەرەسەندندایە.

**ڕووداو: بۆچی شۆڕشی گەلانی ناوچەکە "بەهاری عەرەبی" نەگەیشتە ئێران؟**

**خالید عەزیزی:** ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لەئێران نیشاندەری تووڕەیی و ناڕەزایی خەڵک لەو دەسەڵاتە بوو و تەنانەت بە جۆرێک لە شۆڕشی گەلانی عەرەبدا ڕەنگیدایەوە، بەڵام ئەزموونی کۆماری ئیسلامی لە درندەیی و سەرکوتی نەتەوەی کورد، کەڵک وەرگرتن لە ئایین وەک ئامرازێک ئەو دەرفەتەی پێدا کە دەنگی ناڕەزایی کپ بکات و ڕێگە لە تەشەنسەندنی هەڵگیرسانی شۆڕش بگرێت. جگە لەمانە دنیای دەرەوە بەو شێوەیەی کە لەسەر تونس و میسر و لیبیا و سووریا هاتە دەنگ و خۆی کردە بەشێک لە کێشەکە، لە ئێراندا بە پێچەوانەوە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی دوورگرت و نەهاتە ناو کێشەکە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دنیای دەرەوە تائێستا لەسەر ئەوە ساخ نەبووەتەوە کە چ سیستەم یان چ کەسانێک جێگەی کۆماری ئیسلامی بگرنەوە، هەروەها دیمۆگرافی ئێران وەک وڵاتێکی پان و بەرین و هەڵکەوتەی جیۆپۆلیتیکی ئەو وڵاتە ئەو دەرفەتە بە کۆماری ئیسلامی دەدات کە وەک میسر و لیبیا و سووریا بەراورد نەکرێت.

**ڕووداو: داهاتووی کۆماری ئیسلامی و پاشەڕۆژی ئێران چۆن دەبینی؟**

**خالید عەزیزی:** بەداخەوە کەشوهەوای ئێستای ئێران و هەڵسوکەوتی چەند ساڵەی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ کێشەکان نیشانددا، کە دەرفەتی گۆڕانکاری ئاشتیانە یان تەنانەت شۆڕش و هەستانەوەی خەڵک لە ئێران زۆر کەمە. بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی ئێران لە ناوخۆ نابەرپرسانە دەجوڵێتەوە و وەڵامدەرەوەی ویست و داواکانی خەڵک نییە و بۆ داپۆشینی کێشەکانی خۆی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی دروستدەکات و لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕێزەوە ناجوڵێتەوە بۆیە بابەتی ڕێگاچارەی سەربازی و هێرشکردنە سەر ئێران بە گەرمی باسی لێدەکرێت. سیناریۆی شەڕ لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و

حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵات و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەخوڵقاوە، بەڵکو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە کار و کردەوەی نابەرپرسیارانەیان ئەو سیناریۆیەیان پێکهێناوە و بۆیە ئەگەر شەڕێک بێتە ئاراوە هۆکاری سەرەکی ئەو شەڕە کۆماری ئیسلامییە. تاوەکو ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە بەرنامەی شەڕەکەوە هەیە ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی ئەو بەرنامەیەداین، بەڵام هەوڵمان ئەوەیە هەر حاڵەتێک بێتە پێش زۆرترین یارمەتی پێشکەش بکەین بۆ سەقامگیرکردنی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانمان لە ئێراندا.

***رووداو: پێگە و رۆڵی کورد لە ئێرانی نوێدا بە چ شێوەیەک دەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** لە داهاتووی ئێراندا ئێمەی کورد لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفتی زۆر جیدی رووبەڕوو دەبینەوە. ئێمە کێشەی ناسنامەمان هەیە، کە چۆن خۆمان پێناسە دەکەین و چۆن ئەوان پێناسەی ئێمە قبوڵ دەکەن. کێشەی سنوور و ناوچەی جێناکۆکی لەسەرمان لەگەڵ ئازەرییەکان هەیە، کێشەی بونیاتنانەوەی ئێرانێک هەیە، کە ئێمەی خوازیاری فیدرالی چۆن لایەنەکان بەشداری ئەو پرۆسەیە بکەین. بۆ ئەوەی لەو کێشانەدا دەرفەتی چەسپاندنی خواست و داواکارییەکانی خۆمان هەبێ پێویستیمان بە یەکگرتوویی و هاوگوتاری کوردە. لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا فارس و ئازەرەی پێکەوە ئەو وڵاتەیان بەڕێوەبردووە و هەرچەند کە دەسەڵاتی ئێران بە دەسەڵاتێکی فارسی ناسێندراوە، بەڵام نەتەوەی ئازەری بەشدارییەکی کارای لەو دەسەڵاتەدا هەیە و لەڕووی ئابووری و سەربازی و مەزهەبییدا هەست بە کەموکورییەک ناکات و تەنانەت بەداخەوە حوکم بەسەر کوردیشدا دەکات. هەوڵمان ئەوەیە کە کێشەکە بە کێشەی کورد و فارس یان نەتەوەی ژێر دەست و نەتەوەی باڵادەست پێناسە نەکەین، چونکە ئەو کێشەیە بۆ کورد بە گران تەواو دەبێ و بۆیە بە دروستی نازانین کورد بچێتە نێو کێشەیەک کە لەگەڵ فارس و ئازەری رووبەڕوو ببێتەوە. بۆیە ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی لە رێگە چارەیەکی سیاسی دەگەڕێین و کێشەکە وەک کێشەی کورد و نەتەوەکانی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند پێناسە دەکەین. رۆڵی کورد لە بونیاتنانەوەی دەسەڵاتی ناوەند ئەو دەرفەتەی بە ئێمە داوە، کە بە لایەنە ئێرانییەکان بڵێین بوونی کورد وەک دەرفەتێک بۆ بەهێزی و ئاوەدانی ئێرانی داهاتوو سەیر بکەن نەک وەک هەڕەشە و مەترسی.

***رووداو: بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بە بەشداری حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە هەولێر چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

***خالید عەزیزی:*** لەڕاستیدا دەستووری کاری ئەو کۆنگرەیە تائێستا لەگەڵ ئێمە باسنەکراوە، بەڵام بە خۆشیەوە مادام ئێمەی کورد باوەڕمان بە دیالۆگ و رێگەچارەی ئاشتیانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە لەهەر چوار پارچەی کوردستان، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی چەند رۆژەی هێز و پارتە سیاسییەکانی کوردستان کارێکی ئاسانە، بەڵام گرنگ ئەو پەیامەیە کە کۆنگرەکە دەیەوێ بە دەوڵەتانی ناوچە و تەنانەت خودی کوردیشی بدات. گرنگی ئەو کۆنگرەیە دروستکردنی گوتارێکی

هاوبەشە لەنێوان زاراوە و ئایین و ئایینزا و حیزبەکانی کوردستانە. هیوادارم کۆنگرەی نەتەوەیی بتوانێ ئێمە وەک نەتەوە نزیکبکاتەوە و رێگە خۆشکەربێت بۆ لێک نزیکبوونەوە و یەکگرتنی حیزبەکانی کوردستان و پەیامی ئاشتی و رێگەچارەی دیالۆگ و گفتوگۆ بۆ ئەو وڵات و لایەنانەی کە کێشەیان لەگەڵ کورد هەیە بەرێ بکات.

سەرچاوە: ماڵپەری رووداو - رێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٢

# خالید عەزیزی: ئێران بەئاشکرا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل



ئاماژە: زۆر لە مێژە باس لەوە دەکرێ کە لە ئاکامدا بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ناوەکی کۆماری ئیسلامی رۆژئاوا لە رێگەی سەربازییەوە بەرەو ڕووی ئێران دەبێتەوە. هاوکات هەڕەشەکانی " ئەحمەدی نەژاد"، سەرکۆماری ئێران بۆ سەر جیهان بە گشتی و بۆ سەر ئیسرائیل بەتایبەتی بۆتە هۆی ئەوەی وڵاتانی رۆژئاوا و لە سەروی هەموویانەوە ئەمریکا توندتر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مامەڵە بکەن. ئێستا لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد دا ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران رۆژ بە رۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت زۆر کەس پێیان وایە کە ئەمریکا بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە لە ئاکامدا لە گەڵ ئیسرایل بەرەوڕووی ئێران دەبنەوە. لەم پەیوەندییەدا چەند پرسیارمان ئاراستەی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

## چاوپێکەوتن: مەولوود ئافەند

***ئیسرائیل - کورد: لە مێژە لە نێوان رۆژئاوا و ئێراندا لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامدا گرژی و ئاڵۆزی لە ئارادایە. وڵاتانی رۆژئاوا مەرجیان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پیتاندنی یۆرانیۆم رابگرێ و دەسەڵاتدارانی تارانیش تا ئێستا کۆڵیان بەم داوایە نەداوە و بەردەوامن لەسەر پرۆژەکانی خۆیان. ئەگەر کۆماری ئیسلامی پاشەکشە نەکا. ئەگەری ئەوە هەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی ئەتۆمی ئێران لە رەسگە چارەی سەربازی کەڵک وەربگیردرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی "جۆرج بوش"دا شتەکان زۆرتر لە خانەی دروشمدا بوون. دروشم نەیدەتوانی ببێتە بنەمای پرۆژەیەکی تۆکمەو بەهێز دژی ئێران. بۆیە جۆرج بوش دژی ئێران دەستی ئاوەڵا نەبوو. لە نێو ئەوروپاییەکانیشدا پرزدێنتێکی خۆشەویست نەبوو. هەروەها لە خودی ئەمریکاشدا هەروەتر. بۆیە ئەگەر جۆرج بوش لە خانەی سەربازیدا کەوتبایە کێشە لەگەڵ ئێران زۆر زوو تووشی قەیران دەبوو و ئێرانیش، عێراق نەبوو. لە سەردەمی ئۆبامادا من وا چاوەڕوان دەکەم کە دەوڵەتی ئێستای ئەمریکا دەرەتانی ئەوەی کە گوشاری زۆرتر بخاتە سەر ئێران زیاترە.

هۆیەکەی ئەوەیە باشترین رێگە بۆ گوشار خستنە سەر ئێران ئەوەیە کە لە رێگەی گەورە کردنەوەی مەسەلەی دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ ، بەهێز کردنی "NGO"کان و کۆمەڵگای مەدەنی، لەقاودانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، گوشار بخرێتە سەر ئێران لە رێگەی سیاسی و دیپلۆماتیکەوە، تەنانەت ئەگەر ئێران پاشەکشەی نەکردو کێشەی ئەتۆمی ئەو وڵاتە گەیشتە قۆناغێکی دیکە، لە داهاتوودا هەندێ بڕیارنامە دەربکەن کە دەرەتانی مانۆڕدانی یاسایی، سیاسی و دیپلۆماتیک بۆ ئێران لە دونیای دەرەوە کەم بکەنەوە. من پێم وایە بەڕێوەبەری ئەمریکا زۆرتر بەدوای ئەو جۆرە گوشارانەدا دەگەڕێ تا رێگە چارەی سەربازی. هۆیەکەی ئەوەیە:

یەکەم . ئەمریکا هێشتا لە عێراق و ئەفغانستان لەگەڵ کۆمەڵێک گرفت و کێشە بەرەوڕوویە کە پێویستە چارەسەری بکا،
دووهەم . ئابووری ئەمریکا کە لە دۆخێکی خراپدا بوو و ئێستا وردە وردە خەریکە بەرەو باشبوون دەچێت،
سێیەم . دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە ئێران چەکی ئەتۆمی بۆ چییە؟ رەنگە ئێستا بە دوای دەست ڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی نەکەوێ. ئێستا ئێران لە قۆناغی یەکەمدا دەیەوێ دان بە پرۆژە ئەتۆمییەکەیدا بنێن و ئەم پرۆژەیەش رەنگە لە داهاتوودا چەکی ئەتۆمی لێ بکەوێتەوە بۆ ترساندنی دراوسێیەکانی. ئەمەش بۆ ئەوەیە وەک زلهێزێک لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەفەرمی بناسرێت و رەنگە قەت چەکی ئەتۆمیش بەکار نەهێنێت. گریمان ئێران چەکی ئەتۆمیشی هەبوو و دژی وڵاتێکیش بەکاری هێنا، دوایی چی بەسەر دێت؟ لەم حاڵەتەدا ئێران دەبێتە وێرانە. پێم وایە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران تەنیا بۆ ئیمتیاز وەرگرتنە. مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە کە ئێران دەیەوێت لە ناوچەکەدا وەک زلهێزێک کە خاوەن پرۆژەی ئەتۆمییە بە فەرمی بناسێ و ئەگەر پێی خۆش بێ لە داهاتووشدا چەکی ئەتۆمیش بەرهەم دێنێ. بۆیە ئەگەر هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگرین هەست دەکەم بەڕێوەبەری ئێستای ئەمریکا بە ئاماژە بەو نارەزایەتیانەی کە دێنە سەر گوشاری سیاسی و دیپلۆماتیک لە ئاستی چالاکییەکانی خودی خەڵک لە کۆمەڵگای ئێراندا تێبکۆشن بەجۆرێک ئەم میکانیزمە بەهێتر بکەن تا رصگە چارەی سەربازی.

***ئیسرائیل - کورد: لە پەیوەندی لەگەڵ کێشەی دونیای دەرەوە لەگەڵ ئێران زۆرجار باس لەوە دەکرێ کە ئەمریکا لە رێگەی ئیسرائیلەوە بەرەوڕووی ئێران دەبێتەوە. بە تایبەت پاش ئەو لێدوانەی"جۆن بایدێن". جێگری سەرکۆماری ئەمریکا کە وتی:" ئیسرائیل وڵاتێکی سەربەخۆیە لە بڕیارداندا و ئەگەر بیەوێ هێرش بکاتە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران ئەوا ئەمریکا هیچ ئاستەنگێکی ناخاتە بەردەم". ئەمە جۆرێک وا لێکدەدرێتەوە کە ئەمریکا بۆ هێرش کردنە سەر ئێران سیگناڵێکی بە ئیسرائیل داوە. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر بنکە ئەتۆمییەکانی ئێران؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوەڕی من زۆر ئەستەمە لەو بارەوە قەزاوەت بکەین و بڵێین چ دەبێ؟ یا چ نابێ؟ هۆیەکەش ئەوەیە لەماوەی ٨ - ٩ ساڵی رابردوودا بەگشتی و لە چوار ساڵی رابردوودا بە تایبەتی کە ئەحمەدی نەژاد لە ئێران لەسەر کار بووە، چ لە زمانی دیپلۆمات و سیاسەتەوانانی ئەمریکییەوە و چ لە زمانی ژنراڵ و بەرپرسانی سەربازی ئەو وڵاتەوە، چ ئەو شتانەی کە رۆژنامە ناسراوەکانی ئەمریکا بڵاویان دەکردەوە، زۆرجار سیناریۆی هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران

پێشبینی کراوە. تەنانەت جاری وا بووە کاتیشیان بۆ دیاری کردوە کە ئەوا سێ مانگ، چوار مانگ، یا ساڵێکی دیکە هێرش دەکرێتە سەر ئێران. پصم وایە مەسەلەی هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران تۆ دەبێ لە خانەی سیاسیەت و ئەمنیەتدا گەورە (کلان) لێکی بدەیتەوە. لەبەر ئەوەی، بابەتێکی زۆر جیددی ئەمنیەتییە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

پێموایە کێشەی ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، یا هێرشی سەربازی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەبێ لە خانەی سیاسەت و ئەمنیەتی گەورەدا سەیری بکەی. لەسەردەمی شەڕی سارددا لە نێوان سۆڤیەت و ئەمریکادا، کوبا ببووە ئامرازێکی کێبەرکێی ئەو دوو لایەنە لە سیاسەتی ئەمنیەتی گەورەدا. ئێستاش ئیسرایل فاکتۆرێکی بچووکی ناو سیناریۆکەیە، نەک کاراکتەری ئەم گەمە گەورەیە. بە باوەڕی من ئیسرایل لێرەدا هەر لەو هاوکێشەیەدایە. پێموانیە کە ئەگەر ئیسرایل سیگناڵێک لە لایەن ئەمریکاوە وەرنەگرێ بۆ خۆی هێرش بکاتە سەر ئێران. ئەگەر لە لایەن ئەمریکاوە سیگناڵ وەربگرێ، بەومانایە کە کێشە لەگەڵ ئێران دەکەوێتە خانەی سیاسەت و ئەمنیەتی گەورەوە. من کێشەکە لەو مەیدانەدا دەبینم، دەنا هەر دژی کردەوەیەکی ناوچەیی ئیسرایل نییە بەرامبەر بە ئێران، چۆن ئیدی ئەمنیەتی ناوچەکە دەکەوێتە نێو کێشەیەکی گەورەوە و ئەمریکاش فاکتۆرێکی گەورەی چەند و چوونی ئەمنیەتی ناوچەکەیەو بێ راوێژ و سیگناڵی ئەمریکا عەمەلی نابێ.

***ئیسرائیل - کورد: ئەو قسانەی ئەحمەدی نەژاد و ئەو هەڕەشانەی بۆ سەر ئیسرایل پێت وانییە ئیسرایل وا هەست بکا کە ئێران گەورەترین مەترسییە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی و لەو خانەیەدا بەرەوڕووی ئێرانە ببێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێران بە ئاشکرا مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرایل. بەڵام بەرژەوەندی وڵاتێک تۆ دەبێ لە پێشدا پۆلێن بەندی بکەی لەلایەن ئەو وڵاتەوە بە پێی سروشتی پلە بەندی ئەو هەڕەشەیە، چاوەڕوانی دژکردەوە بی. پلەی هەڕەشەی ئێران لەسەر ئیسرایل، پلەی دژکردەوەی ئیسرایلە بەرامبەر بە ئێران. ٣٠ ساڵە لە ئێران شۆڕشێکی ئیسلامی کراوە، دەوڵەتێکی ئیسلامی لە سەر کارە و هەمیشە پەیامەکەی دژی ئیسرایل بووە. هەمیشە هەوڵیداوە لە رێگەی جۆراو جۆرەوە لە دەورووبەری ئیسرایل (بۆ نموونە لە لوبنان، لە نێوخۆی فەلەستین) ئاژاوە بنێتەوەو ئیسرایل بورووژێنێ، بەڵام پلەی هەڕەشەکەی بۆ ئەمنیەتی ئیسرایل نەگیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئیسرایل دژکردەوەی ئەمنیەتی لە خانەی سیناریۆی هێرشی سەربازیدا نیشان بدا. بە باوەڕی من رەنگە ئەم کێشەیە چەندین ساڵی دیکەش بخایەنێت.

***ئیسرائیل - کورد: کاک خالید بابەتێک لە گۆڕێدایە ئەوەش پشتیوانی کۆمەڵگای جیهانی لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیە. ئایا شتێکی وا لە گۆڕێدایە. یان ئایا بە پێی ئەو بارودۆخەی کە لە ئێران هاتووەتە گۆڕێ پشتیوانیەکی وا پێویستە؟***

***خالید عەزیزی:*** زۆر ئەستەمە ئێستا لە روانگەی دونیای دەروە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵاتی ئێران پێناسە بکرێ. ئەمەش چەند هۆکاری هەیە. یەکەم: ئۆپۆزسیۆنی ئێران کە لە گۆڕەپانی سیاسی کێشە لەگەڵ ئەو وڵاتە لە ناوخۆ نەماون، بەشی

زۆری لە تاراوگەیە. ئەو حیزبانەش لە ماوەی ئەم ٣٠ ساڵەدا کە لە ئەورووپاو ئەمریکا و وڵاتانی جۆربەجۆر ماونەتەوە، پێکهاتەی حیزبیان تووشی لەتبوون و جیابوونەوەو کێشەی جۆراوجۆر هاتووە. هیچ یەک لەوانە نەیانتوانیوە لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی ئێران خۆیان بگونجێنن. نەیانتوانیوە بە سیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو لە خوێندنەوەیەکی کۆن و کلاسیکدا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ماونەتەوە. ئەگەر لەوانە دەربچێ کورد وەک فاکتۆرێک لە گۆڕەپانی سیاسی کێشە لەگەڵ ئێراندا مەسەلەیە. ئەو بارودۆخەی ئۆپۆزسیۆن و بەهێز بوونی کۆماری ئیسلامی تا ئێستا و بە تایبەتی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی ناوخۆیی لە سەردەمی "خاتەمی"دا (ریفۆرمخوازان) ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای جیهانی ئەوەندە سەرنج نەدا بە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە. لەو ماوەیەدا ئێمە نەمانبینیوە کۆمەڵگای جیهانی سیگناڵێک بدات بە حیزب و ڕێکخراو ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران و بڵێن ئێمە پشتیوانیتان لێدەکەین لە سەر داهاتووی ئێران پرۆژەیەک یا گەڵاڵەیەکتان هەبێ. بۆیە دونیای دەرەوە سەرمایە ڕێژیەکی ئەوتۆی لەسەر ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە نەکردووە.

***ئیسرائیل - کورد**: ئەمریکا و ئیسرایل وەک دوو وڵات کە لە چاو وڵاتانی ئەورووپایی زۆر توندتر بەرامبەر بە ئێران. پێت وانییە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا بۆ بەرەورووو بوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی پێویستە هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی ئێران بکەن و ئاڵتەرناتیڤ بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە پێکبێنن؟*

***خالید عەزیزی**:* ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چەند لایەنەوە کارمان کردووەو کاری بۆ دەکەین کە لانی کەم ئەو بەشە لە ئۆپۆزسیۆن کە واقیعبینانە چاو لە کێشەکان دەکا لەسەر پرۆژەیەک لە دەوری یەک کۆبینەوە و لێک نزیک بینەوە. هەوڵەکانی ئێمە لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوە بووە کە لە نێوخۆی هێزەکانی کوردستانی ئێران کە بە داخەوە لە ماوەی ٢ - ٣ ساڵی ڕابردوودا لەتبوون و جیابوونەوە باڵی بەسەردا کێشاوە لێک نزیک بوونەوەیەک دروست بکەین. لە هەنگاوی دووەمدا هەوڵمانداوە لایەنە جۆراوجۆرەکانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیش ببینین و بابەتی ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەیەک بێنینە گۆڕێ. جیاواز لەوە لەگەڵ ئەوە بەشە لە حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییە سەراسەرییەکانیش ئەو هەوڵەمانداوە کە لەسەر بەرنامەیەک کار بکەین. تەنانەت لەگەڵ ئەو بەشە لە ڕێبەران و چالاکانی سیاسی لە نێوخۆی وڵات کە ئێستا دژی دەوڵەتی ئەحمەدی نەژاد و خامنەیی کار دەکەن هەوڵمانداوە کە بە شێوەیەک لێک تێبگەین، دەنا بۆ ئێمە عەمەلی نییە کە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ لایەنێک لە تاران لە پەیوەندی بکەین و لەسەر کۆمەڵێک بابەت بەرنامەیەکی هاوبەش دانێین. بەڵام لەو رووە کە لێک تێگیشتنێک دروست بێ هەوڵمانداوە. هەڵوێستی ئەوجارەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردنەکان و ڕووداوەکانی ئەم دواییەی نێوخۆی ئێران لەو پێناوەدا بوو کە لێک تێگەیشتنێک لە نێوان خەڵکی کوردستان و ئەو جمووجووڵەی کە لە تاران هەیە دروست بکەین.

سەرچاوە: گۆڤاری ئیسرائیل - کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوونی ٢٠١٢

## خالید عەزیزی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان: "دیموکراتەکان ڕێگەی پاشگەزبوونەوەیان نییە و دەبێ یەک بگرنەوە"



**دیمانەی: کاوە جەم**

ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی بە تەواوی پەرتەوازە بوون و ئێستایش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران دەیانەوێ لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا شەرعییەت بەو پەرتەوازەبوونە بدەن.

(خالید عەزیزی) کە بە کەسێکی نەرم و نیان و دیپلۆماتکار ناسراوە و ئێستا سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانە، پێی وایە هیچ ڕێگەیەکی پاشگەزبوونەوە لە یەکگرتن، لە بەردەم هەر دوو دیموکراتدا نەماوە. ئەو لە دیمانەیەکدا پێی گوتم کە کاک (مستەفا هیجری)یش بەپەرۆشە بۆ ئەو یەکگرتنەوەیە و باسی لە دووبەرەیی و دروستبوونی بەرەیەکی دیکە دەکرد.

***پرسیار: بە هۆی ڕابردووی ئێوە لەگەڵ کاک (عەبدوڵڵا موهتەدی) و چەند جار کۆبوونەوەتان لەگەڵ یەکتردا، چاوەڕوان دەکرا کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لەگەڵ ئێوە ڕێککەوتننامە ئیمزا بکات، چۆن بوو دۆخەکە گۆڕا و ئەمە نەکرا؟***

***وەڵام:*** ئێمە ٤ - ٥ کۆمەڵەمان هەیە و لەگەڵ هەموویشیان پێوەندیمان هەیە. قسە لەسەر میکانیزم و چەند و چۆنییەتی و تەنانەت ڕێگەخۆشکردنیش کراوە بۆ لەیەکنزیکبوونەوەیان، بەڵام ئێمە وەکوو حزبی دیموکراتی کوردستان نەچووینەتە ناو ئەو ڕێگەچارەیەوە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی دوو یان چەندحزبی. لە کاتێکدا کە بەشێکی دیکە بکەونە دەرەوەی ئەو بازنەیەوە.

ئەمە ڕێگەچارەی یەکگرتوویی کورد نییە. ئێمە ڕێککەوتنی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی دوو حزبی

خۆیاندا پێناسە دەکەین. ئەگەر بڵێین کوردستانی ئێران پێویستی بە کۆدەنگی یان بەرەیەک هەیە بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە لە مەسەلە نەتەوایەتییەکاندا دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران کار بکات، ئەوەی کاک (مستەفا هیجری) و کاک (عەبدوڵڵا موهتەدی) کردیان، ناچێنە ناو ئەو چوارچێوەیەوە. ئێمە نابێ ڕێگەی کوردستانی عێراق لە ڕابردوودا، بپێوین و دوو بەرە دروست بکەین. ئەو ڕێگەیە بۆ ئێستای کوردستانی ئێران باش نییە. ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین و دەمانەوێ هەموومان لە یەکتر نزیک ببینەوە.

***پرسیار: کەواتە ئێوە لەو ڕێککەوتننامەیە نیگەرانن؟***

***وەڵام:*** هیچ نیگەران نین، چونکە ڕێککەوتنی نێوان دوو حزبە و مافی سرووشتیی خۆیانە، بەڵام ئێمە بە بەرە نایناسین. پێمان وایە بەرە پێویستی بە کاری هاوبەش و بەشداریی حزبەکانی دیکەیش هەیە.

***پرسیار: ڕێککەوتننامەی نێوان ئەو دوولایەنە هاوکات بوو لەگەڵ کۆبوونەوەی ئێوە لەگەڵ کاک (مستەفا هیجری)دا. پێت وانییە ڕێککەوتنەکە بە واتای پەراوێزخستنی ئێوەیە؟***

***وەڵام:*** لە دنیای سیاسەتدا کێبڕکێی سیاسیی نێوان حزبەکان زۆر ئاساییە و ئەوەی حزبێک پەراوێز دەکرێ یان نا، دەبێ کاردانەوەکەی لە نێوان کۆمەڵێک کەس و لایەنە سیاسییەکان و جەماوەردا ببینی. زۆر زووە حوکم لەسەر ئەوە بدەین، بەڵام بۆچی ئێمە لە ڕابردوودا ئەوەمان نەکردووە؟ ئێمە دەڵێین بۆ چارەکردنی پەرتەوازەیی حزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕێککەوتننامەکە ڕێگەچارە نییە.

ڕێگەچارە نییە بەشێک لە کۆمەڵە کە چەند بەشە و بەشێک لە دیموکرات کە دوو بەشە، کارێکی وا بکەن. لۆژیکیترین کار ئەوەیە کە دیموکراتەکان لە هەنگاوی یەکەمدا کێشەی خۆیان چارە بکەن. ئەگەر ئەو کێشەیە چارە بوو، یارمەتیدەر دەبێ بۆ چارەکردنی کێشەی کۆمەڵەکان. تا ئەو کێشانە بمێننەوە، ڕێککەوتنی نێوان دوو لایەن دەکەوێتە چوارچێوەی ڕکابەرایەتیی حزبییەوە. من ئایندەیەک بۆ ڕێککەوتننامەکە نابینم. سەرەکیترین کاری ئێستای من، هەوڵدانە بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان.

***پرسیار: پێت وایە دیموکراتەکان یەکتر بگرنەوە؟***

***وەڵام:*** لە سیاسەتدا هەر ئەگەرێک هەیە. هەڵوێستی ئێمە لە دوای لەتبوون ئەوە بوو کە لە یەکتر نزیک ببینەوە و کێشەکانمان لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارە بکەین. ئەو سیاسەتەی ئێمە سەر کەوت. یەکەم ئەوەی کە عەقڵییەت و قسەی ئێمە بۆ یەکگرتوویی، چووە ناو کۆمەڵانی خەڵک لە ناوخۆی وڵات. دووەم، ئەو لایەنە سیاسییانەی کە بە شێوەیەک چاودێریی

مەسەلەکانی کوردستانی ئێران دەکەن و ناڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەوێدا دەبینن، هەر هەمان داوایان هەبووە. لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا ئەمەیان پێ باش بووە. پێم وایە دەرەنجامی شێوەی سیاسەتکردنی ئێمە لە ناو ڕیزەکانی ئەوانیشدا قسەی لەسەر دەکرێت و پرسیارێکی زۆری لێ کەوتووەتەوە کە دەبێ کێشەی دیموکراتەکان چارە بکرێت. لە درێژەی ئەو هەوڵانەدا من و کاک (مستەفا هیجری) بەوە گەییشتین کە لەسەر بانگهێشتی کۆنسووڵی فەڕەنسا کۆبوونەوەیەک بکەین. لەو کۆبوونەوەیەیشدا چەند و چۆنیی پێوەندییەکانی داهاتووی دیموکراتەکان، دۆزینەوەی میکانیزمێک بۆ نزیکبوونەوە و تەنانەت ئەگەر گونجاو بوو قسە لەسەر یەکگرتنەوەیش بکەین. کۆبوونەوەکەمان ئێستا لە نێو هەر دوو حزبدا قسەی لەسەر دەکرێت، بۆیە پێم وایە ڕێگەی پاشگەزبوونەوە بۆ هیچ لایەکمان نییە. دیموکراتەکان ناچارن و ناچار دەکرێن لە ڕێگەی دانیشتن و گفتوگۆوە، کێشەکانیان چارە بکەن.

***پرسیار: ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە چی بوو؟***

***وەڵام:*** لە کۆبوونەوەی یەکەمدا کە (فریدریک تیسۆ)یش ئامادە بوو، لەسەر کۆبوونەوەی داهاتوویش ڕێک کەوتین. بڕیار بوو ٢٩ی مانگی ڕابردوو بکرێت و تەنانەت سەفەرم بۆ ئەفریقیا هەڵوەشاندنەوە، بەڵام دواتر لە لایەن کۆنسوولی فەڕەنساوە ئاگادار کرامەوە کە ئەوان ئێستا لەبەر کاری کۆنگرەیان سەرقاڵن و ناتوانن بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا بکەن.

***پرسیار: جیا لە کاتەکە، لەسەر چی دیکەیش ڕێک کەوتن؟***

***وەڵام:*** ئەوە بوو کە ئێمە لەسەر دوو تەوەر دەتوانین کار بکەین. تەوەری یەکەم هەوڵی هەر دوولامان دەبێت کە میکانیزمێک دابنێین بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان. ئەگەر ئەمە سەر نەکەوت و پێمان وابوو زوویە، ئەو مەسەلەیە کۆتایی پێ ناهێنین، بەڵام هەوڵ دەدەین وەک دوو لایەن پێوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتردا ئاسایی بکەینەوە.

***پرسیار: گوایە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەرجی بۆ کۆبوونەوەی دووەم هەبووە بەوەی کە وەکوو بەشێک لە دیموکرات نەک لایەن یان حزبێک، لەگەڵ ئێوە دابنیشن. ئەمە باس کراوە؟***

***وەڵام:*** لە کۆبوونەوەی یەکەمدا بە هیچ شێوەیەک باس لەو قسانە نەکرا و بڕیار درا بەو جۆرەی کە هەین، لەگەڵ یەکتر دابنیشین.

***پرسیار: لەو کاتەی بۆ کۆبوونەوەی دووەم دیاری کرا، تا چەند کاک (مستەفا هیجری) سیت جیددی بینی؟***

***وەڵام:*** من پێم وایە کاک (مستەفا)یش پێیەوە ماندووە و بە دوای ڕێگەچارەیەکدا دەگەڕێت و هەوڵ دەدات بە جۆرێک

کێشەی دیموکراتەکان چارە بکات.

***پرسیار: کەواتە ئەو بۆچوونە ڕاستە کە کاک (مستەفا) پشتگیریی بەشێکی لە سەرکردایەتی حزبەکەی هەیە و ئێستا خۆی بە تەنیا ماوەتەوە؟***

***وەڵام:*** من ناتوانم قسە لەسەر ئەوە بکەم، بەڵام یەکگرتنەوە کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە ماندووبوون هەیە.

**پرسیار: پێت وا نییە ڕێککەوتننامەکە ببێتە بەربەست لە بەردەم دروستبوونی بەرەیەکی فراوان؟**

***وەڵام:*** لە داهاتوویەکی نزیکدا هەڵوێستی خۆمان بە تەواوی ڕادەگەیەنین. ئەگەر ئەوان هەر لە چوارچێوەی حزبیی خۆیاندا بمێننەوە، پێم وانییە ببێتە بەربەست. ئەوان لە ڕێککەوتنەکەدا گوتوویانە دوو حزبی سەرەکی، بە ڕاستی سەرەکی نین. یەکیان دیموکراتە و نیوەی دیموکراتەکانی لەگەڵدا نییە و ئەوەی دیکەیش کۆمەڵەیە و ٣ - ٤ کۆمەڵەی لەگەڵدا نییە، بۆیە پێم وانییە ببێتە بەربەست. ئەگەر لە داهاتوودا ئێمە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا دانیشتین و باسمان لە بەرە کرد، ئەوا دەرگە بۆ ئەوانیش ئاوەڵایە کە بێنە ناو بەرەکەوە.

***پرسیار: هەوڵێکی وا بۆ دروستکردنی بەرە هەیە؟***

***وەڵام:*** تا ئێستا لەگەڵ لایەنەکان دانەنیشتووین. سیاسەتی حزبی دیموکرات ئەوە بووە کە یارمەتیی دروستبوونی دوو بەرە نەدات، بەڵکوو دەمانەوێ هەموو لایەنەکان لە ژێر چەترێکدا کار بکەن.

***پرسیار: بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستای کوردستانی سووریا و نفوزی پەکەکە و پژاک لە شارەکانی باشوور و باکووری کوردستانی ئێران، پێت وانییە لە داوڕۆژدا پەکەکە دۆخەکە کۆنترۆڵ دەکات نەک ئێوە؟***

***وەڵام:*** کوردستانی ئێران، کوردستانی سووریا نییە. پەکەکە لەمێژە لە سووریا بووە و ژیاوە و لەوێ خۆی گرتووە، بەڵام بوونی پەکەکە لە کوردستانی ئێران بەو شێوەیە نەبووە. پەکەکە دەیەوێ لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا شتێک بۆخۆی دروست بکات، هەر بۆیەیش پژاک دروست بوو. پژاک هەڵقولاوی بیروبۆچوون و خواستی خەڵکی کوردستانی ئێران نییە و ئێستایش نفوز و ئیعتبارێکی ئەوتۆی نییە. پژاک لەو ماوەیەدا کەرستەیەک بووە بە دەست پەکەکە و هەر کاتێک بە باشی زانیوە و پێویستیان بووە، شەڕی چەکداری لە دژی ئێران پێ کردوون. بۆیە پێم وا نییە بیرۆکەی ناسیۆنالیستی لە کوردستانی ئێران لەگەڵ عەقڵییەتی پەکەکە یان پژاکدا بگونجێت.

***پرسیار: لەو بارەیەوە قسەتان لەگەڵ پەکەکە یان پژاک کردووە؟***

**وەڵام:** ئێمە لەگەڵ پژاک قسەمان نەکردووە و ئەگەر بیکەین، ئەوا لەگەڵ پەکەکە قسە دەکەین، چونکە لە ڕوانگەی ئێمەوە پژاک لقێکی پەکەکەیە. لە ئێستادا زەروورەتێکمان نەبینوە. بەڵام لە هەندێ بۆنەدا هانمان داون کە پەکەکە سیاسەتکردنێکی بەرپرسیارانەی هەبێت و دۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت و تێبکۆشێت لەو کرانەوەیەی لە تورکیایە سوودی لێ وەربگرێت و توندوتیژی نەنوێنێت. هەمیشەی گوتوومانە دەستێوەردانی ئێوە لە پارچەکانی دیکە کوردستان جگە لە زیان، هیچی دیکەی لێ ناکەوێتەوە.

***پرسیار: لەناو کوردستانی ئێران ڕەخنەی ئەوەتان لێ دەگرێت کە ئەگەر ئێستا نەتوانن چەند حزبێکی کوردی بە یەکەوە ڕێک بکەون. ئەدی چۆن داهاتووی کوردستانی ئێران بەدەستەوە دەگرن. تا چەند لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەدان؟***

**وەڵام:** بە تەواوی لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەدام. ئەوان ڕۆژانە لەگەڵ دەرد و مەرگدا دەژین و چاوەڕێی یەکگرتوویی لە ئێمە دەکەن، بۆیە خۆم و حزبەکەم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەمیشە هەوڵمان دا بە دیالۆگ یەکرپیزی دروست بکەین. خۆم گەشبینم بە داهاتووی کوردستانی ئێران، هاوکات نیگەرانیشم لەوەی کە ئێمە لە داهاتوودا چۆن لەگەڵ ئەو سیناریۆ ناڕوونانەدا هەڵسوکەوت دەکەین.

***پرسیار: بەشێک لە ئێرانییەکان بە ڕێککەوتنی نێوان دوو حزبی دیموکرات و کۆمەڵە تووڕەن. ئەدی ئەگەر ئەو بەرە فراوانەی باسی لێوە دەکەی دروست بکرێت. دەبێ هەڵوێستی ئەوان چی بێت؟***

**وەڵام:** کارکردن لەگەڵ ناسیۆنالیزمی ئێرانی، کارێکی ئاسان نییە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. هەڵوێستەکان بەرانبەر بە ڕێککەوتنی نێوان ئەو دوو حزبە زیاتر لە لایەن ئەو کەسانەوە بووە کە لە دەرەوەی ئێراندا دەژین. بۆیە ئێمە عەقڵییەتی ئەو خەڵکانەی سێ دەیەیە لە دەرەوەی ئێران دەژین و شێوەی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی لە ناوەوەی ئێراندا هەنە، بە تەواوی لە یەکترییان جیا دەکەینەوە و حیسابیان جیایە. ئەوانەی لەناو ئێراندان بە جۆرێکی دیکە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلەی کورددا دەکەن. نابێ هەڵسوکەوتی ئەو چەند سەد کەسە پانئێرانیستەی لە دەرەوە دەژین، بەسەر هەموو خەڵکی ئێراندا بگشتێنین. نابێ بە دڵۆپە ئاوێک وەمەلە بکەوین.

***پرسیار: لەو ماوەیەدا هیچ گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆتان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبووە؟***

**وەڵام:** بە هیچ شێوەیەک نەمان بووە. ئەوان لەگەڵ بزووتنەوەی سەوزدا نەیان کردووە، چۆن لەگەڵ ئێمە دەیکەن. ئەوان ئامادە نین بە دیالۆگ کێشەی کورد چارە بکەن.

***پرسیار: ئەوە پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئێران باوەڕی بە گفتوگۆ نییە یان ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتەکەیاندا جێگەی بایەخ نین؟***

**وەڵام**: هەر دوو لا هەیە. ئێران باوەڕی بە چارەکردنی کێشەی کورد و دەیان کێشەی دیکە نییە. جیا لەوەیش ئێمە لە ناو کوردستانی ئێراندا ئێستاکە دەرفەتی چالاکیی سیاسیمان نییە و قورساییمان کەمە و شەڕی چەکدارییشمان ڕاگرتووە، بۆیە بۆ ئێران سەرئێشە نین تاوەکوو دانوستانمان لەگەڵ بکات.

تێبینی: مەبەست لە کۆمەڵە "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانە" و مەبەست لە دیموکرات "حزبی دیموکراتی کوردستانە"

***پرۆفایل:***

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٥ لەسەر بنەمای سیاسەتەکانی کۆمەڵەی "ژ.ک" و لەسەر دەستی (قازی محەممەد) لە شاری مەهاباد دامەزرا. دواتر هەر ئەو حزبە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان.

ئەو حزبە لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستایش چەند جارێک تووشی لێکترازان بووە. لە کاتی کۆنگرەی ٤ی ئەو حزبە و دواتر جیابوونەوەی ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ. دواتر لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بە هۆی کێشەی "تەشکیلاتی"، حزبی دیموکرات بوو بە دوو بەش و ئێستایش لە ژێر ناوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی (مستەفا هیجری) و حزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی (خالید عەزیزی) درێژە بە چالاکییان دەدەن. سەرەڕای ئەوەی ئەوان دوو حزبی جیان، بەڵام ئێستا لە کۆیە ماڵەکانیان تێکەڵاوە و بنکەی سەرەکیی هەر دوو حزبیش لەو شارەیە. سکرتێری هەر دوو حزبیش پێشتر ئەندامی کۆمەڵە بوونە کە بە حزبێکی مارکسیستی ناسراوە.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# وتوویێژی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی هاووڵاتی



## خالید عەزیزی: نابینە بەشێک لەنەخشەی شەڕ لە ئێران

### سازدانی: زامدار ئەحمەد

وتووێژی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕۆژنامەی هاووڵاتی لە باشووری کوردستان.

***هاوڵاتی: گوشارەکان لەسەر ئێران زیاد بووە ئێوە وەک لایەنە کوردییەکان خۆتان بۆ قۆناغی لێدانی ئێران ئامادەکردوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە وەک بەشێک لەکێشەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو ئێران نین، چونکە کێشەکە لەسەر ئێمەو مافو داواکانی ئێمە نییە. بەر لەکێشەی ئێرانو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ئێمە وەک کورد لەسەر مافەکانی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە کێشە دابووین. بەڵام دیسانیش ئێمە وەک کورد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا زەرەرمەند نەبین، دەبێ لە هەموو کاتێکدا ئامادەیی ئەوەمان هەبێ لەگەڵ سێناریۆ ناڕوونەکان ڕوبەڕوبینەوە. ئەوەش بەڕێکخستنی نێو ماڵی کوردی و کۆدەنگیی لایەنە سیاسییەکانو شەقامی کوردستانی ئێران مسۆگەر دەبێت.

***هاوڵاتی: ئەگەری ئەوە هەیە ڕاپەرین لە ناوچە کوردییەکانی ئێراندا سەرهەڵ بدات؟ ئومێدتان هەیە خۆرئاوا لە ئێران بدەن؟***

***خالید عەزیزی:*** خەڵکی ستەملێکراوی ئێران بە تێکرا لە دەرفەتێک دەگەڕێن بۆ ئەوەی لە دژی ئەو سیستمە بەدەنگ بێن. هەر کاتێک ئەو هەلە بێتە ئاراوە ئەوە بێ گومان شەقامی کوردی بێدەنگ نابێ. بۆیە ئەگەری ئاوا بەشێکە لە گۆڕەپانەکە. ئێمە وەک کوردی ئێران خوازیاری شەڕ نین، ئەگەر شەڕێکیش بێتە ئاراوە ئێمە بەشێک لە نەخشەی شەڕ نین. ئەوە کۆماری ئیسلامی بە سیاسەتەکانی خۆی ئەسبابو بەستەری شەڕ دروست دەکات. ئێمە وەک کورد بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆماندا هەینو لە حاڵەتی شەڕیشدا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی کورد مامەڵە لەگەڵ وەزعەکە دەکەین.

***هاوڵاتی: ئەوەندەی ئاگادارین هەڵوێستی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەتێڕوانینی ئێوە بۆ گۆڕانکاری لە ئێران چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** حکومەتی هەرێم لایەنگری ڕێگا چارەی ئاشتی و دیالۆگ و وتووێژە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو پارچەکان. حکومەتی هەرێم هیچ چەشنە تێڕوانین و دەخالەتێکی لەو پەیوەندییەدا نەبووە. گۆڕانکاری لەنێوخۆی ئێران و ئەگەری جۆراوجۆر بە نیسبەت ئەو گۆڕانکارییانە وەک بابەتێکی نێوخۆی ئێران زۆرتر پەیوەندیی بە خەڵکی ئێرانو کوردی ئێرانەوە هەیە. دڵنیام ئەگەر حیزبە کوردییەکانی ئێران یەکگرتوو بن ئێمە بە ئامادەیی باشتر ڕووبەڕووی هەموو حاڵەتەکان دەبینەوە.

***هاوڵاتی: دەوترێت ئەگەری ئەوە هەیە ئەزموونی سوریا لە ئێران دووبارە بێتەوە و سەرەڕای بوونی چەندین حیزبی کوردیی خاوەن مێژوو، پژاک جەماوەری بەهێز بێت وەک چۆن پەیەدە لە کوردستانی سوریا زۆربەی کایەکانی بەدەستەوەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** نە ئێران سوریایەو نە کوردستانی ئێرانیش کوردستانی سوریایە. جیاوازییەکی زۆری سیاسی، نەتەوەیی، کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی بەینی کوردستانی ئێرانو سوریا هەیە. پژاک حیزبێک نییە کە بەرهەمی پێگەیشتنی سیاسی-نەتەوەیی کوردی ئێران بێ. پژاک وەک خۆی ناتوانێ بەشێک لە گەمەکە بێت. پژاک حیزبێکە کە پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) بۆ کارو بەرژەوەندی خۆی دروستی کردووە. ئەگەر ئێران بشێوێو ئەو سیستمە بەرەو نەمان بچێ، ئیتر پەکەکە پێویستی بە شتی وەک پژاک نییە.

***هاوڵاتی: بەم دواییە گفتوگۆتان لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا سەبارەت بە بارودۆخی ئێران کردووە. ئەوان هیچیان لەئێوە ویستوە وەک هاوکاری بۆ بێهێزکردنی ڕێژیمی ئێران؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە عیلاقات و پەیوەندیمان نە تەنیا لەگەڵ ئەمریکا بەڵکوو لەگەڵ زۆر لایەنی دەوڵەتیو نێودەوڵەتی دیکە هەیە. بەڵام هیچ پلانو بەرنامەیەکی هاوبەشمان بەیەکەوە لەگەڵ ئەمریکا نییە. لە دانیشتنەکانی خۆمان لەگەڵ ئەواندا، زۆرتر داوایان لێدەکەین کە لە سەر مافی مرۆڤ و مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێرانو بارودۆخی زۆرنا لەباری

کورد زەختو گوشار بخەنە سەر ئێران.

***هاوڵاتی: دووساڵ لەمەوبەر هەواڵێک سەبارەت بەبودجەی پارتە کوردییەکان بڵاوکرایەوە کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەدرێت. ئێران ئاگاداری ئەو بودجەیەیە؟ دەوترێت بەرێکەوتن بووە لەنێوان ئێرانو یەکێتیو پارتی! رات لەوبارەیەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** کوردەکانی ئێران جیاواز لە بیر و بۆچوونی سیاسیان، ئەو کۆمەڵە خەڵکەن کە بە دەیان ساڵە لەکەمپەکان لەهەرێمی کوردستان دەژین، بۆیە ئەرکی ئینسانیی حکومەتی هەرێمو حکومەتی فیدراڵی عێراقە کە ژیانو گوزەرانیان بۆ جێبەجی بکەن. ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییو ئینسانیو هیچ شاراوە نییە. من ئاگاداری هیچ رێککەوتنێکی تایبەتی نێوان ئێرانو پارتیو یەکێتی سەبارەت بەو مەسەلەیە نیم.

***هاوڵاتی: سەردانیی قاسم سولەیمانی بۆ هەرێم چی لێدەخوێننەوە ئایا بۆ تێکدانی ماڵی کورد هاتووە یان ئەجنێدای تری هەبووە؟***

***خالید عەزیزی:*** حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران سنووری هاوبەش و عیلاقات و بەرژەوەندی هاوبەشیشیان هەیە. بۆیە زۆر ئاساییە کە کاربەدەستانی هەردووک لا سەردانی یەکتریش بکەن. من خۆم هیچ ئاگادارییو زانیارییەکی تایبەتیم سەبارەت بەو سەردانی ئەو کابرایەو بەرنامە و دەستوری کارەکەی نییە.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی : ٣ی نوامبری ٢٠١٢**

# ساڵی: ٢٠١٣

-----------------------------------------------------

## وتووێژی ماڵپەری چەترپرێس لەگەڵ کاک خالید عەزیزی سکرتیری گشتی حدک



### ئەو ئەدەبیاتە کە هەر حزبە خۆی بە ئەسڵ دەزانێت بۆچوونێکی خراپە

**بەهمەن ژاوەرۆیی**

**خالید عەزیزی:** سکرتێری گشتی حزبی دێموکراتی کوردستان (حدک)، لەم چاوپێکەوتنەدا باس لە دروستبوونی بەرەیەکی هاوبەشی کوردی دەکات و رایدەگەیەنێ کە نابێت چاوەڕوانی زۆرمان لەو کۆبوونەوانە هەبێ کە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات رێکدەخرێن،ئەوان کەسی رادیکاڵ و جیاوازیان تێدایە و کێشەی ناوخۆییان زۆرە.

***چەترپرێس:** کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان باس لەوە دەکات رووداوی پیلانگێری نێودەوڵەتی لە سەر عەبدوڵا ئۆجەلان ببێت بە هاندەرێک بۆ گشت لایەنە سیاسیەکانی سەرتاسەری کوردستان کە هەنگاوی جدی و کرداری بنێن بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی و کوردستانی سەرتاسەری لە پێناو پێکهێنانی دامەزراوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی کورد. کە ئەگەر کورد بە یەکێتی و یەکڕیزی مەرجەعو دامەزراوەی نەتەوەیی خۆی هەبێت دەوڵەتانیش ئیتر جەسارەت ناکەن لە پیلانگێری هاوشێوە بەشدار بن. رای بەرێزتان لەوبارەوە چییە؟*

**خالید عەزیزی:** کۆنگرەی نەتەوەی کورد بە گشتی کە وڵاتەکەی دابەشبووە بەسەر چوار وڵاتدا پێویستی بە خوێندنەوەوەی زۆرە، یەکەم: کورد لە دنیادا ئێستا جێ کەوتوە، ئینکاری میلی و نەتەوەیی پێناسەکەی ناکرێت. خەباتی خۆشی دەری

دەخات کە فیداکاری بۆ دەکاتبۆ ئەوەی کە لە دنیای ئەمڕۆ نادیدە نەبینرێت. بەڵام ئەگەر بێینە لایەنی سیاسی کێشەکە کێشەی سیاسی کورد بەینی چوار وڵات دابەشبووە. لە لایەنی سیاسیەوە ڕێگاچارەکەی لە لایان ئەو چوار وڵاتەدا دەبینرێت، ئەگەر قەرار بێت بڵێین کۆنگرەی نەتەوەی ڕێگا چارەیێکی سیاسی بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە گشتی بە باوەڕی من بۆچوونێکی واقع بینانە نیە، هۆکارەکەشی ئەوەیەئەحزابی هەر یەک لە پارچەکانی کوردستان بە تەبیعەتی تایبەتیەکانی ئەو وڵاتە، تەبیعەتی چەند و چۆنی مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدازەرورەت و پێداویستیەکانی دیسان مەسەلەی کورد و شێوازی مەسەلەکەلەم پارچەیەی کوردستان، هەروەها سیاسەت و بەرنامەداڕێژی خۆیان دەبەنە پێشێ کۆنگرەی نەتەوەی بەو واتایە کە هەر جوار پارچەی کوردستان لە خۆ بگرێت. هەموو ئەحزابی کوردی لە خۆی بگرێت، جیاواز لەوە دروستبوونی شتێکی ئاوەها لە ئەو هەموو حزبە لەیەک دوورانە کارێکی ئاوەها ئاسان و کرداری نیە. لە بواره سیاسیەکەشیدا لە ڕاستیدا زۆر دیار نیە موخاتەبەکەی کێیە هەلەکەی ڕوو لە کێ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر وەکوو بنەمایەکی نەتەوەی بێت و پێناسەی کوردی بێت لە سەر ئەو جۆرە بابەتانە کار بکرێت، وەکوو مێژووی ئەدەبی لێکۆلێنەوەر بێت ئەوە شتێکە دەکرێت بگونجێنرێت، بەڵام دیسانەوە گرنگ ئەوەیە ڕوی لە کێیە کۆنگرەی نەتەوەی بە ئەحزاب دروست دەبێت، ئەگەر لە نێو حزبەکاندا لێک تێنەگەیشتنێک نەبێت بەڕاستی ئاسان نیە کۆنگرەیەکی نەتەوەیی.

***چەترپرێس: چی بکرێت بۆ دروستبوونیلێکتێگەیشتن و تەفاهومی نێوان ئەحزابەکاندا؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم هەموو حزبەکانی پارچەکانی کوردستان دەبێت لە پارچەکانی خۆیاندا دەست پێ بکەن و دەبێت تەفاهومیان هەبێت واتا تێگەیشتن دەستپێکردنی کار بۆ ئەو لەیەکتێگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێک خوێندنەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەو پارچەیەدا کە لەوێ بڕوایەکی گشتیان هەبێت لە مەسەلەی نەتەوەیی کورد لەو وڵاتەدا کە چۆن چارەسەر دەبێت جا ئەگەر ئەوکات لە هەر پارچەیەکدا هاوپەیمانیەکی نەتەوەیی هەبوو ئەو کاتە ئێمە دەگەینە قۆناغێکی دیکە بۆ دروستکردنی قۆناغەکان، ئەو کات لەو قۆناغانەدا دیسانەوەخوێندنەوەیەی ناوچەی نێودەوڵەتی دەوێتلەهەمانکاتیشدا پەیامی سیاسی دەبێت بدرێتە دەرەوە بۆ دەوڵەتان، بەڵام ئایا بە شێوەیەکی هاوپەیمانی نەتەوەیی پەیامەکە دەدرێتە دەرەوە؟لە حاڵێکیشدا هەرپارچەیەک کێشەی خۆی هەیەیان خەیر وەکوو بنەمایەکییەروەردەیکار بۆ ئەوە بکرێت کە گەلی کورد وردە وردە زیاتر هەستی نەتەوایەتی هاوبەشیخۆیان بەهێزتر بکەن، هەر بۆیە لە بواری کرداریەوە ناڕوونی زۆری لەسەرە.

***چەترپرێس: ماوێکە پەیوەندی بەهێز لە نێو بەشێکی زۆر لە نێوان هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بوە. بەڵام بە کردەوە ئەنجامەکانی دەرناکەون تێبینی بەڕێزتان لەم بارەوە چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە لێکدانەوەی ئەوەی کە سەردەمیدابڕان و جیابوونەوەی نێوان حزبەکان کە دەکرێت بڵێم شەش ساڵە

دەستی پێکردوە ڕاستە لەو دوایانەدا هەوڵەکان زۆرن بۆ لەیەکنزیکبوونەوەیەک بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ یەکتری بۆ ئەوەی کە بەدواداچونێک هەبێت چۆن لە یەک نزیک ببینەوە. من پێم وایە زۆرێک لە حزبەکان وردەوردە بەو ڕاستیە دەگەن کە دەورانی لەیەکجیابونەوە و لەیەکدابڕان و لەیەکدووری وەلا بنێین بۆ ئەوەی کە ئەو کێشانە چارەسەر بکرێن و ئەو برینانە کە ئەم شەش ساڵەی دوایدا هاتونەتە گۆڕێ بۆ سارێژکردنی ئەو برینانە تەنهاڕێگاکەی گفتوگۆیە. دواتریش ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و کێشەکانی کورد کەلەو وڵاتانە کە کورد کێشەی هەیە لەوێدا و ڕۆژبەرۆژ زیاتر دەبێت بە مەسەلە بەتایبەتی کە لە ئێستادا داهاتوی سوریا ناڕوونە، بەڵام مەسەلەی کوردیش لەوێ لە مەیدانەکەدا بوونی هەیە. لە تورکیاش ئەوە دەوڵەتی تورکیش گەیشتوەتە ڕێگای گفتوگۆکردن بە جۆرێک ڕێگاچارەیەک بدۆزێتەوە لە باشوری کوردستانیش، ئەوا حکومەتێکی کوردی بونی هەیە بە خۆشییەوە دامودەزگای خۆی هەیە، ئەوەش بۆ خۆی هاندەرێکەبیر لەوە بکرێتەوە کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ئێرانیش دەگرێتەوە، مادام ئێرانیش دەگرێتەوە دەبێت کورد یەکدەنگ و هاوپەیمان بێت.

***چەتر پرێس: یەکەم سەرهەڵدانی شۆڕشی مەیدانی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە بە "بەهاری عەرەبی" ناوەزد دەکرێتلە ئێرانەوە دەستی پێکرد. بەڵام چەند وڵاتێکی عەرەبی تیایدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. بەڵام ئەو شۆڕشە مەیدانیە لە ئێران کپ کرا. شرۆڤەی بەڕێزتان لەم بارەوە چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** هەمیشە لە ڕەوەندی بیر و بۆچوونجاری وا هەیە لە شوێنێک دەست پێدەکات رەنگە لە شوێنەکەی خۆیدا سەر نەگرێت بیقۆزێتەوە بۆ شوێنێکی تر و بەدوایدا بڕوات. قەرار نیە لە وڵاتێک بیرێک هاتە گۆڕێ دەبێت حەتمەن ئەو وڵاتە خاوەنداری بکات بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا کە دنیا دنیای تەکنەلۆژیاییە ئەوەی کە لە ئێران ڕویدا لەسەر هەڵبژاردنەکەی پێشو کە نزیک سێ ساڵ و نیو لەمەوبەر لە ڕاستیدا ڕوداوێکی گەورە بوو بۆ ناوچەکە مێدیاکانی نێودەوڵەتی زۆر بایەخیان پێدا وە ئیلهامی دا بە وڵاتانی، بەڵام بە حوکمی بوونی ئێمکاناتێکی بەهێز و داموو دەزگای کۆماری ئیسلامی ڕێگای نەدرا، زوو کپی کرد ئەو شۆڕشە مەیدانیەبەو پێیە کە کۆماری ئیسلامیئێران تەجروبەیەکی لەمێژینەی هەبوو. شەڕ لەگەڵ ئێراق و ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیرەنگە تەجروبەیەکی زیاتری هەبووبێت لە وڵاتانی عەرەبیلە بەرامبەر کپکردنی ئەو شۆڕشە مەیدانیە. بەڵام کاتیک لە باشوری ئەفریقادا و لە ڕۆژهەڵاتی ناویندائەوە ئیدامەی پەیدا کرد چەند میدیایەکی بەهێز کاریان لەسەر دەکرد بەتایبەت میدیایەکی وەکوو: کەناڵی ئەلجەزیرە و لە هەمانکاتیشدا ئەو وڵاتانە تەجروبەی سەرکوبکردنی میلەتەکانیان هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا نەبوو. بە باوەڕی منوردەوردە سەرهەڵدانەکان هێزی زیاتری دا بە گەلانی عەرەبی و تیایدا بەشێکیانسەرکەوتنیان بەدەست هێنا و ئیدامەی پەیدا کرد، بەڵام ئەوەش بەو واتایە نیە ئیدی ئێران دەبێتە جەزیرەی ئارامش. پێم وایە بۆ جارێکی دیکە ئەو کەشوهەوایە لە ئێران ڕوویداتەوە گەلانی ئێران بە تەجروبەیەکی باشتر و بەهێزتر ڕوبەڕوی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە.

***چەترپرێس: لە دوا گۆڕانکاریە سیاسیە جیهانیەکاندا بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە دۆزی کوردی پێوە گرێدراوە هەروەک ئاگادارین گەلی کورد لە ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان بەردەوام لە بەرخۆدانان دایە. بەڵامبێدەنگی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات بەردەوامە. پێتان وایە هۆکارەکان چین؟***

***خالید عەزیزی:*** هۆکارەکانی لە چەندین شتدا دەبینرێت یەکەم: نزیک بە (٦٨)ساڵ پێش ئێستا یەکەم حزبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بوو، حزبی دێموکراتی کوردستان بوو. بە خۆشییەوە شعوری سیاسی کورد لە خۆ پەروەردەکردن و بیری نەتەوایەتی کە دواییکۆماری کوردستانی لێ دروست بوو ئەوە بوو هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەستی پێکرد و کاریگەریشی خستە سەر بەشەکانی تری کوردستان، بەڵام دەبینین بەبەراورد لەگەڵ باکوری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان وباشووری کوردستان ئەوە حەقیقەتێکە مەسەلەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر لە خوارەوەیە و بێدەنگیەکی تەواوی پێوە دیارە بێدەنگیەکە بەو واتایە نیە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی ڕەوای خۆیان ناوێت یان خۆیان بە کورد دانائێن یانیش هەوڵ نادەن لە بەرامبەر داکۆکیکردنی مافەڕەواکانی خۆیان لە بەرامبەر کوماری ئیسلامیدا.

جیاوازیەکە لەوەدایە کۆماری ئیسلامی بەبەراوردلەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ ئەوانەی کە کێشەی کوردستان یان هەیە جیاوازیەکی زۆری هەیە.

یەکەم: لە ئێراق حکومەتی بەعس نەما و تێدا چوو، لەو نێوەندەدا مەجالێک بۆ کوردی باشور هاتە ئاراوە.
دووهەم: لە سوریاش ئینقلابێک دژی ڕژیمەکەی بەشار ئەسەد لە گۆڕێدا هەیە و ڕژیمەکەی ئەسەدیش داموودەزگایەکی بەهێزی نەماوە شانسی بۆ کوردی ڕۆژئاوادروست کردوە. سێهەم: لە تورکیاش لە تەنیشت خەبات و تێکۆشانی خەبات کارانی کورد لە باکوری کوردستان دەوڵەتی تورکیاش بەوە گەیشتوە مەجالێک بدات، بۆیە تەبیعەتەنبەبەراورد لەگەڵ ئەو سێ پارچەیە بێدەنگییەکلە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. هەروەهاکۆماری ئیسلامییهیچ مەجالێک ئیمکانێک نە لە بواری ڕاگەیاندن نە لە بواری دبلۆماسی نە ڕێگا بە جموجۆڵی خەباتی مەدەنی و تەشکیلاتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت ڕێگا بە هێنانە ئاراوە باسی مەسەلەی کوردنادات. هێچی بۆ ئێمە نەهێشتۆتەوە هەر ئەوەشە مەسەلەکە دەنگ ناداتەوە و باسی لێوە ناکرێت لە نێوان بیروڕای گشتیدا و لە ناوچەکەدا با بەراوردی ئەوەش بکەین کۆماری ئیسلامیکاتێک "کەڕوبی و موسەوی" دەگرێت،کە لە بەڕێوەبەرانی ئینقلاب بوونە وکەسایەتیە سەرەکیەکانی ئەو سیستەمە بوونە و ئێستا لە بەندیخانەدان، بەو شێوەیە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکات زۆر ئاسایە کە تەحەمولی هیچ دەنگێکی کورد ناکات، مادام تەحەمولی دەنگی کورد ناکات، ئەو دەنگە نایەتە گۆڕێ و ڕەنگ ناداتەوە.

***چەترپرێس: لە ڕێگای چەند وڵاتێکی زلهێزەوە دەسەڵاتی بەعس لە ئێراق لەسەر کار لادرا. بەڵام کێشە سیاسیەکان لە عێراق بەگشتی تادێت بەرفراوانتر دەبن و ڕۆژانە هاوڵاتیان دەبنە قوربانی. ئایا ئەگەر هاوشێوەی ئێراق دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر کار لادرێ چارەنووسی گەلانی ئێران بەگشتی بە چ ڕەوشێکدا دەبینرێت؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر لە ئێران گۆڕانکاری دروست ببێت واتا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار نەمێنێ وڵاتێش بە جۆرێک بشیوێت لە ئەنجامدا نائەمنی و کێشەش شەقامی ئێرانی دەگرێتەوە. بۆ ئەوەیە کۆماری ئیسلامیدەیەوێت بە جۆرێک خەڵک بترسێنێت جاروبار ئاماژە بە نمونەیئێراق و سوریا و وڵاتانی دراوسێ دەکات، ئەوە کارتێکە کۆماری ئیسلامی بەکاری دێنێت ڕێگا بۆ ئەوەش هەیە، چونکە تەجروبەش هەیە تەجروبەی وڵاتانی عەرەبی هەیە کەوا ئەو ئاڵوگۆڕانەیان تێدا پێکهاتوە. تەجروبەی ئێستای سوریاش هەیە کە لایانە سیاسیەکانی ئێرانیلێی فێر بن و لە هەموان گرنگتر تەجروبەی ئێراقیش هەیە. بە باوەڕی من بۆ ئەوەی بەرگری لەوە بکرێت ئێرانی داهاتوونەبێتە شێوەی ئێراق یا سوریا دەبێت تێبکۆشین ئەو چەکە لە کۆماری ئیسلامی بستێنینەوە، ئەوەیە کە دەرفەتی ئەو جۆرە چەواشەکاریانە بە کۆماری ئیسلامی نەدەین. بەڵام ئەوە چۆن دەکرێت، پێویستە هەموو لایانە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی چ ئەوانەی لە ژورەوەن چ ئەوانەی لەدەرەوەن زۆر لەیەک تێبگەن هەوڵ بۆ لەیەکتێگەیشتن بدەن. لە حاڵەتی تاکڕەوایەتی تاک حزبی بێنەدەرێ کار بکەن بۆ خاڵێکی هاوبەش وهاوئاهەنگیەکی یەکدەنگ، ئەوکات سەرجەم پێکهاتە سیاسیە فکریەکان و لایەنە مەزهەبیە جۆراوجۆرەکان و لایەنە میلییەکان وەک نەتەوەکانی ئێرانیلە خۆ بگرێت، ئەوکاتە کە ئەو ئەگەرە لە نێوان ئەو لایەنانە دروست بوو و بەو ئەدەبیاتی سیاسیە چوو بۆ گۆڕەپانی سیاسی ئێران لە داهاتودا ئەوکات بە باوەڕی من ئەو نیگەرانیە نامێنێت و مەرجەعیەتێک دەبێت کە لە داهاتوی شێواندنی ئێراندا ئەو کێشانە وای لێ نەیەت کە خەڵک نیگەران بکات و نائەمنی دروست ببێت. بۆیە کە ئەو مەرجەعە کە من ئاماژەم پێکرد لە ئێستاوە گەلانی ئێران هەوڵی بۆ بدەن بیناسن و بەرامبەر بە داهاتوی ئێران لەسەر باوەڕی بە دێموکراسیەت و مافە ئینسانیەکان.

***چەترپرێس: حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژێکلەڕۆژان هەنگاوێکی جدیان بۆ چۆنیەتی دارشتنیسیستەمێکی حکومڕانی یانفیدراڵی بۆ دوا ڕۆژیرۆژهەڵاتی کوردستان داناوە یان حکومڕانی باشوری کوردستان دەکەنبە ئەزمونی دوا ڕۆژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم مادام ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کێشەی کورد لە ئیراندا چارەسەر بکرێت بەواتای ئەوەیە باوەڕمان بە فیدراڵیزمە وەکوو میکانیزمی ڕێگاچارەی ئەو مەسەلە دەبێت بە دوای راستی یاریەکەدا بگەڕێین. راستی یارەیەکە ئەوەیە لە ئێرانی فرەنەتەوە، فرەمەزهەب، فرەڕەنگ بۆ ئەوەی پڕۆژەی کوردی ئێمە سەرکەوتو بێت و ئێران فیدراڵیزم بێت، حکومەت موتەمەرکیز نەبێت لەسەر ئەساسی بنەمای هاوبەشی هەموو لایەک بەشداربین. دەبێت دۆست ببینینەوە موخاتەب ببینینەوە، موخاتەب دیتنەوە دەبێت لە نێویاندا بگەڕێیتئەو عەقڵیەتە جێ بخەین و لەسەر ئەساسی ئەو عەقڵیەتە بچینە پێشەوە. ئاسایە کاتێک کەسێک بە ڕێگاچارەیەک دەگات یان نەخشەڕێگایێک دێنێتبۆ داهاتوی ئێران کەڵکی لێ وەردەگرێت لەهەموو ئەو ئەزمونانەدا کە لە دنیادا هەن و سەرکەوتو بوون و ئاماژەیان پێدەکەیت و دەیانکەیت بە مەرجەع بۆ ئەوەی کە هێزێکی فیزیکی بۆ پڕۆژەکەی خۆت پەیدا بکەیت. ئەوەی من هێناومە لە خۆڕا دروست نەبوە. لە دنیادا تەجروبە کراوە و شێوەیەکی باشە بۆ ئیدارەکردنی وڵات. لە تەنیشت ئەوەدا ئەو تەجروبەیە کە لە ئێراق بەکارهێنراوە واتا فیدراڵیزم و

عەدەمی تەمەرکوزی دەسەڵات ئێمە دەتوانینلە داهاتودا لەگەڵ لایەنە ئێرانیەکان باسی لێوە بکەین. بڵێن لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا وڵاتێکی وەکوو ئێراق هاوشێوەی ئێرانە کە لە روی سیاسی و فر مەزهەبی و نەتەوەیی تێداهەیە. دەکرێت ئەو دوو وڵاتەبەیەکەوە دروستیشی بکەینەوە و چاکیشی بکەینەوە. دەکرێت ئاماژەش بەوە بکەین ئێراق لەو نمونانەیە هەرچەندە کێشەی نێوخۆییش هەیە، بەڵام کارێکی ئاستەم نییە دەتوانرێت چاکسازی تێدا بکرێت. لێرەشدا جێگای ئاماژەپێکردنە کە کورد فاکتەرێکی سەرەکی بووە لە چۆنیەتی سەپاندنی میکانیزیمی بەشداری فیدراڵیزم و کاری هاوبەش بۆ ئیدارەی وڵات. وەکوو ئاماژەم پێکرد شێوەی حکومەتی هەرێمی باشوری کوردستان لە باری یاسایی و لە باری فەرهەنگی و لە باری چۆنیەتی ڕێکخستنییەیوەندیەکانی هەولێر لە گەڵ بەغداد بە باشی دەزانین و هیچ کێشەی تێدا نییە، دەگەڕێتەوە سەر ئەو دانپێدانانە یاسا هاوبەشە کە کاتی خۆی لایەنە سیاسیەکان لەگەڵ یەکتردا کردویانە. ئێمە بەشتێکی باشی دەزانین بەڵام ڕەنگە تۆ لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتودا بە سروشتی فەرهەنگ و تایبەتمەندیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەیەکی دیکەت لێی هەبێت.

***چەترپرێس: لە دوای جیابونەوەتان لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چەندین جار گفتوگۆ کراوە لە نێوانتاندا بۆ یەکخستنەوەی هەر دوو حزبی دیموکرات، بەڵام تا ئێستا یەکتان نەگرتوەتەوە ئەپرسین ئەم لێکترازانەتان چ سودێکی بە گەلی ڕۆژهەڵات گەیاند و جیابونەوەتان زۆری نەخایاند، بەڵامیەگرتنەوەتان زۆر دەخایانێت؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم: زۆر باش دەبووئارەزومان دەکرد و ئێستاش ئارەزوش دەکەین لەیەکدابڕان و جیابوونەوە لە نێوان حزبە کوردیەکاندا دروست نەبێت وە ئەگەر حزبەکان کێشەیەکی نێوخۆیان هەیە تێبکۆشن بۆ بنبڕکردنی کێشەکە و بە دوای ڕێگاچارەیەکدا بڕۆن بە شێوەیەک چارەسەری بکەن کە لەیەکترازانیدا بەڕودا نەیێت، چونکە ئەوە یەکێکەلەو دەردە کوردانەیە لەو گرفتانیە کە ئێمە دەیان ساڵە پێوەی دەناڵێنین لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەگەڵ کێشە و ناکۆکی حزبەکان، هاوشێوەی لەتبوونەکەی هەردوو حزبی دێموکرات ئاسایە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەیان ساڵە حزبی دێموکراتی کوردستان یان تەجروبە کردوە. ئەو حزبە لایەنگرێکی زۆری هەیە و ئەندامێکی زۆری هەیە،بوەتە بەشێک لە پێناسە و مێژوو ئەفسانەی ئەو خەڵکە. روداوێکی خۆش نەبوو، روداوێکی زۆر ناخۆش بوو، بەڵام لە سیاسیەتدا کاتێک روداوێکی زۆر ناخۆشیش روودەدات، خارج لە ئیرادەی خەڵکەکە لە نێو حزبدا وای لێهاتبێتکە بەیەکەوە کاریان نەکردبێت جودا بنەوە. نابێت لە خانەی یەکەمی ناخۆشیەکەدا بمێننەوە هاوکات کە ئەو حاڵەتە ڕوددات دەبێت بە دوای ڕێگاچارەیەکدا بڕوین. لەم دوایانەدا ئێمە وەکوو لایەنی حزبی دێموکراتی کوردستان پێشبینی ئەوەمان دەکرد بە مروری زەمان دەبێت ئێمە لەیەک نزیک بینەوە و بەدوایڕێگاچارەیەکدا بڕۆین. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان هەوڵماندادوە کە کۆمەک بە کەشوهەوایەکی ئارام بکەین. زەمینە خۆشکەری دانیشتنەکان و گفتوگۆکان بین، هەروەها ئێمە لەو دوایانەدا دانیشتنمان لەگەڵ یەک هەبوەوەکوو هەر دوو حزبی دێموکرات کە لە ئاستی دەفتەری سیاسی. بە بەراورد کردن لەگەڵ رابردوو من پێم وایە ئەوە هەنگاوێکی باشە کە لانی کەم هەر دوو بەشی دێموکرات لەگەڵ یەک دادەنیشن و باس لەسەر ئەوە دەکەن کە

چۆن تێبکۆشن لە داهاتودا کێشەکەی خۆیان لە ڕێگای گفتوگۆ چارەسەر بکەن کە تەنانەت لە ئیدامەدا بەرە ئەوە بڕۆن کە هەردوو لای دێموکرات یەک بگرێتەوە لە یەک حزبدا. جا ئەوەش کە کێشەکان هاتنە گۆڕێ کاتی خۆی لە نێو یەک حزبدا، ئێمە بووین بە دوو بەش. سەیر نیە پرۆسە یان ڕەوەندی گفتوگۆ لەیەکنزیکبوونەوە کاری هاوبەش لە ئیدامەشدا یەکگرتنەوەش ماوەیەک بکێشێت. ئەوەی ئێستا لە خزمەت ئەوەدایە ئێمە چۆن هەر دووکلامان بەیەکەوە حزبی دێموکرات دروست بکەینەوە. جۆرێکی دروست بکەینەوە کە لە هەمووی لەیەکدابڕان و لەیەکترازانەکانی دەیان ساڵە کەڵک وەربگرین بۆ ئەوەی بەیەکەوە حزبێکی بەهێزو جێی ڕەزامەندی هەموو ئەندامان و لایانگرانی حزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕێک بخەینەوە.

***چەتر پرێس: لە کۆنفرانسی "پراگ"دا پرسی نەتەوەی کورد پەراوێز خرا و دەنگۆی ئەوەش هەیە دەستی دەرەکی لەپشت کۆنفڕانسەکەدا هەیە لە هەمانکاتیشدا وەڵامی پەراوێز خستنی پرسی کورد بەگشتی نەدرایەوە.بۆ کۆنفرانسی داهاتوو چیتان ئامادە کردوە؟***

***خالید عەزیزی:*** سەبارەت بە کۆنفرانسی پراگ و هەموو ئەو کۆبوونەوانە کە لایەنە ئێرانیەکان لە دەرەوە ڕێکیان خستووە و ئێمەش تیاندا بەشداریمان کردوە، جا لە لەندەن، ستۆکهلۆم، پراگ و واشنتن و لەو دوایانەشدا حزبی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوەیەکی لە برۆکسل دروست کرد. ئێمەش بەدواداچوون بۆ شتێک دەکەین ئەویش ئەوەیە کۆبوونەوەی فرەڕەنگی لایەنە ئێرانەیەکانە، بۆچونی جۆراوجۆر و دەرفەتێکی زۆر لەوێدا بەدی دەکرێت کە ئێمە بتوانین باسی مەسەلەی کورد بکەین. لەو کۆنفرانسانە نابێت چاوەڕوانی زۆرمان هەبێت خەڵکی پەڕشوبڵاوی تێدایە. هەندێکیان خەڵکانێکی تاکرەون هەندێکیشیان گروپن ڕێکخراوی سیاسی جۆراو جۆریان هەیە لەوێ تەنها دەکرێت نەتیجەی باسەکان بکرێت بە بەڵگەنامەیەک و شتێک بڵاو ببێتەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەکانەوە هەیە بەتایبەت حزبی ئێمە و لایانە کوردیەکانی دیکە بەشدار بوون بە باوەڕی من هەموو لەوێ باشیان قسە کردوە، باشیان داکۆکی لە مافەڕەواکانی دۆزی کورد کردوە، جا ئەوەی کە لە یاداشتنامەکاندا کەم ڕەنگی داوەتەوە، ئەوە لە جێی خۆیدایە هەر لەو چوارچێوەیەدا هەم حزبی ئێمە و لایانە کوردیەکانی دیکەش نارەزایەتی خۆمان نیشانداوە من ئەوە زۆر بە سەیر دانانێم. ئێستا لەگەڵ لایانە ئێرانیەکان خەریکین ئەوان لە دۆزی کورد تێبگەیەنین دوای دەیان ساڵ لەیەکدوری و نەبوونۆبوونەوە و کۆنفرانسی هاوبەش بۆیە ئەو لەیەک تورە بوونانە و لەیەک تێنەگەیشتنانە شتێکی ئاسایە. ڕەنگە لە داهاتوشدا بێتە پێشێ کۆنفرانس و سیمیناری لەو چەشنەببەسترێت دیسانەوە ئێمە بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خۆمان ئەو مەسەلەیە کە ئێمە بمانەوێت بیخەینە ڕۆژەڤەوەلە نێو ئەواندا ڕەنگ نەداتەوە. تەنها ڕێگامان ئەوەیە کێشەیان لەگەڵ بکەین، گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین کۆڵ نەدەین لە داکۆکیکردن لە دۆزی کورد، بەڵام بە هێزێکی فراوانەوە بەو واتایە کە حزبە کوردیەکان لەسەر خاڵێکی هاوبەش ڕێکبکەون ئەوکات پێشکەشی کۆنفڕانسەکانی بکەن. بڵێن جیاواز لە چۆنیەتی کۆنفرانسەکەئێمە وەکوو کورد ئەو مەسەلەیەمان هەیە و ئەو داخوازیە ڕون و ئاشکرایەمان هەیە بۆ ئەو کارە پێویستمانیەکگرتویی هەیە لە نێو حزبە

کوردیەکاندا هەروەها ئێمە وەکوو کورد نابێت تێبکۆشین ببین بە بەشێک لە کێشەی ئەوان لەگەڵ یەکتر. لایەنە ئێرانیەکان کێشەیان لەگەڵ یەکتر هەیە یەکتر قەبوڵ ناکەن. بیروڕای جیاوازی فکرییان زۆرە فێری کاری پێکەوە هاوبەشی و کاری سازمانی لە گەڵ یەکتری کەم بوونە یانیش سەرکەوتو نەبوونە یان ئەوانیش لەیەک جیابوونەوەو دابڕانی جۆراو جۆری زۆریان لێ بوەتەوە. ئێمە تەنها دەبێت هۆشیاری ئەوەبین وەکوو حزبی کوردی نەبین بە بەشێکی کێشەی ئێرانیەکان لەگەڵ ئەوان بەڵکوو لایانە کوردیەکان ببن بە خاوەنی دۆزی خۆیان.

سەبارەت بەوەی چیمان ئامادە کردوە بۆ کۆنفرانسی دووهەمـەمەگەری ئەوە هەیە لەچەند مانگی داهاتودا کۆنفرانسی دووهەمیبەسترێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە تا ئێستاش هیچ ڕێکەوتنێک و خاڵێکی هاوبەشمان لەسەر یاداشتنامەیەکنیە لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە وەکوو حزبی دێموکرات لەگەڵیاندا دەستپێشخەریمان کردوە، ئێستاش ئەو مەسەلەیە هاتوەتە ئاراوە هیواخوازین ئەنجامەکانیدانیشتن و گفتوگۆکانی داهاتووی لایانە کوردیەکان تا کۆنفرانسی داهاتوو لانی کەملەیەک تێگەیشتن و خاڵێکی هاوبەشمان هەبێت. بەڵام جێگای خۆیەتی ئەوەش بڵێم ئێمە وەکوو هێزە کوردیەکان کاتێک لە شوێنێکدا بەشدار دەبین بە هیچ جۆرێک لە دژی یەک قسە ناکەینئەگەر لە دەرەوەی کۆنفرانسەکە ڕەنگە ناکۆکیمان هەبێت، بەڵام لە نێو کۆنفرانسەکە هەماهەنگیمان زۆرە.

وا باشە ئەو هەماهەنگیە بەدەنگ و بە گوتار دەربیخەین و بکرێت بە یاداشتنامە بۆ ئەوەی لایانە ئێرانیەکان بیبینن لەوە تێبگەن کە لایانە کوردیەکان لەسەر خاڵێکی هاوبەش ڕێکەوتونە. ئێمە کاری بۆ دەکەین لەیەک دوو مانگی داهاتودا بزانین بە کوێ دەگەین.

سەبارەت بەوەی کە گوایا دەستی هێزی دەرەکی لە پشت کۆنفرانسی پراگەوە بونی هەبوە لەڕاستیدا من هیچ بەڵگەیەکم نیە هیچ زانیاریەکم نیە کە هێزی دەرەکی لە پشتەوە بوبێت وە تا ئێستاش بۆم دەرنەکەوتوە تا بەڵگەیەکم هەبێت بڵێم هێزی دەرەکی لە پشت کۆبوونەوەی"پڕاگ"دا بووە. ئێمە وەکوو حزبی دێموکرات هیچ بەڵگەیەکمان نیە.

***چەترپرێس: ڕێکەوتننامەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەنگۆیەکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و نەڕەزایەتی بەشێکی زۆری حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی لێکەوتەوە. وا باسی لێوە دەکرێت کە گوایا ئەمڕێکەوتننامەیە وەکوو نیشاندانی دوو هێزی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی دەرەنجامەکانی لە ڕوی ڕەوشی سیاسیەوە چۆن دەبینن؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم ئەوەی کە دوو حزبی سیاسی کوردی لەگەڵ یەک دادەنیشن و بەهەندێک تێگەیشتن ویاداشتنامە دەگەن وەک دوو حزب لە گەڵ یەکتر ئەوە بە شتێکی باش دەزانین ئەو کارەی ئەوانیش ئێمە وەکوو حزبی دێموکرات لە دژی نەبووینە و بەکارێکی باشمان زانیوە. بۆ خۆیان لانی کەم دوو حزبی کوردی لەگەڵ یەکتری دانیشتنیان کردوە و

لەیەکنزیکبونەتەوە.

دووهەمیش ئەو دوو حزبە بە هیچ شێوەیەک دوو حزبی سەرەکی رۆژهەلاتی کوردستان نین. هەر دوو حزب واتا حزبی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندوو حزبن لە نێو بەشێک لەحزبە کوردیەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەو فەرهەنگ و ئەدەبیاتە کە هەر حزبە خۆی بە ئەسڵ دەزانێت ئەوی دیکە بە پێچەوانەوە دەزانێت بۆچوونێکی باش نیە بۆچوونێکی خراپە.

ئێمە نابێت بەو شێوەیە لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەین لە حاڵێکدا ئەو دوو لایانە لەگەڵ یەکتری لەیەک تێگەیشتن و یاداشتێکی دوو حزبی یان هەیە کە دوو دانە دێموکرات هەیە و چوار دانە کۆمەڵە هەیە جا ئەگەر وایە هەر بە ڕێکەوتنی ئەو دوو حزبە پێناسە دەکرێت. ڕەنگە دوو حزبی دیکەی رۆژهەلاتی کوردستانیش بەیەکەوە دابنێشن و لەگەڵ یەکتررێکەوتننامە و یاداشتێکیان هەبێت. ئەگەر ئێمە وەک حزبی دێموکراتی کوردستان پێمان دروست بایە پێشتر دەمانتوانی ئەو کارە بکەین. رەنگ بوو لە گەڵ سێ حزب و چوار حزبیش ئەو کارەمان کردبایا، بەلامئەو کارەمان بە دروست نەزانی بۆ ئێمە نەمان ویست ڕێگا چارەی دوو گروپی و سی گروپی لە نێو ئەحزابی رۆژهەلاتی کوردستاندا بێنینە پێشەوە بە جۆرێکی دیکە هاوکاری یەکتریبکەین لە تەنیشت ئەو لەتبوون و جیابوونەوانە، ئێستاش ئەو کارە بەینی دوو حزبی خۆیانە. ئەگەر باس لەسەر بەرەیەکی یەکگرتوو کە هەموو لایەک تێیدا بن ئەو دوو حزبەشلە داهاتودا دەتوانن تێکەڵ بەو بەرەیە بن کە هەموو لایەکمان بەیەکەوە داییمەرزێنی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چەتر پرێس - ڕێکەوتی : ٢١ فێبریویری ٢٠١٣

# وتووێژی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان



**خالید عەزیزی: فیدراڵیزم باشترین ڕێگاچارەیە بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی لە داهاتووی ئێران**

**ئاماژە:**

**٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧، ئەو ڕۆژەبوو کە ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتیی تێدا سەرکەوت. بەلام گەلانی ئێران نەک هەر بە ویست و داخوازە لە مێژینەکانیان نەگەیشتن بەلکوو، تووشی سەردەمێکی ڕەشی دیکە بوونەوە کە تا ئێستاش درێـژەی هەیە. بۆ تیشک خستنە سەر خوێندنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی ئاکامەکانی ئەو ڕاپەڕینە ودووپاتنەبوونەوەی مێژوو لە ولاتی فرەنەتەوەی ئێران دا، «کوردستان»،ئەم وتووێژە تایبەتەی لە گەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێناوە:**

***«کوردستان»: چ هۆکار یا هۆکارگەلێک بوون بە هۆی ئەوە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕینی ڕێبەندانی ١٣٥٧ لە لایەن خومەینی و ئاخوندەکانی دیکەوە. دەستیان بە سەر دا بگیرێ و بزووتنەوەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران ، بە تایبەتی نەتەوەی کورد بکەونە پەراوێز و لە دەسکەوتەکان بێبەش بکرێن؟***

***خالید عەزیزی:*** **پێشەکی، لە ئێرانی ئەو کات لە وڵاتێکدا شۆڕش کرا کە کۆمەڵگایەکی فرەچەشن بوو و کۆمەڵێک کێشەی چارەسەر نەکراوی دەیان ساڵەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و میللی و مەزهەبیی تێدا کەڵەکە کرابوو و هەر لایەنەی کەم و زۆر چاوەڕوانیی خۆی لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕەکان هەبوو. لە لایەکی دیکەوە ئەزموونی دیموکراسی و کاری جەمعی و حیزبایەتی ئەوندە کرچ و کاڵ بوو کە لایەنەکان بە گشتی کەوتنە نێو جەووی ڕۆژانەی شۆڕش کە لە لایەن موئەسسات و**

ڕێکخراوە مەزهەبییەکان بە ڕێبەریی ئایەتوڵڵا خۆمەینی ڕێبەری دەکرا. زۆر سروشتییە هەر لایەک ڕێبەریی شۆڕش بە دەستەوە بگرێ بە گوێرەی بەرژەوەندی خۆی ڕەوتەکە بەرەو پێشەوە دەبا و دەم و دەزگا و دەسەڵاتی خۆشی لەسەر دادەمەزرێنێ.

پێناسە و شعوری سیاسی ـ نەتەوەیی ویست و داخواز و ئامادەگی ڕێکخراوەیی نەتەوەکانی ئێران بە غەیری کورد نە گەیشتبووە ئەو ڕادەیە کە ڕەوتی شۆڕش بە ئاقارێکدا بەرێ و بەو جۆرە خاوەنداریێتیی بکات. کورد بە بەراوەرد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، تەنیا لایەنێک بوو کە ئامادەیی ڕێکخراوەیی و سیاسیی هەبوو کە بە دوای داخوازییەکانی خۆیدا بڕوا و تەنانەت دوای شۆڕش، کورد تەنیا نەتەوەیەک بوو کە داواکانی کەوتە نێو دەستووری کاری دەوڵەت و وتووێژی لێکەوتەوە. ئەگەر وایە دەکرێ بڵەین کە تەنیا کورد بوو گوێی نەدرایە و خرایە پەراوێز. نەتەوەکانی دیکە یان وەک فارس و ئازەری داوایەکی تایبەتیان نەبوو و ئەوانی تریش هەرگیز بەو ڕادەیە لە ڕێکخستن و دەسەلاتی ناوچەیی خۆیان نەگەیشتن کە ببن بە مەوزووع بۆ دەسەڵات.

***«کوردستان»: ئێستا و دوای ٣٤ ساڵ لە هاتنە سەر کاری ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، باروودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ ئایا لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە پلاتفۆرمێک یا هەوڵێک، بۆ لەیەک نزیک کردنەوەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕێکخستنی بەرەیەک کەگوشار بخاتە سەر ئەو ڕێژیمە.لە ئارا دایە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئۆپۆزیسیۆن یان دژبەرانی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ سێ کێشەی سەرەکی ڕووبەڕوون: یەکەم، خوێندنەوەی سیاسیی ئەوان لەو سیستەمە و چۆنیەتیی مامەڵە کردن لەگەڵی، واتە ڕووخانی سیستەم یان ئاڵوگۆر لە سیستەمەکەدا بکرێ. دووهەم، شێوەی پێناسە کردنی ئێران وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە و فەدەراڵ و دەسەڵاتی سیاسیی داهاتووی ئێران دەبێ چۆن بێت. سێهەم، ئالترناتیو و بەدیلسازی بۆ کۆماری ئیسلامی دەبێ بە گوێرەی کامە بنەما و فاکتۆر بێت و کێ لە کوێ قەرار دەگرێ. زۆر ئاساییە کە لە کەشوهەوایەکی ئەوتۆدا کە موخالیفانی کۆماری ئیسلامی زۆر بەربڵاو و لێکدوورن و کەس کەسی قەبووڵ نییە، کارێکی ئاسان نییە لە فەزایەکی ئەوتۆدا پێناسەیەکی واقیعبینانە لە ئۆپۆزیسیۆن بە مانای بەدیل و دەسەڵاتی سێبەر لە دژی کۆماری ئیسلامی بکەی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە وەک کورد مادام ئێستا چارەسەری کێشەی نەتەوایەتێی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێراندا دەبینین دەبێ تێبکۆشین ڕادەی دۆستان زیاد بکەین و نەیارانیش کەم کەینەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ئێمە کار دەکەین و نابێ ببین بە بەشێک لە کێشەی نێوخۆی ئەو لایەنانە. بەڵام ئەگەر بزانین لایەنێک چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە باوەڕی بە داخواز و مافەکانی ئێمە هەیە لەو حاڵەتەدا زۆر ئاساییە کە ئێمە پشتیوانی لەو لایەنە بکەین. لەو جۆرە کێشانەدا ڕادەی باوەڕی ئەوان بە مافەکانی ئێمەیە کە دەبێتە پێوەر و میکانیزمێک بۆ تەنزیمی پێوەندیی ئێمە و لایەنە ئێرانییەکان.

ئێمە لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی لایەنەکانی ئێرانیدا بەشداریمان کردوە و هەوڵمان داوە کە ڕێخۆشکەر و یاریدەدەری هاوکاری لە نێو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دا بین. ئێمە تا خۆمان وەک حیزبە کوردییەکان جۆرێک لە هاوکاری و کۆدەنگیی کوردانەمان نەبێ ناتوانین وا بە ئاسانی دەوری بەرچاومان لە نەخشە ڕێگای عەمەلیی گۆڕەپانی ئێستا و داهاتووی سیاسیی ئێراندا هەبێ. حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو پێناوەدا دل ئاواڵە بووە و ئامادەیە لە مەوبەدواش کاری بۆ بکات.

***«کوردستان»: وەزعی ئێستای ئێران بە گشتی چۆن دەبینن؟ ئەگەر رووخان یا گۆڕانی دەسەلات لە ئیران دا روو بدات تا چەند مەترسیی دووپاتبوونەوەی ئەزموونی راپەرینی ریبەندانی ١٣٥٧ هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا لە ژێر فشار دایە.

گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان، ئابووریی ئێرانیان تووشی کێشە و گرفتێکی زۆر کردوە و قەیرانێکی بەرچاو، بازاڕی ئێرانی داگرتوە. لە ئاستی ناوچەکەدا ئێران خۆی کردوە بە جەمسەرێکی کێشەکە و تێدەکۆشی بە دروستکردنی قەیران و ئاڵۆزی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی وێڕای دروستکردنی دیوارێکی ئەمنیەتی لە دەوری خۆی ئەمنیەتی ناوچەکەش بشێوێنێ. ئەو گەمە درەنگ یان زوو بەرۆکی خۆشی دەگرێتەوە وا بە ئاسانی لێی ڕزگار نابێت.

لە تەنیشت ئەوانەدا لە کێشەیەکی بەربڵاوی سیاسی لە گەڵ خەڵکەکەی خۆیدایە، بە جۆرێکی ئەو سیستەمە لە نێوخۆیدا تووشی ناکۆکی و چەند بەرەکی کردوە و ڕۆژ بە ڕۆژ یەکگرتوویی ئەو ڕێژیمە دەخاتە مەترسییەوە. لە سەریەک هەموی ئەو فاکتۆرانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو ڕێژیمە وەک هەموو سیستەمێکی سەرەڕۆ نە تەنیا وڵامدەر نییە بگرە ئەسبابی کێشە و گرفتە و دەبێ بڕوا. مانەوەی ئەو ڕێژیمە لەبەر ئەوە نییە کە خەڵک دەیانهەوێ، بەلکو لەبەر ئەوەیە کە خەڵک هیچ مەجالی وەدەنگ هاتنیان نییە. لە سەریەک کۆماری ئیسلامی وەک هەموو دەسەڵاتەکانی ئیستبدادی زۆر بێ داهاتویە و دەبێ بڕوا.

ئەزموونی شۆڕش لە ساڵی ٥٧ نیشانی دا کە لە شێوان وکەشو هەوای شۆڕشگێرانەدا مەنتق و ڕێگاچارەی لیکحاڵیبوون و تەوافوق کار ناکات و هەر لایەک دەسەڵاتی هەبێ گۆڕەپانەکە قۆرخ دەکات. بۆ ئەوەی ئەم سێناریۆیە دووپات نەبێتەوە جۆرێک لە لێکحاڵیبوون و هەماهەنگی لە سەر بنەمای پیناسەیەکی تەوافوقی و هاوبەش بە بەشداریی هەموو لایەک بۆ ئیدارەی داهاتوی ئێران پێویستە. ئەو کارەش دەبێ لە ئێستاوە بکرێ و بۆ ئەوەی خەڵک بە گشتی بەرچاو ڕوونیی پیویستیان هەبێ و بزانن کە ئیرانی داهاتوو چۆن و بە دەست کێ و بە چ شێوەیەک ئێدارە دەکرێ. حیزبی دیموکرات بە لەبەر چاوگرتنی ئەزموونی پێشووی شۆرشی ئێران و هەروەها ئەزموونی دواین ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە و جێگۆڕکێی دەسەڵات

لەو وڵاتانە، بە ئەرکی خۆی دەزانێ بەرچاوڕوونیی پێویست بخاتە ڕوو و کاری بۆ بکات.

***«کوردستان»: ئیدارەی سیاسیی ئێرانی داهاتوو دەبێ چۆن بێ بۆ ئەوەی هەموو لایەک مافەکانیان پارێزراو بێ؟***

***خالید عەزیزی:*** **کێشەیەکی سەرەکیی ئێمەی کورد لە گەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێرانی لە سەر پێناسە کردنی ئێرانە. ئێمە پێمان وایە ئێران واحیدێکی سیاسی ـ جۆغرافیاییە و چەند نەتەوەی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، بۆیە قانوون و ئیدارەی داهاتووی ئێران دەبی لە سەر بنەمای ئیعتراف بەو فرە چەشنییە دامەزرێ و و هەموو لایەک خۆی تێدا ببینێتەوە. پرۆژەی حیزبی دیموکرات بۆ ئەو مەبەستە فیدرالیزم و دابەش بوونی دەسەڵاتە لە نێوان پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێراندا. ئەو پرۆژەیەش پێویستی بە پشتگیری و بەشداریی میللەتەکانی دیکەی ئێران هەیە. ڕێگای چارەی فیدراڵی بۆ وڵاتێکی فرەچەشن، باشترین میکانیزمە بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە باش ئیدارە بکرێ. ئەو ڕێگاچارەیەش دەیان ساڵە کە لە زۆر شوێن جێ کەوتوە و سەرکەوتووش بووە. لە بەر ئەوەی لە ئێراندا دێموکراسی و ئیدارەی هاوبەش تەجروبە نەکراوە، جۆریک لە ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لەو پرۆژەیە هەیە و پێیان وایە کە ئەوە دەبێتە هۆی لێکدابڕانی ئێران. ئێمە دەبێ پێیان بڵەین کە ئەوە دیکتاتۆری و لە پەراوێز خستنی میللەتانی ئێرانە کە بیری جیابوونەوە بە هێز دەکات، نەک فیدرالیزم و هاوبەشی لە ئیدارەی ئێران. جێخستنی فەرهەنگ و پێداویستیی فیدرالیزم پێویستی بە ڕۆشنگەری و شیکردنەوە بۆ لایەنە ئێرانییەکان هەیە. ئێمە دەبێ بە ڕاشکاوی ئەو ڕاستییەیان بۆ دەستنیشان بکەین کە ئەگەر نیگەرانی داهاتوی ئێرانن، ئەوە فیدرالیزم و ئیدارەی هاوبەشی ئێران باشترین بەدیلە بۆ ڕەواندنەوەی ئەو نیگەرانییە.**

**لە ژمارە ٦٠٢ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢١ مارس ٢٠١٣**

# سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان :ئێستا کورد مەجالی ئەوەی هەیە وەک هێزێک لە ناوچەکەدا دەور بگێڕێ.




ئاماژە: لە وتوویژێکدا کە »کوردکاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکی هێناوە، بەڕێز خالید عەزیزی تیشکی خستە سەر کۆمەڵێک پرسی گرنگی ڕۆژ وەک مەسەلەی کورد لە وڵاتانی ناوچە، نوێترین ئاڵوگۆڕەکان، ناکۆکییەکانی نێودەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیو پرسی یەکبوونەوەی دێموکراتەکان،

هەڵوێستەیان لەسەر کراوە. سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ئەم وتووێژە رادەکێشین.

"کوردستان"

***«کوردکاناڵ»: سەرەتا بەخێرهاتنی کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەین.***

***خالید عەزیزی:*** زۆر سپاس و هەروەها ڕێز و سڵاویشم هەیە بۆ بینەرانی کورد کاناڵ.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید با لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەوە دەست پێ بکەین. دووساڵ لەوەپێش کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە لە وڵاتانی عەرەبی دەستی پێکرد بە دەستەواژەی بەهاری عەرەبی دەستی پێکرد. ئێستا کە بەرەبەرە لە ئاکامگیرییەکان نزیک بووینەتەوە بەهاری عەرەبی جێی خۆی داوە بە زستانی عەرەبی لە تەفسیرەکاندا. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە سەرەتاوە بە جۆرێک تەفسیری ئەم ڕووداوانەی کردوە ئایا ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاکامگیریی ئەم ئاڵوگۆڕانەدا تەفسیری چۆنە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ناوچەیەکدا دەستی پێکردوە کە ئەو ناوچەیە (لە ژێر دەسەڵاتی) حکوومەتە

سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا بووە و کۆمەڵانی خەڵک تەجروبەیەکیان لە دێموکراسی نەبوو. مادام ئەو تەجروبەیەیان نەبووە، سروشتییە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە هەورازونشێویان دەبێ. ئەگەر چاوەڕوانیی ئێمە ئەوە بێ لەو وڵاتانە کە هەرگیز دێموکراسیی تێدا نەبووە و نەهادینە نەبووە و فەرهەنگ نەبووە پێمان وابووە ئەو ئاڵوگۆڕانە لە ماوەیەکی یەک دوو ساڵەدا نەتیجە دەدا و حکوومەتێکی رێکوپێکی مۆدێرنی دێموکراسی دامەزراوە دێموکراتیکەکانی خۆی دادەنێ و وردەوردە پێوەندیی خەڵک و دەسەڵات لەسەر ئەو بنەمایانە شکڵ دەگرێ، بە باوەڕی من قەزاوەتێکی بڕێک بەپەلەیە بۆیە زۆر سروشتییە کە لەو ناوچەیەدا ئەو ئاڵوگۆڕانە زۆر بکێشێ، هەوراز و نشێوی هەبێ و حکوومەتێک هەڵبژێردرێ و دوایە دیسان کۆمەڵانی خەڵک بەجۆرێکی دیکە لە دژی ئەو حکوومەتە خۆپێشاندان بکەن و باسی ئاڵوگۆڕ لە قانوونی ئەساسی، لە حکوومەتدا بکەنەوە. ئەوە تەبیعەتی ئەو ئاڵوگۆڕانەیە ئورووپای دێموکراتیکیش هەر بەو مەسیرانەدا رۆیشتوە ،بەیەک رۆژ و دوو رۆژ، ساڵ و دوو ساڵ تەواو نەبووە، هەوراز و نشیوی زۆر بووە. ئەگەر لە سەردەمێکدا بەهاری عەرەبی بووە، سەیر نییە پاییزی عەرەبییشی بەدوا دابێ، زستانی عەرەبییشی بەدوا دابێ، هاوێنی عەرەبییشی بەدوا دابێ، یانی ئێمە نابێ هەرئاوا یەک بوعدی چاو لە قەزییەکە بکەین و بڵێین ئەوە ئاڵوگۆڕ بووە و حکوومەتێکی ئیستبدادی رووخاوە و وا بەئاسانی خەڵک بە ساڵێک و دووساڵ فێری دێموکراسی دەبن و دەسەڵاتیش بە ساڵێک و دووساڵ فێری ئەوە دەبێ کە چۆن ببنە دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و وەڵامدەر. بۆیە بە باوەڕی من نەفسی ئاڵوگۆڕەکان شتێکی باشە، تازە بە مەعنای ئەوەیە حکوومەتی ئیستبدادی و سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری لەژێر هەر عینوان و ناوێکدا بێ لەو ناوچەیە مەجالی نییە دیسانەکانە سەقامگیر بێتەوە. خەڵک فێری خۆپێشاندان و ئیعترازات بوون. بۆیە بە باوەڕی من ئەوە دەستکەوتی یەکەمە، لە باری زەمانییەوە دەبێ چاوەڕوان بین، چونکە درێژە دەکێشێ. بەڵام پێم وایە هەروەکی گوتم پاشگەز بوونەوەی تێدا نییە.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید! هەروەختێک کە رێبەرانی کورد باسی دوایین ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکە بە گشتی دەکەن ئەوکاتە گرنگییەکەی دەردەکەوێ کە لە روانگەی بزووتنەوەی کوردەوە و لەروانگەی مەوقعییەتی کورد لەو بەشانەدا. (ئاڵوگۆڕەکان) تەحلیل و تەفسیر دەکەن. ئێستا پێش ئەوەی کە بچمە سەر ئەو پرسیارە ئێوە ریزبەندیی نێونەتەوەیی یانی (رۆڵی)زلهێزەکان لەو گۆڕانانەدا چۆن دەبینن؟***

***خالید عەزیزی:*** رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ناوچەیەکی دەوڵەمەندە، جۆراوجۆریی مەزهەبی و میلیی زۆری تێدا هەیە، ناوچەیەکی حەسساسە، زلهێزەکان بەرژەوەندی راستەوخۆیان تێدا هەیە، بۆیە زۆر ئاساییە لە چەند و چۆنی رەوەندی ئەو رووداوانە دا، دەوریان هەبێ و(هەول بدەن رووداوەکان) بە جۆرێک بچێنە پێشێ کە لە بەرژەوەندیی واندا بێت. ئەوەی پێوەندیی بە کوردەوە هەیە، ئێمە یەک دوو دەورانمان تەجروبە کردوە، یەکەم سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی کە ئاڵوگۆڕێک هاتە پێشێ و کۆماری کوردستانی لێکەوتەوە، کورد توانی بیقۆزێتەوە و کەڵکی لێ وەربگرێ. لەدوای ئەودا کە دنیا بەینی دوو جەمسەری ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشوو دابەش ببوو، یانی دووبەرەکییەکی تێدا هاتبووە گۆڕێ، لە نێو جووڵانەوەی کورد دا بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر(لە بارەیەوە) هەبوو، بەڵام کورد ئەووەختی فاکتۆرێکی وا بەقووەت نەبوو کە لەو کێشانە بە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێ. زۆر جار دەکەوتە نێو کێشەکان، ناڕاستەوخۆ دەکەوتە چوارچێوەی

بەرژەوەندیی ئەو زلهێزە یان زلهێزەکەی دیکە. ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ئەو سەردەمدا گۆڕان هەم لە دنیادا دروست بووە هەم لە ناوچەکەدا دروست بووە، هەم بە خۆشییەوە لە مەوقعییەتی سیاسیی کورددا دروست بووە. بۆیە ئێستا کورد مەجالی ئەوەی هەیە لە رادەی خۆیدا لە ناوچەکە لە گەمەکەدا بێ و دەور بگێڕێ و زۆرجار وەک هێزێک لە ناوچەکەدا لە حەددی توانای خۆیدا دەور بگێڕێ. یەکەم، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا کورد ئیعترافی پێ کراوە و ئینکار ناکرێ، لە گەمەی عێراقدا مەترەحە، بێ کورد عێراق دروست نابێتەوە، لە سووریەدا لە گەمەکە دا مەترەحە، ناکرێ نادیدە بگیرێ، لە تورکیەش لە کێشەکەدا مەترەحە و ناکرێ نادیدە بگیرێ، هەرچەند لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، کوردستانی ئەمنییەتی کردوە و بە دیدی ئەمنییەتی چاوی لێدەکا بەڵام لە ئێرانیش هەر ناکرێ نادیدە بگیرێ. جا ئەگەر وایە بە بەراورد لەگەڵ رابردوو، مەوقعییەتی کورد باشە و کورد لە مەوقعییەتێک دایە کە دەتوانێ لە حەددی خۆیدا لەو گەمەیەدا بەشدار بێ.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید! هەر لەسەر ئەو قسانەی جەنابت. ئێستا کورد لە سووریە بە تەحلیلی حیزبی دێموکرات چۆن جووڵاوەتەوە لەگەڵ رووداوەکان؟ لە تەعامول لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆندا و ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئێمە رۆژانە رۆڵی لە هەواڵەکاندا دەبینین و دەبیسین. لەگەڵ لایەنەکان دادەنیشێ. چۆن توانیویەتی یارمەتیی بکات کە بە جۆرێک لە کێشەکانیان بگەیەنێ و راسپاردەی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە دوو سیاسەت بە نیسبەت سووریە تەعقیب دەکەین. سیاسەتی یەکەم ئەوەیە وەک کورد هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین کە حیزبە سیاسییەکانی کورد لە کوردستانی سووریە لەو واقعییەتە بگەن و دەرکی گرنگیی مەسەلەکە بکەن و پێیان بڵێین ئەو هەلومەرجەی کە هاتۆتە گۆڕێ بیقۆزینەوە و باشترین کار بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلومەرجە ئەوەیە کە حیزبەکان لە نێو خۆیاندا یەکیەتییان هەبێ و یەکگرتوو بن و بەم جۆرە ئیقتدار و دەسەڵاتی کوردی بە یەکگرتوویی نەتەوەیی بنوێنن . (ئەوە دەتوانێ) سیگناڵێکی باش بدا بە لایەنەکانی دیکە لەوێ کە ناکرێ قەزییەی کورد پشتگوێ بخرێ. لەو پێناوەدا لەگەڵ لایەنەکاندا دانیشتووین و تەشویقمان کردوون و پێمان گوتوون کە تێبکۆشن لێک نزیک ببنەوە، لە هەمان کاتیشدا لەبەر ئەوەی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی خۆی ستراتیژییەکەی ئەوەیە کە دەوڵەتی بەشار ئەسەد نەرووخێ و ئێمەش پێمان وایە رووخانی بەشار ئەسەد دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ لەقبوونی مەوقعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، تێدەکۆشین بە هەموو لایەنەکانی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بڵێین کە بەڵێ کۆماری ئیسلامی لە پشتی بەشار ئەسەدە و تێدەکۆشین بە خەڵکەکەی ئەوێش بڵێین ئەگەر حکوومەتی بەشارئەسەد بەو جۆرە بمێنێتەوە تەبیعەتەن ئێوە ئایەندەیەکتان نابێ. جا ئەگەر وایە جەهەتێکی(سیاسەتمان) جەهەتی کوردییە کە ئەوە ئەرکی نەتەوەیی حیزبی دێموکراتە هەر ئەوەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ و جێبەجێی دەکا. جەهەتەکەی دیکە جەهەتی سیاسییە لە جەهەتە سیاسییەکە بە نیسبەت سووریە زۆربەی زۆری لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیش کەم و زۆر هەمان سیاسەتیان هەیەو ئەوەش کۆمەک دەکا بۆئەوەی کە دێموکراسی لە سووریە سەقامگیر بێ.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید! هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیە لەو وڵاتانەن کە نەقشیان بەرچاوە لە گۆڕانەکاندا. هەم لەو بارەیەوە کە کوردیان تێدا هەیە و لەگەڵ مەسەلەی کورد ڕووبەڕوون و هەم لە باری پێوەندیی پێشوویان لەگەڵ سووریەدا (چ دووژمنایەتیی پێشوو بێ چ دۆستایەتی) و چ ئەو مەوقەعییەتە مەزهەبییە کە هەرکام هەیانە لە ناوچەکەدا. ئایا کورد لەم دوو وڵاتە چۆنی توانیو عەمەل بکا و بەتایبەت ئەو گۆڕانانەی کە ئێستا لە سووریە لە تورکیە لە پێوەندیدا هەیە و ئێوە لەو پێوەندییەدا پەیامتان بۆ هێزە سیاسییەکان چ بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە نیسبەت تورکیە قەزیەکە بە باوەڕی من زۆر تایبەتییە، تایبەتییە بەو مەعنایە ئەگەر تۆ بە مەعنای بەراوردی مەوقعییەتی کورد بکەی لە تورکیە بە ١٠ ساڵ ١٥ ساڵ پێش ئێستا گۆڕانێکی زۆری تێدا دروست بووە، یەکەم و ئینکاری کورد ناکرێ. دووهەم، مەسەلەی کورد چۆتە پارڵمانی تورکیە. سێهەم، لە مێدیا و راگەیەنە گشتییەکانی تورکیەدا بە راشکاوی لە سەری دەنووسرێ. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر دەوڵەتی (ئاک پارتی) بەو قەناعەتە گەیشتوە کە بە دوای رێگا چارەیەکدا بڕوا، لە چوارچێوەی رێگا چارەدا دەورانێک کە عەبدوڵا ئۆجەلانیان گرت و زیندانیان کرد، ئێستا دەچنە ئیمراڵی لەگەڵی دادەنیشن و باسی چۆنیەتیی چارەسەری کێشەی کوردی لەگەڵ دەکەن و تێدەکۆشن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کورد پێوەندی و وتوێژیان هەبێ، ئەو مەسەلەیە حەل بکەن. بە باوەڕی من ئەوە کارێکی باشە. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات ئەوەندەی مەجالمان بووە لەگەڵ تورکەکان پێمان گوتوون ئەوە باشترین شێوەیە، بە قازانجی تورکە، بە قازانجی عیلاقاتی کورد و تورکە، بە قازانجی خوێندنەوەیەکی مەعقوولانەی یەکیەتیی ئورووپایە لەسەر تورکیە. بە لایەنەکانی کوردیشمان گوتوە کە لە راستیدا دەوڵەتی تورک بە کورد ناڕووخێ، شەڕی چەکداریی کورد لە تورکیە سەرئێشەیەکە کە مەجبووری بکا بە وتوویژ، دەنا پێی ناڕووخێ. لە نەتیجەدا ئەوانیش ( پێویستە) تێبکۆشن لەو فورسەتەی کە ئێستا هاتۆتە گۆڕێ، ئەو مەجالەی کە دەوڵەتی تورکیە داویەتی، ئەو سیاسەتەی کە (ئاک پارتی) هەیەتی سوود وەر بگرن، تێبکۆشن کۆمەک بە رەوتەکە بکەن.تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە لە هەردووک لای قەزییەکە ئەو داوایەمان هەبووە و هەوڵمان داوە ئەوە بە رێگا چارەیەکی سەردەمیانە پێناسە بکەین کە تەنیا ئەو رێگایەیان هەیە.

بە نیسبەت عێراق مەسەلەکە تەواو فەرق دەکا، ئەوەی تورکیە ئێمە بۆیە بەلامانەوە گرینگە کە بە ئێرانییەکان ئەوانەی لە ئۆپۆزیسیۆندان و ئەوانەی لە نێو کۆماری ئیسلامی دان، بەڵام بە جۆرێک خۆیان بە ئیسلاح تەڵەب و سەوز دەزانن، نەقدی وەلیی فەقیە دەکەن پێیان وایە حکوومەتێکی سەرەڕۆیە_ بڵێین کە بەڵێ لە تورکیە کە کوردی ئینکار دەکرد ئێستا ئامادەیە لەگەڵ کورد وتووێژ بکا، کێشەکەی چارەسەر بکا و ئیعترافی پێ دەکا. بەڵام لە ئێران کە کۆمەڵگای ئێران قەت کوردی ئینکار نەکردوە کەچی کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی هەبووە بە دیدی ئەمنییەتی چاوی لێ کردوە و ئەو خەڵکە چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات بە دوای ئەوەدا بگەڕێن کە رێگا چارە، گفتوگۆ و وتووێژە. یانی مەبەستم ئەوە نییە کۆماری ئیسلامی ئێستا وتووێژ لەگەڵ ئێمە بکا، بەڵام ئێرانییەکان (لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان) بەو قەناعەتە بگەن کە تاکەی کێشەی کورد دەبێ ئاوا بچێتە پێش؟ بۆ لە وڵاتانی دراوسێ بە وتووێژ حەلی دەکەن، دەچن لە زیندان لەگەڵیاندا

دادەنیشن، بۆ ئێوە ئاوڕێک وەسەر قەزییەی کورد نادەنەوە؟

لە پێوەنـدیی لەگەڵ عێراقـدا، عێـراق تـایبەتیی خـۆی هەیە. یەکەم عێـراق بە شـێوەیەکی فیـدراڵی دامەزراوەتەوە، سـێ لایەنی تێدا هەیە: شیعە و سنی و کورد. ئەو تەنەوعاتە دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمە بە جۆرێک تەعمیمی بدەین بە ئێران. لە ئێرانی داهاتووش دا دەکرێ فێدرالیزم لە سەر بنەمای ئەو تەوافوق و تەنەوعـاتە ببـێ بە حەلێک کە حێزبـی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە هێناویانەتە پێشێ. لە هەمان کاتیشدا ئەوە سەرەتای دامەزرانی ئەو فێدرالیزمە بـوو، بـۆوەی کە نەهادینە بێ، لە وڵاتێک کە دێموکراسیی تەجروبە نەکراوە، دەبـێ زۆر گرنگی بـدرێ بە تەوافوق لەگەڵ یەکتـر. ئەگەر وایە لایەنە ئێرانییەکان دەبێ فێری ئەوە بن تەوافوق لەسەر چوارچێوەی سیاسیی داهاتووی ساختاری ئیداریی ئێـران بکەن. ئەوە لە روانگەیەکەوە ئەزموونیکی زۆری بۆ ئێمە تێدا هەیە کە کورد لە چارەسـەری کێشـەکەی خۆیدا چۆن تەعـامول لەگەڵ بەغدا دا دەکا بۆوەی کە ئێمەش لەو تەجروبانە لە داهاتوودا بۆ چارەسـەری کێشـەی خۆمـان لەگەڵ تـاران کەڵـک وەرگـرین. حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا لە هەنگاوی یەکەمدا دیسـان پێـی وایە یـەکگرتوویی شـەقامی کوردی، یەکگرتـوویی هێـزە کوردییەکـان لە هەرێمـی کوردسـتان کە گوتـارێکی دێموکراتیکیـان هەیە، کە پایەبەنـدن بە قـانوونی ئەساسـیی عێـراق، پایەبەندن بەوەی کە کێشەی بەغدا و هەولێر لە رێگای گفتوگۆ و موزاکرات حەل بکرێ و ئەوەش مەبنـای قـانوونیی هەیە، زۆر پێویستە. هیواداریـن لەسەر بناغەی ئەو ریوشوێنە دێموکراتیک و ئینسـانیانەی تەوافوقی دەسـتووریـیان لـە سـەر هەیە، بەدوای ئەو حەلـلەدا بچـن. ئەو حەلـلە باشـترین حەلـلە بۆکـورد، بـۆ عێـراق و بـۆ داهـاتووی نـاوچەکەش بە گشـتی. ئـێمە هەوڵمان داوە لە حەدی توانای خۆماندا (و بە پێی ئەو تێڕوانینەمان) دەور بگێڕین.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید! باسی ئەزموونی ئەو بەشانەی کوردستانت کرد بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان. ئێستا سـێ ئەزمـوونی جیاواز هەیە. لە سووریە کورد خەریکە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن تەعـامول دەکـا و بیـر لە رووخـانی دەسـەڵاتی بەشار ئەسـەد و دامەزراندنی دەوڵەتێکی فیدراڵ دەکەنەوە. لە تورکیە لە رێگای وتووێژ و دانوستانەوە خەریکە کێشەکە بەرەوپێش دەروا. لە عێـراق کـورد زیـاتر لە ٢٠ سـاڵە بە بەشـێک لە مافەکـانی خـۆی گەیشـتوە و لە دەورانـی سـەقامگیری دایە و دەوڵەتـی ناوەندییش چەند ساڵێکە ئیعترافی بە فیدراڵیزم کـردوە. حیزبـی دێمـوکراتی کوردستان و یـا بە گشـتی هێـزە سیاسـییەکان چەندە پێوەن کە ئەم ئەزموونانە بگوازنەوە بۆ ئیستای ئێران؟ بە تایبەتی کە کورد لە ئێـران ئێسـتا تەقـریبەن لە حـاڵەتێکی کپی دایە؟***

***خالیـد عـەزیزی:*** بـۆ ئـێمە هەمـووی ئەوانە تەجـروبەی راسـتەوخۆن، تەجـروبەی کوردین، تەجـروبەی وڵاتەکـانی دیـکەی دراوسـێی ئێـرانن، تەجـروبەی قـانوونین، تەجـروبەی مـوزاکراتن، تەجـروبەی لەگەڵـدابوون و ئینکـار و مشـارەکەت و بەشـدارییە، هەمـووی ئەوانە لە جێگـای خۆیـدا تەعمیمیـان بـدەین لە چـۆنییەتی چارەسـەری کێشـەی کـورد و لە ئێرانـدا بیانهێنینە گۆڕێ. ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەبێ کاتێک تۆ دەگەیە نێو ئەو چارەسەرانە یـا دەبـێ قـانوونی ئەساسـی مەجالت پێ بدا کە ببیە بنەمایەک لەسەر ئەو کێشانە بە تەوافوق بگەی، یـان دەنـا دەبـێ رەوتـی خەبـات و جووڵانەوەکە

بگاتە ئاستێک تۆ لەوێدا بەردەنگ ببینییەوە (پارتنێر ببینێیەوە) و لەگەڵ پارتنێرەکان (مەسەلەکە) بێنییە گۆڕێ، یان دەبێ ئاڵوگۆڕەکان لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا جۆرێک بێ، دەستووری کارێک لە گۆڕێدا بێ تۆ خۆتی تێدا ببینیەوە.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئێراندا راستییەکەی لەبەر ئەوەیکە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی هیچ مەجالێکی نەهێشتۆتەوە، دەسەڵاتێکی موتڵەقی دیکتاتۆرییە، کوردستانیش بە دیدی ئەمنییەتی چاو لێدەکا. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات( بە شێوەی)قانوونی لەوێ کار ناکەین، حیزبێکی ئاشکرا نین. لە نەتیجەدا ناتوانین لە نێوخۆی وڵات لە موخاتبەکانی خۆمان بگەڕێین، بەستەر دروست بکەین بۆ لێکحاڵیبوون و جێبەجێکردنی پرۆژەی چارەسەری دێموکراتیک و فێدرالیزم و ئەوانە. (دەبی بزانین)مەیدانی مانۆڕەکەمان تا کوێیە. مەیدانی مانۆڕی ئێمە زۆرتر ئاستی نێودەوڵەتییە، ناوچەکەیە، موخالفینی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە لە دەرەوەی وڵات و راگەیەنە گشتییەکانە. لە هەمووی ئەو مەیدانانەدا کە تا ئێستا ئێمە تێیدا دیار بووین و بەشدار بووین هەموو هەوڵی ئێمە ئەوە بووە کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد کە ئەو گوتارە، ئەو چارەسەرانە بخەینە نێو بازاری سیاسیی داهاتووی ئێران و پێیان بڵێین کە ئاوا بەدوای کێشەکەدا نەرۆین، کێشەی ئێران ئاوا چارەسەر نابێ، ئەو تەنەوعاتە ئەگەر بەیەکەوە چارەسەرێک نەبیننەوە تەبیعەتەن ناکرێ وا بە ئاسانی قسە لە ساختاری داهاتووی ئێران بکەین، قسە لە دروستکردنەوەی داهاتووی ئێران و قسە لە حکوومەتێکی دێموکراتیکی ناموتەمەرکیزی داهاتووی ئێران بکەین کە بەو ئاقارەدا بڕوا کە تەجرووبەکە لە ناوچەکە پێمان دەڵێ.

## پرسی یەکبوونەوەی دیموکراتەکان

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید! ئێستا ئێران لە ئاستی جیهانیدا تەواو تەریک کەوتۆتەوە. تەحریمە ئابوورییەکان رۆژ لەگەڵ رۆژ لەسەر خەڵک گوشار زیاتر دەکەنو فشاریان بۆ ژیانی رۆژانەی کۆمەڵانی خەڵک هێناوە. لە ئاستی ناوچەییدا کۆماری ئیسلامی هەروەک باست کرد لە سووریە خەریکە مەیدانداری دەکا بەڵام لەولاوە کە زیاتر هەدەفی پرسیارەکەی منە ئەوەیە کە حاکمیەت لەنێو خۆیدا تووشی گرفت بووە. دەزگاکانی دەسەڵات یەکتری ناخوێننەوە. یانی کێشمەکێشێکی سیاسی هەیە لە بەینی دەزگاکان( دەسەلاتی بەرێوەبەریو قانوون دانانداو بە موشەخخەسی لە بەینی کابینەی دەوڵەتو بەیتی رەهبەریدا. خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم کێشانەی نێو حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** نەفسی وجوودی کێشە لە نێو دامەزراوەکانی دەسەڵات ]بەڕیوەبەری، قانووندانان، وقەزایی[و لە سەرەوەی هەموان وەلیی فەقیەو ئەوجەمعەی کە لە دەوری وەلیی فەقیهن، ئەوە دەگەیەنێ کە گیروگرفتی جیددی لە کۆمەڵی ئێراندا هەیەو ]ئەو سیستەمە[ وەڵامدەر نیە، هەمووی ئەودامەزراوانە لەگەڵ ئەم کێشانە رووبەڕوو بوونەتەوە و بۆیان چارەسەر نابێ، لە نەتیجەدا ئێستا کەوتوونەتە گیانی یەکترو رەقابەتێکی زۆر هەیە لەگەڵ یەکتر. لایەنێکی دیکە کە کۆمەک بەوە دەکا ئەویش ئەوەیە شەرعییەتی کۆماری ئیسلامیو ئەو قودسیەتە کە بەدوای ئینقلابدا هەیبوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک تەنانەت لە نێو لایەنگرانی خۆشیدا نەیماوە. ئەگەر ئێمە بەراورد بکەین لەگەڵ رابردوو،[بۆ وینە] لە کاتی شەڕی ئێرانو

عێراقدا، ئەوکات فشار لەسەر کۆماری ئیسلامی زۆر بوو، شەڕی ئێرانو عێراق ٨ ساڵی کێشا، فشاری ئابووری هەبوو، گرفتی ئابووریی زۆری هەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەیکە ئەووەخت بە جۆرێک قودسیەتێکی هەبوو، لە نێو لایەنگرانی خۆی شەرعیەتێکی هەبوو، - تازە چەند ساڵ لە ئینقلاب گوزەرابوو - خەڵکانی نێو دەسەڵات تەنەووعاتی نێو دەسەڵات تا رادەیەکی زۆر لە ژێر رێبەرایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی یەکیان گرتبوو بۆوەی کە ئەو بوحرانانە جێبەجێ بکەن. ئەو وەختە ئەو وەحدەتە زۆر بوو، بە مرووری زەمان وای لێهات لە ئیدارەی وڵاتدا، بێ توانایی ئەوان لە چارەسەری کێشەکاندا رۆژ بەرۆژ پتر پەرەی ئەستاند. لە ئاکامدا ئێستا کە لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ،ناوچەییو ئەمنیەتی، نێودەوڵەتی، قانوونی ، شەرعیو ئیسلامیی موئەسساتی خۆیان رووبەروون، تازە وا بە ئاسانی بۆیان چارەسەر ناکرێ. بۆیە بە باوەڕی ئێمە کۆمەڵگای ئێران لە لایەک کۆمەڵگایەکی لە حاڵی گەشەدایە، رادەی خوێندەواری لە حاڵی پەرە ئەستاندندایە، خەڵکی ئێران تێدەکۆشن ژیانیان باشتر بێ. بۆیە چاوەروانیی زۆرتریان لە کۆمەڵگەی خۆیانو لە حکوومەتەکەی خۆیان هەیە کە وەڵامدەر بێ لەباری ژیانی رۆژانەی سیاسی، کۆمەڵایەتیی ئەوان. مادام حکوومەت وەڵامدەر نیە ئەم کێشانەی لێ دروست دەبێو لە هەمان کاتیشدا ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە وای کردووە بەتایبەت کێشەی سووریەو دەوروبەر کە زۆرتر فشار لەسەر کۆماری ئیسلامی بێ، بۆیە بەباوەری من حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە هەموو دامەزراوەکانیەوە وا بە راحەتی وەڵامدەر نیە، ئەو کێشانەی بۆ جێبەجێ نابێو رۆژ بەرۆژ پتر دەکەوێتە نێو بۆحرانو قەیرانێکی زۆرتر.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید! ئەم خوێندنەوەیەی ئێوە بۆ کێشەکانی نێو دەسەڵات. جۆرێک لە ڕچەشکێنی‌یە لە تەفسیری ئەو کێشانەی لەنێوخۆی کۆماری ئیسلامی‌دا هەن. چونکی لە رابردوودا ئێمە زۆرجار دەمان‌بینیی ئەم کێشانە زیاتر لەو روانگەوە تەحلیل دەکران کە ئەمە سناریۆیەکی نێوخۆیی ئۆرگانەکانی رێژیمە. شانۆسازی‌یە و ئەم تەحلیلە باوە! ئێستا بە پێی ئەم تەحلیلەی جەنابت ئێمە لە چەند مانگی داهاتوودا بەرەو هەڵبژاردن دەرۆین. هەڵبژاردنێک کە هێندێک لەس بەتایبەت ئەوانەی کە تەحلیلیان وەک جەنابت وایە. پێیان وایە ئێران تووشی کێشەکێشێکی جیددیی دیکە دەکا. خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات یان هەڵوێستی حیزبی دێموکرات بۆ ئینتخاباتی داهاتوو چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوەڕی من شتێکی زۆر ئەساسی ئەوەیە کە حیزبێکی سیاسیی چۆن دەروانێتە کێشەکانو ئوسوولەن حیزبایەتیی بۆ چیەو حیزبێکیی سیاسی چەندە بۆخۆی فورسەت دروست دەکا کە بە توانای خۆی، بە ئیقتیداری خۆی، بە خەباتی خۆی، یان نەخێر کە ئەوەی بۆ عەمەلی نیە چەندە کە فورسەتێک بۆی دێتە گۆڕێ، کەلکی لێوەردەگرێ؟ کاری حیزبی سیاسی دەقیقەن هەر ئەوەیە بەدوای ئەوانەدا بڕوا... حیزبێکی سیاسی دەقیقەن تەعقیبی ئەوە دەکا کە کێشەیەک لەوێ دروست بووە ، چۆن دەکرێ کەڵکی لێ وەربگری، چۆن دەچیە نێو ئەو رەقابەتە خۆت دەکەی بە فاکتۆر، خۆت دەکەی بە مەوزووع؟ یان ئەگەر نەبووی بەوە، چۆن لە گۆشەیەک ئیستفادەی خۆتی لێ دەکەی؟

... لەو پێوەندی‌یەدا بە نیسبەت هەڵبژاردنیش ئێمە ئاوای چاو لێدەکەین، خۆ لە روانگەی ئێمە لێکدانەوەکە، ئەوە نیە

ئەوە لەو ڕەقابەتەدا سەرۆک کۆمارێک هەڵدەبژێردرێ، ئەو سەرۆک کۆمارە بە پێچەوانەی قانوونی ئەساسیی ئێران (عەمەل دەکا). ئەو مەجالە ڕەنگە نەبێ، بەڵام ئایا ئەو ڕەقابەتە کە دێتە گۆڕێ فەزایەک دروست دەکا؟ دەکرێ قسەی خۆم بخەمە نێو زاری خەڵک ، دەکرێ دەستووری کاری خۆم بە جۆرێک ببەمە نێو بازییەکە؟ دەکرێ لەو گۆشەیە کەڵک وەربگرم بەجۆرێک ئاوڕ دانەوەیەک بە قەزییەی ئێمە هەبێ؟ بۆیە هەڵبژاردن زۆر ئاسانە تۆ بڵێی بایکۆتی دەکەم، تەحریمی دەکەم. خۆ بۆ کورد هیچی تێدا نیە. ئەوە سیو نیزیک چوار ساڵە ئێمە هەر تەحریمیان دەکەین. بەڵام { ئەو هەڵویستە}وەڵامی نەداوەتەوە. بۆیە هەر کێشەیەک کە دێتە گۆڕێ تۆ دەبێ موتالەعەی بکەی بزانی لەکوێ دەکرێ کەڵکی لێ‌وەربگری. دەقیقەن لەو ڕوانگەیەوەیە کە لە حیزبی دێموکراتدا لەسەر ئەو باوەڕەین کە بەپەلە هەڵبژاردن بایکۆت نەکەین... بۆیە بە نیسبەت هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆک کۆماریی ئێران لە ئێستاوە من حوکمێک نادەم، دەفتەری سیاسیی ئێمە ڕاسپێردراوە کە موتالەعەی بکا و بەدوای دا بڕوا بزانێ ئایا چ شتێک باشە بۆ کورد؟ چ شتێک بە قازانجی کوردە لەو کێشەیەدا ئێمە کەڵکی لێوەربگرین؟

***«کورد کاناڵ»: ئەگەر ئیجازە بفەرمووی ئێستا گفتوگۆکەمان کەمێک تایبەتیتر بکەینەوەو کەمێک پێوەندیی زیاتری بدەینەوە بە حیزبی دێموکرات {هەردوو لای دێموکرات} کە لە چەند مانگی ڕابردوودا کەوتوونەتە قۆناغی دیالۆگەوە. فازی دیالۆگ دەستی پێ‌کردوە. سەرەتا پێمان خۆشە جەنابت ڕاپۆرتێک لە پێوەندی لەگەڵ دانیشتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دێموکراتدا بۆ بینەرانی باس بکەی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە دوو سێ مانگی ئەخیردا دەفتەری سیاسیو سکرتێرەکانی هەردوولای دێموکرات لەگەڵ یەکتر دانیشتنمان بووە. دەکرێ بڵێم کە فازی یەکەم یان مەرحەلەی یەکەم کە هەوڵی هەردوولامان بوو بۆ ئەوەی کە لەگەڵ یەکتر ڕووبەڕوو دابنیشین ، مەوزووعاتو کێشەکانی هەردوولا باس بکەین و قسە لەسەر ئەوە بکەین کە دەتوانین چ ڕێگاچارەیەک بێنینە گۆڕێ. مەرحەلەی یەکەم باش چۆتە پێشێ، بەڵام ئەگەر بێینە نێو لایەنی عەمەلی، ئێمە تا ئێستا نەچووینەتە نێو وتوویژ، بەو مەعنایە کە لەسەر پرۆژەیەک باس بکەین، لێکدانەوەی لەسەر بکەین، تاوتوێی بکەین، بزانین ڕەوەندی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەبێ چۆن بێ؟ ئەوەندەی پێوەندیی بە ئێمەوە هەیە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، ستراتیژیی ئێمە ئەوەیە کە هەردوو لای حیزبی دێموکرات یەک بگرنەوە لە چوارچێوەی حیزبێکی واحیددا. لەو چوارچێوەیەدا یان لە پێناوی ئەو چوارچێوەیەدا، ئێمە بەرنامەمان ئەوەیە کە لە دانیشتنەکانی داهاتوودا، بێینە سەر شتی عەمەلی. بەڵام ئەگەر بەراوەردی بکەم لەگەڵ چەند ساڵ پێش ئێستا :

١- فەزای مناسباتی ئێمە باشتر بووە، ڕەوابتەکە کەمێک عادیتر بوونەتەوە. ئێمە زۆر جار بە مناسبەتی جۆراوجۆر لەگەڵ یەک مەشوەرەت دەکەینو ڕەنگە لەو مەشوەرەتانە یان لەو دانیشتنانەدا لەسەر مەوردی موشەخەسیش بە تەوافوق نەگەین، یان لەسەر شتێکی هاوبەش ساخ نەبینەوە، بەڵام هەر ئەوە کە دەرگایەکی ئاوەڵامان هەیە بۆ دانیشتنو موزاکەرە، ئەوە زۆرە.

٢- لایەنی ڕەوانیی شوێنەواری ئەم لەتبوونە، ئەو لێکترازانە بە مرووری زەمان کەم دەبێتەوە. ئەو تووڕەیی‌و حەساسییەتەی کە لە ساڵانی ئەووەڵی لەتبووندا هەبوو ئێستا بە خۆشی‌یەوە تا ڕادەیەکی زۆر نەماوە.

٣- لە تەنیشت ئەوانەدا لە نێو ریزەکانی دێموکرات بە گشتی هەردوولا ئەندامانی حیزبی دێموکرات چ لە ژوورەوە چ لە نێو ڕێکخراوەکان یان ئۆرگانەکانی هەردوو بەشی دێموکرات، خۆشبینن بەوەی کە ئێمە دەستمان بە پرۆسەیەک کردوە لە پێناوی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە چوارچێوەی حیزبێکی واحیددا. دۆستانمان لە دەوروبەر لە هەموولایەک پێی خۆشحاڵن‌و لە پێوەندی‌یەکان لەگەڵ ئێمەو لە دانیشتنەکان‌و تەعاروفاتدا، خۆشحاڵن کە ئەوە لە گۆڕێدایە.

ئەرکی ئێمە چیە؟ ئەگەر بمانەوێ هەمووی ئەو جەوەی، ئەو فەزاو بەستەرەی کە دروستمان کردوە، راستی‌یەکەی بە مرووری زەمان سەرکەوتوو بێ، دەبێ چەند بڕیار بدەین: بڕیاری یەکەم ئەوە بێ کە ناچینەوە پێش رۆژەکانی دانیشتن، یانی لەباری رەسانەیی‌و مێدیایی‌و ڕەوانی‌یەوە، کێشە لەگەڵ یەکتر ناکەین ، یەکتر ئینکار ناکەین، ئەدەبیاتێک بەکار ناهێنین کە دیسانەکانە موزاکەرات شکست بێنێ‌و بچینەوە خانەی یەکەم. ئەگەر وایە ریزەکانی دێموکرات بە هەردوولاوە دەبێ ئەوە بە ئەرکی خۆیان دابنێن، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نیە بەڵکە قسەکردن لەسەر ئەوەیە چۆن لە داهاتوودا ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. دوایە بۆئەوەی کە ئەم پرۆسەیە لە ئیدامەی خۆیدا شکەست نەهێنێ، بەردەوام بچێتە پێشێ، ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک بەشی زۆر بە عەلاقەو بە تەعەهودو مەسئولییەتەوە تەعقیبی ئەو وتوویژو دانیشتنانە بکەن، ئەرکیانە لە ئێمە بپرسنەوە لە هەردولامان کە ئەو دانێشتنانەی ئێوە بە کوی گەیشتوە؟ کاتێک لەگەڵ یەک دادەنیشین گەڵاڵەیەک دێنینە گۆڕێ، ]پێویستە[ ریزەکانی خۆمان لێی بپرسنەوە کە بە کوێ گەیشتووین؟ لەبەر ئەوەی کە ئێمە زیاتر لە ٦ ساڵە لێک جودا بووینەتەوە نابێ چاوەروان بین بە دوو مانگو سێ مانگو چەند مانگ ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ. بەڵام ریزەکانی هەردووک لا دەبێ ئەم ئینتزاراتە دروست بکەن، فشار بۆ رەهبەریی هەردوولا بێنن، مولتەزیمیان بکەن موتەعەهیدیان بکەن کە بەرانبەر بە پرۆسەی یەکگرتنەوە مەسئوولانەو وەڵامدەرانە عەمەل بکەن. سەیر نیە پرۆسەی یەکگرتنەوە یان دانیشتن‌و موزاکەرە لەگەڵ یەکتر تووشی هەورازو نشێو بێ، ئەوە بە شتێکی سەیر دانانێم بەڵام گرنگ ئەوەیە نەهێڵین موزاکەرات بگاتە شکەست. گرنگ ئەوەیە ستراتیژی یەکگرتنەوە لە جێگای خۆیدا بێ، گرنگ ئەوەیە ئەندامانی هەردوو بەشی دێموکرات فەعال بن بۆ ئەوە هەموو لایەکمان بەو قەناعەتە بگەین لە بەرژەوەندیی کوردی ئێراندایە، لە بەرژەوەندی داهاتووی دێموکراتدایە لە بەرژەوەندی شەخسییەتی واحیدی سیاسیی دێموکراتدایە، لە بەرژەوەندیی تاکی ئەندامانی دێموکرات بە هەردوولادایە کە ئێمە لەسەر بنەمایەکی شارستانیانەو مەنتقی ، کە کەرامەتی ئینسانی و شەخسییەتی هەموو لایەکی تێدا رەچاو دەکرێ، هەردوو بەشی حیزبی دێموکرات، یەک بگرێتەوە.

لێرەدا یەکشت گرینگە ئەویش ئەوەیە ئەو موزاکەراتو پرۆسەیەی کە ئێمە هەمانە براوەو دۆڕاوی تێدا نیە، دەبێ لەو خانەیە ببینە دەرێ. ئەگەر ئێمە کاتێک دەڵێین پرۆژەیەک دێنینە پێشێ یان لەسەر مەوزووعێک کێشەمان دەبێ، نابێ

بچینەوە بە لایەکەی خۆمان بڵێن ئاها لەسەر ئەوە ئێمە ئەوشتەمان بەسەر واندا تەحمیل کرد، ئەوە باش نیە. ئەوانیش ئەگەر لە مەوردێکدا شتەکەی ئێمە بە دڵی ئەوان نیەو دوایە ئێمە تەنازولێکمان کرد نابێ بڵێن ئەوەمان بەسەرئەواندا تەحمیل کرد و ئەوە مونعەکسی رێزەکانی خۆیان بکەنەوە، بکەوینەوە خانەی ئیمتیازلێکستاندن یان ئەزییەتکردنی یەکتر، یان بڵێین لەو کێبەرکێیە، ئەوە قسەی منە دەبێ بچەسپێو نەک قسەی ئێوە. لە کێشەی هەردووک لای دێموکراتدا یەکلایەنە نە براوەی تێدا هەیە نە دۆراوی تێدا هەیە، بەڵام یەک بەرەندەی تێدا هەیە، یەک براوەی تێدا هەیە، ]ئەویش[ حیزبی دێموکرات، ئەگەر بە یەکەوە بیخەینەوە سەر یەکو دروستی بکەینەوە. بۆیە دڵنیام هەموو لایەک لەوێدا هەست بەو ئەمنییەتە دەکەن.

***«کورد کاناڵ»: ببوورە من کەمێک پرسیارەکانم بابەتیانە دێنمە گۆڕێ. هیوادارم لێم نەڕەنجێی. لە قۆناغی ئێستای دانیشتنەکاندا دروستە هێندێ دەستەواژەی ناشیرینی رابردوو بەکار نابرێ. بەڵام وەک جەنابت وتت موشەخەسەی یەک دیالۆگ یان پێکەوەدانیشتن، ئینکارنەکردنی یەکتر، یان داننانە بە یەکتری. بەڵام تا ئێستاش لە لایەکەی دیکەی دێموکرات ئێعتراف بە حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکراوە. مەبەستم ئەوەیە لێرەدا بپرسم ئاستەنگەکان چین تا ئێستا؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم، من پێشووش زۆر جار ئاماژەم بەوە داوە، ئەوە کارو فەعالیەتو تێکۆشانو پەزیرشو مەترەحبوونی تۆیە کە شەرعیەتت پێدەدا. کە وایە نە ئێمە ئیعتراف لە هاوڕێیانی پێشوومان وەردەگرین نە ئەوان ئێعتراف لە ئێمە وەردەگرن، بەڵام چالاکیو فەعالیەتو مەترەحبوونو کارو تێکۆشان ئەو قانوونییەتو شەرعیەتە دروست دەکا. ئەوە بۆ هەموو حیزبێک لە دنیادا وایە. ئەوەی لێرەدا مەترەحەو بۆتە کێشەیەکی ڕەوانی لە بەینی ئێمەدا، لە راستیدا زۆرتر ئێمە لە خانەی کێ دێموکراتی ئەسلەو کێ دێموکراتی فەرعەو من دێموکراتی ئەسڵمو ئەو دەبێ بێتەوە لای منو ناوەکەی من ئەسڵەو یان ئەمن دەبێ بچمەوە لای ئەووو ناوەکەی وی ئەسڵە، ئەو کێشە ڕەوانییانە لە گۆڕێدا هەن. بەداخەوە تا ئێستاش ئەوە ماوە. ئێمە وا بەدروست دەزانین کە خۆ لەوانە بپارێزین. ئەوە هیچ موشکیلێکی ئێمە چارەسەر ناکا. شەڕی پێناسە ناکەین لەگەڵ یەکتر، چاک یان خراپ دوو حیزبی دێموکرات، حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەوانیش لە هەوو موعادلاتو لە هەموو ئەوشوێنانەی کە مەربووت بە خۆیانە هەنو مەترەحنو ئێمەش هەینو مەترەحین. کەس نەهاتوە بە ئێمە بڵێ وەڵڵا ئێمە لەگەڵ ئەوان نابین لەبەر ئێوە، یان بەوانیشی نەوتوە لەگەڵ ئێوە دەبین لەگەڵ ئەوان نابین. یانی ئەوانە لەگۆڕێدا نین، جا ئەگەر وایە ئەو جۆرە گوفتومانە زۆرتر بۆ قەناعەتپێهێنانی شتە ڕەوانیو رۆحییەکانی ریزەکانی خۆمانە، ئەگەر مەترەحیان بکەین.

دەبێ لەو خانەیە بڕۆینە دەرێو ئاسانیش دەتوانین بچینە دەرێ، ناوی حیزبی دێموکرات، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، مێژووی هاوبەشی ئێمەیە. ئێمە بۆ لەسەر شتێک کێشە دەکەین کە هی خۆمانە؟ [ناوی] حیزبی دێموکرات، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان هی منیشە، مەبەستم ئەوەیە هەموو ناوەکانی ئێمە هی وانیشە [هی ئەوانیش، هی ئێمەیە]. ئەگەر وایە بە هەردووکمان دەتوانین هەموو ئەم ناوانەمان هەبێ. بەڵام کە

لێکدابڕانێکمان هاتە گۆڕێ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران [بوو بە ناوی] ئەولا، حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو [بە ناوی] ئەم لایە. بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە هەبێ، کۆمەڵگەو خەڵکو دەوروبەر بزانن کێ کێیە وکێ کێ نیە. جا بە باوەڕی من ئێمە با لەوانەدا گیر نەکەین، ئەگەر قەرارە کە رۆژێک لە رۆژان ئێمە ئەساسەن لە سەر زەمینەسازی بە دانانی کۆڕو کۆبوونەوەو سمینارو تەوجیەو تەفسیری زەروورەتی یەکگرتنەوە لە نێو ریزەکانی خۆمان قسە بکەین، ئەهەمیەتی حیزبی دێموکراتێکی واحید بەرجەستە بکەینەوە. ئەگەر بەو قەناعەتە گەیشتین، شەڕ لەسەر ناو نیە، ئەسڵەن ئێمە لەسەر ناویش لەت نەبووینو ئێستا مەوزووعیەتیشی نیە ئەوانە بێنینە گۆڕێ.

بۆیە لە روانگەی ئێمەوە هەرسێکی ئەم ناوانە لە داهاتووی حیزبی دێموکراتیشدا دەکرێ ئیستفادەیان لێ بکرێ، گرنگ ئەوەیە چمکانیزمێک دەبینینەوە ئەو حیزبە دەخەینەوە سەر یەک باشترین رێگا حەل بۆوەی کە هەمووی ئەم ناوانە پاریزرابنو وەڵامدەری نیازە رۆحیو رەوانییەکانو هۆوییەتی ئەندامانی هەردوولا بێ، «دێموکراتەکان»، «هەردوولای دێموکرات» یان دێموکراتەکان بە گشتیی بە سەر یەکەوەیە. ئەوە کە ئێمە «هاوڕێیانی پێشوو»ینو ئەوان «هاوڕێیانی پێشوون» ، ئەو ئیستلاحاتانە بەرهەمی کێشەی رەوانیـیە لە دژی یەکتر. نە ئێمە هاوڕێی پێشووی ئەوانین نە ئەوان هاوڕێی پێشووی ئێمەن. ئێمە هەموومان بەیەکەوە دەیان ساڵە هاوڕێی یەکتر بووین، ئێستاش هاوڕێی یەکترین. بەڵام شەش ساڵ پێش ئێستا لە شڵکی تەشکیلاتیی پێناسەی حیزبیدا شەڕایەتێک هاتە گۆڕێ کە بەوجۆرە خۆمان لە نێو یەکترو رووبە دونیای دەرەوە پێناسە بکەینو ئەوە ئیشکالێکیشی دروست نەکردوە، دەمەوێ بڵێم با ئێمە لەوانەدا گیر نەکەین.

***«کورد کاناڵ»: کاک خالید؛ ئەم پرسیارەی کە من ئێستا دەیکەم خوێندنەوەی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولای دێموکراتە. ئەویش ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بوارەکانی راگەیاندن، هێزی ئینسانی، تەشکیلاتی، ماڵی، پێوەندییە سیاسییەکان، پێوەندیی دیپلۆماتیکی کوردستانی، نێونەتەوەیی، لە هەر بوارێکەوە کە چاو لێدەکەی هیچ کەمایەسییەکی نیە لە لایەکەی دیکەی دێموکرات، بەڵام لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەت شەخسی جەنابت وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات زۆر بە یەکگرتنەوەو مەسەلەی یەکگرتنەوەوە ماندوون. بەڕاستی هەدەف چیە؟ ئایا ناکرێ لە داهاتوودا هەروەک گریمانەیەک، ئەگەرێک، دوو حیزبی دێموکرات درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوەی کە فەعالیەتو چالاکیو حزووری ئێمە، یان بڵێم مەوقیعییەتی ئێمە ئەگەر لەوان زیاتر نەبێ کەمتر نیە- نامەوێ بچمە نێو ئەو بەحسانەوە - حەقیقەتێکەو شەر لەسەر ئەوەش نیەو ئوسوولەن بەدوای ئەو کێشەیەشدا نارۆینو هیچ لامان ئیحتیاجمان بە یەکتر نیە، هەردولا دەتوانێ وەک دوو حیزبێ لێک جیا ئیدامە بە ژیانی سیاسیی خۆمان بدەین، هەردوولامان بەجۆرێک بۆحرانەکانی ساڵانی یەکەمی دوای لەتبوونمان تێپەڕاندوە. بەڵام ئەوەی کە ئێمە پێیەوە ماندووین لە ڕاستیدا دەکەوێتە بۆعدێکی دیکە، ئێمە مەجبوور بووین کە بووین بە دوو حیزبی دێموکرات نەک لەسەر پێداویستییەکی سیاسی، لێکدانەوەیەکی سیاسی، [یان] بەرژەوەندییەکی ستراتیژیکیی کورد لە کوردستانی ئێران. مەجبوور

بەوە بووین، لە نێو خۆماندا موشارەکەتو حاوانەوەو کارکردن لەگەڵ یەکتر بەداخەوە وای لێهات. مادام مەجبوور بەوە بووین، هەردوولامان دەبێ قەناعەت بێنین کە ئەو مەجبوورییە ئێمەی لەت کردووەو هەردووکلامان لەوەیدا هەڵەو ئیشتباهاتی خۆمان هەبووە. دەبێ لەوەدا شەهامەتمان هەبێ، ئەگەر لایەک قەرار بێ خۆی زۆر بە موستەحەق دابنێ، خۆی بە حەقدارو لایەکەی دیکە بە خەتابار دابنێ، ئەوە نە تەوافوق دەکرێو نە سازش دەکرێ. بۆیە ئەو لەتبوونە، ئەو لێکترازانە ڕەنگە هەڵەی هەردووکلای تێدا بووبێ، ئێستا کە بە خۆشییەوە بەوە گەیشتووین کە ستراتیژیی هەردووکلامان هەم هی ئەوان هەم هی ئێمە یەکگرتنەوەیە، ئەگەروایە ئەسڵێکی ئەساسیمان هێناوەتە گۆڕێ، هیچ لامان لێی پاشگەز نابینەوە. من لە وەڵامی جەنابتدا وتم ئێمە لەگەڵ هێزەکانی سووریە قسە دەکەین دەڵێین وەحدەتتان هەبێ، لەگەڵ کوردەکانی تورکیە قسە دەکەین دەڵێن وەحدەتتان هەبێ، حەتتا لە هەرێمی کوردستان حکوومەتێکی کوردیمان هەیە ئەگە وەحدەتی حیزبە ئەسڵییەکان نەبێ لە سەحنەی سیاسیدا، ڕەنگە ئەو تەجروبەیە مەترسیی گەورەی لەسەربێ بۆ کورد... ،] هەر بۆیە[گرنگیی زۆری هەیە کە حیزبی دێموکراتیش یەکگرتوو بێ. شتێکی دیکە، راستە کە ئێمە باوەڕمان بە پلووڕالیزم هەیە، دەڵێین دێموکراسی باشە، تەنەووعی ئەحزاب باشە، بەڵام حیزبی زۆریش بە قازانجی کورد نیە، زۆر بەر راشکاوی بڵێم کورد لەوەهەمووە حیزبە زۆرە قازانجی نەکردوە... لەو روانگەیەوە دەکرێ بڵێم لەتبوونی حیزبێ دێموکرات کۆمەگی بەوە کرد کە ئەحزابی دیکەش زۆر لەتبنو وای لێبێ هەرکەسەو لە بەینی یەکدا نەحاوێتەوە، لەتبوونێکو ئینشعابێک بکا. ئەگەر حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە یەک، ئەوەڵ قازانجی ئەوەیە کە ریزەکانی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات یەک دەگرنەوە، تەحەوولێکی گەورە بۆ جووڵانەوەی کورد لە کوردستان دروست دەبێ، رابردوو و مێژووی حیزبی دێموکرات، سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات، خۆشەویستیی حیزبی دیموکرات، سەرمایەیەکە بۆ کورد لە کوردستانی ئێران. لەو روانگەیەوە بۆ ئێمە گرینگە کە ئەو دوو حیزبە یەک بگرێتەوە. ئەوەی کە ئێمە پێوەی ماندووین دەقیقەن ئەوەیەو ئەو نیگەرانییەیە لە داهاتووی فەزییەکە لە کوردستانی ئێران. لە عێراق دەبینین لە گەڵ ئەوەی کورد دەسەڵاتی خۆی هەیە، کۆمەڵێک کێشەشیان هەیە لەگەڵ بەغدا، [کوردەکان لە] سووریە کێشەیان هەیە لەگەڵ دەمشق، باشە لە داهاتووی ئێراندا کە ئالۆزتریشە لە هەمووی ئەو ولاتانە، لە راستیدا بەو هەموو حیزبانە ئەو کێشەیە[چۆن]چارەسەر دەبێ؟ ئەمە بۆ خۆمان لە حیزبەکەی خۆمان بەو قەناعەتە گەیشتووین کە رێگای کەمکردنەوەی زەرەرەکانی ئەم کێشانە ئەوەیە کە دێموکراتەکان بکەونەوە سەر یەک. ئێمە ئەگەر وەک دوو حیزبی دێموکرات ئیدامە بە حەیاتی خۆمان بدەین کارێکی باشمان نەکردوە، کێشەکە هەرلە جێگای خۆی دەمێنێتەوە: حیزبی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. جا باشە ئەگەر قەرار بێ کە ئێمە یەکتر تەحەممول بکەین، وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەگەر ئەو ئیعترافە رەوانییەمان پێکتر کردبێ، یانی زۆر شتمان بۆ حەلە، دەی ئەگەروایە بۆ ناتوانین بچینە سەر شتە ئەسڵییەکە کە دیتنەوەی میکانیزمێکە بۆ یەکگرتنەوە؟ [با] لەسەرئەوە سەرمایە گوزاری بکەین. بەو دەلیلەیە ئێمە بۆمان گرینگە کە دێموکراتەکان بکەونەوە سەر یەک. لە دانیشتن لەگەڵ ئێرانییەکاندا موتەوەججیھ بووین کە بەڕاستی[هەبوونی] دوو دێموکرات چەندە مەوقیعییەتی ئێمە خراپ دەکا. [هەر وەها] لە دانیشتن لەگەڵ لایەنەکانی ئورووپایی، ئەمریکاییو دانیشتن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ناوچەییو ئیقلیمی، هەمووی ئەوانە ئەو سیگناڵەی بە ئێمە داوە. بەوەدەلیلەیە کە بەلای

ئێمەوە گرینگەو کاریشمان بۆ کردوە، مۆتەحیدانە کاریشی بۆ دەکەین، لە نێو ریزەکانی خۆشمان کاری بۆ دەکەین.

هیوادارم ئەندامانی بەشەکەی دیکەی دێموکرات، رێزەکانی بەشەکەی دێموکرات ئەو پرۆسەیەی کە دەسمان پێ کردوە، هەردووک لامان بەیەکەوە بە دوایدا برۆن، بە جیددیی بگرن، کاری لەسەر بکەن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتدا بە یەکەوەو بە بەشداریی هەموولایەک، سەرکەوتوو بین.

***«کورد کانال»:کاک خالید! لە کۆتاییدا لەسەر گرینگیی یەکگرتنەوەی هەردوولای دێموکرات پەیامت بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو پرسە دەیانگرێتەوە چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەم پرسە بە دەرەجەی یەکەم ئەندامانی دێموکرات دەگرێتەوە. پەیامم ئەوەیە لە هەردوولای دێموکرات، ئەگەر مەسئولێکی حیزبی، چلە ئێمەو چلەوان بە جۆرێک تێدەکۆشێ کەش و هەوایەکە تێک بدا، جەووێکی رەوانی دروست بکا، بچێتەوە نێو ئەدەبیاتو گوفتمانێک کە زەرەر دەگەیەنێ بەو پرۆسەیە، زۆر بە راشکاوی لێی قەبووڵ مەکەن و پێی بڵێن بریاری ئێمە یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە، ئەوە لەگەڵ بریارو بەرژەوەندی داهاتووی دێموکراتو گەلی کورد لە کوردستانی ئێران نایەتەوە. ئێمە بەداخەوە لە سەرەتای لەتبوون دا ئەو کێشانەمان هەبوو، بۆیە گرینگە ریزەکانی هەردوولا، گوفتمانی رەهبەران و مەسئوولانو ئەو دەستوورانەی کە پێیان دەدەن لە پێوەند لەگەڵ کاروبارو چالاکیو فەعالییەتو عەکسولعەمەلەکاندا، زۆر بەجیددی بگرن. ئەوە بەو مەبەستەیە کە ئەندامانی دێموکرات لە هەردوو بەشیدا، بەشدار بن لەو پرۆسەیهدا، بێتەفاوت نەبن. ئەو پرۆسەیە ئەوان دەستیان پێکردوە، بۆخۆیان هێناویانەتە گۆرێ ریزەکانی هەردولا کاریان لەسەرکردوە، بۆیە کە ئەوان کاریان لەسەرکردووەو هێناویانەتە گۆرێ، [ئەرکی] دەفتەری سیاسییەکانە بەدوایدا، بروا، بە دواداچوونو لێپرسینەوە ی [ئەوان]، دەفتەری سیاسیی هەردوکلا مولزەم دەکا کە تەعەهوداتی خۆی بەجێ بگەیەنێ. [پەیامم] بۆ خەڵکی دەرەوەی دێموکرات ئەوەیە کە ئەوانیش هەروەک دۆستانە تا ئێستا لەگەڵ هەردووکلا باسیان کردوە بەدوایدا برۆنەوە، بڵێن ئەرێ چتان کردوە، بە کوێ گەیشتن؟ لەکوێ ئێمە دەتوانین قسەیەکی لێبکەین؟ [پەیامم] بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵات لە کوردستانی ئێران، ئەندامانی هەردووکلای دێموکرات، عەلاقاتو پێوەندییان دەگەڵ یەک، خۆش بکەنو بەرەو ئەوە برۆن کە بەرەو حیزبێکی یەکگرتوو دەچن، مەرزبەندی بکەن لەگەڵ ئەو کێشانەی کە پێشوو هاتۆتە گۆرێ، بەتایبەت ئەوان لە نێوخۆی وڵات دەبێ ئەوەیان زۆر پێ خۆش بێ، بە دڵێکی ئاوەڵاوە کاری بۆ بکەن، بە هاتوچۆی یەکترو بە کۆبوونەوە لەگەڵ یەکترو بەسەردانی یەکترو بە قسەکردن لە زەروورەتی حیزبێکی دێموکراتی واحیدو یەکگرتوو کە دەبێ هەموولایەکمان دروستی بکەینەوە، پتر ئەو زەمینەسازییە بکەنو پتر تەشویقی ئەمە بکەن کە تازە بە هیچ جۆر نەهێڵین ئەو پرۆسەیەی کە دەستمان پێکردوە لە بار بچێ، بەڵکە خۆمان مولزەمو موتەعەهید بین کاری بۆ بکەین، فیداکاریی بۆ بکەین، تەنازولی بۆ بکەین، بە سینگفراوانییەوە بەرەورووی بچین، تەحەمولمان زۆر بێ، حەوسەلەمەن زۆر بێ، بۆ ئەوەی کە سەرکەوتوو بین.

**«کورد کانال»: زۆر سپاس کاک خالید !**

**خالید عەزیزی: زۆر سپاس بۆ جەنابیشت**

**لە ژمارە ٦٠٤ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی : ٢٧ مارس ٢٠١٣**

# سکرتێری گشتیی حزبی دیموکرات: چاوەڕوانین بزانین بەرنامەی رۆحانی بۆ کورد چییە؟



**دیمانە (باس) زامدار ئەحمەد**

**پەیوەندیمان لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا ئاسایی بووەتەوە بەڵام نەکەوتووینەتە دانوستانەوە**

**رووخانی رژێمی سووریا شکستێکی ناوچەیی دەبێ بۆ ئێران**

**کۆچی کوردانی سووریا شتێکی باش نییە**

**ئەگەر بەرژەوەندییەکانی نەمسا نەبوایە، تیرۆری د.قاسملو دەبووە کەیسێکی گەورەی کوردی ئێران**

خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەم دیمانە تایبەتەدا تیشک دەخاتە سەر دوایین هەوڵەکانی حزبە کوردییەکانی ئێران بۆ لێکنزیکبوونەوە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئاساییە ئێران بەشداریی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکات، بە مەرجێک کۆنگرە شتێکی پێ بێ بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران، عەزیزی هەروەها لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (باس)دا تیشک دەخاتە سەر ئایندەی کێشەی کورد لە سایەی سەرکۆماری تازەی ئێران حەسەن رۆحانی و چەند پرس و باسێکی تر.

***(باس)- دیدی ئێوە لەمەڕ بەشداریی ئێران لە کۆنگرەی نەتەوەییدا چییە؟ پێتوایە ئەوە ببێتە هۆی گۆرانی سیاسەتی ئێران لە سەر کوردی رۆژهەڵات؟***

***خالید عەزیزی:*** نەتەوەی کورد لەلایەک لە مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانی و لەلایەکی تر لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆتە

فاکتۆرێک کە ناکرێ لەبەرچاو نەگیرێ. کۆمەڵێک کێشە و بەرژەوەندیش لەنێوان کورد و دراوسێکانیدا هەیە. ئێرانیش بەشێک لەو گۆڕەپانە سیاسییەیە، بۆیە شتێکی زۆر ئاساییە کە ئێران دەعوەت بکرێ و بەو جۆرە ئەوانیش بەشدار بن. دەبێ چاوەڕوان بین و بزانین کۆنگرەی نەتەوەیی دەتوانێ بە پەیام و ڕێکارەکانی خۆی سیاسەتی ئێران بەنیسبەت کورد بگۆڕێ، ئەوە لە کاتێکدایە کە پەیامی کورد لە ئێران هەمیشە ڕێگاچارەی سیاسی و دیالۆگ و گفتگۆ بووە.

***(باس)- ئەمریکا و ئێران بە هۆی عێراقەوە لێک نزیک دەبنەوە. ئەوە نابێتە هۆی دواخستنی داواکارییەکانی کوردی ڕۆژهەڵات؟***

***خالید عەزیزی:*** مەسەلەی کورد لە ئێران کێشەیەکی نێوخۆیی ئێرانە و خاوەن تایبەتی و مێژووی خۆیەتی. کێشەی ئەمریکا و ئێران لەسەر بەرژەوەندییەکانی خۆیانە و کورد بەشێک لەو ناکۆکییە نییە، بۆیە ئەگەر ئەو دوو وڵاتەش پێوەندییەکانیان ئاسایی بێتەوە، مەسەلەی کورد لە ئێران و کار و تێکۆشانی ئێمە بەردەوام لە جێگەی خۆیەتی. زۆر ئاساییە کە ئێمە بۆ سەقامگیرکردنی مافەکانی خۆمان لە هەموو دەرفەتەکان و ئەگەرەکاندا کە دێنە پێش کەڵک وەردەگرین.

***(باس)- هاتنی روحانی بۆ سەرۆکایەتیی کۆمار لە ئێران، دەرفەتی گفتوگۆ بۆ ئێوە دروست دەکات؟ کورد هیچ دەستکەوتیکی لە ڕوحانی دەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** هەڵبژاردنی ئێران هەرچەند دێموکراتیک نەبوو و ئیمەش وەک حزبی دیموکرات دەرفەتی بەشداریمان نەبوو، بەڵام دیسانیش دەرئەنجامی دەنگدانەکە و هەڵبژاردنی روحانی دەربڕینی نارەزایەتیی خەڵک لەو سیستەمەیە و لە هەمان کاتیشدا خەڵک کۆمەڵێک چاوەڕوانییان لە روحانی هەیە، کە کاتی هەڵبژاردن باسی کردوون و لە قسەکانی خۆی لە رۆژی دەستبەکاربوونیدا ئاماژەی پێ داون. ئێمە هەمیشە لەو باوەڕەداین کە کێشەی کورد لە ئێران دەبێ لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ چاوەڕوان بین بزانین سیاسەت و بەرنامەی روحانی سەبارەت بە چارەسەری مەسەلەی کورد لە ئێراندا چۆن دەبێ. ئەوە قورسایی کار و تێکۆشان و یەکگرتوویی حزب و لایەنەکانی ڕۆژهەڵات بە نیوخۆی وڵات و دەرەوەیە کە کورد لە ئێراندا دەکات بە فاکتۆرێک کە روحانی یان هەر کەسێکی دیکە، مەجبوور بێت دان بە مافەکانی ئێمەدا بنێت.

***(باس)- کاری یەکگرتنەوەتان لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە کوێ گەیشتووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ماوەیەکە گفتوگۆ و باس و ڕاوێژ لە نێوان دیموکراتەکان، واتە حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە دەستی پێ کردووە. ئێمە لە قۆناخی سەرەتایی واتە

ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی خۆماندایین لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەمان. چارەسەری ئەو کێشەیە پێویستی بە زەمینەسازیی ڕەوانی و ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو هەیە، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیی باشمان هەبێ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمێک کە یەکگرتنەوە بە شێوەیەکی باش و کەمزەرەر بۆ هەردووک لا جێ بکەوێت. ئێمە چەند مانگێکە میکانیزمێکمان ئامادە کردووە و داوامان لەوانیش کردووە کە ڕێگەچارەی خۆیان دەستنیشان بکەن. لەبەرئەوەی تا ئێستەش ڕێگەچارەی ئەوانمان بە نووسراو پێ نەگەیشتووە، نەمانتوانیوە بکەوینە قۆناخی دانوستان و ساخبوونەوە لەسەر ڕێگەچارەیەکی هاوبەش. هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیک و نەک زۆر دووردا بکەوینە ئەم قۆناخە.

***(باس)- ئێوە بیرتان لەوە نەکردووەتەوە سەرجەم حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات یەک بگرن؟***

***خالید عەزیزی:*** بەداخەوە لێکدابڕان و لێکجیابوونەوەی حزبەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە بەباشی نەتوانین بەیەکەوە پرۆژەکانی نەتەوەیی و مافخوازانەی خۆمان بە کۆدەنگییەکی باش لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا جێ بخەین. بۆیە ئێمە لە حزبی دیموکراتی کوردستاندا ئەو بەربڵاوییە بە گرفتێکی گەورەی ڕۆژهەڵات دەزانین. گرفتێک کە بەشداری و هەست بە بەرپرسایەتیی هەموو لایەکی گەرەکە، بەتایبەت دیموکراتەکان. چارەسەری کێشەی دیموکراتەکان دەتوانێ سەرەتا و یارمەتیدەرێکی باشی ئەو پرۆسەیە بێت. ئێمە زۆری پێوە ماندووین و لەمەودواش لەگەڵ هەموو حزبەکان کاری بۆ دەکەین و هیوادارم ئاکامی باشی لێ بکەوێتەوە.

***(باس)- ئەمساڵ بە شێوەیەکی بەرفراوان یادی شەهید قاسملو کرایەوە. هیچ بەرژەوەندیی سیاسیی لەپشتەوە بوو؟***

***خالید عەزیزی:*** یادکردنەوەی د. قاسملو ئەرکێکی حزبی و نەتەوەیی ئێمەیە و دەبێ هەمیشە بە باشترین شێوەی مومکین یادی بکەینە و زۆریش ئاساییە کە لە یادکردنەوەی د.قاسملودا، کۆمەڵێک مەبەستی سیاسیمان هەبێ و بە دوایاندا بڕۆین. مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە کە هەموو لایەک لەو ڕاستییە تێبگەن کە د.قاسملو بە پەیامی ئاشتی دەیویست کۆتایی بە شەڕ لە کوردستانی ئێران بێنێ و بە موزاکرە و گفتوگۆش کێشەی کورد لە ئێران چارەسەر بکات. جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بکەم، ئەگەر سات و سەودا و بەرژەوەندییەکانی بازرگانی دەوڵەتی نەمسا نەبوایە، تیرۆری د. قاسملو لە بوارەکانی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسی و قانوونی دەبوو بە کەیسێکی گەورەی کوردی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی.

***(باس)- لە کۆتایی هەڵبژاردنی ئێران ڕۆڵ و کاریگەریی حزبە کوردییەکان کەمتر بە دیار کەوت بۆچی؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی نازانم مەبەست لە ڕۆڵ و گاریگەری چییە؟بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین مادام حزبی دیموکرات و لایەنەکانی دیکە بە شێوەی ئاشکرا و قانوونی لە ئێراندا ئامادەییان نییە و دەبێ بە نهێنی کار بکەن، دیارە

سروشتییە کە مەجالی شوێندانانیان لەسەر ڕووداوەکان کەمتر دەبێتەوە. لە کەشوهەوای سیاسی لە ئێراندا و بەتایبەت لە کوردستان کونترۆڵی ئەمنییەتی ئەو ڕێژیمە ئەوەندە بەربڵاو و نیزامییە کە مەجاڵێکی ئەوتۆ بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی ئێمە نەهێشتۆتەوە. تەنانەت تێکۆشەرنی نێوخۆی وڵاتیش کە لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدا بە جۆرێ کار و چالاکیی مەدەنی دەکەن لەژێر هەڕەشە و مەترسیی گرتن و بە زیندانیبووندا دەژین. سەرەڕای هەمووی ئەو فاکتۆرانە دیسانیش ئێمە هەوڵمان داوە و کارمان کردووە کە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات لە هەموو دەرفەتەکانی دوای هەڵبژاردن کەڵک وەربگرن بۆ باسکردن لە مافەکانی کورد لە ئێران و فشار بخەنە سەر کۆماری ئێران و بەگوێرەی توانا مەجبووری کەن کە دەبێ بە دوای ڕێگەچارەدا بێت.

***(باس)- ڕووخانی ڕژێمی سووریا چەند کاریگەریی لەسەر ئێران دەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** لە بەر ئەوەی ئێران بەشێکە لە هەموو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بۆیە هەر ئاڵوگۆڕێک لەو وڵاتانە بە چاک و خراپ شوێن دەخاتە سەر ئێران و کۆمەڵگای ئێرانی. بێگومان ڕووخانی رژێمی سووریا بەمانای شکستێکی ناوچەیی بۆ ئێران دەبێت، بەڵام دیسانیش بەو مانایە نییە کە ئێران بەتەواوی دەستی لە گۆڕەپانی سیاسیی سووریا کورت دەبێتەوە. ئەوە سروشتی سیاسی و ئایینیی قەومیی پرۆسەی دامەزراندنەوەی سووریا و لایەنەکانی بەشداریی کێبڕکێ بکەن کە دەری دەخات ئێران چەندە بەتەواوی دەستی کورت بۆتەوە و بەو جۆرە گەمەکەی دۆڕاندووە.

***(باس)- سەبارەت بە کۆچکردنی بەلێشاوی کوردانی سووریا دەڵێن چی؟***

***خالید عەزیزی:*** گومان لەوەدا نییە کە رەوشی سووریا بەگشتی فرە ناخۆش و نالەبارە بۆ ژیان، بەڵام کۆچکردنی کوردانی سووریا بۆ هەندران و هەرێمی کوردستان بە باش نازانم. من پێموایە دەرفەت هەبوو کە لایەنە کوردییەکانی باشوور و باکور بە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتر و بە یەکەوە چارەسەری ئەو کێشەیەیان کردبایە و لەجیاتی ئەوەی ئەو خەڵکە زۆرە کۆچ بکات، هەر لە ڕۆژئاوای کوردستان و لە شوێنی خۆیان خزمەتگوزاری و پێڕاگەیشتنیان بەگوێرەی توانا بۆ دابین کردبایە.

***پرسیار: لە دوو مانگی رابردوودا لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانەوە بۆ پرسی یەکگرتنەوە. فشارێکی زۆر خرایە سەر هەردوو حزبی دیموکرات و کەمپینێک بۆ ئەو مەبەستە دروست کرا کە لە ئەنجامدا وای کرد. هەردوولا لەسەر ئاستی باڵا پێکەوە کۆ بینەوە. ئاکامی کۆبوونەوەی ئەو جارەتان بوو بەچی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لەو دانیشتنەدا نەگەیشتین بە ڕێککەوتنێکی نووسراو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ جاران، لەو دانیشتنەدا زۆر بە وردی چووینە نێو تاوتوێکردنی ڕێگەچارەکان و لەو پێوەندەدا هەردوو لا نیگەرانییەکان و دڵەڕاوکێیەکانی

ئەو پرۆسەیەمان باس کرد. هەروەها وێڕای ئاماژە بەلایەنی باش و خراپی یەکگرتنەوەکەی پێشوو، هەوڵ درا بەرچاوڕوونیی پتر دروست بکرێت تا ئاستەنگەکانی یەکگرتنەوەی ئەوجارەمان بە جۆرێک بێت ئەندامانی حزبی دیموکرات بە هەردوو بەش، لەو یەکگرتنەوەیەدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن، "ئێمە" و "ئەوان" نەمێنێ، کەس خانەخوێ و کەسیش میوان نەبێ، هەموو لایەکمان هەست بە ئاسایشی حزبی بکەین و میکانیزمی پراکتیزەکردنی ئەو بنەمایانە دارێژین کە رێبەری و ئیدارەی حزب بە جۆرێک بێت کەس پەنا بۆ دەستەبەندی و ناوچەگەری و شتی لەو بابەتە نەبات.

لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکرات جیاواز لەو لێکدابڕانە، لە ڕابردووشدا لێکدابڕان و کێشەی نێوخۆییمان زۆر بووە، ئێستە زۆر پێویست و گرینگە کە هەموو لایەکمان بە یەکەوە قۆڵی لێ هەڵماڵین و حزبی دیموکرات وا ئیدارە بدەین کە بۆ کاری گەورە و سیاسەتی گەورە بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئەندامانی هەردوولا لەو کێشە چەقبەستووانە دەرباز بین و گەورە بیر بکەینەوە.

***پرسیار: ناوەڕۆکی دانیشتنەکانی هەردوولا باس لە شێوازی ئیدارەکردنی ناوخۆیی حزب دەکات. پێت وانییە لەپاڵ ئەوەدا گفتوگۆ لەسەر بنەمای داڕشتنی پلان و ستراتیجێکی نوێ بۆ کارکردن لە ئەمڕۆی رۆژهەڵاتدا بکرێت تا ئەوەی کە بە تەنیا لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەدانی حزبی بێت؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر لەتبوونی حزبی دیموکرات لەسەر ئیدارەی حزب بوو، با یەکگرتنەوە بکەین بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی حزبی دیموکراتی یەکگرتووی داهاتوو، بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی داهاتووی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکە، ئەوەندەی پێوەندی بە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، دەورێکی گەورە ببینێت. بۆیە ئەندامانی حزبی دیموکرات دەبێ بەو تێگەیشتن و عەقڵییەتەوە پێداویستی یەکگرتنەوەیان بەلاوە گرینگ بێت. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە رێبەری داهاتوو بۆ کار و پرۆژەی گەورەی سیاسی ئەرکدار دەکات. لە دانیشتنەکانی داهاتوودا ئەو باسانەش دێنە گۆڕێ.

***پرسیار: کاتێک ئێوە بوون بە سکرتێری حزبی دیموکرات، تا ئەوکات بەڕوونی قسەکردن لە شێوازی خەباتی مەدەنی لەناو زۆرینەی حزبەکانی رۆژهەڵاتدا تا رادەیەک بڤە بوو. ئێوە بە ئاشکرا باستان لەوە کرد کە باوەڕی تەواوتان بەو شێوازە خەباتە هەیە و لەلایەکی تریشەوە گرووپێکتان پێک هێناوە کە خەباتی چەکداری دەکات. هاوکات باس لە وتوێژ دەکەن. بەڕای ئێوە ئەوانە لەگەڵ یەک لە پارادۆکسدا نین. چۆن دەتوانن هاوسەنگییەک لە نێوانیاندا دروست بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** سروشتی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کۆماری ئیسلامی و رێکخستنی هێزەکان لەناو کۆماری ئیسلامی و هەروەها کێشەکانی ناوچەکە و ژیانی سیاسیی حزبی دیموکرات، بە هەموویانەوە راستییەک بە ئێمە دەڵێن کە ئێمە لە ناوچەیەکدا سیاسەت دەکەین کە رووبەڕووی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون بووەتەوە، ئێمە لە شوێنێکدا سیاسەت دەکەین کە هەموو لایەک چەکدارن. لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەتێک بە کوردی ئێران و حزبی دیموکرات نادات، ئێمە بە

مافی خۆمانی دەزانین لە هەموو بژاردەکانی وەک کاری دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، شەڕی یاسا و ئەگەر بە دروستمان زانی تەنانەت چالاکیی چەکداری و پێشمەرگانە کەڵک وەرگرین. زۆر ئاساییە لە گەرمەی شەڕ و چالاکیی پێشمەرگانە تەنانەت وتوێژیش لەگەڵ تاران بکەین. مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە ئێمە زەمینە و بەستێن پێک بێنین بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران.

***پرسیار: لە دوای ساڵی ١٩٩١ حزبەکانی رۆژهەڵات بەناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەستبەرداری چالاکی چەکداری بوون. ئێستەش وای کردووە رۆژهەڵات ببێت بە بێدەنگترین پارچەی کوردستان. مەبەست لە رۆژهەڵات تەوەری چییە؟ دەتانەوێ لەو رێگەیەوە خۆ لەو تەنگژەیە دەرباز بکەن؟. پێت وانییە حزبەکانی رۆژهەڵات لە ئێستەدا پێویستیان بە سەرکردەیەکی رادیکاڵ هەبێت کە بتوانێ لەناو خەڵکەکەی خۆی چالاکییەکانی دەست پێ بکاتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** باسی رۆژهەڵات تەوەری لە پێوەندی لەگەڵ ئەو راستییەدا بوو کە لە روانگەی ئێمەوە هەر پارچەیەکی کوردستان، بەگوێرەی تایبەتییەکانی خۆی ئەرک و بەرپرسیارێتی دیاریکراویش دەخاتە سەر خەڵک و حزبی ئەو بەشە. حزبی دیموکراتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بووە و گۆڕەپان و شوێنی چالاکیشی هەر رۆژهەڵاتە. لەبەر دوو هۆ ئێمە دەمانەوێ بەو باسە سەرنج بە ڕۆژهەڵات بدەین. یەکەم، ئێستە کە پرسی کورد لە ناوچەکەدا کەوتووەتە بەرباس، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە دۆستایەتی لەگەڵ هەندێ لە حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان خۆی بە خەمخۆر و دۆستی ئەو بەشانە نیشان بدات و بەو جۆرە کوردستانی ئێران و کێشەکەی بێ دەنگ بکات و پەراوێزی بخات. دووەم، دەمانەوێ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی تر، ئەوەیە ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان چالاک و بەهێز بین. من لەو باوەڕەدام ئێمە وەک حزبی دیموکرات دەبێ بە ڕاشکاوی ئاوڕێک بە ڕابردووی کار و تێکۆشان و شێوەی سیاسەت و حزبایەتیی خۆمان بدەینەوە، کێشەکانی ئێمە بە ڕادیکالیزم و حەز و ئارەزوو چارەسەر نابن. بەڵکو بە ڕیالیزم و واقیعبینی دەتوانین چارەسەر بدۆزینەوە. گرفتی ئێمە ئەوەیە دەیان ساڵە زۆر لە وڵاتەکەی خۆمان دوور کەوتووینەتەوە، ڕادەی نیزیکبوونەوەی ئێمە لە واقیعەکانی ئێران و کوردستانی ئێران، دەستەبەری سیاسەتگوزاری دروست لای ئێمە دەکات.

***پرسیار: ئێوە بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەپارێزن و دەستبەرداری کۆمەڵێک چالاکیی سیاسی بوون لە ناوخۆی رۆژهەڵات. لەو پێناوەدا چیتان لە هەرێمی کوردستان وەرگرت. ئایا جارێک لە جاران پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە لەگەڵ حزبەکانی رۆژهەڵات دابنیشن. ئەوە لە کاتێکدایە ساڵانە ئەو حزبانە لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشتن ئەنجام دەدەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە پێوەندی خۆمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دانووستان دانەناوە. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە لە رادەی توانایی خۆمان بەرژەوەندییەکانی ئێرە بپارێزین و ئێمە نەبین بە بیانوو بۆ ئێران لە دژی باشووری کوردستان. حکوومەتی هەرێم هەرگیز بە ئێمەیان نەگوتووە لە ناوخۆی کوردستانی ئێران خەبات و چالاکی نەکەین. ئێمە دەبێ خەڵک

لە ناوخۆی وڵات فێری ئەوە بکەین خۆیان لەوێ چالاکیی خۆیان بکەن، نەک چاوەڕوانی ئەوەبن کە پێشمەرگە لێرەوە رەوانەی نێوخۆ بکرێتەوە. ئێمە دەبێ چاوەڕوانییەکانی خۆمان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە بخەینە نێو بازنەی هەڵسەنگاندنی پێگە و توانایی و گیروگرفتەکانی باشووری کوردستان لە سیناریۆی ئاسایشی ناوچەکەدا، هەروەها دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە چۆنیەتیی پێوەندییەکان لەگەڵ تاران وەک واقیعێک ببینین. زۆر بە باشی دەزانین ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆی بکرێ و بگونجێ هاندەر و رێکخەری وتوێژی نێوان ئێمە و ئێران دەبێت.

***پرسیار: ستراتیژی حزبی دیموکرات رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەمیشە هیوایەک هەبووە کە لە ئێراندا گۆڕانکارییەک روو دەدات و کۆماری ئیسلامیی ئێران نامێنێت. بەڵام ئێستە دەبینین لە دانیشتنەکانی ٥+١ خەریکە هاوکێشەکە دەگۆڕێت. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوەیش بەو ستراتیژییەی خۆتاندا بچنەوە و رووخانی کۆماری ئیسلامی مەرجی سەرەکی نەبێت. واتا میکانیزمێک دابنێن بۆ ئەوەی ویستەکانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ بەرجەستە بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی، ستراتیژی ئێمە رووخانی کۆماری ئیسلامی یان دەوڵەتی ناوەندی نییە، رووخانی حکوومەتی ناوەندی زۆرتر وەک دروشم باسی لێ کراوە، ستراتیژی ئێمە ئەوەیە بە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمان بگەین، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتەشدا ئەگەر بگونجێ. ئێران نە کورد دروستی کردووە و نە بە کوردیش دەڕووخێ. بەڵام ئەگەر جووڵانەوەی خەڵکی ئێران و کێشەکانی نێوخۆیی بەرەو رووخانی ئەو رێژیمە چوو، بە دڵنیاییەوە ئێمە لێی وەدووا ناکەوین و کاریشی بۆ دەکەین. ئێمە بەرنامەی سیاسیی خۆمان هەرگیز لەسەر ئەگەری رێککەوتنی ئێران و ئەمەریکا دانەناوە، کێشەی ئەمەریکا و ئێران لەسەر بەرژەوەندیی خۆیانە و تا ئێستەش سیاسەتی ئەمەریکا وەک خۆیان دەڵێن گۆڕینی رەفتاری ئێرانە نەک گۆڕینی رژێمەکە. ئەگەر بڕیار بێ بە ستراتیژی خۆماندا بچینەوە، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی تێروتەسەل بەشێوەی سیاسەت و حزبایەتی خۆماندا بدەینەوە و لە ژێر رووناکایی ئەو هەڵسەنگاندنە، خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ داهاتووی ئێران و کار و تێکۆشانمان هەبێت.

***پرسیار: لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدا کەسانێک هەن خۆیان بۆ پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێیەکان دەپاڵێون. پێشتر ئەو کەسانە لەلایەن حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە بە چاوی گومانەوە سەیر دەکران و بەدناو دەکران. ئێستە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان هەندێکیان لە دەوری بەرەی یەکگرتووی کورد کۆ بوونەتەوە. بەڵام سەرباری ئەمەیش یەکگرتوو نین و پەرتەوازەبوونیان پێوە دیارە. هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی دنیابینیی سیاسیی ئەو نوێنەرانە لە دەوری ویستەکانی کورد کۆ ببێتەوە. بۆ ئەوەی لانیکەم لە بەڕێوەبردنە خۆجێییەکاندا داوای ماف و بودجەی زیاتر بکەن بۆ ئاوەدانکردنەوە و بردنەسەری ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەیان؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوەڕی من هیچ حزبێک نابێ لە خۆڕا و بێ بەڵگە و بە چاوی گومانەوە بڕوانێتە تێکۆشانی خەڵکی

نێوخۆی وڵات. چاوەڕوانییەکانی ئێمە دەبێ بەگوێرەی ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات بێت و بە پێی ئەوە قەزاوەت لەسەر ئەوان بکەین. لەسەریەک ڕەنگە چۆنیەتیی بۆچوونی حزبەکان لەبارەی تێکۆشەرانی ناوخۆ جیاوازی هەبێ و هەر لایەنەی بەگوێرەی سیاسەتی خۆی هەڵوێستە بکات. بەشێک لە سیاسەتی ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە کە پاڵپشت و هاندەری چالاکی و کار و تێکۆشانی مەدەنی و تەنانەت حزب و کۆڕ و کۆمەڵ دروستکردن لە ناوخۆی وڵاتدا بین. ئێمە پێمان وایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیشدا ئەگەر دەرفەتێک هەبێت، دەبێ خەڵک کەڵکی لێ وەربگرێت. مادام حزبی دیموکرات حزبێکی یاسایی نییە و ناتوانێ بە ناوی خۆی بەدوای ئەو جۆرە پرۆژانەدا بڕوات، دەکرێ خەڵکی تر لە نێوخۆی وڵات ئەو کارانە بکەن. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا چالاکوانانی مەدەنی لە کۆڕ و کۆمەڵ جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، سیاسی، لاوان، خوێنکاران و ژناندا کار دەکەن، زۆر یەکگرتوو بن و بە دوای خاڵە هاوبەشەکاندا بڕۆن و لەسەر داواکانیان خاوەنی یەک قسە و هەڵوێست بن. زۆر گرینگە کە یەکگرتووی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و پرش و بڵاو نەبن. هۆیەکەشی ئەوەیە لەلایەک ئەزموونی کاری هاوبەش لە ئێراندا زۆر لاوازە و جێ نەکەوتووە و لێک هەڵبەزینەوە و کارنەکردن لەگەڵ یەکتر زۆر باوە. لەلایەکی تریشەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە جیاوازییەکانی ئایینی و ناوچەیی و شتی لەو بابەتە و بە بیانوو و شێوازی جۆراوجۆر بە گژ یەکیاندا بکەن و ناکۆکییان لە نێوانیاندا دروست بکەن. جیاواز لەوانە، هەموو هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بودجە و پرۆژەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی مەجلیس و ئوستانداری و شوورای شار و گوندەکان و هەر ئۆرگانیکی تر بە باش دەزانین. لەسەریەک مەبەست ئەوەیە کە خەڵک نابێ بێ تەفاوەت بن و چاوەڕوانی ئەوە بن و پاڵ بدەنەوە و پێیان وابێت تا ئەو ڕێژیمە نەڕووخێ، هیچ ناکرێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی: ٢٨ی ئاگۆستی ٢٠١٣**

## وتووێژی کاک خالید عەزیزی لەگەڵ کوردکاناڵ:



**خالید عەزیزی: ئینسانییەت زۆر لە حیزبایەتی گەورەترە. ئەگەر قەرارە حیزبایەتی ئێمە ئینسانەکان خراپ بکاو دایم لە دژی یەکتر بین ئەوە حیزبایەتییەکی خراپە**

لەم وتووێژەدا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە سەحنەی سیاسیی ئێران و هێندێک پرس و بابەتی سیاسی و هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شرۆڤە دەکا کە بەهۆی گرنگیی ئەو بابەتانە، ڕۆژنامەی «کوردستان» دەقی ئەم وتووێژەی کاک خالید عەزیزی لەگەڵ کوردکاناڵ بڵاو دەکاتەوە.

***کاک خالیدی بەڕێز؛ وێڕای سڵاو و ماندوو نەبوونتان خۆشحاڵین بۆ ئامادەبوونتان.***

***خالید عەزیزی:*** ڕێزوسڵاو بۆ ئێوەو هەروەها بۆ بینەرانی تلویزیۆنی کوردکاناڵ.

***پرسیار: ئێوە وەکوو حیزبی دیمۆکرات لەچەند ساڵی رابردوو دەکرێت بڵێین، سیاسەتێکی تازەتان ڕچاو کردوە، بەشێوەیەک لە گەڵ پرسە سیاسییەکان بەرخوردتان کردوە، کە جیاواز بووە لەگەڵ پێشوو. بۆ نموونە لە ئینتخاباتی پێشوو کە هەموو خەڵکی کوردستان ئاگادارن جیاوازتر لە ئەحزابی دیکە روانیوتانە ئەو پرسە سیاسییە. ئەوەی کە ئێوە «تاکید»ی لەسەر دەکەنەوە ڕێز لە دەنگی خەڵکە. ئێستا کە چەند مانگێک لەم دەوڵەتە تازە گوزراوە ئێوە هەڵسوکەوتی ئەم چەندمانگەی دەوڵەتی تازە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

***خالید عەزیزی:*** بە باوڕی من جەوهەری کاری سیاسی بۆ حیزبێکی سیاسی، کە ستراتیژی و دوورەدیمەنێکی ڕەچاو کراوی هەیە، بە تایبەت وەک حیزبی دیمۆکرات کە لەماوەی نزیک بە ٦٨ ساڵ تێکۆشانی خۆی دژی دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی هەوڵی داوە بە شێوازی جۆراجۆر تێبکۆشێ و داواکاریەکانی خەڵکی کوردستان، داخوازییە نەتەوایەتییەکان بیانکات بە

فەرهەنگو «نهادینه« بکرێن، خەڵکی بۆ سازمان بداتو بیانهێنێته گۆڕێ.

ئێمە لە پەیوەندی لە گەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو، هەڵبژاردنی ئەخیر، زۆرتر مەبەستمان ئەوە بوو کە کاتێک کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ مەسەلەی کوردستان لە پەراوێز بخات، لە میدیاکانی خۆی مەجال نادا کە ئەم مەسەلە ئاماژەی پێ بکرێ و خەڵکانێکی زۆر لە دەرەوەی کوردستان بە داخەوە بە باشی لە قەزیەی کورد ناگەن و زانیاریی تەواویان نیە، هەوڵی ئێمە ئەوە بوو کە لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرین و مەسەلەی خۆمانو ویست و داخوازییەکانی خۆمان بێنینە گۆڕێ. هۆیەکەیشی ئەوەیە کە ئێمە لە حیزبی دیموکرات دەمێکە لەو باوەڕەداین باشترین شێواز کە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی بۆ بەربەرەکانی ئەوەیەکە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانی ئێران خۆیان لە جوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات ببیننەوە، جێی خۆشحاڵییە کە لەو بارەوە حیزبی دیموکرات مەسئوولانە دەجووڵێتەوە، نفوزێکی باشی جەماوەری هەیە، ڕابردوویەکی جێی شانازیی هەیە. بەڵام پێمان وایە هەر ئەوە بە تەنێ کافی نیە. مادام ئێمە بەدوای چارەسەری کێشەی خۆمان لە چوارچێوەی ئێراندا دەگەڕین، خەڵکی جیا لە کوردیش دەبێ کەم و زۆر لە [پرسەکەی] ئێمە تێبگەن. ئەگەر قەرار بێ بە دیموکراسی ئیدارە بکرێ و دەوڵەتێکی دیموکراتیک دابمەزرێت لە ئایندەدا، کورد بە بەراورد لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، ڕەنگە وەک ڕێژە لە پارلمان کەم بێت، هەر بەو [ڕێژە] کەمە ناکرێت کێشەکان چارەسەر بکەین، دەبێ تێبکۆشین خەڵکێکی زۆرتر لە کێشەی ئێمە تێبگات. جا لە ژێر ڕووناکایی ئەو سیاسەتەدا ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە دەرفەتێک کە دیتە گۆڕێ یەک «بعدی» چاوی لێنەکەین و دەبێ لایەنەکانی ئەو مەسەلە لە بەر چاو بگرین و لە ئاکامدا تێبکۆشین مەجال بۆ خەڵکێکی زۆر بێڵینەوە، کە بێنە ناو مەجال و دەرفەت و پرۆسەکانی ئێمە.

بە نیسبەت هاتنە سەرکاری ئاغای ڕووحانی، هەر بەو شێوە کە هەمووان ئاگادارن لە دەورانی فەعالییەتی ئینتخاباتیدا ئاغای ڕووحانی کۆمەڵێک قسەوپرسیاری هێنا گۆڕێ، ئێمە ئێستا بە ئاغای ڕووحانی و هەموو ئەوانەی کە هاوکارین لە دەوڵەتی تازەدا دەڵێین دەبێ ئاوڕێک لەقسەکانی خۆی بداتەوە، لە سەردەمی ئینتخابات چی گوتوە. [چۆن] دەبێ بە کردەوە بەداویاندا بڕوات. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکیش ئەرکیانە، کە وەبیری بێننەوە وپێ بڵێن ئێمە ئینتزاراتێکمان هەیە کە دەبێ جێبەجێ بکرێن. بە باوڕی من بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردن کارم بە کەم و زۆری نییە، جیاواز لە سروشتی «طبیعتی ذاتی» هەڵبژاردن ناچمە نیو ئەو مەوزووعە، بەڵام هێندێک ئەرک و وەزیفەی بۆ ئاغای ڕووحانی و دەوڵەتی ئەو داناوە. ئێمە لەو باوەڕەداین ئەگەر بکرێ و عەمەلی بێ خەڵک لە مەیدانی جۆربەجۆری سیاسی ئەو [پرسانە] بێننە پێشێ. بۆیە لێرە دەکرێ خوێندنەوەیەک ئەمە بێ کە ئایا لە جمهووری ئیسلامیدا لە بنەڕەتدا لانیکەم داخوازیەکانی کورد، مافی ژن، ئازادی زینداندانیانی سیاسی و ئازادی ئەحزاب و زۆر شتی دیکە جێبەجێ دەکرێت. ئێمە دەبێ تێبکۆشین ئەمانە بکەین بە ویست و دواخوازی کۆمەڵگاو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمانە ڕووبەڕوو بێتەوە. ناکرێت تەنیا لەسەر لێکدانەوەکانی خۆمان و ئەو ئارەزوو وئامانج و ئیدەئاڵانەی کە هەمانە جمهووری ئیسلامی [هەڵسەنگێنین] و لە شرۆڤەی نەهاییدا بڵێن کە ئەو نیزامە ئیستعدادی هیچی نیە و هیچ شتێک جێبەجێ ناکات و جیاوازییەک لە نێوانی ئاغای ڕووحانی

و ئاغای ئەحمەدی نژاددا نیە. ئەوە گرفتێک چارەسەرناکات، هۆیەکەیشی ئەوەیە ئاغای رووحانی لە ئێران و لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا ئینتخاب کراوە.

***پرسیار: کاک خالید! هەروا کە جەنابیشت فەرمووت ئەم دوو روانگە هەیە روانگەیەک پێی وایە کە دەوڵەتی حەسەنی رووحانی لە گەڵ دەوڵەتەکانی پێش خۆی هیچ فەرقێکی نیە. لە ماهییەتدا یەکێکن و درێژەدەری دەوڵەتانی پێش خۆیە! بەڵام روانگەیەکی دیکە پێی وایە کە نەخێر بە [سەرنجدان] بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و دەنگ دانی مانداری خەڵک. رەنگە ئاڵوگۆڕێک یا گۆڕانێک بەداوی خۆیدا بهێنێت. بەرێزت ئەم دوو روانگەیە چۆن لێک ئەدەیتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە پێشەکێی دەبێ بزانین کۆماری ئیسلامی کێیەو ئێمەکین؟ کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکە بەرهەمی ئینقلابە، نزیک بە ٣٤ ساڵە لە دەسەڵات دایە، ئێمە سابقەی سی وچوارساڵ تێکۆشانی تەشکیلاتی، دیپلۆماسی و تەبلیغاتیمان لە دژی ئەو حکوومەتەدا هەیە. هەروەها کۆمەڵانی خەڵکیش لە ناوخۆی کوردستان ئەو تەجرووبەیانەیان هەیە باشترین حاڵەت بۆ ئەوەی کە خەڵک لە ئێران بە دیمۆکراسی بگات ئەوەیە کە سیستمی جمهووری ئیسلامی نەمێنیت، مادام قسە لەسەر نەمانی سیستمی جمهووری ئیسلامی دەکرێت تۆ دەبێ کۆمەڵێک سیناریۆ دابنێت، کە کام ئیحتمال لە گۆڕیدا هەیە ئەگەر ئەوسیستمە دەمێنێت بەڵام لە نێو خۆی وڵات ئاڵوگۆڕ دێنێتە پێشێ، دەبێ بۆ ئەوەش ئیحتمال دابنێی. حەسەنی رووحانی کە ئینتخاب بوو، بۆ ئەوە ئینتخاب نەبووە کە بەرنامەو پرۆگرامی حیزبی دیمۆکرات بباتە پیشێ، بۆیە ئینتخاب بووە کە لە چوارچێوەی نیزامی جمهوری ئیسلامیدا تێبکۆشێ کە گیروگرفتەکانی ئەو نیزامە جێبەجێ بکات. تەعەهودات و ئیلزاماتی ئەو لە چوارچێوەی ئەو نیزامەدایە. بەڵام حەقیقەتێک لە گۆڕێ دایە ئەویش ئەوەیە کە نیزامی جمهووری ئیسلامی لە گەڵ چالشێکی بەربەرین و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک، نێوخۆیی، ناوچەیی، نێودەوڵەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو فشارە [ئابووری]یە کە لەسەریەتی، مەسەلەی هەستەیی، مەسەلەی دیموکراسی، کێشەی ماف، بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆر لە نێو خۆی وڵات دەیانهەوێت حکوومەت وەڵامدەر بێ، خەڵکەکەش بەشداری بکەن لە چەندوچۆنی بەڕێوەچوون و ئیدارەی وڵات، لەگەڵ ئەمانە رووبەروویە. مادام ئەم کێشانە هەیە بەدوای حەللێکدا دەروات، ئەو حەللە دەورانێکی زۆر فشارو ئەشکەنجەوئیعدامی و .....لە کوردستاندا بووە، بەڵام ئێستا لە دەوروبەری رووحانی وا هەست پێدەکرێ ئەگەر بۆ نەجاتی خۆشیان بێت،(تعدیل)ێک بدەن لە چۆنیەتی سیاستی خۆیان لەگەڵ خەڵک و لە ناوچەکەو لە گەڵ دنیای دەروە.

حیزبی سیاسی دەبێ وەزع بەو جۆرە کە هەیە ببینێت. ئێمە لێرە لەگەڵ واقعیاتێکدا رووبەرووین ئەویش ئەوەیە ئەگەر بێین لە بەینی سفر و سەد عەدەدێک دابنین لە چۆنیەتی «تعامل» لەگەل کۆماری ئیسلامی، من ئارەزووم دەکرد کە سەدەکەمان(١٠٠) بۆ جێبەجێ ببێت، یانێ ئەو سیستمە نەمابا بەڵام مادام ئەوە عەمەلی نیە، خۆ من نابێ هەر دابنیشم و بڵێم جمهووری ئیسلامی وەڵامی بۆ هیچ شتێک نیە وئیستعدادی بۆ هیچ شتێک نیەو نیزامێکە کە ئەگەر حەسەنی رووحانی بێتە سەرکار هیچ ناکات، خاتەمیش بێتە سەرکار هیچ ناکات! دەی مادام کە من پێم نارووخێ و[پرسی] رووخاندنی

حکوومەتی مەرکەزی مەسئەلەیەکەو، ئوپۆزسیونی ئێران لاوازەو نەبووە بە ئاڵترناتیف، نەیتوانیوە کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ خۆی بکات، مەسەلەی شۆرش بەو شێوە لە گۆڕێدا نیە، کێشەی نیزامی یان هەمان هێرشی نیزامی لە دنیای دەروە پێوەندی بە قەزیەی ئێمەوە نیە، کە کێشەیەکە بەینی تاران و واشنگتۆن و شوێنەکانی دیکەیە، خۆ ئێمە نابێ دەست لەسەر دەست دابنێین و بڵێین: تا حکوومەتی کۆماری ئیسلامی نەڕووخێ هیچ شتێک جێبەجی نابێت و وەداوی هیچ شتێک ناکەوین. بە باوڕی من ئەوە سیاسەتێکی دروست نیە. لە دوای ئەوەش ئەوە (توهم) نیە، لە سیاسەتدا یان حیزبێکی سیاسی و میللەتێک کەنزیک بە ٣٤ ساڵ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لە کێشەدایە دڵنیام کۆماری ئیسلامی باش دەناسن هونەر ئەوەیە ئەو فرسەتە کە ئێستا هاتووتە گۆڕێ چۆنی کەڵک لێوەربگرین؟ چۆن خەڵک بێنینە نێو مەسەلەکە؟ چۆن خەڵک شەرت دابنێ؟ چۆن خەڵک جمهووری ئیسلامی مەجبوور بکات بەدوای ویست وداخوازییەکانیاندا بڕوات؟ ئەویش ئەرکی ئێمەیە. ئێمە دەورانێکی زۆر سیاسەتێکی یەک «بعدی»مان هەبووە، ئەویش ئەوە بووە کە هەموو شتێکمان لە خانەی رووخانی کۆماری ئیسلامیدا خولاسە کردووتەوە. لەو خانەیەدا هەوڵمان داوە ئینتخابات کە تەحریم بکەین، سەرنجمان بە ویست وداخوازیەکانی خەڵک لە راسیدا زۆرجار کەم بووە.خەڵک لە هەڵبژاردن بەشدارییان کردوە سەرەرای ویستی ئێمە، ئەمانە دەبێ سیگناڵێگ بۆ ئێمە بنێرن، پرسیارێک بۆ ئێمە ئەحزابی کوردی دروست بکا، حیزبێکی سیاسی وەختێک شوعارێک دێنێتە گۆر، بەرنامەیەک دێنێتە گۆڕێ، ئەو بەرنامە، ئەو داوایە ئەگەر زۆری وەڵام نەداوە دەبێ بەدوایدا بچێت بزانێ هۆیەکەی چیە؟ بەداودا چوونەکەی بەشێکی ئەمەیە کە جمهووری ئیسلامی کە ئەم حەقیقەتەی تێدا هەیە وەڵامی هیچ شتێک ناداتەوە، مەجال بە هیچ شتێک نادا، منیش پێم وایە مەجال بە هیچ شتێک نادا، دەی باشە جمهواری ئیسلامی مەجال بە هیچ شتێک نادا، منیش بۆم نارووخێ، ئەی چی بکەین؟ بەڵام ئێستاکە کەش و هەوایەک دێتە گۆڕێ دەکرێ کاری لەسەر بکەین. بە باوڕی من سیاسەت ئەو شتەیە کە چۆن بتوانی وەڵامی ئەو شتانە بدەیتەوە. دوای ئەوەش لە کۆمەڵگای ئێراندا کۆماری ئیسلامی بەرەو ئەوەدەروا مکانیزم وسیستمی خۆی لە »تعامل» لە گەڵ ئیدارەی وڵات و خەڵکی خۆی لە ئینتخابات ببینێتەوە، پێم خۆشە ئاماژە بە حەقیقەتێک بکەم ئەویش ئەوەیە خوێندنەوەی بەشێکی زۆرلە ئینسانە سیاسییەکان و ئەحزابی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی خوێندنەوەیەکی «یک بعدی»یە، بەو مانایە کە سیستمی کۆماری ئیسلامی سیستمێکی ئیستبدادیە، سیتمێکی دیکتاتۆرییە. ئەمە حەقیقەتێکە بەڵام چۆن لە نێو دیمۆکراسییەکاندا فەرق وجیاوازی هەیە، دیمۆکراسیی ئەمریکاو دیمۆکراسیی سویس ودیمۆکراسیی بریتانیا و دیمۆکراسیی تورکیا فەرقی هەیە، هەر بەم شێوە لە نێو ئیسبداد ودیکتاتۆرییەکانیش فەرق هەیە. هەر لە نێو ئەو سیستمی ئیستبدادی کۆماری ئیسلامییەدا رەقابەتی ئینتخاباتی هەیە، خەڵک (کەسەکان) دەورانێک سەمبولن دوایە لە زیندان دەکرێن و دوایی ئازاد دەکرێن! رەقیبەکان لە دژی یەکتر شت دەڵێن، رەقابەت بەینی دەوڵەت و مەجلیس وتەنانەت خەڵکی دەوروبەری «ولی فقیە« و سپای پاسداران و ئەو ئورگانانە هەیە. مادام ئەوە تایبەتمەندییەکی کۆماری ئیسلامییە کە لە نێو خۆیدا مەجالی رەقابەت دەهێڵێتەوە، سروشتییە خەڵکێکی زۆر لەوێدا خۆیان بەبەشدار دەزانن، مادام خۆیان بەبەشدار بزانن دەچنە نێو گەمەکە، مادام دەچنە نێو گەمەکە دەبن بە بەشێک لە چەندوچۆنی حەلی مەسەلەکە. ئەمەش بە باوڕی من کورد وەکوو بەشێک لە دانیشتوانی ئێران دەبێ بچێتە نێو ئەو گەمەیە، دەبێ بەرنامەو تەرحی هەبێ لەو چوارچێوەیەدا.

***پرسیار: کاک خالید! ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی کوردیش دەبێ بچێتە نێو ئەو گەمە سیاسیانەوە. سەرەڕای گشت ئەمانە کە ئاماژەت پێکرد کە کۆماری ئیسلامی دیکتاتۆرە، ئیستبدادی تێدایە وهتد، بەڵام کورد بە تایبەت چالاکانی ناوخۆ لە ئەم دەرفەتە ئینتخاباتیانە هەمیشە هەوڵیان داوە کە کەڵک وەربگرن بە سوودی میللەتەکەیان. لەگەڵ هەموو ئەوانە قسەلەسەر دامەزراندنی حیزبێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، وەک دەگوترێ داوای ئەوەیان کردوە بەڵام تا ئێستا دەوڵەت جوابی نەداونەتەوە. ئەگەر دەوڵەت ئیجازەی بە دامەزراندنی حیزبێکی کوردی دا هەڵوێستی ئێوە چ دەبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە وەک حیزبی دیمۆکرات لەو باوەڕەداین هەروەک کە ئاماژەم پێکردو دەمێکیشە ئەو سیاسەتەمان هەیە کە خەڵک دەبێ لەهەموو مەجال ودەرفەتەکانی قانوونی و هەر هەلومەرجێک کە دێتە گۆڕێ بە شێوازی جۆرواجۆر کەڵکی لێ وەربگرن. هەروەها ئەگەربەدوای هاتنە سەرکاری ڕووحانی کە ئێستا باس لە ئازادی ئەحزاب دەکرێ لە چوار چێوەی ئەو نیزامەدا، قسە لە ئازادی زیندانیانی سیاسی دەکرێ، قسە لەئاوردانەوەیەک لە مافی «اقوام»دەکرێ، بەو شێوە کە خۆیان دەڵێن، قسەلە خوێندن بەزمانی دایک دەکرێ و زۆر شتی دیکە.. زەمانێک ئەوانە عەمەلی دەکرێ کە کورد لە کوردستانی ئێران بڕێک خۆی سازمان بدا وەک دیاردەیەکی یەکرەنگ و یەکدەنگ لەگەڵ ئەو شتانە »تعامل»بکات. دەبێ هەر لە ئێلامەوە هەتا دەگاتە ورمێ گوفتمانێکی کوردییان هەبێ، بەو مانایە کە بە کۆمەڵانی خەڵک لە ئێران بڵێن کە کۆماری ئیسلامی بە دیدی ئەمنییەتی خۆیەوە نەیویستوە کە مەسەلەی کوردەکان لە ئێران دیار بێ، بەڵام حەقیقەتێکەو لە گۆڕێ دا هەیە. لەگەڵ تاران کە دادەنیشن، لەگەڵ خەڵکی ئاڵوگۆڕخواز کە دادەنیشن ڕەنگە کەمێک گوێیان بدەنێ یان لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی کە دادەنیشن بڵێن لە ڕۆژئاوای ئێران دیاردەیەک بەناوی دیاردەی کورد هەیە، ڕۆژبەڕۆژ لە حاڵی گەشەدایە لە کوردستانی عیراق فاکتۆرو فورسەتە بۆ داهاتووی عێراق، لە تورکیا ئینکار ناکرێت و تورکیا بەدوای حەللیدا دەگەڕێت، لە سووریەش بەشارئەسەد بمێنێ یان نەمێنی کورد تازە فاکتەرێکەو ئێعترافی پێ دەکرێ، کەوایە بۆ ئێوە لە ئێران ئێعتراف بە مەسەلەی کورد ناکەن و بەدوای حەللی ئەو مەسەلەیە ناگەڕێن. بۆیە بە باوڕی من دروست کردنی حیزبێک شتێکی باشە، بە شەرتێک، لە هەنگاوی یەکەمدا ئەو خوێندنەوەیان هەبێ کە ببێت بە چەترێکی وەحدەتی هەموو [جۆراوجۆرییە]کانی کورد لە هەموو کوردستانی ئێران. بەهەموو زاراوەکان و ئایین و ئایین زاکانەوە هەموو خۆ لەوێدا ببیننەوە، تەجرووبەیەکی ناخۆش کە ئێمە لە بیرۆکەی ئەحزاب لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمانە کە ئێستاش لە دەرەوەی ئێران زیاتر لەیەک جیا بوونەوەو یەکتر بۆغزاندن و ڕەقابەت لەگەڵ یەکتر کردن و زۆر جار یەکتر تەحمول نەکردنە.... هیوادارم ئەو تەجرووبە خراپەی ئێمە کە هی تاراوگەیە نەچێتەوە نێوخۆ، ئەوانیش بەدوای ئەوەدا نەڕۆن. پاشان تێبکۆشن کە ئەو خەڵکەی کە لەوێ خۆ دەبینێتەوە ڕەنگە کۆماری ئیسلامی و سیستمی ئیتلاعات و سپای پاسداران بەدناویان بکات و ناوی جۆراوجۆریان لەسەربنێ، پشتیوانی لە هێندێکیان بکا، لە دژی ئەوانی دیکە. ئەوان لەگەڵ چۆنیەتی «تعامل» لەگەڵ ئەو موشکیلاتە بە حەوسەلەبن، هەر زۆر زوو نێو و ناتۆرە لەسەریەک دا دانەنێن. تێبکۆشن ئەو حیزبەی کە دادەمەزرێ مێحورێک بێ کە خەڵکانی زۆر خۆی تێدا ببیننەوە. زوو لە مەقابلی ئەوەدا شتێکی دیکە دروست نەبێ، جیاواز لەوەش ئەو حیزبەی کە دروست دەبێ، دەبێ ئێمە ئینتزاری وامان لێ نەبێ، کە ئەو حیزبە دەبێ شوعاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بدا. پێمان وا نیە ئەو حیزبەی ئەگەر لەوێ دروست بوو بچێتە نێو شێوازێک لە خەبات و تێکۆشان لە دژی کۆماری ئیسلامی

ئێران و خەڵکێکی زۆر لە ناکاودا قاچاغ بن و هەڵێن و وڵات بەجێبهێڵێن و فشارێکی زۆریان بۆ بێت و دیسانەوە گرتن و کوشتن وهەموو ئەمانە بێتە گۆڕێ. حیزبێک کە لەوێ دروست دەبێ لە چوارچێوەی ئەوەندەی بۆ عەمەلییە کە بەشێوەیەکی ئارام و هێمنانە ئەوەندەی بۆی دەگونجێ کە مەجالەکان و دەرفەتەکانی قانوونی ئەساسی کەڵک وەربگرێ و پرسەکانی خۆی بێنێتە پێشێ. پێم خۆشە »تاکید» لەسەر یەک شتی دیکەش بکەمەوە؛ باشترین خەبات ئەوەیە، ئەگەر بگونجێ کەمترین هەزینەی بۆ بدەی.من ئارەزوو ناکەم خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە فەعالیەتی خۆیاندا، مەجبوور ببن قاچاغ بن و وڵاتەکەیان بە جێ بهێڵن. ئەمە دیاردەیەکی باش نیە بۆ کورد لە کوردستانی ئێران کە شێوەیەک ببینێتەوە کە بەدوای شێوەکە مەجالی نەبێ و دیسانەوە هەڵات هەڵات و وڵات چۆڵکردنی بەدواوە بێ.

***پرسیار: کاک خالید! هەموو ئەمانە کە مەبەستی جەنابتە دەچێتە خانەی تێکۆشانی مەدەنییش. چالاکی مەدەنیش بەستێن وفەزایەکی ئارامی دەوێت. لەم دوو حەوتووی رابردوودا هەندێک تەقوتۆق بە تایبەت لە ناوچەی بانە رووی‌داو بوو بە هۆی کوژرانی ۶ ئەندامی سپای پاسداران. [جاش] پێتان وانیە ئەم شەڕوتێکهەڵچوونانە بە شێوەیەک کۆمەک دەکات کە ئەو فەزا مەدەنییە بەرتەسک ببێتەوە و ئەو فەزا ئەمنیەتییە کە لە مێژە بەسەر کوردستاندا حاکم کراوە دیسانەوە زاڵ ببێتەوە و مەجالی هەرچەشنە چالاکییەکی مەدەنی مەحدوود وبەرتەسک بکاتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** کۆماری ئیسلامی هەر بەدوای ئینقلاب دا کە موزاکراتی ئێمەو دەوڵەتی مەرکەزی سەر نەکەوت، ئێمە کە پەیامەمان ئاشتی و رێگا چارە گفتگۆو موزاکرە بوو، هەر لەو رۆژەوە سپای پاسداران و سیستمی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی پرسی کوردستانی بە دیدی ئەمنییەتی چاو لێکردوە. مادام بە دیدی ئەمنییەتی چاو لێدەکا، گەمەیەکە کە قەواعیدی خۆی هەیە، یانی یەکەم تێدەکۆشن کوردستان میلیتاریزە بکەن، حزوورێکی زۆریان هەبێ، لێرەولەوێ لە خەڵکی مەحەللی ئیستفادە بکەن‌و موسەللەحیان بکەن. دووهەم تێدەکۆشن لەو فەزای ئەمنییەتییە کە دێتە پێشێ، مەعلووماتێک بدەن بە کار بەدەستانی خۆیان لە تاران و هێندێک لەو خەڵکە کە رەنگە بە دیدی نیزامی چاو لە پرسەکە بکەن و بڵێن کوردستان هەمیشە نائەمنە، بۆ ئەوەی کە بوودجەیەکی زۆر لە دەوڵەت وەربگرن و لە کوردستان مافیایەکی بەربەرینی ئابووری و ئەمنییەتی دروست بکەن و هەموو ئەوانە بکەن بە حیسابی ڕاگرتنی ئەمەنییەت لە کوردستان. سێهەم، فەزای ئەمنیەتی دەبێتە هۆی ئەوە کە مەجال بە خەلک نەدرێ کە بە شێوەیەکی مەدەنی بیر وباوڕی خۆیان دەرببڕن.

بۆیە بۆ ئەوەی ئەو فەزایە نەمێنێ چەندین شت پێویستە هەر بەو دەلیلە سازماندەهی و دروست کردنی حیزبیک کە بتوانێ واقعییاتی کوردستان باس بکا و خەڵکێکی زۆر لە مەسەلەی کورد لە ئێران بگەیەنێ و بە کاربەدەستانی ئێران بڵێت: ئێوە خوێندنەوەتان لە کوردستان خوێندنەوەیەکی ئەمنییەتیە، کێشەی میللەتێک کە حقووقییە، ئینسانیە، قانوونییە - لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوە دەچێ کە جێبەجێ بێتو ئێران لە حەللەکەی وەدوا کەوتووە - [ئەو پرسە] لە ژوورەکانی سپای پاسداران بهێننە دەرێ. چیتر بە چاوی ئەمنییەتی و شەڕ و خوێن ڕشتن چاوی لێمەکەن، بەڵکوو بیبەنەوە بۆ ژووری دەوڵەت و بەشێوەی حقووقی و قانوونی چاوی لێبکەن من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە؛کاتی خۆی کە دەوڵەتی موقت لە ئێران

لەسەر کار بوو، ئەوانەی کە هاتبوونە کوردستان و لە هەیئەتی وتووێژدا بوون بەتایبەت مەرحووم داریوش فروهەر و سەباغیان و دوایە سحابی و هەتا دوایی.. لە دەوڵەتی «بەنی سەدر»یش دا، باسیان دەکرد دەیانگوت؛ مەوزوعی کوردستان وەک دەستووری کار نەدەهاتە بەرباس، بەڵام کاتێک کە قسەمان دەکرد ناراستەوخۆ لە هەموو مەوزووعێکدا ناوی کوردستان دەهاتە بەرباس یەکێکیان گووتبوی :ئەو مەوزووعەی کوردستان ئێمە ئیعترافی پێناکەین بەڵام هەموو رۆژێک هەیە، دنیا باسی دەکا شەر لەوێ هەیە، نائەمنی لەوێ هەیە، دەبا جارێک لە سەر میزی دابنێین و مەسەلەی کورد بەچاوی ئەمنییەتییەوە چاوی لێنەکەین، بەڵکوو بەچاوی حقووق و قانوون لێیبڕوانین. من هیوادارم دەوڵەتی ئاغای رووحانی ئەو واقعییەتانە ببینن. ئەوخەڵکانەی کە لەدەوری ئاغای رووحانین ئاوردانەویەک لە قسەکانی خۆیان پێش ئینیتخابات بکەن و ئەو واقعییەتانە ببین، کە کێشەی کورد لە ژوورەکانی سپای پاسداران حەل ناکرێ کێشەی کورد بە ئەمنییەتی چاو لێ نەکەن، پرسی کورد لە کوردستان وەک فرسەت چاو لێبکەن. دەرفەتێکە بۆ ئێران و گەشەئەستاندنی ئابووری و «ثبات»ی سیاسی و ئابووریی ئێران دەتوانێ دەوری باشی هەبێ. حەقیقەت ئەمەیە هەتا ئەوان ئەم واقعییەتانە قەبووڵ نەکەن، کێشەی کوردستان هەر دەمێنێتەوە و خەڵکیش بە شێوازی جۆربەجۆر هەوڵ و تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دەدا. ئەو حیزبەی کە ئاماژەت پێکرد ئەگەر دروست ببێ ئێمە بەتەواوی پشتیوانی لێدەکەین، یانی پشتیوانیی لەوە دەکەین کە خەڵک لە نێو خۆی وڵات لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگرێ و بەو جۆرەی کە بۆیان عەمەلیەو دەگونجێ ئەوانیش مەووزوعاتی کورد بێننە گۆرێ و کاری بۆ بکەن.

***پرسیار: جەنابت باس لە پشتیوانی لەو حیزبە دەکەیت کە قەرارە دروست ببێت و هەروەها چالاکیی مەدەنیی ناوخۆ. ئەمە لە کاتێک دایە کە دیسانەوە هەوڵ دەدرێ کە فەزای کوردستان نائەمن نیشان بدرێ. وەک ئێوەش ئاگادارن تۆمەتی ئەم شەرو تێکهەڵچوونانە لە لایەن سپای پاسدارانەوە دەخرێتە ئەستۆی حیزبی دیموکراتەوە. ڕای جەنابت لەم بارەوە چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم ئێمە شەڕمان بینیوە، و شەڕمان تەجرووبە کردوە، قەتیش ئێمە لە سەرەتاوە شەڕمان دەستپێنەکردوە. بەڵام ئەو رۆژەی کە مەجبوور کراوین شەڕ بکەین، یان شەڕیان پێ فروشتووین و مەجبوور بووین کە دیفاع لەخۆمان بکەین زۆر قاتعانە و قارمانانە شەڕمان کردووە،خەڵک لە کوردستانی ئێران بە باشی ئەمە دەزانن.

دووهەم؛ پێمان وانیە کە شەڕ موشکیلاتی قانوونی و سیاسیی کورد چارەسەر دەکا، قەت ئارەزوو ناکەین ئەوەی بەسەر سووریا هاتوە، ئەوەی بەسەر عێراق هاتووە کە هەموو رۆژێ شەڕ و تەقینەوەو کوشتنە، یان ئەوەی بەسەر ئەفغانستان هاتوە بەرسەر ئێراندا بێ. قەتیش پێمان وانیە کە دێمۆکراسی دەبێ هەموو جۆرێک هەزینەی بۆ دابنێی. لە وڵاتێک وەک سووریا کە بۆتە وێرانەیەک، بە داخەوە سەدان هەزار کەس کوژراوە و هەزارانیش دەربەدەروماڵ وێران بووە، لە شوێنێکی ئاوەهادا کە لە لەحازی، قانوونی و ئینسانی و ئابووری و.... بەردی بناغەی ئەو وڵاتە وێران بووە، ئیدی دیموکراسی بەسەر ئەو بەدبەختیانە جێبەجێ نابێ. دیمۆکراسی ئیحتیاجی بە ئارامش و ئەمنییەت هەیە، ئەمە باوڕی ئێمەیە. پێم

خۆشە لە وەڵامی پرسیارەکەت ئەم واقعیەتە بڵێم کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەمێکە هێزی پێشمەرگەی بۆ عەمەلیاتی نیزامی نەناردۆتەوە ئێرانە، ئێمە لەسەر هیچ کام لە مەقەر وپایەگاکانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان عەمەلیاتی نیزامیمان ئەنجام نەداوە، دەستوورمان بە پێشمەرگەکانی خۆمان نەداوە هێرش بەرنە سەر هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هۆیەکەشی هەر ئەوەیە نەمانویستوە بەهانە بدەینە دەست کۆماری ئیسلامی، کە ناوچە کوردنشینەکان نائەمەن بکات و مافیای سپای پاسداران لە لەحازی ئەمنییەتی وئابووری بیکات بە مەیدانی خۆی و ئارامشی ناوچەکە تێک بدات. بەڵام ئەو چالاکییانە دەتوانێ چەندین دەلیلی هەبێ؛ یەکەم خەڵک لە ناو خۆی وڵات وە گیان هاتوە لە دەسەڵاتی موتڵەقی سپای پاسداران، لە دەسەڵاتی مافیای سپای پاسداران. بۆیە سەیر نیە لە هەموو ئوستانەکانی کوردستانی ئێران خەڵک بۆخۆیان وەدەنگ بێن،(عكس العمل) نیشان بدەن و لێیان قەبووڵ نەکەن و تەنانەت دەست بۆ چەکیش بەرن لە دژیان. بەدوای ئەمەش وەک ئاماژەم پێکرد لە کوردستانی ئێران حەقیقەتێک هەیە کە سپای پاسداران و کۆمەڵێک کە دیدی ئەمنیەتییان هەیەو پاشماوەی ئەحمەدی نژادن و... دیانەوێت کوردستانی ئێران هێندەی دیکە نائەمن بێت. سەیر نیە لە رەقابەتی نێو خۆیان دا باڵە جیاوازەکانی سپای پاسداران ئەوەی کە بە دوای بیزنس و بازرگانی و معاملەدا دەگەڕێن ئەو جۆرە عملیاتانە بکەن و دوایی بە دەوڵەت لە تاران بڵێن؛ بوودجەی زۆرترمان دەوێ، کوردستان نائەمنە. هەر بەم جۆرەش پووڵ و پارەیەکی زۆرتر خڕبکەنەوە. یانێ بەشێک لە سیستمی کۆماری ئیسلامی وجوودی خۆی لە دروست کردنی نائەمنی لە ئێران و لە کوردستاندا دەبینێ.

***پرسیار: کاک خالید! بۆچی سپای پاسداران لەم نێوەدا یانی لەم چەند حیزبەی تاراوگەنشین بەتایبەتی کۆمەڵەکان و دیموکراتەکان بە تایبەتی ناوی ئەو حیزبە دەهێنێت کە جەنابت رێبەریی دەکەی؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم بەو دەلیلە کە حیزبی دیموکرات نفووزی جەماوەری هەیە ئیعتباری ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە لە حەددی خۆیدا، تا ئەوەندە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە ناکرێ نادیدە بگیردرێت.

هۆکاری دووهەم بە باوری من سپای پاسداران هەدەفمەند ئەوە دەکات. لەبەر ئەوەی کە»گفتمان»ی ئێستای حیزبی دیمۆکرات، ئەو شیوازەی کە ئێمە »تعامل» لە گەل وەزعی ناوخۆ دەکەین، تەشوێقی ئاڵوگۆر دەکەین خەڵک تەشویق دەکەین کە بەشدار بن لە ئاڵوگۆڕو چالاکیی مەدەنی و دەڵێین کە گوفتمانی کوردی لە تاران بێننە گۆڕێ، و خەڵکێکی زۆر گوێ بەوە دەدەن. بۆیە بە باوڕی من سیتمی ئیتلاعاتی ئێران، سپای پاسداران لەوە نیگەرانن گوتاری مەدەنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا شکڵ بگرێ و خەڵکێکی زۆر بەدەوری خۆی کۆ کاتەوە و کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەرەبەرە لەگەڵ جووڵانەوەیەکی بەربڵاو و بەرینی مەدەنی و جەماوەری رووبەروو بێ.

سپای پاسداران و بەشی ئەمنییەتی و ئیتلاعاتی رەنگە زۆر پێیان خۆش بێت کە ئێمە شوعار لە دژیان بدەین، وەکوو

شوعاری رووخاندن و نەمان و نابوود کردن و بڵێین فەرقی بەینی ئەمو ئەو نیە .... ئەمە بە باوڕی من لە سەحنەی سیاسەتدا، باوڕیکی پاسیوە. رەنگە پێیان خۆش بێ کە ئەو حیزبانە ئینتخاباتەکان هەر بایکۆت بکەن. لە نەتیجەی ئەو جۆرە سیاسەتەدا تۆ خەڵکێکی زۆر لە گەڵ خۆت ناخەی. ئێمە 34 ساڵە ئەو سیاسەتەمان ئیدامە داوە. یانی ئەوان تێدەکۆشن ئێمە بکێشنە نێو شەڕ وکێشەوە و کوردستان ئەوەندەی تریش نائەمەن بێت و مەجال بۆ تێکۆشانی مەدەنی نەبێت. من زۆر بە ڕاشکاوییەوە بڵێم، ئێمە لەو ماوەیەدا کە ئەو سیاسەتەمان هێناوەتە گۆڕێ و (اعتماد بە نفس) بە کۆمەڵانی خەڵک دەدەین، تەشویقیان دەکەین، پێمان وایە کە لە کوردستانی ئێران خەڵک کە بە شێوازی جۆبەجۆر تێکۆشانی خۆی دەکا و هەموو بەشیان تێیدا هەیە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە »اعتماد بە نفس» لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەهێز بێ. حیزبی دیموکرات ئەگەر کەسێک ئوستاندارە، فەرماندارە، نوێنەری پارلمانە،چالاکی مەدەنییە، چالاکی ئەدەبیە، بە ژن و پیاو کە فەعالیەت دەکەن بێ حوورمەتتیان پێ ناکەین. زوو و بە پەلە ناڵێین ئەوانە خائینن یان خۆ فرۆشن بەڵکوو شەخسیەتیان پێدەدەین. پێمان وایە هەموو ئەوانە کوڕوکچی ئەو میللەتەن، ژن‌و پیاوی ئەو میللەتەن. رەنگە لە حەددی خۆیاندا لە چوارچوەی جمهووری ئیسلامیدا کار بکەن. بە باوڕم نیگرانی کۆماری ئیسلامی لەو عەقلیەتەیە، لەو سیاسەتەیە، بەتایبەت سیاسەتی حیزبی دیمۆکرات کە بە باوڕی من سیاسەتێکی دروست و واقع بینانەیە، خەڵکێکی زۆر ئێستا خۆی تێدا دەبینێتەوە. مەجال بۆ پرۆژە ئەمنییەتیەکانی سپای پاسداران کەم دەکاتەوە و رەنگە لێ پرسینەوەی بەدوادا بێ و وردەو وردە لە مەتبووعاتی ئێرانی دا لە میدیاکانیدا ئێران بەرەوە ئەو قوناغە بچێت.. بەهەرحاڵ ئێمە تەشویقی ئەو سیاسەتە دەکەین.

***پرسیار: کاک خالید؛ کە باس لە دامەزراندنی حیزبی تازە کرا لە ناوخۆی وڵات، کۆمەڵێک راسپاردەت باس کرد، کە لە تەجرووبەی حیزبەکانی دیکە دەرس وەربگرن، یەکتر نەبۆغزینن، لە یەکتر دوور نەبنەوە. لە گەڵ هەموو ئەمانە حیزبی دیمۆکرات یەک لەو حیزبانەیە کە بەو نەخۆشییەوە ناڵاندوویەتی. ئەمە ٧ ساڵە کە ئەم حیزبە(انشقاق) و لەت بوونی بەسەردا هاتوە. یەک ساڵە کە هەواڵەکان باس لەوەدەکەن ئێوە بەتایبەتی هاتوچۆی یەکتر دەکەن و قسە و باس لە بەین دایە بۆ حەلی کێشە لە نێوان دیمۆکراتەکان. بەڵام بە کردەوە تا ئێستا هیچ نەبووە. دوایین ئەنجامەکان بە کوێ گەیشت؟***

***خالید عەزیزی:*** مادام کە قسە لەسەر حیزبی دیمۆکراتە، سەرەڕای نفووزێکی بەربەرینی جەماوەری و قوربانی و حماسەتێکی زۆر لە خەبات وتێکۆشان و(موقعیت)ێکی باشی حیزبایەتی، بەڵام بە دوای کۆماری کوردستان حیزبێکی بێ موشکیل نەبووین. موشکیلاتی نێو خۆییمان زۆر بووە، بەداخەوە ئینشعاباتو لەیەک جیابوونەوە لە نێو حیزبی ئێمەدا زۆرە و شاراوە نیە لە خەڵک، لانیکەم پێم خۆشە لێرە ئەمە ڕابگەێنم تا ئێستا کە ئێمە لێرە قسە دەکەین بە داخەوە دانیشتنەکانی ئێمە هەردوو باڵی دیمۆکرات بە شێوەی کۆنکرێت و موشەخەس بە هیچ حەلیک نەگەیشتوە. ئێمە لەم ماوەیەدا کۆمەڵێک دانیشتنمان هەبووە، دانیشتنەکان وا باس دەکرێ کە بۆ عادی بوونەوەی پێوەندییەکانە، بۆ ئەوەی کە خەڵکی هەردوولا هاتوچووی یەکتر بکەن،لە شایی وشینی یەکتردا بەشداری بکەن. بەڵام کە لەوانە دەگوزەرێ و دێتە سەر شتی عەمەلی، بەداخەوە هیچ شتێک عەمەلی نەبووە و هاورێیانی پێشووی ئێمە تا ئێستا ئامادەگییان بۆ هیچ شێوە هاوکاری و

کاری بە کردەوەی هاوبەشیان دەرنەبڕیوە.

ڕەنگە کۆمەڵانی خەڵک لە ناوخۆی وڵات تەنانەت گاڵتەشمان پێ بکەن، بڵێن؛ لە جیاتی ئەوە هەردوو لای حیزبی دیمۆکرات دابنیشن و لەسەر سیاسەتی گەورە قسەبکەن، لەسەر داهاتووی ئێران قسەبکەن، لەسەر قەزیەی کورد لە ئێران قسەبکەن، لەسەر ئەوەی کە دەبێ چیبکەین لە سناریۆ ناروونەکانی ئێستا و داهاتوو، ئەو دوو دیمۆکراتە چۆن کار بکەن؟ و دەنگ و ڕەنگی کورد لە کوردستانی ئێران چۆن بە قوەت بکەن؟ ڕەنگە پێیان سەیر بێ و گاڵتەیان پێ بێ کە ئافەرین! دوای ٦٨ساڵ خەبات، ئێستا قسە لەوە دەکەن کە چۆن پێوەندییان باش بێ و عادی بێتەوە! من بەش بەحاڵی خۆم ئەو گاڵتەیە قەبووڵ دەکەم. بۆیە قەبووڵی دەکەم ئینسانیەت زۆر لەحیزبایەتی گەورەترە، پیش ئەوەی حیزبی دیمۆکرات دروست بێ ئێمە ئینسان بووین. ئەگەر قەرارە حیزبایەتی ئێمە ئینسانەکان خەراپ بکا، ئینسانەکان فێری کینەجویی و دەسیسە و... بکات، دائیم لە دژی یەکتر بین، ئەوە حیزبایەتییەکی خەراپە. لە رابردوو دا کێشەکانی ئێمە، من نایشارمەوە هەموو ئەوانەی تێدا بوو، لە دەورانی ڕێبەانی شەهیدمان، لە دەورانی کاک ئەحمەد تەوفیقەوە تا دوکتور قاسملوو هەتا ڕێبەرانی زیندوو کە بۆ خۆشم ئێستا یەکێکم لەوانە، جا بۆیە زەمانێک ئەو حیزبە دروست دەبێتەوە کە ئێمە بە ئاوردانەوییەکی مەسئوولانە لەسەر حیزبێکی بەهێز لە کوردستانی ئێران، چاو لەمەسەلەکە بکەین.

***پرسیار: کاک خالید! لێرە پرسیارێک هەیە کە پرسیاری زۆرێک لە خەڵکو لە لایەنگەران و ئەندامانی حیزبی دیمۆکراتە کە لەوەتی ئەم حیزبە لەت بووە. لە لایەن جەنابتەوە وەهەروەها لە دوو کۆنگرەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان ئەمە پەسند کراوە کە دەبێ ئەم دوو حیزبە یەک بگرنەوە. جەنابت لەم بارەوە زۆر بە خەمی و هەوڵت بۆ داوە. بەڵام وەک دەفەرمووی لەلایەن هاوڕێیانی پێشوومانەوە تا ئێستا ئاوردانەوەیەکی جیددی و بە کردەوە لەم بارەوە نەکراوە. کە وایە بۆچی جەنابت بەم مەسەلەوە خۆت ماندوو دەکەی؟***

***خالید عەزیزی:*** پرسیارێکی جوانە هەم من و هەمیش هاوڕێیانم لە ڕێبەری حیزبی دیمۆکرات و زۆربەی زۆرێک لە کادر و پێشمەرگەکان و ئەندامانی حیزب کە ئەو تەجروبەیان لە ژیانی حیزبی دیمۆکراتدا هەیە و پێداویستیی حیزبێکی بە قووەت لە کوردستانی ئێران دەرک دەکەن پێیەوە ماندووین، بەچەندین دەلیل ماندووین؛ یەک ئێمە ئێستا تەجرووبەی سووریامان هەیە، کە گرفتی گەورەی کورد لە سووریا ئەوەیە کە ئەحزاب یەکگرتوو نیە و حیزبی زۆرە، هونەری دیمۆکراسی و هونەری فرە حیزبی کە جاری وایە ئێمە بە هەڵە لێی تێدەگەین ئەوە نیە هەتا خودا حەز دەکات حیزب زیاد بێ! ئەمە هەڵە تێگەیشتنە لە چەمکی فرە حیزبی کە هەر کێشەیەک هاتە گۆڕێ هەر زوو حیزبێکی دیکە دابمەزرێت، یان هەموو کێشەیەک بە ناوی دیمۆکراسی زەوابت و پرنسیبەکانی حیزبی لاواز بکات. ئەمە هەڵەیە.

پێداویستییەکانی کوردستانی ئێران لە داهاتوودا پێمان دەڵێت، ئەگەر کورد یەکگرتوو نەبێ بەتایبەت حیزبی دیمۆکرات ئەگەر لەیەک حاڵی نەبین یان یەک نەگرینەوە لەو یارییە ئاڵۆزە، لەو سیناریۆ ناروونەدا لەو گێژاوەدا کە ئێمە

تەجرووبەی دەکەین لە سووریاو لەعیراق ولە تورکیا، کورد رەنگە دۆڕاو بێ، ئێمە نازانین چی لێدەبێتەوە. زەمانێک کورد لەو کێشانە دێتە دەرێ کە رێبەرییەکی بە هێزی هەبێ، حیزبەکەی بە »اقتدار« بێ و سەرچاوەیەکی هەبێ و ئەو سەرچاوە لە نێو کۆمەڵانی خەڵک باش وەرگیرابێ و خەڵک بەقسەی بکات. ئێمە ئەممان تەجرووبە کردوە. زۆرجار داوامان لە خەڵک کردوە کە بە موناسبەتی جۆربەجۆرەوە وەکوو رۆژە مێژوویی‌یەکان و بانگەوازەکان، بەو جۆرە کە پێویستە خەڵک بەدەم قسەکانی ئێمەوە نەهاتوە. دیارە بەشێکی ئەوەیە کە جمهوری ئیسلامی مەجالیان پێ نادا، بەڵام بە باوری من لە تەنیشت ئەوە کە کۆماری ئیسلامی مەجالیان پێ نادا و بە دیدی ئەمنییەتی چاو لە رووداوەکان دەکات، نەوعێک ناڕەزایەتی، نەوعێک گلەییو گازندە لە نێو خەڵکدا دەبینم، کە لەتبوونی حیزبی دیموکرات و لەوەی کە ئێمە دێموکراتەکان سادقانە کار ناکەین بۆ یەکگرتنەوە، ئەوش هاتووتە گۆڕێ. رەنگە خەڵک لە نێو خۆی ولات بلێ جا بۆ داواکاریی ئێوە قەبوول دەکەم؟ دیموکراتەکان بوون بە دوو، لایەنەکانی دیکە بوون بە چەندە ئێوە لە تاراوگە هەر خەریکن لەت دەبن و ئینشەعابتان تێدەکەوێ و یەکتر دەبوغزێنن، سەیر نیە کە خەڵک لە کوردستانی ئێران هەر بەراستی جوابی ئێمە ناداتەوە، ئەو جواب نەدانەوە دەلیل بەر ئەوە نیە سیاسەتی ئێمەیان پێ غەڵەتە. دەلیل بەر ئەوەنیە هەڵویستەکانی ئێمەیان پێ هەڵەیە...دەلیل بەرئەوەیە لە ئێمە ناڕەحەتن، زۆربەی زۆری ئەو خەڵکە لەگەڵ دیمۆکراتدا بووە شانازی کۆماری کوردستانی هەیە، رابردووی زمان لە زۆر بابەتەوە، فەرهەنگ لە زۆر بابەتەوە کەسایەتیەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر حیزبی دیمۆکرات، جا حیزبی دیمۆکرات کە ئێستا تووشی ئەو چارەنووسە بووە تەبیعەتەن ئەوەیش دێتە گۆڕێ. بەم چەند دەلیلە هەم منو هەم هاوڕێیانم زۆر هەوڵی بۆ دەدەین کە دەرئەنجامێکی هەبێ و بەرەو ئەوە بچین کە حیزب یەک بگرێتەوە.

***پرسیار: تائێستا هیچ نەتیجەیەکی نەداوە؟ئێوە تائێستا بۆ خۆتان چیتان کردوە بۆ نموونە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوەی مەربووت بە خۆمانە لە نێو ریزەکانی خۆمان گرنگی ئەم بابەتە دێنینە گۆڕێ و باسمان کردوە کە بۆ یەکگرتنەوەی دیمۆکرات پێویستە، هەروەها بەدوای باس وگفتگۆ لە گەڵ دەفتەری سیاسی و ریزەکانی خۆمان، بە تەرحی گەڵاڵەیەک گەیشتووین کە هەر ئێستاکە ئامادەیە.

***پرسیار: ئەم گەڵاڵەیە شتێکی تازەیەو ئایا گەیشتووە بەدەستیان؟***

***خالید عەزیزی:*** بەڵێ، رەنگە تائێستا گەیشتبێ بە دەستیان. لەو گەڵاڵەیە دووسێ شتی جەوهەری تێدایە. یەکەم ئەمە کە زەرووڕەتی کارکردنێکی سادقانە و شەفاف کە ئەوحیزبەی کە رابردووی هاوبەشمان هەیە، کۆمەڵێک موشکلی هەبووە. مێژووی هەردوولا، مێژووی هەموومانە، چالاکی هەردوو لا، چالاکی هەموومانە، ئیفتخارات و شکستەکان هی هەموو لایەکمانە، بە قەبوولی ئەم واقعییەتانە هەوڵ بدەین حیزبی دیمۆکرات بۆ ئایەندە دروست بکەین.

بۆ ئەوەی ئەم جەوهەر و ئەسڵە جێبەجێ ببێ کۆمەڵێک خاڵمان هێناوەو قوناخ بەندیمان کردوە و کە لە هەر قوناخێک دا چ بکەین، بۆ وێنە گرینگە کە کۆبوونەوەی هاوبەش بکەین، بە جۆریک خەسارناسیی رابردوو بکەین، دەفتەری سیاسیی هەردوولا لەگەڵ یەک زۆر دابنیشن، کۆمیتە مەرکەزی هەردوولا لەگەڵ یەک زۆر دابنیشن، لە هێندێک شت کە ئێستا عەمەلییە وەک شتە مێژوویییەکان هاوکاری دەست پێبکەین. پێشنیارمان کردوە کە چۆن بەیەکەوە هەردوولا بچینە کۆنگرەیەکی هاوبەش، لە کۆنگرەیەدا هەموومان دیمۆکراتین جیاواز لەوەی کە ٧ ساڵە چۆن لەگەڵ یەک کارمان کردووە کێ سەر بەچ لایەنێک؟ بە ڵکوو ئایەندە لە پێش چاو دادەنێ و لە رابردوو تەجرووبە وەردەگرێ کە ئەو حیزبە وەسەریەک بخاتەوە بیکات بە حیزبێکی واحید و بەهێز بۆ داهاتووی ئێران. لێرەش دا لە دوایین کۆنگرەی ئەو هاوڕێیانەمان کە خەڵکەکەیان بەشدارییان کرد، کۆمەڵێک ئەرکی لەبەردەم رێبەریی ئەوان داناوە. ئەو گەلاڵە، ئاوردانەوەیەکە بەسەر هەموو ئەو کێشانە. لە هەمووی گرنگتر ئەمەیە کاتێک ئێمە دەکەینەوەسەر یەک نابێ بەرداشتەکان خوانەخواستە ئەوە بێ کە هەرلایەک بە قازانجی خۆی تۆڵە لەیەکتر بکاتەوە، نابێ غرووری ئینسانەکان بشکێندرێن، نابێ رابردوویان پێشێل بکرێ، بەڵکوو دەبێ هیوایەک دروست ببێت کە چۆن لەگەڵ یەکتر کار بکەین. ئەگەر ئەوانە قسەی لەسەر بکەین و کاری بۆ بکەین لە سکرتێرەکانی هەردوولا، لە ئەندامانی رێبەری لە هەردوولا، بڵێین ئێمە لە رابردودا هەڵەمان بووە، رەخنە لە خۆمان بگرین ئەگەر لەبەر دەم کامێراکانیش نایڵێین، با لە نێو ریزەکانی خۆماندا بیڵێین، بۆ ئەوەی کە ئەو خەڵکە فێر بکەین لە داهاتوودا ئاوا بەئاسانی حیزبەکەیان تووشی کێشەی نادروست نەبێتەوە و دیسانەوە بە ئاسانی تووشی (انشعاب) نەبێتەوە.

بۆیە هیوادارم ئەو هاورێیانەی ئێمە ئەو گەلاڵەی ئێمە کە (جامع)ە،(متنوع)ە،و بەرینە و هەموو ئەومەوزوعاتەی لە بەر چاو گرتووە بیکەن بە بنەمایەک، کە هەردوولای دیمۆکرات لە داهاتوودا یەک بگرێتەوە. ئێمە ئامادەیشین لەسەر ئەو گەلاڵەیە وتووێژو دانیشتن بکەین و دەرئەنجامەکانی بە نووسراوەو بەقسە دەبێ تەحویلی خەڵکی بدەین.

***پرسیار: کاک خالید! لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا کە دانیشتنەکانی هەردوولا حیزبی دیمۆکرات دەستی پێکردوە. بە داخەوە جگە لە هەواڵ هیچ شتێکتر لە ناوەرۆکی ئەو دانیشتنانە بۆ خەڵک باس نەکراوە یان میدیایی نەکراوە. وەک ئەو گەلاڵەی کە دەفەرمووی. بەفەرز ئەگەر قەبوول یان رەد بکرێتەوە ئێوە حازرن دوایی باس بکەن کە چیتان پێشنیار داوە؟***

***خالید عەزیزی:*** هەروەک ئەوەی کە عەرزم کردی و ئێستاش بە ئاشکرا دەیڵێم کە ئەو گەلاڵەمان ئامادەکردوە. ئەمە یەک. دووهەم لەسەر ئەو گەلاڵەیە موزاکرە دەکەین. بە باوەڕی من ئێمە ناتوانین شتەکان بشارینەوە، ئەوەڵ کارمان ئەوەیە کە ئەو گەلاڵەی قسەی لەسەر دەکەین تێدەکۆشین لە سەر ئەوە کار بکەین کە هەردوولا پێی ڕازی بن، ریزەکانی هەردوولامان خۆیان تێدا ببینەوە و خەمخۆری بن و بەدوایدا برۆن. لە قوناخی تر ئێمە دەبێ ئەمە بەخەڵک ڕابگەینین و بۆیان باس بکەین کە گەلاڵەیەکی وامان هێناوە هەڵویستی ئەوان چۆن بووە،لە کوێ بە نەتیجە گەیشتووە. من لەم باوەڕەدام لەمەو

بەدوا کە واردی دانوستان دەبین دەبێ کۆمەلانی خەڵک کە خەمخۆری حیزبی دیمۆکرات و ئایەندەکەین، لە چەندوچۆنی ئەم موزاکراتە ئاگادار بین.

***پرسیار: کاک خالیدی بەرێز! ئێمە پرسیارمان نەماوە ئەگەر بەرێزت قسەیەکت ماوە بۆ دوایین بەش تکایە بفەرمووێن.***

***خالید عەزیزی:*** هیوادرام کە وەڵامی پرسیارەکانی ئێوەم دابێتەوە، تەنیا دەمهەوێت تەئکید لەسەر ئەوە بکەم کە ئاڵۆگۆرەکانی روژهەلاتی نێوەراست رەنگە رەنگی جوراوجۆری هەبێ لە ناو ئەو تەحەولاتە دا بەخۆشیەوە قەزیەی کورد رۆژبەرۆژ گەورە دەبێتەوە، پێم خۆشە کە خەڵکی کوردستان لە رۆژهەلات ئەوە مەترەح بکەن و زەق بکەنەوە، بە خەڵکی کوردو خەڵکی غەیرە کورد بڵێین کە کورد فاکتەرێکە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست و کوردی ئێرانیش بەشێکە لە هەموو ئەو ئاڵ وگۆڕانە. قەزیەی کوردستانی ئێران بە دەرفەت چاو لێبکەن، ئەوە ئەرکی خەڵکی ناوخۆی ولاتە کە لەسەر مەسەلەی کورد مەعلووماتی زۆر بدەن بە خەڵکی غەیرە کورد و وەحدەت و هاوئاهەنگیان زۆربێ و تێبکۆشن لە جیاتی لەگەڵ یەک نەسازان، مکانیزمی پێکەوە کار کردن بە هێز بکەن و لەو دەرفەتانەی کە دێنە گۆرێ لە راسییدا کەڵکی لێوەربگرن و گوتاری کوردی لە ئێران بە قوەت بکەن. هیوادارم هەموو لایەک کاری بۆ بکەین، چۆنکە هەمووبمان لە نێو کەشتییەک داین ئەویش کەشتی رزگاری و بە ماف گەیشتنی کوردە و دڵنیام یەک ریزی و هاوکاریمان ئەو کەشتییە دەگەیێنێتە شوێنی خۆی و هیوادارم ساغ وسلامەت بن و سەرکەوتنیش بۆ ئێمە دەبێ.

لە ژمارە ٦١٩ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٨ی نوامبری ٢٠١٣**

# ساڵی: ٢٠١٤

-----------------------------------------------------------

## وتووێژێ کوردکاناڵ لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو



**خالید عەزیزی: بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووایین و بە یەکەوە یادی دوکتور قاسملوومان بکردایەتەوە**

**لە ٢٥ ساڵەی تیرۆری دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو سیاسەتمەداری ناوداری کوردو سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتدا، کوردکاناڵ وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێناوە کە لێرەدا دەقی پیادەکراوی ئەم وتووێژە دەخەینە بەر دیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان:**

***کورد کاناڵ: کاک خالیدی بەڕێز زۆر بەخێر بێی سپاس کە داوای ئێمەت لە کوردکاناڵ قەبووڵ کرد.***

***خالید عەزیزی:*** **زۆر سپاس بۆ ئێوەش هەروەها بۆ سەرجەم بینەرانی کوردکاناڵو تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها جێی خۆیەتی کە لەو ڕۆژەدا سڵاوو ڕێزو ئیحترامو پێزانینی خۆمان بۆ ڕوحی پاکی دوکتور قاسملوو بنێرینو جێگەی خۆشیەتی کە ئەوش دووپات بکەمەوە ٢٥ ساڵ دوای دوکتور قاسملوو ئێمەی تێکۆشەرانی دێموکرات، خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سابیتمان کرد کە هەرچەند دوکتور قاسملوو لەنێوماندا نیە، بەڵام خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بۆ جێبەجێ کردنی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو، هەرچەند هەورازو نشێوی**

هەبووە، بەڵام بەردەوام چۆتە پێشێ، ئەوەش بە هیمەتو توانایی‌و ڕێزو حورمەتی خەڵکی نێوخۆی وڵاتو حیزبی دێموکراتو حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بووە.

***کورد کاناڵ: کاک خالید! کە باس لە مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت‌و لەو نێوەدا بە تایبەتی باس لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکرێت، زۆر نێوی دوکتور قاسملوو دیارە، زۆرجار باس لە دەورو ڕۆڵ‌و نەقشی دوکتور قاسملوو کراوە پێم خۆشە لە زمان جەنابتەوە ببیسم، ڕۆڵ، نەقش‌ودەورو هەروەها ئەوجیاوازیانەی کە دوکتور قاسملووی لە ڕێبەرانی دیکە دەکردەوە چین؟***

***خالید عەزیزی:*** زۆر تەبیعیە مادام تۆ ئاوڕ لە مێژووی سیاسی ئێران بە تایبەت لە ٣٥ ساڵی ڕابردو بدەیەوە، بە مێژووی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە زۆر شت لە پێوەندی لەگاڵ قەزیەی کورد بە گشتی ئاور بدەیەوە، ناکرێ بە جۆرێک ئاماژە بە دوکتور قاسملوو نەکەی. دەورو کاریگەری دوکتور قاسملوو، بیرو هۆش‌و ئەندیشەی دوکتور قاسملوو و شۆێنەواری دوکتور قاسملوو دوای نەمانی خۆشی لە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و گۆڕەپانی سیاسی ئێران بە جۆرێک هەر دیارە، ئەوە دەردەخات کە دوکتور قاسملوو لە هەمانکاتدا کە ڕێبەری حیزبی دێموکرات بوو و کەسێکی بە توانا بوو لە حیزبی دێموکراتدا، بەڵام لە دەرەوەی حیزبی دێموکرات بە هۆی بیر کردنەوەو شێوەی سیاسەت کردنی‌و خوێندنەوەی لە سیاستو دروست کردنی مەیدان بۆ حیزبی دێموکراتو هەروەها و جووڵانەوەی کورد، دوکتور قاسملوو لەوێڕا گەورەیەکەی پتریش دیارە. تەبیعیە بۆئێمە وەک ئەندامانی حیزبێک کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرمان بووە، ڕێبەری خۆمان خۆش دەوێ، هەمیشە پێمان خۆشە بە چاوی ڕێزو ئیحترامو گەورەیی چاوی لێبکەین، بەڵام هونەری دوکتور قاسملوو ئەوە بوو لە دەرەوەی حیزبایەتیدا لە شێوە فکر کردنەوەی خۆی خەڵکێکی زۆری لە چوارچێوە سیاسەتەکانی خۆیی بەشدار دەکرد. بە باوەری من بەشێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەوانە. جیاواز لەو لایەنە حیزبییەی، ئەگەر ئێران وڵاتێکی دێموکراتیک بوایە، لە ئینتخاباتێکی ئازادو دێموکراتیکدا توانیبات ڕێبەرانی ئیدارەی ئێران هەڵبژێری‌و ڕێبەرانی ئیدارەی کوردستان هەڵبژێری دڵنیام دوکتور قاسملوو یەکێک لە دوو یا سێ کەسی یەکەم دەبوو کە دەیتوانی وەک دەوڵەتمەردێکی بە توانا هەم لە کوردستانی ئێران هەم لە ئێران دەورێکی باش بگێرێ. ئەو هەڵسەنگاندن‌و ئاوڕدانەوانە لە ڕاستیدا بە حەق، حەقی خۆیەتی‌و ڕەنگە لەوە زیاتریش هەڵبگرێ.

***کورد کاناڵ: لە سیاسەتدا، لە دەرەوەی حیزبدا، تەنانەت ئەوەیکە شارەزای کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو بووە دەزانێ کە کەسایەتێکی دووگم نەبووە، لە یەک خانەدا لە سیاسەت نەماوەتەوە، ڕۆژێک باس لە هەڵبژاردن دەکات تەنانەت بۆخۆشی بەشداری دەکات وەک نوێنەری مجلیسی خبرەگان لە ئێران هەڵدەبژێردرێ، ڕۆژێک ئینتخابات تەحریم دەکا، ڕۆژێک دەچێتە فڵانە بەرەوە، ڕۆژێک دێتە دەرەوە بە هەر حاڵ زۆر دەگوترێ ئینعەتافی هەبووە، لە سیاسەتدا ئەمە یانی چی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە حیزبێکی سیاسیدا نەفەری یەکەم و ڕەییس جمهور یان سەرۆک وزیری وڵاتێک کاتێک دەچێتە نێو

تەعامول لەگەڵ ڕووداوەکانو لە سیاسەتدا خۆی بەرامبەر بەو میللەتە یا ئەو حیزبە یا ئەو ئەرکەی پێی ئەسپاردراوە خۆی مەسئوول دەبینێو هەموو هەوڵوتێکۆشانی ئەوەیە کە چۆن بەستەری موناسب بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانی خۆیی درووست بکا. مادام ئاوا چاو لە سیاسەت بکەیی بە مانای ئەوەیە کە سیاسەت وەک مەزهەب چاو لێناکەی، سیاسەت دەخەیە ناو بازنەیەکی گەورەی ئیحتمالاتو فورسەتو گونجانو نە گونجان. لێرەدا با من هێندێک برۆمەوە دواتر، ساڵی ١٩٧٩ی .ز. لە ئێران ئینقلابێک دەکرێ زیاتر لە ٣٥ ساڵ پێش ئێستا هەر لەو وەختەدا دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات هەموو هەوڵیان ئەوە بوو کە دوای ئینقلاب کێشەی کورد بە موزاکرە چارەسەر بکرێ و لەو پێوەندیەدا چوونە نێو گەمەیەک یا بازیەک کە قەواعیدی بازی خۆی هەبوو. بۆ؟ بەو دەلیلە لە ئێران تازە ئینقلاب کراوە لە دەرەوەی کوردستان ئایەتوڵڵا خومەینیو ڕێبەرانی ئینقلاب ئێستا ماهیەتیان نازانرێ و لە ئێراندا لە تەنیشت ئەوە جەوێکی ئینقلابی لە گۆڕێدا هەیە، لە جەوی ئینقلابیدا عادەتەن ئیحساساتو عاتفەو توندوتیژیو شۆعار زۆرە، تۆ لە کوردستان مەوزوعێکت هەیە، مەوزوعی کوردستانو مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان، لە لایەک خەڵک موسەلەح بووە خارج لە ئیرادەی تۆ کە لە حاڵەتی موسەلەح بووندا تەبیعەتەن جۆرێک روخساری ئینقلابیو شۆڕشگێرانەی دەبێ، لە لایەک چاو لێدەکەی دوڵەتی ئێرانیش، دەوڵەتێکی ئینقلابییەو تازە هاتۆتە سەرکارو هێزو توانایەکی زۆری هەیە، چی دەگەڵ دەکەی، چۆنی دەبێ تەعاموول دەگەڵ بکەیی؟ بە باوەڕی من دوکتور قاسملوو جوان تەشخیسیدا کە تەعاموول و موعامەلە بە لەحازی نیزامیو شەڕ لەگەڵ حکومەتێکی تازە ئینقلابی ئاسان نیە، بۆیە زۆری ئیهتمام دا بە موزاکرە، هەوڵیدا بە شێوازی جۆراوجۆر کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە و لە نێو خەڵکیشدا ئەو قەناعەتە دروست بکا دەبێ ئەو کێشەیە لە ڕێگای گفتوگۆوە چارەسەر بکرێ و لەو مەیدانەدا تەبیعەتەن زۆر قەزاوەتی لەسەر کراوە، قەزاوەتی عادڵانەی لەسەر کراوەو توندڕەوەکانی ئەو وەخت کە واقەعییاتیان دەرک نەدەکرد.

***کورد کاناڵ: کاک خالید لە نەتیجەی ئەم هەڵوێستە جۆراوجۆرانە لە تێکۆشانی سیاسی دوکتور قاسملوو و هەروەها حیزبی دێموکراتدا زۆرجار ئەم تاکتیک گۆڕینانە ئەم هەڵوێستە جیاوازانە لەوانەیە کێشەی بۆ دوکتور قاسملوو دروست کردبێ کە دەڵێم کێشە لەوانەیە لە نێو خودی حیزبی دێموکراتیشدا موخالفینی خۆی هەبووبێ لە بەرامبەر ئەو سیاسەتە یان نەخێر لە دەرەوەی حیزبی دێموکراتدا زۆر جار لە باسی موزاکرەدا دوکتور قاسملوویان بە سازشکار ناو بردوە. ئەوانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟***

***خالید عەزیزی:*** بۆ کەسێک کە بیهەوێ گفتمان دروست بکا، بۆ ڕێبەرێکی سیاسی بەتایبەت کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو لەو هەلومەرجەی ئەوکاتی ئێران، لەو جەوەی ئینقلابییەدا تەبیعەتەن گفتمان دروست کردن کارێکی ئاسان نیەو تۆ دەبێ ئەو ڕیسکانە بکەیو تەحەمولی ئەو بەرخوورده جۆراوجۆرانە بکەی. ئەگەر من بڕێک بگەڕێمەوە دواتر ئاماژە بە هێندێک شتە تایبەتییەکانی دوکتور قاسملوو بکەم ئەو کات کە موزاکرات دەکرا هەوڵی دەدا بە شێوازی جۆراوجۆر، نەهێڵێ موزاکرە بە شکست بگات. ئەوە هونەر بوو، جمهوری ئیسلامی ئیستراتژیکەکەی ئەوە بوو موزاکردە بە شکست بگا، ئیستراتژی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە بە شکست نەگا بۆ؟ بۆ ئەوەی کە خەڵکێکی زۆرتر لە ئێران لە قەزیەی کورد تێ بگەن و بە

ئیعتباری وان فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێ، دوایە دەبینین کە جەوی ئێران جەوێکی زۆر ڕادیکاڵو ئینقلابیو چەپو ئەوانە بوو و حیزبی دێموکراتیش باوەری بە سوسیالیزم بوو ئەوکاتی، وا چاوەڕوان دەکرا کە حیزبی دێموکرات ئەگەر بەرەیەکی دروست بکا دەبێ دەگەڵ حیزبە چەپو رادیکاڵەکان بەرەیەک دروست بکا، بەڵام دەبینین کاتێک هێرش دەکرێتە سەر موجاهیدینو هەروەها بەنی سەدر لە دەسەڵات دەکەوێ، حیزبی دێموکرات هەڵدەبژێرێ کە دەگەڵ بەنی سەدرو موجاهیدین بەرەیەک دروست بکا و لە نێو خودی حیزبیشدا هەر وەکی تۆ ئاماژەت پێدا ڕەخنەی لەسەر بوو، خۆشبینیو گەشبینی لە سیاسەتدا حەقی ئینسانێکە کە ستاسەتمەدار دەبێ خۆشبینو گەشبین بێ، بەڵام لە سیاسەتدا واقعبینی لە خۆشبینیو گەشبینی گەورەترە، بە باوەری من دوکتور قاسملوو ئەوەی زۆر تێدا بەرجستە بوو، چووە نێو «شورای میللی مقاومت» چون موجاهیدین مەترەح بوون، هێزیان هەبوو، ئاڵترناتیڤ بوونو دوای ئەوە بەنیسەدر بە شێوەیەکی قانوونی لە ئێران هەڵبژێردرا بوو، رەئیس جمهورێکی ئیعتراف پێکراو بوو، بە باوەری من ئەوە یەکێک لە واقعبینیەکانی دوکتور قاسملوو بوو. دوایە شەڕی ئێرانو عێراق دەست پێ دەکا، ئەو لە کۆمەڵگای ئێران هەر بێ تەفاوەت نەبوو، کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا لە دەرەوەی کوردستان خەڵک لە دژی کوردستان هان بدا، بە زیدی ئینقلابو لایەنگری ئیمپریالیزمو سەر بە ئەمریکاو ئیسراییلمان بناسێنێ، بەڵام دوکتور قاسملوو گوتی ئەگەر کۆماری ئیسلامی مافەکانی ئێمە لەبەر چاو بگرێ، مافەکانی خۆمان بداتێ ئێمە ئامادەیین لە بەرەکانی شەڕ دژی حکوومەتی عێراق شەڕ بکەیین، ئەوانە زیرەکیو هونەری تایبەتی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو بوو و لە هەمووی ئەوانە کە دێینەوە سەر موزاکرەش کە کاتی خۆی موزاکرە کرا و لەو موزاکرەدا کە لە ڤییەن بوو بە داخەوە دوکتور قاسملووی تێیدا تیرۆر کرا، جاری واهەیە دیسان لەسەر ئەو موزاکرەش قەزاوەتی جۆراوجۆر دەکرێ کە لەوێدا لە قەزاوەت کردنەکە بەوجۆرەی

کە دوکتور قاسملوو دەبێ حەقی خۆیی پێ بدرێ غەدری لێ دەکرێ.

***کورد کاناڵ: هەر ئەم باسی موزاکرە لە ڤییەن کە ناکامەکەی تیرۆری دوکتور قاسملووی لێ کەوتەوە ئێستاشی لەگەڵبێ ڕێبەران چ ڕێبەرانی پێشوو و ئێستای حیزبی دێموکرات ڕەنگە جوابێکیان بۆ ئەوە نەبێ کە بۆچی دوکتور قاسملوو تیرۆر کرا. باسی واقعبینیت کرد بە پێی چ واقعبینییەک دوکتور قاسملوو چووە سەر میزی موزاکرە یان لە ڕاستیدا هەڵەی کار لە کوێدا بوو کە دوکتور قاسملوو تێدا چوو؟***

***خالید عەزیزی:*** یەکەم تۆ کاتێک باسی موزاکرە دەکەی یەک سێناریو دابنێی لەو سێناریویەدا دوو لای موزاکرە دەمێکە دەگەڵ یەک لە کێشەدان، لە رەقابەتدان هیچ لا نەیتوانیوە هیچ لا لە مەیدانەکە دەر بکا، ئەوە یەک. حالەتێک ئەوەیە لایەک تەشخیس دەدا لە مەوقەعییەتێک دایە و موقەعیەتەکەی لە دەوروبەر باش نیە، لە فورسەتێک دەگەرێ جەوی خەباتەکەو تێکۆشانەکە بگوازێتەوە بۆ ئاستێکی دیکە. ئەو موزاکراتەی کاتی خۆیی دوکتور قاسملوو دەگەل کۆماری ئیسلامی دەستی پێکردو لە ڤییەنا تیرۆریان کرد تۆ دەبێ لە بازنەیەکدا، لە مەوقەعیەتیدا کە ئەو کاتی ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شەڕی ئێرانو عێراق و قەزیەی کورد بە گشتی تێیدا بوو. لەو سەردەمەدا شەڕی ئێرانو عێراق ڕادەووەستێ، حیزبی دێموکرات حیزبێک بووە کە هەمیشە لە ئیلاقاتی خۆی دەگەل دەورووبەر سەربەخۆیی خۆیی پاراستبوو، لەوە

نیگەران بوو کە ئەو شەڕە ڕابوستێ‌و فشارێکی لە لایەن حکوومەتی عێراقیشەوە بێتە سەری لە لایەن حکوومەتی ئێرانیشەوە لە فشار دابێ و لە هەمان کاتیشدا لەو سەردەمەدا هەڵەبجەو ئەنفال‌و ئەوشتانە کرابوو، لە سووریە کورد نەیدەتوانی بڵێ هاووڵاتیشم، لە تورکیە زۆر بە توندی ئینکاری کورد دەکرا، بۆیە ئەگەر ئێمە بە ئینسافەوە بگەڕێینەوە ٢٥ ساڵ پێش ئێستا کە کەش‌و هەوای کوردستان جەوێکی نائۆمێد کونەنندەی تێدا بوو. دوکتور قاسملوو بۆخۆی پێشوو لە کوردستانی عێراق بووە لە ساڵەکانی ٥٨ میلادی بەولاوە هاتۆتەوەو دوایە چۆتەوە دەرێ‌و دوایە دیسان هاتۆتەوەو حیزبی دێموکراتی دروست کردۆتەوە، زۆر نیگەرانی وەی بووە جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات ژیانی سیاسیەکەی بکەوێتەوە تەبعید، زۆر نیگەرانی وەی بووە کە حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵقەندرێ‌و لە باشووری کوردستان نیشتەجێ بێتەوە، کە بە داخەوە وای لێهات. بۆ ئەوەی کە ئەو پێشبینیانەی کە هەیبوو ئەوانە نەیێنە دی و حیزبی دێموکرات تووشی ژیانێکی تاراوگە نەبێت. راستیەکەی هەوڵیدا لەو فەزایەی کە ڕەفسەنجانی هێنایە گۆڕێ کەڵکی لێ وەربگرێ، هەوڵ دەدا موزاکرە بێنێتە پێشێ، ئەگەر وایە بە تەشخیس لەو کەش‌و هەوایە و بە تەشخیس لەوەیکە شەڕی نیزامی ئێمە، خەباتی پێشمەرگانەی ئێمە سەرەڕای موفەدەس بوونی خۆی، باوەری قووڵی دوکتور قاسملوو بەو خەباتە نەیدەتوانی ئەو وەختی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ، بۆ ئەوەی کە زەرەرو زیان کەمتر بێتەوە لە بەرەکانی شەڕو بە نیسبەت داهاتووو حیزبی دێموکرات هەوڵ دەدا بۆ موزاکرە.

***کورد کاناڵ: بەڵام نەتیجەی موزاکرەکە کاک خالید ڕێک بە پێچەوانەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** جەوهەری ئیدەی موزاکرە دەگەڵ کۆماری ئیسلامی کە دوکتور قاسملوو هێناویەتە گۆڕێ‌و ڕێبەرایەتی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتیش تەئیدیان کردووە کامیلەن درووست بووەو لە جێگای خۆیی دابووە، نەفسی ڕووداوەکە کە دوکتور قاسملوو تیرۆر دەکرێ نابێ ئیدەی موزاکرەو گفتوگۆو دیالۆگ دەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی، هەرکەسێک بێ لە نێو ئێمەدا لەبەیین بچێ کە وایە قسە لە موزاکرە کردنەکە نیە کە شتێکی خراپ نەبووە و شتێکی باشیش بووە بەڵام لەسەر دەرئەنجامی موزاکرەکە، ئەگەر موزاکرەکە دوکتور قاسملوویی تێدا تیرۆر نەکرابایەو هیچ نەتیجەشی نەبووایە بە باوەری من تاریخ ئاوای دەنووسی کە دوکتور قاسملوو هەوڵی داوە بۆ چارەسەری کێشەی کوردو مەوزوعەکانی خۆی هێنا گۆڕێ‌و کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و لە ئێران ئاگادار بن، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەی قەبووڵ نەکرد بەڵام لەبەر ئەوەیکە لەو موزاکرەیەدا نەفەری یەکی حیزبی دێموکرات بە داخەوە تیرۆر دەکرێ، هەمووی قەزاوەتەکان‌و ئیحساس‌و عاتیفەی ئێمە کەوتە نێو ئەو بازنەیە. ئشکالی موزاکرە لە جەوهەری موزاکرەکەو ئیدەی موزاکرەکەدا نەبوو، لەوە دابوو بە لەحازی ئەمنییەتی ئیقداماتی دروستو پێویستو مکانیزمی موناسب ڕەچاو نەگیرابوو بۆوەی کە ئەو نیەتانەی کۆماری ئیسلامی کە لە پشتی ئەو موزاکرەیە هەیبوو ئەو نیەتانە هەروا بە ئاسانی جێبەجێ نەبن ئیشکالەکە لەوێ بوو.

***کورد کانال: کاک خالید زۆر جار باس لەوە دەکرێ کە کۆماری ئیسلامی بە تیرۆری دوکتور قاسملوو لە سیاسەتی لە پراویز خستن و هەروەها کپ کردنی دەنگی بزوتنەوەی رۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا نەزەری جەنابت چیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ ڕابردوو پێش تیرۆری کردنی دوکتور قاسملووش ڕێبەرانی کورد تەنانەت لە سەردەمی حکوومەتی پەهلەویشدا تیرۆر کراونو لە سێدارە دراون، ئەوە دەرکەوت کە ئەوە هەڵەیە یا ئەو ئیقدامە بێ مەسئوولانەی کە دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە تایبەت کۆماری ئیسلامی بوویەتی لە بەین بردنی ڕێبەرانی ئێمە تەنیا نەتیجەکەی دەبێتە ئەوە کە ئەو کەسایەتییە لە ئێمە بستێنێ. ڕاستە لە دەست دانی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات خەسارەتێکی گەورە بوو، دوکتور قاسملوو پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە سیاسەتو لە دیپلۆماسیو لە حیزبایەتیو لە ئێران ناسیو لە دنیا ناسیدا هەبوو، ئەگەر ئەو توانایییە لەسەر یەک وەک گەنجینەیەک مەجالێکی زۆرتریشی بوایە لە ڕێبەری حیزبی دێموکرات دەیتوانی دەورێکی زۆرتریشی هەبێ بۆ حیزبی دێموکرات. جووڵانەوەی کورد نە تەنیا سەرکوت نەکراوە، بە باوەری من تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بێزاریو تووڕەییەکی زۆر بە قووەتی بە دژی کۆماری ئیسلامی دروست کرد و لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا تەعەهوداتو ئیلزاماتی دروست کرد، تەعەهوداتو ئیلزامات بەو مانایە حیزبێک ڕێبەرەکەی ئامادەیە لە پێناو مافی میلەتەکەیدا گیانی خۆی دابنێ، دەی باشە ئەندامانی خوارەوەی ئەو حیزبە رووحی فیداکارییان تێدا بە قووەتتر دەبێ و بەقووەت بوونی رووحی فیدا کاریو تێکۆشان لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات ڕەنگی داوە، لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکێکی زۆر هاتە نێو ئەوە، مادام کۆماری ئیسلامی ڕێبەرانمان لەسەر مێزی موزاکرە تیرۆر دەکا ، ئێمە دەبێ خەباتو تێکۆشانی خۆمان بە قووەتتر بکەین لە دژی ئەو ڕێژیمە، ئەگەر سەردەمی تیرۆری دوکتور قاسملوو خەباتی کوردایەتیو نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شعووری سیاسی لەو پارچەیە بڵێین لە خوارەوەتر بوو یا مەنتەقیەکی مەحدودی داگرتبۆوە، هەر ئەو بێزاریو ڕقو کینەیە لە کۆماری ئیسلامی و مودیرییەت کردنی ئەو ڕقو بێزاریە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە تایبەت لەو دواییانەدا بوو بە هۆی ئەوە کە ئەو خەباتو تێکۆشانە زۆربەی زۆری ئوستانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە.

تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو لە ئاستی نێو دەڵەتیشدا بێزاری لە کۆماری ئیسلامیو ئەوەیکە ئەو حکومەتە ئاوا تەعامول دەگەڵ ڕێبەرێک دەکا، نیشان دا. لە هەمان کاتیشدا پێم خۆشە ئەوەش بڵێین زۆر جار ئێرانییەکان کە باسی ڕابردووی ئێرانو مێژووی دروست بوونی ئێران دەکەن چ بە کۆماری ئیسلامیو چ بە ئەوانی پێشوو باس لە تەمەدونی ئێرانی دەکەن. جارێکی من هەر لەو پێوەندیەدا لە شۆنێک دانیشتبووم کابرایەکی ئێرانیشی لێ بوو دوو-سێدانە کەسایەتی دەرەوەشی لێ بوون، وا تەسەور بکەم لە ئاڵمانیا بوو، چەند ساڵ پێش ئێستا بوو ئەو کابرایە زۆری باسی تەمەدونی ئێرانی کرد بەراستی بۆخۆم بە فکرم دانەدەهات، بەڵام ئەو کابرا ئاڵمانییە قسەیەکی زۆر جوانی کرد، گوتی تەمەدون ئەوەیە کەسێکی وەک دوکتور قاسملوو کە بۆ چارەسەری کێشەیەکی سیاسی دێ، ئاڵای سپی دێنێ بە موزاکرە تیرۆری بکەن؟ ئەو کابرایە بە تەواوی بێدەنگ بوو. جا جێگای خۆیەتی بڵێم ئەو پێ هەڵا گوتنە بە تەمەدونی ئێرانی کە ڕەنگە شتی باشی تێدا بووبێ،

بەڵام ئەو جۆرە کردەوانەی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو بەو شێوەیە زۆری زەرەر بە غروری ئێرانیو بە تەمەدونی ئێرانی گەیاند. زۆرێک لە سیاسەتمەدارانی ئێرانی غەیرە کوردیش کە لە دەرەوە قسە دەکەن بە موناسبەت ئاوڕ دەدەنەوەو تەعریف لە خۆیانو ئێرانی دەکەن زۆرجار ئەوەیان پێ دەڵێنەوە، ئەوەیە نیشانەی تەمەدونەکەتان کە ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملووتان لە کاتی موزاکرە کردندا تیرۆر کرد؟! بە باوەری من هەمووی ئەوانە بوونەوە بە وزەو تواناو عەکسولعەمەلێکی بەقووەت لە پێناو ئەندیشەو بیرو هۆشی دوکتور قاسملوو لە دژی کۆماری ئیسلامی.

***کورد کاناڵ: کاک خالید بەر لەوەی کە بچین باسی ٢٥ ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو بکەین کە باسی تیرۆری دەکەین لایەنە ئەمنیەتییەکە جەنابت باست کرد زۆر زوو یەعنی تەقریبەن کەمتر لە دوو ساڵ پاش ئەوە ئێمە دیسانەکە مەجموعەیەک لە ڕێبەرانمان و بەتایبەتی سکرتێری ئەو کات دوکتور سەعیدیشمان لە دەستدا باشە بۆ ئەوە نابێ کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات خۆیان نەقد بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات نە تەنیا دەبێ خۆیان نەقد بکەن بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسیبشناسی، مەسئوولانە، خۆماڵی، کوردانە، دێموکراتانە، ١٠ یان ساڵ لە ڕابردووی خۆمان لە خزمەت بەهێزکردنی حیزبی دێموکراتیشدا نەقد بکەین.

ئێمە حیزبێکین نیزیک بە ٧٠ ساڵ خەباتو تێکۆشانمان کردووە، لەو نیزیک بە ٧٠ ساڵە، غەیری سەردەمی کۆمار دوای ئینقلابی ئێران دوو - سێ ساڵ مەجالی ئەوەمان هەبوو لەناو کۆمەڵانی خەڵک دابین، بەڵام بەشی زۆری ژیانی سیاسی ئێمە لە تەبعید دابووە، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو بۆیە چوو بۆ موزاکرە. ئێستا نیزیک بە ٣٠ ساڵە لە هەرێمی کوردستان ماوینەتەوە و لەو دەورانەدا ئەگەر بڵێم لە ٥٠ ساڵی ئەخیردا کێشەی نێوخۆیی، تەحەموول نەکردنی یەکتر لە حیزبی دێموکراتدا کۆمەڵێک لەت بوون و ئینشعاباتی لە بەدووا دا بووە ئەگەر لەمن بپرسی هەم ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم هاوڕێیانی پێشوو جێی خۆیەتی پێکەوە دانیشین لە بەردەم ئاڵای کوردستان و عەکسی ڕێبەرانی شەهید کە هێمای ئێمەن بڵێین، ئێمە لە کوێوە بۆ کوێ، ئەگەر ئەو نەقدە لە خۆمان بکەیین سادقانەو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک، بە ئیحساسی مەسئوولیەتەوە ئاوڕ لە ڕابردووی خۆمان بدەینەوە و بەرچاوەروونی بدەین بە داهاتوو و بڵێین حیزبەکەی قاسملوو گەورە دەکەینەوە، دەتوانێ ئەو نەقدە شتی باشی لێبکەوێتەوە. دووهەم؛ بە نیسبەت ئەوەیکە ئێمە دواتر لە میکونوس دوکتور سەعیدمان لە دەستدا، دیسان هەر ئەوە دەڵێمەوە، کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی بۆ ئەوەی کە لە میکونوس بچێ دەگەڵ ئێرانییەکان گفتوگۆ و موزاکرە بکا بۆ ئەوەی کە بەرەیەک دروست بکا ئەویش نەک هیچ ئیشکالی تێدا نەبوو، لە جێگای خۆیدا بووە. کاری ئێمە ئەوەیە ئێستاش هەر ئەوە دەکەیین خۆ ناتوانین لە ژوورێکی بەستەدا دانیشین، دەبێ بگەڕێین بچینە کۆڕو کۆبونەو سێمینارو موزاکراتو دانشتنو هەمووی ئەوانە. بەڵام دیسان لەوێ ئیقداماتی ئەمنییەتی خراپ نیە، ڕەخنەم لە ئیقداماتی ئەمنییەتی ئەو کارە هەیە کە لە ڕێستورانی میکونوس گیرابوو،

نەک لە نەفسی کارەکەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی، ئەوە نەفسێکە لە ئێمەی دێموکراتەکانو ڕێبەرانی دێموکرات بوومانە کە ئیدەی باشمان بۆ دێتە گۆڕێ وەک بازی سیاسی بەڵام کە دەچینە نێو جێبەجێ کردنی ئیشکالمان هەیە لە مەسەلەی ئەمنییەتی خۆماندا.

***کورد کاناڵ: کاک خالید بە نەقدی دێموکرات مەجالی پرسیارێکی دیکەت کردەوە بۆ من پاش ٢٥ساڵ چۆن لە دێموکراتو دێموکراتەکان دەڕووانی؟***

***خالید عەزیزی:*** پاش ٢٥ ساڵ پێم خۆشە لە ڕۆژی یاد کردنەوەی شەهید دوکتور قاسملوودا ئاماژە بە یەک-دوو شت بکەم لە پێوەندی لەگەڵ دێموکراتو دێموکراتەکاندا، پێش هەموو شتێکی وا خۆش بوو یا وا باشبوو، وا بە قازانجی بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە ئێمە بەسەر یەکەوە بووایِن و بە یەکەوە توانیبامان ئەو ئاڵو گۆڕە لە ئەقلیەتی واحید دا دروست بکەین کە بەشێکی دەیان ساڵ پێش ئەورۆ دوکتور قاسملوو لە گفتومانی سیاسیدا دروستی کردوە. ئێمە بە یەکەوە ئیدامەمان دابا و بەو ئەقلیەتە حیزبی دێموکراتمان لە نێو خۆی وڵات، لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەرجەستە کردباوە، دووهەم؛ لەوە بەداخم کە حیزبەکەی دوکتور قاسملوو بە هەر دەلیلێک بێ ٧ ساڵ پێش ئەڕۆ لەت بوو ئێستا دوو دێموکراتمان هەیە هەردووک لامان ئحترامان بۆ دوکتور قاسملوو، هەموو شەهیدەکانو ڕابردوو، بیرو ئەندیشەی دوکتور قاسملووش هەیە، بەڵام جێگەی داخە کە لەو ٧ ساڵەی ئەخیر دا بە ڕێگا حەلێک نەگەیشتووین کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین. ئەوەندەی پێوەندی بە ئێمەوە بێ لە ڕاستیدا هەوڵمان داوە کە بە موزاکرەو گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین و لە تەواوی ئەو چەند ساڵەی ئەخیردا کە ئێمە گفتوگۆو موزاکرەمان هەبوو هەوڵمان داوە بە موناسبەتی جۆراوجۆر هاوکاری لەگەڵ یەک بکەین، بە موناسبەتی ڕۆژی شەهیدان، ڕۆژی دوکتور قاسملوو، ڕۆژەکانی دیکە کە لەو شتانەڕا دەست پێ بکەین کە وردە وردە دێموکراتەکان لێک نیزیک بنەوە، بەڵام ئەوان ئەوەیان بە تەواوی بەستۆە و ئیستعدادی هێچ جورە هەماهەنگیو هاوکاریەکیان نەبووە. ئێمە گەڵاڵەیەکمان هێنا ئەوانیش گەڵاڵەیەکی 18ساڵ لەوەپێش هێناویانە، تا ئێستاش ئێمە داوامان لێ کردوون ئامادە نەبوون لەسەر ئەو گەڵاڵانە قسان بکەین، تا ئەو جێیەی پێوەندی بەو گەڵاڵەوە هەیە، گەڵاڵەی ئێمە بەرهەمی ڕێگا چارەی ئێمە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکانە، ئی وانیش هی ئەوانە، ئەو دوو گەڵاڵەیە دەکرێ قسەی لەسەر بکەین، تەعدیلو تەئمیمی تێدا پێک بێنین، هەردووک لامان بۆ یەکتر لە پێناو دێموکراتێکی یەکگرتوو تەنازول بکەین. لەو پێوەندیەدا ئەوەی لە ڕوانگەی منەوە گرینگە بۆ چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان، بە کورتە ئاوڕدانەوەیەک ئەوەیە کە کەرامەتو شەخسییەتو ئیحترامی ئینسانەکان، نەشکێندرێن، ئەمنییەتی سیاسی، حقوقی ئینسانی لە حیزبێکی واحید دا بۆ من لە هەموو شتێک گەورەترە، زۆرجار گوتومە ئینسانییەت لە حیزبایەتی گەورەترە. ئەگەر حیزبایەتی ئینسانییەتی ئینسانەکانی خراپ کرد، فێری تۆڵە کردنەوەو ئینتقامجوییو یەکتر وەلانانو دەستەبەندیو باندبازی لە نێو حیزبێک کرد کە ئەو ڕێبەرانەی لەدەست داوە و دەیهەوێ لە داهاتوودا ئیدارەی وڵات بکا ئەو حیزبایەتیە خراپە، من دڵنیام نە پێشەواو نە دوکتور قاسملوو نە دوکتور شەرەفکەندی کاتێک

شەهید بوون لەسەر ئەو شتانە شەهید نە بوون، پێشەوا لەسەر دیفاع لە کۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو لەسەر چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ تاران، دوکتور شەرەفکەندی لەسەر دیتنەوەی ڕێگا چارەیەک بۆ بەهێز کردنی بەرەیەک لە ئێراندا، کە وایە ئەو شتانە زۆر چووکەن کە ئێمە لەسەری لەت بووین و ئێستا تەوافوقیان لەسەر ناکەین. لە کۆتاییدا پێمخۆشە یەک شت بڵێم ئەویش ئەوەیە، ئێمە لەو کێشانەدا کە هەمان بووە تا ئێستا یەک شت بکەین، کەسایەتی دوکتور قاسملوو، کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو هەمیشە خارج لەو کێشانە ڕابگرین و بە نێوی دوکتور قاسملوو لەسەر تەعریفو تەمجید لە دوکتور قاسملوو موزاییدەی سیاسی نەکەین. خەڵکی وا هەیە تەعریف لە دوکتور قاسملوو دەکا کە بە حەق هەڵ دەگرێ بەڵام بۆ ئەوەی نیە کە جێگای خۆیی بداتێ بۆ ئەوەیە کە ڕەهبەرانی دیکە نەقد بکاو بیان کوتێ، ئەوا هەیە دەڵێ کاتێک دوکتور قاسملوو شەهید بوو حیزبی دێموکرات وەک هەتیوی لێهات، بێ سەرپەرەست بوو و ئەوەیکە دێموکراتەکان ئاوان دەلیلی ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو نەماوە. ئەوا هەیە کە نەقدی دوکتور قاسملوو دەکا دەیهەوێ لایەک لە دێموکرات نەقد بکاو ئەزیەتی بکاو شتی ڕابردوو شتی ئاوا بێنێتەوە. بە باوەری من ئێمە دوکتور قاسملوو وەک موزاییدەی سیاسی لە دژی یەک ئیستفادەی لێ نەکەین، بەڵکوو لە فکرو ئەندیشەکەی دوکتور قاسملوو ئیستفادە بکەین لە دژی کۆماری ئیسلامی. وەک چێهرەیەکی سیاسی لە ڕیزی هەموو ڕێبەرانی سیاسی کورد بۆ خۆمان ئیحترامی بۆ دانێین. میللەتێک چێهرەکانی خۆیی بشکێنێ بە مردوو بە زیندۆوە، کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆی بشکێنێ، ئەو میللەتە فێری ئەوە دەبێ کە خۆیی بشکێنێ، ئیحترام بۆ خۆی دانەنێ، بە داخەوە لە لەت بوونی دێموکراتەکاندا بە تایبەتی لە دوو- سێ ساڵی ئەولدا ئەو دیاردە دزێوە هەبوو، ئێستا بە خۆشییەوە ئەوە نەماوە، هیوادارم ئێمە لە ٢٥ ساڵەی یادی دوکتور قاسملوو جارێکی دیکە شانس بدەینەوە بەو موزاکراتو دانیشتنانە. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئامادەین بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکراتێکی یەکگرتوو بتوانێ ئیدارەو ڕەهبەری جووڵانەوەی کورد بکا، لە هەمووی ئەو ئیحتمالاتو سیناریو نادیارو ناڕوونانەی کە لە داهاتوودا دێنە پێش، ڕێگاکەی ئەوەیە کە ئێمەی دێموکراتەکان کێشەی خۆمان چارەسەر بکەین. بە باوەری من، ئاواش فکری لێبکەیینەوە تۆ سبەینێ لەسەر مەوزوعێک هەزار کەس بە موناسبەتی دوکتور قاسملوو خڕ بکەیەوە یا یەک میلیون کەس، ئەگەر کێشەی دێموکراتەکان نەکەوێتە ئاقارێکی مەعقوول و جێبەجێ نەبێ ئەو دوو بەرەکیەو یەکتر بوغزاندنانە پچێتەوە نێو کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، کەسایەتی دوکتور قاسملوو چوکە دەکاتەوە، بۆ؟ هەماهەنگیو وەحدەت نابێ، ئێنرژییەکە کەڵکی لێ وەرناگیرێ. بە خۆشییەوە پێم خۆشە ئەوە بڵێم لەو دواییانەدا ئەندامانی دێموکرات لە نێو خۆیی وڵات هەر دووک بەشی بە شێوەی مەعقوولانە مەسئوولانە تەعامووڵ دەکەن ڕەواییتان دەگەڵ یەک خۆشە هەر ئەوەشیان لێ چاوەڕوان دەکرێ و ئەوان ئەو کێشانەی کە لێرە لە نێو ئێمەدا هەیە نەیگوێزنەوە نێو خۆیان، تێبکۆشن لە نێو خۆیی وڵات کە ئێمە هەمیشە ئەهەمییەتمان بۆ داناوە عەقلیەتی وەحدەتو یەک ڕیزی بە قووەت بکەن و فشار بێنن بۆ هەردووک لا.

***کورد کاناڵ: کاک خالید! سەرەڕای چەندین مانگ لەو گەڵاڵە کە گوزەراوە. تەوافوقاتتان بە ئەنجام نەگەیوە. ئەمە پرسیاری خەڵکیشە. دەڵێن کە ئێوە تەنانەت ناتوانن لە پێرلاشێز لەسەر گۆڕی دوکتور قاسملوو دێموکراتەکان پێکەوە کۆ***

***بنەوە. چی دەڵێی جوابی ئەو خەڵکە چی ئەدەیەوە وەک لایەنێکی قەزیەکە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەمن روو بە خەڵکی نێوخۆی وڵات و روو بە ئەندامانی دێموکرات لە هەردووک لا دەڵێم، ئەگەر ئاوڕدانەوەک بە مێژووی دانیشتنەکانو موزاکرەکانو ڕێگا چارەکانو گفتومانی هەردووک لا بدەنەوە بەحەق دەزانن کە ئێمە زۆر مەسئوولانە، بە ئیحساسی مەسئولیییەتەوە بە تێبینی، بە وردبینیو بە نیگەرانی بە نیسبەت داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو موقەعیەتی حیزبی دێموکرات تەعامولمان کردوە. لە هەوڵەکانی خۆماندا جدی بووین و پێم خۆشە ئەوە بڵێم ئیبتکاری دەستپێکردنی ئەو گفتوگۆو دانیشتنانە بەشێکی ماندوویەتی ئێمە بووە. ئەو هاوڕێیانەمان ئەوایل خۆیان لێ نەدەدا بەڵام بە خۆشیەوە ئەوانیش دوای دوایین کۆنگرەی خۆیان هاتنە سەر ئەو قەناعەتە. بۆیە ئێمە کۆتاییمان نەکردوە و بۆ ئێمە کە دەڵێین دێموکرات یەک بگرێتەوە، بەراستی بە دوای ئەوە داین کە دێموکراتێک دابمەزرێتەوە کە هەموو لایەکمان تێیدا مورتاع بین. ئێمە کاری خۆمان کردوە، لەمەو بەدواش ئێمە هەوڵی خۆمان دەدەین، ئەگەر پێویست بێ ئێمە بۆئەوە تەنازول دەکەین، بەڵام ئەو فشارەی کە دەهێندرێ کە ئێوە ئینتزارتان لە ئێمە هەیە، ئێمە دیالۆگمان دەگەڵ ئێوە هەیە خەڵکێکی زۆر لە ئێوە دێن دەگەڵ ئێمە دادەنیشن باسی ئەوە دەکەن، ئێمە دەرکی ئەوە دەکەیین بۆیە ئەوەمان کردۆ ئەوەی کە بە قەولی جەنابت لەسەر پێرلاشێز نەمانتوانی لەسەر رۆژێک بە توافوق بگەیین ئەوە نوقتەیەکی زۆر مەنفیو خراپە بۆ دێموکراتەکان کە ناتوانن بۆ یادی دوکتور قاسملوو لە سەر گۆڕەکەی بە یەکەوە بیکەن ئێمە هیچ گوناحێکمان نیە هەموو هەوڵێکمان داوە. بەڵام ئەوان هەموو شت ڕەد دەکەنەوە سیاسەتێکی ئینحیسار تەڵەبی خراپیان هەیە و هیوادارم ئاڵوگۆر لەوانیشدا بە قووەتتر بێو پتر بێینە سەر ئەو قەناعەتە بە یەکەوە بین.

***کورد کاناڵ: کاک خالید! ئەمجارە باسی خۆت! لە قسەکانتاندا زۆر نیگەرانی بە نیسبەتی دێموکراتەکانەوە بە نیسبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە. دیارە ئەو نیگەرانیانەت بە تایبەتی لە سەر بزوتنەوەی ڕۆژهەڵات بە گشتی نیگەرانێکانت چین بۆ هێندە بە نیگەرانیەوە باسی دەکەی وەک دەڵێی کاتی خۆیی دوکتور قاسملووش ئاوا نیگەران بوو؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی من بە داهاتووی خەباتو تێکۆشانی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خۆشبینو گەشبینم، بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە پێموایە کورد لە مەوقەعیەتێک دایە دەتوانە ئیستفادەی زۆریان لێبکا، ڕۆژانە ئێمە خەڵکی نێو خۆیی وڵات دەبینین بەراستی ئەمن ئیحساسی خۆشحاڵی دەکەم، ئیفتخار دەکەم کە خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئوستانەکانی جۆراوجۆر سەرەڕای زەختو فشاری کۆماری ئیسلامی بە شێوازی جۆراوجۆر تەحەمولی موشکلاتێکی زۆر دەکا بەڵام لە خەباتی نەتەوایەتی، لە خەباتی سیاسیو مەدەنی خۆی تا ئێستاش ڕانەوەستاوە و بەردەوام چۆتە پێشێ. ئەوە هیوا بەخشە بۆ ئێمەو خەڵک لە نێو خۆی وڵات بە تایبەت بە دوای گفتومانی ئێمەدا تێدەکۆشن لەو فەعالیەتو جموجۆڵانەی نێو خۆی وڵات فورسەتەکان لە دەست نەدەن لە هەموو مەجالێک ئیستفادە بکەن بە شێوازی جۆراوجۆر جمهوری ئیسلامی بە چالش بکێشن ئەوە جێگای خۆشحالیە من گەش بینم بە داهاتووی خۆمان، بەڵام بۆ من لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە نیگەرانیەکەم لەوە دایە کە ئیحتمالات زۆر دێتە پێشێ کێ پێشبینی وەی دەکرد عێراق ئەو سوئالە گەورەی لەسەر بێ کە

هەڵدەوەشێتەوە وەک واحیدێکی موشەخەس نامێنێ، لە شوێنێک ئیحتمالەن عێراق هەڵوەشێتەوە من دەڵێم ئیحتمالەن هەڵوەشێتەوە کە کورد تێیدا بووە بە دەسەڵاتێک و کورد بەرەو ئەوە دەڕوا کە لەسەر داهاتووی خۆیی بڕیار بدا. ئەوە گۆڕانێکی زۆرە ئیحتماڵێکی بەقووەتی هێناوەتە گۆڕێ کە تۆ دەبێ بۆی ئامادە بی. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئێستا کەمێک لێی نیگەرانم و لە دانیشتنی خۆم لەگەڵ لایەنەکان لە لایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە کە پێمان ئەسپێردراوە ئەوە بووە کە وەحدەتو یەک ڕیزی خۆیان بپارێزن، ئەگەر وەحدەتو یەک ڕیزی خۆیان بپارێزن یەک دەنگو یەک گفتومانو یەک وتاریان هەبێ دڵنیام لەو ناوچە شێواوە کە دراوسێکانی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر دەیان هەوێ بچنە نێو قەزیەکەو شکافو ناکۆکی لە نێوان ڕیزەکانی کورددا دروست بکەن ناموەفەق دەبن ئەو وەقتە کوردێکی یەک گرتوو دەبینن لەو حالەتەدا مەجبوورن موعامەلەی دەگەڵ بکەن بەو دەلیلە نیگەرام کە ئێمە بەو ئەقلیەتە، یەکتر تەحەمول نەکردنو دوو بەرەکیو چەند بەرەکیو ئینشعابو ئینشقاق پچینەوە نێو بازنەیەکی گەورەی سیاسی لە ئێراندا وڵامدەری ئەرکو مەسئولییەتەکانی خۆمان نەبین، ئەو کێشەو ئەو لایەنە ڕەوانیو یەکتر بۆغزاندنەو یەکتر ئەزیەت کردنە بەرینەوە نێو خەڵک، ئەگەر ئێستا ئێمە جەمعێک لێرەو جەمعێک لە دەرەوە پێی مەشغولین زۆرتر مەشغەلەی ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتە، من لەوە نیگەرانم ئەو جەمعە ئەو کێشانە بەرێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو لە ئوستانەکانی کوردستاندا بەو شێوەی کە تا ئێستا تەعامووڵمان لەگەڵ یەک کردوە تەعامول لەگەڵ یەک بکەیین ئەو وەختە میلیونها لە خەڵکی کوردستانی ئێران دەکەوێتە نێو کێشەکانی دێموکراتەکانەوە، بەوجۆرە گۆڕەپانەکە دابەش بێ ئەوەیە من لێی نیگەرانم و جێگای خۆشیەتی کە من ئەو نیگەرانیە باس بکەم و هەر لەسەر ئەو نیگەرانییە کە ئیحساسی مەسئولیەت دروست دەکا بۆیە هەمیشە ئێمە پێش قەدەم بووین بۆ ئەوەیکە ڕێگا چارەیەک بۆ کێشەی دێموکراتەکان ببینینەوە.

***کورد کاناڵ: کاک خالید! باسی دوگم نەبوونی دوکتور قاسملوومان لە سیاسەتدا کرد هەڵوێستە جۆربەجۆرەکانی. گەمە سیاسییە جۆربەجۆرەکانیو تەنانەت چوونە سەر میزی موزاکرەش. پاس ٢٥ ساڵ هەمان شت لە جەنابت دەبیندرێت دیارە بە نەقدەوە چاوی لێدەکەن کە سکرتێری حیزبی دێموکرات واتە خالیدی عەزیزی ڕۆژێک دەگەڵ هەڵبژاردنە ڕۆژێک نیە. ڕۆژێک باس لە مادەی ١٥ و ١٩ قانونی ئەساسی لە ئێراندا دەکا کە لە ئاستێکی خوارەوەیە و تەنانەت لە چەند مانگی ڕابردودا باس لە دانیشتنی جەنابت بە مەبەستی موزاکرە لەگەڵ نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی کرا. چی ئەڵێی جەنابت ئەمە ئینعیتافە ئەمە خاڵی لاوازە. نەخێر خاڵی بە قووەتە؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێک ئەتۆ دێیە نێو هەمووی ئەو مەوزوعاتە، مەسەلەی موزاکرە مەسەلەی مادەی ١٥ و ١٩ ، مەسەلەی دروست کردنی حیزبێک لە نێو خۆی وڵات، مەسەلەی خەباتی مەدەنی، مەسەلەی کەڵک وەرگرتن لە فورسەتەکان، هێنانە گۆڕی زمانی زگماکی، ئەوانە بەشێکن لە پرۆژەو پرۆسەی جێبەجێ کردنو جێ خستنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان. من ئاماژەم بەوە کرد کە دوکتور قاسملوو سیاسەتی یەک بۆعدی نەدەدیت، سیاسەتی ئاوا چاو لێ دەکرد، لە سیاسەتی یەک بۆعدیدا یەک ڕێگا حەل بەسەرتدا تەحمیل دەکرێ، لە سیاسەتێکی ئەوا دا تۆ ئەنواعی ئیحتمالات موتالەعە دەکەیو ئەنواعی ڕێگا حەل دەبینیەوە. من لەو کەسانەم لە نیزیکەوە لەگەڵ دوکتور قاسملوو بە ڕاستی کارم نەکردوە، نە عوزوی

ڕێبەری حیزب بووم ئەو کاتە، نە ئەو مەوقەعیەتە حیزبو تەشکیلاتەشم ئەوەندە لە سەروە بووە، بەڵام هەمیشە کە ئاوڕ دەدەمەوە بە شێوەی سیاسەت کردنی دوکتور قاسملوو، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو زۆر لیبراڵو زۆر واقعبین چاوی لە شتەکان دەکرد بە تایبەت لە جامەعەی پیچیدەی ئێراندا ئەوە بە لای منەوە زۆر گرینگی هەبوو، جا کاتێک ئەو مەوزوعاتە دێتە گۆڕێ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات، ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات وەزیفەمان ئەوەیە نەقشیەکی سیاسی گەورەی ئێران دەبنێین مەجالو دەرفەتەکان، ئاستەنگەکان، فورسەتەکان، توانایی خۆمان، داهاتووی ئێران، ئێران چۆن دروست بووە، چۆن دەگۆڕێ، ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەزع لەوێ، چمان بۆ دەکرێ چمان بۆ ناکرێ، ئاوا چاو لە خەباتو تێکۆشانو وەزیفەکانی خۆمان بکەین، بە باوەری من کۆماری ئیسلامی ئەو گفتومانەی ئێستای حیزبی دێموکرات کە ئەو شتانەی ئاماژەم پێ کردووە خەڵک تەشویق دەکا لەسەر وانە کار بکەن بە زەرەدی کەمتر، خەتەری زۆر بۆ خۆیان دروست نەکەن تا بە راحەتی تێدا نەچن بەڵکە لەو چوارچێوەدا تەعامووڵ بکەن ئەو گفتومانە مەدەنیە، کۆماری ئیسلامی لەو گفتومانە مەدەنیەی ئێمە دەترسێ و لەو گفتومانە مەدەنیەی نێوخۆی وڵات دەترسێ، کۆماری ئیسلامی کە بە عەقلیەتی سپای پاسدارانو خەڵکی دەوروبەری وەلی فەقی شکڵی گرتووە بە دیدی ئەمنییەتی چاو لە کوردستانو هەموو ئێرانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکا، هەمیشە پێی خۆشە موخالفینی کۆماری ئیسلامی شوعار بدەن باسی توندو تیژی بکەن حاڵەتهای نا ئەمنی بێنە گۆڕێ، هەڕەشەو گوڕەشە بکەی، لەو حالەتەدا ئەو ئیستعدادی زۆرە بۆ بەربەرەکانی تۆ لەو جورە شوعارانە کە هەر هەڕەشەو گوڕەشە بێ، شوعار بەدەی خۆت دێڵێوە، شوعارەکان ئەگەر وابوون کە خەڵکێکی زۆر خۆی تێدا نەدیتەوە، ئەوە کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە، بەڵام ئێمە کە ئێستا مەجالی خەباتی چەکداری ڕاستەو خۆی پێشمەرگانەمان نیە، ئێمە حیزبێکی ئازاد نین لە نێوخۆی وڵات ئەو خەباتە ڕێبەری بکەین ڕێگامان ئەوەیە گفتومانی خۆمان بە شێوەیەکی مەدەنی بخەینە نێو کۆمەڵانی خەڵک، ئەگەر وایە ئێمە شتێکمان دەست پێکردوە کە کۆماری ئیسلامی لێی نیگەرانە. بە نیسبەت هەمووی ئەوانە هەدەفەکەی ئێمە ئەوەیە ئەوەی دوکتور قاسملوو لێی نیگەران بوو کاتی خۆی مەجبوور بوو موزاکرەی کرد کە حیزبی دێموکرات تووشی ژیان لە تەبعید دا نەبێ، لە جێگای خۆی نەمێنێتەوە کە بەشێکی موشکلاتی ئێمە لەوهوە سەری گرتووە. هەدەفی ئێمە و گفتومانێک کە ئەمنیش کۆمەکم پێ کردووە ئەوە بووە کە خەڵکێکی زۆر خۆیان رووبەرووی کۆماری ئیسلامی ببینەوە. ئەگەر ئەو حیزبە هەر لە باشووری کوردستان بمێنێتەوەو کۆماری ئیسلامی نەرووخێو ئێمە نەتوانین بچینەوە نێوخۆی وڵات، با عەقلیەتی حیزبی دێموکرات و ئەو حەلە مەدەنیانەی دێنێتە پێشێ کە خەڵکێکی زۆر لە خەباتەکەدا بن لەوێ لە گۆڕەپانەکەدا رووبەرووی کۆماری ئیسلامی بێتەوە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی بۆخۆی پێیوایە حیزبەکەی ئێمەی لە تاراوگەدا هێشتۆتەوە بەڵام بیرو هۆشی حیزبی ئێمە لە نێو خەڵکێکی زۆر دەبێ بێتە گۆڕێ و لەوێدا رووبەرووی ببنەوە، لەسەر موزاکرە ڕەنگە شتێکی زۆرم نەبێ ئێستاش لەو باوەڕەدام ئەگەر کۆماری ئیسلامی داوای موزاکرە لە ئێمە بکا، ئێمە دەبێ لەگەڵی دابنیشین کە داوا دەکا مەوزووعاتێکی هەیە و دەبێ گوێی بدەیینێ و بڵێین کە ئێمەش لەسەر موزاکرە ئەو تێبینیانەمان هەیە ئەگەر مەوزوعێک دێنێتە گۆڕێ ئێمە نابێ نادیدەی بگریین، شتەکەی خۆمان باس کەین ئێمە نەکەوینە ئەو خانەیە. دیارە با بڵێم رووخانی کۆماری ئیسلامی باشترین شتە بۆ دێموکراسیو بۆ خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرچەند عەواقیبو عەواریزی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە نابێ لێی بترسێین. بەڵام هەر لەو خانەیەدا

گیر نەکەیین مادام ٣٥ ساڵە بۆمان نەرووخاوە شتی دیکە نەهێنینە گۆڕێ، بەحسو قسە دەبێ بخەینە نێو خەڵک بۆیە گفتوومانی موزاکرەش بە باوەڕی من هەر لە جێی خۆیدایە. ئەگەر کۆماری ئیسلامی پەیامێکی بۆ ئێمە ناردبێ‌و ئێمە وڵاممان داوەتەوە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەو سیاسەت دەکا بە دووای بەرژەوەندیەکەنی خۆیدا دەگەرێ ئێمەش سیاسەت دەکەیین بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆماندا دەگەڕێین هەرچەند ئێمە ئێستا چالاکی نیزامیمان نیە کە کوتم بە شێوەی ئازادانە کار بکەین، بەڵام بۆی دەرکەوتووە لە هەمووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئیلامەوە بگرە تا کرمانشانو ئوستانی سنەو ئوستانی ورمێ‌و کوردەکانی خوراسانو کوردەکانی هەمەدانو مەنتەقەی لۆرستانو کوردەکانی تاران کە ئەقلیەتی دیفاع لە مافەکانی نەتەوایەتی خۆمان لە پەرەگرتن دایە، بۆی دەرکەوتووە کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە فاکتۆرێک، بۆی دەرکەوتووە ئەو سەردەم بەسەر چوو کە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا بە کێشەی فەلەستینو ئیسراییل باسی لێدەکرا ئێستا قەزیەیەک بە نێوی قەزیەی کورد هاتۆتە گۆڕێ، درەنگ یا زوو پێی کۆماری ئیسلامی دەگرێتەوە، بۆیە ئێمە دەبێ لە لایەنێکی دیکەشەوە بێینە سەر دروست کردنی زەمینەو بەستەری موناسب بۆ ئەو جۆرە گفتومانە.

***کورد کاناڵ: کاک خالید وەک‌و دوایین پرسیار لەم بەرنامەیەدا کە زیاتر تایبەت بوو بە یادی دوکتور قاسملوو. باس لە کەسایەتی سیاسی دوکتور قاسملوو بوو. ئێستا پاش ٢٥ ساڵ لە نەمانی دوکتور قاسملوو دەبینین لە باشووری کوردستان باس لە ڕێفڕاندۆم دەکرێت. جەنابت چۆن لەو دۆخە دەڕوانی؟***

***خالید عەزیزی:*** دەکرێ بڵێم هەرچەند ئێستا دوکتور قاسملوو لە نێوماندا نەماوە بەڵام ٢٥ ساڵ دوای تیرۆر کردنی شەهید دوکتور قاسملوو بەشیک لەو پرۆژەو ئەو ئارەزوانەی دوکتور قاسملوو بە دوایدا دەگەڕا، وەدی هاتووە. قەزیەی کورد لە سێ پارچەکەی دیکەی کوردستان بە خۆشییەوە لە مەوقەعیەتێک دایە کە تازە بەرەو دوایە ناچێتەوەو بەرەو پێش دەچێ. تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو شۆێنەی دوکتور قاسملوو لێی لەدایک بووە و هەموو ئارەزووکانی ئەوە بووە کە حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە لەوێ بتوانێ دەوری هەبێ لەسەر دروست کردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو عەقلییەتێکی سیاسی لەوێ ئێمە ئێستا ئەو مەوقەعیەتمان نیە، لە تەواوی ئەو باسانەی کە مەربووت بە پارچەکانی دیکەیە پێم خۆشە ئاماژە بە یەک شت بکەم ڕاستە لە هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە دەچێ کە ڕاپرسێک بکرێ شتێکی باشە لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن، بەڵام ئەوە قەزیەی چارەنووسی باشووری کوردستانە ئەگەر قسەش لە دەوڵەتی کوردی بکرێ قسە لە دەوڵەتی کوردی بۆ باشووری کوردستانە قسە لە دەوڵەتی کوردی یا چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیە، ئەگەر وایە ئەرکو تێکۆشانو وەزایفەو کاری خۆمان چ بۆ ئێمە حیزبی دێموکرات چ بۆ خەڵک لە نێوخۆی وڵات وەک خۆی لە جێگای خۆی دا هەیە، دەبێ بەردەوام بچێتە پێشێ و دەبێ تێبکۆشین لە هەمان کاتدا حیزبی دێموکرات هەوڵدەدا هەڵوێستێکی مەسئوولانەی نەتەوەیی هەبێ نیسبەت بە باشووری کوردستان و بە شێوازی جۆراوجۆر بە ئێرانییەکان بڵێین کە ئەگەر لە باشووری کوردستان لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن حەق‌و مافی خۆیانە ئەوەشمان لەبەر چاو بێ ئێمە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران زۆرتر دە فکری بەشەکەی خۆمان

دابین زۆرتر بەوێوە فکرمان مەشغوول کەین، بۆ ئەوێ بنووسین بۆ ئەوێ قسە بکەین، بۆ ئەوێ سیاسەت بکەین، بۆ ئەوێ دیپلۆماسی بکەین، بۆ ئەوێ لۆبی بکەین و دەبێ فکری سەرەکیو مەشغەلەی فکری فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات هەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەگەر ئێمە لەوێ بەقووەت بین، دەنگمان بە هێز بێ، قەڵەممان باش کار بکا، خەڵکێکی زۆر لە ئێران لە کێشەکەی خۆمان بگەیەنین، بەوجۆرە دەتوانین کۆمەک بکەین بە خوێندنەوەیەکی مەسئوولانەی کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر بە داهاتووی باشووری کوردستانیشو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی مەجبوور بە هەڵوێستێکی مەسئوولانە بێو نەکەوێتە خانەی تێکدان، بۆیە بۆ جارێکی دیکە دێمەوە سەر ئەوە کە ئەمن گەشبینم بە داهاتووی کورد بە گشتی بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا تەئکید لەسەر واقعبینییەک دەکەمەوە کە دوکتور قاسملوو هەمیشە بەلایەوە گرینگ بوو، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەبێ خۆمان ئەرکدار بکەینو کاری بۆ بکەینو هەوڵو تێکۆشانمان هەر بۆ ئەوێ بێ ئەگەر باشووری کوردستان هیوادارم بەرەو ئەوە بڕوا ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان دەوڵەتی خۆشی پێک هێنا ئەوە بۆ خۆیان بۆ باشووری کوردستان دەوڵەتی کوردیان دروست کردووە نەک بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبیرمان بێ ئێمە دەوری ٢٠ دەوڵەتی عەرەبیمان هەیە هەرکەسە مەسئوولە بەرانبەر بەو شۆێنەی تێیدا هەیە.

***کورد کاناڵ: بەڕێز کاک خاکید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆشحالم کە ئەو مەجالەت بۆ ئێمە ڕەخساندو میوانی ئەم بەرنامەوە بووی.***

***خالید عەزیزی:*** زۆر سپاس بۆ ئێوەشو بۆ هەمووی بینەرانی کوردکاناڵ هەر وەکی لە ڕاگەیاندراوەکانی هەردوو لای دێموکرات هاتووە ئێمە خۆمان مەسئوولو موەزەف دەبینین کە یادی دوکتور قاسملوو بکەینەوە ڕەنگە زۆر ئاسان نەبێ لە ژێر فشارو تەهدیدو عەقلیەتی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕاحەتی ئیجازەمان پێ بدرێ ئەو ئەرکە بە جێ بگەیەنین، بەڵام هیوادارم هەمووی خەڵک بە هەر جۆرێک بۆیان دەکرێو بە هەر شێوەیەک بۆیان عەمەلیە بە جۆرێک یادی ئەو ڕێبەرە مەزنە بکەنەوە تەواوی ژیانو ئەندیشەو فکری خەباتو تێکۆشان بوو بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لەو پێناوەشدا تیرۆر کرا، هەموو لایەکتان هەر ساغو سلامەت بن هیوادارم لە داهاتوویەکی نیزیکدا بیرو ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قانونی بێ، مۆئەسەسەیی بێ، بێ بە دەسەڵات و ئێمەش بە مافەکانی خۆمان شاد بین.

لە ژمارە ٦٣٦ ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی جوولای ٢٠١٤

# وەڵامی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ نامەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران: "بگەڕێنەوە سەر ڕێگەی خومەینی"




## وشە/ هەولێر - کاوە جەم

خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەرە لەسەر ناوەڕۆکی نامە گۆڕینەوەکانیان لەگەڵ بەرپرسانی ئێران لاددا. عەزیزی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "وشە" دەڵێت،

" ئێمە وەڵاممان دانەوە کە خومەینی گەیشتە ئەوەی دانوستان لەگەڵ کورد بکات و ئێوەش بچنەوە سەر ڕێگەی ڕێبەرەکەتان".

بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو بوونەتەوە، چەکدارانی داعش لە سنووری پەرویزخانەوە نزیکەی ٥٠ کیلۆمەتر لە ئێران دوورن. پێت وایە داعش مەترسیی بۆ سەر ئێران هەبێت؟

***وشە: داعش دەبێ بخرێتە ناو سیناریۆی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەبێ بزانین بژێویی خۆی لە کوێ بەدەست دێنێت. داعش بەرهەمی کۆمەڵێک کێشەی هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراوی ناوچەکەیە و پێوەندی بە کێشەی نێوان سوننە و شیعەشەوە هەیە. مادام داعش خوێندنەوەی توندی تایبەت بە خۆی لە ئیسلام و سوننە هەیە. ڕەنگە لە درێژەی کێشەکانیدا لەگەڵ شیعە، بەشێوەیەک ئێرانیش بگرێتەوە. یانی پێت وایە دزە بۆ ناو سنوورەکانی ئێران دەکات؟***

***خالید عەزیزی:*** ڕەنگە داعش نەتوانێ بە ئاسانی دزە بۆ ناو سنوورەکانی ئێران بکات، بە مەرجێک کە لە نێو سوونەکانی ئێراندا زەمینەی نەبێت. ئەوەندەی من بزانم داعش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زەمینەی نییە، نابێ شێوەی گەشە و

سەقامگیربوونی داعش لە دوو ناوچەی سووننەنشینی عێراق و سووریا، لەگەڵ ئێراندا بەراورد بکەین.

***وشە: بەڵام کاتێک لێرە هێزی پێشمەرگە شەڕی داعشی دەکرد. چەند جموجۆڵێکی هەڵگرانی بیروباوەڕی سەلەفییەت لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەدی کران. ئەی ئەوانە شانەی نوستوو نین؟ ئەوانە دواجار نابنە مەترسی؟***

***خالید عەزیزی:*** رەنگە کاتێک ئێران تووشی شڵەژان بێت، ئەوکات ببنە مەترسی، هەروەک چۆن ئەوە لە سووریا و عێراقیشدا رووی دا. من نکۆڵی لە بوونی ئیسلامی سەلەفی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ناکەم، بەڵام زۆر ئەستەمە ببێتە زەمینەیەک بۆ دروستبوونی گرووپێکی چەکدار و رێکخراوی وەک داعش. ئەگەر ئێران بشێوێ و دەسەڵاتدارانی لە پێناو مانەوەی خۆیاندا سوود لەو رێگەیە وەربگرن کە دیمەشق و بەغدا گرتیانە بەر، ئەوکات ئەگەری دروستبوونی گرووپێکی توندڕەو لە ئێران هەیە.

***وشە: کەواتە پێت وایە داعش پڕۆژەیەکی ئێرانە بۆ مانەوەی بەشار ئەسەد لە سووریا و دەسەڵاتی شیعە لە عێراق؟***

***خالید عەزیزی:*** پێم وانییە، ئەستەمە کە بڵێی ئەوە پڕۆژەی ئێران یان دەوڵەتێکی ترە لە ناوچەکەدا. دەکرێ بڵێین داعش ئەو پڕۆژەیەیە کە لە رووی رێکخستنەوە بە جۆرێک مرۆڤەکان پەروەردە دەکات کە لە خزمەتی مەبەستی سیاسیی خەڵکانی تردا بن. داعش دەبێ زەمینەی هەبێ بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا کار بکات.

***وشە: ئێوە ئامادەیی خۆتان دەربڕی بۆ ئەوەی پێشمەرگەکانتان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا رەوانەی بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش بکەن. ئایا پێشمەرگەتان نارد؟***

***خالید عەزیزی:*** لە روانگەی ئێمەوە هەر پارچەی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە. لەو پارچەیەش حکوومەتی هەڵبژێردراو و یاسا و بەرژەوەندی ناوچەیی و نێودەوڵەتی خۆی هەیە. ئێمە وەکو حیزبی دێموکرات دەست لە کاروباری هیچ پارچەیەکی تری کوردستان وەرنادەین، مەگەر حیزب یان دەسەڵاتی ئەو پارچەیە داوامان لێ بکات و بە باشی بزانێ و پێویستیان بێت. ئێمە ئەو مەسەلەیەمان لەگەڵ لایەنەکان و وەزارەتی پێشمەرگە باس کردووە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیی هەیە بەگوێرەی توانای خۆی، پێشمەرگەکانی بۆ بەرەکانی شەڕ بنێرێت. ئەوان سوپاسی هەڵوێستەکەیان کردووین و رایان گەیاندووە کە پێویستیان نییە. ئێمە بە کارێکی دروستی نازانین کە بەبێ هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەواندا، هێزەکانی خۆمان ببەینە شوێنێک کە یاسا و بەرژەوەندی و هاوکێشەی خۆی هەیە.

***وشە: بێگومان بەشێک لە سەرکردایەتیی یەکێتی لەگەڵ بوونی پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات لە بەرەکانی شەڕی دژی داعشدا نەبووە. ئەو بەشەی یەکێتی لە درێژەی سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکە و پارتیش لە درێژەی سیاسەتەکانی تورکیایە لە ناوچەکەدا. پێت وایە ئێوە کەوتوونەتە ناو بەرداشی ئەو دوو ئاراستەیە لە سیاسەت و بوونەتە قوربانی؟***

**خالید عەزیزی:** نکۆڵی لەوە ناکرێ کە پارتی و یەکێتی لە شێوەی سیاسەت و راونینیان بۆ هاوکێشە ناوچەییەکان دوو روانگەی جیاوازیان هەیە. ئێمە دەست لە کاروباری ئەوان وەرنادەین و خۆیان بڕیاری لەسەر دەدەن، بەڵام ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک هەڵوێست و کردەوەی حیزبی دێموکرات نەبێتە هۆی دروستبوونی کەشێک کە تێیدا کێشەکان زیاتر بن. بۆیە دووپاتمان کردووەتەوە کە ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دێتە ناو هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ موزایەدەی سیاسیی حیزبی نایەت و هەر بەو هۆیەشەوە هیواداریین حیزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستانیش لەو شەڕەی کە ئێستە دژی تیرۆریستان دەیکەن، موزایدەی سیاسیی حیزبی نەکەن.

***وشە:** پێشتر بە حوکمی بوونی جەلال تاڵەبانی، پێوەندی نێوان حیزبی دێموکرات و یەکێتی باش بوو. ئێستاە کە تاڵەبانی نەخۆشە و لە سیاسەت بە تەواوی دوور کەوتووەتەوە. پێوەندییە دووقۆڵییەکانتان لە چ ئاستێکدایە؟*

**خالید عەزیزی:** ئاڵوگۆڕێکی زۆر بەسەر پێوەندیی نێوان ئێمە و یەکێتیدا نەهاتووە، تەنانەت دوای نەخۆشبوونی جەنابی مام جەلالیش. بێگومان لە پێوەندییەکاندا ئەگەر کەسی سەرەکیی لایەنەکە بوونی هەبێ و پێوەندییەکان بەڕێوە ببات، ئەوا کارەکە ئاسانترە. مادام جەنابی مام جەلال نەخۆشە و یەکێتیش کۆمەڵێک کێشە و گرفتی ناوخۆیی هەیە، بێگومان هەندێ جار کاریگەریی کەم و زۆر لەسەر پێوەندییەکانیش دەبێت.

***وشە:** هێڵی گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زۆر لە ئێران نزیکە و تەنانەت بۆ چارەکردنی کێشە ناوخۆییەکانیش چەند شاندێکی ئێرانی هاتنە سلێمانی کە ئەندامێکی گرووپی تیرۆرکردنی دکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملوشیان لەگەڵدا بوو. ئێوە لەوە دڵگران و نیگەران نەبوون؟*

**خالید عەزیزی:** ئێمە دەمانەوێ کورد بەشێوەیەک هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بکات کە لەسەر حیسابی یەکتر نەبێت. ئێمە دڵگران نەبووین، چونکە سیاسەت کاری بەوە نییە و بەرژەوەندییە و هەر حیزب و لایەنێکیش لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆی پێوەندییەکانی رێک دەخات.

**وشە:** ئێوە دەڵێن سیاسەت بەرژەوەندییە. بەڵام ئێوە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبی کارتان کردووە؟

**خالید عەزیزی:** ئێمە هەوڵمان داوە پێوەندیی خۆمان لەگەڵ وڵاتان، لەسەر حیسابی بەرژەوەندی نەتەوەیی هیچ کام لە پارچەکان دانەنێین و هیواداریین هەموو حیزبەکانیش بەگوێرەی توانای خۆیان ئەوە رەچاو بکەن.

***وشە:** چۆن بوو نامەی پیرۆزباییت بۆ رەجەب تەیب ئەردۆغان نارد؟*

**خالید عەزیزی:** دەمێکە پێم وایە کە ئێمە بە تێپەڕبوونی کات دەبێ شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەتە مەکەزییەکاندا

بگۆڕین. لە ماوەی دەیەی رابردوودا ئاڵوگۆڕێکی زۆر لە تورکیا رووی داوە. پێم وایە ئەردۆغان و حیزبەکەی رۆڵی بەرچاویان لە گۆڕانکارییەکاندا هەبوو و دەرگەیان بە رووی چارەسەری کێشەی کورددا کردەوە. ئێمە بەردەوام پاڵپشتیمان لەو سیاسەتەی ئەردۆغان کردووە. ئێمە نامەکەمان بۆیە نارد بۆ ئەوەی ئەردۆغان هەست بکات کە لە نێو کورددا رێز لە کار و گۆڕانکارییەکان و بۆچوونەکانی دەگیرێت. ئەوە هاندانی رێگەچارەی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی کورد و تورک بوو. هاوکات رەنگە لایەنێک لە ناوچەکەدا بیەوێ وتوێژی دەوڵەتی ئەردۆغان لەگەڵ کورد تێک بدات، ویستمان بەو نامەیە هانی لایەنی کوردی بدەین کە لەو کارە پاشگەز نەبێتەوە و بەردەوام بێت.

***وشە: ئەوە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو سنوورە نییە کە پەکەکە خۆی بە خاوەنی دەزانێ. خۆ ئێوە گوتتان دەستێوەردان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان ناکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** پەکەکە و سەرۆکی بەندکراویان چەندین ساڵە لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لە دانوستاندان. ئەگەر رۆژێک حەسەن رووحانی سەرۆک کۆماری ئێران رای گەیاند کە ئامادەیە دانوستان لەگەڵ کورد بکات، ئێمە زۆرمان پێ خۆش دەبێ حیزبە سیاسییەکانی پارچەکانی تری کوردستان نامەی بۆ بنێرن و هانی بدەن و بەکارێکی باشی بزانن و هیوای سەرکەوتنی بۆ بخوازن. ئەوە دەستێوەردان نییە. دەستێوەردان ئەوەیە کە حیزب لەوێ دروست بکەیت، هێزی سەربازی بۆ پارچەیەک بنێری یان لە دژی حیزبێکی ئەوێ قسە بکەیت، لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ حیزبی ئەو پارچەیە نیت.

***وشە: گوتت لایەنێک دەیەوێ پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیا سەر نەکەوێ. مەبەستت لەو لایەنە ئێرانە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێران دەیەوێ کێشەی کورد لە هیچ پارچەیەک بە گفتوگۆ چارەسەر بێت. ستراتیژیی ئێران دروستکردنی ئاژاوە و کێشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، دواتر خۆی دزەی تێ دەکات و کێشەی کوردیش دەخاتە چوارچێوەی شەڕ و توندوتیژییەوە.

***وشە: ئاماژەت دا کە پێت باشە کورد لە حکوومەتە ناوەندییەکان نزیک ببێتەوە. ئەوە حکوومەتی تارانیش دەگرێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر حکوومەتی تاران دان بە کێشەی کورد بنێ و هەوڵ بۆ چارەکردنی بدات و دۆسیەکە لە ژێردەستی سوپا دەربێنێ و بیباتە ئەنجوومەنی تەناهی و پەرلەمان، ئەوا ئێمە پێشوازی لێ دەکەین. ئەوان تا ئێستە ئەو مەسەلەیان نەکردووەتە پرۆژەی خۆیان، سەرەڕای ئەوەی کە لە گەشەی مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیگەرانن. سیستەمی ئێران بە شێوەیەکە کە دەسەڵات لەبەر دەستی وەلی فەقی و کەسانی دەوروبەری ئەودایە.

***وشە: ئەدی بە چ هیوایەک ئێوە دەتانەوێ لە حکوومەتی ناوەند نزیک ببنەوە. خۆ ئێوە ئەزموونێکی ٣٥ ساڵانەتان لەگەڵ***

***ئەو رژێمەدا هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** **ئێمە هانیان دەدەین. ئەزمووی ٣٥ ساڵەمان لە شەڕ هەیە، بەڵام ئێرانمان پێ نەڕووخا.**

***وشە: بەردەوام لە چاوپێکەوتنەکانتدا ئەو پەیامە بۆ ئێران دەنێری. ئایا ئێران تا ئێستە وەڵامی داونەتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** **بەڵێ، جاری وا هەبوو کە ئەویش پەیامی ناردووە و لە خواست و پرۆژەی ئێمە کۆڵیوەتەوە. ئێمەش وەڵاممان داوەتەوە کە لەگەڵ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورددایین و کاتی خۆی لەگەڵ ئایەتوڵا خومەینی دانوستانمان هەبوو، بەڵام راوەستا و ئێستەش دەتوانین لە شوێنێک دەستی پێ بکەینەوە.**

***وشە: ئەدی وەڵامی ئەوان چ بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** **ئەوان خەڵکی وایان هەیە کە رەنگە بە جۆرێک پێیان خۆش بێ بە شوێن چارەسەریدا بگەڕێن، هەڵبەت بەشێوەی خۆیان نەک بەشێوەی ئێمە، بەڵام بە باوەڕی من دەسەڵاتیان نییە.**

***وشە: ئەو خەڵکانە کێن؟***

***خالید عەزیزی:*** **هەر لە نێو حکوومەتدان. خەڵکانێک دەیانەوێ چۆن بۆ چارەکردنی کێشەی ناوەکیی سیاسەتێکی مامناوەندییان گرتە بەر، بەو شێوەیەش لەگەڵ کێشەی کورددا بەرەو پێش بچن، بەڵام بەداخەوە ئەوان دەسەڵاتی زۆریان نییە.**

***وشە: دواجار کە پەیامتان گۆڕییەوە کەی بوو؟***

***خالید عەزیزی:*** **ساڵێک لەمەوپێش و لەو کاتەوە راوەستاوە.**

***وشە: ئەو پرسیارە بەردەوام دەکرێ، بەرەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان چی لێ هات؟***

***خالید عەزیزی:*** **ئێستە زەمینە و زەروورەتی بەرەی کوردی نییە. ئەگەر دوو حیزبی دێموکرات نەتوانن لەسەر چەند مەسەلەیەکی سادە رێک بکەون، چۆن دەکرێ چەند حیزبێکی کوردی لە بەرەیەکدا کاری هاوبەش بکەن؟! حیزبەکانی رۆژهەڵات بە شتی زۆر بچووکەوە سەرقاڵن.**

***وشە: هەست پێ دەکرێ کە حیزبە کوردییەکان بەسەر دوو شێوە سیاسەت و جەمسەردا دابەش بوونە. ڕێگەچارەی ئەوە چییە؟***

**خالید عەزیزی:** ڕێگەچارەی ئەوە لە پارتی و یەکێتییەوە دەست پێ دەکات.

***وشە: یەکێتی و پارتی نەک پەکەکە و پارتی، وایە؟***

**خالید عەزیزی:** بەڵێ، پەکەکە شتێکی دەرەوەیە. ئەگەر یەکێتی و پارتی پێوەندییەکانیان باش بکەن و شوێنەواری دوو ئیدارەیی بسڕنەوە و نەتەوەسازی لە باشووری کوردستان دەست پێ بکەن، ئەوکات دەرفەت بۆ مانۆڕی پەکەکە نامێنێت.

***وشە: کاتێکی دیاریکراو هەیە بۆ گۆڕینەوەی پەیامەکانتان لەگەڵ ئێران؟***

**خالید عەزیزی:** ئەگەر ئێستەش حکوومەتی ئێران پەیام بنێرێ، بێگومان لەلایەن ئێمەوە بێ وەڵام نابێت.

***وشە: ناوەڕۆکی دوا پەیامی ئێران بۆ ئێوە چ بووە؟***

**خالید عەزیزی:** پێیان خۆش بوو لەگەڵ ئێمە باس بکەن کە چارەسەری کێشەی کورد چۆن دەبینین، فیدراڵیزممان دەوێ یان دەمانەوێ ئێران دابەش بکەین. ئێمە گوتوومانە کە ئەوە ئێمە نین ئێران دابەش دەکەین، بەڵکو دیکتاتۆرییەتە کە دەرفەت نادا لایەنەکانی تر لە دەسەڵاتدا بەشدار بن. کەواتە دابەشکردنی مافی سروشتیی ئەو بەشەیە کە خۆی لە دەسەڵاتدا نابینێتەوە. ئەوان دەیانگوت کە ئێران بۆ فیدراڵیزم نابێت. ئێمە پێمان گوتوونە کە ڕێبەرەکەتان گەیشتە ئەوەی دانوستان لەگەڵ کورد بکات و ئێوەش بچنە سەر ڕێگەی ڕێبەرەکەتان.

***وشە: خوێندنەوەی خۆت بۆ نیازی ئەوان چییە؟***

**خالید عەزیزی:** من پێم وایە بەشوێن چارەسەرییەکی دیاریکراودا نین و بەرنامەی کاریان نییە. ئەوان دەیانویست راوێژی زاری ئێمە بزانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٤

## لڤین پریس :

## خالید عەزیزی: ئاسمانی عێراق بەدەستی ئەمریکا و حکومەتەکەشی بەدەستی ئێرانەوەیە




خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران ئاشکرایدەکا کە بەر لە ساڵێک کاربەدەستانی ئێران داوای تێڕوانینی ئەوانیان لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد کردووە.

خالید عەزیزی دەڵێت ئاسمانی عێراق بەدەستی ئەمریکا و ئەو خاکەشی حکومەتی عێراق کۆنترۆڵی کردووە بەدەستی ئێرانەوەیە، بە بۆچوونی ئەو ئێران هەوڵ دەدات بۆ بەرژەوەندیی خۆی سوود لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی هەرێم وەربگرێت، رەتیشی دەکاتەوە قاسم سولێمانی هەولێری لەدەستی داعش رزگارکردبێ.

عەزیزی لە بارەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی حزبەکانی بەرهەڵستکاری رژێمی ئێرانیشەوە عەزیزی دەڵێت " ئێمە لە سەردەمێکداین هەم پێشمەرگەی چەکدارمان هەیە، هەم هەزاران ئەندام و لایەنگرمان لە نێو خۆی وڵات چەکدارن، لە راستیشدا چۆنێتی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کە بتوانیین جوڵانەوەیەکی جەماوەری رێکخراو دروستبکەین، لەنێوخۆماندا قسەی لەسەرە، بەڵام هێشتا بڕیارمان نەداوە خەباتی چەکداری وەکو پێشتر دەست پێبکەینەوە."

سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەو قسانەش رەتدەکاتەوە کە خەباتی چەکدارییان بەیەکجاری راگرتبێ، لەو بارەیەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو دەڵێت " بەهیچ شێوەیەک خەباتی چەکدارییمان لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی رەها رانەگرتووە، بەڵام شێوازەکەمان گۆڕیوە، ئەویش ئەوەیە راستەوخۆ هێرش نەکەینە سەر کۆماری ئیسلامی، بەڵام لە شوێنێکدا هێرشی کردە سەر ئێمە بەدەنگ دێین و بەرگریی دەکەین."

عەزیزی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات تەنینی رۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە سوپای پاسداران و بەسیج و ئیتیلاعات و جاش وایکردووە پێشوازیی خەڵک  لە حزبە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی رژێمی ئێران زیاتر بێ.

لە بارەی سەرۆکی نوێی حکومە خالید عەزیزی روونی دەکاتەوە" لە هەڵبژاردنەکاندا رۆوحانی هەندێ پەیامی دا، بەڵام بەداخەوە بەدوایاندا نەچوو، وەکو خوێندن بە زمانی کوردی و ئاوڕدانەوە بە هەندێ لە ماددە یاساییەکان بۆ ئازادی حزبەکان و هەندێ کرانەوەی سیاسی ئەوانەمان بە باش دەزانی و پێمان وایە مەرجی کۆماری ئیسلامی لەوەدایە خەباتی بەرفراون کۆمەڵانی خەڵک دروست ببێ و خەڵک ترس و دڵەڕاوکێی نەمێنێ و بە زەرەری کەمتر بچێتە نێو خەباتەوە."

### "خۆمان بۆ گۆڕانکارییەکان ئامادەدەکەین"

سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان " ئەگەر رۆژێک  لە رۆژان ئێران گۆڕانکاریی بەسەردابێ لەو کاتەدا بۆشاییەک لە کوردستانی ئێران دروست ببێ ئەوا وەکو حزبی دیموکرات و ئەو لایەنانەی تر هەوڵ دەدەین بتوانیین زوو ئەو بۆشاییە کۆنترۆڵ بکەی".

عەزیزی رووداني گۆڕانکاری لە ئێران بە دوور نازانێ و دەڵێ:" کۆماری ئیسلامی لە دروستکردنی هەموو قەیرانەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی هەیە، لە یەمەنەوە بگرە تا دەگاتە فەلەستین و لەوێوە تا دەگاتە لوبنان و لەوێ بە سوریاوە دێتەوە عێراق، کۆماری ئیسلامی ستراتیژی ئەوەیە بە دروستکردنی قەیران لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی تەمەنی خۆی درێژ دەبێ، دەیەوێ خەڵک بەقەیرانەکانەوە سەرقاڵ بکات، بەڵام زوو یان درەنگ ئەو کێشانە دەچنە نێو سنوورەکانییەوە، لەو کاتەدا ئێمە نامانەوێ بۆشایی دروست ببێ."

عەزیزی دەشڵێ جیاوازییەکی زۆر لە نێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان هەیە و ئەوان زووتر دەرفەتەکان دەقۆزنەوە، لەو بارەیەوە دەڵێت "رۆژهەڵاتی کوردستانی ناوچەیەکی فراوانی جوگرافییە و نزیکەی حەفتا ساڵ بەر لە ئەمرۆ کۆماری کوردی لەوێ دروستبوو، عەقڵییەت و ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەڵات زۆری جیاوازە لە رۆژئاوا، لە رۆژهەڵات خەڵک زۆر لەمێژە خۆی ئامادەکردووە، لەشەڕی دووەمی جیهانی دەرفەتێک هاتە کایەوە حزبی دیموکرات و قازی محەمەد کۆمار و حزبیشیان دروستکرد، پاش کودەتاش لە ئێران بۆشاییەک دروستبوو حزبی دیموکرات دیسانەوە توانی پڕی بکاتەوە"

ئەو باس لەوەش دەکات کە تا ئێستا هەوڵیان نەداوە بەهانە بەدەستی رژێمی ئێرانەوە بدەن بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە چالاکییەکانیان سنووردارکردووە.

سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان خالید عەزیزی، لەبارەی وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو ئاشکرای دەکات بەر لە یەک ساڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەرێگەی لایەنی سێهەمەوە داوای بۆچوون و تێڕوانینی ئەوانییان کردووە لەبارەی کێشەی کورد و چارەسەرییەکان لە رۆژهەلات، لەوبارەیەوە دەڵێ:" کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران نزیکەی ساڵێک بەر لە ئێستا لەرێگەی لایەنی سێهەمەوە پەیامێکیان بۆ ئێمە نارد و داوای تێبینی و خوێندنەوەی ئێمەیان لەسەر چارەسەرێکی ئیحتیمالی دۆزی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کرد، کە کورد داوای چی دەکا، ئێمەش پێمانوتن دەبێ قبوڵی بکەین کە نە ئێمە وەکو کورد کۆماری ئیسلامییمان پێ ناڕوخێ، و کۆماری ئیسلامیش ناتوانێ ئێمە وەکو کورد لەناوبەرێ، جا بۆیە کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە و رێگە چارەی سیاسی دەوێ، پێمانوتن وەکو تورکیا بکەن ئەوان دەستیان پێکردووە و ئێوە دواکەوتوون".

### "تورکیا باش دەکا لەرێگەی ئاشتییەوە کێشەی کورد چارەسەر دەکان"

لەبارەی تێڕوانین و هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە لەبارەی کێشەی کورد و چارەسەرکردنی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران دەڵێت " لەو باوەڕەداین کە سەیر نییە پەیوەندیی ئێران لەگەڵ حزبی کوردی پارچەکانی تر باش ببێ، بەلام رەفتاری لەگەڵ کورد و حزبە کوردییەکانی رۆژهەلات زۆر خراپ و دڕندایەیە و لەسەر بنچینەی سەرکوتکردنە و تێکەڵکردنی کێشەکەیە بە شیعەگەرایی و حاشاکردن لە مافەکانی خەڵک. ئێران سوودی لەهەموو فاکتەرەکان وەرگرتووە بۆ پەراوێزخستنی دۆزی کورد لە رۆژهەلات، لە ئێران دەسەلات لە دەستی وەلی فەقیە (خامنەیی) دایە و لەنێوانی خۆشیاندا کێشەیان لەگەڵ رۆحانی هەیە کە رەنگە وەکو خاتەمی لێ بێ، چونکە ئەوانەی لەدەوروبەری خامنەییدان بە ئاسانی رێگە بەوە نادەن چاکسازیی بکرێ لەوبارەوە."

عەزیزی باسی هەنگاوەکانی حکومەتی تورکیا کە ماوەیەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەوێ دەیهاوێژێ دەکا و دەڵێ:" تورکیا دەیەوێ لەرێگەی ئاشتییەوە کێشەی کورد لە باکوور چارەسەر بکا، ئەوە شتێکی باشە و هەمیشە هانی حکومەتی تورکیا دەدەین لەو پێناوەدا."

### "قاسم سولێمانی نەبوو هەولێری رزگارکرد"

لەبارەی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە "داعش" بۆ سەر هەرێمی کوردستان خالید عەزیزی ئاشکرای دەکات لەو کاتەی هێرشەکان نزیکی شارە گەورەکانی هەرێم بوونەوە ئەوان بەرەسمی بە لایەنەکان و حکومەتیان راگەیاندووە کە ئەوان دەتوانن یارمەتییدەریان بن، بەلام ئەوان هیچ وەلامێکیان نەداونەتەوە.

عەزیزی لەو رووەوە دەڵێت " کە مەسەلەی داعش هاتە گۆڕێ لایەنەکان و حکومەتی هەرێممان ئاگادارکردەوە ئەگەر بتوانیین هاوکارییان بکەین ئامادەین، لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە هەرێم چوارچێوەیەکی یاسایی خۆی هەیە و سەرۆکی هەرێم و پەرلەمان و حکومەتی هەیە، ئەوان داوایان لە ئێمە نەکرد هاوکارییان بکەین، ئێمەش زانیمان بەهۆی رەچاوکردنی هەستیاریی هەرێمی نەیانکرد، زۆریش ئاساییە حکومەتی هەرێم بەرژەوەندیی خۆی لەگەڵ بەغدا و تاران و ئەنکەرە هەیە ئێمە لەوە دەگەین، بۆیە خۆمان نەچووین بۆ شەڕ، لەو پەیوەندییە وتومانە ئەگەر بەرژەوەندیی ئێوە لەوەدا بێ بەشداریی دەکەین ئەگەر نا نایکەین."

لەبارەی کشانەوەی هێزی چەند لایەنێکی کوردی ئێران کە لەهەرێمدا بەشداریی شەڕەکانی داعشیان دەکرد پاش سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ هەرێم، عەزیزی دەڵێ، نازانێ بە فشاری ئێران بووە یان نا، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت "حکومەتی ئێران پێیخۆش نییە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئێران تەنانەت لەبەرەی شەڕی دژ بە داعشیشدا دیار بێ، چونکە ئەو دەیەوی ئێمە و تواناکانمان لە خەڵکی دەرەوە بشارێتەوە، ئەگەر فشاریشی هێنابێ بۆ سەر هەرێم سەیر نییە."

لەبارەی بڵاوبوونەوەی قسەی بەرپرسێکی سەربازی ئێران گوایە فەرماندەی هێزەکانی سوپای قودسی ئێرانی قاسم سولەیمانی بە ٧٠ پاسدارەوە هەولێری لە دەست داعش رزگار کردووە، عەزیزی دەڵێت " هەولێر بە ئاسانی نەدەکەوتە دەستی داعش، دووەم ئەگەر وایوتبێ راست نییە، چونکە هەولێر و هەرێم یەکەم بە فیدارکاری و بەرگریی خەڵکی باشوور و دووەم پشتیوانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ئەمریکا پارێزراوە، نە بە رۆڵی ئێران و نە رۆڵی قاسم سولەیمانی بووە، ئەوان خاکی خۆیان بە ئاسانی پێ ناپارێزرێت".

### "ئاسمانی عێراق بەدەستی ئەمریکا و زەویی حکومەتەکەشی بەدەستی ئێرانەوەیە"

لەبارەی بوونی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە کە قسەی زۆر لەسەر بوونی بەهێزی دەزگای هەواڵگریی ئێران دەکرێ عەزیزی دەڵێ" بۆ من زۆر زەحمەتە وەڵامی ورد بدەمەوە، بەڵام دوای روخانی سەدام حوسێن ئێران بەگشتی لە عێراق دەستی باڵای هەیە و قسەی کۆتایی ئێران دەیکات، لەهەرێمی کوردستان یەکجار پێشبینی ناکەم بەوشێوەیە بێت و ئێران قسەی یەکەم بکا، پەیوەندیی حزبە کوردییەکانی هەرێم لەگەڵ تاران شتێکی ئاساییە، بەڵام ئێران تێدەکۆشی لە ناکۆکییەکانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵک وەربگرێ."

لەبارەی بوونی هێزی ئێرانیشەوە لە عێراق دەڵێ" زانیاریی وردم لەبارەی ژمارە و ئاماری ئەوانەوە لە لا نییە، بەڵام زانیاریی ئەوەمان هەیە ستراتیژیی ئێران ئەوەیە بەهیچ شێوەیەک دەوڵەتی شیعی لە بەغدا نەڕوخێت، ستراتیژی دووەمیان ئەوەیە کە عێراق بەجێ نەهێڵێ، ئیتر کێشەکانیش زۆرن کە وا دەکا بمێنێتەوە."

ئەو دەڵێ" ئاسمانی عێراق بەدەستی ئەمریکاوەیە، خاکەکەشی بەشێکی بەدەستی کورد و بەشێکی بەدەستی داعش و بەشێکیشی بەدەستی حکومەتی عێراقە کە ئەمەی دوایی بەدەستی ئێرانەوەیە."

دەڵێ ئێرانییەکان هەمیشە دووبەرەکی و سێبەرەکی لەنێو بەرامبەرەکانیان دروست دەکەن و ئێران بەدوای ئەو ئامانجەیە لە هەرێمی و کوردستان.خالید عەزیزی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە زانیارییان لەسەر ئەوە نییە ئایا ئێران داوای دەرکردنی حزبە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی لە هەرێمی کوردستانی کردبێ، دەڵێ" تا ئێستا بەرپرسانی هەرێم شتی وایان لەگەڵ باس نەکردووین."

لەکۆتایی قسەکانیدا سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان-ئێران هێما بۆ ئەوە دەکات کە لەنێوخۆی ئێران بەتایبەت لە ناوچە کوردییەکاندا هێزی توندڕەوی هاوشێوەی داعش هەن، بەڵام ئێران هیچ کێشەی لەگەڵیاندا نییە، بە قسەی ئەو کۆماری ئیسلامی ئەو هێزە توندڕەوانەی لە حزبە کوردییەکان پێ باشترە، دەڵێ" کۆماری ئیسلامی وای داناوە ئەگەر سبەی شتێک رووبدا ئێمە نەتوانیین ئەو ناوچە کوردییانە کۆنترۆڵ بکەین."

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڤین پریس - ڕێکەوتی: ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٤**

# وتووێژی رادیۆ فەردا لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی ح د ک



هەوڵەکان بۆ دیتنەوەی چارەسەری ئاشتیانەو دێموکراتیکی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢١ی ڕەزبەری ١٣٧٣ی هەتاوی، رادیۆ نێونەتەوەی فەردا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا، کە ئێمە دەقی وتووێژەکەمان وەرگێراوەتەوە سەر کوردی و دەیخەینە بەر دیدەی خوێنەرانی ئازیز.

**وتووێژکار: ایلیا جزایری- بەیرووت**
**سەرچاوە ڕادیۆ فەردا**

***پرسیار: ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵی تێکهەڵچوونی هیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هێزەکانی ئێران لە چەند ناوچەیەکی ئێران بڵاو بووەوە. ئایا حیزبی دیموکراتی بۆ جارێکی دیکە دەستی بە خەباتی چەکداری کردووەتەوە؟ هیچ جووڵەیەک لەو ناوچەیە هەبووە کە بووە هۆی تێکهەڵچوونی چەکداری؟***

***خالید عەزیزی:*** بە ئاوڕدانەوەیەک لە سەردەمی چەکداری دەبێ بڵێم کە لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە، ئێمە هەموو کات هەوڵمان داوە کێشەی کوردستانی ئێران لە ڕێگەی وتووێژ و دانووستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی چارەسەر بکەین، بەڵام بە داخەوە جمهوری ئیسلامی ڕێگەی وتوویژ و دانوستانی قبووڵ نەکرد و ڕێگە چارەی سەربازی گرتە بەر و شەڕی بە سەر ئێمە دا سەپاند. کاتێکیش کە شەڕ بە سەر خەڵکی کوردستاندا سەپێندرا، حیزبی دیموکرات و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەرگریان لە خۆیان کرد. هەر بۆیە ئەوە شەڕ ئێمە هەڵمان نەبژارد و ئێمە نەبووین کە دەستمان پێکرد. هەموو کات هەوڵمان دا کە شەڕەکە زووتر کۆتایی پێ بێت و دۆخی کوردستان ئەمنییەتی نەکرێ. لە دوای دەستپێکی شەڕیش ئێمە هیچ

ڕێکەوتنێکی ئاگربڕمان لە نێوان دا نەبووە و هیچ چەشنە بەرپرسایەتییەکی یاسایی کە لە ئەنجامی دانووستان و ڕێکەوتنێک لە نێوان ئێمە دا هاتبێتە ئاراوە وجوودی نیە. ئەو تێکهەڵچوونانەی دواییش بە هۆی بوونی پێشمەرگەی ئێمە بوو لە ناوچە، کە دیارە زۆربەی کات ئێمە پێشمەرگەمان لە ناوخۆی وڵات هەیە.

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئێمە ماوەی چەند ساڵە بە پێشمەرگەکانی خۆمان وتووە کە خۆیان لە شەڕ و تێکهەڵچوون ببوێرن. هێرش نەکەنە سەر پێگە و بارەگاکانی حکومەت و هێزەکانی سپای پاسداران، تەنانەت ئەگەر هێرشیشیان کرایە سەر تەنیا بەرگری لە خۆیان بکەن. زۆر کات هەبووە کە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە دوای پێشمەرگەکانی ئێمە کەوتوون و هەوڵیانداوە کە تووشی شەڕیان کەن، بەڵام هێزەکانی ئێمە بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانمان خۆیان لە شەڕ بواردووە. لەو دوواییانە دا کە وەک هەموو جارێک هێزەکانی حیزبی دیموکرات لە ناوچە بوون، هێزەکانی سپای پاسداران و ئیتلاعات بۆسەیەکیان بۆ دا دەنێن و بە ناچار پێشمەرگەکانی ئێمە بۆ خۆپاراستن و بەرگری لە خۆ کردن، وڵامی هێرشبەران دەدەنەوە و لەو نێوانە دا هەم هێزەکانی ڕژیم کوژراویان هەبوو و ئێمەش شەهید و بریندارمان هەبوو.

***پرسیار: لەم دواییانە ولە وتووێژێک دا لەگەڵ هەواڵدەری ئاناتۆلی، ئاماژەت بەوە داوە کە خەریکن بۆ جارێکی دیکە بەرەو قۆناغی شەڕی چەکداری هەنگاو دەنێنەوە. ئایە بە ڕاستی نیازێکی واتان هەیە کە جارێکی دیکە بەگەڕێنەوە قۆناغی شەڕی چەکداری؟ لە بنەڕەت دا ئایا حیزبەکەتان توانای ئەوەی هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** هەر وەک پێشتریش باسم کرد هیچ چەشنە ئاگربڕێک لە نێوان ئێمە کۆماری ئیسلامی دا بە شێوەی فەرمی و یاسایی نیە. ئێمە نامانەوێ شەڕی چەکداری دەست پێ بکەینەوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دۆخی کوردستان دۆخێکی ئەمنیەتی و سەربازیی و هەم ئێمە و هەمیش کۆماری ئیسلامی هەردووک لامان چەکدارین. بارودۆخەکە خۆی لە خۆیدا دۆخی شەڕە، ئەگینا ئێمە مەبەستمان نیە کە شەڕی چەکداری دەستپێبکەینەوە. ئێمە خۆمان جوڵە چەکداریمان ڕاگرتووە. دیارە مەبەستم لەوە چالاکی چەکدارانە و هێرش بۆ سەر هێزەکانی حکومەتە لە کوردستان دا.

ئێمە ئێستاش لە سەر ئەو بڕوایەین کە کێشەی کوردستانی ئێران، کێشەی نەبوونی دیموکراسی لە ئێران دا و وڵام نەدانەوەی کۆماری ئیسلامی، هەمووی دەبێ لە ڕێگەی مەدەنیەوە هەوڵی بۆ بدرێ و لە ڕێی وتووێژەوە چارەسەر بکرێ. چونکا کۆماری ئیسلامی هەموو کات هەوڵی داوە کە بارودۆخی کوردستان زیاتر ئەمنیەتی بکات و لەو ڕێکارە، بە دژی خەڵکی کوردستان و تێکۆشانە مەدەنییەکانی کەڵک وەرگرێ.

***پرسیار: وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لەم دواییانە دا وتبووی کە لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان وتووێژیان هەبووە. هیچ چەشنە وتووێژێک هەبووە لە نێوانتاندا. ئەگەر بووە، سەبارەت بە چی وتووێژتان کرد؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە یەک ساڵ لەمەپێش، کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە داوا لە ئێمە کرابوو کە لەگەڵیان دانیشین. ئێمە چەند جارێک دانیشتنمان هەبوو پێکەوە. ئەوان سەبارەت بە مەسەلەی کورد لێیان پرسین، سەبارەت بە خۆرهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەتی سەبارەت بە کوردستانی ئێران و ئەو کێشانەی کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا لە نێوانماندا هەبووە و ئێمەش ڕای خۆمان پێ گوتوون.

دیارە لە درێژە وتووێژەکاندا باس لە چارە سەر کرا، کە ئایا ئەو کێشانە چۆن چارەسەر دەکرێن و چۆن بییانخەینە گەلاڵەی کاری خۆمان. ئێمە جەند پێشنیارێکمان دانێ. پێشنیاری یەکەممان ئەوە بوو کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە و لە دوای سەرهەڵدانی کێشەی نێوان گەلی کورد و حکومەتی ناوەندی، وتووێژ و دانووستان هەبوو، هەیئەتی دانوستانکاری کورد و حکومەتی ناوەندی وتووێژیان دەکرد، ئێمە داوامان کرد کە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەورانە. پاشان مەسەلەی کورد لە خانەی ئەمنیەتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات بێننە دەر و بکەوێتە دەستووری کاری حکومەتەمەوە.

ناکرێ کێشەکان لە رێی سەربازییەوە چارەسەر بکەین. بارودۆخی کوردستان لەوە زیاتر ئەمنیەتی نەکەن. ئەگەر بەراستی بە دوای ڕێگە چارەی بنەڕەتییەوەن دەبێ واز لە ئێعدام و زیندانی کردنی خەڵک بێنن. دەبێ کوشی باوڕپێک کردن لە نێوان ئێمە و نوێنەرانی حکومەت دا درووست ببێ، لەو دۆخە ئەمنیەتییە بێینە دەر و پاش دەستبەر کردنی کەش و هەوایەکی گونجاو، درێژە بە وتووێژەکان بدەین. بەڵام ئەو وتووێژانە درێژەیان نەبوو و ئەوان پێوشوێنی وتووێژەکانیان نەگرتەوە.

***پرسیار: ئەتوانم بپرسم کە وتووێژەکان لە کوێ و لە چ ئاستێک دا بوون؟***

***عەزیزی:*** لە ئێستا دا نامەوێت هیچ ئاماژەیەک بە شوێن و ئاستی دانوستانکارەکان بدەم، بەڵام لە دوای تێرۆری دکتور عەبدوڵڕەحمانی قاسملوو بە دواوە، دەبێ بڵێم کە ئەوە یەکەمین دانیشتینی لەو جۆرە لە نێوامنادا، بەلام تا ئێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

***پرسیار: پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەو حیزبانەی کە لە چوارجێوەی نیزام دا کار دەکەن چۆنە. مەبەستم حیزب و ڕێکخراوە ئیسلاحخوازەکان؟ بە تایبەت ئێوە لە کاتی هەڵبژاردەکانی سەرۆک کۆماری ساڵی ٨٨ی هەتاوی دا. پشتگیری مەهدی کەرووبی.تان دەکرد. ئایا ئەو پەیوەندییانە درێژەیان هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** زۆر زەحمەتە کە ئێمە لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی ناوخۆی ئێران پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ڕەسمیمان هەبێ. نە ئەوان لە دۆخێکی وا دان کە بتوانن پەیوەندی بە ئێمە بکەن و نە ئێمەش لە ناوخۆی ئێراندا هەلومەرجێکی وامان بۆ ڕەخساوە کە ڕۆژانە و بە شێوەیەکی ڕۆتین پەیوەندییان لەگەڵ بگرین. بەڵام سەرەڕای ئەو بەربەستانەش سیاسەتی حیزبی دیموکرات هەموو کات ئەوە بووە کە لە بزووتنەوەی مەدەنی و ئیسلاحخوازی کە لە ناوخۆی ئێراندا هەوڵی ئەوە

دەدات کارتێکەری لە سەر حکومەت دابنێ پشتگیری بکەین. هەر لەو چوارچێوەش دا بوو کە لە کاتی خۆپـاڵاوتنی ئاغایـانی کەڕوبی و موسەوی بۆ سەرۆک کۆماری، بە تایبەت لەو بوارە دا کە ئەوان باسی مافی نەتەوەکانی ئێران و لانی کەم باسی مەسەلەی کوردیان هێنابووە ئاراوە و باس لە ئازادی بەندییە سیاسییەکان و جێ بە جێ کردنی خاڵەکانی قانوونی ئەساسی ئێران دەکرا، ئێمەش دەمانویست پشتگیریان بکەین، چونکا ئەوە هەوڵی سەرهەڵدان و گەشەی بزووتنەوەی میللی دەدا.

دیـارە ئێستـاش لە سەر ئەو بـڕوایەن کە دەبـێ هاریکـاری بـزووتنەوەی لەو چەشنە لە نـاوخۆی ئێرانـدا بکـرێ. هەر بـۆیە پەیوەندیی ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلاحخوازی یـان بـزووتنەوەی سەوز، یـان هەمـوو ئەو بـزووتنەوە خەڵکییـانەی کە لە ناوخۆی ئێراندا هەن و لەگەڵ پرینسیپەکانی ئێمە یەکدەگرنەوە دەکرێ درێژەی هەبێ.

***پرسـیار: پەیوەنـدییەکانی ئێـوە لەگەڵ حیـزبە کـوردییە عێراقییەکـان کە ئێسـتا دەسـەڵاتدارن چـۆنە؟ ئایـا وەک ئەوەی کە دەبیسین و باس دەکرێ، هێزەکانی حیزبی دیموکرات و کوردەکـانی ئێـران لە شـەڕ دژ بە تـاقمی خەلافەتـی ئیسـلامی، یـان داعش، بەشدارییان هەیە یان هەبووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لە بنەڕەت دا لە سەر ئەو بـڕوایەن کە دەبـێ لە نـاوچەکە دا دژ ی داعش هەڵوێستێکی جیددیمان هەبێ. داعش بزووتنەوەیەکە کە هیچ سنوورێک لە نێوان شیعە و سوننی و کورد و غەیـرە کورد، یـان حیزبێکی سیاسی چۆن بیر دەکاتەوە ناناسێ. ئێتر واز لەوە بێنە کە ئوان لە کێشەکانی نێوان شێعە و سوننی قازانجی گەورە دەکەن.

سیاسـەتی ئـێمە ئەوە نەبـوو کە بە شـیوەی چەکـداری بەشـداری لە شـەڕ دژی داعـش بکەیـن و بەرەیەکـی شـەڕ بـۆ خۆمـان بکەینەوە. چونکـا ئـێمە لە سەر ئەو بـاوەڕەین کە هێـزی پێشمەرگەی کوردەکـانی عێـراق، لە ڕووی هێـزی مرۆییەوە توانـای تەواویان هەبوو و حکومەتی هەرێمی کوردستـانیش لێوەشـاوەیی ئەو پشـتگیرییە نێودەولەتییە هەبـوو. پشـتگیری ئـێمە زۆرتـر چەشنێک هاودەردی بوو لەگەڵ براکوردەکانمان، بۆ بەرز ڕاگرتنی وەرەیان دژ بە داعش. ئەگینا لە ڕێی یاساییەوە منیش پێم وابوو کە زۆر گونجاو نیە هێزەکانی حیزبی دیموکرات دەست لە کاروبـاری نـاوخۆیی کوردسـتانی عێـراق، یـان عێـراق وەردەن و لە بەرەکانی شەڕ ئامادە بن.

دیارە ئێستاش لە سەر ئەو بڕوایەین کە بـزووتنەوەی میللی- دیموکراسی لە ئێران و کوردستانی ئێـران، لە ڕێگە پشـتگیری یـاسایی و سیاسـییەوە زیـاتر دەتـوانێ هاریکـار بێت لە شکسـتی داعـش لە نـاوجەکە دا، تـا پشـتگیری سـەربازی و نـاردنی پێشمەرگە بۆ بەرەکانی شەڕ، چونکا پێم وانیە کە پێویستییەکی وا لە ئێستا هەبێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤیەمبەرری ٢٠١٤**

## دیمانەی ڕۆژنامەی ئاوێنە لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



**ئا: خالید محەمەدزادە**

**لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت "حزوری پێشمەرگەی دیموکرات لەبەرەکانی شەڕی دژ بەداعش کۆمەڵێک حەساسییەتی ناوچەیی بۆ هەرێم بەدواوە دەبو".**

***ئاوێنە: زۆرتان بۆ کۆنگرەی حزب نەماوە. ئایا بەرنامەی تەواونەکراوتان ماوە کە لەو چوار ساڵە نەکرابێت پیادەی بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** **لەبەر ئەوەی ئێمە وەک حزبێکی فەرمیی و قانونیی لەنێوخۆی وڵاتدا بواری کارو تیکۆشانمان نییە، بەداخەوە ناتوانین بەرنامەی حزب بخەینە مەیدانی کارو ژیانی سیاسیی رۆژانەی خەڵکو بەو جۆرە قەزاوەتی لەسەر بکرێت تاکو بزانین چەندەمان بۆ پیادەکراوەو کەموکوڕیەکانمان لەچیدان. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەکۆنگرەی ڕابردوە تا ئێستە تێکۆشاوین کە بەشێوەیەکی فرە ڕەهەند لەگەڵ بارودۆخی ئێران رەفتار بکەین بۆ وێنە، تێکۆشاوین لەو دەرفەتانەی کە لەپێوەندی لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی دەسەڵاتو هەڵبژاردنەکان لەئێراندا دێنە گۆڕێ بەجۆرێک قەزیەی کورد بەرۆژ بکەینو خەڵک هانبدەین کە بەدواداچون بکەنو بەگوێرەی ئیمکانو گونجان داواکانی خۆیان لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکەنو ڕێکخستنی لەسەر دروست بکەن.**

***ئاوێنە: کونگرە دەگرن یا بەئومێدی یەکگرتنەوە لەگەڵ حدکا دوایدەخەن؟***

***خالید عەزیزی:*** بەپێی پێڕەوی نیوخۆیی حزب ئێمە دەبێ لەماوەی ساڵی داهاتوی ئێراندا کۆنگرە بگرین. بێگومان کۆمیتەی ناوەندیی دەتوانێ بەلەبەر چاوگرتنی بارودۆخێکی تایبەتی سیاسییو حزبیی پێشنیازی ئەوە بکات کە گۆنگرە زوتر یان درەنگتر لەکاتی خۆیدا بگیرێ. چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان بۆ هەردوک لای دێموکرات دەتوانێ بابەتێک بێتو شوێن لەسەر کاتی گۆنگرەی هەردوک لا دابنێت. ڕەوتی دانیشتنو گفتوگۆکانی ئێمەو دێموکراتەکان تاکو ئێستە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناخە لەچارەسەری کێشەکان کە کۆنگرەی بۆ وەدوا بخەین. بەڵام، ئەگەر لەدرێژەی ئەو ڕەوتەدا بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمەکان بۆ یەکگرتنەوە بەپێویستمان زانی، لەو حاڵەتەدا دەکرێ قسە لەوەدواخستنی کۆنگرەش بکەین.

***ناوێنە: لەنێوخۆی حدک، ڕەخنەتان لێیدەگرن کە زۆر خۆتان بەپرسی یەکگرتنەوە لەگەڵ حدکا خەریک دەکەن لەحاڵێکدا وەک دەڵێن کە پرسی یەکگرتنەوە لای حدکا تەفسیرو لێکدانەوەی تری بۆ دەکرێت. ئەم هەمو چاوەڕوانیە بۆ یەکگرتنەوە بۆ کە لایەنی بەرامبەر وەک خۆتان دەڵێن ئامادە نین؟***

***خالید عەزیزی:*** هەروەکی کاتی خۆی لێکترازانو لەتبونی حزبی دیموکرات بو بەئەسبابی کۆمەڵێک کێشەو توڕەییو ڕەخنە لێکتر کە ئێستە بەخۆشیەوە زۆر کەمبۆتەوە. بێگومان پرسی یەکگرتنەوەش قەزاوەتو تێبینیو ڕەخنەی جۆراوجۆری دێتەوە سەر. ئەوە ڕاستە ئێمە زۆر خەریکی پرسی یەکگرتنەوە بوینو ڕەنگە دەستپێشخەرییشمان کردبێو کاتی خۆی گەڵاڵەیەکیشمان ئامادەکردو بەجیدییش کارمان بۆ کردوە. بەڵام بەداخەوە ئێمە تاکو ئێستەش ئەو جیدییەتو بەدواداچونەمان لەلایەکەی دیکەی دێموکراتدا نەبینیوە. بۆیە هیچ سەیر نییە کە بەشێک لەئەندامانی حزب ڕەخنە لەخۆم دەگرنو دەڵێن مادام لایەکەی دیکە جیدیی نییە، پێویست ناکات ئێمەش لەوە پتر خۆی پێوە ماندو بکەین. سەرەڕای هەموی ئەوانە، ئێمە دەبێ زەرورەتی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بخەینە خانەی پێداویستیی بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان ئەو پرۆسەیە پشودرێژییو حەوسەڵەی گەرەکە، بەڵام نابێ زۆر بکێشێو کات لەدەستبدەین. ئەگەر ئەو کێشانە چارەسەر نەکەینو بەتواناییو دەستئاوەڵەییەکی باشتر ڕوبەڕوی پێشهاتەکان نەبینەوە، هەم وەک دێموکراتو هەمیش وەک کوردی ئێران زۆر زەرەرمەند دەبین.

***ناوێنە: لەو سەفەرەی دوایت بۆ ئەمەریکا باسی چیتان لەگەڵ ئەمەریکا کردوە؟ گوایا ئەمەریکیەکان پێیانگوتون کە مەوافیقی چالاکیی چەکداریی ئێوە بەرامبەر بەئێران نینو ئێوەش دوای ئەوە چالاکیی چەکداریی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتتان ڕاگرتوە؟***

***خالید عەزیزی:*** من لەو سەردانەی واشینگتۆندا، یەکەم باسی ئەوەم کردوە لەرۆژهەلاتی نێوەڕاستدا کێشەکانی قەومیی، تایفییو ئایینیی کە پاشخانێکی مێژوییو چارەسەرنەکراوی هەیەو لەخۆیدا بۆتە ئەسبابی نائەمنییو توندوتیژییو دیاردەی وەک داعشی لێککەوتۆتەوە، کورد بۆتە فاکتۆرێک کە ئەگەر دیفاعی لێبکرێو پشتیبگیرێو یارمەتیبدرێ دەتوانێ دەوری باشی هەبێ لەدروستکردنی ئەمنو ئاساییشو سەقامگیریی ناوچەکە. دوهەم، ئێمە پێمانوایە کە کۆماری ئیسلامیی

سەرچاوەی بەشێکی زۆری کێشەو ئاڵۆزیەکانی ئەو ناوچەیەن‌و ئێران بونی خۆیان لەدروستکردنی کێشەو قەیران‌و نائەمنیی لەناوچەکەدا دەبینێ‌و هاوکاتیش بەردەوام سیاسەتی هەڵاواردن‌و بەئەمنییەتیکردنی کوردستانی ئێران‌و بێڕێزیی بەکەسایەتی‌و مافەکانی کوردی ئێران درێژە دەدەن. ئێمە داوامانکرد کە ئەمەریکا لەبوارە جۆراوجۆرەکانی مافی مرۆڤ‌و مافە نەتەوایەتیەکانی کوردی ئێران بەگوێرەی ئیمکان زەخت بۆ ئێران بێنێت. دیارە باسی چالاکییەکانی ئەو دوایەی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرا، بەڵام ئەوان داوایەکی بەو شێوەیان لەئێمە نەکردوە کە ئەو چالاکییانە ڕابگرین.

***ئاوێنە: بۆچی دو خول، کۆبونەوە پێنج قۆڵیەکانی حزبەکانی رۆژهەڵات ئیدامەی هەبو، لەپڕا راگیران. هۆکاری ڕاگیران و درێژەنەدانی چ بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەباوەڕی من دەستپێکو سەرەتای کۆبونەوە پێنج قۆڵێکەی (دێموکراتەکان کۆمەڵەکان) شتێکی باش بوو دەیتوانی لەئیدامەی خۆیدا ببێت بەبنەمایەک بۆ چوارچێوەیەکی بەکردەوە بۆ کارو تێکۆشانی هاوبەش بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئێمە ئێستاش زۆر بەباشی دەزانین کە ئەو پێنجقۆڵییە درێژە بەکاری خۆیان بدەن. ئێمە نەتەنیا هۆکاری ڕاگیرانی نەبوین بەڵکو بەشایەدیی هەمویان هاندەری ئەوە بوین کە ئەو پێنجقۆڵییە بەکار و بەرنامە بچێتە پێش‌و شتی عەمەلی هاوبەشیشی لێبکەوێتەوە. بەڵام، بەداخەوە شوێنەواری لەتبونەکان‌و ڕوحی یەکتر تەحەمول نەکردن هۆکاری سەرەکییە کە ئەو جۆرە پرۆژانە لەباربچن‌و سەرکەوتو نەبن. سەرەڕای ئەو ڕاستییانەش دیسان ئێمە بەردەوام دەبین لەهەوڵی خۆمان بۆ ئەوەی میکانیزمێک لەپێوەندیدا بدۆزینەوە.

***ئاوێنە: ئێوە بەشداریی شەڕی داعشتان نەکردو لایەنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتیش بەشداربون، جیاوازیی نەچونی ئێوە لەگەڵ بەشداریی لایەنەکانی رۆژهەڵات لەشەڕی داعش بەرامبەر بەباشور لەچیدا دەبینی؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی، پرسیار ئەوەیە داعش کە بەرهەمی کێشەی سوننەو شیعەیە لەعێراق‌و سوریاو ڕویان لەدیمەشق‌و بەغدا بو، بۆچی بەرەو کوردستان سوڕانەوە؟ بێ ئەوەی بچمە نیو تاوتوێ وردەکاریەکانی ئەو وەڵامە، ئێمە هەر لەڕۆژانی یەکەمدا پشتیوانیی خۆمان لەحکومەتی هەرێم لەو شەڕەدا ڕاگەیاندو ئامادەیی خۆمان دەربڕی بۆ بەشداریکردن‌و ناردنی پێشمەرگەی دێموکرات بۆ بەرەکانی شەڕ. بەڵام لایەنەکانی پێوەندیدار وێڕای سوپاس‌و پێزانین بۆ ئامادەگیی ئێمە پێیانوابو پێویست نییە. من بەباشیی لەوەڵامی ئەوان تێدەگەم‌و هیچ گلەییەکمان نییە. هەروەها دەزانم حزوری پێشمەرگەی دێموکرات لەبەرەکانی شەڕدا کۆمەڵێک حەساسییەتی ناوچەیی بۆ هەرێم بەدواوە دەبو. جیاوازیی ئێمە لەگەڵ هەندێک لەلایەنەکانی دیکە لەوەدابو کە ئێمە بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە بەدروستمان نەزانی بێهەماهەنگیی لەگەڵ کاربەدەستانی هەرێم، پێشمەرگەی دێموکرات ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ بکەین.

***ئاوێنە: لەباشوری کوردستان، هەندێک لایەنی سیاسیی زۆر وەسفی رۆڵی قاسم سلێمانی لەپاراستنی باشور دەکەن.***

***هەڵوێستتان بەرامبەر بەرۆڵی قاسم سلێمانی لەباشور چیە. بۆچی حزبە سیاسیەکانی باشور زۆر گرنگیی بەرۆڵی قاسم سلێمانی دەدەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە هیچ دژایەتییەکمان لەگەڵ پێوەندیی حکومەتی هەرێمو ئێران نییەو ئەو عیلاقاتە بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانینو پێشمانوایە دو لایەن کۆمەڵێک بەرژەوەندیی هاوبەشیشیان هەیە. لەڕاستیدا ئێمە نە دەتوانینو نە بۆشمان هەیە کە خەتو شوێن بۆ چەندو چۆنی عیلاقاتی هەرێمو هەروەها ڕاوێژو شێوەی لێدوانی نوێنەری هەرێم لەسەر ئەمو ئەو دیاریی بکەین. زۆر سروشتییە کە حکومەتی هەرێم بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆی سەیری ئەو پێوەندییانە بکاتو هەر بەو پێوانەیەش دۆستایەتی خۆی لەگەڵ ئێرانو کاربەدەستانی ئێرانیی تەنزیم بکات. کێشەی ئێمە وەک کوردی ئێرانو حزبەکانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئێران بەو مانایە نییە کە کوردی پارچەکانی دیکەشو بەتایبەت هەرێمی کوردستان هەمان کێشەیان لەگەڵ ئێران بێت. ئێمە دەبێ ئەوە قەبوڵ بکەین کە کێشەی خۆمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی تێکەڵ بەعیلاقاتی هەرێمو ئێران نەکەینو چاوەڕوانی غەیرە واقیعییش لەخۆماندا دروست نەکەین.

***ئاوێنە: لەئیستادا بەشبونێکی حزبەکانی کوردستان بەسەر دو بەرەی ئێرانو تورکیا دەبینرێتو بەشێکی زۆری حزبەکانی رۆژهەڵات دابەشبون بەسەر بەرەی تورکیاو پارتی. ئێوە لەکام بەرە خۆتان دەبیننەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی ئێمە دژی ئەوەین کە لایەنە کوردیەکان بەسەر دو بەرەی تورکیاو ئێراندا دابەشبنو بەو جۆرە پێناسە بکرێن. ئێمە لەهەمانکاتدا کە بەشێک لەو بەرەیە نین، بەڵام بێگۆمان حزبێکی دژبەری ئێرانینو کێشەی ئێمە وەک کوردی ئێران لەگەڵ کۆماری ئیسلامیە نەک لەگەڵ تورکیا. هیوادارم کێشەکانی نێوماڵی کوردیی بەتایبەت لەهەرێم بەشێوەیەکی کوردانەو خۆماڵی چارەسەر بکرێو لەجیاتی ئەوەی کورد دابەش بێت بەسەر بەرەی تورکیاو ئێران، سێ کوچکەی کوردو تورکیاو ئێران یان چوارگۆشەی کوردو تورکو ئێرانو عەرەب پێکبێنێت. لەسەریەک وەک کورد یان هەرێم ببێتە فاکتۆرێکی ئەو گەمەیە نەک وەک حزب.

***ئاوێنە: بۆچی ڕۆژهەڵاتیەکانو حزبەکانیان کەمتر بایەخ بەرۆژهەڵاتی کوردستان دەدەنو چالاک نین بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان؟***

***خالید عەزیزی:*** حزبی دێموکرات حزبێکی رۆژهەڵاتی کوردستانەو بۆ ئەویش دامەزراوەو مەیدانی خەباتو تێکۆشانی ئێمەش هەر ئەو بەشەی کوردستانە. ئەوەندەی پێوەندی بەحزبی ئێمەوە هەیە لەهەمو بوارەکانی سیاسیی، ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتیی، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسیی، حزور لەنێوخۆی وڵات، هاندانی خەڵک لەنێوخۆ بۆ کارو چالاکیو تێکۆشانو خۆڕێکخستنو کەڵکوەرگرتن لەدەرفەتەکانو دۆست پەیداکردن لەنێو ئێرانییەکان هەوڵێکی زۆرمانداوەو بەردەوامیش لەهەوڵداین. بەڵام، لەبەر ئەوەی ئێستە باسی پارچەکانی دیکە وەک باشورو باکورو ڕۆژئاوا زۆر لەگۆڕێدایەو کێشەکەیان

کەوتۆتە نێو خانەی چارەسەرییو وتوێژو ڕاگەیاندن زۆرتر دیارو بەرچاون تاکو ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بێگومان ئەو بارودۆخە وایکردوە کە بەشێک لەکوردەکانی ئێرانیش سەرقاڵی پارچەکانی دیکە بن تاکو بەشەکەی خۆیان.

***ئاوێنە: دروشمی ڕۆژهەڵات میحوەریی کە هێناوتانەتە گۆڕێ رەخنەی هاتوەتە سەرو زۆرێک لەرەخنەگرانیش ڕۆژهەڵاتیەکانن، ئەم کاردانەوە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە ماوەیەک پێش ئێستا ڕۆژهەڵات میحوەرییمان هێنایە گۆڕێو هەوڵمانداوە بەمێدیای بکەینو وەک بۆچونێکو تێگەیشتنێکی گشتگەر بۆ ڕۆژهەڵات کاری هاوبەشی بەدوادا بێتو ئەرکو وەزیفە بۆ چالاکییەکانی ڕو بەڕۆژهەڵاتی لێبکەوێتەوە. ڕەخنەگەرانی ڕۆژهەڵات میحوەریی ڕەنگە بەباشیی لەمەبەستی ئێمە تێنەگەیشتبن. مەبەست لەڕۆژهەڵات میحوەریی ئەوەیە کە حزبو کوردەکانی ڕۆژهەڵات زۆرتر خۆیان بەبەشەکەی خۆیانەوە مەشغوڵ بکەنو تێبکۆشن لەبوارەکانی جۆراوجۆری کارو تێکۆشانی خۆیاندا دەنگو ڕەنگی ڕۆژهەڵات بنو بەو جۆرە ئەو پیلانەی کۆماری ئیسلامیی کە دەیهەوێ مەسەلەی کوردی ئێران لە پەراوێز بخاتو کپی بکات پوچەڵبکەنەوە. من لەوباوەڕەدام کە کوردو حزبی هەر بەشێک لەکوردستان ئەرکو وەزیفەی بەرانبەر بەبەشەکەی خۆی هەیەو ئەگەر ئەو ئەرکە باش ئەنجام بدات ئەوە یارمەتیەکی باشی بەقەزیەی کورد بەگشتیی کردوە. ئێمە وەک حزبی دێموکراتو کوردی ڕۆژهەڵات لەدەربڕینی هەڵوێستی هاودەردیی‌و هاونەتەوەیی لەگەڵ پارچەکانی دیکە نەتەنیا کۆتاییمان نەکردوە، بگرە زۆریشمان مایە داناوە. لەسەر یەک هەر وەکی ئاماژەم پێدا ئێمە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بەتاکو بەحزب ئەرکدارین کە بەکارو تێکۆشانی خۆمان نەهێڵین

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەوێتە پەراوێزەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی: ١٦ی دێسەمبەری ٢٠١٤**

# ساڵی: ٢٠١٥

-----------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: ستراتیژی ئێمە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانمانە، ئەگەر بگونجێ تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتەشدا.




**ئا: هیدایەت جان**

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ "وشه" تیشک دەخاتە سەر دوایین دانیشتنی دەفتەری سیاسیی هەردوو حزبی دیموکرات لەسەر یەکگرتنەوەیان و رای دەگەیەنێت، لەو دانیشتنەدا نەگەیشتوون بە رێککەوتنێکی نووسراو، هاوکات روونیشی دەکاتەوە کە بەهۆی بوونی چەندین سیناریۆی ناڕوون لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاساییە لە هەموو شێوازەکانی خەبات کەڵک وەربگرن و دووپاتی دەکاتەوە: "بە مافی خۆمانی دەزانین لە هەموو بژاردەکانی وەک کاری دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، شەڕی یاسایی و ئەگەر بە دروستمان زانی تەنانەت چالاکیی چەکداری و پێشمەرگانە کەڵک وەربگرین. زۆر ئاساییە لە گەرمەی شەڕ و چالاکیی پێشمەرگانە تەنانەت وتوێژیش لەگەڵ تاران بکەین".

***پرسیار: لە دوو مانگی رابردوودا لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانەوە بۆ پرسی یەکگرتنەوە، فشارێکی زۆر خرایە سەر هەردوو حزبی دیموکرات و کەمپینێک بۆ ئەو مەبەستە دروست کرا کە لە ئەنجامدا وای کرد، هەردوولا لەسەر ئاستی باڵا پێکەوە کۆ ببنەوە. ئاکامی کۆبوونەوەی ئەو جارەتان بوو بەچی؟***

**وەڵام**: ئێمە لەو دانیشتنەدا نەگەیشتین بە رێککەوتنێکی نووسراو، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ جاران، لەو دانیشتنەدا زۆر بە وردی چووینە نێو تاوتوێکردنی رێگەچارەکان و لەو پێوەندەدا هەردوو لا نیگەرانییەکان و دڵەڕاوکێیەکانی ئەو پرۆسەیەمان باس کرد. هەروەها وێڕای ئاماژە بەلایەنی باش و خراپی یەکگرتنەوەکەی پێشوو، هەوڵ درا بەرچاوڕوونیی پتر دروست بکرێت تا ئاستەنگەکانی یەکگرتنەوەی ئەوجارەمان بە جۆرێک بێت ئەندامانی حزبی دیموکرات بە هەردوو بەش، لەو یەکگرتنەوەیەدا هەست بە ئاسوودەیی بکەن، "ئێمە" و "ئەوان" نەمێنێ، کەس خانەخوێ و کەسیش میوان نەبێ، هەموو لایەکمان هەست بە ئاسایشی حزبی بکەین و میکانیزمی پراکتیزەکردنی ئەو بنەمایانە دارێژین کە رێبەری و ئیدارەی حزب بە جۆرێک بێت کەس پەنا بۆ دەستەبەندی و ناوچەگەری و شتی لەو بابەتە نەبات.

لەبەر ئەوەی حیزبی دیموکرات جیاواز لەو لێکدابڕانە، لە ڕابردووشدا لێکدابڕان و کێشەی نێوخۆییمان زۆر بووە، ئێستە زۆر پێویست و گرینگە کە هەموو لایەکمان بە یەکەوە قۆڵی لێ هەڵماڵین و حزبی دیموکرات وا ئیدارە بدەین کە بۆ کاری گەورە و سیاسەتی گەورە بۆ داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەی بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئەندامانی هەردوولا لەو کێشە چەقبەستووانە دەرباز بین و گەورە بیر بکەینەوە.

***پرسیار***: *ناوەڕۆکی دانیشتنەکانی هەردوولا باس لە شێوازی ئیدارەکردنی ناوخۆیی حزب دەکات. پێت وانییە لەپاڵ ئەوەدا گفتوگۆ لەسەر بنەمای داڕشتنی پلان و ستراتیجێکی نوێ بۆ کارکردن لە ئەمڕۆی رۆژهەڵاتدا بکرێت تا ئەوەی کە بە تەنیا لەسەر چۆنیەتیی ئیدارەدانی حزبی بێت؟*

**وەڵام**: ئەگەر لەتبوونی حزبی دیموکرات لەسەر ئیدارەی حزب بوو، با یەکگرتنەوە بکەین بە دەرفەتێک بۆ ئەوەی حزبی دیموکراتی یەکگرتووی داهاتوو، بتوانێ لە گۆڕەپانی سیاسیی داهاتووی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکە، ئەوەندەی پێوەندی بە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، دەورێکی گەورە ببینێت. بۆیە ئەندامانی حزبی دیموکرات دەبێ بەو تێگەیشتن و عەقڵییەتەوە پێداویستی یەکگرتنەوەیان بەلاوە گرینگ بێت. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە رێبەری داهاتوو بۆ کار و پرۆژەی گەورەی سیاسی ئەرکدار دەکات. لە دانیشتنەکانی داهاتوودا ئەو باسانەش دێنە گۆڕێ.

***پرسیار***: *کاتێک ئێوە بوون بە سکرتێری حزبی دیموکرات، تا ئەوکات بەڕوونی قسەکردن لە شێوازی خەباتی مەدەنی لەناو زۆرینەی حزبەکانی رۆژهەڵاتدا تا رادەیەک بڤە بوو. ئێوە بە ئاشکرا باستان لەوە کرد کە باوەڕی تەواوتان بەو شێوازە خەباتە هەیە و لەلایەکی تریشەوە گرووپێکتان پێک هێناوە کە خەباتی چەکداری دەکات. هاوکات باس لە وتووێژ دەکەن. بەڕای ئێوە ئەوانە لەگەڵ یەک لە پارادۆکسدا نین. چۆن دەتوانن هاوسەنگییەک لە نێوانیاندا دروست بکەن؟*

**وەڵام**: سروشتی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و کۆماری ئیسلامی و رێکخستنی هێزەکان لەناو کۆماری ئیسلامی و هەروەها کێشەکانی ناوچەکە و ژیانی سیاسیی حزبی دیموکرات، بە هەموویانەوە راستییەک بە ئێمە دەڵێن کە ئێمە لە ناوچەیەکدا

سیاسەت دەکەین کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون بووەتەوە، ئێمە لە شوێنێکدا سیاسەت دەکەین کە هەموو لایەک چەکدارن. لەبەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی هیچ دەرفەتێک بە کوردی ئێران و حزبی دیموکرات نادات، ئێمە بە مافی خۆمانی دەزانین لە هەموو بژاردەکانی وەک کاری دیپلۆماسی، خەباتی مەدەنی، شەڕی یاسا و ئەگەر بە دروستمان زانی تەنانەت چالاکیی چەکداری و پێشمەرگانە کەڵک وەرگرین. زۆر ئاساییە لە گەرمەی شەڕ و چالاکیی پێشمەرگانە تەنانەت وتوێژیش لەگەڵ تاران بکەین. مەبەستم ئەوەیە هەموو ئەوانە بۆ ئەوەیە ئێمە زەمینە و بەستێن پێک بێنین بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئێران.

***پرسیار: لە دوای ساڵی ١٩٩١ حزبەکانی ڕۆژهەڵات بەناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەستبەرداری چالاکی چەکداری بوون. ئێستەش وای کردووە ڕۆژهەڵات ببێت بە بێدەنگترین پارچەی کوردستان. مەبەست لە ڕۆژهەڵات تەوەری چییە؟ دەتانەوێ لەو ڕێگەیەوە خۆ لەو تەنگژەیە دەرباز بکەن؟. پێت وانییە حزبەکانی ڕۆژهەڵات لە ئێستەدا پێویستیان بە سەرکردەیەکی ڕادیکاڵ هەبێت کە بتوانێ لەناو خەڵکەکەی خۆی چالاکییەکانی دەست پێ بکاتەوە؟***

***وەڵام:*** باسی ڕۆژهەڵات تەوەری لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕاستییەدا بوو کە لە ڕوانگەی ئێمەوە هەر پارچەیەکی کوردستان، بەگوێرەی تایبەتییەکانی خۆی ئەرک و بەرپرسیارێتی دیاریکراویش دەخاتە سەر خەڵک و حزبی ئەو بەشە. حزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دروست بووە و گۆڕەپان و شوێنی چالاکیشی هەر ڕۆژهەڵاتە. لەبەر دوو هۆ ئێمە دەمانەوێ بەو باسە سەرنج بە ڕۆژهەڵات بدەین. یەکەم، ئێستە کە پرسی کورد لە ناوچەکەدا کەوتووەتە بەرباس، کۆماری ئیسلامی دەیەوێ بە دۆستایەتی لەگەڵ هەندێ لە حزبەکانی پارچەکانی تری کوردستان خۆی بە خەمخۆر و دۆستی ئەو بەشانە نیشان بدات و بەو جۆرە کوردستانی ئێران و کێشەکەی بێ دەنگ بکات و پەراوێزی بخات. دووەم، دەمانەوێ بە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین باشترین پشتیوانی لە پارچەکانی تر، ئەوەیە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاک و بەهێز بین. من لەو باوەڕەدام ئێمە وەک حزبی دیموکرات دەبێ بە ڕاشکاوی ئاوڕێک بە ڕابردووی کار و تێکۆشان و شێوەی سیاسەت و حزبایەتیی خۆمان بدەینەوە، کێشەکانی ئێمە بە ڕادیکالیزم و حەز و ئارەزوو چارەسەر نابن. بەڵکو بە ڕیالیزم و واقیعبینی دەتوانین چارەسەر بدۆزینەوە. گرفتی ئێمە ئەوەیە دەیان ساڵە زۆر لە وڵاتەکەی خۆمان دوور کەوتووینەتەوە، ڕادەی نیزیکبوونەوەی ئێمە لە واقیعەکانی ئێران و کوردستانی ئێران، دەستەبەری سیاسەتگوزاری دروست لای ئێمە دەکات.

***پرسیار: ئێوە بەرژەوەندییەکانی هەرێم دەپارێزن و دەستبەرداری کۆمەڵێک چالاکیی سیاسی بوون لە ناوخۆی ڕۆژهەڵات. لەو پێناوەدا چیتان لە هەرێمی کوردستان وەرگرت. ئایا جارێک لە جاران پارتە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم داوایان لە کۆماری ئیسلامی کردووە لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات دابنیشن. ئەوە لە کاتێکدایە ساڵانە ئەو حزبانە لەسەر ئاستی باڵا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانیشتن ئەنجام دەدەن؟***

***وەڵام:*** ئێمە پێوەندی خۆمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دانووستان دانەناوە. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە لە ڕادەی توانایی خۆمان بەرژەوەندییەکانی ئێرە بپارێزین و ئێمە نەبین بە بیانوو بۆ ئێران لە دژی باشووری کوردستان. حکوومەتی

هەرێم هەرگیز بە ئێمەیان نەگوتووە لە ناوخۆی کوردستانی ئێران خەبات و چالاکی نەکەین. ئێمە دەبێ خەڵک لە ناوخۆی وڵات فێری ئەوە بکەین خۆیان لەوێ چالاکیی خۆیان بکەن، نەک چاوەڕوانی ئەوەبن کە پێشمەرگە لێرەوە رەوانەی نێوخۆ بکرێتەوە. ئێمە دەبێ چاوەڕوانییەکانی خۆمان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکانەوە بخەینە نێو بازنەی هەڵسەنگاندنی پێگە و توانایی و گیروگرفتەکانی باشووری کوردستان لە سیناریۆی ئاسایشی ناوچەکەدا، هەروەها دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان لە چۆنیەتیی پێوەندییەکان لەگەڵ تاران وەک واقیعێک ببینین. زۆر بە باشی دەزانین ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆی بکرێ و بگونجێ هاندەر و ڕێکخەری وتوێژی نێوان ئێمە و ئێران دەبێت.

***پرسیار: ستراتیژی حزبی دیموکرات رووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. هەمیشە هیوایەک هەبووە کە لە ئێراندا گۆڕانکارییەک روو دەدات و کۆماری ئیسلامیی ئێران نامێنێت. بەڵام ئێستە دەبینین لە دانیشتنەکانی ٥+١ خەریکە هاوکێشەکە دەگۆڕێت. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئێوەیش بەو ستراتیژییەی خۆتاندا بچنەوە و رووخانی کۆماری ئیسلامی مەرجی سەرەکی نەبێت. واتا میکانیزمێک دابنێن بۆ ئەوەی ویستەکانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێ بەرجەستە بکەن؟***

***وەڵام:*** پێشەکی، ستراتیژی ئێمە رووخانی کۆماری ئیسلامی یان دەوڵەتی ناوەندی نییە، ڕووخانی حکوومەتی ناوەندی زۆرتر وەک دروشم باسی لێ کراوە، ستراتیژی ئێمە ئەوەیە بە مافەکانی نەتەوایەتیی خۆمان بگەین، تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتەشدا ئەگەر بگونجێ. ئێران نە کورد دروستی کردووە و نە بە کوردیش دەڕووخێ. بەڵام ئەگەر جووڵانەوەی خەڵکی ئێران و کێشەکانی نێوخۆیی بەرەو ڕووخانی ئەو ڕێژیمە چوو، بە دڵنیاییەوە ئێمە لێی وەدووا ناکەوین و کاریشی بۆ دەکەین. ئێمە بەرنامەی سیاسیی خۆمان هەرگیز لەسەر ئەگەری ڕێککەوتنی ئێران و ئەمەریکا دانەناوە، کێشەی ئەمەریکا و ئێران لەسەر بەرژەوەندیی خۆیانە و تا ئێستەش سیاسەتی ئەمەریکا وەک خۆیان دەڵێن گۆڕینی ڕەفتاری ئێرانە نەک گۆڕینی ڕژێمەکە. ئەگەر بڕیار بێ بە ستراتیژی خۆماندا بچینەوە، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی تێروتەسەل بەشێوەی سیاسەت و حزبایەتی خۆماندا بدەینەوە و لە ژێر ڕووناکایی ئەو هەڵسەنگاندنە، خوێندنەوەیەکی ترمان بۆ داهاتووی ئێران و کار و تێکۆشانمان هەبێت.

***پرسیار: لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدا کەسانێک هەن خۆیان بۆ پەرلەمان و بەڕێوەبەرایەتییە خۆجێییەکان دەپاڵێون. پێشتر ئەو کەسانە لەلایەن حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە بە چاوی گومانەوە سەیر دەکران و بەدناو دەکران. ئێستە نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان هەندێکیان لە دەوری بەرەی یەکگرتووی کورد کۆ بوونەتەوە. بەڵام سەرباری ئەمەیش یەکگرتوو نین و پەرتەوازەبوونیان پێوە دیارە. هیچ پلانێکتان هەیە بۆ ئەوەی دنیابینی سیاسیی ئەو نوێنەرانە لە دەوری ویستەکانی کورد کۆ ببێتەوە. بۆ ئەوەی لانیکەم لە بەڕێوەبردنە خۆجێییەکاندا داوای ماف و بودجەی زیاتر بکەن بۆ ئاوەدانکردنەوە و بردنەسەری ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەیان؟***

***وەڵام:*** بە باوەڕی من هیچ حزبێک نابێ لە خۆڕا و بێ بەڵگە و بە چاوی گومانەوە بڕوانێتە تێکۆشانی خەڵکی نێوخۆی

وڵات. چاوەڕوانییەکانی ئێمە دەبێ بەگوێرەی ڕاستییەکانی نێوخۆی وڵات بێت و بە پێی ئەوە قەزاوەت لەسەر ئەوان بکەین. لەسەریەک ڕەنگە چۆنیەتیی بۆچوونی حزبەکان لەبارەی تێکۆشەرانی ناوخۆ جیاوازی هەبێ و هەر لایەنەی بەگوێرەی سیاسەتی خۆی هەڵوێستە بکات. بەشێک لە سیاسەتی ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە کە پاڵپشت و هاندەری چالاکی و کار و تێکۆشانی مەدەنی و تەنانەت حزب و کۆڕ و کۆمەڵ دروستکردن لە ناوخۆی وڵاتدا بین. ئێمە پێمان وایە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیشدا ئەگەر دەرفەتێک هەبێت، دەبێ خەڵک کەڵکی لێ وەربگرێت. مادام حزبی دیموکرات حزبێکی یاسایی نییە و ناتوانێ بە ناوی خۆی بەدوای ئەو جۆرە پرۆژانەدا بڕوات، دەکرێ خەڵکی تر لە نێوخۆی وڵات ئەو کارانە بکەن. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە لە هەنگاوی یەکەمدا چالاکوانانی مەدەنی لە کۆڕ و کۆمەڵ جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئەدەبی، سیاسی، لاوان، خوێنکاران و ژناندا کار دەکەن، زۆر یەکگرتوو بن و بە دوای خاڵە هاوبەشەکاندا بڕۆن و لەسەر داواکانیان خاوەنی یەک قسە و هەڵوێست بن. زۆر گرینگە کە یەکگرتووی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن و پرش و بڵاو نەبن. هۆیەکەشی ئەوەیە لەلایەک ئەزموونی کاری هاوبەش لە ئێراندا زۆر لاوازە و جێ نەکەوتووە و لێک هەڵبەزینەوە و کارنەکردن لەگەڵ یەکتر زۆر باوە. لەلایەکی تریشەوە، کاربەدەستانی ڕێژیم هەوڵ دەدەن بە کەڵک وەرگرتن لە جیاوازییەکانی ئاینی و ناوچەیی و شتی لەو بابەتە و بە بیانوو و شێوازی جۆراوجۆر بە گژ یەکیاندا بکەن و ناکۆکییان لە نێوانیاندا دروست بکەن. جیاواز لەوانە، هەموو هەوڵێک بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بودجە و پرۆژەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی مەجلیس و ئوستانداری و شووڕای شار و گوندەکان و هەر ئۆرگانیکی تر بە باش دەزانین. لەسەریەک مەبەست ئەوەیە کە خەڵک نابێ بێ تەفاوەت بن و چاوەڕوانی ئەوە بن و پاڵ بدەنەوە و پێیان وابێت تا ئەو ڕێژیمە نەڕووخێ، هیچ ناکرێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوەری ٢٠١٥**

## هەڤپەیڤین هێمن عەبدوڵڵا لە گەڵ خالید عەزیزی:



## حیزبی دیموکرات بەرەو کوێ؟

هەشت ساڵ لەمەوبەر، هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، لە کۆنگرەی ١٣ەوە دوولەت بوون، هەردووکیان لەو ماوەیەدا دوو کۆنگرەیان بەستووە، ئێستا هەردوولا بەو ئومێدە دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەن کە بەر لە کۆنگرەی ١٦ یەک بگرنەوە و بە یەک ناو بچنە کۆنگرەوە. مستەفا هیجری سکرتێری حدکا دەڵێت دەبێ لە ژێر ناوی (حدکا) لەگەڵ "هاوڕێیانی پێشوو" بچنە کۆنگرە، بەڵام لایەنی بەرامبەر ئەوەیان قبوڵ نییە. خالید عەزیزی سکرتێری حدک دەڵێت "ئەگەر قبوڵیان نییە بە ناوی حدک بچینە کۆنگرە، ئەوا دەبێت بەناوی هەردوو حیزبی دیموکرات، یان دوو باڵەکەی دیموکرات، یانیش دیموکراتەکان دانوستاندن بکەین و خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە".

***ڕووداو: لەو ڕۆژەی دیموکراتەکان لە یەکدی جیابوونەتەوە، زۆر پێداگیری دەکرێ یەک بگرنەوە، بۆچی؟***

***خالید عەزیزی:*** دیموکراتەکان سەرەڕای لەتبوون و جیابوونەوەیان، یەک ڕابردوو، یەک پێناسەیان هەیە، لە شەهیدەکانیان هاوبەشن. زۆر لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان قوربانییان لە نێو ئەو حیزبە داوە، بۆیە چاوەڕوانییان لەو حیزبە هەیە کە زەمانێک ڕێبەری دەکردن لەنێوخۆی وڵاتدا، ببێتە یەک.

***ڕووداو: مادام هێندە گرنگە یەک بگرنەوە، بۆچی یەک ناگرنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** لێکدابڕان و جیابوونەوە زۆر ئاسانە، بەڵام یەکگرتنەوە زۆر زەحمەتترە، ئەوە پرسیاری خەڵکی نێوخۆی وڵاتیشە.

بەخۆشیشەوە فشاری ئەندامانی هەردوولامان لەسەرە، ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت چۆن یەک بگرینەوە، بۆیە بە بەراورد لەگەڵ ٨ ساڵی پێشوو زۆر چووینەتە پێشەوە، لەگەڵ یەکدی دادەنیشین، پەیوەندیمان ئاسایی بووەتەوە.

***ڕووداو: لە چ قۆناغێکی گفتوگۆدان؟***

***خالید عەزیزی:*** لەدوایین دانیشتنی هەردوو دەفتەری سیاسی، زۆر بە ڕاشکاوی باسی کێشەکانمان کرد، باسی ئەو نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەمان کرد کە ئەگەر یەکمانگرتەوە.

***ڕووداو: مستەفا هیجری، سکرتێری حدکا، بە ئێوە دەڵێت هاوڕێیانی پێشوو، وەکو جۆرێک لە دانپێدانەنان بە حدک. ئایا ئەمە ڕێگر نابێت لەبەردەم یەکگرتنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوان پێویستیان بەوە نییە ئێمە ئیعتیراف بەناویان بکەین، ئێمە بەڕێزەوە ناوی ئەوانمان هێناوە. ئێمە بۆ خۆمان ئەو ناوەمان هەڵبژاردووە و بەشێک لە مێژووی ئەوانیشە. ئێستا دوو دانە حیزبی دیموکرات لە ئەمری واقیعدا هەن، بەڵام بۆ ئەوەی لە داهاتوودا یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوو بێت، هەموو لایەک خۆی تێدا ببینێتەوە، میوان و خانەخوێ نەبێت. دەبێ ئەوەمان لا روون بێت وەکو کێ مزاکەرە لەگەڵ یەکدی دەکەین و بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش دەچین. لە ڕوانگەی ئێمەوە بەکارهێنانی دەستەواژەی هاوڕێیانی پێشوو دروست نییە.

***ڕووداو: لە کۆبوونەوەکانتان حەتمەن ڕەشنووسێکتان نووسیوە، لەوێ ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان نووسیوە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە تاوەکو ئێستا هیچ ڕێکەوتنێکمان نەکردووە کە واژۆی هەردوولای لەسەر بێت. هەر کاتێک گەیشتینە ڕێکەوتن قسە لەسەر ئەو بابەتەش دەکەین.

***ڕووداو: ئەگەر لایەنی بەرامبەر سوور بوو لەسەر ناونەهێنانتان لەکاتی گفتوگۆکاندا، ئێوەش ئەوەتان قبوڵ نەکرد، هەست بەوە ناکەن کە لەمپەر دروست دەکەن بۆئەوەی دانوستاندنەکان سەرنەگرن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لە دوایین دانیشتندا بە ڕاشکاوی پێمانگوتن میکانیزمی ئێمە بۆ یەکگرتنەوە ئەوەیە وەکو دوو حیزبی دیموکرات دانوستاندن دەکەین، بەڵام ئەوان ئەمەیان ڕەتکردەوە. گوتیان میکانیزمی ئێمە بۆ گفتوگۆ لەسەر بنەمای کۆنگرەی ١٣ یە. ئێمە گوتمان لاریمان لەوە نییە، بەڵام با چارەسەرێک بدۆزینەوە کە ئەگەر گەڵاڵەنامەی ئێمەتان قبوڵ نییە، با لە هەندێک خاڵی هاوبەش بگەڕێین. ئێمە پێشنیازمان کرد ئەگەر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیشی لەسەرنەبێت، با بڵێین دیموکراتەکان، با بڵێین هەردوو باڵی دیموکرات، واتە میکانیزمێک ببینینەوە

هەردوولا خۆی تێدا ببیننەوە.

***ڕووداو: هۆکاری دوولەتبوونی دیموکرات لە کۆنگرەی ١٣ دا فیکری بوو، یان کورسی و دەسەڵات بوو؟***

**خالید عەزیزی:** زۆر بە ڕاشکاوی هۆکارەکە لەسەر ئیدارەی حیزب بوو، هیچ کێشەیەکی فیکری و سیاسی و ستراتیژی و بەرنامەییمان نەبوو.

***ڕووداو: میکانیزمی جددی چییە کە حیزبی دیموکرات دوای یەکگرتنەوەی جارێکی دیکە دوولەت نەبێتەوە؟***

**خالید عەزیزی:** باشترین شێوەکار ئەوەیە کە ئێمە کۆبوونەوەی هاوبەشمان بە یەکەوە زۆر بێت، لێکیبدەینەوە کە ئێمە لەو لەتبوونە زەرەرێکی زۆرمان کردووە. دەبێت هەردوولا ڕعایەتی یەکدی بکەن، مێژووی هاوبەشی ئەو هەشت ساڵەی لە یەکدی جیابووینەتەوە، تەوافوقمان لەسەری هەبێت.

***ڕووداو: لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هەردوو حیزبدا هەیە، بەڵام ئێمە لە ڕابردوودا شایەتی دوو تێڕوانینی جیاواز بووین لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێران، ئێوە لەگەڵ بایکۆتی هەڵبژاردن نەبوون، حدکا لەگەڵی بوو، لە مەسەلەی دانوستاندنیش ئێوە لەگەڵی بوون، بەڵام لایەنی بەرامبەرتان لەگەڵی نەبوو؟ هەست ناکەن ئەوانە خاڵی جەوهەرین کە زۆر بەئاسانی ناتوانن لەسەری پێکبێن؟***

**خالید عەزیزی:** من ئەوانە بە ڕێگر نابینم، تەنانەت هەردوولاشمان کە دانیشتووین و لەسەر ئەمانە قسەمان دەکرد، بۆچوونی سیاسی لەسەر هەڵبژاردن لەسەر وتوویژ لەگەڵ ئێران، ڕێگر نییە. لە کۆنگرەکانی حیزب لە کۆنفرانسەکان و پلینیۆمەکانی ئێمە ئەو باسانە قەت بڤە نەبوون.

***ڕووداو: چ هێڵێکی سوورتان هەیە بۆ لایەنی بەرامبەر لەکاتی گفتوگۆکان؟***

**خالید عەزیزی:** ئێمە هێڵی سوورمان نییە، تەنیا هێڵێک کە هەمانە ئەوەیە لەو پرۆسەیە هیچ کەسێک مەحروم نەبێت.

***ڕووداو: لە نێو حدکا دوو ئاراستە هەیە، یەکێکیان لەگەڵ یەکگرتنەوەیە، یەکێکیشیان دژە، لە نێو ئێوەشدا ئەو دوو ئاراستەیە هەیە؟***

**خالید عەزیزی:** بەڵێ هەیە، ئاراستەیەک لەگەڵیدا نییە، نیگەرانە و پێیانوایە لایەنی بەرامبەرمان نەگۆڕاون، پێیوایە لەو یەکگرتنەوەیە لایەک براوە دەبێت و لایەک دۆڕاو، بەڵام ئەم شێوە بیرکردنەوەیە دروست نییە. لە هەردوولا خەڵکانێک

هەن لەگەڵ ئەوە نین یەکبگرینەوە.

***ڕووداو: قەت دەتوانیت بیهێنیتە پێش چاوی خۆت لە حیزبێکدا نیش بکەی مستەفا هیجری سکرتێری ئەو حیزبە بێت؟***

***خالید عەزیزی:*** بەلامەوە زۆر ئاساییە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنگرەیەکدا جا لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، یەک بگرنەوە.

***ڕووداو: برادەرانی حدکا دەڵێن کاک خالید عەزیزی ڕەنگە بیەوێت یەکگرتنەوە ڕووبدات، بەڵام لە ڕاستیدا سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هێشتا عەبدوڵڵا حەسەن زادەیە، نەک خالید عەزیزی؟***

***خالید عەزیزی:*** هیچ سەیر نییە ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ، بەڵام ئێمە لە ڕەسمیات کار دەکەین. من وەکو سکرتێری ئەو حیزبە هەڵبژێردراوم، بەڵام من لەو باوەڕەدام بۆ کەسانی وەکو مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کاک جەلیل گادانی، کاک حەسەن شەڕەفی، کاک حەسەن ڕەستگار و حوسێنی مەدەنی و کاک مستەفا هیجری کە هەموو ئەوانە بە یەکەوە تەمەنێکیان لە نێو ئەو حیزبەدا بەسەربردووە، دەبێت ڕێزیان بۆ دابنێم. جا بۆیە ئەو خوێندنەوە لە جێگەی خۆیدا نییە. نەخێر بڕیارەکانی حیزب کۆمیتەی مەرکەزی و دەفتەری سیاسی دەیدات.

***ڕووداو: کەواتە کە دەڵێن عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سکرتێری سێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانە، ئێوە ڕەتیدەکەنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** بە تەواوی نادروستە و لە جێی خۆیدا نییە.

***ڕووداو: کێ نێوانگیریتان دەکات؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێستا پەیوەندیمان خۆشە و کەس نێوانگیریمان ناکات، بەڵام دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە دانیشتنی هەردوولامان لەسەرەتا بە هەوڵی کونسولی فەرەنسا بوو.

***ڕووداو: دەڵێن پارتی و یەکێتی ڕۆڵیان هەبووە لەو دوولەتبوونە، ئێستا ڕۆڵیان هەیە لەو یەکگرتنەوەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوان نە ڕۆڵیان هەبووە لە دوولەتبوونی ئێمە، نە ئێمەش چاوەڕێ دەکەین ئەوان بێنە نێوانمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو نێت - ڕێکەوتی: ٢٨ی فێبریویری ٢٠١٥

## وتووێژی سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزرووەر"، "میدیڵ ئیست ترانسپارەنت"و "الجریدە" لەگەڵ سکرتێری گشتیی ح د ک




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ سێ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بیروت ئوبزروەر" چاپی لوبنان، "الجریدە" چاپی کۆوەیتو میدیڵ ئیست ترانسپارەنت کە لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو دەبێتەوە، تاوتوێی دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە ئێران، ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی کردوە.

لەو وتووێژانەدا کە هاوکات لەو سێ ڕۆژنامەیەدا بڵاو بوونەتەوە، پرسی خەباتی کورد لە ئێران، نەخۆشیی خامنەییو جێگرتنەوەی ناوبراو، ئێرانو داعش، هۆکارەکانی پشتیوانیی ئێران لە بەشار ئەسەدو مەبەستی ئێران لە دەستێوەردانی لە وڵاتانی یەمەن، بەحرەین، لوبنانو فەلەستین لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتۆتە بەرباس.

***پرسیار: حەشیمەتی کورد لە ئێران چەندە؟***

***خالید عەزیزی:*** لەبەر ئەوەی ئامارە ڕەسمییەکان لە ئێران بە گوێرەی پێناسەی قەومی نین و زۆرتر بە پێی تەقسیماتی ئوستانی و شارستانی دەکرێن، زۆر زەحمەتە ڕەقەمێکی دەقیق بڵێم، بەڵام بەپێی لێکدانەوەی شارەزایان حەشیمەتی کورد لە ئێران ١٠ تا ١٢ میلیۆن دەبێ.

***پرسیار: د.قاسملۆو چۆن تێرۆر کرا و کێ لە پشتی تێرۆری ئەو دابوو؟***

***خالید عەزیزی:*** کۆماری ئیسلامیی ئێران د. قاسملووی ڕێبەری پێشووتری حیزبی دێموکراتی لە ١٣ی ژووئیەی ساڵی ١٩٨٩ لە وییەن پێتەختی ئۆتریش لە کاتی وتووێژدا تیرۆر کرد.

***پرسیار: کێ د.شەرەفکەندی تیرۆر کرد؟ ئایا حیزبوڵڵای لوبنان بەشداری ئەو تیرۆرەبوو؟***

***خالید عەزیزی:*** کۆماری ئیسلامیی ئێران د. شەرەفکەندیی کە دوای د. قاسملوو ببوو بە ڕێبەری حیزبی دێموکرات لە١٧ی سێپتامری ساڵی ١٩٩٢دا لە بێرلین پایتەختی ئەڵمان لە ڕێستووڕانی میکۆنووس تێرۆر کرد. بە پێی لێکۆڵینەوەکانی دادگای میکۆنووس چەند عەرەبی لوبنانییش لەو کردەوە تێرۆریستیییەدا بەشدار بوون.

***پرسیار: کوردی ئێران بۆچی خەبات دەکەن؟ ئایا بۆ ئازادی خۆیان خەبات دەکەن یان بۆ فیدرالیزم؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە ئێران بە دوای مافە نەتەوایەتییەکانی خۆماندا دەگەڕێین و هەوڵ و خەباتیشمان بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانەیە. ئێمە پێمان وایە بۆ ئێران کە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە فێدرالیزم باشترین ڕێگاچارەی مەسەلەی نەتەوایەتییە. بە گوێرەی پرۆژەی ئێمە دەسەڵات هەمووی لە تاران کۆ نابێتەوە و ئێران دیسانترالیزە دەکرێ و بەشێک لە دەسەڵات بۆ گەلانی پێکهێنەر حەشیمەتی ئێران لە ناوچەکانی خۆیاندا دەبێ. بەو جۆرە تەنەووعاتی قەومی و مەزهەبی لە ئێران بە یەکەوە لە دەسەڵاتدا بەشدار دەبن و لەگەڵ یەکتر ئێران ئیدارە دەکەن.

***پرسیار: ئایا ئێران بەرو ئەوە دەڕوا کە ببێت بە بەشێک لە وڵاتانی خاوەن ئەتۆم؟***

***خالید عەزیزی:*** مەبەستی ئێران ئەوەیە وەک دەسەڵاتی سەرەکیی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست تەعامول لەگەڵ وڵاتانی ئەو ناوچەیە و جیهان بکات. ستراتێژیی ئێران ئەوەیە کەئەو مەبەستە بکا بە ئەمری واقیع. ئێران دەیەوێ لە هەموو ئاستێکی ئەمنیەتی، سیاسی، سەربازیو تەنانەت ئەتومییشدا جێگەو پێگەو باڵادەستیی خۆی لە ناوچەکەدا سەقامگیر بکا.

***پرسیار: پێت وایە کێ جێگەی خامنەیی دەگرێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** بۆ من زۆر زەحمەتە ئێستا قەزاوەت بکەم کە کێ لە داهاتوودا جێگەی خامەنەیی دەگرێتەوە. بەڵام بێگومان کۆمەڵگای ئێران ئەوەندە لە ئاڵوگۆردایە کە جێگرەوەی خامەنەیی نە تەنیا مەوقعییەتی خومەینی و خامەنەیی نابێ، بەڵکوو لەگەڵ گیروگرفت و موشکلاتی زۆرتریش بەرەوڕوو دەبێ.

***پرسیار: جوڵانەوەی سەوز چی بەسەر هات؟ ئایا کورد بەشێک لەو ڕەوتە بوون؟ پێت وایە لە داهاتودا چی دیکە ڕوو دەدا؟***

***خالید عەزیزی:*** بزووتنەوەی سەوز بەرهەمی ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و دەسکاریی ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری پێشوو بوو. هەرچەند ئەو بزووتنەوەیە زۆر زوو سەرکوت کرا، بەڵام نەتەنیا لە ناڕەزایەتیی خەڵکی کەم

نەکردەوە بەڵکوو زیاتریشی کردوە، کێشەی نێوخۆیی باڵەکانی نێو دەسەڵاتی ئێران نیشانەیەکە لەو ڕاستییە. بۆیە نارەزایەتی و بزووتنەوەی خەڵکی ئێران بەردەوام دەچێتە پێش و ڕەنگە بە دەرسوەرگرتن لە ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو شێوە و شکڵی دیکە بە خۆوە بگرێ. کورد لە ئێران لە ڕیزی پێشەوەی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیو بۆ دابینکردنی ئازادیو دێموکراسی بووە، بۆیە هەمیشە بەشێک بووە لە هەوڵی ئاڵوگۆرخوازی و سەقامگیرکردنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە ئێرانو حکوومەتێک مەسئوول لە ناوچەکەدا.

**پرسیار: ئایا ئێران لەگەڵ داعیش دایە، یان لە دژی داعیشە؟**

**خالید عەزیزی:** مادام ستراتێژیی ئێران شێواندن و نائەمنکردنی ناوچەکەیە، بێگومان ئێران لە کێشەکانی نێوان پەیڕەوانی دوو مەزهەبی سوننە و شیعە کەڵک وەردەگرێ و لەو پێوەندییەدا سەرهەڵدانی داعش دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێ بۆ ئێران و تەنانەت کەڵکیشی لێوەرگرێ و بە پێی بەرژەوەندیی خۆی تەنزیمی عیلاقات لەگەڵ داعش دەکات، ئەوە بەو مانایەیە کە ئێران دەتوانێ هەم لە دژی بێت و هەمیش لەگەڵی بێت.

**پرسیار: بۆچی ئێران پشتیوانی لە ئەسەد دەکات؟ ئایا لە وتوێژەکانی کێشەی ناوەکی مامەڵە بە سوریە دەکات؟**

**خالید عەزیزی:** ڕێژیمی ئەسەد ڕێک لە چوارچێوەی ستراتێژیی ئەمنییەتی و بەرژەوەندیی ئێران لە ناوچەکەدا کار دەکات. چارەسەربوونی کێشەی ئەتۆمیی ئێران بەو مانایە نیە کە ئێران واز لە ستراتێژیی ئەمنییەتیی خۆی و هەوڵی دەستتێوەردانی کاروباری وڵاتانی ناوچەکە دێنێ. بۆیە بە باوەڕی من پرۆژەکانی ئێران لە ناوچەکەدا دوای ڕێککەوتن لە سەر کێشەی ئەتۆمییش بەردەوام دەبن و تەنیا بە گۆڕانی ئەو ڕێژیمە دەتوانین هیوادار بین کە سیاسەتی ئێران لە ناوچەکەدا گۆڕانی بەسەردا بێ.

**ئێران لە عێراق، یەمەن، لوبنان و فەلەستین بە دوای چیدا دەگەڕێ؟**

**خالید عەزیزی:** ئێران بە نائەمنکردنی عێراق، سووریە، لوبنان، یەمەن، فەلەستین و لە سەریەک وڵاتانی ناوچەکەو بە دروستکردنی کێشەو گیروگرفت و شەڕی نێوخۆیی دەیەوێ ئەو وڵاتانە ئەوەندە مەشغووڵ بکا کە هەم کێشەکانی وڵاتەکەی خۆی داپۆشێ و هەمیش خۆی بکات بە فاکتۆری بڕیاردەر لە سەر داهاتووی ئەو ناوچەیە.

**پرسیار: پێت وایە سروشتی پێوەندێکانی تورکیە و ئێران چۆنە؟**

**خالید عەزیزی:** عیلاقاتی تورکیە و ئێران تا ڕادەیەک دەبێ بەوە لێک بدەینەوە کە ئێران دەیەوێ وەک ئیمپراتۆریی شیعە

بەرقەرار بکاو تورکیە دەیەوێ مودیرییەتی خوێندنەوەیەکی تازە لە ئیسلامی سوننە بکات. هەرچەند ئەمانە وەک دوو وڵات عیلاقاتی دیپلۆماسییان لەگەڵ یەکتر نۆرماڵە بەڵام لە خانەی ئەمنیەتی و کێشەکانی ناوچەکەدا دوو سیاسەتی لێکجیا و تەنانەت دژبەیەکیان هەیە.

***پرسیار: ئایا ئێوە ئێستاش پێشمەرگەتان هەیە؟ لە بەرنامەتان هەیە کە دیسان شەڕی چەکداری دەست پێ بکەنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** تا ئەوکاتە کورد لە ئێران بە مافەکانی نەگەیشتوە پێشمەرگە هەر دەمێنێ‌و هەر دەبێ بشمێنێ. حیزبی دێموکرات ئێستاش هێزی پێشمەرگەی هەیە و هەر کاتێک هەست بەوە بکەین کە پێویستەو گونجاوە هێزی پێشمەرگە لە بواری نیزامیدا چالاک بێتەوە ئێمە ئەو هێزە وەکار دەخەین. بەڵام ئێستا بە لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێک فاکتۆری نێوخۆیی و ناوچەیی پێوەندیدار بە کێشەی کورد بەگشتی خەباتی چەکداریمان ڕاگرتوە.

***پرسیار: چاوەڕوانی تۆ لە دونیای عەرەب چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخوازەو لە ئێرانیش کورد لەلایەک بە سوننە و شیعەوە مافە نەتەوایەتییەکانی پێشێل دەکرێن و لەلای دیکەش ئەو بەشەی کورد کە سوننین لە لایەن ڕێژیمی شیعەی تارانەوە سەرکوت و تەحقیری مەزهەبی دەکرێن. وڵاتانی عەرەبی پێویستە کورد وەک فاکتۆرێکی کاریگەری گۆڕەپانی سیاسیی ئێران چاو لێبکەن و پشتیوانی لە وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی کوردی ئێران و بەگشتی لە خەبات بۆ سەرکەوتنی دێموکراسی و دامەزراندنی حکومەتێکی وەڵامدەرەوە بۆ نێوخۆی ئێران و مەسئوول بەرامبەر بە ئاشتی‌و ئاسایشی ناوچەکە بکەن. بەهێزبوونی کورد یارمەتیدەری سەقامگیر بوونی ئەمنییەت و ئاسایش لە ناوچەکەدا دەبێت.

***پرسیار: پەیامت بۆ کوردەکانی ئێران چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** پەیامی ئێمە بۆ کوردو بۆ هەموو ئێرانییەکان ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەک تەنیا مافە نەتەوایەتییەکانی ئێمەی کورد پێشێل دەکا، بەڵکوو ڕێز بۆ مافی نەتەوایەتیی گەلانی دیکەی ئێران وەک عەرەب و بەلووچ و ئازەری و تورکمەن‌و هەروەها مافی مەزهەبیی سوننی‌مەزهەبەکانیش دانانێ. بۆیە هەمووی ئەو لایەنە بێ‌ماف و بەشخوراوانە دەبێ بە یەکەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانمان خەبات بکەین و بۆ ئەمەبەستەش یەکیەتی‌و هاوخەباتییەکی پتەو لەنێو خۆیاندا پێک بێنن. حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە بۆ دروستکردنی بەستەر و زەمینەی هاوکاریی هەموو ئەو لایەنانە دەستپێشخەر بووە و لەمەودواش لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام دەبێ.

ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٥

## وتووێژی تایبەتی «کورد کاناڵ» لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان




**لەسەر پرسی دێموکراتەکان و داهاتووی حیزبی دێموکرات.**

***پرسیار: لە پەیامە نەورۆزییەکەی دا، جەنابت زۆر گرینگیت بەو بەشە لە پەیامەکەت دا کە تایبەت بوو بە داهاتووی حیزبی دێموکرات و ئاماژەت بەوە کرد کە لە ساڵی ۱۳۹۴دا حیزبی دێموکرات جێژنی ۷۰ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ و، ڕوو بە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کۆمەڵە چاوەڕوانییەکت باس کرد. گرنگیی ئەم پەیامەی جەنابت و هۆکاری ئەوەی جەنابت لە دەسپێکی ساڵی نوێدا ئەم باسەت وروژاند، چیە؟***

**وەڵام:** گرینگییەکەی لەوەدایە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەم حیزب بووە کە بە شێوەی مۆدێرن لەنێو جوڵانەوەی کورددا دامەزراوە. یەکەم حیزب بوو کە ئیفتیخاری ئەوەی پێبڕا یەکەم کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یەکەم حیزب بوو کە لەودا سەرۆک کۆماری کوردستان، یەکەم سەرۆک کۆمار سەرۆکی حیزبی دێموکراتیش بوو. ئەوەندەی ئاوڕ لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەدەیەوە، لە هێما نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، لە کۆمارەوە بگرە هەتا ئاڵا، هەتا ناوی پێشمەرگە، هەتا دروستکردنی ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی، بەشێکی زۆری حیزبی دێموکرات کاری بۆ کردووە و پێیەوە ماندوو بووە و هێناوییەتە مەیدانی خەباتی سیاسی و تێکۆشان، و ئەو حیزبە ئیفتخاری خەڵکێکی زۆر بووە کە تێیدا لە خەبات و تێکۆشان، بەشدار بوون. بەشێک زیندانییان لەسەر چێشتووە، بنەماڵەیەکی زۆر شەهیدیان بۆ داوە و خەڵکێکی زۆر لێی فێر بوون، هەر بۆیە ئێعتبارێکی جەماوەری بەهێزی هەیە لەنێو کۆمەلانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە خۆشییەوە واشی سیاسەت کردووە بە بەراوەرد لەگەڵ زۆر لایەنی دیکە، ڕاستییەکەی گلەیی کەممان لەسەرە. بەڵام ئەو حیزبە بە هەموو ئیفتخاراتی خۆی، لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان و قوربانییەکانی ئەگەر تۆ ئاوڕ دەدەیەوە بەتایبەت بە مێژووی پەنجا ساڵی ئەخیردا، لەنێو خۆماندا حیزبێکی پڕموشکیلە بووین، حیزبێکی پڕ کێشە بووین، حیزبێک بووین ئینشیعاب و لێکدابڕان و لەگەڵ یەک نەحەوانەوە و لەتبوون و کێشەیەکی زۆری نێوخۆییمان بووە و، جاروبار بەداخەوە چەندوچۆنی ئەو کێشانە، لە زمانی کەسایەتییەکانی حیزبی دێموکراتیش وای باس کراوە ڕەنگە زۆر کەس کە تەمەنێکی

زۆری لە حیزبی دێموکراتیش تێپەڕ کردووە، ئەو جێگایەی پێویستە لە حیزبایەتی پێی بدەن، پێی نەدراوە. بەلام ئەوەی بەلای منەوە گرینگە کە لە پەیامە نەورۆزییەکەشدا ئاماژەم پێدا، ئەوەیە؛ بۆ ئێمە وەک حیزبی دێمۆکرات، هەر دوو لای دێموکرات و ئەندامانی دێموکرات لە هەر دوو بەشەوە، کە بەرەو یادی حەفتا ساڵەی خۆمان دەچین، ئەگەر خەڵکیش پرسیارمان لێنەکا ئەدی لەو حەفتا ساڵەدا چتان کردووە، چۆنتان سیاسەت کردووە، چۆن کێشەکانتان چارەسەر کردووە، چۆن لە سەردەمی ئێستادا کە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست نازانین چی لێدێتەوە، سیناریۆی ناڕوون زۆر ڕوودەدا، هەر ڕۆژێ شتێک دێتە پێشێ، ئەی چۆن وڵامی ئەوانە دەدەنەوە لە داهاتوودا، حەق وایە ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو بەش بڵێین ئەرێ ئێمە ئەو حیزبە چۆن تەیار دەکەین، چۆنی ئامادە دەکەین کە وڵامدەری ڕوداوەکان لە ناوچەکە و ئینتزاراتی کۆمەڵانی خەڵک لەنێو خۆی وڵات بێ. بەو دەلیلە لەڕوانگەی منەوە زۆر گرینگە، زۆر موهیمە لە یادی حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا ئێمە چۆن لە خەبات و تێکۆشان شەهامەتمان بووە، ئێمە تەنانەت ڕێبەرانی خۆمان لەو مەیدانەدا لەدەست داوە، لە پێداچوونەوە بە خۆمان، لە ئاماژەدان بە هەڵە و ئیشتیباکانمان، لە دەستنیشان کردنی کەموکوڕییەکانمان، لە ئاماژەدان بەو شوێنانەی کە ئێمە بە کارو کردەوەی خۆمان هۆیەک بووینە بۆ ئەوەی کە حیزبی دێموکرات وەحدەتی تێدا نەبێ یان نەمانتوانیوە بەیەکەوە کار بکەین، بە ئاماژە بەوانە وردەوردە دوای حەفتا ساڵ، حیزبی دێموکرات بەرەو ئەوە ئامادە بکەین کە وڵامدەری ئەو ئینتزاراتە بێ و لەو پەیوەندییەدا ئەوەی بەلای منو بەلای ڕێبەریی ئێمەوە گرنگ بوو، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەک بوو بۆ چارەسەریی کێشەی دێموکراتەکان.

***پرسیار: لە حالێکدا جەنابت ئەو چاوەڕوانییانە لەلای ئەندامانی هەر دوو لای دێموکرات ساز دەکەی و باس لە چاوەڕوانیی خەڵک دەکەی، ئێستا نزیک بە هەشت ساڵە حیزبی دێموکرات لێکدابڕانی تێدا ڕووی داوە و ئێستا دوو دێموکرات هەیە و ئێوە زیاتر لە سێ ساڵە لە دیالۆگ و وتوویژ دان بۆ چارەسەری ئەم گرفتە. تا ئێستا چتان کردووە و بە چ ئاکامێک گەیشتوون؟***

***وەڵام:*** وڵامی یەکەمی پرسیارەکەی جەنابت ئەوەیە کە تا ئەو لەحزەیەی لێرە لەگەڵیەک دانیشتووین، دەکرێ بڵێم بەداخەوە ئێستا بە بونبەست گەیشتووین. لە ڕوانگەی منەوە لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئەو بەشەی کە کاک مستەفا هیجری سکرتێرییەتی، ئەوان بە بونبەستیان گەیاندووە. جا ئەمن تێدەکۆشم بچمە نێو تەفاسیل و جوزئیاتی ئەوەی بۆ ئاوای لێهات. ئێمە چمان کردووە، ئەوان چۆنیان وڵام داوەتەوە، ئێمە چۆنمان هەوڵ داوە، چ جوابێکمان لەوان وەرگرتۆتەوە، ئێمە چ گەلاڵەیەکمان هێناوە، ئەوان چیان کردووە و بۆچی ئاوای لێهات.

پێشەکی لەتبوون و ئینشیعاب، لێک جیابوونەوە، هەرچییەکی بێ، لە مەرحەلەیەکدا کە پێکەوە کار ناکرێ، وای لێدێ، لێک جودا دەبنەوە. قەتعەن وەسەریەک کەوتنەوە زەحمەتترە. لێکدابڕان ئاسانترە، ئەو لایەنەی هەوڵ دەدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە، دەبێ ئەو ئیستیعداد و ئامادەگییە لەخۆیدا پێک بێنێ کە گوزەشتی زۆر بێ. کە کاتێک بیر لە ڕێگەچارە دەکاتەوە، زۆر خۆی چەقبەستوو نەبینێ لە کێشە مێژووییەکاندا. زۆرتر ئەو یەکگرتنەوەیە وا چاو لێ بکا، زەرورەتێکە بۆ

داهاتوو و جیددیش بۆی بچێ. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەدا کارمان کردووە کە ڕێگەچارەیەک ببینینەوە. پاش ئەوەی کە ڕەوابیتی هەردوولا عاددی بۆوە، ئیدی وردەوردە زەمینەی ئەوە دروست دەبوو کە ئێمە بتوانین لەگەڵ یەک دابنیشین و موزاکرە بکەین. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا من لێرە ئاماژەیان پێدەکەم، زۆربەی زۆری ئیبتیکارەکان لەلایەنی ئێمەوە بووە. سێ جار من بۆ خۆم هەوڵم داوە، لە دەرگای ئەم و ئەوم داوە، بۆ ئەوەی قەناعەت بە کاک مستەفای هیجری بێنم بەیەکەوە دابنیشین بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک. جاری یەکەم داوام لە دۆستێک کرد هەردوولامان میوانی بووین. لەوێدا باسێکی زۆرمان کرد، ئەو کێشانە لە ڕابردوودا هەرچییەکی بووە، سیاسەت کێشەی تێدا هەیە، لێکدابڕان هەیە، بەڵام ئێستا با ئامادە بین حەللێک ببینینەوە. پاش ماوەیەکی دیکە کونسوڵی فەڕەنسا سەردانی ئێمەی کرد، میوانی ئێمە بوو، بە حوکمی ئەوەی دۆستی دێموکراتە، لە قەدیمەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە هەبووە. ئەوەش بەشێکی بەرهەمی کار و تێکۆشانی دیپلۆماسیی دوکتور قاسملووی نەمرە لە پاریس، ئەو داوای کرد کە چۆنە ئەمن دەعوەتتان بکەم بەیەکەوە دابنیشن. گوتم جا دۆستێکی وەک ئێوە داوا لە دێموکرات بکا، قەت ناڵێین نا. لەگەڵ کاک مستەفا هیجریش پێوەندی گیرا، لە کونسوڵی فەڕەنسا دانیشتین. لەوێدا کە ئەو بەعسانەمان کردەوە، هەر دوو لامان هاتینە سەر ئەو قەناعەتە کە بەڵێ بەدوای ئەوەدا دەڕۆین کاری لەسەر دەکەین وتوویژ و گفتوگۆ بکەین و چارەسەری بکەین. تەنانەت کونسوڵی فەڕەنسا گوتی ئەگەر ناشتوانن یەک بگرنەوە، وەک دوو حیزب کار بکەن. گوتمان نا، ستراتیژی ئێمە یەکگرتنەوەیە. بۆ یەکگرتنەوە کار دەکەین. گوتی زۆر باشە. بەدوای ئەوەدا کۆمەڵێک دانیشتن و موزاکرات هاتەگۆڕێ. ئێمە گەڵاڵەیەکمان ئامادە کرد. گەڵاڵەی ئێمەدا باس لەهەر دوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکا، ئێمە گەڵاڵەکەی خۆمان کە نەتیجەی گفتوگۆ و موزاکرە لە کۆمیتەی مەرکەزی و ڕیزەکانی خۆمان و مەشوەرەت لەگەڵ ئەندامانی خۆمان و چەندین جار پێداچوونەوە و قسە لەسەرکردن بوو، هێنامانە پلێنۆم، لە پلێنۆمدا پەسەند کرا، پلێنۆم دایەوە بە دەفتەری سیاسی، دەفتەری سیاسیش پێشکەش بەو هاوڕێیانەی کرد. ئینتزارمان دەکرد ئەوان ئەو گەڵاڵەی ئێمە وڵام بدەنەوە. سەرەنجام کە داوامان لێ کردن، ئەوان بەشێوەی شەفایی گوتیان ئێمە موافقی ئەو گەڵاڵەیە نین. گوتمان باشە بە کەتبی وڵاممان بدەنەوە، موافقی چن بینووسن، بڵێن ئەو بەشە لە گەڵاڵەکەمان قبووڵە، ئەو بەشەمان قبووڵ نیە. لێرە خاڵی هاوبەشە، لێرە ناکرێ سازشی لەسەر بکەین، لێرە دەکرێ سازشی لەسەر بکەین، بەسوڕەتی کەتبی هیچ وڵامێکی ئێمەیان نەدایەوە. دیسانەکە ئێمە خەبەرمان لێ ناردنەوە، ئێوە گەلاڵەی خۆتان بنووسنەوە بۆمان بێنن. جارێک هەروا شەفایی کە هاتبوون، گەڵاڵەیەک کە تەوافقی تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو بوو، ئەویان هێنابوو. لەحاڵێکدا ئێمە هەردوو لامان پێمانوابوو کە تێکەڵبوونەوەکەی پێشوو نەقسی هەبووە، کامیل نەبووە، هەردوولا باش موتەعەهید نەبوون، بەباشی ڕووحی یەکگرتنەوە بەسەر دروستکردنەوەی ئەو وەختی حیزبی دێموکراتدا زاڵ نەبووە، دوایە ئەو کێشانە هەر ئیدامەی پەیدا کردووە، لە حەددی خۆیدا بە شێوەیەک زەمینەی بۆ کێشەکانی کۆنگرەی سێزدەش دروست کردووە، دەی باشە گەلاڵەیەک کە مووەفەق نەبووە، چۆن دەتوانێ ببێ بە ڕێگاچارە. بەهەرحاڵ پاش ماوەیەکی دیکە ئەوان هەر وڵامیان نەبوو. ئێمە بۆخۆمان لە دەفتەری سیاسی باسمان کرد لەو دواییاندا کە حەللێک ببینینەوە. داوایان لێ بکەین بە شەفاییش بێ قسەی خۆیان بکەن. دەنا لەڕاستیدا ئەوان لەلایەن خۆیانەوە

شتەکەیان کۆتایی پێهێنابوو. نە خەبەریان لێ دەناردینەوە، نە داوایان دەکرد، نە دەیانەویست لەسەر گەلاڵەیەک قسە بکەن. وابوو دەفتەری سیاسی داوای لە من کرد کە بۆ جاری سێهەم ئەوجار، چونکە جارەکانی پێشووش هەردووک جارەکان ئەمن ئیبتیکاری تەماس گرتن لەگەڵ کاک مستەفای هیجریم کردبوو کە بەیەکەوە دابنیشین حەللێک ببینینەوە. ئەمجارەش داوام لە کاک مستەفا کرد کەبەیەکەوە دابنیشین، با ئەو شتە بە بونبەست نەگا، لە مەرحەلەیەکی دیکە دەست پێبکەینەوە، ئەمن گوێت دەدەمێ، دووبەدوو قسەی لەسەر دەکەین، چۆن دەتوانین مودیرییەتی دەفتەری سیاسی هەردوولا بکەین بۆ گەیشتن بە چارەسەرێک. ئێمە کە دانیشتین دەوری سێ چوار مانگ پێش ئێستا بوو. گلەییم لێکرد گوتم ئێوە ئەو گەلاڵەیەتان قبووڵ نەکرد، دەبا وڵامێکتان دابایەوە، دەی باشە ئەو گەلاڵەی ئێستاش لای کومیتە مەرکەزی ئێمە ماوەتەوە، ئەو گەلاڵەیە وەلا دەنێین، بزانم حەللەکەی ئێوە چیە. من چەند پێشنەهادم پێکرد. لە سیاسەت و لە کێشەی حیزبەکاندا زۆرجار باسی ئەوە دەکرێ کە شەڕ لەسەر دەسەڵاتە، تەبیعیشە لە دەسەڵاتدا شەڕی دەسەڵات هەیە، من هەر لەو پێوەندییەدا بۆوەی من کۆمەکم کردبێ بەوەی کە حیزبی دێموکرات وەسەریەک کەوتبێتەوە، قەتعەن کاتێک باسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات دەکرێ، دەڵێن ئەدی خالیدی عەزیزی سکرتێر دەبێ یان مستەفای هیجری، کێهەیان سکرتێر دەبێ، لە پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتدا کە هەردوولامان دەمانەوێ هەردوولای حیزبی دێموکرات وەسەریەک خەینەوە بچینە کۆنگرەی حیزبێکی واحید، هەتا کۆنگرە جەنابت سکرتێری هاوبەشمانی، ئەمنیش لە خزمەت ئەو حیزبەدا دەبم لە هەر شوێنێک کارم پێبسپێرێ. ئەوە بە نیسبەت خۆمەوە، ئەووەڵ کەس من لەخۆمەوە دەست پێدەکەم. دوایەش ئێوە حەساسییەتێکی بێجێ و نادروستتان لەسەر ناو هێناوەتە گۆڕێ، ناوی ئێمە و ناوی ئێوە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکراتە، ئینکار ناکرێ. بەڵام بۆوەیکە دیسان ئێمە ئیمتیازێکی دیکەش بدەین، شانسێکی دیکەش بدەین بە ئێوە، چۆن من بۆ خۆم شانسێک دەدەم بە تۆ، لەو پەیوەندییەدا لە دەورانی سکرتێریی جەنابت حیزبی دێموکرات لەت بوو، ئەوە من موددەعی پۆستی سکرتێری نیم ئەوە جەنابت دەبی بە سکرتێر، لێرە شانسێکی دیکەش دەدەین بە یەکگرتنەوەی ئەو حیزبە، ئێمە ئامادەین لەژێر نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆ ئێمە هێڵی سوور نیە، لە کۆنگرەی سێزدە کە ئێمە و ئێوە دەنگمان پێداوە، ئەو دەکەین بە مەبنا، بەڵام مەجموعەیەک ژێرمەجموعەی دەبێ، مەجموعەیەک میکانیزمی دەبێ، قەیناکا با ئەوەش ئاوا بێ. گوتی دەی زۆر باشە هەردووک لامان دەیبەینە دەفتەری سیاسی. لەو دانیشتنەدا لای خۆم من وام تەسەوور دەکرد ئێمە هەنگاوێکی زۆر ڕۆیشتووینە، هەر ماوەتەوە لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی لێ بکەین و وردەوردە بەدوای وردەکارییەکانی ئەوەدا بڕۆین تا چووین لەگەڵ ئەواندا کۆبوونەوەیەکی دەفتەری سیاسیمان کرد.

***پرسیار: کاک خالید، دوای ئەو هەیئەتانەی پێکەوە موزاکرەیان دەکرد، دواتر گەشبینیەک دروست بوو کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی هەردوولا پیکەوە دادەنیشتن و تەنانەت بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە مساحیبەیەکدا باسی ئەوەی کرد چاوەڕوانی هاتنەوەی جەنابتن کە ئەوکات بە سەفەرێک لە ئورووپا بووی، ئەوە کە دێیەوە و تەنانەت ئەو گەشبینیەی بە خەڵک دا کە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر بووە و چاوەڕوانی ئەوەین کە بەڕێز کاک خالید بێتەوە . دوای ئەوەی ئێوە دانیشتن لە دەفتەری سیاسی، بەڵام تا ئێستاش هیچ ئاکامێک دیار نیە، ئەو دانیشتنە بەکوێ گەیشت؟***

**وەڵام**: بەڵێ من و کاک مستەفا کە لەگەڵ یەک دانیشتین، هەردووک لامان، لانیکەم ئەمن بۆخۆم خوێندنەوەکەم وابوو کە بەو ڕوحیاتەوە دەچینە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی هەدرووڵا و لەوێدا دەفتەری سیاسی هەردوولا و هەیئەتەکانمان ئەرکدار دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەوە. لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی کە ئەو مەوزووعە باس کرا، گوتمان کۆمەڵێک میکانیزم دەتوانێ کۆمەک بەوە بکا. ئێمە کە گوتمان ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هێڵی سوور نیە، نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بۆ ئێوە هێڵی سوور نیە، بەڵام هیچ ئیشکالی نیە دەڵێین نێوەکە نێوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، با بزانین ئێستا ئێمە کێ تێکەڵ دەکەینەوە، ئەو خەڵکە کێیە. چۆن بەرەو ئەوە بڕۆین لە ئیشتباهاتی پێشوو دەرس وەربگرین. بنەمای یەکگرتنەوەیەک دابنێین کە نیگەرانیەکانی هەردووک لامان بەرتەرەف بێ و دوایە بە دڕدۆنگی لەگەڵ یەک کار نەکەین. ئێمە پێشنەهادمان پێکردن، دەی باشە هەردوو باڵی دێموکرات یەک دەگرینەوە، هەردوولای دێموکرات یەک دەگرینەوە، دێموکراتەکان یەک دەگرینەوە، هەمووی ئەوانە لەڕوانگەی ئێمەوە هیچ ئیشکالی نیە، چون هەردوولا دەگرێتەوە. هەروەها لەوانە گرنگتر ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەو هەشت ساڵە مێژووی خۆتان هەیە، لە ئیدامەی مێژووی پێشووتان، ئێمەش مێژوویەکی جیاوازمان هەیە لە ئیدامەی مێژووی پێشوومان. چۆن وابکەین هەردووک لا بەقەناعەتێک بگەین مێژووی هەردووک لامان مێژووی هەموو لایەکمانە و هەردوولا لە کاتی پێویست موراجیعەی پێدەکەین، بۆوەی ئەو خەڵکە خۆی لە حیزبی دێموکراتی واحید و یەکگرتوو لە داهاتوودا ببینێتەوە. ئیحساس نەکا موعامەلەکە یان یەکگرتنەوەکە جۆرێک بووە لایەک لە پەراوێز کەوتووە، لایەک وەلانراوە، لایەک خودییە و لایەک غەیرە خودییە. ئێمە ئەوانەش پێشنەهاد دەکەین. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر بۆخۆشتان لە پلێنۆمەکەی پێشوودا باستان کردووە، کۆنگرەی هاوبەش، ئەو دوو بەشە کێن؟!، دەی ئەو دوو بەشە دوو لایە. بۆ ئەوەی ئێمە واریدی ئەو خانەیە بین، شتی ڕەوانی بڕەوێتەوە، لەو شتانە کە زۆرتر ئی سەردەمی لێک تووڕە بوونە، چەقبەستوو نەبین ئەوەیە کە «هاوڕێیانی پێشوو» و شتی وا وەلا دەنێین، هەردووک لامان دەڵێین دێموکراتەکان، هەردووک باڵی دێموکرات یان دێموکراتەکان بەیەکەوە. کاتێک باسی ئەوانەمان کرد، گوتیان ئێمە لە دەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، ناتوانین لێرە بڕیار بدەین دەبێ بیبەینەوە پلێنۆم، لەحاڵێکدا ئێمە لە دەفتەری سیاسی خۆمان بڕیارمان دابوو و ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی و ئەندامی خۆشمان هەبووە گلەیی لە ئێمە کردووە، گلەییان لە خۆم کردووە ئەدی تۆ بۆ وات بە کاک مستەفا گوتووە کە ئەمن نابم بە سکرتێر جەنابت ببێیە، ئەوە کۆنگرەی هاوبەش لە داهاتوودا تەسمیم دەگرێ، گوتومە هیچ ئیشکالی نیە. تەنانەت گلەییان لێ کردووین بۆ گوتوتە نێوی حیزبی دێموکرات هێڵی سوور نیە، ئێمە گوتومانە ئەگەر دڵسۆزانە و مەسئولانە بەرەو چارەسەر بڕۆین، لە موزاکراتدا ئەو شتانە هەیە و بۆ ئێمە موهیمە هەردوولامان وەسەرێک کەوینەوە و دوایە کێشەکان چارەسەر بکەین. ئەوان گوتیان ئێمە لەدەفتەری سیاسی ناتوانین لەسەر ئەوە بڕیار بدەین، دەبێ ئەوە بەرینە پلێنۆم. ئێمەش گوتمان هیچ ئیشکالی نیە. قەراریش درا هەرکات ئەوان پلێنۆمیان گرت، بە چاک و بە خراپ، کە ئێمە ئینتزاری باشمان دەکرد، وڵامەکە لە ئێمە دەنێرنەوە، بیلافاسیلە ئێمە لە دەفتەری سیاسییەکان دادەنیشینەوە و هەیئەتەکان دادەنێین و حەتتا هەردوو لامان، لانیکەم من خۆشبین بووم، بەڵکە لە ڕۆژی نەورۆزدا پەیامێکی باشمان هەبێ یان ئەوەکە لە حەفتا ساڵەی حیزبی دێموکراتدا بەیەکەوە ئەو خەون و ئارەزوانەی کە هەموو

لایەکمان هەمانە، حیزبی دێموکراتێکی بەقووەتمان بەبێ، لەوێڕا دەستی پێبکەین و دروستی بکەینەوە. بەڵام بەداخەوە کاتێک ئەوان ماوەیەک پێش ئێستا پلێنۆمیان گرت، ئێمە هەر چاوەڕوان بووین و چاوەڕوانیمان دەکرد وڵامێکی باش بێتەدەرێ، یەکەم هەر قسەی جاران بوو، «هاوڕێیانی پێشوو»، دەتگوت لەو کۆبوونەوەیەدا نە من لەگەڵ کاک مستەفا دانیشتووم و نە هیچم گوتووە و نە هیچ تەوافقێکمان هەبووە و نە دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتووین. بۆیە ئێمە بەوە ناڕەحەت بووین و پێمان وابوو ئەوان لەژێر پێی ئەو بەحسانە چوونەتەدەرێ. نەدەبا ئەوەیان کردبایە، بەڵکو لە پلێنۆمدا دەبوو ئەوەیان پەسند کردبایە و زەمینەیان ساز کردبایە بۆ دانیشتنەکانی دیکە. دوای ئەوەش لەباری تکنیکی موزاکرات و گفتوگۆ، ئاخر دوو لایەن دادەنیشێ، لایەک دەڵێ مونتەزیر دەبم لایەکەی دیکەش دەڵێ وەڵامت لێ دەنێرمەوە. تا ئێستاش بە چاک و بە خراپ وڵامیان لە ئێمە نەناردۆتەوە. ئەدێ ئێمە دوو دەفتەری سیاسی لەگەڵ یەک دانیشتین، کۆبوونەوەیەکمان کرد، ئەوەش نەتیجەکەی بوو هاوڕێیان، ئەوەی ئێوە دەڵێن ئێمە موافقی نین. لانیکەم وڵامیان دەدایەوە، تا ئێستاش نە بە نووسراوە نە بە قسە، نەیانگوتوە ئەدی ئێمە بڕیارەکەمان ئەوە بووە؛ بەڵام نەتیجەی پلێنۆمەکەی ئەوان نەتیجەیەکی باش نەبوو و لەگەڵ ڕوحییاتی ئەو قسانەی من و کاک مستەفا کردمان و شۆڕمان کردبۆوە خوارێ، لە دەفتەری سیاسی هەردوولا باسی کرابوو، بە هیچ جور لەگەڵ ئەوە نەدەهاتەوە. بۆیە لەڕاستیدا ئەوان بەو هەڵوێستە دەکرێ بڵێم پرۆسەکەیان بە بونبەست گەیاند، دەنا بەو ئیبتکاراتەی ئێمە هەمانبوو و ئەوانیش ئیستعدادێکیان نیشان دابوو، یا مەرحەلەیەک ئێمە چووبووینە پێشێ.

***پرسیار: لەدوای دانیشتنەکەی هەر دوو دەفتەری سیاسییەوە تا ئێستا ئێوە هیچ پێوەندییەکتان پێوە نەبووە. نامەیەک لەلای ئێوەوە بچێ بۆ ئەوان یان هی ئەوان هاتبێ. یان جەنابت لەگەڵ کاک مستەفا کۆ ببیتەوە. هیچ شتێک نەبووە؟***

***وەڵام:*** دوای پلێنۆمی ئەوان کە هیچ خەبەرێکیان لە ئێمە نەناردەوە و ئێمەچاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد، نا، ئێمە پێوەندیمان نەکردۆتەوە. بەڵام هەموو جارێ ئێمە کردوومانە؛ من دوو نموونەت بۆ دێنمەوە: لە ساڵانی پێشووشدا لە تەنیشتی ئەوەی موزاکراتمان دەکرد و لەگەڵ یەک دادەنیشتین، هەوڵمان دەدا بەعزە حەللێک بێنینە گۆڕێ، بە موازاتی ئەو موزاکراتانە ڕیزەکانی خوارەوەش کاری هاوبەوش بکەن، ئێمە لە ئورووپا و ئەمریکا و لێرە بە هەموو ئۆرگانەکان و موئەسساتی حیزبی و کومیتەکانی خۆمانمان گوتبوو پێشنەهادیان پێ بکەن بۆ هاوکاری بە موناسیبەتە جۆراوجۆرەکان، خەڵکەکە کۆ بێتەوە لە دەوری یەک بێ و لەوێڕا وردەورده زەمینەی ئەو شتانە دروست بێ. هەر لە ماوەی ڕابردوودا ئێمە، ساڵی ڕابردوو، دوو ئەندامی کومیتە ناوەندی خۆمان ناردۆتە لای سکرتارێای ئەوان، داوامان لێکردوون بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدان، با بەیەکەوە لەسەر گۆڕستانی هاوبەشی دێموکراتەکان کۆ بینەوە و ڕێزیان لێ بگرین، ئەوە سەرەتایەک بێ، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لە وڵاتانی دەرەوە زۆر زۆر بووە، ڕەدیان کردۆتەوە. مەوریدی وا لێرە زۆرزۆر بووە، ڕەتیان کردۆتەوە. گوتومانە بە موناسیبەتی یادی دوکتۆر قاسملوو، یادی دوکتۆر شەرەفکەندی، یادی پێشەوا، لەو کارانەدا وردەورده دەست پێبکەین، لە دەوری یەک کۆ بینەوە، بەڵکە جەوهەری ئەو یادانە هاندەرێک بێ بە لەحازی ڕووحی و

ڕەوانی، ئێمە خۆمان لەگەڵ یەک ببینین، هەمووی ئەوانەیان ڕەت کردۆتەوە. هەر لەماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا کە تەلەویزیۆنەکەیان بەداخەوە داخرا، ئێمە لە دەفتەری سیاسی نامەیەکمان بۆ ئەوان ناردووە، لە نامەکەدا گوتوومانە ئێستا کە تەلەویزیۆنەکەی ئێوە داخراوە، ئێوە دەتوانن لە تەلەویزیۆنی کوردکاناڵ ئیستیفادە بکەن. بۆیە لەو پێوەندییەدا ئێمە ئامادەین لەگەڵتان دابنیشین، تا تەلەویزیۆنەکەی خۆتان دەست بەکار دەکاتەوە، بەرنامەکانتان ئەوەی پێویستتانە لە کوردکاناڵ بڵاوی بکەنەوە، لانیکەم تا ئێستا خەبەرێکیان نەناردۆتەوە  کە نامەکەتان گەیشت، نامانەوێ و زۆر سپاس، دەمانەوێ بەڵام چۆنی بکەین.

لە عورفی ڕەوابیتدا کاتێک نامەیەک بۆ شوێنێک دەنێردرێ، هەرچەند تۆ ئەو شوێنەت خۆشیش نەوێ، لانیکەم دەڵێی کاکە نامەکەت گەیشت زۆر سپاس، بەڵام نامانەوێ. تا ئێستا نە بە قسە و نە بە نووسین جوابێکیان نەداوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئەوان لە تەعامولی ئەو کێشە لە یەک خانەدا گیریان کردووە، خانەکە هەمووی بەداخەوە ئەوەیە ئینکاری تۆ بکەن، تۆ بە ڕەسمییەت نەناسن. لەحاڵێکدا ئێمە هەرگیز لە هیچ شوێنێک داوامان لەو هاوڕێیانە نەکردووە کە ئێوە ئێمە بە ڕەسمییەت بناسن. پێویست نیە ئێمەش ئێوە بە ڕەسمی بناسین. ئەو دوو دێموکراتە چاک یان خراپ ئەوە هەن و دەڕوا ، هەر کەسە خەڵکی خۆی هەیە و سیاسەتی خۆشی دەکا و پێویست ناکا بێن لەیەکتر سەنەد وەربگرن و ئیمزا وەربگرن. ئەوان یەک لەوەدا گیریان کردووە بەداخەوە. جا بۆیە ئێمە لەو مەواریدانەدا هەرچەند ئیبتکارمان بە خەرج داوە، زۆر نەچوونەتە پێشێ، هەوڵەکان ئەغلەب یەکلایەنە بووە، ئەمن پێم خۆشە ئەوەش بڵێم زۆرجار هاوڕێیانی خۆمان ڕەخنەیان لە خۆم بووە یان ڕەخنەیان لە دەفتەری سیاسی بووە، ئەدی ئێوە بۆ هێندە نەرمونیانی نیشان دەدەن، هەر ئێوە ئینعتاف نیشان دەدەن، هەر ئێوە هەوڵ دەدەن و خۆ ماندوو دەکەن بە پرۆسەی یەکگرتنەوە، ئەوان کەمتر پێیەوە ماندوون، کەمتر وەک ئێوە خەمخۆرن، ئەوە بۆ ئاوا دەکەن، ئێمە ئەو گلەیی و گازندانەشمان لەنێو ڕیزەکانی خۆمان قبووڵ کردووە، هەر لەسەر ئیحساسی مەسئولییەت بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک بدۆزینەوە و دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک.

***پرسیار: کاک خالید هەرچەند لە لەوانەیە کەمێک لە باسەکە دوور کەوینەوە. دوای ئەوەی چاوەڕوانییەکی باش لەنێو خەڵکدا دروست بوو. یانی گەشبینییەک هەبوو. هیوایەک هەبوو. ئێستا بەداخەوە جەنابت دەڵێی بە بونبەست گەیشتووە. بەڵام لەو سەروبەندەدا کە هیوایەک هەبوو. کتێبێک لە نووسینی کاک مستەفا هیجری بڵاو بۆوە بەنێوی «نسکۆ و دابڕان» . لەو کتێبەدا کۆمەڵێک هێرش کراوەتەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتییەکانی. ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاتان لەسەر ناوەڕۆکی ئەو کتێبە و ئەوە کە لە ئێستادا بەو ئەدەبیاتە و لە ئاستی سکرتێردا ئەو کتێبە بڵاو بۆتەوە. چیە؟!***

***وەڵام:*** بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە لەو قۆناخەدا، لانیکەم لە سەردەمێکدا کە ئەمن و کاک مستەفا پێکەوە دانیشتووین و قسەمان لە زۆر شت کردووە و دەفتەری سیاسی هەردوولامان دانیشتووین و بەرەو ئەوە دەچووین بەعەزە حەللێک ببینینەوە، لانیکەم ئەمن وام فکر دەکردەوە، گەشبینیم دروست دەکرد، بەدبینیم دەڕەواندەوە، هەوڵم دەدا گرژی و ئاڵۆزی نەمینێ،

بەڵام دەرچوونی ئەو کتێبەم زۆر پێ ناخۆش بوو. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی ئەو کتێبە بۆ ئێستا دەرکرا و شوێنەواری ئەو کتێبە، ئاماژە بە شتێکی هاوشێوەی ئەو دەکەم. دوو ساڵ سێ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئێمە لە عاددی کردنەوەی ڕەوابیتدا باش دەچووینە پێشێ، دادەنیشتین، پەیامان بۆ یەکتر دەنارد، هەوڵمان دەدا، خەڵکمان ئومێدەوار دەکرد، لە گەرمەی ئەوەدا بووین، لایەنی کاک مستەفا هیجری لە جیاتی ئەوەی بێن لەگەڵ ئێمە لەسەر چارەسەری کێشەکان قسە بکەین، لەژێرەوە چەند کەسێکیان لەنێو ئێمە هان دابوو، دوایە ئەو چەند کەسە چوونە نێو خۆیان. ئەمن گلەییشم لێ کردن گوتم ئەوە موعامەلەیەکی خراپە، دەڵێن لە بازی شەترەنجدا شەترەنجبازی خراپ ئەوەیە کە ئەسپێک بە پیادەیەک دەدۆڕێنێ. ئەو حیزبە لەت بووە، لەتێک بەو هەموو کادر و پێشمەرگانە سەرمایەی هاوبەشمانە، نایەی کار لەسەر ئەوە بکەی بێین ئەو حیزبەی پێ گەورە بکەینەوە، لە ژێربەژێر لەسەر دوو سێ کەس کار دەکەن، فریویان دەدەن لەدژی ئێمە هەراوهوریای پێ دەنێنەوە، شتی وا دێ و دەڕوا و نابێ بە هیچ، ئینسان دەبێ گەورە فکر بکاتەوە، مەوریدی وەک ئەوە زۆر بوون، خەلک بە پۆل لەولاڕا هاتبوونە لای ئێمە، یەکجاریش لەتەلەویزیۆن باسمان نەکردن. مەبەستم ئیحساسی مەسئولییەتە، ئەو وەختیش ئەوە بۆیە کرا، بۆوەی کە ئەو ڕەوابیتە کە بەرەو عاددیبوون دەچۆوە، تێک بدرێ و تا ڕادەیەکیش تەئسیری دانا بۆ ماوەیەک ڕەوابیت گرژ و ئاڵۆز بۆوە و خەڵکی جۆراوجۆر بە مەبەستی جۆراوجۆر شتی لەسەر دەگوت و دەنووسی. بەڵام ئەمەی ئەوجار و ئەو کتێبە، لەڕاستیدا ئەمن زۆرم پێ ناخۆش بوو، ئێمە لە گەرمەی موزاکرە و گفتوگو و ڕێگەچارە دیتنەوەدا بووین، بەرەو ئەوە دەچووین کە ئەو کێشانە کە لە مێژووی حیزبی دێموکراتدا بووە، وردەوردە لە شوێنێک وەک فایل دایانبنێین و ئارشیویان بکەین، مەگەر پێویست بێ موراجیعەی پێ بکەین، ئەگەر موراجیعەشت بە شتی مێژوویی کرد، ئارشیوەکان، تەبەقەبەندی دەکرێ، هێندێک شتی نێوخۆییە، ئی نێو بنەماڵەکەتە، هەرگیز ناچیتەدەر. بنەماڵەیەکیش شتی نێوخۆیی هەیە، دەوڵەتێکیش شتی نێوخۆیی هەیە، حیزبێکیش شتی نێوخۆیی هەیە. بەڵام بەداخەوە نووسینی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجرییەوە، لانیکەم ئەوەی بۆ من دروست کرد لە گەرمەی ئەوەی من ماندووم بەوە، دەفتەری سیاسی ئێمە ماندووە و بۆ وەحدەتی ئەو حیزبە دەڵێم کاک مستەفا جەنابت سکرتێر بەو ئەمنیش لە خزمەتت دام، لە گەرمەی ئەوەدا خەریکن دەچن کتێبێک دەنووسن، بۆ ئەوەی ئاڵۆزیی زۆرتر دروست کەن. کێشەی زۆرتر دروست کەن. وەک ئەوەی ئەو دەمەی لەگەڵ من دانیشتووە یان هاوڕێیانی دەفتەری سیاسییان لەگەڵ دەفتەری سیاسی ئێمە دانیشتوون و قسە دەکەن چۆنی حەل بکەین، بیریان لەوە کردۆتەوە ئەدێ چۆن کتێبێک بنووسین باسی ڕابردوو بکەین، ئەو کێشانە بێنینە گۆڕێ، جارێکی دیکەش جەوەکە تێک بەدەین و ئاڵۆزی بکەینەوە. کتێبێک کە بێحورمەتی بەولایەی تێدا هەیە کە بەشیک لە مێژووی ئەویشە، بێحورمەتی بە کەسایەتییەکانیش تێدا هەیە کە هێندێکیان بەقەد تەمەنی ئەو لەو حیزبەدا خزمەتیان کردووە. بۆیە دەبێ بڵێم دەرکردنی ئەو کتێبە لەلایەن کاک مستەفا هیجری ئیقدامێکی مەسئولانە نەبوو، لانیکەم ئەمن ماندوو بووم و لەگەڵ خۆشی باسم کردبوو، دەفتەری سیاسی ئێمەش ماندوو بوون کە چۆن چارەسەرێک ببینینەوە. ڕاوەستابان لە داهاتوودا، خۆ نەچوە بچێ. بەدبەختییەکی حیزبی دێموکرات ئەوەیە لە کتێب نووسین بەپەلەن، هەر کەس بەدوای بیرەوەرییەکاندا دەڕوا و کتێبیک دەنووسێ و ئاوڕ دەداتەوە و کێشەش بۆ نەسڵەکانی دیکە دروست دەکا. بۆیە ئەمن گلەییم لە خودی کاک مستەفا هەیە، نەدەبا ئەوەی کردبایە، لانیکەم دەبا ئەو ئیجازەی نەدابا و گوتبای ئەو

کتێبە ئەگەر واش بێ ئێستا نابێ دەربچێ. ئێمە خەریکی هێندێک موزاکراتی جیددی لەگەڵ ئەو برادەرانەین، ماوەیەک ڕادەوەستین.

ئەمن بێئەوەی بچمە نێو نێوەڕۆکی ئەو کتێبە، چاکە یان خراپە، بەڵام ئەو کتێبە کە ئێستا بڵاو بۆوە، وای دەخوێنمەوە، عەمدەن ئەوەیان کرد بۆ تێکدانی ئەو پرۆسەیە، بۆ لەباربردنی ئەو زەمینەیە بووە کە بە هیممەتی ئەندامانی هەردووک لا، دۆستانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوە، خەڵکانێکی زۆر لە ئەندامانی هەردوولا بەنێوی کەمپەین و کاری هاوبەش بەیەکەوە ئومێدەوارییان بڵاو دەکردەوە و موژدەی ئەوە دەدرا کە بەرەو چارەسەرێک دەڕۆین، بەڵام دروست لە گەرمەی ئەوەدا کتێبێکی ئاوا بڵاو دەکەنەوە. ئەو کتێبە لەڕوانگەی من عەمدی بڵاو بۆوە، بۆوەیکە پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و گەورەکردنەوەی حیزبی دێموکرات لەبار بچێ. لە هەمووی ئەوانەش گرنگتر زۆر لەوە بەداخم کە جاروبار بیر لە مێژووی حیزبی دێموکرات دەکەمەوە، لە پەنجا ساڵی ئەخیر ئەو هەموو کێشەمان هەبووە، لەوە بەداخم کە نەسڵی ئێستاش هێندە بەو کێشانەوە بژین، لەجیاتی ئەوەی دابنیشین فکر لە شتی گەورە بکەینەوە، ئەدی ئێران چی لێ دێ، ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست چی لێ دێ، ئێمە چمان لێ بەسەر دێ، ئەو حیزبە هاوبەشەی ئێمە پەنجا ساڵە ژیانی هەر لە کوردستانی عێراق و دەربەدەری دایە، چی لێ بکەین، کتێبێک دەنووسرێ لەو کتێبەدا ئینرژییەکە لەسەر ئەوە سەرف دەکرێ، فڵان شەخسییەتە چۆن بشکێنن، فڵان شەخسییەتە چۆن تەحقیر بکەین، ڕابردووی جەمعێکی کە لەخۆیان زیاتر نەبن، کەمتر نین، بەبێئیحتراممییەوە بەرخوردی پێبکەن. بۆیە بە باوەڕی من بۆ جارێکی دیکە دەڵێم مەسئولییەتی بە بونبەست گەیاندنی ئەو پرۆسەیە ئێمە ئەوجارە باشمان هێنابوو و سەر نەکەوتین، دەکەوێتە سەر لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێری کاک مستەفا هیجری. بۆیە ئەوە دەڵێم بەڕاستی لایەنی ئێمە بە ئیعتماد بە نەفسەوە بە جیددییەت و بە عەلاقەوە چۆبووە نێو ئەو پرۆسەیەوە.

***پرسیار: کاک خالید بگەڕێینەوە سەر پەیامەکەی جەنابت لە پەیامەکەدا دەڵێی کۆمەڵێک سیناریۆی ناڕوون، ناڵۆز لە ناوچەکەدا هەیە و ئێستا دەبینین سیناریۆکان ناڕوونترن، ئاڵۆزترن، زیاترن، جەنابت دەفەرمووی پرۆسەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لانیکەم جارێ لە بونبەست دایە. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسانە و داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی و پێت وایە دەبێ چ بکرێ بۆوەی کە لانیکەم حیزبی دێموکرات بتوانێ وەک خەڵک چاوەڕوان دەکا، پێگەی خۆی وەدەست بێنێ و لەنێو ئەم سیناریۆ ناڕوونانەدا ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێ؟***

***وەڵام:*** ڕەنگە حەللی جۆراوجۆر هەبێ، خەڵکی جۆراوجۆر حەللی موختەلیف بێننە پێشێ، بەڵام ئەوەی لای ئێمە ئەولەوییەتی هەبوو وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حاڵی ئێستادا کارکردن بۆ ئەوە بوو چۆن دێموکراتەکان بکەونەوە سەریەک. پێمان وابوو بەشێک لەو ئینتزاراتە بە حیزبی دیموکراتێکی بەقووەت جێبەجێ دەبێ، بۆوەی ئێمە پێیەوە ماندوو بووین. بەڵام ئێستا کە بەداخەوە لایەنی بەرامبەری ئێمە ئەو پرۆسەیەی بە بونبەست گەیاند و لەوەدا مەسئولە کە نەیهێشت بە سەرەنجام بگا و ئەو ئاواتەی کۆمەڵانی خەڵک جێبەجێ بێ، ئێمە دەست لەسەر دەست دانانێین. ئێمە نائومێد

نەبووین، دیسانەکە ئەمن پێم خۆشە لێرەدا ئەو پەیامە بدەم: سەرەڕای ئەوەی ئەوان بە جیددی هەرگیز بۆ ئەم مەسەلەیە نەهاتنە پێشێ، سەرنجیان بە ڕێگە حەللەکانی ئێمە نەکرد، بە جیددی لەنێو خۆیاندا نەیانکرد بە باس، چونکە نەتیجەکان وا نیشان دەدا، بەڵام دیسانەکە ئێمە هەر ئومێدەوارین. بۆ جارێکی دیکەش ئێمە هەر ئومێدەوارین لەسەر یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کار دەکەین و هیوادارم ئەوان پاش خوێندنەوەیەکی ڕابردووی ئەو کێشانە و تەجرووبەی موزاکراتی ئەخیر و چۆن تەعامولیان کردووە و مەوزووعەکان چۆن هاتوونەگۆڕێ، بۆ جاریکی دیکەش فکر لەوە بکەنەوە و هەر وەختێک فکریان لەوە کردەوە، بۆ جارێکی دیکەش ئێمە ئامادەین هەر وەختێک داوایان کرد ئێمە ئامادەین لە سەر پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان قسە بکەین. یەعنی هەرگیز ئەوە وەلا نانێین وەلەو ئەرکی بە بونبەست گەیشتنەکە و سەرنەکەوتنەکەی لەسەرشانی ئەوانە. ئێمە لەو پێوەنییەدا ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک، ئەندامانی ئەوان، ئەندامانی خۆمان دەڵێم بەڕاستی ئەوەی لە توانای ئێمەدا بووە، بە ئیحساسی مەسئولییەت و خەمخۆرییەوە هەموومان موستەنەد کردوومانە تا ئێستا هێناومانە، شتێک نەماوە کە ئێمە نەیکەین.

بەڵام لەو سێناریۆ ناڕوونانەی کە جەنابت ئاماژەت پێدا، لەڕاستیدا هەر ئەوەیە کە یەک: ئێمە هەوڵ بۆ ئەوە بدەین، دوو: ئەرکی ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە گشتی، لە دەرەوەی وڵات، لە نێوخۆی وڵات، لێرە، ئەرکی میدیایی، دیپلۆماسی، تەشکیلاتی ئێمە، لەمەوبەدوا قورستریش دەبێ. بۆ؟ ئێمە هیوادار بووین لە ئیدامەی خۆیدا ئەگەر ئەو یەکگرتنەوە بە نەتیجەیەک بگا، بەیەکەوە ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەنین، بەڵام ئێمە لێرە بەدوا خۆمان پتر ئەرکدار دەکەین، بە کاری جیددیتر و بەردەوامتر، لەسەر جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەی بۆخۆمان باوەڕمان پێیە و دەبێ حیزبی دێموکرات بکەینە ئەو حیزبی دێموکراتەی کە لە پەیامەکەی خۆمدا هاتبۆە گۆڕێ، ئێمە لانیکەم بۆخۆمان کاری پێدەکەین. هیوادارم کۆمەڵانی خەڵک لەنێوخۆی وڵات، ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە گشتی، زۆرتر لەمەوبەدوا لەو مەیداندا کار بکەن، یەعنی قورساییەکی زۆری ئەوە دەکەوێتە سەرشانی ئێمە. تەنیا دەمەوێ لێرە شتێکی دیکە ئاماژە پێبکەم ئەویش ئەوەیە کاتێک باسی ئەو سێناریۆ ناڕوونانە دەکەم دەقیقەن دەمەوێ جارێکی دیکە تەئکید بکەمەوە، لایەنی ئێمە بۆچوونی لەسەر چارەسەری کێشەی دێموکراتەکان هەمیشە ئەوە بووە لە پەنجەرەی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێداویستیی سیاسی ئێمە بەرەو ئەوە بچین حیزبی دێموکرات بکەینەوە یەک و حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەرێک بۆ ئەوەی ئەو ئێنێرژییەمان بۆ ئازاد بکا و هەمیشەش دەمانگوت ئەو حەللەی ئەو برادەرانە دەیانهێنا گۆڕێ، ئەو لایە بێتەوە نێو ئەو لایە و ئەو لایە حیزبی مادەرە و ئەو لایە حیزبی پدەرە، یان ئەولا بێتەوە ئەو لایە، من موخالیفی ئەو حەللەم. چ ئەوان بێنەوە لای حیزبی دێموکراتی کوردستان و بێنەوە قەڵای دێموکرات کە کاتێک هەموومان لێرە کارمان کردووە، چ لایەنی ئێمە بچێتەوە لای ئەوان. ئەوە بە مانای ئەوەیە هەر ئەو حەللە لە ڕۆژی یەکەمدا کیشە خولقێنەرە. ئەوە هیچ موشکیلەیەک چارەسەر ناکا. باشترین حەل ئەوەیە یەکتر بەو جۆرەی هەن قبووڵ بکەین و ئینسانەکان بەو جۆرەی هەیە قبووڵ بکەین، هەموو لایەک تێیدا بەشدار بن، هەموو لایەک خۆی تێدا ببیننەوە، هەموو لایەک ئیحساسی ئەمنییەتی سیاسی تەشکیلاتی بکەن، هەموو لایەک لە حیزبی واحیددا ئاسوودە بن، ئەوەیە تەزمینی ئەوە

دەکا حیزبی دێموکرات لە داهاتوودا ئەگەر تووشی کێشەی ئاوا بۆوە، زەرەر و زیانی زۆرتر نەبێ.

***پرسیار: کاک خالید وەک دوایین پرسیار بە سەرنجدان بەو قسانەی جەنابت باست کرد. کە بەرەو حەفتاساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەچین. ئەگەر ئەم دوو دێموکراتە لێک نزیک نەبوونەوە. نەیانتوانی لە پرۆسەیەکی سالمدا یەک بگرنەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن بەرەو داهاتوو هەنگاو دەنێ و جەنابت وەک سکرتێری ئەو حیزبە پەیامت ڕوو بە ئەندامانی ئەو حیزبە چیە؟***

***وەڵام:*** بە باوەڕی من ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە دوو مەیداندا ئەرکمان لەسەرە؛ یەکیکیان نێوخۆییە. لە دانیشتنی نێوخۆیی خۆماندا ئەگەر بە مێژووی پەنجا ساڵەی ئەخیری خۆماندا بڕۆینەوە، شەهامەتمان هەبێ، کێشەکانی نێو حیزبی دێموکرات، مێژووەکەی هەیە، زۆرێک لەوانەی لە کێشەکاندا بوون، بەخۆشییەوە لە حاڵی حەیات دان، یان لە کتێبەکاندا موستەنەد کراوە، لە دەورانی ڕێزدار کاک ئەحمەد تۆفیقەوە تا دەورانی شەهید دوکتۆر قاسملوو بگرە کە دەورانێک کێشەکانی ئەو سەردەم هەبوون و شاراوەش نیە و دوایەش هەر درێژەی هەبووە تا دەورانی کاک دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، لە دەورانی ڕێبەرانی زیندووی هەر دوو بەشی دێموکرات، چ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و چ ئەوی دیکە، ئی دەورانی ئێستاش کە هەر دوو لامان لە حاڵی حەیات داین، بتوانین بەشێوەی نێوخۆیی شەهامەتمان هەبێ لەوێ ئاماژەی پێبدەین. بڵێین ڕێبەرانی شەهید و زیندوو لەو مەواریدانەدا هەڵە و ئیشتیباهاتمان بووە لە تەعامول لەگەڵ کێشەکانی نێوخۆی خۆمان. ئەوە بۆیە بڵێین ئەو نەسڵەی فێرە حیزبایەتیە دەکەین لە داهاتوودا، دەرسی لێ وەربگرێ و ئەو هەڵانەی ئەمن کردوومە، ئەو نەیکاتەوە.

ئەرکی دووەم ئەوەیە ڕوو بە دەرەوە، ڕوو بو ئێران، خوێندنەوەیەکی دیکە بکەینەوە لە ئێران، ئیمپراتۆرییەتی ئێران چ بووە، مەزهەب کەنگێ هاتۆتە نێو سەحنەی سیاسیی ئێران، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چۆن بووە، چۆنمان پێناسە کردووە، چۆن شەڕمان لەگەڵ ئەو حکوومەتە کردووە، هەڵە و ئیشتیباهاتی ئێمە چ بووە، کارم بە هی ئەوان نیە ئەوە لە جێگای خۆی دایە، ئەمە لەگەڵ وان موبارزە دەکەین و لەو سی و شەش ساڵەدا چۆنمان تەعامول کردووە، ئەو میتۆدانەی ئێمە هەموو باش بووە، لەکوێ دەستی تێوەردەین، لەکوێ شتی تازە بێنینە گۆڕێ، پێداچوونەوەیەکیش بەوانەدا بکەین. مادام پێداچوونەوەمان بەوانەدا کرد، هەمووی ئەوانە دوو سێ شت دێنێتە گۆڕێ: یەکێکیان بەرنامە بۆ داهاتوویە ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵک و داهاتووی ئێران، ئەوی دیکەش دیتنەوەی میکانیزم و فەرهەنگ سازییە لەنێوخۆی حیزبی دێموکراتدا کەهێندێک لەو کێشانە دەیان ساڵە بەرۆکی حیزبی دێموکراتی گرتووە و بۆ خۆمان حەللی بکەین. من لەو باوەڕە دام حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیحتیاجی بەو پێداچوونەوە هەیە. دەبێ ئێمە شەهامەتمان هەبێ دوای حەفتا ساڵ چی؟ چمان کردووە؟ لە کوێ کەمیمان هێناوە؟ لەمەوبەدوا دەبێ چ بکەین؟ دڵنیام ئەگەر ئەو ڕووحە هەبێ، ڕووحی سازندەگی هەبێ هەموو لایەک تێیدا بەشداری بکەن، دڵنیام دەتوانین بەیەکەوە هیوایەکی باش دروست بکەین بۆ داهاتووی حیزبی دێموکرات و بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ـ **زۆر سپاس کاک خالید**

**وەڵام**: زۆر سپاس بۆ جەنابیشت

**لە ژمارە ٦٥٣ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٥ی ئەپریلی ٢٠١٥**

# خالید عەزیزی بۆ ئاژانسی "ئانادۆڵ": "ستراتیژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"



**فەخرەدین ئیبراهیم**

**سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، خالید عەزیزی باسی رەوشی ناوچەکە و خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران دژی ئەو وڵاتە و هەروەها مافی خەباتی چەکداری و نموونەبوونی تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەکات.**

***پرسیار: خوێندنەوەیەکی گشتیتان بۆ رووداوەکانی ئەم دواییەی کوردستانی ئێران بەدوای رووداوی فەرینازی خوسرەوانی چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** "ئەوەی لە کوردستانی ئێران رووی دا کۆمەڵێ فاکتۆر بەشدارن. فاکتۆری سەرەکی لێرەدا کۆمەڵانی خەڵکە لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە بەدوای ٣٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان بەدژی کۆماری ئیسلامی ئێستاش ئەو حکوومەتە دان بە مافەکانیان نانێت و مافی نەتەوەییان لەبەرچاو ناگرێت. لایەکی دیکەی دۆسیەکە خودی ئێرانە کە هەتا ئێستە تەواوی ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بە سەرکوت و بەمیلیتاریزەکردنی کوردستان وەڵام داوەتەوە. لە نەتیجەدا لە کوردستان رقێکی پیرۆز هەیە خەڵک بەگشتیی ناڕازین هەر دەرفەتێک کە دێتە پێشێ کەڵکی لێوەردەگرن. رووداوی مهاباد ئەو دەرفەتەی هێنایەگۆڕێ کە لە راستیدا خەڵک بەئیعترازکردن، ویست و داخوازییەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ. بەبڕوای ئێمە بۆ جارێکی تر دۆسیەی کوردستانی ئێران لە میدیاکان و گۆڕەپانی سیاسی جیهاندا بووە رۆژەڤ".

***پرسیار: بەهۆی ئەو رووداوانەوە کە لە کوردستانی ئێران رووی داوە ئەمڕۆ پێنجشەممە چالاکی مەدەنی نێوخۆ. وەکو رۆژی مانگرتنی گشتی دیارییان کردووە. چ پەیامێکتان بۆ ئەو مانگرتنە هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** "یەکەم ئێمە پێمانوایە مانگرتن، خۆپێشاندانی خەڵک لە کوردستانی ئێران مافی تەواوی ئەو خەڵکەیە. هەر کردەوەیەکی هێمنانە کە خەڵک مافەکانی خۆیان بێننەگۆڕێ ئەوە هەقێکی سرووشتی خۆیانە و نابێ ئەو هەقەیان لێ بسێنیتەوە تەنانەت ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ دەستووری ئێرانیش هەرچەند ۆارادۆکسی زۆرە بۆ نموونە لە شوێنێک مافێکت دەداتێ و لە شوێنێکیتر لێت دەستێنێتەوە، لەوێشدا دەرفەتی خۆپێشاندان و مانگرتن هەیە. ئێمە هیواداریین ئەو مانگرتنانە لە پەرەسەندندا بێت بەتایبەت ئێستە کە کەسانێک گیراون و دەبێ بە فشاری هەمووﻻیەکمان دەوڵەتی ئێران ناچار بێت تەعامولێکی مەعقوڵانە و مەسئوﻻنەیان لەگەڵدا بکات و هەمووﻻیەک هەوڵ بدەین لە پێناوی ئازادکردنیاندا".

***پرسیار: لەپاڵ ئەوەی کە بەردەوام باسی پاڵپشتی لە خەباتی مەدەنی دەکەن بەڵام باسی ئەوەش دەکرێت کە ئەگەری دەسپێکردنی شەڕی چەکداری لەﻻیەن ئێوەوە دژی ئێران لەئارادایە. ئەم ئەگەرە هەتا چەند بەهێزە؟***

***خالید عەزیزی:*** "پێشەکی پێمخۆشە بڵێم لەو رۆژەی کە دانوستانی خەڵکی کورد لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی پاش شۆڕشی گەﻻنی ئێران '١٩٧٩' لەئارادا بوو، بەتایبەت حزبی دیموکرات کە لە هەوڵی چارەسەرکردنی ئاشتیانە بوو بەڵام ئێران قبووڵی نەکرد و شەڕی بەسەر کورد داسەپاند، لەو رۆژەوە هەتا ئێستە هیچ ئاگربەستێکی فەرمی لە نێوانماندا نەبووە و نییە. ئەوەی کە ئێمە شەڕی چەکداریمان راگرتبوو بەڕەچاوکردنی کۆمەڵێک تێبینی بوو. ئێمە لە هەمانکاتدا کە رێز بۆ چاﻻکانی مەدەنی لە نێوخۆیی وﻻتەکەمان دادەنێین بەڵام هەرگیز پێمان وانییە کە خەباتی مەدەنی دەبێ وەکو ئەڵتەرناتیڤ لە بەرامبەر خەباتی چەکداری چاوی لێ بکرێت هەروەها بەپێچەوانەیشییەوە. ئێمەی کورد پێویستیمان بە خەباتی مەدەنی، خەباتی چەکداری و خەباتی دیپلۆماسیش هەیە. خەباتی چەکداری لە روانگەی ئێمەوە لە روانگەی حزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەقی مەشرووعی خۆمانە دیفاع لە خۆمان بکەین. هەرگیز ئێمە شەڕمان لەگەڵ ئێران دەسپێ نەکردووە بەتایبەت لە ناوچەیەکدا کە هەمووکەس چەکدارە. ئەمریکا، تورکیا، عێراق هەموویان چەکدارن. ئێران دەیان هێزی چەکداری هەیە بۆچی بۆ ئێران رەوایە کە هێزی سوپای پاسدارانی هەیە و لە هێزی دیکەش لە کوردستان بۆ بەرگریی لە خۆی کەڵکوەردەگرێت ئەی بۆچی ئەم ماف و هەقە بۆ ئێمەی کورد و پێشمەرگەی کوردستان رەوا نییە کە بەرگریی مەشرووعی چەکداریی لە خۆمان بکەین؟ بۆیە بەباوەڕی من لە ناوچەی رۆژهەﻻتی ناوەڕاست بەتایبەت لە کوردستانی ئێران دەبێ ئەو مافە بۆ خۆمان مەحفووز بکەین کە هەرکاتێک بەدرووستمان زانی، بەپێویستمان زانی، خەباتی چەکدارانە وەک مافی بەرگریی مەشرووع لە خۆمان کەڵکی لێوەر بگرین".

***پرسیار: لەم خۆپێشاندانەی دواییدا لەﻻیەن دەسەڵاتی ئێرانەوە ئێوە تۆمەتبار کراون بەدەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وﻻتە و هەروەها چەند چاﻻکێکی نێوخۆییش هەمان خوێندنەوەیان بۆ رووداوەکان هەیە. چۆن وەڵامی ئەم پێکدادانە دەدەنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** "ئێمە لە خەباتێکی بەرین و بەربڵاو دژی ئێرانین و ئێستە کە ئەم دۆخە لە گۆڕەپانێکی گەورەی میدیایی

بەدڕی ئەو دەسەڵاتە هاتووەتەگۆڕێ، هیوادارم ئەوانەی لە نێوخۆ لە دەرەوە و ئێمەش وەکو حزبەکانی سیاسی بەجۆرێک ڕەفتار نەکەین کە یەکتر بێشێنین. بێگومان چالاکی نێوخۆی وڵات بەپێی دۆخی ئەوێ هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوانەی دەرەوەی وڵات و ئێمەش هەروتر. کەوایە ئێمەی کوردی ئێران هەموومان لە یەک کەشتی داین و هەمووومان بەیەکەوە دەبێ بیگەیەنینە شوێنی مەبەست. من ڕێزم بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هەمووولایەک هەیە و دەیشبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە هەمانگیمان بەیەکەوە هەبێت چونکە ستراتیژی سەرەکی ئێران ئەوەیە بەشێوازی جۆراوجۆر لە نێوانمان ناکۆکی دروست بکات".

***پرسیار: چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ دانوستان لەگەڵ ئێران؟***

***خالید عەزیزی:*** "پێمخۆشە لەو بارەوە قسەیەکی دکتۆر قاسملوو وەبیر بێنمەوە کە 'ئەگەر شەڕ لە کوردستان یەک ڕۆژ وەدوا بکەوێت کورد یەک ڕۆژ زیاتر قازانجی کردووە'، ئەوە بەردی بناغەی سیاسەتی ئێمەیە. حزبی دیموکراتی کوردستان کاتی خۆی کە پێشەوا قازی محەمەد دایمەزراندووە بۆ ئیدارەی وڵات دانراوە بۆ قانوونمەندی دانراوە، کابینەی هەبووە. ئەو حکوومەتەی کە پێکهات لە نەتیجەی شەڕدا پێک نەهاتووە. فەلسەفەی وجوودی حزبی دیموکرات چارەسەریی کێشە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە ڕێگەی دانوستانەوەیە بەڵام ئێران هەتا ئێستا هیچ ئیستعدادێکی نیشان نەداوە و بەناوی دانوستانەوە لەگەڵ ڕێبەرانی ئێمە دانیشتووە و تیرۆری کردوون. بۆیە مەجبوور بە دیفاع لە خۆمان بووین. ئێستاش هیوادارم ئەگەر کەسانێک لە نێو کۆماری ئیسلامی ئێراندا مەعقوولانە و واقعبینانە بیر دەکەنەوە ئەوەیان لەبەر چاو بێت دۆسیەی کورد لە کوردستانی عێراق، لە کوردستانی سووریا، لە کوردستانی تورکیا بووەتە ئەمری واقیع و لە کوردستانی ئێرانیش چیتر ناتوانن لەبەر چاوی نەگرن و تەنها ڕێگەی دانوستانە. نە ئێمە لە ماوەی ٣٦ ساڵی ڕابردوودا توانیومانە ئێران برووخێنین نە ئەوانیش توانیویانە ئێمە لەناو بەرن. کەوایە هەروولامان ئەمری واقعین و لە وەها دۆخێکدا گەڕانەوە بۆ دانوستان دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات. هیوادارم دژکردەوەی کۆمەڵانی خەڵک پاش ڕووداوی مهاباد بۆ جارێکیتر ئەو پەیامە بۆ هەمووولایەک بنێرێت کە ناتوانن چیتر دۆسیەی کورد لەبەر چاو نەگرن".

***پرسیار: پێتان وایە تورکیا دەتوانێ نموونەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری کێشەکە واتە پرسی کورد ببێتە ڕۆژەڤ و هەوڵبدرێت بۆ چارەسەرکردنی؟***

***خالید عەزیزی:*** "بەباوەڕی من تورکیا لەم پێنج، شەش ساڵەی دواییدا زۆر چووەتەپێشێ و ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان زۆر تەشویق و تەقدیری ئەوە دەکەین و ئەوەی کە دیموکراسی تورکیا دەتوانێ یارمەتیدەر بێت بۆ لێکحاڵیبوونێکی بەرپرسیارانە لە نێوان کورد و تورک، دەتوانێ لە داهاتوودا نموونەیەک بێت. هیوادارین ئەوەی لە تورکیا بەڕێوەیە پەیڤێک بێت بۆ کاربەدەستان و کۆمەڵگەی ئێرانی کە پاش دەیان ساڵ کێشەی تورکیا لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی کورد، ئەو وڵاتەی بەو نەتیجەیە گەیاند کە لەگەڵیان دانوستان بکات. بەباوەڕی من ئەوە دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە نموونەیەک.

خۆ ئێران ناتوانێت ئەم نموونانە لەبەرچاو نەگرێت. رەفتاری ئێران لەگەڵ کورد رەفتارێکی شارستانیانە نییە و هیوادارم لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و هەروەها وڵاتانی دەوروبەر وانەیەک بێت بۆ ئەوان کە چارەسەری کێشەی کورد وەکو دەستووری کار بۆ خۆیانی دابنێن".

***پرسیار: لەم دۆخەی ئێستەدا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست رۆڵی ئێران چۆن دەبینیت؟***

***خالید عەزیزی:*** "ستراتێژی ئێران خوڵقاندنی قەیرانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە یەمەنەوە بگرە هەتا سووریا و لوبنان و عێراق و لەمدواییانەشدا بە ئیحتمالی زۆر دروستکردنی کێشە و کەڵکوەرگرتن لە شیعەکان لە وڵاتانی کەنداو، وردە وردە شەڕی شیعە و سوننە بکات بە ئەمری واقیع. ئێران تێدەکۆشێت هەستی شیعەکان لەو وڵاتانە بۆ لای خۆی رابکێشێت و بۆچوونێکی وەها لە نێویاندا بێنێتەئاراوە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران نەبێت سوننەکان لە ناوچەکەدا شیعەکان لەناو دەبەن. ئێمە پێمانوایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی نەبێت هەردوولای شیعە و سوننە بەشێوەیەکی شارستانیانە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. لە روانگەی ئێمەوە ئێران بۆ داپۆشینی کێشەکانی نێوخۆیی بەتایبەت ئەم رووداوانەی کە لە کوردستانی ئێران لەم دواییەدا هاتوونەتەئاراوە، پێشبینی ئەوە دەکەین ئێران لە داهاتوودا کێشەی زۆرتر بنێتەوە زۆرتر نائەمنی و زۆرتر قەیران بنێتەوە و لە راستیدا بەشێکی زۆری ستراتیژییەکە لەبەر ئەوەیە کە بە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و دەوروبەر بڵێت ئێران دورگەیەکی ئارامە و ئەوە وڵاتانی ئێوەیە کە شێواوە. ئەگەر وڵاتانی دیموکرات و ناوچەیە دەیانەوێ بەرپرچی ئەم سیاسەتەی ئێران بدەنەوە تاکەڕێگە ئەوەیە پشتیوانی داوای رەوای کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەتایبەت نەتەوەی کورد بدەنەوە کە داوایەکی رەوا و مەشرووع بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤیان هەیە".

ڕێکەوتی : ١٤ی مای ٢٠١٥

# وتووێژی هەفتەنامەی "ڕووداو" لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



## هەڤپەیڤین: ئومید بەرین

***ڕووداو: نارەزایەتییەکەی مەهاباد، پرسێکی سیاسی بوو یا کۆمەڵایەتی؟***

***خالید عەزیزی:*** **لەئێراندا پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێکەڵن، تەنانەت جاری وایە لە ولاتانی دێمۆکراتیکیش پرسی کۆمەڵایەتی دەبێتە پرسێکی سیاسی و هەندێک لایەنیش لەو ناوە هەوڵ دەدەن داواکارییەکانی خۆیان زەق بکەنەوە، هەرچەندە پرسەکەی مەهاباد کۆمەڵایەتی بوو بەڵام لە درێژەیدا بوو بە سیاسی، هۆکاری ئەوەش زوڵم و زۆری کۆماری ئیسلامی و پشتکردن لە داخوازییەکانی خەڵکە کە بەستێنی ئەوە دەرەخسێنێت.**

***ڕووداو: ئایا توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا پاساو هەڵگرە؟***

***خالید عەزیزی:*** **من هیچکات لایەنگری توندوتیژی نیم بۆ چارەسەری کێشە و گرفتەکان، بەڵام هۆکاری ئەو توندوتیژییە ئەوە کە حکومەت وڵامدار نییە و گوێ لە داواکاری خەڵک ناگرێت، خەڵک لەناچارییەوە پەنای بۆ دەبەن. لە وڵاتانی دیموکراتیکیش توندوتیژی ڕوودەدات، بەڵام بەو جیاوازییە کە بەرهەمی کاردانەوەیەکی کورت ماوەیە، بەڵام لە ئێران بەهۆیی کەڵەکەبوونی داخوازییەکانی خەڵک ئەو بەستێنە لەمێژە ڕەخساوە.**

***ڕووداو: پێت وانیە کە توندوتیژی لە پرسی کۆمەڵایەتیدا نەزۆکە و شۆڕشی لێناکەوێتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** له روانگەی من ئاگردانی هۆتێلەکە کارێکی باش نەبوو، بەڵام بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیتوانی کارێک بکەن کە ئەوە روونەدات، ئەوان زۆر بە ئەزموونن لە جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکی نارازی و خۆپیشاندەر، من پێموایە ئەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە بەکردەوەکانی خەڵکی هاندا، هێزە ئەمنییەکان دەیانویست وێنایەکی توندیژ لە خەڵکی کوردستان نیشان بدەن و روو بەدەرەوە بڵێن کە ئەوە هۆتێل ئاگر دەدەن ، واتە کۆماری ئیسلامی ئێران مودیریەتی قەیرانی کرد، بۆ ئەوەی نارەزایەتییەکە بە رێرەوێکی ئارامدا نەڕوات و نەگوازرێتەوە بۆ شارەکانی دیکەی کوردستان.

***رووداو: دووای سوتانی هۆتێل تارا هێزە ئەمنییەکان پاشەکشەیان پێکرا؛ بۆچی؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێک کە زانیان نارەزایەتییەکان گەورە دەبێتەوە پاشەکشەیان بە هێزە ئەمنییەکان کرد، بۆ ئەوەی خەتا لەسەر شانی خۆیان لاببەن و پرۆپاگەندەی پێوە بکەن، واتە لە قۆناخی یەکەمدا خەڵکیان وروژاند بۆ ئەوەی توند و تیژی رووبدات و لە قۆناخی دووهەمدا پاشەکشەیان بەهێزە ئەمنییەکان کرد. بە پێی ماددەی ٢٧ی دەستووری ئێران، خۆپیشاندانەکەی مەهاباد رەوا بوو، نە کەس چەکی پێبوو و نە لە دژی ئیسلام بوو، بەڵام ئەوان یاسای خۆشیان پێشێل دەکەن و ئەو مافە لە خەڵک دەستێننەوە، هۆکارەکەشی نیگەرانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە پرسی کورد، دەسکەوتی کورد لە پارچەکانی دیکە هیوا و ئومێدی بۆ خەڵکی رۆژهەڵاتیش دروست کردووە و حکومەت لەوە دەترسێت.

***رووداو: نارەزایەتییەکە چۆن دەیتوانی رووڵەتێکی مەدەنییانەتر و بەردەوامی تری هەبا؟***

***خالید عەزیزی:*** با خۆپیشاندان واسەیر نەکەین کە تەنیا دەبێ کاردانەوە بێ بەرامبەر کردەوەیەکی حکومەت، با بژاردە و رۆشەنبیرانی ئێمەش کە لەناو خۆدا کار دەکەن بەشداری نارەزایەتییەکان بن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیهەوێ لەلایەنی مەزهەبییەوە، کەڵکی خراپ لە هەستی مەزهەبی وەرگرێت و لە دژی هەستی نەتەوەیی ئێمە بەکاری دێنێت، با مامۆستایانی ئایینیش بەشداری خۆپیشاندانەکان بن، ئەوە یارمەتی دەرە کە نارەزایەتییەکان درێژەی هەبێت و دەستی حکومەت دەبەستێت بۆ ئەوەی نەتوانێ ئەو بە ئاسانی ئەو جۆرەیکە پێی خۆشە لێکدانەوە بکات. ئەگەرچی خۆپیشاندان و نارەزایەتی لە هەر حاڵەتێکیدا رەوایە و مافی خەڵکە با بیکەن بە عادەت و لەوەبەدواوە بەشێوەیە نارەزایەتی دەرببرین.

***رووداو: بەشێک لە میدیاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێ ئەوەی بەڵگەیان لەبەردەست بێت،ئەو تۆمەتانەی دەخوانە پاڵ خاوەن هۆتێلەکە پشتراستیان دەکردەوە. چەندین هەواڵیشیان بڵاو کردەوە کە دوای دەرکەوت دورن لە راستی؛ ئەوە زەبر لە پرستیژی ئێوە نادات؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە دەسپێڕاگەیشتووی میدیاییمان سنووردارە و جار واهەیە زانیاری راست ناگاتە میدیای ئێمە و ئەوە قبوڵ دەکەم.

***رووداو: لەلایەن هەندێک ئەندام و پێشمەرگەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتەوە، لەناویاندا حیزبی ئێوە، هێرش کرایە سەر چالاکڤانانی سیاسی نێوخۆی رۆژهەڵات، بەوە تۆمەتباریان کردن کە بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی دەپارێزن! لێکدانەوەت بۆ ئەوە چییە؟***

***خالید عەزیزی:*** پێوستە هەموو لایەکمان کاتێک باسی کوردستانی ئێران دەکەین، هەرکەسە بەپێی گرێدراوی پێگەی جوگرافیایی، حیزبی و تاکە کەسی خۆی دادوەری نەکات، ئەوە تووشی هەڵەمان دەکات، هەڵوێستی چالاکڤانانی ناوخۆ و دەرەوە کە زیاتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵوێست دەگرن، یا هەڵوێستی حیزبەکان سەبارەت بە رووداوەکەی مەهاباد، زۆر شتی تێدابوو کە دەبێ لەیی فێر بین، کوردستانی ئێران موڵکی هەموو لایەکمانە، نابێ هیچ لایەک حوکم لەسەر لایەنەکەی دیکە بدات، کاری چالاکڤانانی ناوخۆ بەرز دەنرخێنم ،دەبێ لەیەک حاڵی بوونێک هەبێ و خۆ بپارێزین لە بەکارهێنانی وشەی خائین و جاش و خۆفرۆش، کە ئەو رەفتارە لەدژی زمانی بەیەکەوەبوون و یەکگرتووییە.

***رووداو: لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باس لە دەسپێکی شەڕی چەکداری و تێکهەڵچوون دەکرا، بەڵام هیچکات بەشێوەی فەرمی پشتراست نەکرانەوە!***

***خالید عەزیزی:*** کۆنترۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە دەستی ئێمە بەدەرە، هەندێک کەس بە پێی حەز و خولیای خۆیان بیر دەکەنەوە و دەیانهەوێ وەها وێنایەک لە رووداوەکە پیشانی رای گشتی بدەن کە خۆیان حەزیان لێیە وابێ، ئەو کێشەیە بەهۆی دابران و نەبوونی گوتاری هاوبەش لەنێو لایەنەکانی رۆژهەلاتی کوردستان دروست بووە، لە نەبونی گوتار و حەرەکەتێکی هاوبەشدا بوشای سەرچاوە دروست دەبێت.

***رووداو: چالاکڤانان و رۆژنامەنوس ناوخۆی رۆژهەڵات لە دوو لاوە لەژێر گوشاردان، ئێران مۆرکی سیاسی بوون و جیاخوازیان لێدەدات و هەندێک لە پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگرانی پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیش مۆرکی "جاش" بوونیان لێدەدەن! ئەوە هەمان رەفتاری کۆماری ئیسلامی نییە؟***

***خالید عەزیزی:*** لە هەمانکاتدا کە کار بۆ نەمانی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکراتیک دەکەین، بەش بەحاڵی خۆم لە ئەگەری شێوانی داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان نیگەرانم، کە لە ئاکامی نەبوونی سەرچاوەیەکی هاوبەشدا، کەش و هەوایەک دروست بێت کە ئێمە تەیدا زەرەرمەند بین، رەوایە کە لەوەها کەش و هەوایەکدا رەخنەگران و راگەیەندنکارەکان نیگەرانیان هەبێت. بەڵام گەشبینم چوونکە رووداوی هاوشێوەی ئەوەی لە مەهاباد روویدا فێرمان دەکات، ئێمە ئیستا لە دەستەلات و کۆمەڵگای خۆمان دورین، بە شیوەیەی ئاشکرا تەنیا هەوڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەندامانی خۆمان

هەیە. حیزبێک لەلایەنی سیاسیەوە قەت ناتوانێت باش بیر بکاتەوە کە ئەگەر تەنیا بە گوێرەی ئەقڵییەتی ئەندامانی خۆی بیر بکاتەوە و ئەو شتەی دەیلێت رۆژانە لەناو کۆمەڵگای خۆیدا فیت بەگی بۆ نەیەتەوە، ئێمە دورین لە کۆمەڵگای خۆمان و زۆربەی ئەو کەسانەی لەسەر کارەکانی ئێمە رایان دەردەبرن خەڵک نینە، زۆربە خەڵکانێکن کە لەدەرەوە دانیشتوون یا ئەندامی خۆمان یا خەڵکی دەگمەن لە نێوخۆی کوردستانی ئێرانن،ئەوەش گەورەترین کەمایەسی ئێمەیە.

***ڕووداو: وابزانین ئێوە لە رۆژهەڵات بوونەتە دەستەڵات. من بابەتێکی رەخنەگرانە لەسەر ئێوە بڵاو دەکەمەوە. دڵنیاییم پێدەدەن کە هەرەشە و مەترسیم بۆ دروست نەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەیە دڵنیات دەکەمەوە کە شتی وا روونەدات، بەڵام لە نیگەرانییەکان تێدەگەم، بەو هۆکارە کە کەش و هەوای دیالۆگ لەنێو ئێمەدا پۆلاریزە بووە، ئێمەش وەک حیزبە سیاسییەکان لە خانەی لەیەکدانی یەکدی، بچووک کردنەوە و دابران داین، جا مادام فەرهەنگی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر ئاوابێ، بێگومان ئەندامانی ئەو حیزبانەش لە رێبەرانی خۆیان شت فێر دەبن و هەوڵ دەدەن لە دژی دژبەرانی خۆیان و کۆمەڵگاشدا بەکاری بێنن. بە نیگەرانییەوە سەیری دەکەم، بەڵام تا ئەو جێگای پەیوەندی بە من و حیزبی منەوە هەیە، هەوڵ دەدەم فەرهەنگ سازی بۆ بکەم. ئێمە لە بەفەرهەنگ کردنی ئەساس نامەی خۆشماندا سەرکەوتوو نەبووینە، فەرهەنگ لەو شوێنانە دروست نابێ کە حیزبەکان لە کوردستانی عێراق تەیدان، بەڵکوو لەناو کۆمەڵگادا دروست دەبێت.

***ڕووداو: کاردانەوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە رووداوەکانی مەهاباد چۆن هەڵدەسەنگێنن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە هەوڵماندا لە چەند بواردا کاری بۆ بکەن، یەکەم، بە خەڵک بڵەیین کە خۆپیشاندان و نارەزایەتی مافی ئێوەیە و دەبێ شارەکانی دیکەش پشتیوانی لێبکەن، دووهەم راکێشانی پیشتیوانی لە پارچەکانی دیکە بوو، سێهەم بە میدیایی کردنی ئەو پرسە لەئاستی جیهانیدا بوو، کە بە خۆشییەوە، بە هاوکاری لایەنەکانی دیکە ئەوە مسۆگەر بوو.

***ڕووداو: پێشتریش گتوتە کە ئێرانمان پێناروخێ؟ ئەوە بەرهەمی چ عەقڵییەتێکە؟ پێتوانییە ورە روخێنەرە؟***

***خالید عەزیزی:*** دووای تێپەڕینی ٧٠ ساڵ لە مێژووی حزبی دیموکرات و ٣٦ ساڵ بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەبێ پێداچوونەوە بەخۆماندا بکەین، رووخێنەر نییە، من ئێستاش بە راشکاوی بە خەڵک دەڵێم خەبات و تێکۆشانی کورد لە هیچ پارچەیەک بۆ روخاندنی حکومەتی ناوەندیی نییە، کورد حکومەتی ناوەندیی پێ ناروخێ، پێشی وانەبێت ئەگەر بی روخێنێ لە ناوەند دەبێتە دەستەلات، ٣٦ ساڵ بڵەین دەروخێ و دووای بۆمان نەروخێ! ئەوە روخێنەرە. کاری ئێمە مسۆگەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمانە، لەسەر ئەو ئەساسە دەزانین کە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ناوەند بکەین.

سەردەمێک حیزبە ئێرانییەکان چەپلەیان بۆ ئێمە لێدەدا کە کوردستان سەنگری ئازادییە، بۆخۆشم لە رابردوود گتوومە، ئێمە نابێ لە ژێر کاریگەری ئەو دروشمانە خۆمان بخەینە پانتای شەڕێک کە بۆمان ناکرێ، با شتێک بڵەین کە بۆمان جێبەجێ دەبێ.

***ڕووداو: ئەگەر ناتوانن حکومەتی ناوەندی برۆخێنن، ناتوانن کوردستانیش ئازاد بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** نا، ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستان وەدەرنێیین، تا ئێستا نەمانتوانیوە یەک گوندیشی لێبستێنینەوە و حکومەتی تێدا رابگەیەنین، ئێمە دەبێ پێداچوونەوە بەسەر ئەو فکرەدا بکەین، تا کەنگێ! مێتودێکە کە ٣٦ ساڵە لەگەڵی بەرەورووین، لایەنێکی سیاسی وەک حیزب و خەڵک وەک گەل دەبێ پێداچوونەوە بەسەر خۆیاندا بکەن، بڵێن ئەوەمان بۆ جێبەجێ نابێت، خۆ ئەوە نە گوناهە و نە کوفرە، بەڵکوو تۆ لە حەلێکی دیکە دەگەرێی کە لەدەستت دێت.

***ڕووداو: کاتی ئەوە نەهاتووە کە پێداچوونەوە بە فۆرمی کلاسیکی حیزبی دیموکرات واتە سانترالیزمی دیموکراتیک بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** دەتوانین پێداچوونەوە بە زۆر شتدا بکەین، بەڵام لەت بوونی حیزبی دیموکرات و دروستبوونی رکابەرییەکی ناسالم لە نێوان هەر دووباڵی حیزبی دیموکرات ،گۆڕانکاری بە دیل گرتووە، نەهامەتییەکە لەوەدایە کاتێک باسێک دێتەگۆر و هەست بە پێویستی گۆڕانکارییەک دەکرێت، کە سەبارەت بە پرسی کورد لە کوردستانی ئێران، لایەنەکەی دیکە تەنیا لەبەر رکابەری حیزبی خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ ئەو پرسە دەکات، ئەوە تایبەت نییە بە لایەنێک. بەڵام سەرەرای ئەوە پێموایە کە مەجالێک هەیە بۆ پێداچوونەوە لە ساڵرۆژی ٧٠ ساڵەی حیزبی دیموکرات.

***ڕووداو: چ فۆرمێکی جێگرەوە پێشنیاز دەکەیی؟***

***خالید عەزیزی:*** رەنگە لە داهاتوودا باسی ئەوە بکرێت، بەڵام با ئەندامانی هەردوولای حیزبی دیموکرات یەکەم وەک تاک بیر لەوە بکەنەوە. دەبێ بیر لە تاکتیک و ستراتژی و شێوەی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بکەنەوە. دووهەم دەبێ بە راشکاوی ئەوە بڵەین ٣٦ ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە شەڕداین، جیاواز لە نێوەرۆکی کۆماری ئیسلامی کە ئێمە بەخراپی دەزانین، بەڵام ئێمەش بێ هەڵە نەبووین دەبێ بە بوێرییەوە لانیکەم لە ژووره داخراوەکانی خۆماندا باسی لێبکەین، لانیکەم ٥٠ ساڵی رابردووی حیزبی دیموکرات، سەرەرای قوربانی و تێکۆشانێکی زۆر، بە ناکۆکی و لەیەکدابران تێپەرِبووە.

***ڕووداو: یانی عەقڵییەتی دێموکراسی خوازی کە هەفتا ساڵە خەباتی بۆ دەکەن لەناو حیزبدا پراکتیزە نەبووە!***

***خالید عەزیزی:*** عەقڵییەتی دێموکراسی خوازی باس هەڵگرە،ئێمە ١٥ کۆنگرەمان گرتووە، لە کۆنگرەی چووارەوەتا ئیستا هەمووی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران دابووە، بەردەوام رامانگەیاندووە کە کۆنگرە بە سەرکەوتووی کۆتایی پێهات، بەڵام لەسەردەمی شۆڕشەوە تا ئێستا حیزبی دیموکرات پڕکێشەترین حیزبی کوردستانی ئێران بووە، مێژوویەک پڕ لە دەستە بەندی، لەیەکدابران، جناح بازی، رکابەری نابەجێ و ناوچەگەرایی، پێداچوونەوە نەترسی دەوێت، ئەوەش یارمەتی دەردەبێت بۆ عەقڵییەتی وەسەر دروستکردنەوەی دووبارە و خستنەوەسەر یەکی هەر دووباڵی حیزبی دیموکرات.

**ڕووداو: باسی یەکگرتنەوەت کرد، لەو ماوەی رابردوودا چەند کتێب و وتارێک سەبارەت بە پرسی لەیەک دابرانەکانی دیموکراتەکان بە قەڵەمی رێبەرایەتی دوولایەن بڵاو بوونەوە، چ کاریگەرێکیان لەسەر پرسی یەکگرتنەوە داناوە؟**

***خالید عەزیزی:*** رێز و حورمەتم هەیە بۆ نوسەرانی ئەو کتێب و بابەتانە، بەلام کاریگەری نەرێنیان هەبووە و ئێمەیان لە رابردوودا هێشتووەتەوە و بەس برینەکانیان کولاندووەتەوە.

***ڕووداو: پرسی یەکگرتنەوە بەکوێ گەیشتووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەداخەوە هیچ دانیشتنێکمان لەسەر ئەو پرسە نییە، هیچیشمان بەدەستەوە نییە، تەنیا پەیوەندی دۆستانە و ئەمنییەتی مان بەیەکەوە ماوە.

***ڕووداو: یانی هیوایەک بە یەکگرتنەوە نەماوە؟***

***خالید عەزیزی:*** لە کورت ماوەدا هیچ هیوایەک نییە، بەڵام لە درێژماوەدا من هیوادارم.

***ڕووداو: پێتوانییە کە نەبوونی رێبەرێکی کاریزماتیک خەساری گەیاندووە بە بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر تۆ قسە لە بزوتنەوە و خەبات و تێکۆشان دەکەی! ئەوە رێبەری دەوێ ،تەواو! خەبات و تێکۆشان بە قسە ناکرێ، ناتوانی کۆمەڵێک کەس بیو خەریکی شەڕ و دمەچەقە و دمەقاڵە بی، خەبات حیزبی بەهێز بەرە و پێشی دەبات، خەبات و شۆڕش بە پەرلەمان ناکرێت، بە دەستەڵات دەکرێت.

***ڕووداو: رۆژهەڵاتی ناوێن بە قۆناخێکی تایبەتدا تێدەپەڕێت، دو بەرە پێکهاتووە ،ئێوە چیو کردووە بۆ قۆزینەوەی هاوکێشەکان لە بەرژەوەندی رۆژهەڵات؟***

***خالید عەزیزی:*** نابێ سەبارەت بەو ئاڵوگۆڕانە بێ تەفاوت بین، بەڵام ناشمانهەوێ ببین بە بەشێک لە کێشەی سوننە و شیعە، بەڵام هەوڵ دەدەین لە بەرژەوەندی خۆماندا سوودی لێوەرگرین.

***رووداو: بەرژەوەندی ئێوە لەوەدا نییە بچنە بەرەی سوننە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەهیچ شێوەیەک، ئێمە ناچینە بەرەی شیعە یا سووننە، ئێمە لە بەرەی دژی ئێران دەبین. بەرەی شیعە یەکگرتوویە و ئێران رێبەری دەکات، بەڵام بەرەی سوننە چەند دەنگن و هەر ولاتێک خولیایەکی هەیە. ئێمە نە وەک بەرە بەڵکوو بە هەڵسوکەت لەگەڵ وڵاتەکان بە نیازین تەعامول لەگەڵ ئەو پرسە بکەین، بەڵام تا ئێستا بە ئاکامێکی تایبەت نەگەیشتووین.

***رووداو: سەرکۆنسوڵی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی بنکەی رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد ؟ بۆچی؟***

***خالید عەزیزی:*** رووداوەکانی مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری لە میدیاکانی جیهانیدا هەبوو ، پرسیاریان لەسەر خوێندنەوەی ئێمە لەو رووداوە و بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان و مەهاباد، لەسەر داواکاری خۆیان هاتن و میوانداریمان کردن، لە روانگەی خۆمەوە کارێکی باشیان کردووە ،ئەمریکا زلهێزە و دەبێ لە دەلاقەی راستییەکانەوە رووداوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ببینێت، ئێمەش بەرچاو روونییەکمان لە بارودۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان پێدان.

***رووداو: باسی شەڕی چەکداری یا وەرگرتنی یارمەتیتان نەکرد؟***

***خالید عەزیزی:*** دڵنیاتان دەکەمەوە کە شتی وا نەبووە.

***رووداو: وەکوو دوایین پرسیار میدیای سیبەری ئێوە. باس لەوە دەکات کە پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هێزێکی چەکدارییە و لە نێوخۆی رۆژهەڵاتدا بوونی هەیە. ئەمساڵ بڕیارە جوڵەیان پێبکرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەنێوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دامەزراون و بۆخۆیان بڕیار دەدەن بۆ هەر جوڵەیەک و بەرپرسیارەتی هەر کردەوەیەکیان دەکەوێتە سەر شانی خۆیان و پەیوەندی بە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت / رێکەوتی: ١٩ی مای ٢٠١٥

# خالید عەزیزی: تێ بکۆشین پردێک لە نێوان جیاوازییەکاندا دروست بکەین




**لە پێوەندیی لەگەڵ ڕووداوەکەی مەهاباد (گیان لە دەستدانی گوماناوی فەریناز خوسرەوانی) بەهۆی ئەوەوە نارەزایەتییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەم ڕووداوە و کاردانەوەو دەنگدانەوەکان لە ئاستی کوردستان و جیهاندا بەرانبەر بەو ڕووداوانە و کۆمەڵێک پرسی پێوەندیدار، تلویزیۆنی کوردکاناڵ ڕۆژی چوارشەمە ٢٣ی بانەمەڕ وتووێژێکی لەگەڵ سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز کاک خالیدی عەزیزی پێک هێناوە کە بەشێک لە پیادەکراوی ئەو وتووێژە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی «کوردستان».**

***کوردکاناڵ: کاک خالید زیاتر لە یەک حەفتەیە لە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگوزەرێ. پێمان باشە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زمانی جەنابتەوە ببیسین؟***

***خالید عەزیزی:*** **پێشەکی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو خانمە دەکەم کە بە هۆی ئەو ڕووداوە ناخۆشە گیانی لەدەستدا هەروەها ئارەزووی زوو چاکبوونەوە دەکەم بۆ بریندارانی ئەو ڕووداوە، هیوادارم ئەوانەی کە لە زیندان دانو زیندانیان کردوون بە زوویی ئازادبنو بگەڕێنەوە ناو بنەماڵەکانی خۆیان.**

**لە ڕاستیدا ماموستا هێمن شێعرێکی جوانی هەیە عینوانی ئەو شێعرە «ڕقی پیرۆز»ە. دەبێ بڵێم ئەوە ڕقێکی پیرۆزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵانی خەڵک کە لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرن لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکاری دێنن. جەوهەری ئەو کێشەیە دوو لایەن تێیدا بەشدارە؛ لایەنێک کۆماری ئیسلامییە کە بە سیاسەتی سەرکوتی خۆی، بە سیاسەتی بە ئەمنییەتی کردنی کوردستان، تەحقیر کردنی کورد وەک نەتەوەیەک، بەو سیاسەتانەی کە تەوەجو بە کوردستان ناکا، تەبعیز لە کوردستان هەیە، بێکاری لە کوردستان زۆرە، فەقری ئیقتسادی لە کوردستان زۆرە، مەجالو دەرفەتی کار لە کوردستان کەمە، کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی لە کورستان هەیە کە پێی بێ تەوەجۆن، لەسەر یەک لە کوردستان جیاواز**

لە هەمووی ئەوانە بە لەحازی نەتەوەیی، کۆماری ئیسلامی لە ڕاستیدا مەوریدی ئیعترازو ڕقو کینی کۆمەڵانی خەڵکە. لایەکی دیکەی ئەو قەزیە کۆمەڵانی خەڵکن کە لە کۆماری ئیسلامیدا مافەکانیان وەبەر چاو ناگیرێ، ئیحترام بۆ حەقو حقوقەکانیان داناندرێ، بە تایبەت کە لە هەڵبژاردنی ئەخیری کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک باس لە پێوەندی لەگەڵ ماف و ئازادی حیزبو هەروەها ئەقەلیتهای میللی مەزهەبی ئەوەی کە بۆخۆیان دەڵێن، هاتنە گۆڕێ، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕێک نەهاتە پێشێ تەنانەت لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆریش ئێعدام کراوە، زیندانەکان هەروا خەڵکیان تێدایە، هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران وەزاڵە هاتوون، ڕقێکی پیرۆزیان هەیە، لەو فورسەتە کەڵک وەردەگرنو لە دژی کۆماری ئیسلامی بەکار دێنن. لەو بەینەدا کۆماری ئیسلامی لە جیاتی ئەوەی تەوەجۆ بە خواستەکانی ئەو خەڵکەی خۆپێشاندانیان دەکرد، بکا هێزی ئەمنییەتی هێنا لە موقابیلیاندا ڕاوەستا و خەڵکی تەحریک کرد کە بەداخەوە ئەو ڕقە بوو بەهۆی ئەوە ئەو هۆتێلەش بسووتێ کە ئەو ڕووداوەی لێ رووداو.

***لە پێوەندی لەگەڵ تەعاموولو بەرخوردی چالاکانی سیاسیو مەدەنی کورد بە گشتی و ئەحزابی سیاسی چ لە نێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چ لە دەرەوە. جەنابت چۆنت بینی؟ کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە ڕوانینی خۆی دەربڕی:***

ئەوەندەی پێوەندی بە چالاکانی سیاسییەوە هەیە هەر کەسە بە جۆرەی تواناو ئیمکانی خۆیی لە نێوخۆیی وڵات هەوڵی داوە، لە دەرەوەی وڵاتیش لە ڕاستیدا تا ڕادەیەکی زۆر فعالینی سیاسی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر بە خۆپێشاندانو تەزاهوڕات ئەو هەوڵیان داوە پێوەندی بگرن بە کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بەو لایەنانە کە بە جۆرێک دەکرێ دەنگی نارەزایەتی ئەو خەڵکە [لە دژی] جمهوری ئیسلامی بە دنیا بگەیەنن ئەوانیش هەوڵو تێکۆشانێکی زۆریان داوە.

بەنیسبەتی بەرخوردی ئەحزاب دەکرێ بڵێم ئەحزابی کوردستانی بە گشتی بەرخوردێکی مەسئولانەیان بووە. تا ئەو جێیەی پێوەندی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەیە لە ڕاستیدا لە تەواوی ئەو چەند ڕۆژە هەوڵمان داوە بە لەبەرچاو گرتنی هێندێک حەقیقەت جۆرێک کۆمەک بە مەسئەلەکە بکەینو تێکۆشاوین مەهاباد تەنیا نەمێنێتەوەو کۆمەڵانی خەڵک پشتیوانی لەو حەرەکەتەی مەهاباد بکەن.

... ئێمە لە حیزبی دێموکرات حەولمان داوە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ کۆڕو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەگەڵ هەمووی ئەو لایەنانە بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە پێوەندییان بە بڵاو کردنەوەی ئەو خەبەرانە هەیە بە زمانەکانی جۆراوجۆر ئەو خەبەرانە بڵاو بکەنەوە ئەو شوێنانەی کە لە ئاستی «سازمان ملل» یا لە ئاستی «ئەمنستی ئێنترناشناڵ»یا لە ئاستی ئەو شوێنانەی کە لە لەحازی ئینسانی دیفاع لە حقوقی بەشەر دەکەن، دەنگی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو شوێنانە بگەیەنین.

...ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە حەدی خۆماندا لە هەموو بوارەکاندا هەوڵمان داوە کارمان بۆ کردووە کە ئاکارەکان و کردەوەکانی جمهوری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەی دونیادا ڕوون بکەینەوەو تێبکۆشین پشتیوانو یارمەتیدەر بۆ مافە ئینسانیو دێموکراتیکی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاد بکەین.

***کوردکاناڵ: ئەم ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەی مەهاباد روویدا شتێک بوو چاوەڕوان نەکراو بوو لە پڕا ڕووی‌دا بەرخوردەکان جیاواز بوون جۆراوجۆر بوون بەڕای جەنابت ئەو ئەزموونانە چیە کە چالاکی سیاسی کورد ئەحزاب چالاکی مەدنی کورد چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە بەتایبەتی ئەحزاب دەبێ لە ڕووداوێکی ئاوادا بۆ داهاتوو کەڵکی لێ وەربگرن؟***

***خالید عەزیزی:*** لە ڕاستی‌دا ئەو ڕووداوانە کۆمەڵێک ئەزموونو تەجروبەی بۆ ئێمە تێدا هەیە، یەکەم چەندین لایەن ئێمە لە ڕووداوانە هەر لایەنێک بە پێی بۆچوونی خۆی حەولی داوە خوێندنەوەی خۆی بۆ بکا و بەرچاوڕوونی دروست بکا کە ئێمە لە ئیدامەی ئەوەدا چۆن ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببینەوەو چۆن لەو پەیوەندیەدا خۆمان ڕێک بخەین. لێرەدا سەیر نیە ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبێ من بە شتێکی تەبیعی دادەنێمو ئەو بۆچوونە جیاوازانە ئێمە دەتوانین کەڵکیان لێ وەربگرین. یەکەم پێش هەموو شتێک لە نێوخۆی وڵاتدا دەمێکە جموجۆڵ و چالاکیو فەعالیەتی سیاسی لە گۆڕێدا هەیە، لانیکەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا پشتیوانیی ئەو جموجۆڵ و فەعالیەتە سیاسیانە لە نێوخۆی وڵات بووە هەمیشە بە هەموو فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات گوتوە لە هەموو فورسەتەکان کەڵک وەربگرن، فورسەتی قانوونی، سیاسی، حیزبی، ئەدەبی، فەرهەنگی، مافی ژنان، ژینگەپارێزی، مەسائلی کۆمەڵایەتی بێ، خۆتان ڕێک بخەن مەوزوعاتو داواکانی خۆتان بێننە گۆڕێو خەڵکی بۆ سازمان بدەن. لەو پەیوەندیەدا پێمخۆشە ئاماژە بە شتێک بکەم، ئەویش ئەوەیە زۆرجار دێنە سەر پێناسە کردنی ئەو فەعالیەتە واتە فەعالییەتی مەدەنی کە ئێستا ئەو نێوەی بەخۆیەوە گرتوە، ڕاستیەکەی بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە هۆیەکەشی ئەوەیە کە لە ماوەی سی‌وپێنج ساڵی ڕابردوودا نەسلێک کە لە شۆڕشو فەعالیەتو تێکۆشانو کاری حیزبی‌دا هەبووە ئەو نەسلە ئێستا یا لە دەرەوەی کوردستانە، تا ڕادەیەک پەرتەوازە بووە، نەسلێکیش لە نێوخۆی وڵاتە ئێستا پێگەیشتووە و بە تەبیعەتی وەزعیەتی ئەویو واقعیاتی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانو چۆنیەتی تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی سەیری ئەو مەسئەلانە دەکا. بۆیە دروست کردنی پردێک بەینی ئەو دوو بۆچوونە دەتوانێ کۆمەک بە ئێمە بکا، ڕەنگە نەسلێک لە دەرەوەی وڵات بە جۆرێک تەعامول بکەن لە چەندوچۆنی فەعالیەتی فەعالینی سیاسی لە نێوخۆی وڵات باش تێنەگەیشتبن یا باش مەوقعیەتی ئەوان لە بەرچاو نەگرن، جاری وایە بە سازشکاریان دابنێن یا نێوو ناتۆرەیان لە سەردابنێن، بەجۆرێک ڕخنەیان لێ بگرن بڵێن ئەو شێوەکارەو ئەو شێوە بەرخوردەی ئێوە جۆرێک سازان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی یا جۆرێک دانی چرای سەوزە بە جمهوری ئیسلامی. ئەمن پێم‌وایە ئەو بۆچوونە ناتوانێ بۆچوونێکی واقع‌بینانەو مەعقولو موتاعادل بێ. ئەگەر ئێمە ئەوە قبووڵ بکەین حیزبە سیاسییەکان بە تەبیعەتی مەوقعیەتی خۆمانو پرۆژەی سیاسی خۆمانو بەرنامەی سیاسی خۆمان بەوجۆرەی کە بۆمان عەمەلیە تەعامول لە گەڵ وەزعی نێوخۆ دەکەین ئەگەر وایە ئێمە فاکتۆرێکین لەو سێناریۆیە، ئەگەر چالاکانی سیاسی بە جۆرەی وەزعیەتی

خۆیانو تەبیعەتی مەوقعیەتی ئەوەیو چەندوچۆنی مەوقعیەتی ئەوەیو تەعامول لە گەڵ وەزعیەتەکە دەکەن تەعامول لە گەڵ جمهوری ئیسلامی دەکەن ئەوانیش فاکتۆریکن. ئەگەر ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتیش بە جۆرێک ڕەنگە دووربن ڕاستەوخۆ لە نێوخۆی وڵات نەژین، بەڵام دڵیان بۆ وڵاتو ڕزگاری وڵاتەکەیان لێدەدا، دەبێ لەو سێ بۆچوونە پردێک دروست بکەین. جاری وایە کە باسی خەباتی مەدەنیو خەباتی چەکداری دەکرێ، بەعزێک پێیان وایە خەباتی مەدەنی ئەڵترناتیویەکە لە موقابیل خەباتی چەکداریو ئەوانەی دیفاع لە خەباتی چەکداری دەکەن جاری وایە پێیانوایە خەباتی مەدەنی بە مەعنای ئەوەیە مافی دیفاعی مەشروع لە خۆت تەنانەت بە شێوەی چەکداری لە لایەکەی دیکە دەستێننەوە. ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین ئەو ناوچەیە نێوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بە تەبیعەتی کێشەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناکۆکیەکان جۆرێکە هەمووکەس موسەلەحە، بۆ موسەلەحن؟ هەمووی ئەوانە کە لێیان دەپرسی بۆ موسەلەحن دەڵێن بۆ دیفاع لە خۆمان.

لە ڕونگەی ئێمەوە لانیکەم وەک میلەتێک بۆ مافەکانی خۆمان تێدەکۆشین دیفاعێکێ مەشروعە. خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتو چالاکیی سیاسی لە نێوخۆی وڵات کاری جەمعێکەو دەتوانن بیبەنە پێشێ، بەڵام ئەو حەقە با لە خەڵکی دیکە نەستێننەوە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمە مەجبوور بوین بە شێوەی چەکداری دیفاع لە خۆمان بکەین ئەوەیش حەقی مەشروعی ئێمەیە.

جمهوری ئیسلامی هیچ مەجالێکی بۆ ئێمە نەهێشتوەتەوە ئەگەر جمهوری ئیسلامی مەجال بدا بە کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی هێمنانە تەزاهوراتو خۆپێشاندانەکانی خۆیان بکەن، داواکانی خۆیان بێننە گۆڕێ، خەڵک لەوێ ئیحساسی ئەوە بکا کە بە شێوەیەکی ئازادانە دەتوانێ شتەکانی خۆی بێنێتە گۆڕێ ڕەنگە لەو حاڵەتەدا تۆ دیفاعی مەشروع بە شێوەی موسەلەحانە کەمڕەنگ بکەیەوە، بەڵام لە حاڵی ئێستادا لە ڕوانگەی ئێمەوە هەمووی ئەوانە حەقی میلەتی کوردە لە کوردستانی ئێران لە کوێ چی پێویست بوو لەویان کەڵک وەربگرێ بۆ خەباتەکەی خۆی.

***کوردکاناڵ: کاک خالید ئەمانەی کە باسی دەکەی لە حاڵێکدایە کە زۆرجار لە زمانی جەنابتەوە دەبیستری کە فەلسەفەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ئیدارەی وڵات و بەڕێوەبردنی وڵاتە، یانی پێتوایە خەباتی مەدەنی و دیفاعی چەکدارانە هاوتەریبی یەک دەبێ بن؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتی خۆی کە حیزبی دێموکراتی دامەزراوە بە شەڕی چەکداری دانەمزرا نەتیجەی فەعالیەتی جەمعێک پێشمەرگە نەبوو بچن شارەکان بگرنەوە. لە نێو کۆمەڵانی خەڵک دامەزرا هەر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیش قانوونی ئیدارەی وڵاتی دانا، هەر لە نێو کۆمەڵانی خەڵکێش دوور لە شەڕوو دوور لە چەکو دوور لە ژیانی پێشمەرگایەتی سەرکۆمارو کابینەی وەزیرانو ئیدارەی خۆی دامەزراند. فەلسەفەی حیزبی دێموکرات ئەو وەختی چ بوو ئێستاش هەر ئەوەیە ئێمە ئارەزوی ئەوەمان دەکرد لە ئێرانو لە کوردستانی ئێران مەجبوور نەبین پەنا بۆ چەک بەرین، ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو

مەجالی نەدا هیچ موزاکرەیەک لە گەڵ میلەتی کورد سەربگرێ، ئێستاش مەجالی نەداوەو شەڕی بە سەر ئێمەدا تەحمیل کرد بۆیە تەبیعەتی شەڕی ئێمە لە ڕابردووداو تەبیعەتی دیفاع لە خۆمان ئەگەر لە داهاتوودا بێتە پێش تەبیعەتێکی دیفاعیەو تەواو مەشروعەو لە جێگای خۆیدایە یانی ئەوە هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە پرۆژەو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەقیقەن ئەوەیە کە جەنابت لە سەرەتادا ئاماژەت پێ کردو ئێمەش ئێستاش هەر بە دوای ئەوەدا دەڕۆینو ئێستاش هەر پێمان وایە کۆماری ئیسلامی هیواداریـن دوای ئەو ڕووداوانە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە بەرخورد بکا یا ئەگەر کەسانێکی دیکە لە نێو جمهوری ئیسلامیدا هەن خۆێندنەوەیەکی دیکەیان هەیە بۆ ئەو ڕووداوانە بە ئیحساسی مەسئولیەتەوە بەرخورد بکەن، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە شوێنێکدا دەژین مەسەلەی کورد لەو ناوچەیە بووە بە ئەمری واقع، تازە مەسەلەی کورد لە کوردستان ئێران بە کۆماری ئیسلامی نادیدە ناگیرێ ئیدامەی ئەو جووڵانەوانە دڵنیام شتی دیکەشی بە دوودا دێ.

هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ بەرخوردی دەسەڵاتدارانی ئێران لەگەڵ ئەو ڕووداوەی مەهاباد کاک خالید عەزیزی بەم شێوەیە بۆ کوردکاناڵ دوا:

جمهوری ئیسلامی لەماوەی سی‌وپێنج شەش ساڵی ڕابردوودا بەداخەوە بەرخوردەکانی بە ئیعترازاتی خەڵک هەمیشە ئاوا بووە لە قانوونی ئەساسی ئێراندا لە بەندی بیستحەوتدا دەگوترێ خۆپێشاندانو تەزاهورات بە شەرتێک موسەلەحانە نەبێ بە شەرتێک دژی مەبانی ئیسلام نەبێ ئازادە. خۆپێشاندانەکەی مەهابادو خۆپێشاندانەکەی سەردەشتو دەیان خۆپێشاندانو تەزاهوراتی دیکە یا گردبوونەوەو لەدەوری یەک هالانی پێشووی خەڵک لە کوردستانی ئێران هیچی لەو خانەیەدا پێناسە ناکرێ، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەوەشی تەحەمول نەکرد یانی بە گوێرەی قانوونەکەی خۆی کە بەندی بیستو حەوتی قانوونی ئەساسی ئێرانە حەق بە خەڵک دەدا کە بە شێوەیەکی ئازادو هێمنانە خڕ ببنەوە ئیعترازی خۆیان ڕابگەیەنن، تەنانەت ئەوەشی تەحەمول نەکرد، بۆیەش تائێستا تەعامولی کۆماری ئیسلامی لە پەیوەندی لە گەڵ قەزیەی کورد تەعامولێکی ئەمنیەتی، نیزامی، غەیرەمەدەنیە و غەیرە قانوونیە.

***لەپێوەندی لەگەڵ کاردانەوە جیهانییەکان بەو ڕووداوەی مەهاباد سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات گوتی:***

هەم لە ئاستی میدیا جیهانییەکاندا، هەم لە میدیاکانی کوردیدا، تاڕادەیەکی زۆر باسی کرا و مەوزوعەکەیان تەنیا مەحدوود نەدەکردەوە بە ڕووداوە کە لەو هوتێلە ڕوویداوە، بەڵکوو ئەهاتنە سەر ئەوباسە ئەو ئیعترازو ناڕزایەتیانە کە ڕیشەی لە سیاسەتەکانی غەڵەتو نامەسئولانەو دژی کوردی کۆماری ئیسلامیدا هەیە وکۆمەڵانی خەڵکی لە کوردستانی ئێرانی وەزاڵە هێناوە. ..

***کوردکاناڵ: کاک خالید بەم خوێندنەوەیە، لە ئاستی جیهانیدا بە جرەقەیەکی ئاوا مەسەلەی کورد لە ئێران دەکەوێتە بەر زومی میدیا جیهانییەکان، لە حاڵەتێکی وادا ئەرکی چالاکانی ناوخۆ لە چالاکانی سیاسیو مەدەنیەوە بگرە تەنانەت نوێنەرانی کورد لە مەجلسی شورای ئیسلامی و کەسایەتیە ئایینیەکان و دواتر ئەحزابی سیاسی کورد دەبێ چۆن بێت؟***

***خالید عەزیزی:*** لایەنانەی کە پێویستە ئێمە تەئکیدیان لە سەر بکەین، یەکەم ئەوەیە لە ڕاستیدا لە نێوەخۆی وڵات دەبێ تێبکۆشین پردێک لە نێو جیاوازیەکاندا دروست بکەین. ڕووداویوا دێتە پێشێ نەیەیینە نێو ئەوباسانە ئەرێ حیزبەکان چیان کرد حیزبەکان دەبێ چی بکەن، حیزبوخەڵک یا ئەوەی لەو دوایەیدا دەڵێن حیزبو ڕووناکبیران، عدەیەک ڕخنە لە حیزبەکان بگرن حیزبەکان ڕخنە لە عدەیەک بگرن، چالاکانی سیاسی نێوخۆی وڵات بە تەبیعەتی خوێندنەوەی خۆیان قەزاوەتێک بکەنو لە دنیای مەجازیدا جاریوایە ڕخنەکان جۆرێک بگرن هێندێک خەڵک لە دەرەوە بە خۆێ بگرێ هێندێک خەڵک لە دەرەوە جۆرێک ڕخنە بگرێ کە ئەوە تەشەتوتێکو بەربڵاویو نارێکو پێکو لێکدابڕانێک لە نێو ئێمەدا دروست بکا، ئێمە وەزیفەمانە ئەوە بە جۆرێک مودیریەت بکەین کە لە داهاتوودا هەمووی ئێمە کە جەمعێکین لە نێو ئەو گۆڕەپانە سیاسیەدا هەینو لە داهاتوودا لە موقابیل ئەو سێناریو ناڕوونانەی کە دێنە پێشی ئامادەگی زۆرمان هەبێ مودیریەتی بکەین. دوو کاتێک ئێمە باسی خۆپێشاندان دەکەین لە نێوەخۆی وڵات بۆ ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی مەجالی ئەوەی نەمێنێ کە زۆر بە ڕاحەتی هەر نێوێک پێی خۆش بوو لە سەر ئەو خۆ پێشاندانەی دابنێ، من داوام ئەوەیە ئەوانەی ئەندامی مەجلسن خەڵک دەنگیان پێداون و ئێستا نوێنەرن لە مەجلسی ئێران، ئەوانەی کە فەعالی سیاسی ئێرانن، نوخبەگان ئەوانەی شت دەڵێنو شت دەنووسن و خەڵک قسەیان لێ وەردەگرێو تەوجویان پێ دەکەنو دەتوانن لە سەر ئەفکاری عمومی تەئسیریان هەبێ، مامۆستایانی ئایینی و هەموو ئەو چینوتووێژانەی کە بە جۆرێک لە کۆمەڵگادا دیارن، لەو تەزاهوراتانەدا بەشداری بکەن، لەو تەزاهوراتانەدا یا لەگەڵدا بن، لەگەڵدا بوونی ئەوانە لەو تەزاهوراتانەدا سبەینێ کەسێک کە نمایندەی مەجلیسە کە تەزاهورات دەکرێ یا ئەو بگیرێ نەخەیر یا ئەو لەوێ بێ بڵێ ئەو تەزاهوراتەی ئێمە دەکەین لە سەر مافەکانی خۆمانە هەرەکی ئێوە دەڵێن کە ئینتزارتان هەیە نەخێر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نیە کە ئێوە لێیدەترسێن، ئەوەیش دەیبینن زۆر هێمنانەیە جا ئەگەر وایە دەبێ دیفاعی لێ بکەن ئەوان دەبێ دیفاعی لێبکەن ئەوان هەڵبژاردراون لە ناو کۆمەڵانی خەڵکەوە بۆیە دیفاع لە مافەکانی خەڵک بکەن، خۆپێشاندان یەکێک لە مافەکانی سەرەتایی خەڵکە قانوونی ئەساسی ئێرانیش ئامازەی پێداوە جا ئەگەروایە ئەوانیش دەبێ لەو خۆ پێشاندانەدا بن.  ئەگەر موقایسەیەکی نبسییش بەینی ئێرانو تورکیەش بکەین دەبینین ئەو مەجالە هەیە لە تورکیە ئەندامانی مەجلسی تورکیە، نوێنەرانی کورد لە پارلمانی تورکیە بۆ خۆیان دێن لە نێو خۆپێشاندانەکاندا دەبن جاریوایە لێشیان دەدەنو زیندانیشیان دەکەن با ئێمە لە کوردستانی ئێران ئەوە بکەین بە عادەت، با بیکەین بە عادت نوخبەگانو مامۆستایانی ئایینیو نوێنەرانی مەجلسو فەرمانداranو شاردارەکانو کەسایەتییەکان و شورای شارەکان بچنە نێو خۆپێشاندانەکان، باعەقڵیەتی دەسەڵاتو عەقڵیەتی ئەوانەی لە نێو دەسەڵات بە جۆرێک بە دوای حەلێکدا دەگەڕێن لە کاناڵیئەوانەوە باشتر لەو بابەتەوە مەعلوماتی پێ بدرێو متەوجەی قەزیەکە بن. دانیشتوەکانی کورد لە دەروەی کوردستان لە دانیشگاکان ئەوانەی ئەهلی قەڵەمنو شت دەنووسن تێبکۆشن ڕەوشەنگەری بکەن لە سەر ڕووداوەکانی کوردستان.

***لە درێژی ئەو باسەدا کاک خالید گوتی: هەروەها پارێزەران کە بە لەحازی حقوقیو قانوونی، باش قانوونی ئێرانو وەزعیەتی ئەوێ دەزانن، بەڵام پارێزەر ئەرکیەتی دیفاع لە خەڵک بکا، دیفاع لە موەکلی خۆی بکا. بە باوەڕی من دەستیان***

*به تەواوی ئاواڵەی بۆ دیفاع لەوانە.*

**به باوەڕی من ئەرکێکی حقوقی قانوونی وەکیلەکانە، ئەرکێکی میللی نەتەوەیی و ئینسانی ئەوانە کە لە سەرتاسەری ئێرانو لە کوردستان دیفاع لەوانە بکەن کە گیراونو هەوڵ بدەن بە لەحازی قانوونی کۆمەکیان بکەن ئازاد بکرێنو لە هەمان کاتیش‌دا ئەو فشارە لە سەر کۆماری ئیسلامی دابندرێ کە ئەوە کۆماری ئیسلامیو مەئمورینی کۆماری ئیسلامیو دەزگاکانی ئەمنیەتییەکانیانن لە کوردستان تێدەکۆشن کوردستان ئەمنیەتی بکەن، پتر خەڵک موسەلەح بکەن، پتر بیکەنە بەهانە بۆ سەرکوتکردنی خەڵک بەتایبەت کە ئێستا لە ناوچەکەدا نیگەرانی ئەوەن کە ئایا کۆماری ئیسلامی لەوهەموو کێبڕکێو کێشانە کە دەیکا بەرەو کوێ دەڕوات.**

**ئەم دیمانەیە لە ژمارە ٦٥٦ی رۆژنامەی کوردستاندا بڵاوبۆتەوە**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠١٥**

## خالید عەزیزی: ئەوروپا و ئەمەریکا دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە



### وشە/ کاوە جەم

دوو دیموکراتەکان کۆتایان بە گفتوگۆ و دانوستانی نێوانیان بۆ یەکگرتنەوەیان هێناوە. خالید عەزیزی سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان ، باسی لە وردەکاریی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ حکوومەتی ئێران دەکات و چەند پەیامێکیش بۆ ریفۆرمخوازانی ئێران و چالاکانی کوردی ناوخۆ دەنێرێت. عەزیزی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "وشە"، باس لە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان دەکات و دەڵێ، "ئەوروپا و ئەمەریکا دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە".

***وشە: دوا هەوڵەکان بۆ تێکەڵبوونەوەی دوو دیموکراتەکە چی لێ هاتەوە؟ دەتوانین بڵێین نیتر تێکەڵ نابنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** سەرەڕای چەندین دانیشتن، تا ئێستە بەئەنجامێک نەگەیشتووین. پاش ئەوەی دەفتەری سیاسیی هەردوولا راپۆرتیان بە کۆمیتەی ناوەندی خۆیان داوە، دەرکەوت کە هەردوو لای دیموکرات خوێندنەوەی جیا و دووریان لە پێناسەی یەکگرتنەوە و میکانیزمەکانی هەیە. هیوادارم هەردوولامان لە کۆنگرەی داهاتووی خۆماندا چارەیەک بدۆزینەوە.

***وشە: کێشەی یەک نەگرتنەوەی دیموکراتەکان، تەنیا هۆکاری ناوخۆییە یان حزبەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت یەکێتی و پارتی کاریگەرییان لەسەر هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** کێشە و لەتبوونەکانی حزبی دیموکرات لە دەیان ساڵی رابردوودا، خەتای رێبەران و کادر و ئەندامانی حزب بووە. با ئێمە خەتاکان نەخەینە سەر لایەنەکانی تر. حزبەکانی هەرێم لەو چەند ساڵەدا بە پەرۆش بوونە بۆ یەکگرتنەوەی ئێمە. دیسان هەر خەتای خۆمانە کە ناتوانین یەک بگرینەوە نەک ئەوان. بە داخەوە ئێمەی کورد فێرین ئۆباڵی شکست و سەرنەکەوتنەکانمان بخەینە سەر شانی خەڵکی تر.

***وشە: دیموکرات بوو بە دوو حزب و کۆمەڵەکانیش بەسەر چەند حزبێکی تردا دابەش بوون. ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات بۆ بەو شێوەیان لێ بەسەر هاتووە؟ بۆ ڕۆژهەڵات لە نێو هاوکێشە ناوچەییەکاندا نییە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە گەورەترین پرسیارە کە ڕووبەڕووی هەموو حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕێبەرانی دەبێتەوە و گەورەترین تەنگژەیە، وەڵامی ئەو پرسیارەیە.

***وشە: چەند کەسێک دووپاتیان کردووەتەوە کە شۆڕش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە. ئایا ئەوە نیشانەکانی نین؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر بڕیار بێت شۆڕش تەنیا پێوەندی بە چالاکیی سەربازییەوە هەبێت، پێم وایە پێناسەیەکی باش نییە. بە بۆچوونی من خەبات فرەڕەهەند و هەمەچەشنە، ئەگەر بەو شێوەیە سەیری بکەین، لە نێوخۆی وڵاتدا ئێستەیش هەستی کارکردن بۆ شۆڕش و کوردایەتی بۆ مەسەلەکە سەرەڕای پاڵەپەستۆی زۆر و ئەشکەنجە و زیندان، بەردەوام کەم و زۆر دەچێتە پێشەوە. هەر کەسێک بڵێ خەبات و تێکۆشان لەوێ نەماوە، زۆر لە هەڵەدایە.

***وشە: ئەی بۆ ڕۆژهەڵات لە نێو هاوکێشە ناوچەییەکاندا نییە؟***

***خالید عەزیزی:*** لە ڕاستیدا دەبێ ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوە تووشی کێشە بێت و ئێمەش ببین بە فاکتۆرێک. ئەگەر لەگەڵ سێ پارچەکەی تری کوردستاندا بەراوردی بکەین، بێگومان کوردستانی ئێران ئەو بارودۆخەی نییە. سەرەڕای خەبات و تێکۆشان و بوونی بەرچاوی پێشمەرگەکانی دیموکرات و خەباتی مەدەنی خەڵک لە نێوەخۆی وڵات، دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە شەڕ و بەربەرەکانی لەگەڵ وڵاتێکی وەک ئێران کارێکی زۆر ئاسان نییە. ئێمەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات کە لە باشووری کوردستان نیشتەجێین، بێ گیروگرفت نین و تەنگژەی خۆمان هەیە، لە یەکگرتنەوەکان سەرکەوتوو نەبووینە، نەمانتوانیوە گوتارێکی یەکگرتوو دروست بکەین، نەمانتوانیوە بەیەکەوە ئەدرەسێکی باشتر بۆ مەسەلەی کوردی ئێران بە دنیا بناسێنین.

***وشە: ئێوە باس لە بەردەوامی شۆڕش دەکەن. بەڵام بۆ نموونە چیتان بۆ کوردانی شیعە لە ئیلام و کرماشان کردووە بۆ ئەوەی پێناسەی خۆیان هەبێت؟***

***خالید عەزیزی:*** لەبەرئەوەی حزبی ئێمە بە شێوەیەکی ئاشکرا و یاسایی لە نێوخۆی وڵاتدا نییە، کاریگەرییەکانمان سنووردارن، بەڵام بەو پێیەی میدیای کوردی باس لەو ناوچانە دەکەن و ئێمەیش کار بۆ ئەو ناوچانە دەکەین، بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو پارێزگەی ئیلام زۆر گۆڕاوە. لە کرماشانیش هەرچەند ئێران دەیەوێ سوود لە کێشەی شیعە و سونە وەربگرێ و ناسیۆنالیزمی کوردی تێدا بەهێز نەبێت، مەسەلەکە هەر بەردەوامە.

***وشە: یەکەکە دوویات دەکاتەوە کە چالاکی و کاریگەرییان لە کرماشان و ئیلام هەیە. لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆی هاوبەش یان هاوئاهەنگیتان هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لەسەر خەباتی هاوبەش بۆ کوردستانی ئێران لەگەڵ یەکەکە هەرگیز قسەمان نەکردووە، چونکە یەکەکە حزبێکی رۆژهەڵاتی نییە و حزبێکی باکووری کوردستانە و شوێنی حزبایەتیشیان دەبێ ئەوێ بێت.

***وشە: ئێوە ئەو چاوەڕوانییەتان هەیە، بەڵام ئەوان بە واقیعی بوونیان هەیە. تا کەی ئێوە دەتانەوێ لەو لێدوانە کلێشەییانە بەردەوام بن؟***

***خالید عەزیزی:*** بوونی یەکەکە و جموجۆڵیان لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران، بەو مانایە نییە کە کوردی ئێران، یەکەکە بە هی خۆیان و کوردستانی ئێران دەزانن. دەربڕینی هاوخەمی و هاونەتەوەیی کوردی ئێران لەگەڵ پارچەکانی تر بەو مانایە نییە کە کوردی رۆژهەڵات حزبی خۆیان واتە حزبی دیموکراتییان وەلا ناوە و بە دوای حزبی پارچەیەکی تردا کەوتوون.

***وشە: زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکەی کە کار لە نێو ئێراندا بکرێت. خۆت پێوەندیت لەگەڵ پەرلەمانتارە کوردەکان و چالاکانی ناوخۆدا هەیە؟***

***خالید عەزیزی:*** هەوڵم داوە بە گوتار و پەیامەکانی خۆم، هەم بە ریفۆرمخوازانی ئێرانی و هەم بە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە نێو خۆی وڵات بڵێم کە بازنەی پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا بەهێز بێت. هەروەها لە نێوخۆی کوردستاندا کێشە و ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن. کورد لە نێوخۆی وڵاتدا لە نێو بەرەی توندڕەودا (خامنەیی و سوپای پاسداران) ناتوانێ دۆست پەیدا بکات، بەڵام دەتوانن لەگەڵ بەرەی میانڕەو و ریفۆرمخوازاندا پێوەندییان هەبێت. لەو رووەوە هەوڵم داوە پەیامەکە بە خەڵکی نێوخۆ بگات و حزبی ئێمەیش هەوڵی داوە بە جۆرێک ئەدرەسی ئەوە بێت و پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەو دوو جۆرە چالاکییە بێت.

***وشە: بەم زووانە هیچ کۆبوونەوەیەکتان لەگەڵ ئێراندا هەبووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر مەبەستت وتووێژ لەگەڵ ئێران بێت، زیاتر لە دوو ساڵە هیچ وتووێژێک و دانوستانێک لە نێوان ئێمەدا نییە.

***وشە: بۆ؟***

***خالید عەزیزی:*** چۆنکە حکوومەتی ئێران داوای وتوێژی لە ئێمە نەکردووەتەوە.

***وشە: لەو کۆبوونەوانەدا داوای ئێوە و حکوومەتی ئێران چ بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوان بە دوای لێکدانەوەی ئێمە لەسەر دۆخی ئێران و کورد و ناوچەکەدا دەگەڕان. دەیانویست بزانن ئەگەر رۆژێک خودی ئێران کێشەی کورد بە رەسمی بناسێ، چارەسەرییەکان چین. پێم وایە جێگە و پێگەی باشی هەرێمی کوردستان، خەباتی کورد و دانوستانەکانی تورکیا لەگەڵ کورد، دوخی حاشاهەڵنەگری کورد لە سورین، وای کردووە کە بۆ ئێران زۆر ئاسان نەبێت بەردەوام سیاسەتی رەتکردنەوە درێژە پێ بدات.

***وشە: داوای ئێوە چ بوو؟***

***خالید عەزیزی:*** داوای ئێمە زۆر روون بوو. ئێمە بەدوای رێگەچارەدا دەگەڕاین و بۆ ئەمەیش دەبێ شتی دیاریکراو بگوترێت. داوای یەکەممان، دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان بوو. دووەمیش ئەوەبوو کە نە ئێمە ئێوەمان پێ دەرووخێ و نە ئێوەیش دەتوانن ناچارمان بکەن لە داواکانمان پاشگەز ببینەوە، کەوایە هەردوولامان دوو ئەمری واقیعی گۆڕەپانەکەداین و دەبێ بەدوای چارەدا بگەڕێین. سێیەم، چارەسەرکردنی کێشەیەکی یاسایی و مافخوازانە، لە ژوورەکانی سوپای پاسداران و ئیتلاعاتدا جێبەجێ نابێت، بۆیە بیدەنە ژوورە مەدەنییەکانی نێو حکوومەت. چوارەم، بە گشتی کورد متمانەی بە ئێوە نییە و بۆ ئەوەی ئەوە نەمێنێ، هەنگاو بنێن و خەڵک بەو رێژە زۆرە زیندانی مەکەن، ئیعدامەکان رابگرن، گوشارە تەناهییەکان لە کوردستان کەم بکەنەوە و بە چاوی تەناهی، سەیری کوردستان مەکەن و لە پەنجەرەیەکی ترەوە سەیری بکەن کە رەنگە بە تێپەڕبوونی کات ئەو شتە دەروونییانە برەوێنەوە و زەمینە خۆش بکات.

***وشە: کۆبوونەوەکان لەسەر داوای ئێوە بوون یان ئەوان؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەسەر مەسەلەی کورد، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران قسەتان کردووە؟ پێت وا نییە کێشەی داهاتووی کورد لەگەڵ ئەو ئۆپۆزسیۆنەیە؟ بەتایبەت پانئێرانیستییەکان.

عەقڵییەتی پان ئیرانیستی لە نێو هەموو لایەنەکانی ئێراندا بەهێزە. ئەوان لەوە نیگەرانن کە بە هۆی مەسەلەی کوردەوە، داهاتووی ئێران بکەوێتە مەترسییەوە. پەیامی ئێمە ئەوەبوو کە حزبی دیموکراتی کوردستان بەداوی چارەسەرکردنی کێشەی کوردە لە نێو ئێراندا. کێشە لە نێو ئەو دوو خوێندنەوەیە هەیە، خوێندنەوەیەکی پانئێرانیستی و خوێندنەوەی بەشداریکردن کە لەلایەن ئێمەوەیە.

***وشە: ئەو ئۆپۆزسیۆنە توانیویەتی یەکگرتوو بێت و گوشار بۆ ئێران بێنێت؟***

***خالید عەزیزی:*** ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی زۆر پەرتەوازەیە و سەرکەوتوو نەبووە تا بەدیلێک لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا دروست بکات و نەبووە بە ئەدرەس بۆ خەڵک. ئێران توانیویەتی بەرەی دژی خۆی بە تەواوی پەرتەوازە بکات. بەڵام خەبات و تێکۆشانی مەدەنی ئێستەیش کەم و زۆر لە ئێران بەردەوامە.

***وشە: ئەی ئێوە بیرتان لەوە کردووەتەوە بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پێک بێنن؟***

***خالید عەزیزی:*** کاتێک دوو لای دیموکرات پێک نایەن، چۆن دەکرێ بەرەیەک بۆ کوردی ئێران دروست بکەیت. کاتێک بەرەیەکی کوردی بە گوتار و پرۆژەی هاوبەش بوونی نەبێت، زۆر ئەستەمە بکرێ بەرەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێران دروست بکەین.

***وشە: بۆچوونی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکایی لەسەر مەسەلەی کوردی رۆژهەڵات چۆنە؟***

***خالید عەزیزی:*** وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکا کە دێنە سەر مەسەلەی کورد لە ئێران، لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ تاران، ئاوڕ لە مەسەلەی کورد دەدەنەوە. ئێستەیش کە ئێران و ئەمەریکا رێک کەوتوون و تەنانەت ئەگەر بە رووکەشیش بێت ئێران لە بەرەی دژ بە داعشدایە، وڵاتانی ئەوروپایی و ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی لە کێشەی کوردی ئێران ئاگادارن، بەڵام خۆیان لەو دۆخەدا نابینن کە لەسەر مەسەلەی کورد، کێشەیان لەگەڵ ئێراندا هەبێت یان گوشاری بۆ بێنن. داواکانی ئێمە دەخەنە ناو چوارچێوەی مافی مرۆڤ لە هەموو ئێراندا. ئەوان تا ئێستە دۆسیەیەکیان بە ناوی کوردی ئێران نەکردووەتەوە.

***وشە: کەوایە هاتنی رووسیا بۆ نێو کێشەکانی ناوچەکە، قورسایی ئێرانی زیاتر و هاوکات پاشەکشەی بە مەسەلەی کوردی رۆژهەڵات کردووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بێگومان هاتنی رووسیا لە بەرژەوەندی ئێرانە و کەس ناتوانێ رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا لەبەرچاو نەگرێت. لانی کەم لەبەرئەوەی داهاتووی ئێران تا ئێستە نەبووەتە باس و کێشە، بۆیە زۆر ئاساییە کە مەسەلەی کوردی ئێرانی لە دەستووری کاردا نەبێت.

***وشە: ئەوە بەو مانایەیە کە گۆڕانکارییە ناوچەییەکان لە بەرژەوەندیی رۆژهەڵاتی کوردستاندا نییە؟***

**خالید عەزیزی:** مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئێستە زۆرتر لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی عێراق و سووریا و شەڕ لە دژی داعش پێناسە دەکرێت. سەرکەوتنی کورد لەو بوارانەدا و لە درێژخایەندا زۆر بە قازانجی کوردی ئێرانیش دەبێت.

*وشە: بەردەوام باس لە گوتاری نوێ دەکەی بۆ ڕۆژهەڵات. ئەو گوتارە چییە و دەتەوێ چ بکرێت؟*

**خالید عەزیزی:** گرفتێکی ئێمە ئەوەیە کە ناتوانین واقعییەت بەو جۆرەی هەیە، قبووڵ بکەین. پێویستە پێداچوونەوە بە خوێندنەوەمان لە ئێران بکەین. جێگەی خۆیەتی دوای ۳۵ ساڵ خەبات و تێکۆشان لە دژی ئێران، با بوێریمان هەبێت ئاوڕدانەوەیەک بە شێوەکار و دروشم و سیاسەتەکانی خۆماندا بدەینەوە و بزانین لە کوێ وەڵامی نەداوەتەوە و بۆ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانەیش تەنیا لە نێو ئەندامانی حزبەکاندا نییە. دەبێ ئەو باس و پرسیارانە بخەینە ناو کۆمەڵگەی کوردیی کوردستانی ئێران و لە ڕەهەندێکی بەرفراوانتردا بەداوی وەڵامدا بگەڕێین. هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی خۆمان بکەین. دەبێ داهاتووی خۆمان بخەینە ناو بازنەی ئاڵوگۆڕەکان لە نێوخۆی ئێراندا، بۆ گوتارێکی ئارام و مەعقوول لە نێوخۆی کوردستانی ئێراندا. دەبێ ئەو قبووڵ بکەین کە مانەوەی زۆری حزبەکان لە باشوور و دوورکەوتنەوە لە ژیان و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرباری ئەوانەیش شوێنەواری لەتبوونەکان، زۆری زیان بە ئێمە گەیاندووە.

*وشە: دەبیتەوە سکرتێر یان نا؟*

**خالید عەزیزی:** بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی حزب، هەر کەسێک بۆی هەیە دوو خول ببێتە سکرتێر، بۆیە جارێکی تر ناتوانم ببمەوە سکرتێر.

*وشە: ئەی ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ بگۆڕن؟*

**خالید عەزیزی:** ئێستە لە سەروبەندی کۆنگرە باسێکی لەو بابەتە لە نێو ئەندامانی حزب لە ئارادایە، بەڵام ئەگەر تەنیا لەبەر من بێت، هەرگیز قبووڵی ناکەم.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٠ی دێسامبری ٢٠١٥

#ساڵی: ٢٠١٦

----------------------------------------------------------------

## خالید عەزیزی: نابێت بە هەڕەشەی وڵاتان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین



### لەلایەن هیوا جەمال

خالید عەزیزی یەکێکە لە سەرکردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، رایەکی جیاوازی هەیە لەبارەی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و خەباتی چەکداری لە دژی رژێمی دەسەڵاتدار لەو وڵاتە. بیروڕاکانی ئەو گفتوگۆیەکی گەرمی لەنێو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و خودی حیزبەکەشیدا دروستکردووە. سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) لەم هەڤپەیڤینەدا کە شەوی هەینیی داهاتوو لە تەلەڤزیۆنی (رووداو) بڵاودەبێتەوە، روونی دەکاتەوە چۆن خەباتی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت، بۆچی بڕوای بەوە نییە کە نابێت کورد هەوڵی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدات؟

***رووداو: ئێوە دروشمی رووخاندنی کۆماری ئیسلامیتان وەلاناوە. پێتانوایە کە دەبێت راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاری سیاسی لەگەڵ ئەو حکومەتە بکرێ؟***

***خالید عەزیزی:*** پێموایە ئەو دروشمە دروشمی کورد نییە لە ئێران. لەبەر چەند هۆیەک، یەکەم: لایەنێک کە دەیەوێ دەوڵەتی ناوەندی بڕووخێنێ، دەبێت بۆ خۆی ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات بێت، بەڵام کورد ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات نین. دووەم: خەبات و تێکۆشان و جوڵانەوەی ئێمە بۆ مافەکانی خۆمانە، هەر لەو پەیوەندییەدا هەر کەسێک لە تاران جیاواز لە ماهیەت و نێوەڕۆک و سیاسەت و بە چ ئایدۆلۆژییەک و بە چ پرۆژەیەکی سیاسی پێناسە دەکرێ، ئامادەیی نیشان بدات بۆ

چارەسەری کێشەکانی ئێمە، دەبێ ئەو وەک لایەنی بەرامبەر یان موخاتەبی خۆمان دابنێین. سێیەم: بیرۆکەی فیکری سیاسی رووخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لە کەناڵی حیزبە ئێرانییەکانەوە هاتووەتە نێو جوڵانەوەی کوردی ئێران.

***رووداو: بەڵام لەنێو حیزبەکەی خۆشتدا بیروڕای جیاواز هەیە. سەرکردەتان هەیە پێیوایە دەبێت ئەو دەسەڵاتە بڕووخێت. ئەگینا ئەو حکومەتە ناتوانێ مافی کورد بدات؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەوە بابەتی کورد نییە بەدوای رووخاندنی حکومەتدا بڕوات. ئێمە باشترین سیناریۆ ئەوە دادەنێین کە کۆماری ئیسلامی ئێران یان نەمێنێ یان ئەوەندە لاواز بێت، یان ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا بێت، بوار بۆ سەرکەوتنی دۆزی کورد دروست ببێ، بەڵام ئەوە بە یەک سیناریۆ پێناسە ناکرێ. هەموو ئەو حاڵەتانە تەنیا ئەگەرن، بۆچی؟ چونکە سەرەڕای تێکۆشانمان ئەو وەزنە قورسەمان نییە کە نەخشەڕێی سیاسی داهاتووی ئێران دیاری بکەین. بەو دەلیلەیە کە من زۆرتر دووپات لەسەر دروستکردنی زەمینە بۆ تەرحکردنی داخوازییەکانمان دەکەمەوە.

***رووداو: ئەو داخوازیانەی تۆ تا چەند وەڵامی هەبووە لەلایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** وەزیفەی ئێمە ئەوە نییە قەناعەت بە تاران بهێنین، وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە ناچاربن مامەڵەیان لەگەڵ ئێمە بێ. ئێمە حکومەتێکی پاشایەتیمان تاقیکردووەتەوە، حکومەتێکی ئیسلامیمان تاقیکردووەتەوە، هیچ گرەنتییەک نییە حکومەتی دوای کۆماری ئیسلامی ئێرانیش، سیاسەتەکانی بگۆڕێ.

***رووداو: بەڵام هەر ئەو رژێمەی ئێران قاسملۆ و شەرەفکەندی لە کاتی گفتوگۆدا تیرۆر کردووە. چ باوەڕێکت بەو حکومەتە هەیە لەگەڵی بچیتە سەر مێزی گفتوگۆ؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەم حکومەتە هیچ زەمینە و ئامادەسازییەکی نییە بۆ گفتوگۆ، بەڵام ئەوەی ئێمە بەدوایدا دەگەڕێین ئەوەیە کە هەموو هێلەکەکانمان نەخەینە نێو سەبەتەیەک. وەزیفەی ئێمە ئەوەیە کە لەو شوێنانەی ئەو حکومەتە زۆرتر دەتوانێ زەرەر ببینێ یان خۆی ناچار ببینێ و گۆڕانکارییەک لە سیاسەتی خۆیدا بکات، با ئێمە لەو شوێنانە زۆرتر کار بکەین. لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا هەر حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بووە مەیدانی شەڕی بۆ ئێمە دیاری کردووە.

میتۆدەکان و شێوازی بەربەرەکانێی ئەو لەگەڵ ئێمە، وای کردووە ئێمە هەر وەڵامی بدەینەوە. هەمیشە ویستوویەتی ئێمە لە ناوچەیەک کە کوردستانە و ئەو بە جوگرافیایەکی ئەمنیەتی پێناسەی کردووە، وەڵامی بدەینەوە. زۆرتر بەدوای دروشمدا بڕۆین لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. ستراتیژی ئەو ئەوە بووە کە ئێمە لە کۆمەڵانی خەڵک دووربخاتەوە و بڵێ کێشەی کوردی ئێران کێشەی حیزبە سیاسییەکانە دەنا خەڵک کێشەیەکی نییە. من دەڵێم با کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر مەیدانی

شەڕمان بۆ هەڵنەبژێرێ، منیش بۆ خۆم بێمە ئەو گۆڕەپانە، لە ئەنجامدا ناچار بەوە ببێ کە چۆن هەڵسوکەوت بکات.

***ڕووداو: بەڵام هاوڕێکانی خۆشت بڕوایان بەو پێشنیازەی تۆ نییە. بۆچی؟***

***خالید عەزیزی:*** لە رابردووشدا لە نێو حیزبی دیموکرات تەنەوعاتێک لەسەر ئەو بۆچوونە هەبووە. دەمەوێ ئاماژە بە دوو سێ شتی قاسملوو بکەم. لەشەڕی سنەدا دکتۆر قاسملوو دەیگوت ئەگەر رۆژێک شەڕ درەنگ بکەوێ، کورد دەیان رۆژی قازانج کردووە. دوای ئەوەی گەلاڵەی یەکەمی گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران سەری نەگرت و ئێمە وەک دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد بە تایبەت شەخسی دکتۆر قاسملوو ڕێگەچارەی دیکەی دەدۆزییەوە، دروشمیان لە دژی دەگوتەوە و بە سازشکاریان مەحکوم دەکرد. بەدوای ئەوەدا هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر درا کە دیسان شەڕ دەستپێبکاتەوە دکتۆر قاسملوو دەچێت لە ڤیەننا گفتوگۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەکات. زۆر لایەن تەنیا لایەنی ئەمنیەتی ئەو بابەتە دەبینن و دەڵێن دکتۆر قاسملوو کەمتەرخەم بووە، بەڵام لەوە ناپرسن بۆ دکتۆر قاسملوو گفتوگۆی لەگەڵ ئێران دەکرد. بەبڕوای من دکتۆر قاسملووش بە لێکدانەوەی خۆی گەیشتبووە ئەو باوەڕەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا مەیدانی شەڕی بۆ ئێمە هێشتووەتەوە و هێزی ئێمەش لەبەرامبەر ئەوان نابەرامبەرە.

***ڕووداو: ئاوەکو ئێستا توانیوتە مەیدانێکی ئاشتی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ ئێران دروست بکەی؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە دەبێ مەیدان دروست بکەین، مەیدانەکەش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕووبەڕووی ملیۆنەها کورد بکەینەوە، با ئێران تەنیا خۆی ڕووبەڕووی حیزبی دیموکرات و چەند سەت پێشمەرگەیەک نەکاتەوە. دەبێ گۆڕانکارییەک دروست بێ. یەکێک لە گۆڕانکارییەکان ئەوەیە واز لەو بۆچوونە بهێنین کە هەر کەسێک پێشمەرگە بێت، یان لە ڕیزی حیزبەکانی خۆماندا بێت، شۆڕشگێڕە، کوردێکی نیشتیمانپەروەرە و حەتمەن دەبێ دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بدات. با ئەوە قبووڵ بکەین، خەڵکێکی زۆر لە ئێران خەباتی مەدەنی دەکەن، چالاکی یاسایی دەکەن، لە نێو پەرلەمانی ئێراندا بەدوای دەرفەتەکاندا دەگەڕێن. سوود لە بۆنەکانی وەکو نەورۆز دەبینن. چالاکی ژینگەیی دەکەن. ئەم جۆرە چالاکیانە کە ئەگەر ناو و ناتۆرەیان بۆ دروست نەکرێ، ئێمە مەیدانەکەمان بە جۆرێک گۆڕیوە کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕووی خەڵکەکە بێتەوە. بەداخەوە ئەو جۆرە میتۆدانە لە نێو حیزبەکاندا بەهێز نەبوون.

***ڕووداو: تۆ هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژنامەی (ڕووداو) ئەم تەرحانەت کردووە و گەنگەشەی زۆری دروستکردووە. دوای ئەوەش چەند جارێک نوێنەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانت بینیوە. لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆتان کردووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لەدوایین دانیشتنمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بەدوای ئەوانەدا چووین. هۆیەکەشی ئەوەیە مادام دەسەڵاتی ئێران کۆماری ئیسلامییە، بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ئەگەر زەمینەیەک و ئامادەسازییەکی هەبێ، خەڵکانێک لە

نێو ئەواندا بن دەبێت ئێمە بیانکەین بە موخاتەب، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجامی نەبووە.

**رووداو: چۆن باسی ئەو بابەتەتان کرد؟**

**خالید عەزیزی:** قسەکانمان ئەوە بوو کە ئێمە لە ماوەی ٣٧ ساڵی خەباتمان نەمانتوانیوە ئێوە بڕووخێنین، ئێوەش نەتانتوانیوە ئێمە لە مەیدانەکە دەربکەن. ئەگەر وایە کۆماری ئیسلامی و دۆزی کورد لە ئێران هەردووکیان ئەمری واقیعن. قبوڵی ئەمری واقیع هەردوولا دێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێت بەدوای رێگەچارەیەکدا بڕۆین. ئێمە پێشنیازی رێگەچارەکەشمان کردووە.

**رووداو: پێشنیازەکە چییە؟**

**خالید عەزیزی:** گوتوومانە دۆزی کورد لە عێراق بەدوای چارەسەریدا دەڕوات، لە سووریا چارەنووسێکی لەو شێوەیەی هەیە، لە تورکیا پرۆسەی چارەسەری هەیە. لە حاڵێکدا ئێوەی ئێرانی دەڵێن کورد و ئێرانی زۆر لەیەک نزیکن، بۆ بەدوای چارەسەریدا ناڕۆن.

**رووداو: واتا دانیشتنەکە زۆر دوور نییە؟**

**خالید عەزیزی:** دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر بوو، هەر ئەو دانیشتەش بوو.

**رووداو: لە هەولێر بوو؟**

**خالید عەزیزی:** بەڵێ لە هەولێر بوو.

**رووداو: ئەوانەی ئێوە لەگەڵیان دانیشتن هەر ئەوانەی هەولێر بوون، یان لە ئێرانەوە هاتبوون؟**

**خالید عەزیزی:** لە ئێرانەوە هاتبوون. راستییەکەی دانیشتنەکە بۆ ئەوە بوو کە چۆن بە قەناعەتێک بگەن. مەسەلەی کورد لە ئێران ناکرێ نادیدە بگیرێ. تەنیا رێگا رێگەی چارەسەرییە، رێگەی چارەسەریش گفتوگۆیە.

**رووداو: هیچ وەڵامیان هەبوو بۆ ئەو دانیشتنە؟**

**خالید عەزیزی:** تا ئێستا وەڵامێکمان نەبیستووەتەوە.

***ڕووداو: ئەگەر وەڵامێکی ئەرێنیتان بدەنەوە، ئامادەن بچن لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێران کاری سیاسی بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەگەر کۆماری ئیسلامی مۆڵەت بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدات لە نێوخۆی ئێراندا چالاکی سیاسی بکەن، هیچ پاساوێک نابینم کە هیچ حیزبێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی ئێران بێت. هۆیەکەشی ئەوەیە ئێمە لەوێ دەستمان بە ملیۆنان خەڵکی خۆمان رادەگات سیاسەتیان لەگەڵ بکەین.

***ڕووداو: ئەگەر بە تەنیا ڕێگە بە حدک بدات و ئێوە وەکو نوێنەری کورد حیساب بکات و بڵێن وەرن کار بکەن و بتانکەن بە حیزبێکی فەرمی لەنێو ئێران. ئێوە ئامادەن بە تەنیا بچنەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** دەبێت زەمینەیەک لە کوردستانی ئێران دروست ببێ کە چالاکیی سیاسی تێدا بکەین، دەنا ئەو چالاکییە کە چەندین حیزب هەیە، زۆر زوو ناو و ناتۆرەی بۆ هەڵدەبەستن. ئەو حیزبە دەکەوێتە بەر هێرشی لایەنەکانی دیکە، بەداخەوە فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردیش بۆ ئەو شتانە ئامادەگی زۆرە کە لەنێوخۆیدا کێشەیەکی وا دروست ببێت و لەو مامەڵەیەدا هەم ئێمە و هەم لایەنەکانی دیکە زەرەر بکەین. تەسەور ناکەم شتێکی وا عەمەلی بێت.

***ڕووداو: دوای ئەوەی لەگەڵ نوێنەرانی ئێران دانیشتن و وەڵامتان وەرنەگرتەوە. لەسەر بۆچوونی خۆتان بەردەوامن کە مەیدانی گفتوگۆی ئاشتیانە دروست بکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** من پێموایە مەیدانی گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەت هەمیشە لە جێگەی خۆیدا بێت. هۆیەکەی چییە؟ ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ئێران ١٠ ملیۆن کەسە، ئێران وڵاتێکی ٧٠ ملیۆنییە. ئەو ١٠ ملیۆن کەسە خۆی لەنێو کۆمەڵگەیەکی ٨٠ ملیۆنی چۆن دەبینێ؟ جوگرافیای کوردستان لە نێو جوگرافیای ئێران خۆی چۆن دەبینێ؟ ئەگەر ئێمە بە تەنیا توانای ئەوەمان نییە کە ئێران پێویستە بەو جۆرە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئۆپۆزیسۆنی ئێرانیش تاوەکو ئێستا نەبووە بە ئەڵتەرناتیڤی ئەو دەسەڵاتە، هەتا بەرامبەر ئێمەش بۆچوونی باش نییە، ئەی ئێمە بۆچی شێوەکان و میتۆدەکانی دیکەش لە چۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوڵەت تاقی نەکەینەوە.

***ڕووداو: ئێرانێک کە ئەوکات ئەمریکا و ئەورووپا دۆستی نەبوون، وەڵامی ئێوەی نەداوەتەوە. ئێستا کە ڕێکەوتن هەیە، کرانەوە هەیە. بڕوات وایە وەڵامتان بداتەوە؟***

***خالید عەزیزی:*** بەبڕوای من ئەگەر ئێران بچێتە نێو گەمەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و کۆنترۆڵ و چاودێریی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی لەسەر بێت، لە نێوخۆی وڵات جموجۆڵ هەبێت، ئێران لەوێ پاشەکشە دەکات. هەتا ئێران تێکەڵاوی لەگەڵ دونیای دەرەوە پەیدا بکات و هاتوچۆ هەبێت، وردە وردە لە روانگەی نێودەوڵەتی کرانەوەیەک بەرامبەر

کورد پەیدا دەبێت و رەنگە بپرسن ئێوە چین؟ چ کۆمەڵگەیەکن؟ بەدوای چیدا دەگەڕێن؟ ئەندامتان لە پەرلەمان هەیە؟ بە زمانی خۆتان دەخوێنن؟ مەبەستی من ئەوەیە کە ئێمە دەبێ کێشەکە ببەینەوە نێوماڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

***رووداو: سەرەڕای ئەوەی حکومەت وەکو خۆتان دەڵێن هەوڵ دەدات سیاسەتەکانی خۆی دژی کورد دابڕێژێتەوە هێشتا باوەڕتان بەوە هەیە مەیدانی ئاشتی و دیالۆگ هەبێ؟***

***خالید عەزیزی:*** ٣٧ ساڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە شەڕ و شۆڕشداین. ئێمە دەبێ ئاوڕ لە خەباتی ٣٧ ساڵەمان بدەینەوە لە کوێ چاکمان کردووە، لە کوێ هەڵەمان کردووە، دەبێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر رابردووی خۆت بکەی، بۆ ئەوەی بەرنامەڕێژی بۆ داهاتوو بکەی.

***رووداو: ئەوەی بەڕێزت باسی دەکەی، هەستکردنە بە ماندووبوون؟***

***خالید عەزیزی:*** ئەمە ماندوو بوون نییە، بەدواداچوونە بۆ ئەوەی چ شتێکی تازە بێنی، تاوەکو ئەو خەڵکە لە مەیدانەکە رابگری. ماندوو بوون ئەوەیە کە بە تاک رەهەند سەیری کۆماری ئیسلامی بکەی و دروشم لە دژی بدەی.

***رووداو: هیچ سەرکردەیەک بەدەر نییە لە هەست و سۆز، ئەوەی ئێوە بەشێک نییە لەوەی کە بیری زێدی خۆتان دەکەن؟***

***خالید عەزیزی:*** با. ئێمە مرۆڤین، ئەگەر سیاسەتیش دەکەین و ناچار بە بڕیاری توند دەبین، بەڵام دواجار مرۆڤین. من زۆرجار گوتوومە سەرەڕای رێزم بۆ باشووری کوردستان و ئەمەکناسیی خەڵکەکەی بەرامبەر بە حیزبی دیموکرات، بەڵام جێگەی ئێمە باشووری کوردستان نییە. ئەو پرۆژەی حیزبی دیموکرات هەیەتی دەبێ لە نێوخۆدا جێبەجێ بکرێ، لە کوردستانی عێراق جێبەجێ ناکرێ. ئێمە بەناچاری هاتووینەتە ئێرە.

***رووداو: ئەگەر هەموو حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بێنە سەربۆچوونی تۆ، پێتوایە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەڵامتان بداتەوە؟ یان دەبێ بە زمانی چەک ناچاری بکەی بیهێنیتە مەیدان؟***

***خالید عەزیزی:*** لە هەنگاوی یەکەمدا من ئارەزووم دەکرد حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەموومان یەک دەنگ و یەک رەنگ و یەک گوتار بووینایە بۆ ئەوەی ئەدرەسێکی بەهێز بەرامبەر کۆماری ئیسلامی دروست بکەین. لە هەنگاوی دووەمدا رەنگە بەدوای ئەوەدا نەگەڕابووینایە کە ئەو گوتارە تەنیا گوتاری ئێمە بێ. کێشە لەوەدایە کە ئەو بەربڵاوییە وایکردووە تۆ ئەدرەسێکی بەهێزت بەرامبەر کۆماری ئیسلامی نەبێ.

**ڕووداو: لەو بەربڵاوییە تۆ بەتەنیای، ئەوانی دیکە بڕوایان بە خەباتی چەکداری هەیە؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە ٣٧ ساڵە بە شێوازی جۆراوجۆر خەبات دەکەین، خۆ دەبێت لە شوێنێک ئەنجامێکی هەبێ. خۆ ئێمە لە حیزبی دیموکراتی کوردستان خەباتی چەکداریمان وەلانەناوە. کێشەکە لەوەدایە ئەرێ ئەو خەباتە ئێمە بەرەو کوێ دەبات؟ ئایا بەو خەباتە کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ؟ ئایا بە خەباتی چەکداری ئێمە ئەوەندە سەرئێشە بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دروست دەکەین کە ناچار بن وەڵاممان بدەنەوە؟ من دەڵێم ئەوە بە جێگەی خۆی، بەڵام خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات کە کۆماری ئیسلامی زۆر پێی عاجزە، ڕەنگە ئا لێرەدا وەڵاممان بداتەوە.

**ڕووداو: ئەو بۆچوونەی بەڕێزت تا چەند بێ هیوابوونە لە ئەمریکا و خۆرئاوا؟**

**خالید عەزیزی:** ئێمە بەردەوام گوێمان لە هەڕەشەی ئەمریکایە بۆ سەر ئێران، هەڕەشەی ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی بۆ سەر ئێران، من بەردەوام گوتوومە نابێت بە هەڕەشەی ئەوان بۆ سەر ئێران دڵخۆش بین. ئێستاش کە پەیوەندی ئێران لەگەڵ دونیای دەرەوە بەرەوپێش دەچێت و دەیانەوێ ڕەفتاری ئێران بگۆڕدرێ، ئێمە دەبێ بیرێکی باشتر لە حاڵی خۆمان بکەینەوە.

**ڕووداو: ئەگەر کاربەدەستانی ئێران لەو شاشەیە گوێیان لە تۆ بێت دەتانەوێ چییان پێبڵێی؟**

**خالید عەزیزی:** دەمەوێ پێیانبڵێم دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قۆناغێکدایە نکۆڵی لێناکرێ. کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەچارەیەکی نییە جگە لە ئیعترافکردن بە مافەکانی کورد لە ئێران.

**ڕووداو: ئامادەن بە تەنیا گفتوگۆیان لەگەڵ بکەنەوە؟**

**خالید عەزیزی:** تەماشا دەکەین بە چ مەبەستێک هاتوون، لە گفتوگۆ لەگەڵ خۆشیان پێمان گوتن چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستان لانیکەم هەردوولای دیموکراتی پێویستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕووداو / ڕێکەوتی: ١١ی جوونی ٢٠١٦

# خالید عەزیزی :هەموو لایەک چاوەڕێی کاک مسعود بارزانی دەکات بۆ ئەوەی بڕیارێکی نەتەوەیی بدات




باردۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گۆڕانکارییەکان وایانکردووە کە مەزندەکان بەو ئاراستەیە بچن، گۆڕانکاریی ریشەیی و کاریگەر لە ناوچەکە بێتەئاراوە، لەناو ئەم هاوکێشە ئاڵۆزەشدا لەگەڵ ئەوەی کورد بەشێک نییە لە کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام یاریزانێکی سەرەکییە و رۆڵێکی کاریگەر و یەکلاکەرەوە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەگێڕێت، لەمەش زیاتر هەرێمی کوردستان بۆتە نموونەیەک بۆ پێکەوە ژیان و یەکترقبوولکردنی نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکان، لەکاتێکدا کێشەی سەرەکی لە ناوچەکە ئەوەیە کە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ناتوانن پێکەوە بژین. بۆ قسەکردن لەسەر باردۆخی ئێستای ناوچەکە و سوودوەرگرتن لەو دەرفەتەی بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە بۆ هەنگاوهەڵگرتن بەرەو دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا و بەمجۆرە بیروبۆچوونەکانی بۆ گوڵان خستەروو.

### سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

***پرسیار: رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئێستا بریتییە لە کۆمەڵێک هاوکێشەی ئاڵۆز و تێکەڵ، هەروەها کۆمەڵێک کاراکتەری تازە گەمەی تێدا دەکەن، ئایا چۆن رەوشی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخوێنیتەوە و کورد لە کوێی ئەم هاوکێشە ئاڵۆزە دایە؟***

***وەڵام:*** پێش هەموو شت، ئێمە قسە لەسەر ناوچەیەک دەکەین کە زۆر ئاڵۆز و تێکەڵە، کۆمەڵێک فاکتەری جیاوازی مەزهەبگەرایی و جیوگرافی تێدایە، لەوەش گرنگتر ئەم ناوچەیە شوێنی هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکەشە و لێرەوە بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر چەندی و چۆنی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا. هەتا سەردەمانی شەڕی سارد کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرا، ئەوا رێک بە کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە دەکرا،

ئەمەش بەرهەمی شەڕی ساردی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن بوو، هەر ئەم دوو جەمسەرەش دوو هێزی کاریگەر بوون و دەیانتوانی کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن، بەڵام پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشان و هاتنە گۆڕێی کۆمەڵێک فاکتەری دیکە و دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، وردە وردە فاکتەری دیکەی ناوچەیی هاتنە ناو گەمەی سیاسیی ناوچەکە، بۆیە ئێستا کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوە تەقلیدییەکەی کە بڵێن کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین پێناسە ناکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک فاکتەری بۆ زیاد بووە لە سەرووی ئەوانەوە کێشەی مەزهەبگەرایی نێوان شیعە و سوننەیە کە ئێران لە سەرووی هەموویانەوە رێبەرایەتی مەزهەبی شیعە دەکات و هەوڵدەدات ناسنامەیەک بۆ شیعە لە تەواوی ناوچەکە دروست بکات، لە بەرامبەر ئەمەشدا سوننە بوونی هەیە و کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبین، هەروەها توندڕۆیی سوننەش بوونی هەیە، ئەمە وایکردووە کێشەی ئایینی و مەزهەبگەرایی ببێتە بنەمای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان و حیسابی وردی لەسەر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئایین و مەزهەب هاتۆتە ناو سیاسەتەوە و لایەنەکان سوودی تەواویان لێ وەرگرتووە، بەڵام لە تەنیشت هەموو ئەمانەش فاکتەرێکی دیکە لە چۆنیەتی پێناسەکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیادبووە، ئەو فاکتەرەش کوردە، بۆیە لە ئێستادا کە باسی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرێت، ناتوانن فاکتەری کورد نادیدە بگرن، کاتێکیش باس لە فاکتەری کورد دەکەین، دیارە ئەم فاکتەرەش رەهەندی جۆراوجۆری هەیە. بە بەبۆچوونی من ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە باشوور، نموونەیەکی جوانی بەرجەستە کردووە، ئەم نموونەیە لەناو عێراقێکی شێواو و لە ناوچەیەکدایە کە سەرانسەر کێشەی مەزهەبگەرایی شیعە و یەکتری قبووڵنەکردنە، بەڵام جیاوازی هەرێمی کوردستان لەوەدایە کە لەم هەرێمە تەواوی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان پێکەوە دەژین و لێبووردەیی و یەکتری قبووڵکردن هەیە، هەروەها هەرێمی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەم قەیرانە ئابورییەی توانیویەتی زیاتر لە ٥،١ ملیۆن ئاوارە لەخۆی بگرێت و توانیویەتی خۆی رابگرێت. خاڵێکی دیکە بۆ ئەم هەرێمە ئەوەیە کە زیاتر لە ٣٠ - ٤٠ نوێنەرایەتی وڵاتانی دەرەوە نووسینگە و کونسوڵخانەیان لەم هەرێمەدا هەیە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دانپێدانانێکی نێودەوڵەتییە، لە هەموو ئەم خاڵانەش گرنگتر شەڕی پێشمەرگەیە دژی تیرۆریستانی داعش، هەرێمی کوردستان زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش هەیە، قارەمانییەتی پێشمەرگە لەم شەڕەدا هەرێمی کوردستانی کردووە بە واقیعێک کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ناتوانرێت ئینکاری بکرێت، ئەم فاکتەرانە هەمووی ئاماژەن بۆ ئەوەی کورد لەم هاوکێشە ئاڵۆزەدا بەشێک نییە لە کێشەکە، بەڵکو ئێستا ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆتە بەشێک لە چارەسەر، ئیدی چۆن دەتوانێت لە نەخشەڕێگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کورد جێگە پەنجەی دیار بێت، ئەمەیان دەکەوێتە سەر هاوکێشەی گەمەکە و ئەوەی کە کورد چۆن لەو هاوکێشەیەدا گەمە دەکات.

***پرسیار: ئەگەر کورد یاریزانێکی ئەو گەمەیە بێت، دەبێت چۆن لەو هاوکێشەیە دا گەمە بکات؟***

***وەڵام:*** دوو جۆر گەمەکردن هەیە، گەمەیەک خۆت دەستی پێدەکەیت و خەڵکی دیکە پەلکێش دەکەیت بۆ ناو ئەو گەمەیە، جۆرێکی دیکەیان ئەوەیە تۆ خۆت بچیتە ناو گەمەکەوە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دیارە لایەنی کوردی بەشێک نەبووە لە کێشەی نێوان سوننە و شیعە، بەڵام کاتێک ئەم کێشەیە دروست بوو، شەڕی داعش بەرپا بوو، کورد فاکتەرێکی ئیجابی

بوو لە کێشەکەدا، بۆیە کورد ئێستا لە گەمەکەدایە، یەکەم بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، دووەم کوردانی سووریاش کە لە تێڕوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە لە بەرەی دژی داعشن، ئەمانە پێگەی کوردیان لەناو هاوکێشەی نێودەوڵەتی بەهێز کردووە، لە سەرێکی دیکەوە هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە کورد نەتەوەیەکە پەنا بۆ توندوتیژی نابات و لێبووردەیە و حەز لە پێکەوە ژیان لەگەڵ نەتەوە و ئایینەکانی دیکە دەکات و خوازیارە کە ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز بێت، ئەمانە هەمووی پێماندەڵێت کورد لە گەمەکەدا بوونێکی بەرچاوی هەیە.

***پرسیار: جەختت لەسەر ئەوە کردەوە کە کورد بەشێک نییە لە میحوەربەندی شیعە و سوننە. بەڵام وەک دەبینین بەشێک لە هێزە سیاسییەکان پێوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەیە و سیاسەتەکانی ئێران جێبەجێ دەکەن. بۆ نموونە رەفتارەکانی پەکەکە لە باشووری کوردستان. لەو بارەوە راتان چییە؟***

***وەڵام:*** کوردیش وەک هەموو لایەنەکانی ناو گەمەکە مافی خۆیەتی کارتی هەمەجۆرە بەکار بهێنێت، بەڵام من ئومێد دەخوازم بەکارهێنانی ئەو کارتانە لە بەرژەوەندی نەتەوەییدا بن، سەبارەت بە پارتە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوەندییان لەگەڵ ئێران و تورکیا زۆر سروشتییە، بەڵام لەو باوەڕەدا نیم ئێران و تورکیا ببنە بەشێک لە گەمەی نێوماڵی کورد و لەمەدا لە یەکتری جیادەبنەوە. ئەوەشی پێوەندی بە پەکەکەوە هەیە، دیارە پەکەکە پارتێکی باکووری کوردستانە و هەر لەوێ دامەزراوە و شوێنی خەباتیشی هەر ئەوێیە و هەر لە باکووریش رۆڵی پەکەکە لە نێو خەڵکدا رەنگ دەداتەوە، بە بۆچوونی من پەکەکە بۆی نییە و لە قازانجی کوردیش نییە دەستێوەردان لە هیچ پارچەیەکی کوردستان بکات، تەنانەت ئەگەر لە پارچەیەکیش بوونی هەبێت، دەبێت ئەو بوونە بۆ بەهێزکردنی نێوماڵی کورد بێت و نابێت ببێتە بەشێک لە کێشە ناوخۆییەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان. بۆیە من ئومێدەوارم لە پێوەندی بە باشووری کوردستانەوە پەکەکە ئەو خوێندنەوەی هەبێت. دیارە لە باشووری کوردستان کێشەی ناوخۆیی هەیە و بەشێک لەو کێشانە ریشەی مێژوویی هەیە، بۆیە ناکرێ هیچ کام لە حزبەکانی پارچەکانی کوردستان ببنە بەشێک لەو کێشەیە، لەبەر ئەوەی بوون بە بەشێک لەو کێشانە، کێشەکان زیاتر قووڵ دەبنەوە.

***پرسیار: بەڵام پەکەکە نەک هەر لە باشوور. بەڵکو لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەستێوەردان دەکات و خۆیشی دەکات بە بەشێک لە کێشەکان. هەر بۆ نموونە ئێستا داوا دەکات شنگال نەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بۆچوونە بکەین؟***

***وەڵام:*** تا ئەو جێگەی پێوەندی بە شنگالەوە هەیە، شنگال بەشێکە لە کوردستانی باشوور، ئەم بەشە پارتی سیاسی و پەرلەمانی خۆی هەیە. بۆیە لە روانگەی ئێمەوە نەک پەکەکە، بەڵکو هیچ حزبێکی پارچەکانی دیکە نابێت ببنە بەشێک لە کێشەکە، ئەگەر پەکەکە بیانووی ئەوەیە لە شنگال و شەڕی دژی داعش بوونی هەبووە، ئێستا داعش لەو ناوچەیە نەماوە و

لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێندراوە و پاشەکشەی کردووە، بۆیە دەبێت ئێستا خۆی بێت و بڵێت: فەرموو قائیمقامی شنگال، یان پەرلەمانی کوردستان ئەگەر ئەو کات بۆ شەڕی داعش بوونمان هەبوو، ئەوا ئیتر لەمەودا ئێمە دەستێوەردان ناکەین و بە خۆتانی دەسپێرینەوە. کوردستان خۆی بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە و زیاتر لە ٦٠ - ٧٠ حزبی سیاسی هەیە، هەر یەک لەو حزبانەش خوێندنەوەی جۆراوجۆریان هەیە، بۆیە ئەگەر سنوورێک دانەنێین هەموو کێشەکان زیاتر ئاڵۆز دەبن.

***پرسیار: لە خوێندنەوەی فاکتەری کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرێمی کوردستانت وەک فاکتەرێکی ئیجابی هەڵسەنگاند. ئێستا لەم هەرێمە زەمینەیەک بۆ راگەیاندنی دەوڵەت هاتۆتەپێشەوە. ئایا تاچەند لە ئێستادا راگەیاندنی ئەم دەوڵەتە نابێتە موجازەفە؟***

***وەڵام:*** ئێستا کۆمەڵێک فاکتەر هەن و هەموویان شان بە شانی یەکتری زەمینەیەکی لەباری بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردووە، بۆیە باشووری کوردستان لە هەموو روویەکەوە نزیکە لە لوتکە و راگەیاندنی دەوڵەت، بەڵام فاکتەری هەرە سەرەکی کە دەبێتە بنەما بۆ ئەم پرۆسەیە، فاکتەری نێوماڵی کوردییە، واتە ئەگەر هەموو فاکتەرە نێودەوڵەتییەکان شان بە شانی یەکتری بۆ بە خاوەن دەوڵەتبوونی کورد بوونیان هەبێت، ئەوا ئەگەر نێوماڵی کورد یەکگرتوو و یەکدەنگ و یەکگوتار نەبێت، یان ئەم پرۆسەیە موزایەدەی حزبی لەسەر بکرێت، ئەوا لەوانەیە ئەم پرۆسەیە لەسەر ئاستی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی پرسیاری بکەوێتەسەر، بۆیە پرسی بەدەوڵەتبوون لە باشووری کوردستان بەدەستی خودی کورد خۆیەتی، ئەگەر نێوماڵی کورد یەکگرتوو بێت، شانسی ئەوە هەیە ئەو دەرفەتەی بۆ باشوور هاتۆتەپێشەوە، بکرێتە ئەمری واقیع. ئەمەش واتە ئەگەر نێوماڵی کورد یەکگرتوو بێت دەتوانرێت ریفراندۆم بکرێت و سیگناڵێکی باشیش بدرێتە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان (ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا) و پەیامێکی بەهێزیش بنێرێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کورد بە یەکدەنگی و یەکرێزییەوە دەخرێتە سەر نەخشەی تازەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست. بەو مانایەی ئەگەر کوردستان سبەی ببێتە خاوەن دەوڵەت، هەر بەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستان لە ساڵانی رابردوو هەیبووە، دەتوانێت ببێتە بناخەیەکی باش بۆ دیموکراسی و یەکتری قبووڵکردن و پێکەوە ژیان و لێبووردەیی لەم ناوچەیەدا کە ئێستا زۆر پێویستی بەو بەهایانە هەیە.

***پرسیار: بەڵام وەک ئاگادارن چەندین جارە مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێشخەریی کردووە بۆ ئەوەی حزبە سیاسییەکان کۆببنەوە و لەسەر ئەم پرسە کێشە لاوەکییەکان وەلابنێن و یەکگوتار و یەکهەڵوێست بن. ئایا ئەمە ئەو زەمینەیە دروست ناکات؟***

***وەڵام:*** لێرەدا دەبێت هەموو هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بێت بڕیارێکی نەتەوەیی بدەین. ئەو بڕیارە نەتەوەییەش بتوانێت هەموو لایەک پابەندبکات و لەناو پرۆسەی سەربەخۆیی یەکگوتاری دروست بکات. نزیکەی سێ ساڵ پێش ئێستا قسە لەسەر

کۆنگرەی نەتەوەیی کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی ئەو کۆنگرە نەتەوەییە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نەبوو، سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان ئەو زەمینەیە لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە، بۆیە ئەم حاڵەتە پێویستی بە بڕیاردان، یان کۆنگرەیەکی نەتەوەیی هەیە، سەبارەت بە ڕۆڵی جەنابی کاک مسعود بارزانی دیارە هەموو لایەک ئومێدێکی زۆری لە بەرێزیان هەیە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکە،

یەکەم: کاک مسعود بارزانی هەموو ژیانی پێشمەرگە بووە و بە پێشمەرگایەتی پێگەیشتووە، بۆیە لە هەموو دەرد و کارەساتەکان باشتر تێدەگات و دەزانێت لێکترازانی نێوماڵی کورد چ کارەساتێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت،
هۆکاری دووەم: جەنابی کاک مسعود سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و خۆی ڕابەریی پرۆسەی سەربەخۆیی دەکات، بۆیە دەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە هەموو ڕێگەیەک بگرێتەبەر و تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەم پرسە نەرمییەکی تەواویش پیشان بدات، ئەوە گەورەیی ئەو پیشان دەدات، لەبەر ئەوەی قازانجی داهاتووی نەتەوەکەمان لەو بڕیارە دایە.

***پرسیار: ئێستا ئێران تەنیا دەوڵەتە زۆر بە ئاشکرا دژایەتی دەوڵەتی کوردستان و پێداگیری لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات. ئایا ئەگەر دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەندرێت کاردانەوەی ئێران چۆن دەبێت؟***

***وەڵام:*** بۆ ئەمە یەک دوو ڕوانگە هەیە قسەی لەسەر بکەین. دەکرێت بە حوکمی ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیە و لەناو ئەو نەتەوانەشدا نەتەوەی کورد پتر خەبات و تێکۆشانی کردووە بۆ مافەکانی، لەوانەیە لەم ڕوانگەیەوە ئێران ترسی ئەوەی هەبێت، دەوڵەتی باشووری کوردستان ببێتە ئەزموون و هاندەرێک بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، لەم ڕوانگەیەوە لەوانەیە دژ بێت، بەڵام ئەگەر واقیعبیانە سیاسەتی ئێران بخوێنینەوە، ئەگەر سبەی دەوڵەتی کوردستان ڕابگەیەنێت، ئێران سەیری بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکات، ئەگەر سەیریان کرد ئەم دەوڵەتە لە بەرژەوەندی مانەوەی خۆیانە، ئەوا پێوەندی لەگەڵ گرێدەدەن. لەمبارەوە نموونە هەیە، کاتێک دەوڵەتی ئازەربایجان ڕاگەیەندرا، دیارە نەتەوەی ئازەری دووەمین نەتەوەن لە ئێراندا لە ڕووی ژمارەوە و هەروەها شیعە مەزهەبن و حکومەتی ئازەربایجانیش شیعە مەزهەبن، ئازەرییەکان بە حوکمی ئەوەی شیعەن پۆست و پلەی باڵاشیان لە حکومەتی تاراندا هەبوو، بەڵام ئێران پێوەندی لەگەڵ حکومەتی ئازەری گرێدا، لەبەر ئەوەی ئەو دەوڵەتە نەبووە هۆکاری ئەوەی ئازەرییەکانی ئێرانیش هەوڵی دەوڵەتی خۆیان بدەن، هەروەها هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئازەربایجانیش مەزهەبی شیعە بوو، بۆیە لەوانەیە ئێران ئەوەی بە دەروازەیەکی دیکە دانابێت بۆ بڵاوکردنەوەی مەدی شیعە، ڕاستە ئەو دوو فاکتەرە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بوونیان نییە، بەڵام لە بەرامبەردا فاکتەری دیکە هەن. ئەگەر ئێران هەوڵبدات لەشکرکێشی بۆ سەر ئەو دەوڵەتە بکات کە لە هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، ئەوا کوردی ئێران دەڕژێنە سەر جادە و بەرهەڵستی دەکەن، لەلایەکی دیکەوە هەرێمی کوردستان ئێستا ئەوەندە دۆستی نێودەوڵەتی بۆ دروست بووە کە لە ئێرانی قبووڵ ناکەن لەشکرکێشی بکات، واتە ئەگەر دەوڵەت ڕاگەیەندرا لە نێوان لەشکرکێشی و چاوەڕێکردندا، من پێموایە ئێران چاوەڕێکردن هەڵدەبژێرێت، تا بزانێت ئایا

لەبەرژەوەندی خۆیدایە، یان نە.

***پرسیار: ئەگەر باس لە رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. دیارە لەم ماوەیەی رابردوو هێزەکانی رۆژهەڵات کۆمەڵێک چالاکیی تەنانەت چەکدارییان لە رۆژهەڵات ئەنجامدا و حکومەتی کۆماری ئیسلامیش زۆر بە توندی وەدەنگ هات. ئایا بەنیازن بگەڕێنەوە بۆ رۆژهەڵات و بازنەی خەباتی خۆتان فراوان بکەن؟***

***وەڵام:*** سەبارەت بە گەڕانەوە، یان چوونەوە ناوخۆی رۆژهەڵات، ئەوە چەندین ساڵە بەردەوام هەر لە گۆڕێدایە و پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان هاتوچۆی ناوخۆی وڵاتیان کردووە و شەڕ و پێکدادانیش هەبووە، پێشمەرگە شەهید و برینداری هەبووە و تەرفی حکومەتی ئێرانیش خەسارەتی هەبووە، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ روویدا، سروشتی شەڕەکان و بارودۆخی ناوچەکە وایکرد کۆماری ئیسلامی زۆر زوو بێتەدەنگ و هەرا و هۆریایەک دروست بکات و واپیشان بدات گوایە پیلانێکی ئیقلیمی دژی ئێران لەئارادایە، کە ئەمە ئەسڵی نەبووە و نییە. ئێمە لە رابردووش و لە ئێستاش و لە داهاتووش حزوورمان لە رۆژهەڵات دەبێت، بەڵام چەند و چۆن مامەڵە لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی دەکەین، ئەوە پرسێکی دیکەیە. واتە چۆن ئێران ناچار دەکەی گوێت لێبگرێت، یان بەدەنگ بێت، بۆ ئەمە شێوازی جۆراوجۆر هەیە. دیارە پێشمەرگە سیمبولی بەرخۆدانە و حزووری ئەوان گرنگە، بەڵام لە پاڵ حزوری پێشمەرگە گرنگە خەباتی مەدەنی و چالاکیی یاسایی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بقۆزرێنەوە بۆ ئەوەی بناخەیەکی میللی بۆ ئەو پرسە دروست بکرێت، بۆیە پرسەکە بەس حزووری پێشمەرگە نییە. ئەگەر پێشمەرگە حزووری هەبێت و ساڵانە چەندین چالاکیش ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر پشتیوانییەکی جەماوەری نەبوو، ئەوا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی کێشەکە وەک کێشەیەکی چەکداری پێناسە بکات و بڵێت چەند چەکدارێکن و چەندین ساڵە لەو دیوی مەرزەکانەوەن و جارجار دزە دەکەن و دێن ئاژاوەیەک دروست دەکەن، ئەمەش زەمینەی ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی خۆش دەکات کە بتوانێت پرسەکە کپ بکاتەوە.

***پرسیار: بەڵام کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆشدا دەستی نەپاراستووە و بە پۆل خەڵک لە سێدارە دەدات. ئایا ئەمەش گورزێک نییە بۆ خەباتی مەدەنی؟***

***وەڵام:*** لە سێدارەدان وەک لە راپۆرتە نێودەوڵەتی و راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ بە راشکاوانە ئاماژەی پێکراوە، بەشێکە لە مێژووی کۆماری ئیسلامی و لە رابردوو هەبووە و لە ئێستاشدا هەیە و لە داهاتووشدا دەبێت. لەسێدارەدان شتێکی تازە نییە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەڵام بۆ ئەوەی لە سێدارەدان کەم ببێتەوە، دەبێت خەباتی مەدەنی لە ناوخۆ وڵات بەرفراوانتر بکرێت، بۆ ئەوەی گوشار بکەوێتە سەر حکومەت و ناچار بێت پاشەکشە بکات.

***پرسیار: وەک سەرنج دەدرێت ئێستا ئێران زۆر غرووورە. ئەمەش نەک هەر لەسەر ئاستی ناوخۆ. بەڵکو لەسەر ئاستی تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە هەموو ناوچەکەش بوونی هەیە. ئایا ئەم غرووورییەی ئێران لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟***

**- کۆمەڵێک فاکتەر بوونیان هەیە کە وایانکردووە ئێران مەغروور بێت:**

***یەکەمیان:*** لەبەر ئەوەی ئێران وڵاتێکە زۆربەی دانیشتووانەکەی سەر بە مەزهەبی شیعەن و شۆڕشی ئیسلامیش فۆرمێکی شیعەی هەبووە، بۆیە ئێران لە تەواوی ئەو ناوچانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە شیعەی لێیە، هەژموونی خۆی سەپاندووە و بۆچوونێکی بڵاوکردۆتەوە بەو مانایەی ئەگەر ئێران نەبێت، ئەوا شیعە لەسەر دەستی سوننە قەلاچۆ دەکرێت، بۆیە بەمجۆرە سۆزی شیعەکانی لەسەر ئاستی تەواوی ناوچەکە و ئەفغانستان و پاکستانیشی بۆ خۆی راکێشاوە.
***دووەم:*** ئێران وڵاتێکی گەورەیە و توانی لە ماوەی ١٠ - ١٢ ساڵی رابردوو لەسەر کێشەی ئەتۆمی و لە مامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی وا پیشانبدات کە کارتی زۆری بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی گەمەی پێبکات، ئەمەش وایکرد کە ڕێککەوتنێک لەسەر پرسی ئەتۆمی بێتەئاراوە .
***خاڵی سێیەمیش:*** لەبەر ئەوەی داعش پێناسەیەکی سوننەی هەیە، لە سووریا و عێراقیش ئەو دوو حکومەتەی داعش لە دژیان شەڕ دەکات، شیعەن، ئەمەش وایکردووە لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی وا پێناسە بکات کە لە بەرەی دژی داعشن، سیاسەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دیارە مەسەلەکان خاڵبەندی دەکات و ئەولەوییەتەکان دیاری دەکات، خۆشتان دەزانن، ئێستا ئەولەوییەتی سەرەکیی سیاسەتی نێودەوڵەتی شەڕکردنە لە دژی داعش، بۆیە ئەم فاکتەرانە کە لە بەرژەوەندی ئێران شکاونەتەوە وایکردووە ئەو مەغروورییە دروست بێت.

***پرسیار: بەڵام کاتێک سەرنج لە شێواز و کارە بەربڵاوە تیرۆریستەکانی داعش دەدەین، دەبینین دەستی دەگاتە هەموو شوێنێک لەم جیهانە، کەچی کاری تیرۆریستی لەناو ئێران ئەنجام نادەن، ئایا هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟***

***وەڵام:*** من بە دووری نابینم پێوەندییەکی موخابەراتی و ناڕاستەوخۆ بۆ هەماهەنگی لە نێوانی کۆماری ئیسلامی و داعشدا هەبێت، بۆ ئەوەی بە جۆرێک یەکتری بپارێزن، هەر بۆ نموونە لە کاتی شەڕی ئێران - عێراقدا، کۆماری ئیسلامی هەموو دروشمەکانی بۆ نەمانی ئیسرائیل بوو، بەڵام هەموو بەڵگەکان بە ئاشکرا دەریانخست بە ڕێگەی ئەورووپا چەکی ئیسرائیلی دەگەیشتە دەستی حکومەتی ئێران، بۆیە دەڵێم ئەمەش بە دوور نازانرێت کە شتێکی لەو جۆرە بێت.

***پرسیار: دیارە هەڵبژاردنی ئەمجارەی ئەمریکا جۆرێک جیاوازی هەیە، ئایا تاچەند ئەم هەڵبژاردنە ڕەنگدانەوەی لەسەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت؟***

***وەڵام:*** ئەوەی هەتا ئێستا لە گوتارەکانی هەر دوو کاندیدی سەرۆکایەتی ئەمریکا سەرنجی دەدەین و لەگەڵ هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی پێشوو بەراوردیان دەکەین، ئەوا وادەردەکەوێت کە هیچ کاتێک بەو ئاستە گوتاری کاندیدەکان بەوجۆرە جیاوازی نەبووە، سەبارەت بە دۆناڵد ترامپ کە کاندیدی کۆمارییەکانە، ئەو لێدوانەی دەیدا و ئەو قسانەی دژی نەتەوە و

ئایینەکان دەیکات، ئەوە لایقی دامەزراوەی سەرۆکایەتی ئەمریکا نییە، کەسێک بەو ئەقڵییەتە ببێتە سەرۆکی ئەمریکا بە ئاسانی لەسەر ئەمریکا تەواو نابێت. ئەو زۆر جار باس لەوە دەکات گلۆبالیزەیشن کۆتایی هاتووە و دەڵێت: من بەدوای ئەمریکالیزم دەگەڕێم، ئەمەش بەو مانایە شکۆی ئەمریکا هاتۆتە خوارەوە و دەیەوێت شکۆی بۆ بگێڕێتەوە، لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەمریکا زۆر فراوانە، لەکاتێکدا باس لە ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی دەکرێت، ترامپ بە کەسێکی هەڵەشە ناسراوە، ئایا دەکرێت ئەو هەموو دەسەڵاتانە بدرێتە کەسێکی وەک ترامپ، بە هەر حاڵ ئەمە لەلایەن نوخبەی ئەمریکییەوە زۆر بایەخی پێدەدرێت، بەڵام خەڵک ڕۆژانە سەیری شاشەکان دەکات و گوێ لە لێدوانەکان دەگرێت. لەوانەیە خەڵک بڵێت ترامپ بە ئاشکرا قسە دەکات و بە دیپلۆماتی قسە ناکات، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ترامپ بۆ ئەمریکا و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەبێتە مایەی نیگەرانی، بۆیە من پێموایە بۆ ئێمەی کورد دیموکراتەکان باشترن، لەبەر ئەوەی ماوەی هەشت ساڵە ئەوان دۆستایەتییەکی زۆریان لەگەڵ کورد پەیدا کردووە، کوردیش دۆستایەکی زۆری پەیدا کردووە. من بۆ خۆم چەند ساڵێک لە ئەمریکا بووم، سروشتی ئەو دوو حزبە بەو جۆرەیە کە چوونە کۆشکی سپی هەموو ستافی کۆشکی سپی دەگۆڕن، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەتا جارێکی دیکە لەگەڵ ئەوان دێنەوە سەرخەت، کاتێکی زۆری دەوێت.

***پرسیار: ئەگەر دوایین پرسیار ئەوە بێت کە لەم کاتەدا ئێمە وەک کورد ئەگەر بڕیارێک بدەین. تاچەند بۆ بەرژەوەندی کورد دەشکێتەوە و ئایا پێتوانییە لەم ماوەیەدا ئیدارەی ئۆباما بۆ پشتگیریکردنی کاندیدی کۆمارییەکان کارێک بکات هاوسەنگیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بگۆڕێت؟***

***وەڵام:*** لە میانەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکادا جاروبار ئەو جۆرە تاکتیکانە بەکار هاتووە، بۆیە سەیر نییە شتێک بێتە گۆڕێ بۆ ئەوەی بۆچوونی خەڵک گۆڕانکاری بەسەردا بێت. سەبارەت بە بڕیاری کوردیش، دەمەوێت بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەوە بکەم، هەتا کێشەی داعش لە گۆڕێدایە و کورد سنووری ١٠٠٠ کیلۆمەتر بەرەی شەڕی لەگەڵ داعش هەیە، ئەوە گرنگە کە تا چەندی دەتوانێت، پێگەی خۆی بەهێز بکات و ناوماڵی خۆی ڕێکبخاتەوە، هەروەها هەندێک مەسەلە هەیە دەبێت یەکلایی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر شەڕی داعش تەواو بوو، لەوانەیە بارودۆخەکە بۆ کوردستان بگۆڕێت، بەتایبەتی ئێستا کە ئەمریکا خۆی سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشە، یان لەوانەیە لە ناوچەیەکی دیکە کێشەیەک بێتەئاراوە و ئێرە وەک ئێستا بایەخی پێ نەدرێت، بۆیە من جەخت دەکەمەوە دەبێت لە ئێستا هەوڵبدرێت زۆر مەسەلە یەکلایی بکرێنەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوڵان میدیا / ڕێکەوتی: ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٦**

## وتووێژی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە:



***ئاوێنە: لەو دۆخە سیاسیەی ڕۆژهەلات کە خوی لە نەبوونی چالاکی هەمە چەشن دەبینیتەوە حزبەکانی ڕۆژهەڵات تا چەندە بەرپرسن؟***

***خالید عەزیزی:*** پێشەکی، سەرەڕای زەخت و فشار و و دەسەڵاتی قورسی ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی، دیسان هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی مەدەنی کەم و زۆر لە نێوەخۆی وڵاتدا بەردەوامە، کۆمەڵانی خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵ دەدەن بێ تەفاوەت نەبن و دەرفەتەکان بقۆزنەوە و بە پێی ئیمکان کەڵکیان لێوەرگرن. بێ گومان لێک دابڕانەکان و یەکتر قەبووڵ نەکردن و تەنانەت جوابەجەنگی و دمەتەقەی ناپێویستی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر بۆتە هۆی ئەوە زەرەر بە ئیعتبار و وەزنی سیاسی ئێمە بگەیەنێ . هیوادارم بە هەست کردن بە بەرپرساییەتی میللی بە یەکەوە ئەو قۆناخە تێپەڕ بکەین.

***ئاوێنە: سود و زیانەکانی نیشتەجی بونی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشور بۆ خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات چ بووە؟***

***خالید عەزیزی:*** ئێمە لەڕوی مەجبووری و بێ دەرەتانی دەیان ساڵە لە باشووری کوردستانین، بۆیە سوودی ئەو نیشتەجێ بوونە هەر ئەوە بووە کە خۆمان ڕابگرین و بە پێی توانا کاری خۆمان بکەین، ئەو شێوە ژیانە سیاسییەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێمەی بە گشتی لە چاوەڕوانیدا هێشتۆتەوە زەرەر و زیانی بۆ حیزبەکان زۆر زۆر بووە. دەوری عەمەلی ئێمە و لە نێو خەڵک دانەبوون بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات شوێنەواری زۆر خەراپی سیاسی ، حیزبی و تەنانەت کولتوری حیزبایەتی لێکەوتۆتەوە. لەسەریەک ئەو ڕەوشە خەراپەی ژیانی حیزبایەتی و بەربڵاوییە بۆتە هۆی ئەوە کە جوڵانەوی کوردی ئێران یەک دەست و قورس و قایم دەر نەکەوێ و بەوجۆرە کۆدەنگی و لێک حاڵی بوون بۆ پاڵ پشتی پێویست و هەمە لایەنە بۆ خەبات و چالاکی خەڵکی نێوخۆی وڵات لە گۆڕی دانەبێ.

***ئاوێنە: لە ساڵانی ڕابردوو زور قسەت لە سەر پێویستی کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵات کردوە. پیت وایە کۆمەڵگای***

مەدەنی ڕۆژهەت لە نەبوونی حزبەکان دەتوانن ڕۆڵێک بگێڕن؟

**خالید عەزیزی:** هەمیشە رام گەیاندووە خەڵکی نێوخۆی وڵات نابێ چاوەڕوانی چارەسەری کێشە و ناکۆکی حیزبەکان بن. لەبەر ئەوەی هۆی سەرەکی لەت بوون و لێک ترازانەکان پێوەندی بە شێوازی خەبات و سیاسەت و شتی وا نەبووە. دەبێ خۆیان بەردەوام لە دەرفەتەکان کەڵک وەرگرن و تێبکۆشن خەبات و جم و جۆڵی مەدەنی لە نێو خۆیاندا بکەن بە عادەت و کولتور. بە خۆشێوە شعوری سیاسی و کولتوری خەڵک کوردستانی ئێران لە گەشە دایە و ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو دەری خستووە کە سەرەڕای کەند و کۆسپ و ئاستەنگ، هەوڵ و تێکۆشانی چالاکوانانی مەدەنی دیار و بەر چاوە. بۆیە ئەوان دەتوانن ڕۆڵ و دەوریان هەبێ و من لە بارەوە گەش بینم.

**ئاوێنە:** لە دیمانەکانت هەست بە جیاوازی روانینت بە نیسبەت حیزبەکانی‌ترەوە بەرامبەر بە خەباتی کوردی لە ڕۆژهەڵات دەکرێ، بە جۆریک رەخنەگرانت بەوە تۆمەتبارت دەکەن کە ئومێد بە گۆڕانکاری لای ئێوە نەماوە بۆیە رەخنە لە دۆخی خەباتی سیاسی ڕۆژهەڵات دەگرن؟ ئایا ئۆمیدێک بە گۆڕانکای گەورە بێ بەشداری حیزبەکانی ئۆپۆزیسیون هەیە لە ئێران و کوردستان؟

**خالید عەزیزی:** ئومێد بە دروشم و توڕەیی دروست نابێ، گرفتی سەرەکی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەوەیە بە گشتی و بە راشکاوی شەهامەتی ئەوەمان نییە خەسارناسی دەیان ساڵەی ڕابردووی خۆمان بکەین و پرسیار لە خۆمان بکەین بۆ توشی ئەو چارەنووسە نەخوازراوە هاتوین و بۆ دەرباز بوون لەو وەزعە چمان بۆ دەکرێ و چمان بۆ ناکرێ. لەسەریەک ئێمە بووینەتە بارمتەی کێشە و ناکۆکی نێوخۆیی حیزبەکان. بۆیە لە کەش و هەوایەکی ئەو جۆرەدا ئەو باسانەی کە من لە چەند مانگی رابردوودا باسم لێکردوون بە داخەوە وەک زەمینەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارە سەیری ناکرێ، هەر لایەنەی بە پێی بەرژەوەندی حیزبی و کێبەرکێی حیزبی خویندنەوەی بۆ دەکات. ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە کورد و غەیرە کورد ئیستعداد و ئامادەگی ئەویان نییە پێدا چونەوە بە سیاسەت و خوێندنەوەی خۆیان لە مێژوی ٣٧ ساڵەی کێشە و خەبات و تێکۆشانی خۆیان بکەن. بە داخەوە ئۆپۆزسیۆنی ئێران و تا رادەیەک حیزبە کوردییەکانیش لە جیاتی کارکردن بۆ دروستکردنی کۆدەنگی و بەدیلسازی لە دژی کۆماری ئیسلامی، زۆرتر سەرگەرمی دروشم دان و دەمە چەقە و یەکتر شکاندنن .

**ئاوێنە:** ئایا حیزبەکانی ڕۆژهەڵات توانای ئەوەیان تێدایە پرسی کورد لە ئێران وەک پرسێکی زیندوو بهێڵنەوە نەهێڵن بکەوێتە پەراوێزی پرسی تر لە ناوچەکە؟

**خالید عەزیزی:** لە بەر ئەوەی کێشەی کورد سروشتی تایبەتی خۆی هەیە، بە مەرجێک جۆرێک لێک تێگەیشتن و هاوکاری و کۆدەنگی لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە گۆڕیدا بێ، ئێمە دەتوانین هەم لە ئاستی نێوخۆی وڵات و هەم لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی، پرسی کوردی ئێران زیندوو ڕابگرین و نەهێلین کۆماری ئیسلامی زۆر بە ئاسانی لە پەراوێزمان

بخات.

***ئاوێنە: ئایا ئومێدێک هەیە بە یەکگرتنەوەی هەر دوو حزبی دیموکرات؟***

***خالید عەزیزی:*** پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دوو قۆناخی تێپەڕاند. قۆناخی یەکەم عادی بونەوەی هاتوچۆ و پێوەندییەکان وئاڵ و گۆڕی بیر و ڕا و تا ڕادەیەک پێس وەچونیشی بە خۆیەوە بینی، بەڵام لە گەرمەی ئەو پرۆسەیەدا لایەنی سکرتێری حدکا، بە بڵاو کردنەوەی کتێبێک و باس کردنەوەی دووبارەی کێشەکانی پێشوو، بە داخەوە ئەو پرۆسەیان لەبار برد. سەرەڕای ئەوە سەروبەندی کۆنگرەی ئێمە بە ئاڵ و گۆڕ کردنی پەیام بۆ یەکتر، ئومێدی ئەوە دەکرا کە پرۆسەکە دەست پێ بکاتەوە. بەڵام بەداخەوە لە چەند مانگی ڕابردوودا دیسان لایەنی حدکا بە دانی بەیانیە و قسەکردن لە دژی ئێمە بۆ جاری دووهەم بە کردەوە ئەو پرۆسەیان بە شکست گەیاند. بەڵام من ئێستاش لەو باوەڕدام نابێ کۆڵ بدەین و دەبێ وتووێژەکان دەست پێ بکەینەوە.

***ئاوێنە: باڵا دەستی ئێران لە هەرێمی کوردستان چ ڕۆڵێکی هەبوە لە سەر لاوازکردنی حزبەکانی ڕۆژهەڵات؟***

***خالید عەزیزی:*** من پێموایە هەرێمی کوردستان خۆیان باڵادەستن و ئێران باڵا دەست نییە، بەڵام بێ گومان ئێران لە هەموی عێراق و کوردستانیش بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێ و کێشە و ناکۆکییەکانی بە قازانجی خۆی دەقۆزێتەوە. هۆی سەرەکی لاواز بوونی حیزبەکانی رۆژهەلات خۆمانین، بە داخەوە ئێمە چەند ساڵە لە بازنەی کێشە و ناکۆکییەکاندا دەخولێینەوە و گیرمان کردووە و وزە و تواناکانمان زۆر سەرفی ئەوە دەکەین .

***ئاوێنە: ئەو پاساوە تا چەندە بە مەنتەقی دەزانی کە هەندێ لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەڵێن ئێمە لە بەر پاراستنی هەرێمی کوردستان خەباتی چەکداریمان لە ڕۆژهەڵات ڕاگرتووە؟***

***خالید عەزیزی:*** بێ گومان ئێمە ناتوانین بەرژوەندییەکانی هەرێم و پێوەندییەکانی ئەوان لەگەڵ ئێران نادیدە بگرین. تاکو ئێستاش تا رادەیەکی زۆر ئەوەمان لەبەر چاو بووە. دەبێ لە چوارچێوەی ئێران و وەزعی رۆژهەلاتی کوردستاندا لایەنی باش و خەراپی چالاکی چەکداری بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن. هەرێمی کوردستان دەخالەتی لە شێوازی خەباتی ئێمەدا نەکردووە و نای کەن، بەڵام هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی بە ئێمە بڵێ لە خەبات و چالاکی چەکدارانەی خۆتاندا هەرێمی کوردستان مەکەن بە پشتی جبهە، بۆیە هەمو شێواز و مێتۆدەکانی خەباتی ئێمە دەبێ بە پێی هەڵسەنگاندن، زەمینە و پێداویستی ئەو جۆرە تێکۆشانانە لە نێوخۆی وڵات بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە / ڕێکەوتی: ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٦

# وتووێژ لەگەڵ کاناڵە کوردیەکان

## خالیدی عەزیزی بۆ دەنگی ئەمریکا بەشی فارسی



**خالید عەزیزی لە بەرنامەی تەفسیری خەبەری دەنگی ئامریکا: خەبات بۆ دابین کردنی دێموکراسی لە ئێران بە ئاکام دەگا**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی پووشپەڕ بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادەبوون لە وتووێژێکی تەلەڤیزیۆنی بەرنامەی تەفسیری خەبەری بەشی فارسیی دەنگی ئامریکا وەڵامی پرسیارەکانی ئەو بەرنامەیەی لە سەر پرسەکانی تایبەت بە ئێران و کۆمەڵگای ئێران و کوردستان داوە.بەڕێز سکرتێری گشتیی حدک لە وەڵامی پرسیارێکدا کاریگەریی کێشەکانی نێوخۆیی دەسەڵات لە سەر تێفکرینی خەڵکی کوردستاندا وتی کە تا ئەو جێگایەی کە پێوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە خەڵکی کوردستان لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا هەمیشە هەوڵیان داوە پرسەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئازادیی زیندانیانی سیاسی و ئازادی حیزبە سیاسیەکان لە ئێران چارەسەر بکرێ و کورد بە شوێن ئەوەدا بووە کە لە ئێران دەسەڵاتێک بێتە سەر کار کە لە بەرامبەر ویست و داواکانی خەڵکدا وەڵامدەر بێ. ئێمە هەمیشە هەوڵمان داوە کە بە گوێرەی تواناکانی خۆمان لە کوردستان ئەو فەرهەنگە لە نێو خەڵکی ئێراندا پەرە پێ بدەین.

کاک خالیدی عەزیزی لە درێژەی وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ کە لە ئێراندا دوو سیناریۆمان هەیە یەکێکیان داواکانی خەڵکی کوردستانە و ئەوی دیشیان کۆماری ئیسلامی و کێشەکانی نێوخۆیی ئەوانە کە هیچ پێوەندیەکیان بە چارەسەریی ئەو داوایانەی خەڵکی کوردستانەوە نیە و بە هۆی ئەو ناکۆکیانە ناتوانن هیچ کێشەیەکی خەڵکی کوردستان و ئێران چارەسەر

بکەن و رۆژ لە گەڵ رۆژ ناکۆکیەکان زیاتر دەبن. ئامانجی ئەوان لەو ناکۆکیانە ئەوەیە کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێراندا لە بەرژەوەندی خۆیاندا خەڵک بۆ لای خۆیان رابکێشن.

سکرتێری گشتی حدک لە وەڵامی بەشێکی دیکە لە پرسیارەکان سەبارەت بە پرسی مافەکانی مرۆڤ و ئەوە کە ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لەوەی کە لە کوردستان لە ئارادایە، هیچ زانیاریەکیان نیە؛ دەڵێ کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی ئەمنیەتی دەڕوانێتە ناوچەکانی کوردستان و بە گشتی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێراندا زۆر باش نیە، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا کراوەتە شتێکی قانوونی و وەک فەرهەنگێکی لێ هاتوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بە شێوەیەکی ئەمنیەتی دەڕواننە کوردستان ئەو پێشێلکارییانە لە کوردستان زۆر زیاترن، ئەگەر لە روانگەی نێونەتەوەییەوە سەیری پرسەکە بکەین لەو پێوەندیەدا زۆر کار دەتوانرێ بکرێ بەڵام پەرش و بڵاویی حیزبە سیاسیەکانی ئێران و نەبوونی بەرەیەکی هاوبەشی ئێرانی پێکهاتوو لە تەواوی نەتەوەکانی ئێران کە ببنە نوێنەری گەیاندنی ئەو پرسە بە کۆمەڵگای جیهانی، بۆتە هۆی کە ئەوان نەتوانن لۆبی خۆیان لە دەرەوەی ئێران وەگەڕ بخەن.

کاک خالیدی عەزیزی لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ کە ئەو خوێندنەوەیەی ئێران لە سەر مافەکانی مرۆڤ هەیەتی بە هیچ شێوەیەک نە لە نێو ئێران و نە لە دەرەوەی ئێران قەبووڵ ناکرێ و لە درێژەی ئەو سی ساڵەدا خەڵکی ئێران دەنگی نارەزایەتی خۆیان بە دژی ئەم شێوەیە لە خوێندنەوەی مافەکانی مرۆڤ دەربڕیوە و خەباتیان کردوە و ئەو نارەزایەتیانە تەنانەت دنیای دەرەوەشی گرتۆتەوە.

سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتایی دا و لە وەڵامی پرسیارێک لە سەر شوێندانەری گۆڕانکاریەکانی ئێستای ناوچە لە سەر ئێران وتی: بەشێک لەو گۆڕانکاریانەی ناوچە دەتوانێ کاریگەری نارەزایەتیەکانی ٢ ساڵی رابردووی خەڵکی ئێرانی لە سەر بێ و پەیامێکیان هەیە بۆ خەڵکی ئێران کە خەبات بۆ دابین کردنی دێموکراسی بە ئاکام دەگا و بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی دەستێوەردان لە کارو باری سووریەدا دەکا ئەو گۆڕانکاریانەی ئەوێ دەتوانێ کاریگەری هەبێ لە سەر ئێران و ئەو شەپۆلە دێموکراسیخوازیە لە داهاتوودا دەگاتە ئێرانیش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠١١

# بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوێژێک لە گەڵ تلویزیۆنی فارسی "رها"



**خالید عەزیزی: ناوەندگەرایی وئینکاری جۆراوجۆری نەتەوەیی لە ئێرانە کە پەرە بە بیری "تجزیه طلبی" دەدا**

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە کەسایەتی و هێزە ئێرانییەکان زانیاریی پێویستیان لە سەر گوتاری سیاسی نەتەوەیی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان نیە.

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوێژێکی لە گەڵ تلویزیۆنی فارسی "رها" لە پێوەندی لە گەڵ چەند مەسەلەیەکی وەک؛ گوتاری سیاسی - نەتەوەیی بزووتنەوەی کورد لە ئێران، پێوەندی نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، سەرکوتی خەڵکی کوردستان لە ئێران، پرسی لیک نزیک بوونەوەی دێموکراتەکان و رۆڵی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رووداوەکانی ناوچەکە، روانگە و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی خستە روو.

بەڕیز خالید عەزیزی لە سەرەتای وتوێژەکەیدا لە گەڵ تلویزیۆنی رەها لە وڵامی یەکەم پرسیاری ئاغای ئەحمەد رەئفەت دا سەبارەت بە دژکردەوەی کەسایەتی و هێزە ناوەندگەراکانی ئێران لە پێوەندی لە گەڵ رێکەوتننامەی دوو هێزی کوردستانی، بە توندی رەخنە لەم کەسایەتی و هێزو لایەنانە گرت کە بێ ئەوەی زانیاریی پێویستیان لە سەر گوتاری سیاسیی - نەتەوەیی بزووتنەوەی کوردو هێزە سیاسییەکانی هەبێ هەر جارەو تۆمەتێکی دەخەنە پاڵ. لەم بەشە لە وتویژەکەیدا بەرێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە باسکردن لە ماهییەتی "رزگاریخواز" بوونی بزووتنەوەی کوردستان و هەڵگرتنی درووشمی فدرالیزم لە لایەن سەرجەم هیزە کوردستانییەکانەوە، تۆمەتی جیاییخوازی بۆ سەر بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەت کردەوەو وتی: ئەوەی لە

داهاتوودا به ناوی "تجزیه طلبی" هەڕەشه له ئێران دەکا، بیر کردنەوەی کەسایەتی و هێزە ناوەندگەراکانی ئێرانه که ئینکاری جۆراوجۆریی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا دەکەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان به پێداگرتنەوه له سەر جۆراوجۆری نەتەوەیی له ئێران و وڵامدەربوونی سیستەمی فیدراڵی بۆ بەڕێوەبردنی ئێرانی داهاتوو، رەخنەی له خوێندنەوەو روانینی هێزە ناوەنگەرا فارسەکان بۆ پێکهاتەی وڵاتی ئێران گرت که به شێوەیەکی تاک رەهەندی چاو لەم وڵاته دەکەن.

بەڕێزیان به رەخنه گرتن لەم روانینه، جارێکی دیکه دووپاتی کردەوه که بزووتنەوەی کورد له ئێران و هێزە سیاسییەکانی به پێشنیار کردنی سیستەمی فیدالی بۆ داهاتویی ئێران، روانینێکی چەند رەهەندی بۆ ئێرانی ئێستا هەیەو پێی وایه ئینکاری ئەم جۆراوجۆریانەیه که بیری جیاییخوازی به هێز دەکا.

له بەشیکی دیکەی ئەم وتویژەدا له پێوەندی له گەڵ نەبوونی حزووری بەرچاوی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کورد له بزووتنەوەی سەوزدا، بەڕێز خەلید عەزیزی باسی له غایب بوونی داخوازییه سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان له مەنشوورەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا کردو وتی؛ ئێمه وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان به پێوەندی گرتن له گەڵ کەسایەتی و جەریانەکانی بەستراوه به بزووتنەوەی سەوز هەوڵمان دا که تێیان بگەیەنین که ئەگەر دەیانهەوێ ئەم رەوته له ئێراندا چوارچێوەیەکی جۆراوجۆری بەربڵاو به خۆوە ببینی پێویسته له بەرنامەکانیان دا ئاوڕی جدی له پرسی نەتەوەکانی ئێران و مەسەله نەتەوەییەکان بدەنەوە، بەڵام ئەم بزووتنەوەیه نەیتوانی وەک پێویسته ئەم راستییانه ببینێ.

سەرکوتی رۆژانەی خەڵکی کوردستان له لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەورێکی دیکەی وتویژی تلویزیۆنی رەها له گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی پێک دەهێنا.

لەم پێوەندییەدا بەڕێز خالید عەزیزی به ئاماژەدان به جیدی بوونی خەباتی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی، دژ به دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، باسی له گوشاری له رادەبەدەری دەزگای سەرکوتی رێژیم بۆ سەر چالاکانی سیاسیی و مەدەنیی کورد کردو فاکتەرەکانی وەک مەترەح بوونی پرسی کورد له پارچەکانی دیکەی کوردستان و زیندوبوونی خەبات له رۆژهەڵاتی کوردستان و روانینی ئەمنییەتی رێژیم بۆ پرسی کوردی، له سەرکوتی بەرچاوی رێژیم له کوردستان به هۆکاری سەرەکی زانی.

هەر لەم وتوێژەدا پرسی نێوان هەردوو باڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ لێک نزیک بوونەوە هاتە گۆڕێ که بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وێڕای ئاماژەدان به دانیشتنی هەردوولا له سەر ئاستی سکرتێرو هەیئەتی کۆمیتەی

ناوەندی، بە هیواوە باسی لەم داهاتووی مەسەلەیە کرد.

چۆنیەتی هاوکاریی نیوان هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بە گشتی تەوەرێکی دیکەی وتوێژەکەی تلویزیۆنی رەها لە گەل سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

لەم پێوەندییەدا بەڕێز خالید عەزیزی وێڕای ئاماژەدان بە بەشداریی چالاکانەی نوێنەرایەتییەکانی حیزی دیموکرات لە کۆڕوکۆبوونەوەی هێزە ئێرانییەکان، بە رەخنە گرتن لە مکانیزمی ئەم کۆبوونەوانە، ئاشکرای کرد کە تا ئێستا هیچ ئاڵترناتیڤێک بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی داهاتووی ئێران لەم کۆبوونەوانەدا ساغبوونەوەی لە سەر نەکراوە. لەم پێوەندییەدا بەرێزیان وتی: پێوەندی هێزە ئێرانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تەنیا لە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر و قسە کردن دا خولاسە بۆتەوەو تا ئێستا هیچ ئالترناتیڤێک بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی داهاتووی ئێران ساغبوونەوەی لە سەر نەکراوە.

لە دوایین بەشی وتوێژەکەی تلویزیۆنی رەها لە گەڵ بەریز خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکرات دا باس لە رۆڵی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رووداوەکانی ناوچەکە هاتەو ئاراوە کە بەڕێز سکرتێری حیزب رۆڵی رێژیمی ئێران بە قازانجی هیچ کام لە خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە نەزانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣

# دیدارێکی رۆژنامەنووسی رۆژنامەی "تورون سانۆمات"ی فینلاندی لە گەڵ بەڕێز خالید عەزیزی


Khaled Azizi houkutteli Turussa salin täyteen väkeä

Kurdijohtaja toivoo Suomelta tukea ihmisoikeuskysymyksiin

Halabjan joukkosurmaa muistettiin Turussa

**لە شاری تورکو خالیدی عەزیزی هاندەر بوو بۆ پڕبوونی سالۆنێک لە جەماوەر**
**رێبەری کوردان هیواخوازە کە فێنلاند یارمەتیدەر بێت لە پرسی کێشەی مافی مرۆڤ دا**

خالیدی عەزیزی رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ولاتانی رۆژئاوایی لە مەترسیی بڕواکردن بە وادە و بەڵێنییەکانی ئێران لەمەڕ ئاشتیخوازانەبوونی بەرنامەناوکیەکەی وشیار دەکاتەوە.

عەزیزی کە رۆژی یەکشەممە لە شاری تورکو میوان بوو، وتی؛ حکومەتی ئێستای ئێران کە بە بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ پێشێل دەکا، ژنان بەردباران دەکا، هاووڵاتیانی ئیعدام دەکا و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان پێشێل دەکا، بەلایەوە شتێکی زۆر ئاساییە کە لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکیەکانی درۆ لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکات.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئێران حیزبێکی قەدەغە کراوە هەربۆیە بنکەی سەرەکیی رێبەریەکەی لە باکووری عێراقە. بە پێی وتەکانی عەزیزی حیزبەکەیان یەکێک لە حیزبە سەرەکیەکانی کوردستانە، بەشێک لە ئەندامەکانی لە دەرەوەی وەلاتی خۆیان ئەژین ، وەک عیراق، ئوروپا و ئەمریکا، بەڵام بەشی سەرەکیی ئەندامانیان لە ناوخۆی کوردستان و لە تاران دەژین و بە شێوەی نهێنی پێوەندیان بە حیزبەکەوە هەیە.

"ئامانجی سەرەکیی ئێمە دەستەبەرکردنی ئازادی، یەکسانی و حکومەتی قانونە. هەوڵی ئێمە نەمانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی و پڕکردنەوەی جێگاکەی بە حکومەتێکی فیدرالیە، کە لەودا کوردستان وەک ناوچەیەکی فیدراڵ لە بەڕێوەبردنی

وڵات دا مافی یەکسانی لەگەڵ ناوچە فیدراڵەکانی دیکەدا هەبێ. بەبێ ئەوە بەرەوپێش چون و جێگیر بوونی دێمۆکراسی ئیمکانی نیە."

ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا کەسی یەکەمی حیزبەکەیەتی.

**عەزیزی دەڵی کە حیزبەکەی لە دوای ساڵی ١٩٩٠ خەباتی چەکداری نەکردووە:**

" پێشتر ئێمە ناچار بووین بۆ بەرگری لە خۆمان چەک بەکار بێنین" ناوبراو درێژە بە وتەکانی دەدا و دەڵێ: ئێمە ڕێگای ئاشتیخوازانەمان گرتۆتە بەر، لەگەڵ ئەوەش دا کە حکومەتی ئێران هەوڵ دەدا کوردەکان بکێشێتە ناو گەمەی شەری چەکدارییەوە." ڕێبەری حیزب دەڵێت حکومەتی ئێران بەچاوی ئەمنیەتیەوە دەروانێتە کوردستان و هەمیشە وەک هەرەشەیەک لە بەرابەر خۆی دا دەیبینێ.

ئێستا هەم یاسای وڵات و هەم ڕێبەرانی، کوردەکان وەک هاونیشتمانی پلە دوو چاو لێ دەکەن، بەگوێرەی یاسای وڵات کوردێکی سوننی مەزهەب مافی بوون بە سەرۆک کۆماریی نیە، هیچ کات بۆ پۆستی وەزیر و سەفیر و پۆستە بەرزەکانی تر باوەر بە کوردەکان ناکەن و لە هیچ کام لەم پۆستانە دا نین.

**مەبەستمان جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێرانە**

عەزیزی لە سالۆنێک لە شاری تورکوی فینلاند قسەی بۆ خەڵک دەکرد کە بانگهێشتی سێمینارەکە لەسەر داوای کۆمیتەی حدک لە فینلەند کرابوو. سالۆنەکە لەو خەلکانەی کە نەیاری حکومەتی ئێرانن و بۆ گوێگرتن لە قسەکانی ئەو هاتبوون و لە دەوری یەک کۆببونەوە، جمەی دەهات:

هەرکات لەنێو ئۆپۆزیسیۆن دا لێک تێگەیشتن و لێک نێزیک بوونەوە هەبیت دەکرێ پتر هێزی خۆمان یەک بخەین و بەرنامەی دوارۆژ باشتر دانێین.

کوردەکان خوازیاری ئاشتی و ئازادی و بەیەکەوە ژیانی یەکسان و مافی بەرابەر بۆ ژنان و پیاوانن. ئێستا لە ئێران دا حکومەتێکی دیکتاتۆر لەسەر حوکمە.

عەزیزی دەلێ؛ لە راستی دا حکومەتی ئیسلامی ئێران نوینگەی خەلکی ئێران نیە. خەلکی ئێران لە پشت ئەو حکومەتەوە

نین و بریارەکانی حکومەتی ئێستای ئێران بریاری خەلکی ئێران نیە. رێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان هیوادارە کە حکومەتی فینلاند ، هەم لە هاوپەیمانی و یەکیەتی وڵاتانی سکاندیناڤیا دا و هەم لە یەکیەتی ئەوروپا دا وەک ئەندامی هەردوکی ئەو یەکیەتیانە لە پێوەندی لە گەڵ مافی مرۆڤ لە ئێران دا دەورێکی چالاک بگێرێ.

خالیدی عەزیزی سالی ١٩٥٩ لە ئێران لە دایک بووەو لە سوێد ماجستێری لە زانستی سیاسی تەواو کردوە. ئەو ئێستا لە کوردستانی عێراق دادەنیشێ و چالاکانە لەسەر پرسی کورد بەشداری سێمینارو کۆرو کۆبونەوەکان لە ئوروپا و ئەمریکا و شوێنەکانی تر ئەکات.

سەرچاوە: ماڵپەری حدک میدیا - رێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٣

## خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ محەممەدڕەزا ئەسکەندەری،




### خالید عەزیزی: بیروڕای گشتی لە ئاکامی دانوستانەکانمان لەگەڵ حدکا ئاگادار دەکەینەوە

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکی تایبەتدا لەگەڵ محەممەدڕەزا ئەسکەندەری، بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کوردانەدا وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری ئەو ماڵپەڕەی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی دێموکڕاتەکانو پرسە سیاسییەکانی کوردستانو ئێران داوەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە پرسی یەکگرتنەوەی دوولایەنی حیزبی دێموکڕات دوای چاوەڕوانیی زۆری هەموو لایەک بە گوێ گەیشتوە، دەڵێ: " ئەو چاوەڕوانیە جێی ڕێزە کە خەڵک بیانەوێ لە یەکگرتنەوەی دوولایەنی دێموکڕات حیزبێکی یەکگرتووو بەهێزی حیزبی دێموکڕات دروست بێ‌و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ هەوڵی بەردەوامی ئەو مەبەستە داوە. لە ئێستاشدا دوو لایەن گەڵاڵەی خۆمان لەو پێوەندییەدا بە یەکتری داوەو پێویستە دوولایەن لە سەر خاڵە هاوبەشەکانی ئەو دوو گەڵاڵەیە بە ڕێککەوتن بگەن‌و پرسی یەکگرتنەوە بچێتە خانەیەکی دیکەو بەرەو پێشتر بچێ."

کاک خالید لەو وتووێژەداو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە دیدارو کۆبوونەوە هاوبەشەکان بەو شێوەیە تا کەی لە نێوان دوولایەندا بەردەوام دەبێ، دەڵێ دانیشتن‌و قسەکردن لە سەر گەڵاڵەکانی یەکگرتنەوە قەرار نیە چەند ساڵ درێژە بکێشن، دەرفەتی زۆرمان لە بەردەمدا نیەو پێویستە پاش ماوەیەکی دیکە کە گەڵاڵەکان لەلایەن ڕێبەریی هەر دوو لا قسەیان

لەسەر کرا، بەرە بەرە بدرێتە ئەندامانی حیزبەکانو خەڵکیش لێی ئاگادار بن، بۆ ئەوەی بە هاوفیکریو بەشداریی هەموو لایەک پرۆسەکە خێراتر بچێتە پێشێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبارەی دوو گەڵاڵەکە ڕوونی کردەوە کە گەڵاڵەی ئەوان دەقاودەو گەڵاڵەیەکی ١٧ ساڵ لەوە پێشە کە بەپێی بارودۆخی ئەو کات بۆ وەسەر یەکخستنەوەی دوو لایەنی حیزبی دێموکڕات ئامادە کرابوو، گەڵاڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە بارودۆخی ئێستاداو بەپێی لێکدانەوە نوێیەکان لە هەلومەرجو تیشک خستنە سەر واقعەکانی ئێستاو لە ئاکامی چەندین باسو ڕاوێژی چەندین کۆبوونەوەی تایبەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان نووسراوەو ڕادەستی ئەو هاوڕێیانە کراوە، ئێمە پێمان وایە گەڵاڵەی ئێمە دەتوانێ چارەسەری ئەو کێشەیە بێ، بەڵام ناتوانین یەکجێ گەڵاڵەی ئەوانیش ڕەت بکەینەوە، بەڵام دەکرێ بڵێین وەرن با خاڵە هاوبەشەکانی نێوان ئەو دوو گەڵاڵەیە بکرێنە مەبناو کاریان لەسەر بکرێو ئەو کێشەیەی پێ چارەسەر بکرێ.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە لایەنی بەرامبەرتان ئێوەیان وەک حیزب قەبووڵ نیە، ئێوە تاکەی ئاوا بەردەوام دەبن، دەڵێ ڕەنگبێ ئەوە بەشێکی کاریگەریی ڕووحیی دابڕانی حیزبی دێموکڕات بێ، بەڵام لەو ماوەیەدا سکرتێری هەر دوو حیزبو ئەندامانی دەفتەری سیاسیی هەردوو لاو هەیئەتەکان پێکەوە چەندین جار کۆبوونەوەیان بووە، ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە وەک دوو حیزب پێکەوە دانوستانمان بووە. ئەوە لای ئێمە کێشە نیەو هیوادارین ئەو هاوڕێیانەش بە لەبەرچاوگرتنی داخوازیی خەڵکو چاوەڕوانیی کادرو پێشمەرگەکانو واقعییەتەکان ئێمە وەک هەین قەبووڵ بکەن، نەک ئەوەی چۆنی ئارەزوو دەکەن. ئێمە لەو بارەوە کێشەمان نیەو هیوادارین ئەو هاوڕێیانەش زیاتر بیر لەوە بکەنەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێوە تا کەی درێژە بەو دانوستانە دەدەن لە حاڵێکدا ئەوان وەک ئەسڵێکی بنەمایەیی دانوستان ئێوە وەک حیزب بە ڕەسمی نەناسن، دەڵێ ئیستراتیژیی ئێمە بەردەوامیی دانیشتنو دیالۆگو دانوستانە، چونکی هەر ئەوەش دەتوانێ چارەسەری کێشەی دوو دێموکراتەکان بکا نەک دانیشتنو پاڵدانەوە، بەڵام ئەوەش دەخرێتە چوارچێوەی زەمەنیی تایبەتەوە. ئێمە لە ئێستادا چاوەڕێی دوایین بڕیاری ئەوانین کە قەرارە لە پلینۆمی خۆیاندا بیدەن، ئەو کات ئێمەش بۆچوونی ئاشکراو ڕوانگەی خۆمان بە ڕوونی لەو بارەوە ڕادەگەیەنین. ئێمە بەش بە حاڵی خۆمان وەک حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەموو هەوڵمان ئەوەیە ئەو پرۆسەیە بە شکست نەگا. ئێمە دوای وەرگرتنی دواوەڵامو دوا بڕیاری ئەوان هەم ئەندامانی حیزبەکەمانو هەم بیروڕای گشتیی کوردستان لە ئاکامی وتووێژو دانوستانەکانمان ئاگادار دەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی دێسەمبەری ٢٠١٣

## خالید عەزیزی بۆ NRT: بەرپرسایەتیی لێک ترازانەکان لە ئەستۆی هەموو لایەنەکانە




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ کانالی ئاسمانیی NRTی تیشکی خستە سەر باردودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتیو ئابووریی ئێران دوای ٣٥ ساڵ هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی و گوتی بۆچوونەکانی دێموکڕاسی، مافی مرۆڤ، حکومەتی قانوونو دادپەروەری ئەو بەهاو بایەخانە بوون کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ٣٥ ساڵ بەر لە ئێستا رێژیمی پاشایەتی‌یان پێ ڕووخاند، بەڵام ئەو دەسکەوتانە لەو شۆڕشەدا وەدی نەهاتنو شۆڕش لەلایەن کۆمەڵێک لایەنەوە دەستی بەسەردا گیرا.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ دۆزی سیاسیی کورد نەیتوانیوە خۆی لە بارودۆخی دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ دا ببینێتەوە، گوتی کە کوردستان هەر لە سەرەتاوە بە چاوی ئەمنیەتی‌یەوە سەیری کراوە، وەڵامی داوا دێموکراتیکەکانی گەلی کورد بە توندو تیژی دراوەتەوەو پەیامی چارەسەری ئاشتیی دۆزی کورد بەرەوڕووی هێرشو شەڕی خوێناویی داسەپاو بۆتەو کورد ناچار بووە بەرگریی چەکداری لە خۆی بکاو ئەو پرسە تا ئێستاش بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی کاریگەریی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لەسەر دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیشکی خستە سەر ئەوەی ڕووخان، نەمانو ئاڵۆگۆڕی سیاسی لە وڵاتانی سەرەڕۆو ئیستبدادی کاریگەریی ناراستەوخۆی لە سەر دۆزی کوردو گەلانی دیکەی ئێران داناوە، ئەوەی کە دەسەڵاتە ئیستبدادیو نادێموکڕاتیکەکان بڕو نەبێ بەرەوڕووی گۆڕان یان نەمان دەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەو لە خۆراوا، باکوورو باشووری کوردستان بەرەوپێشچوونی زۆری بەخۆیەوە بینیەوەو ئەوەش ئیلهام بەخشی کوردەکانی ڕۆژهەڵات بۆ سووربوونو گەشبینی‌یان بۆ چارەسەری پرسی کورد لەو بەشەی کوردستانیشە.

کاک خالید عەزیزی لە شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەوەی بۆ کورد لەو بەشەی کوردستان نەیتوانیوە ببێتە فاکتەری گۆڕان لە ئێران، تیشکی خستنە سەر ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پارسەنگیی هێز بۆ گۆڕان لە قازانجی کورد نیە، کورد چەندی بەهێزیش بی بە تەنیا کۆماری ئیسلامی پێ ناڕووخێ، ئێران وڵاتێکی بەرینەو کورد وەک بەشێکی بچووک لەو ئێرانە ناتوانێ قورسایی ڕووخانی حکومەتی ناوەندی بخاتە سەر شانی خۆیو لە دەرەوەی ناوچەکانی کوردستان لە ئێستادا بە داخەوە جووڵانەوەیەکی ئەوەندە بەهێز لە نێو نەتەوەکانی دیکە و شارەکانی دیکە ئاوا نیە کە حکومەتی ناوەندی بگۆڕێ یان ناچار بە پاشەکشەی بکا، ئەوەش وای کردوە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لەسەر سیاسەتی گرتن، ئێعدامو زەبرو زەنگ بەردەوام بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژدا ئاماژەی بەوە کرد کە کێشەی ئەتومیی ئێران وای کردوە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەمتر ئاوڕ لە پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێران وەک پرسی مافی مرۆڤو ئازادییەکانی دیکەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بداتەوە.

شایانی باسە ئاڵوگۆڕەکان لە ئێرانوکوردستان دوای هاتنەسەر کاری حەسەن ڕووحانی، خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانە، هەوڵەکان بۆ یەکبوونەوەی دێموکراتەکانو دانوستان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتو پێویستیی ئەو یەکبوونەو باس لە هۆکارەکانی لێکترازانو نەبوونی هاوپێوەندیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی ئەو وتووێژە تەلەڤزیۆنی‌یەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کاناڵی ئاسمانییNRT بوو.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشەدا جەختی کردەوە کە بەرپرسایەتیی لێکترازانەکان، نەحاوانەوەو ئاڵۆزییەکان لە نێو هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆی هەموو لایەنەکانەو هەر بە هەست بە بەرپرسایەتیی هەموو لایەکیش دەکرێ ئەو واقعە بگۆڕدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریویری ٢٠١٤

# خالید عەزیزی بۆ ڕووداو: کۆمەڵگای جیهانی کێشەی کوردو مافی مرۆڤی لە ئێران لەبیر کردوە




کاک خالید عەزیزی دەڵێ سەرقاڵبوونی وڵاتانی رۆژئاوا بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە وای کردووە کێشە گرینگەکانی دیکەی ئێران وەک مافی مرۆڤو سەرکوتکردنی کورد لەو وڵاتە لەبیر بکرێ.

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ تۆڕی میدیایی ڕووداودا دەڵێ ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سیاسەتەکانیاندا لە بەرامبەر ئێران، سەرنجەکانیان بە تەنیا تەرکیز لە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتە کۆبکەنەوە، ئەوا ڕەنگە لەو سیاسەتەیاندا سەرکەوتوو نەبن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕوو بە وڵاتانی ڕۆژئاوادا دەڵێ پێویستە لە دانوستانەکانتاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی باس لە دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ بکەنو دەبێت ڕێژیمی ئێران بەرپرسیار بکرێ لەبەرامبەر خەڵکەکەیو پێویستە سەرنج بدرێتە مافی کوردو پێشێلکردنی مافی کورد لە ئێران.

تۆری میدیایی ڕووداو بە ئاماژە بە دیدارو چاوپێکەوتنی کاک خالید عەزیزی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی دانیمارک دەڵێ کە پاش ئەو دیدارە هۆڵگەر نیڵسن کە تا سەرەتای ئەمساڵ وەزیری دەرەوەی دانیمارک بوو، بەڵێنی دا سەرنجی زیاتر بدەنە بارودۆخی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان، بەڵام جەختی کردەوە کە ناتوانرێ بەراورد بکرێ لە نێوان گرنگیی بەرەنگاربوونەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانو چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە.

نیڵسن بە"ڕووداو"ی گوتوە 'زۆر جێگەی مەترسی دەبێ ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، بەڵام لەهەمان کاتدا

پێویستە بەردەوام بین لە رەخنەکانمان لەسەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا".

ئەو راپۆرتەی رووداو تیشکی خستۆتە سەر بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانو چۆنیەتیی کارو تێکۆشانی حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی.

لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە قسەکانی کاک خالید عەزیزی لەبارەی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی کردوەو نوسیویەتی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات دەڵێ هەندێک دەنگ لە نێو حیزبی دێموکرات داوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری دەکەن، بەڵام لە ئێستادا پێمان وایە کە دەبێ کێشەی سیاسیو نەتەوەیی لە رێگەی دیالۆگو ئاشتییەوە چارەسەر بکرێ. حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا نیزیک بە دوو دەیە ئەزموونی خەباتی چەکداریی هەیە، بەڵام ئەوە وەڵامی کێشەکانمان نەبوو. خەباتی چەکداری تەنیا بیانوو بە ئێران دەدا وەک گرووپی توندوتیژ پێناسەمان بکاو کوردستان لەوە زیاتر بە ئەمنیەتی بکا.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٦ی مەی ٢٠١٤

## خالید عەزیزی بۆ ڕووداو: دەبێ سەربەخۆیی کوردستان وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ، نەک وەک مەترسیو هەڕەشە




**کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان قانوونی، بەجێو زۆر گرینگو مێژوویی دەبێو دەبێ وابکرێ سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن وڵاتانی دراوسێو وڵاتانی زلهێزی بڕیاردەرەوە وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ، نەک وەک مەترسیو هەڕەشە.**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەشداری بەرنامەی "ڕووداوی ئەمڕۆ"ی کەناڵی ئاسمانیی " ڕووداو" ی کردبوو، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕاپرسیو دواتر دروستکردنی کیانی سیاسیی خۆیان ڕاشکاوانە هەڵوێستەکانیان بۆ ئێران ئاشکرا بکەنو بە ڕوونی بڵێن کە نابێ ئەو بابەتە وەک هەڕەشەو مەترسییەک بۆ سەر خۆیان هەست پێ بکەن.**

**کاک خالید عەزیزی باسی ئەوەی کرد کە بەپێی ئەزموونی ١٠ ساڵ پێوەندیی باشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تارانو بوونی جۆرەها بەرژەوەندیی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا پێشبینیی ئەوە ناکرێ کە هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت واقعی نوێی هەرێمی کوردستان بە یەکجاری دژو توند لەدژی ئەو پرۆسەیە بێ. بە تایبەت کە تەجرەبەی دامەزرانی وڵاتی ئازەربایجان لە دراوسێیەتی ئێرانمان هەیە کە لەگەڵ ئەوەیدا بەشێکی یەکجار زۆر لە خەڵکی ئێران ئازەرین، بەڵام ئێران پێوەندیی باشی لەگەڵ وڵاتی ئازەربایجان هەیە.**

**بەڕێزیان گوتی ئێمە وەک حیزبی دێموکراتو حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ لەسەر ئەوە کار بکەین کە ئەو**

بابەتە بخەینە نێو کۆمەڵگاو بیروڕای گشتیی ئێرانییەکان کە ئەوەی لە عێراق ڕوو دەدا بەرهەمی سەرەڕۆیی‌و حاشا کردن لە پرسی نەتەوەکانەو حکومەتی هەرێمی کوردستان ١٠ ساڵە هەوڵ دەدا بەهەموو شێوەیەک ڕۆڵی ئەرێنی لە بنیاتنانەوەی عێراقی نوێدا بگێڕێ، بەڵام ئەوەی عێراق نەیتوانی لە سەر ئەساسی ڕێزگرتن لە جۆراوجۆریی نەتەوەکان‌و ئایینزاکان یەکگرتوو بێ، دەتوانێ نموونەو ئەزموونێکی باشیش بۆ ئێرانی داهاتوو بێ.

کاک خالید عەزیزی تیشکی خستەسەر ئەوەی کە ئێستاش لە واشنگتۆن‌و وڵاتانی دیکە بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا کە کورد بۆتە فاکتەرێکی سەرەکیی ئەو ناوچەیە، لۆبیی کوردی باشووری کوردستان لە دنیای دەرەوە کاری باشی کردوە، بەڵام دەبێ ڕوانگەو بە ئەمنیەتی چاولێکردنی ئەمریکا لە پرسی کورد بگۆڕدرێ‌و وابکا کە دنیای دەرەوە بە چاوی دەرفەت چاو لە هەرێمی کوردستان بکەن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر کورد لەنێو ماڵی خۆیدا یەکڕیزو تەبا بێ‌و گوتاری هەرێمی کوردستان، گوتاری گشتیی کورد لە باشووری کوردستان بێ، ئەوکات دنیای دەرەوەش دان بەو واقعە دادەنێ‌و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خۆیان مامەڵە لەگەڵ دۆخە نوێیەکەدا دەکەن.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بە کاردانەوەی کاربەدەستانی ئێران لە ئێستادا بە دۆخی نوێ لە باشووری کوردستان تیشکی خستەسەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا پێی باشە عێراق بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ کەوانەی شیعە لە ئێران، عێراق، سووریەو لوبنان بە لێکبەسراوەیی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەوەی بۆ جێبەجێ نەبێ، بەپێی بەرژەوەندییەکانی دێ‌و خۆی لەگەڵ واقعی نوێ دەگونجێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٤

# وتووێژی ڕێزدار خالید عەزیزی لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵیدا



### خالید عەزیزی: لە نێوخۆماندا قسە لەسەر دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کراوە

کاک خالید عەزیزی دەڵێ ئاسمانی عێراق بەدەستی ئەمریکاو خاکەکەشی بەدەستی ئێرانەوەیەو، ئێران هەوڵ دەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی قازانج لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی هەرێم وەربگرێ.

کاک خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ ئاژانسی ئانادۆڵیدا لەبارەی دروستبوونی ڕەوتی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ لە ئێراندا ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو شەڕی بەسەر کورددا سەپاندوە، حزبی دیموکراتیش بەرگریی لە خۆی و خەڵکەکەی کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەبارەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی حیزبەکانی بەرهەڵستکاری ڕێژیمی ئێران دەڵێ:" ئێمە لە سەردەمێک داینکە هەم پێشمەرگەی چەکدارمان هەیە، هەم هەزاران ئەندامو لایەنگرمان لە نێو خۆی وڵات چەکدارن، لە راستیشدا چۆنیەتیی دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کە بتوانیین جوڵانەوەیەکی جەماوەری ڕێکخراو دروست بکەین، لەنێوخۆماندا قسەی لەسەرە، بەڵام هێشتا بریارمان نەداوە خەباتی چەکداری وەکو پێشتر دەست پێبکەینەوە.

کاک خالید عەزیزی ئەو قسانەش ڕەتدەکاتەوە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەباتی چەکداریی بەیەکجاری راگرتبێ‌و، لەو بارەیەوە بۆ ئاژانسی ئانادۆڵ دەڵێ:" بەهیچ شێوەیەک خەباتی چەکدارییمان لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕەها

ڕانەگرتووە، بەڵام شێوازەکەمان گۆڕیوەو

لە ئێستادا تەنینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە سوپای پاسداران و بەسیج و ئیتیلاعاتو جاش وایکردووە، کە پێشوازیی خەڵک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران زیاتر بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ لەگەڵ هەموو ئەو قسانەشدا ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێگە بۆ خەباتی مەدەنی برەخسێنێو ڕێگە بە کاری بدا، ئەوان ناچار بە چەک هەڵگرتن نین. ئەو بە ڕەخنە لە حەسەن ڕوحانیش کە بە دروشمی گۆڕان هاتە سەر کار، دەڵێ لە هەڵبژاردنەکاندا ڕۆوحانی هەندێ پەیامی دا، بەڵام بەداخەوە بەدوایاندا نەچوو، وەکوو خوێندن بە زمانی کوردیو ئاوڕدانەوە بە هەندێ لە مادده قانونییەکان بۆ ئازادیی حیزبەکانو هەندێ کرانەوەی سیاسی، بەڵام پشتی لەو وادەو بەڵێنانە کرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وتووێژەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بۆ هەر گۆڕانکارییەک ئامادەن کە لە ئێراندا ڕوو بداو لە ئەگەری هەر گۆرانکارییەک هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی کوردییەکانی ئێران دەدەن.

کاک خالید عەزیزی لەبارەی تێڕوانینو هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی ئێران لەبارەی کێشەی کوردو چارەسەرکردنی دەڵێ لەو باوەڕە داین کە سەیر نییە پەیوەندیی ئێران لەگەڵ حیزبی کوردی پارچەکانی دیکە باش بێ، بەڵام ڕەفتاری لەگەڵ کوردو حیزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات زۆر خراپ و دڕندایەیەو لەسەر بنچینەی سەرکوتکردنو حاشاکردن لە مافەکانی خەڵکەو ئێران سوودی لەهەموو فاکتەرەکان بۆ پەراوێزخستنی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات وەرگرتوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٤

## بەڕێز خالید عەزیزی لە بەرنامەی " لەگەڵ ڕووداوەکاندا"



**خالید عەزیزی: ئێران لە پێناو ئەمنیەتی خۆیدا پەرە بە نائەمنی لە دەورووبەری خۆی دەدا**

کاک خالید عەزیزی لە بەرنامەی " لەگەڵ ڕووداوەکاندا" تیشکی خستە سەر خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانو کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر خۆی.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە خۆی لەگەڵ زۆر قەیرانی سیاسی، ئەمنیەتیو کۆمەڵایەتی بەرەوڕوویە، ستراتیژیی ئێران ئەوەیە بە دروستکردنی نائەمنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی لەو ناوچانەی کە شیعەی لێیە، لە فاکتۆری شیعەگەری کەلک وەردەگرێو بە دروستکردنی نائەمنی دەیەوێ ئەمنییەت بۆ خۆی دروست بکاو لە مودیرییەتی قەیرانەکاندا دەستی بالای هەبێ.

کاک خالید عەزیزی لە وتووێژەدا بە ئاماژە بە کێشەی مێژوویی شیعەو سوننی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو لەبەر یەکڕاوەستانی داعشو کۆماری ئیسلامیی ئێرانو داهاتووی ئەو ململانێیە، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ڕاستە ئێران بە حکومەتی ئیسلامیی شیعە پێناسە دەکرێ، بەڵام لە سیاسەتی ناوچەییدا پڕاگماتیستەو بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دەگەڕێنو لە جانەی بەرژەوندییەکانی خۆیاندا بۆیان گرینگ نییە گرووپە ئیسلامییەکانی ناوچە چۆنو چین؛ لە هەر جێیان کە پێیان وابێ بەرژەوندییان لەگەڵیان دێتەوە، هەوڵ دەدەن لەگەڵیان پێک بێنو بە جۆرێک هیدایەتیان بکەن کە لە درێژخایەندا بەرژەوەندییەکانی خۆیان پارێزراو بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو وتووێژەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی لە ئێستادا داعش مەترسییەکی جیددی بۆ سەر ئێران نییە، چونکی لە سەر ئەساسی دژایەتی لەگەڵ ئێران دروست نەبووە، لە ناوچەیەک وەک عێراقو سووریە دروست بووە کە دەوڵەتی بەهێزی ناوەندیی تێدا نییە، لە بەر ئەوەش کە ستراتیژیی ئێران پاراستنی دوو دەسەڵاتی شیعەی بەغدا لە عێراقو عەلەویی بەشار ئەسەد لە سووریەیە، دەکرێ بڵێین کە بەرژەوەندیی ئێران ناڕاستەوخۆ لە مەترسی دایەو ئەوە لە داهاتوودا ڕوون دەبێتەوە کە ئایا مەترسی بۆ سنوورەکانی ئێران دروست دەبێ یان نا، بەڵام بە هۆی سەقامگیریی سیاسیی لە تورکیەو ڕۆڵی کاریگەری ئەو ناوچەیە لە ڕووداوەکانی ناوچەدا، گومان ناکەم وازوو داعش وەک مەترسییەک بۆ ئەو وڵاتە بێتە ئاراوە.

کاک خالید عەزیزی دەڵێ دۆخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراستو دابەشبوونی بەسەر ٤ وڵاتداو بە سەر دوو ئایینزای شیعەو سووننیدا وادکا کە بیەوێ یان نەیەوێ لەو کێشەو ململانێیەدا خۆی ببینێتەوە، بەڵام پێویستە بە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانو پێشهاتەکان بکا کە وەک نەتەوە تێیدا زەرەرمەند نەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کوردستان لە وەڵامی بەڵێن ساڵح لەسەر دابەشبوونی کورد لە عێراق بە سەر دووبەرەی شیعەو سوونە گوتی ئێمە داوا لە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دێموکراتی کوردستان وەک دوو دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستان سیاسییانەو بە وردی بۆ ئەو بابەتە بچن، ئێمە وەک کورد بەشێک لە کێشەی شیعەو سوونە نین لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو ئێمە وەک حیزبی دێموکراتو پارتیو یەکیەتیی و پ ک ک نابێ بەشێک بین لەو کێشەیەو؛ ئەوەندەی بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانمان لەگەڵ تاران، دەمیشق یان ئانکاراو وڵاتی دیکە دەگەڕێتەوە، ئەو پێوەندییانە سیاسینو مادام لە ڕەهەندی سیاسییەوە چاو لەو پێوەندیو عیلاقاتانە دەکەین، ئەوانەی قەواعیدی گەمەی تایبەت بە خۆیان هەیەو هیوادارم ئەو گەمە کردنانە جیا لە بەرژەوەندییە حیزبییەکان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بچێتە پێشی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی " افق"ی دەنگی ئەمریکادا



**خالید عەزیزی: تورکیە دەبێ بزانێ کە کوردەکان بۆ ئەو دەرفەتەن، بەڵام داعش مەترسیو هەڕەشەن**

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی " افق"ی دەنگی ئەمریکادا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ناکۆکییەکانی ئێرانی شیعەو تورکیەی سوونیو ململانێی هێزو دەسەڵاتی ناوچەیی ئەو دوو وڵاتە وایکردوە سووریە ببێتە گۆڕەپانی شەڕی ئەو دوو وڵاتە. بۆیەش کوبانی خاڵی تێکگیرانی بەرژەوەندییەکانی ئێرانو تورکیەیە کە بەهۆی ئەو ناتەباییە کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی داعشەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بەرنامەیەدا ڕەخنەی لەو پاساوەی تورکیە بۆ خۆدزینەوە لە شەڕی داعش گرت کە دەڵێ پەیەگە هەر هەمان پەکەکە یە، بۆیە نامانەوێ شەڕی داعش بۆ یارمەتیدانی پەکەکە بکەین؛ کاک خالید عەزیزی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەو قەیرانو نائەمنییە درێژەی دەبێو لە بەردەوامیی خۆیدا بە زیانی تورکیەش دەشکێتەوە. بە تایبەت ئەگەر بەڕاستی ستراتیژیی تورکیە ئەوە بێ کە بیەوێ پرسی کورد لە وڵاتەکەیدا چارەسەر بکا، ئەوا دەبێ ئەوە بسەلمێنێ کە حیزبە کوردییەکانو پەکەکە بەشێک لەو پرسەنو حاشا کردن لەو بابەتە دەتوانێ زیانی زۆر لە خودی تورکیەو دەسەڵاتەکەی بدا.

کاک خالید عەزیزی ئەوەشی روون کردەوە کە تورکیە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتە سووننینو ئەو ناوچانە بەستێنێکی لەبار بۆ پەرەسەندنی بیری توندرەویی ئایینین، دەبێ مەترسییەکانی داعش زۆر بە هیند وەربگرێو پێشوازی لە سیاسەتی ئاشتییانە، مەدەنیو دێموکڕاتیکی کورد لە باکوورو خۆراوای کوردستان بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان جەختی کردەوە کە دەوڵەتی تورکیە دەبێ بزانێ کوردەکانو شێوەی تێروانینو سیاسەتی کورد بۆ ئەو وڵاتە دەبێ بە چاوی دەرفەت ببیندرێ، بەڵام داعش مەترسیو هەڕەشە بۆ سەر ئەو وڵاتەن.

کاک خالید عەزیزی لەو وتووێژەدا تیشکی خستەسەر ئەو بەرژەوەندییانەی ئێران لە قوڵبوونەوەی قەیران لە ناوچەکەدا دەستی دەکەوێو وەک چۆن لە تووشکردنی کورد بە شەری داعش ڕۆڵی زۆر کاریگەری بینیو بە تێوەگلاندنی کورد لە هەرێمی کوردستانو کوبانی لە شەڕی داعش سەرنجی ئەو گرووپەی لە گرتنی بەغدا دوور خستەوە، دەیەوێ لە چارەسەری قەیرانەکەشدا وەک فاکتەرێک دەربکەوێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وتووێژەدا بە ئاماژە بەوەی شەڕو خەباتی چەکداری ناتوانێ خۆی لە خۆیدا پرسی کوردو ناکۆکییەکان لە نێوان کوردو ناوەند لە تاران چارەسەر بکا، پێی لە سەر پێویستیی وتووێژو چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد داگرتەوەو هۆکاری ڕووتێکردنی حیزبی دێموکرات لە چەک بۆ بەرگری کردن لە خۆی بۆ ستەمی نەتەوایەتیو سیاسەتی سەرکوتو کوشتاری کورد لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە گەڕاندەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

# لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆ دا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو،




## بەڕێز خالید عەزیزی، تیشک دەخاتە سەر ئامانجی سەردانەکەی بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا

چەند خاڵێک لە وتوویژەکەی ئەمشەوی کاک خالید لەگەڵ " ڕووداو"دا:

• هەر کەس بڵێ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان شۆڕش نەماوە هەڵەی کردووە هیچ کوردێک نابێ شتی وابڵێ. چونکی مێژووی کورد هەورازو نشێوی زۆری تێدا بووە.

شۆڕش و خەبات و تێکۆشان لە پێناو ئازادیو مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەردەوامە.

• بە کاربەدەستانی ئەمریکامان گوتوە کە واشنگتۆن دەبێ تێبکۆشی پشتیوانی لە کوردو بەرگریی کورد بە تایبەت لەبەرامبەر هێرشەکانی داعش بکاو سەرکەوتنی کورد لە هەموو بەرەکانی شەڕ لە دژی داعش دەتوانێ فاکتۆری سەرەکیی سەقامگیری سیاسی، ئەمنیەتیو ئابووری لەو ناوچەکە بێ.

• لەگەڵ کاربەدەستانی ئەمریکا باسمان لەوە کردوە کە پێمان باشە کێشەی ناوکیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی چارەسەر بێ، چونکی ڕۆژەڤبوونی ئەو قەیرانە وایکردوە زۆر کێشەو پرسی گرینگو سەرەکیی خەڵکو کۆمەڵگای ئێران بخرێتە پەراوێزەوەو کۆماری ئیسلامی کێشەی ئەتومیی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی بۆ سەرپۆشدانان لە سەر قەیرانەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێرانو یەک لەوان

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەکار هێناوەو ئەو کارتە بە دژی دێموکراسی، مافی مرۆڤو کێشەکانی دیکەی خەڵکی ئێران بەکار دێنێ.

• ئەمریکاییەکان زۆر بە وردیو سەرنجەوە بەدواداچوونیان بۆ خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو جموجۆڵەکانی ئەم دوایانەی ئەو حیزبەیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووەو میدیاکانو ناوەندەکانی هەواڵگریی ئەمریکاش زۆر بەباشی ئاگایان لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە.

• دەوڵەتی ئەمریکا و ناوەندە هەواڵگریو میدیاکانیان دەزانن کە جەوهەری ئەو خۆپیشاندانو ئاکسیۆنانە هاوپێوەندی نەتەوەیی و هێنانە بەرباسی داواکانی خۆشیان لە دەسەڵات بووە، نەک ئەوەی کۆماریب ئیسلامی دەیەویست وابنوێنێ کە خۆپیشاندانەکان بە دژی ئەمریکاو تورکیە ڕێکخراون.

• ئەمریکا بەبایەخەوە لە خۆپیشاندانەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانێو ئێمە پێمان گوتون کە ئەوانە هەنگاوێکی دیکە لە دژی کۆماری ئیسلامی بۆ دیفاع لە مافەکانی خۆیانە بۆ هێنانە بەرباسی پرسی نەتەوەیی خۆیانن. ئێمە پێمان گوتن کورد لە هەر جێیەک سەرکەوتن بە دەست بێنێ ئەوە سەرکەوتنی کورد لە هەموو جێیەکەو لە هەر شوێنێک شکست بخوا بە شکستی خۆمانی دەزانین.

• شۆڕش هەر ئەوە نییە بەرەیەکی بەربەرینی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنەکانی دیکە لە دژی کۆماری ئیسلامی بکرێتەوە، ئەدی ئەوە شۆڕش نییە خەڵک لە ئیلامەوە تا ئەو پەڕی ورمێ بە دروشمی نەتەوەییو بە ڕەنگی جۆراوجۆر دێنە سەر شەقامو، ئەوە نییە خەڵک لە نێوخۆ بە هاوکارییو بەدەنگەوە هاتنی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتکارییو لە مەیداندابوونی خۆیان پیشان دەدەن. هەر بۆیە هەتا کوردێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بمێنێ، شۆڕشو خەباتو تێکۆشان لە پێناو ئازادیو مافەکانی گەلی کورددا دەمێنێو هیوادارم هیچ حیزبو لایەنێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان چیدی قەزاوەتی ئاوا لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

# خالید عەزیزی، دەرکی وتوویژ لەگەڵ ئێران داناخەین و دەمانەوێ بیرکردنەوەی ئێرانییەکان بە نسیبەت پرسی کورد بگۆڕین




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەدوای وتووێژەکانی پێشوو لەگەڵ حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا نەچووە، بەڵام ح د ک دەرکی وتوویژ لەگەڵ ئێران داناخا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بۆ بەرنامەی " ڕووداوی ئەمڕۆ" لە تۆڕی میدیایی ڕووداو بانگهێشت کرابوو، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کاتێک ڕوونە کۆماری ئیسلامی نایەوێ بە وتووێژ پرسی کورد لەو وڵاتە چارەسەر بکا، گوتی: ڕەنگبێ کۆماری ئیسلامیی نەیەوێ عەقڵییەتی خۆی بگۆڕێ، بەڵام کورد ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەمری واقعەو ئێرانیش ناتوانێ خۆی لەو ڕاستییە بدزێتەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بە درێژایی ٣٥ ساڵی ڕابردوو هەوڵی داوە وای جێبخا کە کورد ئەهلی سازش نییە، هەر چەک دەناسێ‌و قسەو سیاسەتی هەر بە زمانی شەڕو تفەنگە، بەڵام ئێمە دەمانەوێ ئەو بیرکردنەوەیە لە نێو خەڵکانی ئێراندا بگۆڕین.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی پرسیارێکی دیکە لەبارەی هۆکارەکانی درێژەنەکێشانی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تاوانو ئۆباڵەکەی خستە لای کۆماری ئیسلامی کە نەک ئێستا لە ڕابردووشدا ئەو عەقڵییەتەی کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆڕشەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بوویەتی‌و هەیەتی نەگۆڕاوەو نەیویستوە وەک ئەمری واقع مامەڵەی لەگەڵدا بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆ وتووێژ دەکەنو بۆ شەڕ دەکەن، تیشکی

خستە سەر ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا لەشەڕ دابووینو بی ئەوەی کێشەکەمان چارەسەر بێ، شەڕمان راگرتوە، بەڵام هیچ ئاگربەستێک لە نێوان ئێمەو ئێران لە ئارادا نییەو شەڕی ئێمەش بۆ بەرگری لە خۆمان بووەو دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان بەوەیە کە ڕێگاچارەی سەرەکیی چارەسەری پرسی کورد لە ئێران وتووێژو دیالۆگە، بە تایبەت ئەوەی کە ڕەوتی ڕووداوەکان لە ناوچە دوورە دیمەنی قورساییەکی زیاتر بۆ پرسی کورد لە ئێران پیشان دەدا.

کاک خالید عەزیزی لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەی "ڕووداو"دا لەبارەی سەفەر بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گوتی لە وتووێژەکانماندا باس لە پرسی کورد بە گشتیو پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی کراوە. لەو وتووێژانەدا بە ئەمریکامان گوتوە کە دەبێ لە پشتی کورد بێو کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەتوانێ یارمەتیی سەرەکیی کۆمەڵگای جیهانی بۆ سەقامگیری سیاسی لەو ناوچەیە بدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا لەبارەی داوای ئەمریکا بۆ شەڕ یان دانوستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی جەختی کردەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سیاسەت کردندا بە تەواوی سەربەخۆیەو لەسەر ئەساسی خوێندنەوەو بەرژەوەندیی خۆی سەربەخۆیانە بڕیاری خۆی دەدا.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەو وتووێژەدا لەبارەی پرسی یەکگرتنەوەی هەر دوولای دێموکرات باسی ئەوەی کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵ دەدا درێژە بە کۆبوونەوەو وتووێژەکان بۆ ساغبوونەوەو دۆزینەوە میکانیزمەکان بۆ یەکگرتنەوە بدا، بەڵام ئەو هەوڵانە تا ئێستا سەرکەوتوو نەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی نۆڤێمبەری ٢٠١٤

## خالید عەزیزی: بەرپرسایەتیی نائارامییەکانی کوردستان لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامییە (NRT)



خالید عەزیزی گوتی ئەگەر ناوەندە ئەمنیەتیو نیزامییەکانی رێژیم دەرفەتو بواری نارەزایەتی دەربڕینی مەدەنییان بە خەڵکی مەهاباد لەسەر ئەو ڕووداوە دابا، ئەو پشێویو نائارامییەی ئێستا لە کوردستان دروست نەدەبوو، ئەو هۆتێلەش نەدەسووتا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئاوێتەبوونی تووڕەیی خەڵک لە پەرشو بڵاویی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نارەزایەتییەکانی چەند رۆژی ڕابردووی کوردستان گوتی: ئێمە بە دڵێکی ئاوەڵا رەخنەی ئەوانمان وەرگرتوە، بەڵام ئێمە وەک خۆمان بە هەموو تواناوە لە هەوڵی ئەوەداین بتوانین لە سەر تەوەری گوتارێکی هاوبەش لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی رۆهەڵاتی کوردستان هاوپێوەندییەک دروست بکەین کە لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵکی کوردستاندا بێ.

خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستانو لە وەڵامدانەوە بەو بانگەشانەی باس لەوە دەکەن حیزبی دێموکڕات لەبەر حیزبە سەرەکییەکانی باشووری کوردستان دەستی خۆی بەستووەو سەربەخۆیی خۆی نەپاراستوە، تیشکی خستە سەر ئەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو کاتەدا کە رێژیمی بەعس لە عێراق لەسەر کار بووەو شەڕی ئێرانو عێراق لە گۆڕێدا بووەو حیزبی دێموکرات پێوەندیی زۆری نە ئەو حیزبەش بووە، لەو کاتەدا کە پاراستنی سەربەخۆیی هونەر بوو، لەو مەیدانە سەربەرز هاتۆتە دەرێو لە ئێستاشدا کە لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی شەرعیی کوردی لەسەر کارەو پارلمان و حکومەت هەڵبژێردراوی ئیرادەی کورد لە باشووری کوردستانن، پاراستنی ئەو دەسکەوتە نەتەوەییە بە هەست بە بەرپرسایەتیی سیاسیی دادەنێین نەک شتی دیکە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ئیدیعایەدا کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژەڤی ئێستای کوردستاندا ڕۆڵی ئەوتۆیان نەماوە، بە توندی بەرپەرچی ئەو ئیدیعایەی داوەو گوتی تەنانەت کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیش کە بە چاوێکی تەواو ئەمنیەتییەوە سەیری پرسی کورد دەکەن کاتێک لەو بارەیەوە دێنە قسەو مەسەلەن لە پاڕلمانی ئێراندا باس لە وتووێژ دەکرێ دەڵێن لەگەڵ حیزبی دێموکراتو کۆمەڵەدا وتووێژمان بووە. یان ئێستا کە نائارامییەکان لە کوردستان پەرەیان ئەستاندوە بەرپرسایەتیی ئەو کارە دەخەنە ئەستۆی ئێمەو دەڵێن ئەوە بەرنامەی حیزبی دێموکڕاتو کۆمەڵە بووەو دەڵێن میدیای ئەو حیزبانە وەک هاندەرو دنەدەری خەڵک لەو ڕووداوانەدا ڕۆڵیان هەیە.

خالید عەزیزی هەر لەو پێوەندییەدا گوتی ئێستا کە لە نێو خۆماندا و هیندێ کەس قەبووڵی ئەوە ناکەن کە ئێمە و حیزبەکانی دێموکڕات و کۆمەڵە بە شێوازی جۆراوجۆر ڕایەڵە و پێوەندییەکی بەربەرینیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک هەیە، لانیکەم دوژمنەکەی ئێمە و ئەوەی ئێمە کێشەی لەگەڵ دەکەین خۆ ئەو ئێعتراف بەوە دەکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتی کوردستان خۆڵەمێشی بن ئاگرەو لە کڵپەدا دەسووتێ. ئەگەر ناوندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی چەکی سەرکوتو ئەو کەشە ئەمنیەتییە لەسەر خەڵکی کوردستان لابەن دەردەکەوێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەو ڕێژیمە دەڕژێنە سەر شەقامەکان. چونکی ڕووداوەکی مەهابادو ئەوەی لە هۆتێل تارا ڕووی دا بیانوویەکە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان کوڵو کۆی بەنیسبەت کۆماری ئیسلامی هەڵڕێژێو ئەو پەیامە بە کۆماری ئیسلامی بدەن کە ناتوانن ویستو داوای ئەو خەڵکە نەبینن‌و ئەوەندەی دیکە سووکایەتییان پێ بکەن.

خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران گوتی پرسی کورد چ لە کوردستانو چ لە ناوچەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بە هیچ شێوەیەک حاشا لە پرسی کورد بکاو ئەگەر هەست بە بەرپرسایەتی دەکا دەبێ دەرگای وتووێژو دیالۆگ لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بکاتەوە. بۆ کاتێک باسی کێشەو نائارامی دێتە گۆڕێ ناوی حیزبی دێموکڕاتو کۆمەڵە دێنێ، ئەدی بۆ لە پرسی چارەسەریدا خۆی لێ لادەدا؟

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆتاییدا گوتی نە حیزبی دێموکراتو نە خەڵکی کوردستان نایانەوی بە توندو تیژیو سووتانو کوشتوبڕ داواکانیان بێننە گۆڕێ، بەڵام ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە بە ڕوانینی ئەمنیەتی سەیری ئەو داخوازییانە دەکاو بەرپرسایەتیی هەموو ئەو نائارامییانەش لە ئەستۆی ڕێژیمە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی مەی ٢٠١٥**

## خالید عەزیزی: خەباتو بەرگریی چەکداری بە مافی بێ ئەملاو ئەولای خۆمانی دەزانین




**خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ بە مافی خۆمانی دەزانین بە هەموو ڕێگایەک، چ نیزامی، چ مەدەنی، چ جموجۆڵی تەشکیلاتی کۆماری ئیسلامی ناچار بکەین ئاوڕ لە مافی نەتەوەیی کورد بداتەوە.**

**خالید عەزیزی لە وتووێژ لەگەڵ دەنگی ئەمریکادا لە پێوەندی لەگەڵ جموجۆڵی هاوینی ڕابردووی هێزەکانی پێشمەرگەو دەسکەوتی حیزب لەو تێکۆشانە گوتی، ئێمە بە هۆی هەندێ مەبەست ڕاستەوخۆ هەڵمان نەکوتاوەتە سەر هیچ بنکەو مۆڵگەو هێزێکی ڕێژیم لە ناوچە، بەڵکوو بەرگریمان لە خۆمان کردوەو دەسکەت لەو نێوەشدا ئەو بەرگرییەیە کە دەیان ساڵە خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دەیکەن.**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا بە ئاماژە بە وتووێژی حیزب لەگەڵ شووڕای ئەمنیەتی میلیی ئێران لە دوو ساڵی ڕابردوودا گوتی ئێمە بە ڕاشکاوی بە شاندی کۆماری ئیسلامیمان گوتوە کە تەنیا دانوستانو وتووێژ دەتوانێ چارەسەری پرسی کورد لە ئێران بێ، هەموو مێتۆدێکی خەبات، وەک خەباتی مەدەنی، ڕێکخراوەیی، خەباتی چەکداریو بەرگریی چەکداریش بۆ خۆمان بە ڕەوا دەزانین تا بە گرتنەبەری ئەو شێوازە خەباتانە کۆماری ئیسلامی بە قەناعەت بگەیەنین ئاوڕ لە کێشەی کورد لە ئێران بداتەوە.**

**خالید عەزیزی گوتی ئێمە بە کۆماری ئیسلامیمان گوتوە کە ئەگەر حاکمییەت ڕێگە بدا لە کوردستان حیزبێکی نەتەوەیی دەرەتانی چالاکیو تێکۆشانی هەبێو بوار بۆ هێنانەگۆڕێی پرسی کوردی پێبدرێ، هیچ پێویست ناکا چەکو شەڕی چەکداری بێتە گۆڕێ.**

**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە خەباتی مەدەنیو بەرگریی چەکداریو توندو تیژ لە دژی یەک پێناسە ناکرێن، ئێمە باوەڕمان بە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگای وتووێژو بە ئاقاری مەدەنیدا هەیە، بەڵام ئەگەر گوێمان لێ نەگرن ناچارین مێتۆدەکانی توندو تیژی بەرگریی چەکداریش بگرینە بەرو لەوانەیە لە داهاتوودا زیاتر پەرەی پێبدەین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی مەی ٢٠١٥**

# خالید عەزیزی بۆ ئەلجەزیرە: بۆ ئێران ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ




خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی ئەلجەزیرەدا بەرگریی لە خۆپیشاندانەکەی خەڵکی مەهابادو سەردەشت کردو گوتی هەموو هەوڵی ناوەندە ئەمنیەتییەکان ئەوەیە لە ڕێگەی سەرکوتەوە نەهێڵن ئەو خۆپیشاندانو ڕاپەڕینانە پەرە بستێنن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وتووێژەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان دەکاو جیا لە هێزە چەکدارە هەمیشە جێگیرەکانی خۆی لە کوردستان؛ لەو ماوەیەدا هێزێکی زۆری دیکەی سەرکوتی لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە خزاندۆتە کوردستانو دەیەوێ لەئەگەری هەر ڕاپەڕینێکدا بەکاریان بێنێ.

خالید عەزیزی لە وەڵامی هۆکارەکانی بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە کوردستان باسی ئەوەی کرد کە هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی نیزامی سیاسیی وڵات نەیویستوە گوێ بۆ داوای کورد بگرێ، هەر بۆیە شەڕێکی ناحەقو ناڕەوای بەسەر کورددا سەپاندوە کە تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان وایکردوە بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتیی کوردستان زۆر لە پاش ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بێ، نیزامی سیاسیی ئێران بە چاوی غەیرەخودی لە کورد دەڕوانێو کوردەکانیش هیچ متمانەیەکیان بە دەسەڵات نییەو هەر بۆیە هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێ ڕووداوی لە چەشنی ئەوەی لە مەهاباد ڕووی دا لە هەر شوێنێکی کوردستان ڕوو بدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی ئەم ڕووداوانە ئەو دەرفەتە بە کوردەکان، وەک نەتەوەیەکی جیاواز لە ئێران دەدا کە دژی سیاسەتی جیاوازیدانان کە ڕێژیم بەسەر کوردستاندا زاڵی کردوە دەنگ هەڵبڕن، ڕێژیمیش

هەوڵ دەدا نەیەڵێ ئەو نارەزایەتیانە ناوچەکانی کوردستان هەمووی بگرێتەوە، بەڵام خەڵکی کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژیان لە خەبات دژی کۆماری ئیسلامی هەیەو بۆ ئێران ئەوەندە ئاسان نییە هەیمەنەی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێ.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی مای ٢٠١٥**

# وتووێژی چوار ڕۆژنامەی عەرەبیی " القبس"، " المستقبل"، " الحوار المتمدن" و "بەیروت" لەگەڵ خالید عەزیزی



خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ چوار ڕۆژنامەی عەرەبیی " القبس"، " المستقبل"، " الحوار المتمدن" و "بەیروت" پێی لەسەر ئەوە داگرتوە کە کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە وڵاتانی یەمەن، سووریە، عێراقو لوبنان قەیرانەکانی خۆی دادەپۆشێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی عەرەبیی "بەیروت"دا بە ئاماژە بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆریسمی نێودەوڵەتی دەڵێ حیزبوڵڵای لوبنان کە لەلایەن ئێرانەوە دابینو پۆشتە دەکرێ، دوکتور شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو ڕەفیق حەریری، سەرۆک وەزیرانی پێشووی لوبنانی تێرۆر کردو بەو تێرۆرە سیاسییانە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی بردۆتە پێش.

خالید عەزیزی لەو وتووێژانەدا کە لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەو بڵاڤۆکانە کردوونی، تیشکی خستۆتەسەر سیاسەتی ئێران بۆ نانەوەی ئاژاوەی مەزهەبی لە وڵاتانی دراوسێیو دەڵێ کۆماری ئیسلامی بە نانەوەی کێشەو قەیران لە وڵاتانی دراوسێیدا، قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆی دیزەبەدەرخۆنە دەکا.

ئەو ڕۆژنامانە هەموو بە بایەخەوە بۆ سەرهەڵدانی خەڵکی مەهابادو کاردانەوەیان بە مەرگی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی یان ڕوانیوە. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بارەیەوە ڕوونی کردۆتەوە کە کۆماری ئیسلامی بە چاوی ئەمنیەتییەوە سەیری کوردستان دەکاو تا ئێستا نەیویستوە گوێ بۆ داوای کورد بگرێ، هەر بۆیە شەڕێکی ناحەقو ناڕەوای بەسەر کورددا سەپاندوە کە تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە کردوە کە سیاسەتی بە ئەمنیەتی کردنی کوردستان وایکردوە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان زۆر لە پاش ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە بێ، نیزامی سیاسیی ئێران بە چاوی غەیرەخودی لە کورد دەڕوانێ و کوردەکانیش هیچ متمانەیەکیان بە دەسەڵات نییە.

بابەتێکی دیکەی باسەکانی ئەو ڕاپۆرتو وتووێژانە ڕۆڵی ئێران لە هاوکێشە ناوچەییەکان دابووە.

کاک خالید لەو پێوەندییەدا بە پیداگری لە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی عەرەبی دراوسێی دەڵێ کۆماری ئیسلامی بە دەستێوەردان لە وڵاتانی یەمەن، سووریە، عێراقو لوبنان قەیرانەکانی خۆی دادەپۆشێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ جموجۆڵی نیزامیی ئەو ماوەیەی حیزبی دێموکرات لە ناوچە سنوورییەکان دەڵێ تێکۆشان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و هاتوچۆی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی بۆ ئەو سنوورانە، مافی بێ ئەملاوئەولای حیزبی ئێمەو هەر کام لە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئێمە هەر وەک لە ساڵانی ڕابردوودا، هەوڵمان داوە لە نیوخۆی ڕۆژهەڵات حوزوورمان هەبێو، لەمەوبەدوا تێدەکۆشین زیاتریش حوزوورمان هەبێ.

خالید عەزیزی دەڵێ ئێران خۆی خزاندۆتە نێو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەوەش کێشەی زۆری بۆخۆیو دراوسێکانی دروست کردوە. حزووری ئێمەش زیاتر بۆ ئەوەیە سەرنجی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ لای پرسی کورد بۆ ئاوڕدانەوە لەو کێشەیە ڕابکێشینو لە پێناو مافە ڕەواکانی خەڵکەکەماندا تێبکۆشین. ئەگەر قسە لە نائارامیش بێ، ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە خۆی بوار بۆ ئەو نائارامییە خۆش دەکاو بەرپرسایەتیی هەموو ئەو پێشهاتانە لە ئەستۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: مافی خۆمانە لە هەموو ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا حزوورمان هەبێ




خالید عەزیزی لە کاردانەوە بە قسەکانی عەلی شەمخانی، سکرتێری شورای ئەمنیەتی بەرزی ئێران لەبارەی جێگیربوونی هێزەکانی حیزبی دێموکڕات لە ناوچە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ ئەمە یەکمجار نییە کە هێزەکانی حیزبی دێموکڕات لە نیزیک سنوورەکان جێگیر دەبن، ئەو ڕەوتە لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام درێژەی بووەو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە نێوخۆی وڵاتیش هەڵسووڕانو جموجۆلیان بووەو مەبەست لەوەش تێکەڵاویی زیاتری هێزەکانی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵک بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ڕووداو" پێی لەسەر ئەوە داگرت کە هەڵسووڕانی هێزەکانی حێزبی دێموکڕات لە نێوخۆی وڵات بۆ شەڕو تێکهەڵچوون نییە، بەڵام ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین کە لە ناوچە سنوورییەکانو لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حزووری بەرچاومان هەبێو ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر، بەرگری لە زۆمان بکەین.

خالید عەزیزی گوتی ئەوە مافی خۆمانە لە هەموو ناوچە سنوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان حزوورمان هەبێ، بەڵام ئەو حزوورە تەنیا بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامییە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەڵێن ئێران دورگەی ئارامی ناوچەکەیە، گوتی دەمێکە ئێران دورگەی ئارام نییەو ئەو وڵاتە خۆی خزاندۆتە نێو کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەوەش کێشەی زۆری بۆخۆیو دراوسێکانی دروست کردوە. حزووری ئێمەش زیاتر بۆ ئەوەیە سەرنجی دەسەڵاتی

کۆماری ئیسلامی بۆ لای پرسی کورد بۆ ئاوڕدانەوە لەو کێشەیە ڕابکێشین و لە پێناو مافە ڕەواکانی خەڵکەکەماندا تێبکۆشین. ئەگەر قسە لە نائارامیش بێ، ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە خۆی بوار بۆ ئەو نائارامییە خۆش دەکاو بەرپرسایەتیی هەموو ئەو پێشهاتانە لە ئەستۆی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی.

خالید عەزیزی لە ووتوێژەدا روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ کۆمەڵێک لە باس و پرسە سیاسییەکانی ئێستای کوردستان شی کردەوە کە یەک لەوان ئاڵۆزییەکانی ئەو ماوەیەی سەرسنوور بوو.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٥**

## خالید عەزیزی: بەباشی دەزانین لەنێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبێک دابمەزرێ




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێککەوتنی ناوکیی نێوان ئێرانو وڵاتانی ١+٥ بەسەرکەوتنێک بۆ دەوڵەتی ڕوحانی ناودەباو هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو وادەو بەڵێنییەی حەسەن ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ چارەسەری پرسی ئەتومی بە خەڵکی ئێرانی دابوو، بەڵام پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە باس لەسەرشوێنکاری ئەو ڕێککەوتنە لەسەر ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا زووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە کاناڵی ئاسمانیی ڕووداو بانگهێشت کرابوو، لەو پێوەندییەدا شیی کردەوە کە ئەگەرچی هێشتا چەند مانگی دیکەش کات پێویستە تا لایەنی قانوونیو ئیجرایی ئەو ریککەتنە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بێبەری نابێ لە کارتیکەریی ئەو ڕێککەتنە؛ چونکی ئەو ناوچەیەش بەشێکە لە ئێران، مەگەر ئەوەی دەوڵەتی ڕوحانی سیاسەتێکی دیکە لە کوردستان بگرێتە بەر.

کاک خالید عەزیزی هیوای خواست مادام ئەو عەقڵیەتە لە دەوڵەتی ڕوحانیدا هەیە کە کێشەکانی خۆیان لەگەڵ دنیای دەرەوە کە بەشێکیان بە دوژمنی خۆیان دادەنێن لە ڕێگای وتووێژو دانوستانەوە چارەسەر بکەن، درێژکراوەی ئەو عەقڵییە لە سەر پرسی کورد لە ئێران، وەک بەشێک لە خەڵکی ئەو وڵاتە ڕەنگدانەوەی هەبێو دەوڵەت بیەوێ پرسی کورد لەو وڵاتە ڕێگەی وتووێژەوە چارەسەر بکا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەقی خۆیەتی ئەو داوایەی لە ڕوحانی هەبێ کە وەک چۆن وادەی چارەسەری کێشەی ئەتۆمی لەگەڵ دنیای دەرەوەی بە ئاکام گەیاند، وادەی چارەسەری پرسی نەتەوەکان لە ئێرانیش کە یەکێک لە دروشمو بەڵێنییەکانی دیکەی ڕوحانی بۆ هەڵبژاردنەکان بوو ئاوڕیان لێ بداتەوە.

خالید عەزیزی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەو کێشەیە چییە، گوتی پرسی کورد بەشێک لە کێشەی ئەتومیی ئێران نەبوە، بەشێک لەو دانوستانە بەوەو پرسی مافی مرۆڤو ئازادییەکاکانی خەڵکو مافی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەشێک لەو پرۆسەیە نەبوە، بەڵام ئێمە هەمیشە گوتومانە چارەسەری قەیرانی ئەتۆمی ڕەنگە یارمەتی بەوە بکا کە دنیای دەرەوە لەوەدوا کە باس لە ئێران دەکرێ هەموو سەرنجەکان لەسەر قەیرانی ئەتومی کۆ نەبنەوەو، وردە وردە ئەوە ئەم بوارە خۆش بکا کە پرسە نێوخۆییەکانی ئێران وەک مافو ئازادییەکانی خەڵکو مافی مرۆڤ زیاتر لە دنیای دەرەوە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا گرینگی پێبدرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی جووڵای ٢٠١٥

## خالید عەزیزی: هیچ هێزێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان نابی دەخاڵەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بکا. (کەی. ئێن. ئێن)




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ: "لە گەڵ ئەوەیکە پێوەندییەکی وڵامدەر لە نێوان هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە دی ناکرێ و تا ئێستا گوتارێکی هابەشی سیاسیمان نیە، بەڵام گەشبینم بە داهاتوو.

بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوێژێکی تایبەت دا لە گەڵ کاناڵی تلویزیۆنیی (کەی. ئێن. ئێن) لە پێوەندیی لە گەڵ چەند پرسێکی تایبەت بە حیزبی دێموکرات و رۆژهەڵاتی کوردستان روانگە و بۆچوونەکانی خستە روو.
بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم وتوێژەیدا روو بە خەڵکی کوردستان لە پێوەندیی لە گەڵ هەڵوێستیان سەبارەت بە پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران وتی: لە گەڵ ئەوەیکە جارێ کاتی هەڵوێست گرتن نیەو چەند مانگێکمان بۆ هەڵبژاردنەکان ماوە، بەڵام خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانییەوە، بە شیعەو سوونی و یارسان و ئایینەکانی دیکەوە دەبێ تەنیا وەک کورد هەڵوێستیان هەبێ و داخوازییەکانیان روو بە دەسەڵات بەرز بکەنەوە.

لە بەشێکی دیکەی وڵامەکانی دا بەڕێزیان روو بە چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە ناوخۆی وڵات وتی: ئەوان پێویستە بەدواداچوون بۆ داخوازییەکانیان لە دەوڵەتی رووحانی بکەن و لە داواکانیان پاشگەز نەبنەوە.
لە پێوەندی لە گەڵ جۆری روانینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسی هەڵبژاردنەکان لە ناوخۆی ئێران بەڕێز کاک خالید عەزیزی وتی: ئێمە وەک حیزبێکی سیاسی هەوڵ دەدەین لە دەرفەتەکان بۆ مەترەح کردنەوەی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرین. بۆیە زۆر جار لە کاتی هەڵبژاردنەکانی ئێران دا پێمان باش بووە لە خانەی بەرژەوەندیی پرسە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان دا، داوا لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بکەین کە چالاکانە بەشداریی

پرسەکە بن و داخوازییەکانیان مەترەح بکەنەوە. بۆیە ئێمە بە تەعەهوودەوە لە خانەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان دا بۆ جۆری هەڵوێستمان بەرانبەر بە پرسە سیاسییەکان لە ناوخۆی وڵات دەڕوانین.

هەر لەم دیدارە تایبەتەیدا لە گەڵ کاناڵی کەی. ئێن. ئێن، بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکرات باسی لە شێوازەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات کردو لە وەڵامی پرسیارێک دا سەبارەت بە وتوێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تاران، بەڕێزیان وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان هەرگیز مخاڵفی وتوێژ لە گەڵ رێژیمی ئێران نەبووین و پێمان وایە تەنیا رێگەچارەی چارەسەریی پرسی کورد دانووستان وتوێژکردنە.
لە پێوەندیی لە گەڵ ئێران و داهاتووی پرسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، بەڕیز خالید عەزیزی بە زمانێکی رەخنەگرانە، نیگەرانیی خۆی لە پێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئەم بەشە لە کوردستان دەربڕی و وتی:

بەداخەوە ئێمە وەک هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندییەکی باش و یەکگرتووانەمان لە گەڵ یەکتردا نیە و هەڵوێستمان بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران لاوازە و وڵامدەری ئەم قۆناغە نیە. بەرێزیان هەر لەم پێوەندییەدا وتی: ئێمە بە باشی ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەکەدا هەین، بەڵام لە گەڵ ئەوەیشدا نەمانتوانیەوە گوتارێکی هاوبەش لە نێوخۆمان دا بۆ چونیەتی خۆرێخستنمان و رووبوورووبوونەوە لە گەڵ رووداوەکان چێ بکەین. ئێمە پێویستمان بە پێناسەکردنەوەیەکی نوێ لە ئێران و داهاتووی خۆمان هەیە، کە بەداخەوە هێندێک لە هێزە سیاسییەکان بە هۆی چەقینیان لە پێناسە کۆنەکان دا، توانایی دەرکی ئێستاو ئایەندەیان نیە.

سەبارەت بە پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ هێزو لایەنەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دا بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتی: ئێمە لە گەڵ هەموو هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان دا پێوەندییەکانمان لە ئاستێکی باش دایە و راشکاوانە و بەردەوام رامانگەیاندووە کە هیچ هێزێکی پارچەکانی دیکەی کوردستان نابی دەخالەت لە کاروباری رۆژهەڵاتی کوردستان دا بکات.

سەبارەت بە خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پلانی ئەم حیزبە بۆ داهاتوو، بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتی: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات راشکاوانە رەخنەمان لە رابرووودی خۆمان گرتووەو بە گرینگییەوە دەروانینە رۆڵی چالاکانی ناوخۆی وڵات و هەوڵمان داوە لەم چەند ساڵەی دوایی دا بە پێوەندی گرتن بە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ناوخۆی وڵات و بەوتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی، پێوەندییەکی باش لە نێوان ناوخۆو دەرەوەدا درووست بکەین و بە گوێ راگرتن لە یەکتر، بیر لە داهاتوو بکەینەوە کە من بەش بەحاڵی خۆم گەشبینم بە داهاتوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

# خالید عەزیزی: کێشەی ئێمە لە ئێران لەڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەبێت



## لەلایەن گۆڤەند مستەفا

هەردوو سکرتێری حیزبەکانی کۆمەڵە و دیموکراتی کوردستان پێیانوایە، گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران باشترین بژاردەیە و رایدەگەیێنن: "گفتوگۆمان لەگەڵ حکومەتی ئێران رەتنەکردووەتەوە"

خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی رووداوی ئەمڕۆی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی رووداو، لە بارەی گفتگۆ و دانوستاندن و بەشداری سیاسیی، لە ئەگەری دروستبوونی درفەتێک بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامی ئێراندا رایگەیاند: " کێشەی ئێمە لە ئێران لەڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەبێت".

عەزیزی، ئاماژە بەوە دەدات: " هەر لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئێران دەستەی نوێنەرایەتی خەڵکی کورد لەو رێگایەدا هەوڵی ئەوەیدا کێشەی کورد چارسەر ببێت، بەڵام کۆماری ئیسلامی ئێران قبوڵی نەکرد و شەڕی بەسەر ئێمەدا سەپاند، داواکانی ئێمە، داواکاری سیاسی، مەدەنی، یاسایی و حقوقییە، هەر لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەر دەبێت، ئێستاش لەو باوەڕەداین لەجیاتی ئەوەی لە ئێران شەڕو پێکدادان هەبێت، کێشەکە بکەوێتەوە خانەی شەڕی پێشمەرگانە و شەڕی نیزامی، هەر لە رێگەی دانوستاندنەوە چارەسەر دەبێت".

بە بڕوای سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەر حکومەتی ئێران لەسەر کێشەی کورد داوای دانوستانیان لێبکات " هەموو حیزبە سیاسییەکانی کورد دەبێت لەگەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی رازیبن بەو دانوستاندنە، چۆن دەبێت

ئێمە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی ناوەندی رەتبکەینەوە مادام ئەو داوایە بکات".

لەلایەکی دیکەوە عەبدوللا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، کە میوانێکی دیکەی بەرنامەکەبوو لەسەر هەمان پرس رایگەیاند"بە گشتی نە ئێمە وەکو حیزبێک و نە کورد گفتوگۆمان رەتنەکردووەتەوە".

بە بڕوای موهتەدی وا باشترە: "حیزبەکان دەستەیەکی نوێنەرایەتی هاوبەشی کوردی پێکبهێنن بۆ گفتگۆ لەگەڵ حکومەت و دەرفەتی درووستبوونی دووبەرەکی نەدەن، ئەگەر حیزبەکان لە دەوری یەک بتوانن کۆببنەوە بە رێککەوتنێک بگەن لەوبارەیەوە، پێش ئەوەی ئێران بەدواماندا بنێرێت یان نەنێرێت".

سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە پێویستی دەزانێت حیزبەکان لەنێوخۆیاندا رێکبکەون، ئەو دەڵێت: "ئینجا دەبێت مەرج لە حکومەت داوا بکەین، داوای پێشاندانی نیازپاکی لێبکەین و لە سێدارەدانەکان رابگرێت و کۆمەڵێک فەزای ئەمنیەتی لە کوردستان بشکێنێت، لە هەر حاڵەتێکدا دەستپێشخەری لەوبارەیەوە دەبێت حکومەتی ئێران بیکات".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو نێت / رێکەوتی: ١٣ی جانێویری ٢٠١٦

# خالید عەزیزی: سیاسەتی ئێمە هاندانی خەڵک بۆ بەشدارییان لە پرسەکانی کۆمەڵگایە




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی "ڕووداو"دا کە بۆ باس لە سەر هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ئێران تەرخان کرابوو، سیاسەتو خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئەو پرسە خستەڕوو.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتای لێکدانەوەکەی بۆ هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا گوتی: نیزامی هەڵبژاردنەکان لە ئێران دێموکراتیک نین، بەڵام لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا هەندێ هەڵو دەرفەت بۆ باسو هێنانەگۆڕێی مافو داخوازییەکان دێتە گۆڕێو ئێمە هەوڵ دەدەین لە هەڵبژاردنەکاندا کورد لە ئێران بتوانێ بە باشترین شێوەی ئەو هەلو دەرفەتانە لە بەرژەوەندیی خۆیو هێنانە بەر باسی مافو داواکانی بقۆزێتەوە. هەروەها نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە شارو ناوچەکانی کوردستانیش لە مەجلیس بتوانن لە هەموو مەجالو کەلەبەرە قانونییەکان کەلک وەربگرنو بەپێی ئەرکو دەروەستییەکانیان بەدووی مافو داواکانی خەڵکی کوردستاندا بڕۆن.

کاک خالید عەزیزی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی حیزبی دێموکڕات لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکان لە ئێران گوتی ئێمە لە ئێستادا بە دووی ئەوەدا دەڕۆین خەڵک لە بێتەفاوەتی دەربێنین. سیاسەتی بەپەلەی بایکۆت بە مانای ئەستاندنەوەی دەرفەتەکان لە خەڵکە. لە نێوخۆی وڵات زۆر کەس هەیە جۆرێکی دیکە چاو لە سیاسەتو بەدواداچوونی مافو ئازادییەکانیان دەکەن، ئەوان تێدەکۆشن لە دەرفەتو مەجالە قانوونییەکان کەلک وەرگرن و؛ ئێمە دەبێ هاندەریان بینو، هەستی متمانەبەخۆبوون لە نێو خەڵکی خۆماندا بەرز کەینەوەو پشتیوانیان بین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی "هیوا جەماڵ"، بەڕێوەبەری بەرنامەی " ڕووداوی ئەمڕۆ" لە بابەت مێژووی هەڵوێستی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەیشاردەوە کە

گرفتێکی سەرەکیی حیزبە کوردییەکان لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا ئەوە بووە زۆر یەکلانەیەو تەکڕەهەندی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵسوکەوتیان کردووەو لە سیاسەتی بایکوتدا ماونەتەوە؛ قسەی حیزبی دێموکڕات لە ئێستادا ئەوەیە کە ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە مەجالو دەرفەتی زیاتر بە خەڵک بدا کە خۆیان لە بزووتنەوەیەکی مەدەنیدا ببیننەوەو ویستو داواکانی خۆیان بێننە گۆڕێو کۆماری ئیسلامی ناچار بە دانپێدانان بەو مافانە بکەن، ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە. بەڵام کە تۆ هاتیو بایکۆتت کرد ئەوە یەکجێ ئەو پەیامەت بە خەڵک داوە کە نەچێتە نێو ئەو پرۆسەیە و کورد لەوەدا قازانج ناکا.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی ئەو باسەدا لایەنێکی دیکەو تایبەتمەندییەکی دیکەی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان بە تایبەت لە چەند ناوچەیەکی باس کرد کە کوردو ئازەریی تێدا دەژین. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئاماژە بە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی دێموگرافیی هەندێ ناوچەی کوردستان، باسی کە ئیرادەی کورد بۆ بەرگیری لەو سیاسەتە کردو هەڵبژێرانی نوێنەرانی کورد لەو ناوچانەی لە ڕووی مێژوویی‌و گرینگیی سیاسی‌یەوە بە پڕبایەخ ناوبرد.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکانی پێوەندیدار بە گرینگیی هەڵبژاردنەکان بۆ کورد ئاماژەی بە پێکهێنانی " فراکسیۆنی کورد" لە مەجلیسی شەشەمدا کردو پێی وابوو کە نوێنەرانی شارو ناوچەکانی کوردستان ئەمجارەش دوای هەڵبژاردنەکان دەتوانن بەدووی پرۆژەیەکی ئاوادا بچن. بەرێزیان داننان بە واقعێکی لەو چەشنەو بە کۆبوونەوەیەکی لەو جۆرەی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی ئێران بە بابەتێکی گرینگو دەسکەوتێک بۆ کورد ناوبرد.

کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران قانوونی نین، ئازاد نین‌و ڕێگەیان پێنەدراوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بن، بەڵام با دەرفەتی ئەوە لە خەڵکەکە نەستێندرێتەوەو لەلایەن حیزبەکانەوە وایان لەگەڵ هەڵسوکەوت نەکرێ کە نەوێرن بچنە نێو ئەو گۆڕەپانە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە حیزبی دێموکڕات دانیشتن لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی‌دا ڕەت ناکاتەوە. کاک خالید عەزیزی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە داواکانی کوردو حیزبی دێموکرات سیاسی، مەدەنی، قانوونی‌و حقووقین‌و هەر لە ڕێگای وتووێژەوە چارەسەر دەبن. بۆیە ئەگەر دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی داوای وتووێژ لەگەڵ حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی کورد بکا، دەبێ حیزبی دێموکڕاتو هەموو حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان وەڵامی ئەرێنی بەو داوایە بدەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێویری ٢٠١٦

# پێداگریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر هێنانە بەرباسی پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس(کاناڵ ٢٤)




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە میانەی بەشداری کردنی لە بەرنامەیەکی کاناڵ ٢٤ دا کە بۆ باس لەسەر یادی ٧٠ ساڵەی کۆماری کوردستان تەرخان کرابوو، پێداگریی لە سەر مافی داوای ڕاپرسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس کردەوە.

کاک خالید عەزیزی لەو وتووێژەدا بە ئاماژە بە بەستێنەکانی دامەزرانی کۆماری کوردستان گوتی: دامەزرانی یەکەم کۆماریی کوردی بەرهەمی کۆمەڵێک هاوکێشەی ناوچەیی و؛ لەلایەکی دیکە پێگەیشتنی عەقڵییەتی سیاسی کوردو لە هەمان کاتدا بیرو هەستی کوردایەتی و ناسیۆنالیزمی کوردە کە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە کاری بۆ کرابوو تا حیزبی دێموکڕاتو دوای ئەوەش کۆماری کوردستان دامەزرێنن.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکدا کە لەبارەی هێنانەبەرباسی پرسی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لەلایەن کاک خالید لە وتاری ٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا بەرەوڕووی کرا؛ گوتی: مافی دیاریکردنی چارەنووسو ئەو چوارچێوەیەی کە نەتەوەکان بۆ مافەکانیان بڕیاری بۆ دەدەن، مافی سروشتیی ئێمە وەک نەتەوەی کورد لە ئێرانە؛ بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەو داوایە بۆ واقعی سیاسیی دۆخی کورد لە ئێران دەگەڕێتەوە.

کاک خالید عەزیزی بە ئاماژە بەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕەوتی خەباتی خۆیدا هەم لە سەردەمی پاشایەتیو هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی هەموو مێتۆدەکانی خەباتی لە خەباتی چەکدارییەوە تا وتووێژو دانوستان تاقی کردۆتەوە، گوت بەڵام بە تایبەت کۆماری ئیسلامی لە ٣٧ ساڵی ڕابردوودا نەک هەر وەڵامی داوای کورد لە ئێرانی نەداوەتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرین کوردستانی میلیتاریزەو ئەمنیەتی کردوەو سەرکوت، گرتنو ئێعدام تەنیا وەڵامی

کۆماری ئیسلامی بۆ کورد بووە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی ئەو باسەدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کاتی خۆیەتی لەو هەلومەرجەدا کە کورد لە ئێران هەموو شێوازەکانی خەبات بۆ مافەکانی تاقی کردۆتەوە، ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی، کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیی‌یەکان، حیزبو ڕێکخراوە جیهانی‌یەکانو نەتەوە یەکگرتووەکان کە شارەزای دۆزی کورد لە ئێرانن، پرسی مافی دیاریکردنی چارەنووس بێنێتە گۆڕێ.

کاک خالید عەزیزی گوتی: کورد حەقی خۆیەتی بڵێ لە کاتێکدا ئێران ئێمە لە پەراوێز دەخا، حاشامان لێدەکا، لە ڕووی ئایینی دەمان چەوسێنێتەوەو لە ڕووی نەتەوەیی بە چاوی سووک سەیرمان دەکا؛ بەشدارمان ناکا لە دەسەڵاتو نە بە وتووێژو نە بە شێوازەکانی دیکەی مەدەنی ئاوڕمان لێ ناداتەوە؛ ڕوو بە کۆمەڵگای جیهانی بڵێ داوای ڕاپرسی بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆی دەکاو ئەوەش دژایەتی لەگەڵ هیچ کام لە بەهاو بایەخە نێونەتەوەیی‌یەکاندا نییە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بە ئاماژە بە پرشو بڵاوی و لێکترازانی حیزبە سیاسی‌یەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوتی ئەو دۆخە وای‌کردوە کورد لە ئێران گوتارێکی واحیدو هاوبەشی نەبێو ئەوەی بە کەمایەسی‌یەکی گرینگ ناوبرد. بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی کە نزیکبوونەوەی حیزبەکان لەگەڵ یەکترو تێکەڵبوونەوەی ئەو هێزانەی لە یەکتر دابڕاون دەتوانێ قەرەبووی ئەو کەمایەسی‌یە بکاتەوە.

کاک خالید عەزیزی جارێکی دیکەش پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە یەکگرتوویی‌و یەکخستنەوەی نێوماڵی کوردی سیاسی حیزبی دێموکراتو پێویستی‌یەکی حاشاهەڵنەگر بۆ سەرخستنی هەر بەرنامەو پرۆژەیەکی حیزبەکانو قۆستنەوەی هەر پێشهاتێکی سیاسی لە کوردستانو ئێرانە.

باس لە قۆناغەکانی ژیانیی سیاسیی حیزبی دێموکرات دوای کۆماری کوردستان، ڕۆڵی بارزانی‌یەکان لە بەڕێوەبردنو پاراستنی کۆماری کوردستان، پێوەندی‌یەکانی حیزبی دێموکراتو حیزبی تودە لە چەند برگەیەکی مێژوویی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات، حیزبی دێموکراتو میراتی جەوهەریی کۆماری کوردستان، حیزبی دێموکراتو گۆڕانکاری‌یەکانی ئێستای ناوچە، سروشتی کێشەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکاو کۆمەڵگای جیهانی، پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، پرسی کورد لە نێو جەمسەربەندی‌و واقعە سیاسی‌یەکانی ناوچەو جیهان چەند تەوەرێکی دیکەی ئەو وتووێژە بوون کە کاک خالید ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر باس کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێویری ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: مێژووی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پڕە لە قوربانیدان و فیداکاری (کوردستان ٢٤)




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕایگەیاند مێژووی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پڕە لە قوربانیدان و فیداکاریو، ئەگەر بچینە سەر چارەسەری نیزامیی پرسی کورد لە ئێران، خەباتی چەکداری لە شاشەی تلویزیۆنەوە ڕاناگەیەنین.

کاک خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ کاناڵی ئاسمانیی کوردستان ٢٤ داو، لە وەڵامی پرسیارێکدا کە کۆمەڵێک باس و خواسی فەیسبووکی بە دووی خۆیدا هێنابووی، ڕەخنەی لە پرش و بڵاویی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرت. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گوتی بەو پرش و بڵاوییەی کە ئێستا لە نێو حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستاندا هەیە، خەباتی چەکداری سەرکەوتوو نابێ و لەو دۆخەی ئێستادا تەنانەت ئەگەر بتوانین گوندێکیش ڕزگار بکەین، زۆر ئەستەمە بتوانین ڕایبگرین و ئیدارەی بکەین.

کاک خالید عەزیزی ڕەتی کردەوە کە ئەو قسانەی لە کۆبوونەوەکەی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕانسە کردنی لە وەڵامی قسەکانی کاک مستەفا هیجریدا کردبێتی، لەگەڵ ئەوەشدا و لە پێوەندی لەگەڵ مێژووی خەباتی چەکداریی حیزبی دیموکڕات گوتی نە پێشەوا قازی محەممەدو، نە دوکتور قاسملوو لەلایەن کوردەوە شەڕیان بە دژی دەوڵەتی ناوەندی ڕانەگەیاندوە، بەڵکوو هەمیشە دوژمنان بوون کە شەڕیان دەست پێ کردووە و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیش بەرگری لە خۆی و خەڵکەکەی کردوە.

بەڕێزیان هەر لەوە بەشەی قسەکانیدا گوتی قەت لە نێوان حیزبی دێموکراتو کۆماری ئیسلامیدا ئاتەشبەست نەبووە کە ئێستا پێویست بە ڕاگەیاندنەوەی شەڕی چەکداری هەبێ، وەک چۆن لە چەند ساڵی ڕابردوودا پێشمەرگەکانی حیزبی

دێموکراتی کوردستان بە شاهیدی خەڵکی کوردستان لە قووڵایی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا بوونو، زەربەیان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی داوەو شەهیدیشمان داوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی چالاکیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردوودا گوتی ئەگەر بچینە سەر چارەسەری نیزامیی پرسی کورد لە ئێران، خەباتی چەکداری لە شاشەی تلویزیۆنەوە ڕاناگەیەنین، جیا لەوەش حیزبەکانی رۆژهەڵات ئەگەر لە سەر چارەسەری نیزامی ساغ بوونەوە، ئەوە خۆی پێویستی بە ئامادەکاریی نیزامیو هەماهەنگیی نێوان لایەنەکان لەگەڵ یەکتری هەیە.

کاک خالید لە درێژەدا گوتی: خەباتی چەکداریمان بۆ دەکرێو قەتیش ڕەدمان نەکردۆتەوەو لە هەموو دەرفەتێکیش بۆ ئەوە کەلکمان وەرگرتوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ کاری جیددیی بۆ بکەینو دەسکەوتی گرینگی لێوەربگرین، ئەوە ئامادەکاریی زۆری دەوێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا گوتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرهەمی خەباتێکی دوورو لە مێژینەوەی حیزبی دێموکراتەو هێزی پێشمەرگە دەبێ بمێنێو بەهێزتر بکرێ؛ چونکی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دژی کۆماری ئیسلامی خەباتێکی فرە ڕەهەندە.

کاک خالید عەزیزی گوتی: خەباتی مەدەنیی کورد لە نێوخۆی ولات، خەباتی دیپلۆماسیو سیاسی لە دەرەوەی ولاتو لە ئاستی نێونەتەوەییداو؛ حزووری چالاکو ئامادەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکانو نێوخۆی کوردستان ئاڵقەیەکە لە پێناو بەهێزکردنی یەکتریدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دوابەشی ئەو وتووێژەداو لەبارەی پێوەندیی خەباتی مەدەنیو چەکداری لەگەڵ یەکتریدا گوتی: خەباتی مەدەنی پرسێکی سەرەکیی کۆمەڵگاو خەڵکەو پێوەندی بە سیاسەتو بە حیزبی سیاسییەوە نییە. خەڵک لە نێوخۆ دەتوانن لەو مەیدانە بەرینەدا بە دوای داواکانی خۆیاندا بچنو ئەمە دژایەتیی لەگەڵ خەباتی چەکدارانە نییەو کورد دەبێ لە هەموو ئەو بوارانەدا مەیدانداری بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی مارچی ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: ئیران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ ئێران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو توانیویەتی بە هاندانی خەڵکی شیعە لە ناوچەکەدا ناسەقامگیری دروست بکا.

کاک خالید عەزیزی لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتدا گوتی ئیران بە قەیرانسازی لە سووریە، عێراق‌و یەمەن‌و، هەروەها کەڵکوەرگرتن لە هەستی شیعەگەرایانەی خەڵک دەیەوێ سەرپۆش لە سەر قەیرانەکانی خۆی لە نێوخۆدا دابنێ.

لەو وتوێژەدا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسی لە ڕەوشی نێوخۆی پرسە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران کردوە دەڵێ حاکمییەت‌و کۆمەڵگا تووشی کێشەی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی قووڵ بوونەتەوەو زۆربەی نەتەوەکان‌و گەلانی نێوخۆ لە سۆنگەی سیاسەتی دەسەڵاتەوە تووشی قەیرانی بێکاری‌و هەژاری هاتوون‌و ناڕەزایەتییەکانیشیان سەرکوت دەکرێن. کاک خالید عەزیزی لە درێژەی وتووێژەکەیدا دەڵێ قەیرانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی ئێران لە حالیک دایە کە حاکمییەت لە یارمەتیدانی ماڵی‌و لوجێستیکی بۆ لایەنە سەرەڕۆکان لە ناوچەدا بەردەوامە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەوەڵامی پرسیارێکدا لە سەر ئاراستەی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکڕات دەڵێ حیزبی دێموکرات باوەڕی بە بزوتنەوەی مەدەنی هەیەو بۆ هێنانەبەرباس‌و بەڕۆژەڤکردنی پرسی کورد لە ئێران تێدەکۆشێ؛ ئەگەرچی لە دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی حیزبەکەی ئێمە لە باری قانوونییەوە قەدەغە ڕاگەیەندراوە، بەڵام حیزبەکەمان ئێستاش لە نێوخۆ زۆر چالاکەو بنکەی سەرکردایەتیی حیزب‌و بارەگای پێشمەرگەکانیشمان لە باشووری کوردستان جێگیر کراون‌و لە ئێستادا لە سەر سنوورەکان بەرانبەر بە هێزە ئەمنیەتییەکانی ئێران ڕاوەستاون.

کاک خالید لە درێژەی باسەکەیدا تیشکی خستۆتە سەر لایەنی چەند ڕەهەندیی سیاسەتو بەرنامەکانی حیزب بە دژی کۆماری ئیسلامیو دەڵێ لە پلانی یەکەمدا ئیمە هەوڵ دەدەین بە شێوەی بەشداریی سیاسی لە پڕوسەکانو پرسەکاندا سەرنجی خەڵکو حکومەت بۆ لای خۆمان ڕاکێشینو لەگەڵ شێوەی بەشداریی سیاسی ئیمە هەوڵ ئەدەین خەڵکی نێوخۆ بە شێوەی مەدەنی ڕێکبخەینو هەوڵ دەدەین ببین بە پردی پێوەندیی نێوان خۆمانو کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کوردەکانی تارانو خوراسان. ڕەهەندێکی دیکەی خەباتی ئیمە، بەرگریی چەکدارانەیە کە چون ئەولەویەتی سەرەکی ئیمە بەشداری سیاسیە ئەم شێوەی دیکە بە شێوەی دووهەم دەزانین، بەڵام ئیمە چەکی خۆمان هێشتا ڕاگرتووە بۆ بەرگری لە خۆمان بە کەڵکی دێنینو ئەگەریش بە پێویستی بزانین شێوەی خەباتمان دەگۆڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ١٥ی مەی ٢٠١٦

## خالید عەزیزی: ئێمە هیچ ئاگربەستێکمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا نەبووەو نییە




کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تۆڕی جیهانیی "بی بی سی"دا خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکدارانەدا خستە بەرباس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە بەرنامەی " صفحه ۲"ی پێنجشەممە شەو، ۳ ی پووشپەڕی "بی بی سی"دا بەشداریی کردبوو، لە سەرەتای باسەکەی‌دا ئەوەی بیر هێنایەوە کە ئەوەندەی پێوەندی بە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانەوە هەیە، شەڕ لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەر نەتەوەی کورددا سەپاوە. بەڕێزیان دوایە پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە ئێمە هیچ ئاگربەستێکمان لە گەڵ کۆماری ئیسلامی نەبووەو نییە.

کاک خالید عەزیزی گوتی: خەباتی چەکدارانەی ئێمە لە کوردستان خەباتی بەرگرییە. هۆکاریش ئەوەیە کە شەڕ بە سەر ئێمەدا سەپاوەو حزووری پێشمەرگەی ئێمە لە ساڵانەدا هەر وەک رابردوو ئەوە بووە کە لە کوردستان حزووریان هەبێ‌و ئەگەر هێرشیش بکرێتە سەریان، سروشتی‌یە مافی بەرگری لە خۆیان هەیە.

بەڕێزیان بە ئاماژە بە ڕووداوی شەڕەکەی ئەم دواییانەی ناوچەی شنۆ گوتی ئێمە لەوەش‌دا پێمان وا نییە هێزەکانی کورد یان پێشمەرگەکانی کوردستان شەڕیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەست پێ کردبێ، بەڵکوو ئەوان بەرگری‌یان لە خۆیان کردووەو تێکۆشانی چەکداریی ئێمە لە کوردستان لە هەر حاڵەتێکدا، هەر پێناسەی بەرگریی هەیە.

کاک خالید گوتی: ئێمە لە حیزبی دێموکرات خەباتی چەکدارانەمان رەد نەکردۆتەوە. وەک شێوەیەک لە شێوەکانی خەبات لێی دەڕوانین. خەباتی سیاسی، تەشکیلاتی، دیپلۆماسی، مێدیایی‌و خەباتی مەدەنی لە ناوخۆ و لە داهاتووش‌دا خەباتی چەکداری دەتوانێ یەکێک لە رێگا چارەسەریەکان بێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وەڵامی پرسیارێکی بەڕێوەبەری بەرنامەکەدا لە پێوەندی لەگەڵ ماهییەتی سیاسەتی حدکو حدکا لە پێوەندی لەگەڵ خەباتی چەکداریدا گوتی: لە بنەماو ستراتژیدا، جیاوازییەک لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا نییە.

کاک خالید هەر لە درێژەی ئەو باسەدا بە ئاماژە بە حزووری بەردەوامی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات لە کوردستان لە ساڵانی ڕابردووشدا گوتی:

بوونی ئێمە لە رابردو و داهاتوودا لە کوردستان، ڕاست پێڕەوی ئەو سیاسەتە بنەڕەتییەی حیزبی ئێمەیە کە ئەویش کوردستانی ئێرانەو ئەوە مافی سەرەتایی پێشمەرگەیە کە بە شێوەی چەکدارانە لەوێ حزووری هەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ باسی رووخانو رووخاندنی کۆماری ئیسلامی کە لەو ماوەیەدا لە زمان سکرتێری حیزبەوە چەند جارێک هاتۆتە گۆڕێ، گوتی: سیاسەتی لابردنو روخاندنی کۆماری ئیسلامی پێوەندی بە سیاسەتی گشتیو کۆی خەباتی سەرانسەریی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی هەیە، بەڵام خەباتی خەڵکی کوردستان هەمیشە بە دوای خواستو داواکانی خۆیدا بووەو ئێستاش هەر وایە.

کاک خالید پێی لەسەر ئەوە داگرت کە جەوهەری خەباتی خەڵکی کوردستان بەردەوام بەو ئاراستەیەدا بووە کە چۆن سەرنجی دەوڵەتی ناوەند یا کۆماری ئیسلامی بۆ لای مافو داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان رابکێشێ.

بەرێزیان لە درێژەدا گوتی: ئێمە لە دۆخێکی وادا نین کە بزووتنەوەی کوردستان وەک بزووتنەوەیەک کە بۆ روخاندنی دەوڵەتی تاران یا ناوەند یان کۆماری ئیسلامی خەبات دەکا، پێناسە بکەین. روخاندنی رێژیم پێوەندی بە سیاسەتی گشتی و گۆڕەپانی خەبات لە سەراسەری ئێران هەیەو شتێک نییە کە تەنیا پێوەندیی بە کوردستانەوە هەبێ.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە وڵامەکانیدا گوتی: لە هیچ بەشێکی بەرنامەو ئەساسنامەی حیزبی دێموکراتدا نەهاتوە کە حیزبی ئێمە بۆ روخاندنی رێژیمی ناوەند خەبات دەکا. تەنانەت دوکتور قاسملوش هەر ئەو پێناسەیەی لە خەباتی کوردستان هەبوو کە سەرنجی دەسەڵاتی ناوەند بۆ مافو داواکانی خەڵکی کوردستان ڕابکێشێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی "وتووێژ"دا

تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بەدەر لە هەلومەرجی دەسەڵاتی ناوەند، زۆر سروشتی‌یە کە بزووتنەوەیەکی وەک بزووتنەوەی

کوردستانو حیزبی دێموکرات هیچکات پێشنیاری دانوستانو وتووێژ لە لایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە ڕەد نەکەنەوە.

بەڕیزیان گوتی: دانوستانو وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەند زۆر سروشتییە، بەڵام ئەوە تیکنیکی وتووێژ و دەستووری کاری وتووێژو لایەنەکانو ئامانجەکانی وتووێژە کە لە هەر دانوستانێکدا گرینگن.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانیدا ئەوەشی گوت کە پێم وایە لە ماهییەتی کۆماری ئیسلامیدا نییە کە کێشەی کوردستان لە ڕێگای وتووێژ و بە شێوەی ئاشتیانە چارەسەر بکا. بەڵام لە داهاتووشدا هەر کات پێشنیاری وتووێژی لە گەڵ حیزبەکانی کوردستان هێنایە ئاراوە، حیزبەکان دەبێ دەستووری کاریان بۆی هەبێو بە جۆرێک کە یەکگرتوویەکی ڕێژەیی لە نێوانیاندا هەبێ، دەتوانن لە پێوەندی خواستەکانی خەڵکی کوردستانو دێموکراسی لە ئێران، دانوستان بکەن بە گۆڕەپانێک بۆ خستنە ژێر پرسیاری کۆماری ئیسلامی.

شایانی باسە لەو بەرنامەیەدا جگە لە خالید عەزیزی؛ حەسەن شەڕەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حدکا؛ هێمن سەیدی، کامڕان مەتینو سەعید بەرزین وەک چاوەدێری سیاسی بەشداربوونو لە ڕوانگەی خۆیانەوە تاوتوێی مژاری بەرنامەکەیان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی: ٢٤ی جوونی ٢٠١٦









بەفرانباری ٢٧١٦ی کوردی - جانێویری ٢٠١٧ی زایینی